# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٧١|ساڵی بیستوشەشەم | پاییز و زستانی ٢٧٢٤




تەوەری ئەم ژمارەیە:
سەروەریخوازیی کورد
و پرسی ناسنامە

٢٥٤
سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست

١٠
سەروەری، دەوڵەت، شارومەندبوون، بێدەوڵەتی و کورد

٣٢
ناسیونالیسم مدنی و استعمار پذیرا

٦٤
ناسیۆنالیزمی‌شیعر

١٣٨
لەپێناو سەنتێزێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان


فۆتۆ: کەیوان فاتحی

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێستا کوردستان وتن،
چەرچییەکانی ئیستعمارم لێ ئەبنە دوژمن!
گۆران

گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە
ژمارە ٧١ • ساڵی بیست و شەشەم • پاییز و زستانی ٢٧٢٤

**سەرنووسەر:**
**ناسر مورادی**

**هاوکاری سەرنووسەر**
**ڕێبوار ڕۆژهەڵات**

**دەستەی نووسەران:**
**ڕەحیم سورخی، شەهلا دەباغی،**
**کەماڵ حەسەنپوور، ئیدریس ئەحمەدی،**
**ڕزگار ئەمین‌نژاد، داوود عوسمان‌زادە،**
**سیاوەش محەمەدی، فاتح سەعیدی،**
**هیوا تاسە، ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**

**دەستەی ڕاوێژکاری:**
**ئالان حەسەنیان، ئازاد محەمەدیانی، قادر وریا،**
**ئیسماعیل بازیار، بابان ئەلیاسی، بیریار ژاوەرۆیی،**
**مانشت زاگرۆس**

**بەڕێوەبەریی وەرگێران:**
**ژینۆ ڕۆژبەیان، ڕێبوار ڕۆژهەڵات، ئاسۆ ئەردەلان**

**بەشی پێداچوونەوە:**
**کامیل نەجاری، زیاد ئەسعەد، ڕێبوار ڕۆژهەڵات،**
**کەماڵ حەسەنپوور، تالب قەیسەری، چیا کەڵهوڕ**
**ڕەسووڵ سوڵتانی**

**دیزاین:**
**ئاران**

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە

https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk
https://govartishk.com/podcast/

# پێرست

## سەروتار


**سەروتار** • ناسر مورادی ٦


## سەکۆ


**سەروەری، دەوڵەت، شارومەندبوون، بێدەوڵەتی و کورد** • خالید خەیاتی ١٠


## تیۆری


**ناسیونالیسم مدنی و استعمار پذیرا** • فاتح سعیدی ٣٢

**ئاوڕدانەوەیەک لە چەمکی سەروەریی سیاسی** • ڕێناس خۆرهەڵات ٥٤

**ناسیۆنالیزمی شیعر** • ئیدریس شێخ شەرەفی ٦٤

**زمان و پەروەردە، دەوڵەت-نەتەوە** • قادر وریا ٩٠

**ڕکوودی سیاسی** • ڕزگار ئەمیننژاد ١٢٠


## شیکاری


**لەپێناو سەنتێزێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان** • ئاسۆ حەسەن زادە ١٣٨

**دیاسپورای کوردها** • خانی گالبات ١٦٠

**داهاتووی سووریە پاش ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد** • ئیدریس ئەحمەدی ١٩٢

**کورد، پەنابەر و کەمتوانا** • فەرهاد جەهان میهەن ٢٠٠

**نوێترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە نەوەی Z** • شـــاهۆ مەتین ٢١٠


## ڕوانگە


**تحول خطمشی سیاسی کوردها** • سمکو ابراهیمی ٢٢٦


## وتووێژ


ئارەش ساڵح ٢٤٢


## وەرگێران


**سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست** ٢٥٤

**‹دەوڵەت و سەروەریی› و ‹نەتەوە و نەتەوەخوازیی›** ٣١٦

**کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا** ٣٢٨

**روایت تاریخی زبان کوردی** ٣٥٦

**جنبش استعمارزدایی از دانشگاه: بررسی ریشەها و معنای آن** ٣٦٤

**ژنانی ڕەش: دارشتنی تیۆریی فێمێنیستی** ٣٧٦

**خەباتی ژنانی کورد لە ئێران: خەبات بۆ داگیرکردنەوەی کایەی گشتی** ٣٩٢

**بەڵگەنامەکان شایەدی دەدەن** ٤١٤


## ڕێنمایی نووسین


**ڕێنووسی کوردی** ٤٢٠

# سەروتار

ناسر مورادی

لە کەشی سیاسی و هزریی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مشتومڕەکان لە سەر دوو هێڵ بەردەوامن؛ لە لایەک بەرنامە و ستراتێژیی سیاسیی حیزبەکان، لەو لاشەوە گوتارێکی سیاسی و تا ڕادەیەکی جیاوازی نەتەوەیی کە لە بەستێنی کۆمەڵگا و توێژی ڕۆشنبیر و ئاکادیمی و تەنانەت بەدەنەی تەشکیلاتیی حزیبەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم جیاوازییە وای کردووە جۆرێک جەمسەربەندیی فیکری بێتە ئاراوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ باسەکە بۆ هاتنە کایە و ڕێکخستنی بەرە فکرییەکان ئاراستە دەکات.
خاڵی پێکهێنەری گفتوگۆ و مشتومڕەکان لە نێوان ئەم هێڵ و بەرە فکرییانە، ڕاستەخۆ پەیوەستە بە پرسی ناسنامە و سەروەریخوازی لە کوردستان. باسێک کە وەک دەگوترێ "کەمتر سەرنجی پێ دراوە". مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک کاکڵی باسەکە و فۆرمەکانی سازدانی سەروەری لە ئاستە جیاوازەکاندا، لە هزر و بیرکردنەوەی تاکی کورد و لە بەرنامەی سیاسیی حیزبەکاندا بە شێوەی جیاواز و دژبەیەک، جێی باسە.
ڕوانگەکان بۆ پرسی ناسنامە و پرسی سەروەری لە کوردستان، زەینییەت و ئیستدلالی جیاوازیان لە پشتە. دیارە لەم خوێندنەوەگەلەدا، جیاوازییەکی دیکەش لە ئارادایە: لایەک پێی وایە سەروەری گرێدراوی جوغرافیای ئێرانە و دەبێ داهاتووی ئەم پرسە گرێ بدەینەوە بەو "واقیع"ەوە. لایەکی دیکەش بە لەبەرچاونەگرتن یان بەهێند نەگرتنی فاکتی مەوجوود، پێداگرن لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس تا ئاستی سەربەخۆیی.
لەم بەستێنەدا دیسان خوێندنەوە و ڕێکارەکان وردتر دەبنەوە. لە ڕوانگەی ئیدارییەوە بۆ پرسەکە و خۆزگە خواستن بە ئیدارەیەکی خودموختار، تا دەگاتە ڕوانگەی ناسنامەخوازی و سەربەخۆیی؛ لە ناسیۆنالیزمی مەدەنییەوە تا ڕوانگەی دژەکۆلۆنیالیستی، پرسی سەروەری و ناسنامە لە ڕۆژەڤی مەرامنامەی حیزبەکان و فەزای ئاکادیمی، باسێکی جددی و لەگەرە. بۆچوونێک پێی وایە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە دەبێ هەوڵی دێموکراتیزەکردنی ئێران بدرێ، ڕایەکی دیکەش هەیە کە پێداگرە لەسەر دێموکراتیزەکردنی مافی سەروەری.
لەم ژمارەیەدا، هەوڵ دراوە تیشک وەک هەمیشە ببێتە سەکۆی خوێندنەوە جیاوازەکان تاکوو لە ئەنجامی مشتومڕێکی زانستی و هزریدا، خوێنەر بەرچاوروونییەکی زیاتری هەبێت. هەر چەند دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە پرسێکی گرینگ لە چەشنی سەروەری، کاتێک جێی خۆی دەگرێ و نابێت بە خۆزگە و باسێکی ئیدئالیستی، کە بگەڕێینەوە بۆ گرێچنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و لێکدانەوەیەکی وردترمان لە دۆخی کوردستان هەبێت کە لە خۆیدا، دۆخی بندەستی و دۆخی بێدەوڵەتییە.

# ”سەکۆ“

# سەروەری، دەوڵەت، شارومەندبوون، بێدەوڵەتی و کورد: خوێندنەوەیەکی سەرەتایی

خالید خەیاتی*

”

“

* خالید خەیاتی مامۆستای زانستی سیاسییە و دوکتۆرای لە بواری "ئێتنیسیتی"دا هەیە. توێژینەوەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخەنە سەر دیاسپۆرا، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و چەمکی شارۆمەندانی سنووربڕ (transborder citizenship)، کە دانیشتووانی کورد لە ئورووپای ڕۆژاوا و بەتایبەتی فەرەنسا و سوید تەوەری سەرەکیی ئەم توێژینەوانەن.

هەروەها دوکتۆر خالید دیپلۆمی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو (DEA)ی لە زانستی سیاسی لە بواری جیهانی عەرەب و ئیسلام لە ئەنستیتۆی دی ئێتود پۆلیتیک (Institut d’Études Politiques) لە شاری ئاکس ئەن پرۆڤانس لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٩٨ وەدەست هێناوە.

خەیاتی ئێستا پلەی مامۆستایەتیی بەرزی لە بەشی بەڕێوەبردن و ئەندازیاری و بەشی زانستی سیاسیی زانکۆی لینشۆپینگ لە سوید هەیە. ناوبراو کۆرسی تایبەتی لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دامەزراندووە و بە گشتی لە بەشەکانی تیۆری سیاسی و پەیوەندیی نێونەتەوەیی وانە دەڵێتەوە. هەر ئێستا، وەکوو لێکۆڵینەوە خەریکی نووسینی بابەتێکە لە سەر داهاتووی ڕژێمی ئێران.

لینکی زانیاری:
https://liu.se/en/employee/khakh20
Email: kk_khayati@hotmail.com

## سەرەتا

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چەمکگەلی وەکوو حاکمییەتی سیاسی، سەروەریی سیاسی و حقووقی، سەروەریی نەتەوەیی، سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە نێو توێژی سیاسی و نوخبەی ڕۆشنبیری کورد، بە تایبەت لە نێو بیرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە گەشەکردن و پەرەسەندنی بەردەوامدا بوون. بە وردبوونەوەیەکی سەرەتایی دەکرێت ئەو چالاکییە هزرییە و ئەم ڕەوتی پەرەسەندنە کە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بەرچاوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێ کەوتۆتەوە، بە سێ ئامانجی گرینگەوە ببەستینەوە:

یەکەم: ئامانجی هزرپەروەرانی کورد لە بەرجەستەکردنەوەی چەمکی سەروەریی سیاسی/ نەتەوەیی دەستەبەرکردنی ئالترناتیڤێکی تیۆریکە کە بتوانێت هەم وەکوو گوتارێکی ئابستراکت و هەم وەکوو مودێلێکی بەرهەمهێنەر بۆ پراکتیکی سیاسی و نەتەوەیی لە بەرانبەر دیاردەی کۆلۆمێنتالیزم[1] و پرۆژەی کۆلۆنیالدا کە دەوڵەتە سەردەستەکان بە سەر کوردیاندا سەپاندووە، ڕۆڵی ئانتیتێزی ڕزگاریدەر بگێڕێت. ئامانجی دووهەم بەرپەرچدانەوەی کۆی ئەم ئالترناتیڤە نەریتییە مێژوویی و سیاسییانەن کە لە فۆرمگەلی وەکوو ئۆتۆنۆمی، فیدرالیزم، کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیک، برایەتی گەلان، ناناوەندی/ لامەرکەزی و تەنانەت بەشداری/موشارکەتی ڕیفۆرمیستی کە بە هۆی ئەوەی لە بیست یان سی ساڵی ڕابردوودا لای سەرەوەی ئاجێندای حیزبی و سیاسیی کوردیان لەدەستدا بووە، نەک هەر نەیانتوانیوە بە هۆی خۆڕزگارنەکردنیان لە ئاجێندا و ئاکتی سیاسیی نەتەوە باڵادەستەکان ببنە بنەمایەکی گوتاریی بەهێز لەپێناو دەسنیشانکردنی ئاسۆیەکدا بۆ چارەسەری، بەڵکوو بە هەمان هۆکار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانەوەی دیاردەی پەروەردە و ڕاهێنانی کۆلۆمێنتالیزمدا بەشدارن. ئامانجی سێهەم کە خۆی لە ڕاستیدا پێشمەرجی ئامانجەکانی یەکەم و دووهەمە، بەئاجێنداییکردن و مسۆگەرکردنی گوتاری دابڕان لە ئۆنتۆلۆژیی ئێرانی و مەعریفەی باڵادەستی ئێرانشار؛ مەعریفەیەک کە هێشتنەوە و پاراستنی هاوکێشەی کۆلۆنیالیستی لە بەرانبەر کوردان و بەم پێیەش توانەوە و ئاسیمیلەکردنی کۆی شوناسی کورد بە ئامانج دەگرێت. ئەم مەعریفە باڵادەستە لە فۆرمی ڕادیکاڵی خۆیدا لە دەستبردن بۆ کەرەستەی شەڕ و بەکارهێنانی هێزی ڕەق لە بەرانبەر کورداندا هیچ دوودڵی

نانوێنێت. لە کاتێکدا لە فۆرمی خاوی خۆیدا، حەول دەدات کوردبوون و ئێرانیبوون وکوو چارەنووسێکی لەیەکدانەبڕاو و پرۆژەیەکی سیاسیی یەکانگیر پێناسە بکات کە ئاسۆی چارەسەرییەکەی لە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی "هاوبەشی ئێرانی" و فۆرمپێدانی کۆمەڵێک پلاتفۆرمی پەیوەندیداردا دەبینێت کە بۆ نموونە لە چوارچێوەی بوارگەلێکی وەکوو مافی مرۆڤ، یەکسانیی جێندێری، خەباتی چینایەتی، دیموکراسی، دەستەڵاتی یاسا، مافی شارومەندیی یەکسان و لامەرکەزیی ئوستانیدا دەتوانن خۆیان بەرجەستە بکەنەوە.

یاساناسی ئینگلیسی ویلیام بلاکستۆن (William Blackstone 1723-1780[2]) کە یەک لەو یاساناسانەیە کە لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنی دەوڵەت-تەورانەوە سەروەری تاوتوێ و ڕاڤە دەکات و، پێی وایە کە سەروەری بریتییە لە دەستەڵات یان ئۆتۆریتەیەکی هەرەباڵا، کۆنترۆڵنەکراو و ڕەها کە لە هەیبەتی سەروەردا، چ وەک شەخش، پادشا و سەرۆک یان لە فۆرمێکی دامەزراوەیی وەکوو دەوڵەتدا خۆ دەنوێنێت. ئەم شێوەتێگەیشتنە کە سەروەری وەکوو نیشانەیەک لە دەستەڵاتی ڕەها دەبینێت، لە لای کۆمەڵناسی ناسراوی ئاڵمانی ماکس وێبەر (Max Weber 1864-1920[3]) بە واتەی دەوڵەتی مودێرن دێت، کە لە هەموو فۆرمەکانی ئەزموونکراوی خۆیدا (نەریتی، کاریزماتیک و دامەزراوەیی) لە ڕەوتی داسەپاندن و زاڵکردنی دەستەڵاتی سیاسی و حقووقیی خۆیدا بە سەر سنوورەکانی نێو خاکێکی دیاریکراو، تەنیا ئۆتۆریتەیەکە کە مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگی خستۆتە ژێر پاوانی خۆیەوە. لە فۆرمی دامەزراوەیی و دیموکراتیکی دەوڵەتداریدا کە بە دەوڵەتی یاساش ناسراوە، ئەم پاوانە و "تاکەمافە" بە ڕێگای کۆمەڵێک میکانیزمی دامەزراوەیی تایبەت و شێوازگەلی توندوتیژیی ناڕاستەوخۆ مسۆگەر دەستەبەر دەکرێت. لە کاتێکدا ئەم پاوانە لە فۆرمی نەریتیی دەوڵەتداریدا، وەکوو زەبروزەنگی ڕاستەوخۆی جەستەیی خۆ دەنوێنێت.

## سەورەریی نێوخۆیی و سەرووەریی دەرەکی (یاسای نێونەتەوەیی): پێناسەی چەمک

لە سەرەتای ئەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بکرێت کە ئامانجی ئەم نووسراوەیە ئەوە نییە سەرجەم ئەو دەقە ئاکادیمییانە تێک هەڵکێشێت، کە سەرەڕای ژمارەی زۆر و هاوڕایی و تەبابوونیان لە سەر بنەما گشتییەکانی چەمکی سەروەری (Sovereignty)، هاوکات پێداگرن لە سەر هێندێک جیاوازی یان ناکۆکیی وردەکاریيانەی پەیوەندیدار بە لایەنی سیاسی، حقووقی یان مێژوویی ئەم بابەتە. ئاماژەی ئەم نووسراوەیە بەم جیاوازییانە تەنیا لەم چوارچێوە سنووردارەدا دەبێت کە فۆنکسیۆنی ڕاستەوخۆی بۆ ئەم باسە هەیە. لە پەیوەندی لەگەڵ پێناسەکردنی چەمکی سەروەری و هەروەها دەستنیشانکردنی چەند جیاوازییەکی نێوان بیرمەندانی ئەم بوارە، دەتوانین بۆ نموونە ئاماژە بە کەسایەتیی بواری فەلسەفەی حقووقی جۆن ئۆستین (John Austin 1790-1859[4]) بکەین کە لە پێناسەکردنی خۆیدا، سەرەڕای سەلماندن و دانپێدانانی کە سەروەری چەمکێکی تەواو یاسایی/حقووقییە، بەڵام دیسانیش ڕێگا بە بوارگەلی وەکوو مۆراڵ، زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی سیاسیش دەدات کە لە پرۆسەی گەڵاڵەکردنی پێناسە و دەستنیشانکردنی ناوئاخنی ئەم چەمکەدا بەشدار بن و ڕۆڵ بگێڕن. بۆچی؟ هۆکارەکە ڕوونە. ئۆستین لە سەردەمێکدا دەژیا کە بە هۆی هەژاری و پەریشانیی مرۆڤ، هەبوونی جیاوازیی قووڵی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، سیستەمی

مۆراڵیی مەسیحییەت تووشی دارمان ببوو، هەر بەم هۆکارەش بیرمەندانی سەردەم بە دوای مۆراڵێکی جێگرەوەدا دەگەران کە خۆشیان بەرهەمهێنەری بوون. ئەم فەیلەسووفەش وەکوو زۆرێکی دیکە لە بیرمەندانی سەردەم، نەیدەتوانی چاو لەو هەمووە بێدادگەرییە بپۆشێت کە هەموو کەلێن و کولێنی کۆمەڵگەی تەنیبوو. لێرەدا، کاریگەریی بیرۆکەی فەلسەفی یۆتیلیتاریزم (Utilitarism) کە ئامانجی کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و ئەهوەنکردنەوەی ئازاری مرۆڤ بوو، بە ڕوونی بە سەر بیرۆکەکانی ئۆستینەوە دیارە. لە حاڵەتی پێچەوانەدا، فەیلەسووفی مافناسی (ئوتریشی/مەجاری جاران و چێکی دواتر) هانس کێلسێن (Hans Kelsen 1881-1973[5]) هەیە کە لە خوێندنەوەی خۆیدا، چەمکی سەروەری لە هەر چەشنە کارتێکەرییەکی بوارەکانی دیکەی هزری و زانستی وەکوو سیاسەت، ئایدۆلۆژی، مۆراڵ و کۆمەڵناسی بە دوور ڕادەگرێت. ئامانجی کێلسێن ئەوەیە کە پێناسەیەکی تەواو حقووقی پێشکەشی ئێمە بکات. بەڵام هەردوو بیرمەند لەسەر ئەوە کۆکن کە سەروەری لە ڕووی واقیعییەوە وەکوو دیاردەیەکی سیاسی و حقووقی هەم(١) فۆنکسیۆنێکی نێوخۆیی و هەم (٢) کارکردێکی دەرەکیی هەیە.

لە ئاستی نێوخۆیی، سەروەری بریتییە لە هەبوونی پۆلیتی (Polity) یان یەکەیەکی سیاسی و حقووقی (مۆنارک بێت یان دەوڵەت) کە لە ئاستی هەرەبەرزی دامەزراوەییدا مومارەسەی دەسەڵات لە فۆرمێکی ڕەهادا دەکات. ئامانجی کۆتایی ئەمەش دەستەبەرکردن یان سەرورکردنی یاسایە لە نێو جوگرافیا و لە سەر خاکێکی دیاریکراوی تایبەت، بێ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە لە بەرانبەر هیچ ئۆتۆریتەیەکی دامەزراوەیی دیکەدا وەڵامدەرەوە بێت. هەر دیسانیش لە ئاستی نێوخۆییدا، سەروەری لە هەموو فۆرمێکی دەوڵەتدارییدا (بە واتەی وێبرییەکەی) ئاماژە بە زاڵبوونی ئۆتۆریتەیەکی بێسنوور و خاوەن مەشرووعییەتە کە چ لە هەیبەتی تاک، جەستە یان دامەزراوەییدا بە سەر ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا مومارسەی دەستەڵات دەکات. لە ئاستی دەرەکیدا، سەروەری ئاماژە بە ئەسڵێک دەکات کە بە پرەنسیپی یەکسانیی حقووقی (-Le princ ipe de l'égalité juridique) ناسراوە ، کە فۆنکسیۆنەکەی ڕاگرتنی باڵانسی هێز و دۆزینەوەی میکانیزمی یاساییە بۆ پاراستنی مافی هەر نەتەوەیەکی سەروەر کە لە ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و لە کۆنتێکستی سیاسەتی نیونەتەوەییدا ناسراوە و ئیعتیرافی پێ کراوە. واتەی ئەم پرەنسیپە بە زمانێکی ساکار بریتییە لەوەی کە تەنانەت وڵاتانی بچووک و لاوازیش دەتوانن لە ئاستی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا خاوەن مەشرووعییەتی حقووقی بن، هەتا بتوانن بەرژەوەندیی سیاسی، سەربازی، ئابووری و شوناسی خۆیان بپارێزن و لە ساتەوەختی ئەستەمدا نەکەونە بەر هەرەشەی پەلامار و داگیرکاریی وڵاتانی بەهێزتر. بە گوێرەی هانس کێلسێن، فۆنکسیۆنی نێوخۆیی و دەرەکیی سەروەری، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ئۆرگانیکیان پێکەوە هەیە. کێلسێن دەڵێت، دەستوور یان یاسای بنەڕەتیی وڵاتێکی سەروەر و هێندێک جارانیش ئاکتی حقووقیی نێوخۆیی وەکوو هەڵبژاردنی گشتی و ڕێفراندۆم دەتوانن لە پەیوەندی لەگەڵ نۆرمەکانی سەروەری و بە تایبەت دەستەبەرکردنی مەشرووعییەت و هۆکاری هەبوونی دەوڵەتی (Raison d'être) سەروەر لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت، چونکە ئەم ئاکتە سیاسی و حقووقییانە نەتەوەی

سەروەر لە پەیوەندی لەگەڵ داخوازیی مافی هاوشان و یەکسان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا دەکاتە خاوەن دەنگ و، پێگەی حقووقی بەهێز دەکات. دیارەدەی ئەوەی کە هێندێک جار ژمارەیەک لەم نەتەوانەی کە بە نەتەوەی بێدەوڵەت ناسراوان، بە مەبەستی خۆیان لە گیرخواردوویی و مانەوە لە چوارچێوەی هێندێک دەوڵەت/نەتەوەی باڵادەستی دیکە ڕزگار بکەن، پەنا بۆ دەنگدان و ڕیفراندۆم دەبەن (نموونەی کاتالۆنەکان لە ئیسپانیا، کوردەکان لە عێراق، سکۆتلەندییەکان لە بریتانیا و کێبەکەکان لە کانادا) دەکرێت لە هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەی کێلسێنی لێک بدرێنەوە.

## ئامانج و سنووری باسەکە

لێرەدا پێویستە سەرەتا ڕابگەیەندرێت کە ئامانجی ئەم نووسراوەیە ئەوە نییە کە بکەوێتە هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکانی ئەم مودێلە سیاسییانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە لە نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیدا باو بوون و کە لەگەڵ چەمکی سەروەری ناتەبان یان ناکۆکی ڕێژەییان هەیە. بۆ نموونە هەر وەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا، لێرەدا مودێلگەلی وەکوو ئۆتۆنۆمی، فێدراڵیزم، کۆنفێدراڵیزمی دیمۆکراتیک، برایەتیی گەلان و تەنانەت بەشداری/موشارکەتی ڕیفۆرمیستی ناکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەوەیش نەک بە هۆی ئەوەی کە هێندێک لەوانە لە ڕووی تیۆریکەوە لاوازن و بەم پێیەش شرۆڤەهەڵگر نین، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی باسەکە کە بریتییە لە ئاوردانەوەیەک لە پێگەی سەروەوەی لە مێژووی تیۆریی سیاسیدا و هەروەها لێکدانەوەیەک لە پەیوەندیی ئەم چەمکە لەگەڵ دیاردەی شارومەندی و دەوڵەت، ناگونجێت. ئەم مودێلانە تەنیا هەتا ئەم جێگایە ئاماژەیان پێ دەکرێت کە لەگەڵ ئامانجی سەرەکیی ئەم دەقە بگونجێن. شایانی باسە بگوترێت کە هەروەها ئەم پێناسە جۆربەجۆرانەی کە لە سەر چەمکی سەروەری لە بەردەستدان و گەلێک جاران وەکوو سەردێرگەلی جۆربەجۆر خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە، بۆ نموونە، سەروەریی سیاسی، سەروەریی نەتەوەیی، سەروەریی حقووقی، سەروەریی نیشتمانی و ... ناکەونە بە تیشکی هەڵسەنگاندنی ئەم دەقە. دەسنیشانکردنی ئەوەی کە بڕیار بدرێت کام یەک لەو دەستەواژانە بۆ دۆزی کورد گونجاوترن، یان ئەوەی لە ڕووی ئێتیمۆلۆژیکی و سێمانتیکی کام سەردێر لە بەستێنی تیۆری و پراکتیکدا هەڵگری بایەخی زیاترە یان کەمتر، ناکەونە چوارچێوەی ئەم نووسراوەیە. هەنگاوێکی لەم چەشنە دەتوانێت چەند ڕیسکی هەبێت کە لەم قۆناغەدا زەرووەرەتی دەرکەوتنیان نییە. یەک لەم ڕیسکانە ئەوەیە کە ئەم نووسراوەیە لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیدا ببێتە هۆکار یان ماتریالێک بۆ ئانالیزی گوتاری، لێکدانەوەی دەقناسانە و میتۆدی هەڵوەشێنەرەوانە و پێکهاتەشکێنانەی دریدایی (Jacques Derrida 1930-2004)، یان بە شێوەیەکی گشتی ببێتە مادەیەک بۆ شرۆڤەکاریی پۆستمۆدێرنیستی کە بۆ نموونە ئامانجی هەنگاوێکی شرۆڤەکارانەی لەم چەشنە دەسنیشانکردن یان دۆزینەوەی کۆمەڵێک ئاماژە، نیشانە، کەلێن و چرز و پەیامی شاراوەی ناو دەقەکە بێت کە لە ئاکامدا باسەکە بە لای پۆلیمیکێکی نەزۆک و بێئەنجام ڕابکێشێت. هەر بۆیەش مەبەستی ئەم دەقە بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە ببێتە هۆکارێکی نوێ بۆ بەشداری لە پۆلیمیکی نەریتیی نێوخۆیی کە پشت بە بنەما تیۆرییەکان

و میتۆدگەلی پۆستمۆدێرنیستی ببەستێت چونکە ئەو شێوە مەناقشەیە هەم رووخێنەر، هەم دژەپێکهاتە و دژەپراکتیک و هەم نەزۆکە و لە کۆتاییدا زیان بە خەباتی سیاسیی کوردی دەگەیەنێت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم نووسراوەیە پێشوازی لە هەر هەنگاوێکی پێکهێنەر دەکات کە بتوانێت، بە رێگای کەڵکوەرگرتن لە تیۆری سیاسی، هەڵە و کەموکورتییەکانی راست کاتەوە، بەم پێیەش باسەکانی پەیوەندیدار بە چەمکی سەروەری دەوڵەمەند بکات. هەر بەو هیوایەش، لەم نووسراوەیەدا چەمکی سەروەری (تەنانەت ئەگەر بەبێ دەستەواژەی پێشگر یان پاشگر بەکار بێت)، هەڵگری واتەیەکی نەتەوەیی، دامەزراوەیی، حقووقی و سیاسییە و لە سەر ئەو رێچکەیەش حەول دەدرێت کە هەم پێشینەی مێژوویی ئەم چەمکە لە تیۆری سیاسیدا (بە شێوەیەک کە لە مەجالی نووسینەکە دابێت) و هەم پێناسەیەکی سەرەتایی لەم دەستەواژەیە بخرێتە بەردەستی خوێنەری کورد. لەم پێناوەدا، ئەم نووسراوەیە، وەک ئاماژەی پێ کرا، ئاورێکی کورت لە چەمکی سەروەری لە مێژووی تیۆری سیاسیدا دەداتەوە هەتا بە مەبەستی تێگەیشتنی باشتر، باسەکانی پەیوەندیدار بە چەمکی سەروەری و هۆکارەکانی زەرووڕەتی سەروەری لە کۆنتێکستێکی مێژوویی و سیاسیی تایبەتدا، بەم شێوەیەی کە لە دەقەکانی تیۆری و فەلسەفی رابردوو، بۆ نموونە ئەوانی یۆنانی کۆن، بیرۆکەکانی سەردەمی شارستانییەتی ئیسلامی و پەیمانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێ کراوە، بخرێتە بەرباس. لە هەنگاوی دووهەمدا، حەول دەدرێت کە بە پشتبەستن بە تیۆری سیاسیی هاوچەرخی پەیوەندیدار بە دیاردەی شارومەندی و شارومەندبوون و دەوڵەت، خوێندنەوەیەکی سەرەتایی لە چەمکی سەروەری (سیاسی، حقووقی و نەتەوەیی) پێشکەش بکرێت. لە کۆتاییدا، دۆزی کورد هەم وەکوو دۆزی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بەڵام زیاتر وەکوو دۆزی تاکی کوردی بێ دەوڵەت لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی سەروەریدا بەرجەستە دەکرێتەوە.

## سەروەری لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیدا

ئەفلاتوون (Plato 428/348 B.C[6]) لە سەردەمێکدا دەژیا کە بە گوێرەی وی سیستەمی دەسەڵاتداریی سیاسی و چوارچێوەکانی مۆراڵی گشتیی کۆمەڵگەی ئاتێن و بناغەکانی ئەم شارستانییەتە لە هەموو لایەکەوە تووشی قەیران ببوو. دیاردەگەلی وەکوو هێرشی دەرەکی (ئاماژە بە پرشییەکان) و لێکەوتە کارەساتبارەکانی ئەم هێرشانە، بەرژەوەندیخوازی و قازانجپەرەستیی تویژی بازرگان، پەرەسەندنی کۆچ و هەبوونی ژمارەیەکی زۆری بیانی و لە هەموو ئەوانەش کێشەخوڵقێنتر هەبوونی گەندەڵییەکی سیستەماتیک لە سەر بنەمای پەیوەندیی بنەماڵەیی و خزمایەتی (Nepotism) کە سەرانسەری جومگەکانی ئیداری و بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتی داگرتبوو، هەوەها لە تەنیشت ئەمانەوە مەرگی تراژیکی مامۆستای فەیلەسووفەکەی واتە سوقرات، کە لە خۆیدا دەرهاویشتەی دۆخی دەوڵەتی ئیفلیج (Dysfunctional State) بوو، ئەفلاتوونی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە ئەگەر بێت و مودێلێکی سیاسیی جێگرەوە بە سیستەمێکی مۆراڵی و فەزیلەتی پایەدارەوە (Cardinal Vertues ) نەیەتە ئاراوە، ئەوە شارستانییەتی یۆنانی ئاتێنە کە سەروەریی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت بۆ هەمیشە دەستی لێ بشۆی. لە مودێلی جێگرەوەی ئەفلاتووندا کە دروستکردنی خەونشار یان مەدینەیەکی فازیلەی (Virtuous Polis) دادپەروەر بە

ئامانج دەگرێت، ئەوە فەیلەسووفەکانن کە دەبێت بە هۆی بلیمەتی و پیتۆڵیی خۆیان و بەهرەی خوێندنەوە و ڕاڤەی واقیعییەکان، دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریی وڵات بە دەستەوە بگرن. ئەم فەیلەسووفانە کە لە ڕووی زاوزێ و لە ئاکامی زەماوەندی بەکۆمەڵ هاتوونەتە سەر دنیا، بە دوای تێپەڕکردنی پرۆسەیەکی بارهێنان و پەروەردەیی هزری و جەستەیی دەیان ساڵە، کاتێک کە ئامادەی بەدەستەوەگرتنی ئەرکەکانی سیاسی و ئیداری دەبن، چونکە نە باوکیان هەیە و نە برا، نە تەنیا نابنە سەرچاوەی گەندەڵیی خزمایەتی لە سیستەمی سیاسیی وڵاتدا، بەڵکوو هەر ئەوانیش دەبنە دامەزرێنەری سەروەرییەکی دادپەروەرانە کە لەوێدا مۆدێلی ڕێکخراوەیی دەوڵەت کە لە سەر سێ توخمی بیرمەندی (Visdom)، ئازایەتی (Courage) و دیسیپلین (-Dis ciplin) دامەزراوە و سیاسەت لە ساتوسەودا و معاملە (Nomos) ڕا دەکاتە سروشت (Physis)، لە نموونەی خۆی شارومەندێکی دادپەروەر بەرهەم دێنێتەوە کە لە ئاکامی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕۆژانە و ملکەچبوونی لە بەرانبەر سەروەریی وڵات و دەستەڵاتدارییەتی سیاسی، خۆی و شارستانییەتەکەی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

خەونشار(مەدینەی فازیلە) و فۆرمی دەستەڵاتداریی سیاسیی ئەرەستوو (-Aris totoles 384-322 B.C[7]) هەرچەند ڕێگا بە کۆیلە و ژنان نادات کە لە پرۆسەی سیاسەتدا بەشداری بکەن، بەڵام دیسانیش لەوەی ئەفلاتوون باڵکێشتر و بەرینترە. لەو فۆرمی ئەرەستوییدا مرۆڤ وەکوو ئاژەڵی سیاسی (Zoon Politikon) پێناسە دەکرێت کە لەچاو هەموو ئاژەڵێک، بە هۆی بەهرەمەندبوونی لە توانایی زمان و عەقڵ (Logos) بۆتە خاوەن ئامانجێکی ( Telos) دیاریکراو کە هێڵی کۆتاییەکەی دەستەبەرکردنی مافی شارومەندییە لە دەوڵەتێکی دادپەروەردا کە تێیدا بە ڕێگای بەشداری لە پرۆسەی سیاسەتدا، بە بەختەوەری و سەروەری بگات. خاڵی هەرە گرینگی مۆدێلی ئەرەستوویی ئەوەیە کە پێداویستیی مرۆڤ بۆ ئەوەی لە سیستەمێکی سیاسیی دەستەڵاتداری یان دەوڵەتێکدا ببێتە ئەندام یان شارومەند، ڕەوتێکی سروشتی و بێگەڕانەوەیە چونکە تایبەتمەندیی مادە (مرۆڤیش لەگەڵ) کە لە حاڵەتی سەرەتایی خۆیڕا بەرەو فۆرمێکی تایبەتی دیاریکراو هەنگاو بنێت. مرۆڤی بیدەوڵەتیش هەر هەمان حاڵەتی سەرەتاییە کە بە ڕێگای گەیشتن بە پلەی شارومەندی، فۆرمی تازە بەخۆیەوە دەگرێت. بە بۆچوونی ئەرەستوو، بنیاتنانی دەوڵەت و گەیشتن بە مافی شارومەندی لە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتدا پرۆسەیەکی سروشتی و بێگەڕانەوەیە کە هەموو مرۆڤێک پێیدا تێپەڕ دەبێت. بە وتەی ئەرەستوو ئەوە تەنیا خودا یان جانەوەرە کە پێویستییان بە دەوڵەت و مافی شارومەندی نییە.

پرسی بنیاتنانی دەوڵەتێک، قەوارەیەکی سیاسی یان هەمان مەدینەی فازیلە (Virtuous Polis) کە ببێتە مەکانێک بۆ دادپەروەری و پێگەیەک بۆ بەختەوەری و سەروەریی مرۆڤ، لای فەیلەسووفەکانی شارستانییەتی ئیسلامیی سەردەمی خەلافەتی عەبباسیش (٧٤٩–١٢٥٨) لە سەرەوەی هەموو پرسیارەکان بوو. نیۆپلاتۆنیزم (Neo-Platonism) کە پێناسەی پێگە و چوارچێوەی مەکتەبی و فەلسەفی ئەم فەیلەسووفانەیە، ئاماژەیەکە بەوەی کە ئەم ڕەوتە بەردەوامیی فەلسەفەی یۆنانی کۆنە و لە ژێر کارتێکەریی بەهێزی ئەفلاتوون و ئەرەستوویە. هەر ئەوانەشن کە دەبنە هۆکاری ئەوەی کۆی دەقە فەلسەفییەکانی

یۆنانی بخرێنە سەر زمانی عەرەبی، هەتا چەند زەمەنێک دواتر بە نۆرەی خۆیان وەربگێردرێنەوە سەر زمانی لاتین و ببنە بنەما سەرەکییەکانی گەشەی هزری و ماددیی جیهانی ڕۆژئاوا. ئیسحاق ئەلکیندی (Al-Kindi 800-873)، فارابی (Alpharabus 872-950)[8]، ئیبن سینا (Avicenna ٩٨٠-١٠٣٧) و ئیبن ڕوشد (Averroës 1126-1198) کە ناویان لە نێو ئەو ڕەوتە فەلسەفییەدا دەدرەوشێتەوە، هەرچەندە لە نزیکبوونەوەیان لە بابەتەکە هەڵگری جیاوازیی بەرچاون و هەروەها بە پێچەوانەی ئەرستوو کەمتر سەرنج دەدەنە سەر دنیای ماتریاڵ، بەڵام دیسانیش لە سەر ئەو بنەمایە کۆکن کە باسی ئۆنتۆلۆژیک کە بریتییە لە دارشتنی بیروکەیەکی فەلسەفی لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی دادپەروەردا، پێویستی بە چەمک و دەستەواژە یان ئیپیستێمۆلۆژی (Epistemology) جیاواز هەیە . هەر بۆیەش، ئەوانە لە یەکەم هەنگاودا، زمانی ئایین و زمانی فەلسەفە لە یەک جیا دەکەنەوە، بۆ نموونە فارابی لەم ڕەوتی گەشەپێدانەدا، دابەشکارییەکی نوێ بۆ چەمکی لۆگۆسی (Logos) ئەرەستوویی دەخاتە ڕوو. لەم پەیوەندییەدا، فارابی لۆگۆس بە سەر بوارگەلی ئایینی، سیاسی، جوانناسی و فەلسەفەدا دابەش دەکات، کە هەڵبەتە لێرە ئەوە زمانی فەلسەفەیە کە لە سەرەوەی هەموو لۆگۆسەکانی دیکە ئەرکی دەسنیشانکردنی بنەما هزرییەکانی مەدینەی فازیلە و سەروەری و بەختەوەریی مرۆڤ دەگرێتە ئەستۆ.

ئیبنی خلدوون (Ibn Khaldoun1332-1406)[9] کە نیزیکەی سەدە و نیوێک دوای بیرمەندانی نیۆپلاتۆنیستی دێتە مەیدان، ئەرەستوو بە مامۆستای یەکەم ناو دەبات. نیشانەکانی ئەو کارتێکەرییە لەو لێکۆڵینەوە مەیدانییانەدا (Emprical research) دەبینرێن کە ئەو کۆمەڵناس و مێژووناسە بلیمەتە لە سەر هەڵکشان و داکشانی قەوارە سیاسییەکان یان بە گشتی حاکمییەتەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بەڕێوەیان دەبات. پرسی سەرەکی لای ئیبنی خەلدوون ئەوەیە: حاکمییەتی سیاسی بۆچی پێک دێت، بەڵام سەر ناگرێت و لە کۆتاییدا و دەرووخێت و سەروەریی خۆی لە دەست دەدات؟ ئەو بیرمەندە یەکەمین کەسە کە پرسی سەروەری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دیالیکتیکی بە دیاردەی هەستی گشتیی پێکەوەبوون (Group feeling) و شوناسەوە دەبەستێتەوە و لەم پەیوەندییەدا، داوامان لێ دەکات کە سەرنج بدەینە چەمکی عەسەبییە (Assabiyya) کە لە ڕاستیدا واتای جەوهەرێکی شوناسخوازانە دەگەیەنێت کە لە خۆیدا هۆکاری بنەڕەتیی زیندوومانەوە، سەرکەوتن و بەردەوامیی هەر سیستەمێکی دەسەڵاتداری سیاسییە. لە کاتێکدا کە بۆ نموونە ناوەندێکی شارستانییەت دەکەوێتە بەر هێرشی دەرەکی و توانای خۆڕاگری نییە، بە خوێندنەوەی ئیبنی خەلدوون ئەوە توانایی مادی و سەربازی نییە کە لە هەنگاوی یەکەمدا بڕیاردەرە، بەڵکوو ئەوە هێزی یەکگرتوویی و هاوچارەنووسییی پشتبەستوو بە عەسەبییەکی بەهێزە، کە چارەنووسی ناوەند دیاری دەکات. لەم هاوکێشە دیالیکتیکییەدا، کە لە سەر بنەمای ناکۆکی و ئانتاگۆنیزمی نێوان حاکمییەتی شارنشین (Hadhara) و خەڵکی بیاباننشین (Badoua)دا دێتە ئاراوە، ئەوە خەڵک و تیرەی عەشیرەیی و خێڵەکی و چۆڵگەردن، کە بە هۆی عەسەبییەی بەهێز ناوەند داگیر دەکەن. شایانی باسە کە لایەنی سەرکەوتووش، کە ئێستا سەروەریی وڵات دەکات، وردە

وردە عەسەبییەی خۆی لە دەست دەدات، هەتا لە پرۆسەیەکی زەمەنیی چل/پەنجا ساڵەدا کۆتایی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی ببینێت و لە ئاکامی ئەوەی کە ئیبنی خەلدوون پێی دەڵێت بازنەی عەسەبییە (Cycle of Assabiyya) بڕووخێت و جێگای خۆی بدات بە عەسەبییەکی جێگرەوە. ئیبنی خەلدوون پێی وایە، ئەو بازنەی عەسەبییە، ئەگەر چارە نەکرێت و بە بارێکی دیکەدا نەکەوێت، لە کۆتاییدا لەناوچوونی کۆی شارستانییەتی ئیسلامی و سەروەریی سیاسیی حاکمییەتەکانی نێو ئەو شارستانییەتەی لێ دەکەوێتەوە. چونکە بە گوێرەی ئەو بیرمەندە هەر قەوارەیەکی خاوەن سەروەریی سیاسی، لە ناخی خۆیدا هەڵگری توخمی ڕووخانی خۆیەتیک کە ئەویش دەرهاویشتەی لاوازی یان نەمانی هەستی پێکەوەبوونن، هاوچارەنووسی و شوناسی هاوبەشە: شوشناسێکی هاوبەش کە بە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە دەکرێت بە هەمان چەمک پێناسە بکرێت کە بێنێدیکت ئاندێرسۆن (Benedict Anderson) وەکوو کۆمەڵگەی خەیاڵی (Imagined Community[10]) ناوی دەبات. دیسانیش بە گوێرەی ئیبنی خەلدوون، هەر یەکەیەک یان هەر ناوەندێکی سیاسی کە تێیدا پرسی سەروەری و حاکمییەت بە سەر ژمارەیەک خەڵکدا لە ئارادایە، لە پێناو زیندوومانەوە و گەشەدان بە دەسەڵاتی سیاسی و شارستانییەتی خۆی پێویستی بە عەسەبییە یان کۆمەڵگەی خەیاڵی هەیە، بەڵام بە مەرجێک کە ئەمجارەیان ئەم شوناسە هاوبەشە نەک لە سەر بنەمای عەسەبییەی عەشیرەیی، بەڵکوو بە ڕێگای عەسەبییە یان شوناسی دامەزراوەییەوە بنیات بندرێت. شایانی باسە کە پرۆسەی دارمانی سیستەمە دەسەڵاتدارییەکانی نێو جوگرافیای سیاسی و کولتووریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا و هەروەها قەیرانەکانی پەیوەندیدار بەم مودێلە دەسەڵاتدارییانە، کە لە سەرەتای بەهاری عەرەبییەوە دەستی پێ کردووە، زۆر بە ڕوونی ئۆتۆریتەی تیۆرییەکانی ئیبنی خەلدوون نیشان دەدەن. لەم پەیوەندییەدا، کاتێک کە هەواڵنێری (CNN) لە سەرووبەندی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەددا، پرسیاری هۆکارەکانی ئەم ڕووخانە لە محەمەد جۆلانی (ئەحمەد شەرع) سەرۆکی کاتیی سووریا دەکات، لە وەڵامیدا دەڵێت: ”توخمی دارمانی ڕژێم لە ناخی خۆیدایە“. گەلۆ ئەو سەرکردە ئیسلامییە، شارەزای ئیبنی خەلدوونە یان واقیعی دەوروبەری خۆی دەناسێت یان هەر دووی؟

## سەروەی و بێدەوڵەتی

بە گەڕانەوە بۆ لای هانس کێلسێن (Hans Kelsen[11]) و ئەو دابەشکارییەی کە ئەو یاساناسە لە ڕووی کارکردەوە بۆ چەمکی سەروەری دەیکات، سەرەتا پێویستە لایەنی فۆنکسیۆنی نێوخۆیی ئەم چەمکە نەک تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە بەڵکوو لە ڕووی ئەزموونی نەتەوە و تاکی بێدەوڵەتیشەوە لە بەستێنێکی فراوانتردا بخرێتە بەر باس، بەڵام کاتێک کە کێلسێن ڕێگا نادات چەمکی سەروەری لە دەرەوەی پێناسەیەکی بێخەوش و تەواو حقووقییەوە، پشت بە هیچ بوارێکی زانستی دیکە ببەستێت، چارەیەک نامێنێت کە جارێکی دیکە دوای نیزیک دووسەد ساڵ دەستەوداوێنی جۆن ئۆستین (John Austin[12]) ببینەوە، چونکە ئەم یاساناسە ڕێگامان پێ دەدات لەپێناو بەهێزکردنی پێناسەی سەروەریدا پشت بە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی ببەستین.
لە پەیوەندی لەگەڵ تاکی بێدەوڵەتدا، یانی ئەو تاکەی کە بە پێی ئێتیکی ئەرەستوویی و بۆچوونی فەیلەسووفەکانی سەردەمی بیرۆکەی

لیبێراڵ لە هەموو مافە گەردوونییەکانی خۆی بێبەش کراوە، ئەرکی ئەم باسە قورستر دەبێت. ئەویش بەو مانایە، کە گەلێک زیاتر لە سەردەمی جۆن ئۆستین پێویست دەبێت کە بە ناچاری، لە باسەکانی پەیوەندیدار بە مافی شارومەندی و دەوڵەت و بە تایبەت بە هۆویەت و شوناس وردتر ببینەوە و قووڵتر لێیان بکۆڵینەوە. لەم پەیوەندییەدا، مافی شارومەندیی پەیوەست بە تاک کە لە فۆرمێکی یاسایی و دامەزراوەیی و لە چوارچێوەی خاکێکی یاسایی ناسراو و لە ژێر چەتری دەوڵەتێکی دەستەڵاتداردا دەستەبەر دەکرێت، لە خۆیدا واتەی هەمان سەروەری پەیدا دەکات کە لەم نووسراوەیەدا باسی لێ دەکرێت. بە واتەیەکی دیکە، مافی شارومەندییش کە بریتین لە (١) مافی مەدەنی (Civil Rights)، (٢) مافی سیاسی (Political Rights) و (٣) مافی کۆمەڵایەتی (Civil Rights) پێکهێنەری بنەما سەرەکییەکانی سەروەرین کە لە هەمانکاتدا وەکوو ئەفلاتوونیش دەڵێت، ڕەنگدانەوەیان بە پێکهاتە و فۆرمی ڕێکخراوەیی دەوڵەتەوە دیارە.

هاننا ئارێنت دەڵێت: بێدەوڵەتی تەنیا کێشەیەکی حقووقی نییە، کە لە ڕووی یاساییەوە پێش بە تاکی بێدەوڵەت بگرێت کە نەتوانێت تەعبیر لە مافەکانی خۆی بکات. بەڵکوو کێشەکە کێشەیەکی هۆویەتییە، دەنا خۆ ئەو یاسایەی کە لە وڵاتێکدا سەردەستە، بانگەشە و ئیدیعای موعاملەکردنی یەکسان لەگەڵ هەموو لایەک دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە یاسای سەردەستی ئەم وڵاتە دیاریکراوە نییە کە ئەو تاکە بێدەوڵەتە ناچار دەکات لە بێمافیدا بمێنێتەوە. بەڵکوو هۆکارەکەی ئەوە دۆخەیە کە بە هۆی شوناس و هۆویەتی تاکی بێوڵاتەوە هاتۆتە ئاراوە. هەر بۆیەش لە حاڵەتی بێدەوڵەتیدا، تاکی بێدەوڵەت هیچ کاتێک ڕەنگی ئاسوودەیی و حەسانەوە بەخۆیەوە نابینێت. ئارێنت هەروەها دەڵێت، کێشەکە تەنیا پەیوەندیی بە یاسای یەکسانەوە نییە. جاری وایە هەر هیچ یاسایەکی لەو چەشنە بۆ تاکی بێدەوڵەت نییە، تەنانەت جاری وایە یاسایەک بۆ لێدان، سەرکوتکردن و ئەشکەنجەدانیشی نییە. لە سایەی دەوڵەتی غەریب و نامۆدا، تاکی بێدەوڵەت، دیسان وەکوو ئارێنت باسی دەکات، فڕێ دەدرێتە دەرەوەی یاسا، بۆ ئەوەی بە ناچاری لە دۆخی ساوایی و سروشتیدا بمێنێتەوە، یانی جگە لە مرۆڤێکی ڕووت و قووت کە ئەویش بوونەوەرێکی هەڵاوەسراو و ئابستراکتە، هیچ شتێکی دیکە نەبێت.[١٣] لە ڕووی خوێندنەوەی ئارێنتەوە دەتوانین بڵێین، کە تاکی کورد بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن مافە گەردونییەکانی خۆی، هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە جگە لەوەی ماڵئاوایی لە دۆخی سروشتی و مرۆڤبوونی خۆی بکات و بە جێگای ئەوە بیر لەوە بکاتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی حقووقیی ناسراودا مافی شارومەندی بۆخۆی دەستەبەر بکات. ئەو مافانەش لە ڕووی حقووقییەوە هەروەک لە سەروە ئاماژەی پێ کرا، بریتین لە مافی مەدەنی، مافی سیاسی و مافی کۆمەڵایەتی. بەڵام ئارێنت دەڵێت، کە شارومەندبوون و سەروەری و لە ئاکامدا دەستەبەرکردنی ماف بۆ تاکی بێدەوڵەت لە ژێر دەوڵەتێکی بێگانە و نامۆ دا مومکین نییە.

پێش ئەوەی لە ئارێنت بپرسین بۆچی مومکین نییە، وا باشە لە پێشدا ئاوڕێکی سەرەتایی لە بنەماکانی شارومەندی و سەروەری بدەینەوە.

**١ پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافی مەدەنیی شارومەندی:** بنەمای یەکەمی سەروەری

پەیوەندیی نێوان مافی مەدەنی و شارومەندبوون و سەروەریی دەوڵەت بە شێوازێک دەکرێت بە فەیلەسووفانی

سەردەمی پەیمانی کۆمەڵایەتی (So-cial Contract) بە تایبەت فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هابز (Thomas Hob-bes1588-1679)[14]وە ببەستریتەوە. هابز ئەو سەردەمە بە سەردەمی "شەڕی هەموو کەس لەگەڵ هەموو کەس" پێناسە دەکات. بە پێی ئەم پێناسەیە مرۆڤ کە ئێستاش لە دۆخی سروشتیدا دەژیت، وەکوو"گورگێکی بێبەزەیی مرۆڤخۆر" تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی شەخسی و دەستەیی و دامرکاندنەوەی حەزە خۆپەرستییەکانی خۆی دەکاتەوە. لەم دۆخەدا، یاسای سروشتی، واتە یاسای جەنگەڵ زاڵە. ئەوەی هێزی هەیە، ئەو مافە بە خۆی دەدات کە ماڵ و موڵکی ئەوی لاواز یان لاوازتر داگیر بکات و گیانیشی لێ بستێنێت. بێگومان، ئەم وێنە تراژیک و خوێناوییەی کە هابز لە دۆخی سروشتی (State of Nature) و یاسای سروشتی (Laws of Nature) وێنای دەکات، هەڵقولاوی خەون و خەیاڵ نییە. هابز لە سەردەمێکدا دەژیا کە شەڕی نێوخۆیی ئینگلیز (۱۶۴۲-۱۹۵۱) و شەڕی سی ساڵەی ئورووپا ( ۱۶۴۸-۱۶۱۸) حەشری بە خەڵکی مەدەنی کردبوو و، وڵاتانی ئورووپا ئاداریان لە سەر پاداریان نەمابوو. هەر بۆیەش هابز خەونی بە سیستەمێکی تایبەتی دەسەڵاتداری و سەروەرییەوە دەدیت کە بە سەر تەواوی جمگەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زاڵ بێت، هەتا ئەو جێگایەی بەشەر نەوێرێت بڵێ لەل. بەم پێیەش، ئەو فەیلەسووفە بە مەبەستی تێپەڕاندنی دۆخی سروشتی بە شێوەیەکی مێتافۆریک و هەروەها بە ئیلهاموەرگرتن لە بوونەوەرێکی ترسناکی نێو کتێبی پیرۆز بە ناوی دێو/درنج (Leviathan)، دەست بە گەڵاڵەکردنی مۆدێلێکی دەسەڵاتداریی سیاسی دەکات، کە لە ڕاستیدا بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەشرووع کە لەوێدا ئەندامانی کۆمەڵگە یان شارومەندانی وڵات بە هۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە ئیتاعەت و ملکەچیی خۆیان بۆ سەروەر ڕادەگەیەنن و لە بری ئەو ملکەچی و ئیتاعەتە، سەروەر یان هەمان دەوڵەتی ڕەوا، کە ئێستا دەسەڵاتی ڕەهای هەیە، دەستەبەر(زەمانەت)ی پاراستنی گیان و ماڵی ئەوان بە ڕێگای پاوانی یاسایی و دامەزراوەیی زەبروزەنگ لە ئەستۆ دەگرێت. لەمەودوا، ئیدی ئەوەی هێزی هەیە لە ترسی سزای قانوونی ناوێرێت دەستدرێژی بکاتە سەر موڵک و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان. ئیتر ئاسایشی گیان و ماڵ کە بە سەرەتاییترین مافی یاسایی و دامەزراوەیی شارومەندی هەژمار دەکرێت و هاووڵاتیان دەستەبەری دەکەن، بە ناوی مافی مەدەنی (Civil Rights) پێناسە کراوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ تاکی کورد و ئەو مافە مەدەنییانەی کە ئەم تاکە لە ژێر چەتری سەروەریی تورکی، ئێرانی، عێراقی و سووری هەولیان بۆ دەدات و کاریان پێ دەکات، ئەزموونە مێژوویی، حقووقی و سیاسییەکانی ڕابردوو و ئەمڕۆیی دەری دەخەن، کە تاکی کورد لەم وڵاتانەدا ئێستاش لە سەردەمی شەڕی سی ساڵەی ئورووپا و شەڕی ناوخۆی ئینگلیز، یان بە گوێرەی هابز لە دۆخی سروشتیی چاخی "گورگی مرۆڤخۆر"دا ماوەتەوە. لە ڕووی ئەم لێکدانەوەیە، دەتوانین پرسیار بکەین کە کوردێک کە لە ژێر سەروەریی سیاسی و حقووقیی تورکی، ئێرانی، عێراقی و سووریدا ژیان بە سەر دەبات، هەتا چەندە توانایی بڕیاری بە سەر چارەنووسی تاکەکەسی یان گیان و ماڵی خۆیدا هەیە؟ ئەم دامەزراوە و دەزگایانەی کە بۆ نموونە لە ئێران بە خوێندنەوە وێبێرەکەی (Max Weber)، مۆنۆپۆلی زەبروزەنگیان بە دەستەوەیە تا چ ڕادەیەک کاریگەریی

خودی کوردیان لە سەرە؟ کێن ئەوانەی کە بە حوکمی جەوهەرییەتی ئۆنتۆلۆژیکی خۆیان سووژەی کورد لە سێدارە دەدەن، یان سزای گرتووخانەی درێژخایەنیان بە سەردا دەسەپێنن، یان لەوەش خراپتر، ڕێک بە پێی دۆخی سروشتی یان وەکوو هانا ئارێنت (Hanna Arendt) دەڵێت، لە دەرەوەی یاساکانی خۆیان، لە سەر ئەو سنوورانەی کە کورد هیچ ڕۆڵێکی لە دروستکردنیاندا نەبووە، لە هەیبەتی کۆڵبەردا تەقەیان لێ دەکەن، گیانیان لێ دەستێنن وماڵیان زەوت دەکەن؟ دیسانیش پرسیار ئەوەیە، تاکی کوردی ژێر سەروەریی ئێرانی هەتا چەندە مافی وەبەرهێنانی لە سەر خاکی خۆی هەیە؟ چ چەشنە مافێکی بڕیاری بە سەر سەرچاوە ئاوییەکان، سامانە سروشتییەکان، ژێرخانی ئابووری، ئاسەواری مێژوویی و ژینگە و سروشتی خۆیدا هەیە؟ لە تورکیای ئەمڕۆدا کە کورد مافی ئەوەی نییە تەنانەت ناوی ڕەسەن و سروشتیی گوند و باژێڕ، ڕووبار و چیا، کوڕ و کچ و دۆڵ و کانییەکانی خۆی هەبێت، یان تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێت بە هۆی دەنگهەڵبڕین و گۆرانیچڕین لە فەزا گشتییەکاندا تووشی لێپرسینەوە و لێپێچینەوە دەبێتەوە، هەتا چ ڕادە یان ڕێژەیەک دەتوانین باسی پەیمانی کۆمەڵایەتی و مافی مەدەنی وەکوو سەرەتاییترین پێشمەرجی سەروەری بۆ کورد بکەین؟ هەر دەڵێی کورد لەم وڵاتە مافی ئەوەی نییە کە تەنانەت لە دۆخی سروشتیشدا بمێنێتەوە، چ بگات بە پەیمانی کۆمەڵایەتی و بەم پێیەش پاراستنی گیان و ماڵ، کولتوور، زمان و ناسنامەی خۆی بە پێی ئەم یاسایانەی کە لە سەر بنەمای پرەنسیپەکانی سەروەری دەبێت خۆی گەڵاڵەیان بکات و هەر خۆشی موئەسەساتی پەیوەندیداری بۆ دابمەزرێنێت. دۆخی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ کورد لە سووریاش، سەرەڕای ڕواڵەتی شتەکان و هەبوونی قەوارەیەکی دەسەڵاتی ئیداری، سەربازی و سیاسی زۆر ڕوون نییە. هەربۆیە لێرەش پێویستە لە خۆمان بپرسین، گەلۆ لە کاتێکدا کە سروشتی سیستەمی هاوکێشەی دەسەڵات لە نێوان وڵاتانی هەرێمی، جەوهەرەی ئایدۆلۆژیکی دژەکوردی هێندێک وڵاتان وەکوو تورکیا و هەروەها ناڕوونی داهاتووی پرۆسەی سیاسەت لەم وڵاتە و لە هەمووو ئەوانەش گرینگتر مانەوەی مێژوویی ژمارەیەکی زۆر لە کوردان لە دەرەوەی فەرمییەتی حقووقیی دامەزراوەی شارومەندی، چۆناوچۆن دەکرێت باسی ئاسۆی داهاتووی کورد و مافە مەدەنییەکانی و گەیشتنی ئەم نەتەوەیە بە پەیمانی کۆمەڵایەتی بکەین؟ هەتا ئەم جێگایەی باسەکە مۆدێلی سەروەریی سیاسی و حقووقیی عێراقی و پێگەی کورد لە ڕەسمییەتی یاسایی ئەم وڵاتەدا دەگرێتەوە، دیارە کە لە ڕوویەکی بەراوردکارانە کۆمەڵێک جیاوازیی بەرچاو دەبیندرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین کە کورد لەوێ سەرەڕای هەبوونی پێگەیەکی فەرمیی دەستووری و دامەزراوەیی کە لە سەر بنەمای دابەشکاریی هاوبەشانەی سەروەریی سیاسی و حقووقی و ئەویش لە فۆڕمی فێدراڵیدا خۆی دەنوێنێت، دیسانیش لە مومارسەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانیدا یان بە شێوەیەکی بەرینتر لە هەڵسوکەوتی سیاسی و حقووقیی خۆیدا، لە چوارچێوەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی سەردەستدا معاملەی یەکسانی لەگەڵ ناکرێت. بە هۆی ئەوەی کە کوردانی ئەوێ نەیانتوانیوە ببنە بەشێک لە سیستەمی یاسایی نێونەتەوەیی و بەم پێیەش سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ دەیە لە بنیاتنانی قەوارەیەکی سیاسی و حقووقین ئێستاش لە دەرەوەی پرەنسیپی یەکسانی حقووقی (Le principe de l’égalité juridique) ماوەنەتەوە، بە

هەمان شێوەش کێشە و گرفتەکانیان وەکوو کێشە و گرفتی نیوخۆیی عێراقی هەژمار دەکرێن. ئەگەریش، دەستەڵاتی کوردی لەم وڵاتەدا بەردەوامیی هەیە، ئەوە نەک بە هۆی پێگەی یەکسانی حقووقی و یاساییە، بەڵکوو هۆکارەکەی زیدەتر پەیوەندیی بە باڵانسی هێز و فۆرمی هاوپەیمانێتیی ناوچەیی سنووربەزێنە (بۆ نموونە لەگەڵ ئەمریکا یان نیزیکایەتی لە وڵاتانی هەرێمی) کە بەردەوامی و هۆکاری هەبوونی (Raison d’être) ئەم قەوارە هەرێمییەی مسۆگەر کردووە. هەربۆیەش لە غیابی پێگەی سەروەری لە یاسای نێونەتەوییدا، ئەم هەرێمە فێدراڵییە بە گوێرەی هەڵکشان و داکشانی باڵانسی هێزەکەی، ئەوا دەستەڵاتی ناوەندیی عێراقیش لە بەرانبەر بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردی هەڵکشان و داکشان بەخۆیەوە دەبینێت. دەستەڵاتێکی ناوەندیی شیعەتەوەر و سەر بە ئاجێندای دەرەکی کە هەر ڕۆژەی بە بیانووی جۆربەجۆر، بۆ نموونە بابەتی مووچە، گومرک، نەوت و گاز و هەروەها ناوچەکوردستانییەکانی مادەی ۱۴۰ بەردەوام بەزمیان پێ دەگرێت. ئەم شێوازە ژیانە سیاسییە، لەگەڵ بنەماکانی چەمکی سەروەریی سیاسی بەم شێوەیەی ئۆستین و کێلسێن پێناسەی دەکەن ناموٚ و ناتەبایە.

## ۲ مافی سیاسیی شارومەندی:

بنەمای دووهەمی سەروەری مافی سیاسی (Political Rights) وەکوو بنەمای دووهەمی سەروەری کە لە پەیوەندی لەگەڵ پێگەی مەدەنی و سیاسیی تاکی شارومەندندا واتە پەیدا دەکات، سنووری هاوبەش و تێکهەڵکێشێکی بەرچاوی لەگەڵ مافی مەدەنی هەیە، هەتا رادەیەک کە جاروبار ئەستەمە لێک جوێ بکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە سەردەمی تۆماس هابز (Thomas Hobbes 1588-1679)دا، مافی مەدەنی لە پەیوەندی لەگەڵ پێگەی یاسایی شارومەند، تەنیا لە فۆرمێکی گشتیی وەکوو پاراستنی گیان و ماڵ بە رێگای دامەزراوەی زەبروزەنگ و یاسا باسی لێ دەکرا، هەر هەمان بابەت دواتر لە رەوتی سەرهەڵدانی هزری لیبرالیستیدا، هەم لە رووی واقیع و هەم لە روانگەی بایەخی سێمانتیکی (Semantic) وشە مەیدانەکەی فراوانتر بووە، وەردەکاریی زیاتری لەخۆ گرت و لەگەڵ مافی سیاسی ئاوێتە بوو. ئەمجارەیان، نەتەنیا گیان و ماڵ بە شێوەی گشتی بەڵکوو بوارگەلی وەکوو ئازادیی تاک لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی سەرور، پاراستنی کەرامەتی تاک، ئاسایشی تاک، مافی بەهرەمەندبوون لە موعاملەی یەکسان لە بەرامبەر یاسا، پاراستنی تاک لە بەرامبەر مەترسیی هەڵاواردن بە هۆی بیروهزر، باوەڕ، گوتار و ئایینی جیاواز، مافی کۆبوونەوە و وەگەڕخستنی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مافی سازکردنی ڕێکخراوەی سیاسی و مەدەنی و هەروەها مافی دەنگدان بوون بە ناوەرۆکی گوتاری لیبرالیزم و لە کۆمەڵگەکاندا دەنگیان داوە. لەم ئاراستەیەدا، نە تەنیا دەستەواژەکان و بوارەکانی پەیوەندیدار بە مافی مەدەنی و سیاسیی شارومەند لە ئاستی تیۆری و گوتاریدا بەردەوام لە گەشەکردندا بوون، بەڵکوو لە سەر هەمان بنەما، واقیعی سیاسی و ناوئاخنی مۆئەسەساتی وڵاتانیش یان بە واتەیەکی جیاوازتر فۆرمەکانی سەروەریی سیاسی و حقووقی تووشی گۆڕانکاریی خێرا دەبوون. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەوە، ژمارەیەک جاڕنامە و چارتی تایبەت بە مافی مەدەنی و سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی پەسەند کران و شارومەندان کەڵکیان لێ وەرگرت. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە ژمارەیەک لەم

دەســـتکەوتانە بۆ نموونە کۆیاســـای ئینگلیسی بـــۆ مافـــەکان (English Bill of Rights 1689)، کۆیاســـای ئەمریکا بۆ مافەکان (U.S Bill of Law 1789) و جارنامەی گەردوونیی مافـــی مـــرۆڤ (Universal Declaration of Human Rights 1948) بکەیـــن کـــە نیشاندەری خێرایی پرۆســـەی دەستەبەربوونی مافی سیاســـین، پرۆســـەیەک کە لـــە ڕەوتی پێشـــچوونی خۆیدا تەنیا بە مافـــی دەنگدان بـــۆ ژنان ڕازی نەبوو، بەڵکوو ســـاڵ بە ســـاڵ گەشـــەی زیاتـــری کـــرد، هەتـــا جێگایەک کـــە بزووتنـــەوەی مەدەنیی بۆ نەهێشـــتنی نەژادپەرەســـتی و دواتر مافی فرەجێندیریشی نۆرماڵیـــزە کـــرد و خســـتینە چوارچێـــوەی یاســـایی و دامەزراوەیـــی وڵاتانەوە.

لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ مافی سیاســـیدا، نـــەک تەنیـــا وەکـــوو بنەمـــای دووهەمی ســـەروەری بەڵکوو وەکوو نیشـــانەیەکی دیکە لـــە دەســـتەبەربوونی پەیمانـــی کۆمەڵایەتی، فەیلەســـووفی ئینگلیزیی ســـەردەمی گەشەی هزری ڕۆشـــنگەری و بیرۆکەی لیبراڵیســـتی واتـــە جـــان لاک (John Locke 1632-1704[15]) وێنەیەکـــی جیاوازتـــر لـــە مرۆڤ بەرجەســـتە دەکاتـــەوە. مرۆڤـــی لاک، بـــە پێچەوانـــەی مرۆڤی هابـــز گورگێکی خوێنخۆر نییـــە، بەڵکـــوو بوونەوەرێکە هـــەر چەند لە قۆناغی ســـەرەتایی پەیمانـــی کۆمەڵایەتی و پرۆســـەی سیاســـەتدا وەکـــوو وەرەقەیەکی ســـپی (Tabula Rasa) وایە و لە هەژاری زانســـتی دا دەژیـــت، بـــەڵام دیســـانیش بە هۆی بەهـــرەی عەقڵی، توانایـــی ئەوەی هەیە دادگـــەری و نادادگەری لێک بکاتـــەوە. هەر هەمان مرۆڤ، لـــە ڕەوتی دەســـتەبەرکردنی شـــارومەندی لە چوارچێوەیەکـــی حاکمییەتی سیاســـی و حقووقیـــی دیارکـــراو، توانـــا زانســـتییەکانی خۆی بەهێز دەکات، کەسایەتیی خـــۆی بە پـــەروەردەی لیبراڵ تەیـــار دەکات و بـــەم پێیـــەش دەبێتە خـــاوەن پێگەیەکی بـــەرزی مۆراڵی، کـــە ئیمکانی ئـــەوەی پێ دەدات ڕێـــز لە ئـــازادی و مافـــی جیاوازی ئەندامانـــی دیکـــەی کۆمەڵگە بگرێـــت. ئەو مرۆڤە، بـــە خوێندنەوەی جان ســـتوارت میل (John Stuart Mill 1806-1873) چونکـــە مرۆڤێکـــی ئازادە "مافی هەموو شـــتێکی هەیە بەو مەرجەی ڕاســـتەوخۆ مافی کەســـی دیکە پێشێل نەکات".[۱۶] دیســـانیش هەمان مرۆڤیش، بە گوێرەی جـــان لاک (John Locke) بە ڕێـــگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی کە خـــۆی دایمەزراندوون، دەستپێشـــخەری دەکات و لەگەڵ دەســـتەڵاتی سیاسیی وڵات، لە پێنـــاو بنیاتنانی دەوڵەتی یاســـا دەکەوێتە دانوســـتاندن، هەتـــا خـــۆی لەوێـــدا وەکوو شـــارومەندێکی ئازاد تەعبیر لـــە مافە مەدەنی و سیاســـییەکانی خـــۆی بکات.

لە پەیوەندی لەگەڵ مافی سیاســـیی کورداندا، وەکـــوو یەک لـــە بنەمـــا ســـەرەکییەکانی ســـەروەری لە ژێـــر مودێلی دەســـتەڵاتداری سیاســـیی تورکیا و ئێران دەکرێت ئەوە بڵێین کە چالاکی سیاســـیی ســـووژەی کـــورد لە تورکیا ئێستاشـــی لەگەڵ بێت لە چوارچێوەی فۆرمێکـــی تایبەت لە ســـەروەریدا دێتە ئاراوە، کە یاســـا و دامەزراوەکانی بە هیچ شـــێوەیەک لە ســـەر بنەمایەکی مۆراڵـــی لیبراڵی بێلایەن شـــکڵیان نەگرتووە، بەڵکوو بەرهەمی نەوعێک لە جەوهەرییەتی هۆویەتی یـــان ئیدیۆلۆژێکی جەهەرگەرایانـــەن کە بە تورکبوون ناســـراوە. لە فەزا گشـــتییەکانی ئەم نەوعە ســـەروەرییە تورکییەدا سیاســـەتی قانوونـــی و ئەوەی کە لەوێ پێی دەڵێن سیاســـەتی لێـــگاڵ (Le-gal Politics) کـــورد ناچـــار دەکات کە لە چوارچێوەی هەمـــان نەوعییەتی ناســـنامەی زاڵـــدا چالاکی بـــکات و لە ڕاســـتیدا هەمان فۆرمی چالاکیی داســـەپاو دووبـــارە بکاتەوە. هـــەر بۆیەش نـــە تەنیا مەجالـــی ڕزگاربوونی لە دیاردەی کۆلۆمێنالیـــزم (Colomental-ism)ی نییە، بەڵکوو لەوەش خراپتر خۆشـــی

زۆر جار نائاگایەنە و بگرە ئاگایانەش بایەخ و نۆرمەکانی هەمان شوناس و ناسنامەی سەردەست بەرهەم دێنێتەوە. لە مۆدێلی سەروەریی ئێرانیدا، سیاسەتی کورد و ڕێکخراوی کوردی وەکوو هاننا ئارێنت دەڵێت، تەنانەت یاسای وڵاتەکەش نایانگرێتەوە، کە بەم هۆکارە تەنانەت ئاواتەخوازی ئەوە بن کە بکەونە بەر زەختی زەبروزەنگی یاسایی ئێرانی. بە پێچەوانە پارتی و ڕێکخراوەی سیاسیی کورد لە ئێران، لە دیسکۆرسی زاڵ و لە دەروەی هەموو چوارچێوەیەکی یاسایی ئەم وڵاتە، پێگەی شەیتان و جرۆجانەوەریان پێ دەبخشرێت، هەر بۆیەش وەکوو ئەرەستوو دەفەرموێ، هەستی پێوستیان بە بنیاتنانی دەوڵەت و گەیشتن بە شارومەندی سەروەر لە دەست دەدەن، چونکە لەوەتەی هەن بە دوور لە هەر چەشنە فۆرمێکی دامەزراوەیی یان شارومەندیی یاسایی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو جوگرافیا سیاسییە ماونەتەوە.

### ٣ مافی کۆمەڵایەتیی شارومەندی وەکوو بنەمای سێیەمی سەروەری

کۆمەڵناسی بریتانیایی: تۆماس هامفری مارشاڵ (Thomas Humphrey Marshall 1893-1981)[17] لە بەرجەستەکردنەوەی مافی کۆمەڵایەتی وەکوو بنەمایەکی سەرەکی لە پراکتیک و مومارسەی شارومەندبووندا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. بە گوێرەی مارشاڵ، مافی مەدەنی، لە یەکەمین مافەکان بوون کە لە پەیوەندیی لەگەڵ شارومەنداندا بە فەرمی ناسران و کۆدی یاساییان پێ درا. بە دوای مافی مەدەنی، مافی سیاسیش بە هەمان ڕێبازدا ڕۆیشت، هەتا ئەم جێگایەی کە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەڵێن دەوڵەتی یاسا نە تەنیا جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ (Universal Declaration of Human Rights 1948) پەسند کرا، بەڵکوو بە مەبەستی بەهێزکردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی شارومەندانی وڵات، کۆیاسای زیاتریان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام مارشاڵ پێی وایە کە تەنیا مافی مەدەنی و مافی سیاسی بەش ناکات. بەڵکوو لە پێناو بەردەوامیی سەروەریی تاک، پێویستە دەوڵەتی یاسا بەهێز بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش مارشاڵ بە پێویستی دەزانی کە مەودای مافی شارومەندی فراوانتر بکرێتەوە و بەوپێیەش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی لێ زیاد بکرێت. مارشاڵ بەردەوام دەبێت و دەڵێت، لە ئاکامی ئەم فراوانکردنەوەیە و زیادکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان لە مافی شارومەندی، مەودای کۆمەڵایەتیی نێوان دەوڵەمەند و هەژار کەمتر دەبێتەوە. ئەم هەنگاوە یاساییە لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵناسەوە هەم دەکەوێتە چوارچێوەی بەرپرسیارێتیی دەوڵەت و هەمیش لە بەرژەوەندیی دەوڵەتدایە کە لە تەنیشت شارومەندی مەدەنی و سیاسی، شارومەندی کۆمەڵایەتیش بخولقێنێت. هەڵبەتە بەخشینی مافی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە کە پێگەی دەوڵەت و یاسا و فۆرمی سەروەرییەکەی بەهێزتر دەکات، منەتی نییە. چونکە مافی کۆمەڵایەتی کە بە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بریتییە لە هەمان دەوڵەتی خۆشبژیو (Welfare State) پشت بە باجی ڕاستەوخۆی خودی شارومەندانی وڵات دەبەستێت و ئەو باجەش لە فۆرمی جیاوازدا، بۆ نموونە وەکوو مەسرەفی خوێندن، بەشی تەندروستی، ئیدارەی زیندان و دەزگاکانی زەبروزەنگ، ڕێگاوبان، ژێرخانی گشتی، بیمەی گشتی، پاداشتی جۆربەجور...بە ڕێگای کۆمەڵێک میکانیزمی تایبەت و فرەڕەهەند بەرەو شارومەندان شۆڕ دەبێتەوە. یەک لە قازانجە گرینگەکانی دیکەی بنیاتنانی مافی کۆمەڵایەتیی شارومەندی بە ڕێگای باج ئەمەیە، کە

ئەم جارەیان ئـــەوە شـــارومەندانی وڵاتن کە دەوڵەت بەخێـــو دەکەن. لـــە جیاتی ئەوەش، دەوڵـــەت جگە لـــە گەڕاندنەوەی ئـــەم پارانە بە ڕێگای خزمەتی گشـــتی ناچـــارە لە وڵاتدا پلۆرالیزمی سیاســـی و سیستەمی دیمۆکراسیی پێشـــکەتوو بۆ شارومەندان دەســـتەبەر بکات. ئەو مۆدێلە دەســـتەڵاتدارییە سیاســـییەی کە مافی کۆمەڵایەتی بە شـــارومەندانی دەخشێت، لە ئاســـتی مۆراڵی گشتیشـــەوە دەستکەوتی تایبەتـــی دەبێت. بـــۆ نموونە، شـــارومەندی دەوڵەتی خۆشـــبژیو، چونکە شـــارومەندێکی یەکســـانیخواز و ئاشـــتیپەروەرە و لە ڕاستیدا کاراکتەری مۆراڵی ئەو شـــارومەندەش، وەکوو ئەفلاتوون دەڵێـــت هەر هەمـــان کاراکتەری مۆراڵـــی دەوڵەتەکەیەتـــی، خـــودی ئەوەش لە ئاســـتی فۆنکســـیۆنی نێوخۆیی نـــە تەنیا دەبێتە هۆکاری مەشـــرووعییەت و پتەوکردنی بنەماکانـــی ســـەروەریی سیاســـی و حقووقی دەوڵـــەت، بەڵکوو لە ئاســـتی دەرکەیش یانی سیاســـەتی نێونەتەوەیی دەبێتە ســـەرچاوەی ئاشتی، ســـەقامگیری و پەیوەندیی تەندروست و گەشـــەی ئابووری.

مۆدێلی مارشـــاڵی کە ســـاڵەکانی سەرەتایی دوای شـــەڕی جیهانیـــی دووهـــەم هاتە نێو ئەدەبیاتـــی سیاســـییەوە، کارتێکەرییەکـــی گەورەی لە ســـەر پرۆســـەی دروســـتکردنی دەوڵەتی خۆشـــبژیو و بەم پێیەش بەهێزکردنی پێگـــەی شـــارومەند وەکـــوو شـــارومەندی کۆمەڵایەتـــی دانـــا. ئـــەم کارتێکەرییە هەتا جێگایـــەک ڕۆیشـــت، کـــە فەیلەســـووفی ئەمریکایی جـــان ڕاوڵز (-John Rawls 1921 2001 A) بـــە ڕێگای نووســـینی پەرتووکی (Theory of Justice 1971) حەوڵـــی دا پێناســـەیەکی گەردوونی بـــەم دیاردەیە بدات. لیبرالیـــزم کە بـــە خوێندنـــەوەی ڕاوڵز بۆتە بنەمایەک بـــۆ بنیاتنانی دەوڵەتـــی دادپەروەر لە ئاســـتی جیهانیـــدا، تەنیا لـــە حاڵەتێکدا دەتوانێـــت بایەخـــە گەردوونییەکانـــی خۆی بپارێزێـــت کە هەڵگری پەیامـــی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش بێـــت.[18] هەتا ئـــەو جێگایەی فۆڕمی ســـەوەریی ئێرانی، تورکی، سوورییەی و عێراقـــی دەگرێتەوە، یانی ئـــەم دەوڵەتانەی کە لـــە ڕوانگەی هاننـــا ئارێنتـــەوە دەکرێت لـــە پەیوەندی لەگـــەڵ کورددا بـــە دەوڵەتی بێگانەیان پێناســـە بکەیـــن، دەتوانین بگەینە ئـــەم ئەنجامە کە کـــورد چونکە ئێستاشـــی لەگـــەڵ بێت، لـــە قۆناغی دەســـتەبەرکردنی یەکەمیـــن بنەمای ســـەروەری یانـــی مافی مەدەنـــی و پەیمانی کۆمەڵایەتیـــدا ماوەتەوە، باســـکردن لـــە شـــارومەندی کۆمەڵایەتـــی شـــتێکی زەحمەت دەبێت.

## ۴ هۆویەت/شوناسی شـــارومەند وەکوو بنەمای چوارەمی ســـەروەری: بەشی کۆتایی

بە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئامانجە ســـەرکییەکەی ئەم باســـە، یەک لە دەرهاویشـــتەکان ئەوەیە کە باســـکردن لـــە مافی شـــارومەندی کە لە فۆرمگەلـــی وەکـــوو مافی مەدەنی، سیاســـی و کۆمەڵایەتیـــدا خـــۆی دەنوێنێـــت لە ژێر ســـەروەری ئەو دەڵەتانەی کە نەگەیشتوونەتە قۆناغی دەوڵەتی یاســـا، پرۆسەیەکی زەحمەتە. بـــە ڕێـــگای باســـکردن ســـێ بنەماکانـــی ســـەروەری و بەســـتنەوەی ئەزموونـــی کورد لە ژێر ســـەروەریی ئێران، ســـووریا، عێراق و تورکیا بـــەم بنەمایانە، ئەم نووســـراوەیە پێی وایـــە کە تاکی کـــورد لەم وڵاتانە ئێســـتاش لـــە ململانێـــی ئەوەدایە کـــە بتوانێت دۆخی سروشـــتی تێپەڕ بـــکات و بکەوێتـــە قۆناغی پەیمانـــی کۆمەڵایەتی؛ حەولێـــک کە بە هۆی سروشـــتی تایبەتیی مۆدێلی دەســـتەڵاتداری و نـــۆرم و فۆرمـــە نامۆکانی ســـەروەریی ئەم دەوڵەتانە وەکـــوو ئەوە وایە کە بـــەردەوام لە نێـــو بازنەیەکی داخراودا بســـووڕێتەوە.

لێـــرەدا ئەگـــەر لـــە ڕووی گریمانەیـــەک پرسیارێک بکرێت کـــە گەلۆ ئـــەو دەوڵەتانـــە و هەروەهـــا ســـووژەکانی باهاتـــوو و پەروەردکـــراوی ژێـــر ئـــەو پێکهاتـــە سیاســـییانە، ڕۆژێـــک لـــە

ڕۆژان توانایی یان ویستی ئەوەیان دەبێت، کە بە مەبەستی گەشەکردن و هەنگاونان بەرەوە دەوڵەتی یاسا، گۆڕانکاری بەسەر خۆیاندا بێنن و لەم ڕەوتەدا سەرلەنوێ چوارچێوەکانی ناسنامەی خۆیان پێناسە بکەنەوە؛ پێناسەیەکی نوێ کە لە خۆیدا خوێندەویەکی جیاواز و لەخۆگر بۆ سەروەریی سیاسی و حقووقی لێ بکەوێتەوە و بەم پێیەش یاسا و دامەزراوەی جیاواز دەستەبەر بکرێن کە بەدوور لە هەر ناوئاخنێکی شوناسی و هۆویەتی بتوانن لە فۆرمێکی تەواو سیڤیلدا نوێنەرایەتیی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵەگەیانە بکەن؟ لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئەو کاتە سەروەریی سیاسی و نەتەوەیی دەبێتە دامەزراوەیەکی تەواو مەدەنی و بێ لەبەرچاوگرتنی سنووری جیاوازی کۆمەڵایەتی و هۆویەتی لە خاڵی سیفر یان وەکوو جان راوڵز دەڵێت لە پشت پەردەیەکی بێخەبەرییەوە (Veil of Ignorance) بەرەوە کۆمەڵگە شۆڕ دەبێتەوە، هەتا لە ڕەوتی نۆرمالیزەبوونی خۆیدا شارومەندانی وڵاتیش هێدی هێدی لە ناخی خۆیاندا بیچەسپێنن.

لە گریمانەیەکی لەم چەشنەدا، پرۆژەگەلی وەکوو ئۆتۆنۆمی، فیدیرالیزم، کۆنفێدراڵیزمی دیمۆکراتیک، ناناوەندی/لامەرکەزی و بەشداری/موشارکەت چیدیکە وەکوو نیشانەی ئانۆمالی یان هەڕەشە لە بەرانبەر یەکگرتوویی خاک و پێکهاتەی دەوڵەت سەیر ناکرێن، بەڵکوو بە پێچەوانە لە لای نوخبەی سیاسی و ڕای گشتیدا قەبووڵ دەکرێن و لە پەیوەندی لەگەڵ دابەشکردنی سەروەریی سیاسی و نەتەوەیی وەکوو بنەمایەکی هاوبەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان دەبێت. شایانی باسە کە کۆمەڵگەیەکی ئیدەئالی لەم چەشنە بە هیچ شێوازێک ناتوانێت بەرهەمی ڕاستەوخۆی گۆڕانکاریی ژیۆپۆلیتیکی ناوچەیی بە هۆی دەستوەردانی دەرەکی (لە نموونەی عێراق دوای شەڕی کەنداو) یان ڕیئالپۆلیتیزمی پەیوەندیدار بە بالانسی هێزەوە بێت. بەڵکوو بە پێچەوانە، بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی لەم شێوەیە، وەکوو ئەفلاتوون دەڵێت، پێویستی بە بنەمایەکی مۆراڵیی بەهێز هەیە کە لەوێدا کۆمەڵگەی مەدەنی و جیلی ڕۆشنبیری سەر بە نەتەوەی بالادەست پێکەوە ڕۆڵ بگێڕن و فەزیلەت بخولقێنن.

پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ لە وڵاتێکی وەکوو تورکیا یان ئێران، توێژێکی ڕووناکبیری لەو نموونەیە هەیە، کە هەم فەزاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەدەستدا بێت و هەم هاوکات بە پێوەری ویژدانی و مۆراڵییەوە حەز بکات کە بە مەبەستی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش یان ئەوەی کە ئاندێرسۆن پێی دەڵێت کۆمەڵگەی خەیاڵی (Imagined Community) دەست لە مەعریفە و ئۆنتۆلۆژیی خۆی هەڵبگرێت و بە جێگای شتێکی نوێ بەڵام نامۆ قەبووڵ ی کات؟ لە پەیوەندی لەگەڵ نموونەی ئێرانییەکی دیسان دەتوانین لە خۆمان بپرسین داخوا لە کوێن ئەو ڕۆشنبیرە ئێرانییانەی کە دابڕانی دڵخوازانە لە شوناسی هەنووکەیی ئێرانیبوون کە ناوئاخنەکەی دوو توخمی ئایینی (شیعە) و مێژوویی/کولتووری (فارس) ە قەبووڵ بکەن هەتا ئەو جێگایەی کە ئامادەبوونی ئەوەیان هەبێت کە بۆ نموونە ئەوەی پڕۆژەی دەوڵەت/نەتەوەی ئێرانی لە عەرەبەکانی وڵاتی زەوت کردووە، سەرلەنوێ بۆیان بگەڕێندرێتەوە؟

لەوانەیە بە پێی هێندێک بۆچوون، دیسانیش مۆدێلی فێدراڵی وەکوو باشترین ئالترناتیڤ بۆ دابەشکردنی سەروەری و

لە ســـەردەمی پەهلەوییەکاندا، ڕوونرانی ناسنامەی ئێرانی، بـــە نێونجی "جوگرافیـــا- ئێران" و وەک مەکۆی ئارییەکان، بـــە خولقاندنی "ڕابرووودیەکی زێڕیـــن" توانیبـــووی ناســـنامەیەکی ئێرانی بۆ گشـــت دانیشـــتووانی ناو هەرێمەکـــەی پێک بێنێت. ئـــەم ناســـنامەیە، بە هۆی ســـەپاندنی سەروەریی سیاســـی و پێکهێنانی یەکەی ئیداری-پەروەردەیی، کەم و زۆر لە دیسکۆرســـی سیاسی پارتییـــە سیاســـییەکان، ڕێبـــەران و ئەندامانی پارتییە کوردییەکانیشـــدا ڕەنگـــی داباووەوە. واتە ناســـنامە و چوارچێوەیـــەک لـــە خـــاک، لەژێر نـــاوی ئێرانیبوون، کەم و زۆر ســـەقامگیر کرابوو. بـــەڵام لە دوای شۆڕشـــی ١٩٧٩، بە زۆر هۆکاری سیاســـی-کۆمەڵایەتی جیـــاواز، وەک داهێنانی چەمکـــی "ئومـــەت"، و دواتـــر، هەژموونکردنـــی شوناسی "شیعە-فارس" بەســـەر دانیشتووانەکەی و هەروەهـــا کاردانەوەکانی گلۆکالیزاســـیۆن، بە تایبەت دوای ســـاڵانی ٢٠٠٠، ئەم دیسکۆرســـە لە کورتـــی دا و وەک پەرچەکردارێک لە هەمبەر ناســـیونالیزمی داســـەپاودا، هێـــدی هێدی ئەم ئایدیایـــە کـــە یەکـــەی سیاســـی و نەتەوەیی پێویســـتە هاوئاوێتە بـــن (Gellner ١٩٩٤, ١) لە زەینی بەشـــێک لـــە ئیلیتی سیاســـی کورد لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتاندا جێگیر بـــوو و لە شـــێوەی جیاوازدا بەرهـــەم هێنرایەوە.

ئـــەم ئاڵوگۆڕە سیاســـییە لە کاتێکـــدا بوو کە بە تایبەت لە ســـەردەمی بەر لەشۆڕشـــی ١٩٧٩ و تەنانەت هەنووکەش، نـــە لەناو پەیڕەو و پرۆگرامی زۆرینـــەی پارتییـــە سیاســـییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و نـــە لـــە ڕێتۆریکی سیاســـیی ڕێبەرانـــی ئـــەو پارتییە سیاســـییانەدا، کارکردن

له دەرەوەی "فەزای شوناسی پێناسەکراوی ئیرانیبوون" وەک کردەوەی سیاسی هەژموون نەبووە. ئەگەرچی ڕەنگە وەک ئاماژەیەک لەمەڕ قۆستنەوەی ئاسۆ سیاسییەکانی داهاتوو، لە کردەوە و وتەی سیاسی خۆیاندا، ئاماژەیان بە مافی چارەی خۆنووسین کردبێت. ئەو قەڵشتە لە نێوان ئایدیالی سیاسیی ڕێبەرانی سیاسیی کورد، بە زۆرینەی پارتییە سیاسییەکانەوە، دەکرێت وەک دەرکەوتەی تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی-جوگرافیای ڕۆژهەڵات، ڕاگرتنی باڵانسی سیاسی لەناو هێزەکانی ناو ئێران، لەبەرچاو گرتنی سیاسەتی بایۆپۆلەتیک (ژیانی ڕۆژانەی ئەو کوردانەی لە ناوخۆ- لە دەرەوەی سنوربەندییە سیاسییەکاندا دەژین)- سەیر بکرێت. بەڵام هاوکات دەرخەری تێگەیشتن لە ڕاستینەی چەمکی "سەروەریی سیاسی" وەک ڕاستینەیەکی تاڵ، لە نێوان بەرداشی جوگرافیا و هاوکات تەکووزی " سیاسەتی ناو-دەوڵەتەکان" لەناو بەستێنی "پەیوەندییە ناونەتەوەییەکان"ە. لە لایەکی ترەوە، ڕووداوە سیاسییەکان لەسەر جوگرافیای سیاسی کوردستان، سیمایەکی تری دژوازیی چەمکی "سەروەریی سیاسی" خستە ڕوو. لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دواوە، دوای سەقامگیربوونی فێدرالیزم لە باشوری کوردستان، کورد وەک بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی، شەرعیەتی یاسایی پێ درا و لە سەروەریی سیاسی عێراقدا بەشدار کرا، بەڵام سەروەیی سیاسی عێراق پارچە نەکرا. لە دوای ٢٠١٥، کورد توانیی لە ڕۆژاوای کوردستان و لەژێر ناوی ئیدارەی باکوور-ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە نووسینەوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی یەکە ئیدارییەکان و وەدەستهێنانی مافی کەڵکوەرگرتن لە نەوت و ئاو، سەروەریی سیاسی خۆی، نەک بەسەر ڕۆژاوادا، بەڵکوو بەسەر جوگرافیا عەرەبییەکانیشدا بسەپێنێت. هاوکات لەگەڵ ئەوە، لە دوای ڕێفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ لە باشووری کوردستان، کوردەکان سەرەڕای هەبوونی شەرعیەتی سیاسی و هێز، زیاتر لە نیوەی جوگرافیای کوردستانیان دۆڕاند و سەروەریی سیاسیان لە کیس دا. هاتنە ناووەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ ناو باشووری کوردستان بە بیانووی هەبوونی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان، داگیرکردنی جومگە ئابورییەکانی باشووری کوردستان بە شتومەکی تورکی یان ئێرانیش، بە شێوازێکی تر، دەکرێ وەک لەناوچوونی ئەو سەروەرییە سیاسی-ئابوورییە سەیر بکرێت. دەستێوەردان و فشاری ئێران لەسەر باشووری کوردستان، بە مەبەستی چەککردنی پارتییەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەکرێت وەک نموونەیەکی دیکە سەیر بکرێت.

سەبارەت بە پارتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ دوا بە دوای ڕاسانی "ژن، ژیان ئازادی"، چەمکی سەرەوەریی سیاسیی بەشێک لە جوگرافیای سیاسی- ئیداری باشووری کوردستان، کاریگەری لەسەر بزووتنەوەیەکی سیاسی لە بەشێکی دیکەی کوردستان دادەنێت و لەژێر سێبەری فشاری سیاسیی ئیران، وەک سەروەرییەکی سیاسی لە ناوچەکەدا، هەر وەک تورکیا، گەمەی سیاسیی ئەو پارتییانە بۆ وەرگرتنی سەروەریی سیاسی، نە تەنیا تووشی کورتهێنان دەبێت بەڵکوو تووشی مەترسی "بوونیان"یشیان دەکات. ئەم دۆخەش، بە شێوازێک کاریگەریی دۆخی "نەمەییو و سەقامنەگرتووی سەروەریی سیاسیی " باشووری کوردستان لەسەر پارچەیەکی دیکەی وڵات دەنوێنێتەوە. هاوکات نیشانی ئەدات لە نێوان گەمەی سیاسی "سەروەریی"-ە سیاسییەکانی ناوچەکەدا و بە هۆی نەبوونی هێزی سیاسی، جوگرافیا دەتوانێت گۆڕەپانی چالاکیی ئەکتەرە سیاسییەکان بەرتەسک بکاتەوە و هاوکات زۆر جار و بەپێی واقیعی تاڵ، یوتۆپیای سیاسیی نەتەوەیەک، یان ئیلیتێکی سیاسییش وەک "گاڵتەجارێک" بنوێنێتەوە، یان لە ڕەنگی "ململانێ و ڕکەبەرایەتیی ڕەق و ڕووتی سیاسی" یان ڕکەبەرایەتی بۆ وەدەستهێنانی "هەژموونی سیاسی" ڕەنگ بداتەوە. هەر بۆیە دەکرێت ناتەبایی نێوان واقیعی سیاسی و گەشەی خێرا و ڕوو لە گەشەی "کوردبوون" وەک شوناس، لە دەرەنجامە سیاسییەکەیدا شرۆڤە هەڵبگرێت. دوای بینینی ئەزموونی سیاسی هەر دووپارچەی باشوور و ڕۆژاوا لەمەڕ وەدەستهێنانی "سەروەریی سیاسی" یان بەشداربوون لە "پرۆسەی سیاسی" لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، لەلایەن ئیلیتی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها دەرەنجامی کایەی سیاسی وڵاتانی "سەرەوەر" لەسەر جوگرافیای کوردستان وەک

هەرێم یان مەڵبەندێک کە بەسەر یەکەی سیاسیی جیاوازدا دابەش کراون، ڕەنگە ئەم وێنا سیاسییە دەرکەوتبێت کە بەشێک لە هۆکارەکانی دۆخی هەنووکەیی، واقیعی سەپێندراوی تەکووزی جیهانی، وەک سەروەریی سیاسی بێت کە باڵی شوومی بەسەر پارچە خاکێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتووە. بەڵام دۆخی بەشەکانی تری کوردستان، پێوەندیی بە تێکەڵاوی و چۆنیتیی گەمەی سیاسیی پارتییە کوردییەکان لەگەڵ یەکتردا، نەبوونی هێز لە لایەن کوردەوە و کایەکردن بە ڕیتوریای سیاسی بە مەبەستی لە شەرعیەت خستنی لایەنی ڕکەبەری خۆیانەوە هەیە. ئەم ڕیتوریا سیاسییە لە یەکەم هەنگاودا وای کردووە، دووانەیەکی هەڵەی چەپ و ڕاست، وەک بەشێک لە شوناسی "کوردبوون" لە بەستێنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سالانی ڕابردووی نزیکدا بخوڵقێنێت کە کەمترین نزیکایەتی لەگەڵ واقیعی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە و هاوکات "ئەویترەکەی" نەک دەوڵەتی "سەروەر"، بەڵکوو "ئەویتری کورد"ە وەک هێزێکی ڕکابەر. ئەمە لە کاتێکدایە کە "مافی چارەی خۆنووسین" زۆرتر لەناو پەیڕەو و پرۆگرامی پارتییە کوردییە- چەپەکاندا پێداگریی لەسەر کراوە و هەر بۆ نموونە، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە وەک حیزبێکی چەپ پێناسەی کراوە و بەپێی دەقەکانیش، قاسملۆ؛ لەسەر دیموکراسیی ڕادیکال، وەک بەشێک لە پرۆسەی تێکەڵاوبوون بە پرۆسەی سیاسی و وەدەستهێنانی "سەروەریی سیاسی" کورد، پێداگریی کردووە.

## وەک دەرەنجام

تا ڕۆژی ئەمڕۆکە، دەقە سیاسییەکان، زۆربەی توێژینەوە و مشتومڕە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە دیاردەی نەتەوە-دەوڵەت، یان کەوتوونەتە ناو بازنەی سەلماندنی لەپێشتربوونی یەکێک لەم دوو پێکهاتەیە، یان بەردەوام پرسیار لە بایەخی نۆرماتیڤی نەتەوە- دەوڵەت دەکەن. ئەوە لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی کورد، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا، ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام کاکڵی ئەم ئارگیۆمێنتانە، وەک بابەتێکی شاراوە، لەژێر ناوی "سەروەریی سیاسی"، وەک "هەلومەرجی لەدایکبوون"ی ئەم بەڵگاندنە، کە کەم و زۆر پەیوەندیی بە جوگرافیا، ئابووری سیاسی، مافەکانی دەستبەسەرداگرتن، موڵکایەتیکردن، پرسی شوناس و لە سەرووی هەموویانەوە پرسی "سەپاندنی هێز" وەک ماتریکسێک هەیە، ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش، پەیوەندیی نێوان خاک و شوناس، بەپێی دۆخی جوگرافیای سیاسی کوردستانەوە، کەمتر لێی کۆڵراوەتەوە یان وەک لایەنی نۆرماتیڤ، سەرنجی لەسەر دراوە و ئەم بەشە لە خاک یان ناوچەیەک، وەک ڕێگەی دەسپێکی دابەشکردن و کۆنترۆڵی سیاسی چالاکی دەکات، نەهاتۆتە ناو ئەم لێکدانەوانە. بۆ نموونە، لە کاتێکدا، نووسەران و ئیلیتی سیاسیی کورد، وەک ئایدیالێکی سیاسی، حەزیان لەوەیە کوردستان وەک جوگرافیایەکی دانەبڕاو و سەقامگیر لەناو نووسینە سیاسییەکانیاندا وێنا بکەن. سەرەڕای هەبوونی زۆر لایەنی کولتووری و سایکۆلۆژیکی هاوبەشیشەوە، بەڵام ڕیالیتەی سیاسی جیهانی مودێرن، دژوازییەکانی ئەم جۆرە نیگایە، کە خۆی ئاوێتەی لایەنی دیرۆکی، جوگرافی و سیاسییە، ئەم شێوازە لە بەڵگاندنە تووشی لاوازی دەکات. ئیلیتی سیاسیی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێی خۆش بێت یان نا، چەمکی سەروەریی سیاسی، بەپێی ژێرخانی جوگرافی-یاسایی و سیاسیی خۆیەوە، پانتاییەکی سنووردارکراوی ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵێک مرۆڤە کە لە دەرەنجامی سەپاندنی هێزی سیاسیی وەک دەوڵەت پێناسە دەکرێت. هەر بۆیە دەوڵەت/ نەبوونی دەوڵەت (دۆخی کورد) بەرهەمێکی دیرۆکییە و لە دەرەنجامی زۆر هۆکاری ناوخۆی کۆمەڵگای کوردی و دۆخی داسەپاو بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا و لەژێرکاریگەریی کەشی تەکووزی جیهانییەوە، هاتووەتە ئاراوە. بەڵام نووسراوەی ئیلیتی سیاسی کورد، بە گرتنەبەری ڕێچکەی ڕیتوریای سیاسی، لەبەرچاونەگرتنی دوو چەمکی جوگرافیا-هێز، وەک زنجیرەیەک لە تەکنۆلۆژیا سیاسییەکان، سەیری ئەم پرۆسەیە ناکات. ئەوەی لە ماوەی سالانی ڕابردوودا، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو ئەدەبیاتی سیاسیی بەشێک لە ئیلیتی سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە دوور بووە

لە ڕاڤەی شێوازەکانی دەرکەوتن و لەدایکبوونی مافەکانی بەکارهێنان، دەستبەسەرداگرتن و موڵکایەتیکردنی شوێنێک؛ هەر بۆیە شرۆڤەکان یان بە تەنیا وەک پرسێکی بەرتەسکی سیاسی-ستراتیژی کە پەیوەندیی بە چەمکی پارچەزەوییەکی قەتیسکراوەوە هەبێ، ڕەنگی داوەتەوە؛ یان لە چوارچێوەی ڕیتۆریکی سیاسیدا ماوەتەوە. واتە پرسی ستراتیژیکی تەکنۆلۆژیا سیاسییەکان، وەک بەستێنە جیاوازە مێژووییەکان بەتەواوەتی پشتگوێ خراوەە.
خاڵی دووهەم، چەمکی نەتەوە-دەوڵەتە کە پێویستە لە دەرەوەی دروشمی سیاسییەوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە؛ وروژاندن و باسکردن لە سەر ڕوخساربەندی دەوڵەت، وەک بەکارهێنانی هێزێک، کە هەرێمێکی جوگرافیی دیاریکراو و پێناسەکراو بەڕێوە ببات و کۆنترۆڵی بکات، پێش جومگەبەندیکردنی بیرۆکەی نەتەوە، وەک بەشێک لە تەکنۆلۆژیای سیاسی بووە؛ بۆ نموونە، لە ئێرانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەگەرچی تورکەکان، بە زنجیرە حکوومەتە یەک لەدوای یێکەکانی وەک غەزنەوەی، سەلجووقی، خارەزمشاهی و... دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام تەکنۆلۆژیا سیاسییەکانی دواتر، ئەم دەسەڵاتدارییانە و ئەوانەی دواتریشیان هەر وەک حکوومەتێکی ناوەندی "ئێرانی"، هەڵبەت دوای پیکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا، پێناسە کردووە. لە دوای سەردەمی مۆدێرنە کە گرووپە ئەتنیکییە سەربەخۆخوازەکانی دیکەش، وەک ئەڵمانییەکان و ئیتالییەکان (Raeff, ١٩٨٣) و دوای هەموویان کوردەکان، لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە مەبەستی ئەوەی کە دەوڵەتێک بتوانێت نوێنەرایەتیی ئەوان بکات لەناو دەڤەرێکی جوگرافیی تایبەتدا، دەوڵەت پێک بێنن. ئەگەرچی ئاڵۆگۆڕەکانی ساڵی ١٩٨٩، لە ئەورووپای ناوەندی و سۆڤییەت، دەروازەی زنجیرە باسوخواسێکی زۆری لەسەر تێگەشتنەکان سەبارەت بە مافی "سەروەریی سیاسی بەسەر پارچەیەک لە خاکدا" کردۆتەوە، بەڵام هاوکات سنوورەکانیش گرنگییەکی زۆرتریشیان وەدەست هێنا (Breuilly ١٩٩٣). بە لە بەرچاونەگرتنی ئەم خاڵەش، لەناو نووسراوەی ئیلیتی سیاسیی کورد، پارادۆکسێکی لەناو دیسکۆرسی ئیلیتی خوێندەوار- خوڵقاندووە. دیارە دەکرێ چەند خاڵی تریش، وەک دەرەنجامی گەشە و گۆڕانی ڕەوتی شوناسی کوردی بەپێی چەمکی سەروەریی سیاسی و کاریگەریی جوگرافیاوە ئاماژەی پێ بکرێت، بەلام ئەوەی خاوەن گرینگییە، دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ڕوونانی دیسکۆرسێکی سیاسییە کە حیزبەکان بتوانن، بێ ئەوەی بکەونە ناو گێژاوی بەڵگاندنە ئاکادیمییە جیاوازکانەوە، یان گەشەی نارێکی پرسی شوناس لە ڕەنگی ریتوریاییێکی تەواو سیاسی، ویست و کردەی سیاسی خۆیان بە بەربڵاوییێکی بەرفرەترەوە، لەسەر بنەمای مێکانیزمەکانی هێز جومگەبەندی بکەن.

## پەراوێزەکان:

2. Space
1. politicus de facto, & capitibus majestatis agit

## سەرچاوەکان:


Giddens Anthony, “A Contemporary Critique of Historical Materialism”, vol. 1, Power, Property and the State (London: Macmillan, 1981), 5–6, 11; see Anthony Giddens, The Nation-State and Violence, vol. 2 of A Contemporary Critique of Historical Materialism (Berkeley: University of California Press, 1987), 120.
John Breuilly, “Sovereignty and Boundaries: Modern State Formation and National Identity in Germany,” in National Histories and European History, ed. Mary Fulbrook (London: UCL Press, 1993), 94–140.
Rousseau Jean Jacques, “Discourse on the Origin and Foundation of Inequality,” in Jean-Jacques Rousseau, The Discourses and Other Early Political Writings, ed. Victor

Hooker as a Political Thinker," in his Studies in the Reformation: Luther to Hooker, ed. C. W. Dugmore, 131–91 (London: Athlone Press, 1980).
Stuart Elden, "The Birth of Territory", the university of Chicago press, 2013
S. Elden, 'Missing the Point: Globalization, Deterritorialization and the Space of the World', Transactions of the Institute of British Geographers 30 (2005) pp. 8–19.
Ernest Gellner,1994. "Nations and Nationalism". Oxford: Blackwell.
Marc Raeff, "The Well-Ordered Police State": Social and Institutional Change through Law in the Germanies and Russia, 1600–1800 (New Haven, CT: Yale University Press, 1983).
Gourevitch (Cambridge: Cambridge University Press, 1997).
John Agnew, Hegemony: The New Shape of Global Power (Philadelphia: Temple University Press, 2005), 42.
Robert D. Sack, "Homo Geographicus": A Framework for Action, Awareness and Moral Concern (Baltimore: Johns Hopkins University Press, 1997), 272n1.
Claude Raffestin, "Repères pour une théorie de la territorialité humaine," in Réseaux territoriaux, ed. Gabriel Dupuy, Georges Amar, and Bernard Barraque, 263–79 (Caen: Paradigme, 1988), 264.
Foucault Michel, "Questions à Michel Foucault sur la géographie," in Dits et écrits, 1954–1988, vol. 3, ed. Daniel Defert and François Ewald (Paris: Gallimard, 1994), 32; and Michel Foucault, "Questions on Geography," trans. Colin Gordon, in Space, Knowledge and Power, ed. Jeremy Crampton and Stuart Elden (Aldershot, UK: Ashgate, 2007), 176
Bacon Francis, "The Works of Francis Bacon", ed. James Spedding, Robert Leslie Ellis, and Douglas Denon Heath, 7 vols. (London: Longmans, 1862–72), 6:445
W. J. Torrance Kirby, "Richard Hooker, Reformer and Platonist" (Aldershot, UK: Ashgate, 2005), ix; see W. D. J. Cargill-Thompson, "The Philosopher of the 'Politic Society': Richard

# ناسیۆنالیزمی شیعر:
# لە خود-ئاگایی نەتەوایەتییەوە بەرەو نێوانخودێتیی سیاسیی کوردی*

ئیدریس شێخ شەرەفی

”

ناسیۆنالیزمی شیعر تێزێکە سەبارەت بە دەرکەوتنی خود-ئاگایی سیاسیی کورد لە مێژووی هزردا، لە پێناو مانابەخشین بە بوون و شوناس لە چوارچێوەی وێنای دەوڵەت/نەتەوە بەرەو نیشتمان یان کیانێکی ویژدانی. شاعیرانی پێشەنگی ئەم ڕەوتە کە دامەزرێنەری ئاگایی خودی و پرۆژەی بەسیاسیکردنی زمانن، هەوڵیان داوە دەستکاریی ئەو واقیعە بکەن کە وەک حەقیقەت دەرکەوتووە. لە دیدی ئەوان دۆخی سیاسیی کورد بەرهەمی گوتاری سیاسیی دەسەڵاتی زاڵی ”ئەوانیتر“ی سەر کوردستان بووە. لەم سۆنگەیەوە لە میانی پرۆژەی شیعری سیاسیی نەتەوەیی و ئاوێتەیەک لە کۆلاژی ئەفسانە و مێژوو و جوگرافیایەکی خەیاڵکرد، بنەڕەتی ئاگایی کوردیان دارشتووە.

“

## پێشەکی:

ناسیۆنالیزم هەم بەرهەمی مەعریفەیە و هەم ئەکتێکی سیاسییە بۆ دروستکردنی گوتارێک لە دەوری چەمکی نەتەوە. ئەم گوتارە لە کۆنتێکستی ڕۆژاوادا خاوەنی هەندێ توخمی تایبەت بە خۆیەتی کە وا دەکات دواجار لە دەوڵەت/نەتەوەدا بگاتە ئاستێکی باڵا، بەڵام ئەمە دەرکەوتەکانی لە کولتووری سیاسیی گەلانی تر جودایە، هەربۆیە دەبێ سەرنج لە توخمە پێکهێنەرە جیاوازەکانی بدرێت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە ڕەوتی دەرکەوتنی خود-ئاگایی نەتەوەیی کە کرۆکی ئاگایی هەمەکیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە شی بکرێتەوە، بەتایبەتی کاتێ ئەم ئاگاییە لە بنەڕەتدا لەسەر شیعر دامەزراوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر خەیاڵدانی کورد هەیە. لێرەدا زمان وەک بنەڕەتی ئاگایی، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە هەڵپێکان و گەشەی نەتەوەدا. لە دیوانی ناسیۆنالیزمی کوردی یان پۆیەتیکا ناسیۆنالیزم poitika Nationalism، خودی شاعیر دەبێتە ناوەندی بیرکردنەوەیەک کە لەناو خۆی و لە چوارچێوەی قافیە و دێڕە شیعرەکاندا دەردەکەوێت؛ دەیەوێت گوزارشت لە یەکەیەکی مرۆیی بکات و وێنایەکی یەکانگیر و هاوتای سیاسی و کولتووری لێ دروست بکات.

ئەگەر لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە ڕووی مەعریفییەوە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی لە ڕۆژاوا، لێ ئەم چوونیەکییە لە سەرەتا نەبووەتە هۆی هاوتایی لە دەرەنجامەکان و کورد بە پێچەوانەی نەتەوەکانی تر نەیتوانی لەسەر بنەمای ئایدیای ناسیۆنالیزم، دەوڵەت/نەتەوەی خۆی دروست بکات. خاڵی جیاواز و جەوهەریی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کورد کە وادەکات سیمایەکی تاقانە بەم ڕەوتە ببەخشێت، چەقبەستنیەتی لە ناو "شیعر" و "گوتاری شیعری"دا. لێرەدا ئەوەی دیزاینی ئاگایی و ناخود-ئاگای تاکی کوردی کردووە و بووەتە هۆی ئەفراندنی "شوناس"، دیدگای شاعیرانی کورد بووە بۆ "سوبێکت -subject" یان "خودی" کوردی، کاتێ ئەمە لەگەڵ چەمکی سیاسەتدا ئاوێتە دەبێت، ڕەنگرێژی ڕەوتە سیاسییەکە دەکات. بەڵام بە هۆی شێوایی گوتاری سیاسی بۆ "خود" لە پرۆسەی گەیشتن بە "نەتەوە" و یەکانگیری، نەیتوانیوە بگاتە دوا ئامانجی خۆی. ئەگەر خودی نەتەوەیی وەک لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاگایی یان سوبێکتدا سەیر بکەین و لە دووتوێی دیوانی شیعردا بەداوی ڕاڤەی نەتەوەییدا بگەڕێین کە بنەڕەتی ئاگایی سیاسیی کوردە، ئەوا بەپێی ئەوەی ئەم خودە، بە تەنیا خەریکی ڕامان و ڕاڤەی خۆیەتی بەرەو ناسیبوون دەچێت و ڕێگەی دەرچوون هەنگاونانە بەرەو کردە یان پەیوەندیی نێوانخودی -inter subjectivity کە هەمان سیاسەتی ڕادیکاڵە. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات شاعیرانی کورد هەر لە سەدەی حەڤدەوە نوێنەرایەتیی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، ئەم پرۆژەیە سەرەڕای کاریگەربوونی لەسەر ئاگایی کۆیی لە قۆناغە جیاوازەکاندا و سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی بە هۆی بەسەنتەرکردنی "پرسی زمان"، بەڵام لە سنووری مۆنۆلۆگ یان خودسەنتەری دەرباز نەبووە و هەر بۆیە نەبووە بە سیاسەت بە مانای دیالۆگی بەردەوامی نێوانخودەکان. سنووری توێژینەوەکە شیعری سیاسیی شاعیرانی کورد (ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی، ئەحمەد موختار جاف، قانع و فایەق بێکەس)ە وەک نموونەی دیار و باڵای پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئیشکالییەتی پرۆژەی بونیادنانی دەوڵەت و نەتەوە. دیارە گەلێک شاعیری دیکەش لەم بوارەدا بەرهەمیان هەیە کە یان ناکەونە سەردەمی ناسیۆنالیزم یان هزریان هاوتا و تەواوکاری ئەمانە.

کەواتە ناسیۆنالیزمی شیعر تێزێکە سەبارەت بە دەرکەوتنی خود-ئاگایی سیاسیی کورد لە مێژووی هزردا، لە پێناو مانابەخشین بە بوون و شوناس لە چوارچێوەی وێنای دەوڵەت/نەتەوە بەرەو نیشتمان یان کیانێکی ویژدانی. شاعیرانی پێشەنگی ئەم ڕەوتە کە دامەزرێنەری ئاگایی خودی و پرۆژەی بەسیاسیکردنی زمانن، هەوڵیان داوە دەستکاریی ئەو واقیعە بکەن کە وەک حەقیقەت دەرکەوتووە. لە دیدی ئەوان دۆخی سیاسیی کورد بەرهەمی گوتاری سیاسیی دەسەڵاتی زاڵی "ئەوانیتر"ی سەر کوردستان بووە. لەم سۆنگەیەوە لە میانی پرۆژەی شیعری سیاسیی نەتەوەیی و ئاوێتەیەک لە کۆلاژی ئەفسانە و مێژوو و جوگرافیایەکی خەیاڵکرد، بنەڕەتی ئاگایی کوردیان داڕشتووە. ئەمە ئەگەرچی ئاگایی بووە سەبارەت بە سەردەم و زەمەن و بوونی سیاسییانەی کورد لە مێژوودا، بەڵام هاوکات ئاوێتەی کێشەی فەلسەفەی خود philosophy of subject بووە. واتە ئیشکالییەتی سەرەکی لە ڕەوتی ڕۆنانی نەتەوە، گیرخواردنیەتی لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئاگایی بەو جۆرەی لە فەلسەفەی ڕەخنەیی (یورگن هابرماس)دا تیۆریزە کراوە، کە تێیدا خود دەکەوێتە ڕامان و ڕاڤەی خۆی و جیهان و، بەرەو مۆنۆلۆگ و داخران دەچێت.

لە کۆنتێکستی کوردیدا کاتێ ئەمە لە ڕێگەی زمانی شیعری و تەکنیک و فۆرمی ئامادە ئەنجام دەدرێت، کێشەکە ئاستێکی باڵاتری ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەگرێت و دەشێت بیر لەقاڵب بدات و حوکمی پێشوەختە ناوەڕۆکەکەی بجووڵێنێ. بەم جۆرە پەیوەندیی نێوان زمان و ئایدیا و واقیع تووشی شێوان دەکات. بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە، فەلسەفەی نێوانخودێتی دەرچەیەک بۆ پەرینەوە بەرەو سیاسەتێکی ئەلتەرناتیف دەکاتەوە کە ئەرگۆمێنتخوازی و زمانی هاوبەش و دیالۆگ بنەڕەتەکەیەتی بە ئاراستەی کردە و شۆڕش و دەرچوون لە ئەمری واقیع.

## ١ خود-ئاگایی self consciousness و چوارچێوەی زمان

### ١-١. کێشەی زمان و ئاگایی خودی

پەیوەندیی تێکچڕژاوی نێوان زمان و ئاگایی، پێویستی بە وردبوونەوە هەیە، بەتایبەتی کاتێ ئەم ئاگاییە دەرکەوتەیەکی گرنگی هەیە بە ناوی ئاگایی نەتەوەیی. دەشێت بەم پێناسە سەرەتاییە دەست پێ بکەین کە پێی وایە زمان سیستەمێکی عورفیی سیمبوڵە دەنگییەکانە کە خەڵک بۆ پەیوەندیکردن بەکاری دێنن (انیس، ١٩٧٠، ١١). لێرەدا هەم عورف و هەم پەیوەندی، جۆرێک لە سیستەم و سیمبوڵ دروست دەکات و دواتر کۆدەنگی لەسەر دروست دەبێت وەک ڕایەڵەیەک بۆ لێکتێگەیشتن. بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەشێت بێتە ئارا ئەوەیە کە ئایا ئەم ڕایەڵە خۆی پێدراوێکی سەربەخۆیە یان بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی هۆشەکیی تاک؟

#### ١-١-١. زمان و خودێتی

#### ١-١-١-١. زمان و ئاگایی

لە دیدی هیگڵ زمان بنەمای شێوازی مەعریفەیە، لە چوارچێوەی ئاگایی و زمانی ڕۆژانە دەست پێ دەکات، فۆرمەکانی هزر کە هەمان لۆژیکە لە بنەڕەتدا لە زماندا دەردەکەوێت (هیجل،٢٠٠٧، ٨٥). واتە شتەکانی دەرەوە کە هەمان واقیعە، وەک وێنە خۆی دەنوێنێ و کاتێ فۆرم و دواتر دەنگ وەردەگرن، دەبن بە زمان. هەر بۆیە «زمان ڕەنگدانەوەی بابەتە لە ئاگاییدا». (بیگلو، ١٣٩٧، ٥-٨) لێرەوە ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەی هیگڵ دروستی دەکات لەنێوان چوارچێوە هزرییەکان کە دواتر سیستەمی زمانە دروست دەکات، زانین بەرهەم دێنێ کە لە هەناوی خۆیدا ئاگایی هەڵگرتووە. لێرەدا زمان و ئاگایی دەبن بە بناغەی دەرکەوتنی واقعییەت، ئەوەی لە جیهاندا دەردەکەوێت لە ڕاستیدا دەرکەوتنیەتی لە زمان و لە ئەبستراکتترین فۆرمی خۆیدا و هەر ئەوەشە مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە جیهاندا وەک هەبوویەک کە هەر بەرهەمی خودی زمانە. لەم سۆنگەیەوە ئیدی زمان و ئاگایی تەنیا ڕایەڵی پەیوەندی نین، بەڵکو ڕۆڵێکی مانابەخشیان هەیە، کە وا دەکات مرۆڤ بوون و شوناسی خۆی دیاری بکات.

هۆسرل (١٨٥٩-١٩٣٨) ڕەهەندێکی قووڵتر بە پەیوەندیی نێوان مانا و زمان و بیر دەدات و پێی وایە «"پەیوەندی" و "مانا" لێک جیان و زمان بەرهەنجامی کردەیەکی زێهنی خودییە» (فرجی، ١٤٠١، ٣٠٩-٣١٠). لێرەوە "خود"ی مرۆڤ لە بەرانبەر "بابەت"ی دەرەوەی مرۆڤ، کە هەمان جیهانە ئەولەوییەت وەردەگرێت. هۆسرل ڕای وایە ئاگایی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان خود "ئۆیسیس" واتە کردەیەک کە مانا دروست دەکات و بابەت "نۆیما" واتە خودی مانا، و ئاگایی بەردەوام ڕێکی و نەزم بەم شتانە دەبەخشێ (welton,١٩٩٩,٨). هەر بۆیە لای ئەو ئاگایی سەنتەری بیرکردنەوە و ئەمەش واتە پەیوەندیی نێوان "خود" و "ئەزموون" کە لە ئاگاییدا دەردەکەوێت، "ئاگایی"ش واتە هۆشیار بوون سەبارەت بە شتێک یان بابەتێک، کە لای تاکێکی خود-ئاگا دەردەکەوێت، هەر بۆیە لای هوسرل «بونیادی خود-ئاگایی قووڵترە لە بونیادی عەقڵ و هەست، کاتێ ئاگایی بە ئاراستەی شتە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەچێت یان دەیانوێنێتەوە» (اسمیت، ١٣٩٤، ٣١). ئەمەش نەک لەناو جیهان بەڵکو لە ناو زەمەندا ڕوو دەدات (هوسرل، ٤٨٦). ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە خودی مرۆڤ بەبێ مانا و دواتر کردە یان پەیوەندیی ماناداری ناتوانێ گوزارشت لە شوناسی خۆی بکات و بگات بە پلەی خود-ئاگایی و ئەمەش وجودی خودی مرۆڤ دەخاتە ژێر هەڕەشەوە. هەر بۆیە میشێل فۆکۆ (١٩٢٤-١٩٨٦) جەخت دەکاتەوە کە پەیوەندیی قووڵ لە نێوان "ئاگایی" و "خود" هەیە کە لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، کە خۆی لە چوارچێوەی گوتاردا دەردەخات و پێی وایە «زمان سەبارەت بە هەموو مەعریفەیەک پێگەیەکی سەرەکی هەیە و ئەستەمە شتەکانی ئەم جیهانە دروست بکرێت بەبێ زمان» (فوکو، ١٩٩٠، ٢٤٧). ئەمەش واتە زمان کاریگەریی لەسەر دیزاینی واقع و شتەکانی جیهان هەیە، بە جۆرێک لە پەیوەندیی نێوان واقیع و زهندا ئەولەوییەت بە زهن دەدات کە ڕێکخستن و نەزمی شتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخات. لێرەدا "بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی"

دەکەوێتــە ژێر کاریگەریــی ”زمان و هــزر“ یان زهنی مرۆڤەکان کــە بەناو تانوپۆی مێژوودا شــۆڕ دەبێتەوە هەر وەک چۆن ســێرل باســی یەکێتیی نێوان ”دەرکەوتــە appearance“ و ”واقیع -re ality“ دەکات و پێــی وایــە ئاگایی بوونناســانەی خودییە نــەک بابەتی (ذاکری و حســینی، ١٣٩٣، ٧٨). کەواتــە زمــان بنەڕەتی ئاگاییــە، و مەعریفە دەیگۆڕێــت بــۆ خودئاگایی و مانا دەبەخشــێت بە پەیوەندیــی نێوان تاک و واقیــع و بوونی ”خود“ لە جیهاندا پێناســە دەکات. ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییە کە بەشــێکی گــەورەی میراتی فەلســەفەی ڕۆژاوا پێــک دێنێت، لە دیــدی هابرماســەوە یەکێکە لە ئیشــکالییەتەکانی هزری فەلســەفی کــە ئەو بە کێشەی ”فەلســەفەی خودی یان ئاگایی“ ناوزەدی دەکات، کە لە ڕاســتیدا بریتییە لە کێشــەی نێوان جیهان و ڕاڤەکردنی جیهان لــە ڕێگەی زمانەوە کە ”خــود“ بە تەنیا ڕۆڵی ســەرەکی تێــدا دەگێڕێت، بەو پێیــەی لە ڕێگەی زمانییــەوە دەتوانێت جیهان و خــۆی بناســێت. ئەگــەر ئێمە ئەمە بــە زمانی شــیعری و جیهانی شــاعیرەکان پەیوەست بکەین، ئەوا کێشــەکە ڕەهەندێکــی ئاڵۆزتــر وەردەگرێت.

### ٢-١-١. کێشــەی فــەلسەفــــــەی خــودی

بنەمــای فەلســەفەی خودێتــی بــۆ کۆجیتۆی دیکارتی واتە ”مــن بیر دەکەومــە، کەواتە هەم“ دەگەڕێتەوە، چونکــە پێی وابوو ئەمە ڕســتەیەکی جەبرییــە (دیــکارت، ١٩٨٨، ٣٨). واتــە خــود لــە بەرانبــەر جیهان ئەگــەر گومان لــە هەموو شــتێک بکات لە پەیوەندیی خــۆی و دەرەوە ئەوا ناتوانێــت گومان لە خــۆی و بیری خــۆی بکات. جەخــت دەکاتەوە ئەگــەر نکۆڵی لــە هەموو ئەو شــتانە بکەین کە نایەقینیــن وەک بوونی جیهانی دەرەکــی و بوونــی ئەوانیتر، بەڵام ناشــێین نکۆڵی لــە بوونــی بوونەوەرێــک بکەین کە ئــەم بیرانە دەکاتــەوە (جنیفیــات، ١٩٨٨، ٣٧). ئــەم بوونە ئەبســتراکتەی دیکارت لە خۆیــدا و بۆخۆی هەیە و بنەمایەکــی جێگیــری هەیە بــۆ یەکێتیی نێوان خــود و ئاگایی و بیر کــە زمان بەیانــی دەکات.

هابرماس بە پشتبەســتن بــە تێزێکی هیگڵ کە جەخــت دەکاتــەوە پەیوەندییەک هەیــە لە نێوان دیالێکتیکی ســیمبۆلە زمانییــەکان، کار و کارلێکە کە چەمکی ڕوح دیــاری دەکات (وایت،١٣٩٣، ٣٠ و Habermas,١٩٧٣,١٤٧). ڕوح ناوەندێکــە ’من‘ و ’ئەویتــر‘ تێیدا پەیوەندی دروســت دەکەن، نابن بە ’خــود‘ بەبێ پەیوەندیی نێوانیان و لە ڕێگەی قســە و وتــەوە پەیوەندیی نێوانکەســی دروســت دەبێت (هابرمــاس، ١٣٨٤، ٤٥٥). بــەم جــۆرە هابرماس دەیەوێت لە فەلســەفەی هیگڵ ئــەو هێڵە هزرییە گەشــە پێ بدات کە ’مــن‘ یان ’خود‘ لــە ئاوێتە بوونی هەمەکییــەت و هەندەکییەتدا بەرجەســتە دەبێت دیالێکتیکــی خود-ئاگایی هیگڵ ڕەخنەگرتنە لە شــێوەنگەی تاکێک کــە لە ڕێگــەی ڕامان لە خــۆی و ئەزموونی خــۆی دەیەوێــت جیهان لە ڕێگــەی زمانەوە ڕاڤە بکات. ئەزموونی ڕەســەن لای هیگڵ دەرەنجامــی کارلێکە (میلــر، ١٣٨٤، ٨٨ و Habermas,Ibid.,p ١٥١). ئەمــەش واتە بیری خودە تەنیا و دوورەپەرێــزەکان و ئەزموونی تاکایەتی لــە خۆیدا جەوهەری کێشــەی فەلســەفەی ئاگایی دروســت دەکات. ڕەخنەی هابرماس لەم فەلسەفەیە ئەوەیــە کە ’خود‘ بــۆ ســەلماندنی بوونی خۆیی و خود-ئاگایی پێویســتی بە خودێکی تر نییە و لەبەر ئەوەی لــە فەلســەفەی ئاگاییدا پرۆســەی زانین و ئاگایــی لەســەر بنەمایەکی گومانــاوی منێکی ترانســێندێنتاڵ دامەزراوە و نەک لەســەر بنەڕەتی زمانی هاوبەشــی ڕۆژانــەی خــودەکان و کارێکی نێوانیــان، ئیــدی دامەزراندنی ’من‘ لەســەر ڕامان و تەئەمولــی منێکی تاک و گۆشــەگیرە لە جیهانی ناوکیــی خۆیــدا. ئەم خــودە ئەگــەر ئاگاییەکی ڕەســەنیش بەرهــەم بێنێــت، ئەوا هەر ســەر بە جیهانی ســوبێکتیڤە و ئەم ئاگاییــە خودییە کاتێ زمانەکەی شــیعر بێت، ئــەوا جگە لە ڕاوەســتان لەســەر ئەزموونی خودێتی هاوکات لە ناو ســنووری زمــان و چوارچێوەکانی شیعریشــدا گیــر دەخوات.

### ٢-١-١. شیعر وەک دەرکەوتەی زمانییانەی خود-ئاگایی

#### ١-٢-١-١. شیعر و قاڵبی ئامادە

شــیعر دەرکەوتــە پەتییەکــەی زمانــە، کــە چڕبوونــەوەی مانایــە لــە زمان و ’خــود‘ هەوڵ دەدات لــە هــزری خۆیــدا وێنای دونیــای پێ بــکات و مانای پــێ ببەخشــێت. پەیوەندیی نێوان ”فەلســەفەی ئاگایی“ و شــیعر کاتێکە کە بە هۆی ســنووری شــیعرەوە ســنوورەکانی جیهانی من و ماڵــی من دیاری بکرێــت، کە هەمــان واقیعە کە دواجار دەبێتە بەســتێنی دروســتبوونەوەی خود-ئاگایی. ئەم ئاگاییە لە دوو ئاســتدا کێشــەزایە؛ هەم چوارچێــوە ئامــادەکان حوکمی بەســەردا دەکەن و هــەم لە ژێــر تیشــکی وێنەکان بەشــێک لە حەقیقەتی خۆی ون دەکات. ئەم دیدە لە ڕاســتیدا لە مێژووی فەلســەفە بــە ئەفلاتون دەســت پێ دەکات وەک ڕەوتــی دوورکەوتنەوە لــە حەقیقەت. ئەفلاتــون پێی وایە شــیعر لەبەرانبــەر ”ئایدیا“ی ڕەســەن و ئەبــەدی، تەنیــا ”دەرکەوتــەکان“ دەخاتــەڕوو، بــە قۆناغ لــە حەقیقەتــەوە دوورە، هــەر بۆیە بە“لاســایی“ نــاوزەدی دەکات، «چونکە ناتوانێ ماهییەتی ڕاســتەقینەی شــتەکان بناسێت و تەنیــا دەرکەوتــە و ڕواڵەتە» (افلاطــون، ١٣٨٠، ١١٦٧- ١١٧٤ هەروەهــا أفلاطــون، ١٩٩٤، ٤٤٤-

٤٥٠). هەربۆیە نەیارێکی مەترسیدارە، ئەمەش پەیوەستە بە باڵادەستی ڕیتۆریکا و ڕەوانبێژی بەسەر ئەرگۆمێنتی لۆژیکی و دیالێکتیکادا، ئەمەش لە شیعردا دەست ناکەوێت بەڵکو فەلسەفەی دیالێکتیک کە بەدوای حەقیقەتی پەتیدا دەگەڕێت. ئەفلاتوون پێی وایە ئەگەر بێتو قاڵبە شیعرییەکە لە شیعر داماڵی، بێگومان دەتوانی حەقیقەتەکەی ببینی لە حاڵەتی گۆرانی بەرەو پەخشاندا (أفلاطون،٢٠١٧، ٥٠٢). هەر بۆیە لەبەرانبەر هۆنەرانی خورافاتدا، دەبێ "بیر" و "سیاسەت" واتە ژیانی شار ڕزگار بکەین (اليوسف، ٢٠٠٧، ٢٢-٢٥). کەواتە دژایەتیی ئەفلاتوون بۆ شیعر پەیوەستە بە زمانێک کە کۆپییەکی ناراستە، ئەوە جگە لەوەی لە جیاتی بەشداری لە گفتوگۆی ناو پانتاییی گشتیی شار خەریکی لاساییکردنەوەی حەقیقەتە. ئەرستۆش پێی وایە ڕیتم و زمان و هارمۆنی هونەر و شیعر پێک دێنن. و "بیرۆکە"یەکە بە هۆی ئامرازی جیاواز یان بابەتی جودا یان فۆرمی جیا دەردەبڕێت، (ارسطوطاليس، ١٩٥٣، ٥ و ٢١) و(ئەریستۆ، ٢٠٠٩، ٢٨-٢٩) و ئەو پێی وایە بە هۆی بەکارهێنانی زمانی پاراو و ڕستەی کاریگەر لە سیاسەتدا دەبێت بە دیماگۆجی، بەڵام ئەگەر پەیوەستی بکەین بە فەلسەفەی ئاگایی، ئەوا فۆرم و ڕیتم ئاراستەی زمان دەکات و کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئەگەر حەقیقەت داخوازیی سەرەکیی فەلسەفە و بیرکردنەوە بێت ئەوا لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە، حەقیقەتی پشت خوازە و میتافۆر کە زمان لە جەوهەری خۆیدا هەڵگرتووە، هەم لە ڕێگەی کۆپی و هەم بە هۆی قاڵبەکانەوە کە فشار دەخەنەسەر وشە و ئایدیاکان، ماناکانیان بەرتەسک دەکەنەوە. فۆرمیش هەم سنووردارە و ئامادەیە و هەم سەر بە جیهانی کۆپییە، بە پێچەوانەی جیهانی ئایدیا. چەمکی تەکنیکە کە ئێمە وەک "قاڵبی شیعری" بەکاری دەهێنین کە دەبێتە شوێنی لە قاڵبدانی بیرۆکەکان.

### ٢-٢-١-١. شیعر و بیر

ئیشکالییەتی نێوان شیعر و فەلسەفە کە زمان و حەقیقەت سەنتەرەکەیەتی لە فەلسەفەی هاوچەرخیشدا جێگەی بایەخە. هایدگەر بە پێچەوانەی ئەفلاتوون مەترسیداربوونی هونەری شیعر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە «بە مانا جەوهەرییەکەی ڕەسەنترین هونەرە» (هايدغر، ٢٠٠٣، ١٤٧) چونکە ماهییەتی زمان کەشف دەکات. (توفيق، ٢٠٠٢،) لای ئەدۆنیسیش شیعر پلەیەکی باڵاتر وەردەگرێت، ڕووداو تێدەپەڕێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سیمبوڵ و بە ئەبەدی دەکات، ئامرازێک نییە بۆ زیندانیکردنی شاعیر و ڕاکردن لە واقیع، بەڵکو هەوڵە بۆ سڕینەوەی سنوورەکان. (ادونيس، ١٩٧٣، ١٣٧) کەواتە هەر چەندە شیعر لەسەر خەیاڵ و وێنەی شیعری میتافۆری دامەزراوە و فەلسەفەی وجود کەشف دەکات. (قطوس، ٢٠٢١، ٤٥) بەڵام دەشێت قەسیدەیەکی شیعری گوزارشت بێت لە حەقیقەتێکی گەورە (المكاوي، ٢٠١٧، ٧٠-٨٢).

کەواتە ئەگەر کێشەکە پەیوەست بێت بە بەرهەم نەهێنانی حەقیقەتی واقعی بە مانا ئەفلاتونییەکەی یان کەشفکردنی ماهییەتی وجود بە مانا هایدگەرییەکەی، بەڵام لە ناو ئەو بازنەیەدایە کە هابرماس بە تێگەیشتنی 'خودی' وەسفی دەکات، واتە خودێک کە بە تەنیا ڕووەو جیهان ڕاوەستاوە، واتە «سکاڵای تاکی هەستیار و هونەرکارە لەگەڵ دەروونی خۆیدا» (محەمەد، ٢٠١٠، ٨٩) و دەبێت بە »ئاوێنەی خودی شاعیر و مۆنۆلۆگی نێو خودی شاعیر« (حەسەن، ٢٠٢٢، ١٠). ئەگەر زمان هەروەک فیختە ئاماژەی بۆ کردووە نەتەوە دێنێتە بوون (فيخته،١٩٧٩، ٨٧). یان وەک فۆکۆ جەختی لەسەر دەکات ڕێسای ئامادە بێت کە حوکم بە سەر تاکەکاندا دەکات، ئەوا شیعر بە تایبەتی لە فۆرمی تەمسیلی و کلاسیکی خۆیدا کە ڕیتم و کێش و سەروا و ئاوازی ناوەکی حوکم بە سەر بیرۆکەکاندا دەکات، هزر دەخاتە ناو چوارچێوە ئامادەکان و بەشێکی دیاری سەربەخۆی و پەیوەندیی نێوان وشە-واقع دەشێوێنێ. هەر وەک گۆران دەڵێت: "هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم/ بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم" (گۆران،١٣٨٦، ١١٣).

بەم چەشنە ئەگەر زمان بنەرەتی ئاگایی و شیعر قاڵبێکی ئامادە بێت، ئەوا ئەم مەعریفەیەی بەرهەم دێت سەبارەت بە خود، لە ئاگایی خودییەوە دەبێت بە جۆرێک مۆنۆلۆگ و ئەگەر ئەمە پەیوەست بکەن بە سەرهەڵدان و گەڵاڵەبوونی خودی کوردییەوە، دەبینین شیعر ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، چونکە لەناو کورددا تا ئاستێکی زۆر گوزارشت لە نەتەوە و شیعر ئاوێتەی یەکتر بووە، بە جۆرێک هەر وەک حەسەنی قزڵجی دەڵێت: نەتەوەی کورد بۆ هەموو جۆرە کارێکی گرنگ چ شەڕ و شۆڕ و چ عەشق و دڵداری چیرۆکیان لێ گێڕاوەتەوە و پتریش وا بووە بە شیعر گوتراون و یان پێیان وتووە "بەیت" (خانی، ٢٠٠٨، ٢٦٥). بەم چەشنە هەرچەندە شیعر لە خودی خۆیدا داهێنانێکی زاتی مرۆڤە و دوانی "خودە" لە پەتیترین دۆخی خۆیدا و ووردترین ڕامانە سەبارەت بە بوون و

جیهان و مرۆڤ و تەنانەت دەرکەوتەیەکی گرنگی ناخود ئاگایە کە زمان و ئاستەکانی، دەبن بە بەشێک لە خودئاگایی تاک و دەتوانێت جیهانی خۆی پێ بنوێنێتەوە و گوزارشتی لێ بکات، بەڵام لە ئاستی دادخوازیی "خود"ێک دەرناچێت، کە لە ئاستە هەر باڵاکەیدا نوێنەرایەتیی"خودی نەتەوەیی" کردووە بە مانا سیاسییەکەی.

### ٢-١. ناسیۆنالیزم وەک ڕاڤەی خودی نەتەوە

#### ١-٢-١. ناسیۆنالیزم و ڕۆڵی نەتەوە

پەیوەندیی خود-ئاگایی و شوناس وەک ژێرخانێک کە نەتەوەی لەسەر دادەمەزرێت، پرسێکی وجودییە و دەپەڕێتەوە بۆ بواری فەلسەفەی سیاسی، چونکە ئاگابوون سەبارەت بە لەپێشتربوونی چەمکی ڕەچەڵەک و خوێن یان ویست و بژاردەی تاکەکەس کە لە جەوهەردا پرسێکی زهنیە لە ڕۆڵی نەتەوە لە چوارچێوەی فەلسەفەی خودیدا تیشکی دەخرێتەسەر.

ناسیۆنالیزم، چ وەک تیۆر و بوارێکی زانستی چ وەک دەرکەوتەکانی خودئاگایی کە ڕەهەندی سیاسی وەردەگرێ لە پەیوەندیی نێوان خود و ئەوانیتردا، چەمکێکی فرە ڕەهەندە. ڕەگە قوولەکەی گرێدراوی مۆدێرنیتەیە، چونکە لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەری لەسەر ئاستی سیاسی دەسەڵاتە خۆجێیی و نەتەوەییەکان لە ئەورووپا سەرهەڵدەدەن و لەسەر ئاستی تاکەکەسیشدا خود-موختاری بە مانا کانتییەکەی دێتە ئارا واتە «خودێکی پێگەیشتوو و ئۆتۆنۆمیکی عەقڵمەرجەع». کە دەبێتە پارادایمی ناسیۆنالیزم ڕیشەی ئایدیای دیاریکردنی مافی چارەنووسی خودە بە دەستی خود (ڕەفیق، ١٩٩٧، ٦١-٦٩). ئەمە گۆڕانکاری لە بەها و ئینتما لە لایەک و خودئاگایی تاکەکان لە لایەکی ترەوە دروست کرد و سەرەتای لەدایکبوونی بەهای تایبەت بوو کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا ڕەنگی دایەوە.

بەم جۆرە ئاگایی ناسیۆنالیستی بوو بە ڕایەڵەیەکی مانابەخشی لە پەیوەندیی نێوان خەڵکدا، کە پێشتر بنەڕەتێکی ئایینی هەبوو، هەربۆیە «سیحری ناسیۆنالیزم گۆڕینی "بەخت" بوو بۆ "چارەنووس"» (اندرسن، ١٩٩٩، ٢٠). لێرەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دروستکردنی دەوڵەتی عەقڵانی مۆدێرن و دونیایی، بە مانای دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیی نێوان"خەڵک" و گوتاری دەسەڵاتی سیاسی بوو کە ڕووی کردە خۆیەتی و خۆجێیبوون و بوونی کۆگەرای تاکاکەن لە پارچە زەوییەکی دیاریکراوی دونیادا.

#### ٢-١-٢-١. "ویست" و "خودی" نەتەوەیی:

کۆبوونەوەی "خەڵک" لە دەوری یەکتر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، پەیوەستە بە شوێن و نیشتەجێبوونەوە و کەمتر ڕەهەندی سیاسی وەردەگرێت، تا ئەو کاتەی لە گوتاری سیاسیدا دووبارە پێناسە دەکرێتەوە یان لە فۆرمێکی تردا دەردەکەوێت بەناوی "گەل"، واتە کۆمەڵێک مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکدا کە خۆیان دووبارە دەکەنەوە بەبێ دابڕان لە ڕووی ڕوحی و سروشتییەوە (فیختە، ١٩٧٩، ١٤٧). بەڵام کاتێ لە ڕێگای گوتاری سیاسییەوە گۆڕان لە شوناس و تێگەیشتن لە ئینتمای خەڵک دروست دەبێت بۆخۆیان کە لە ڕاستیدا بریتییە لە گۆڕانی ئاگایی سەبارەت بە خود و هەموو ئەو شتانەی بایەخداران ئەوا "نەتەوە" سەرهەڵدەدات، کە لەگەڵ مۆدێرنیتەدا دەبێت بە »جەوهەری شتە هاوبەشەکان« (ڕینان، ٢٠٠١، ١٨٦-١٨٧). ئەم هاوبەشانە هەم دەتوانێت بنکۆڵکردنی ڕابردوو بێت کە دواتر لە "گوتاری مێژوویی"دا بەرجەستە دەبێت، هەم دەشێت بەشێک بێت لە ئەفسانە و یادەوەری کە لە دووبارە دارشتنەوەوە خاڵە چونییەکان وەک خەسڵەتی گشتیی نەتەوە پێناسە بکرێن.

بەم جۆرە ناسیۆنالیزم گۆڕینی چەمکی "خەڵک"ە یان هۆز یان خێڵە بۆ چەمکێکی نوێ، واتە "نەتەوە nation" کە لەسەر بنەڕەتی ئاگایی سەبارەت بە "خود" دامەزراوە و زمان و ئایدیۆلۆژیا بەرهەمهێنەریەتی. ئیدی نەتەوە دەبێت بە یەکەیەکی ئۆرگانی، کوتلەیەکی کۆنکریتی و پەیوەندیی زمانی، کە مێژوو تۆکمەی کردووە (الحصری، ١٩٨٧، ١٥٥) و سیاسەت لە فۆرمی دەوڵەت/نەتەوە و بەسەنتەرکردنی ڕۆڵی ئینتمای هاووڵاتیبوون بەرجەستەی دەکات (هوبزباوم، ٢٠٠٨، ١٥٦) بەم جۆرە ئەگەر لە سنووری خاکێکی دیاریکراودا، بەو مەرجەی گەڵاڵەکردنی خودیی نەتەوەیی لەسەر بنەڕەتی ویستی ئازادیی تاکەکان بۆ شوناسی خۆیان هاتبێتە ئارا، ئەوا دەبێت بە دەوڵەت/نەتەوەی مۆدێرن.

#### ٣-١-٢-١. شوناس و زمانی نەتەوە

پەیوەندیی فۆرمی نەتەوەیی بە شوناس لە ڕاستیدا لە پەیوەندییەوە دەردەچێت بۆ دیالێکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک، واتە لەسەر ئاستی ناوەکیی توخمەکانی ناوەڕۆک کە شوناس پێک دێنن فۆرمی ناسیۆنالیزم یان نەتەوایەتیی تاکەکان لە گرووپدا دیاری دەکەن و ئەمەش زمان و ناخودئاگایی و دەرکەوتە ئایدیۆلۆژییەکانی دەگرێتەوە. شوناس ئەو پێناسەیە کە لەسەر خۆت قبوڵی دەکەی و دەتەوێت، واتە »شوناس ماهییەتی مرۆڤە« (جوزیف، ٢٠٠٧، ٣). هەر وەک لە تیۆرییەکانی (باختین)دا دەردەکەوێ، زمان

بچووکترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی تۆمار دەکات و ئاماژەیە بە ڕەوتی گوتارسازیی کۆمەڵایەتی (سەجادی، ٢٠٢٠). چونکە مانا لە وشە و پرسەکاندا نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ڕەوشی کۆنتێکستەوە، ئەمەش کاتێ سیاسەت ئاراستەی بکات دەتوانێ بەردەوام ناوەرۆکی شوناس دەستکاری بکات. لەسەر ئاستی دەرەکیش شوناس مانایەکی جیاواز وەردەگرێت و بریتییە لە »پەیوەندیی نێوان "خود" و "ئەویتر" لە جیاوازیدا«.(وەلی، ٢٠٠١، ٨٨). کەواتە ئەو شوناسەی کە بەردەوام ناوەڕۆکەکەی لەلایەن گوتاری سیاسییەوە پڕ دەکرێتەوە و خاڵە چونیەک و زۆرتر جیاوازەکانی لەگەڵ "ئەوانیتر"دا بەراورد دەکرێت، هاوبەشەکانی نەتەوە بەهێزتر دەکات. هەربۆیە دروستکردنی "یادەوەریی هاوبەش" کە گرنگترین پرۆسەی نەتەوەسازییە، تێیدا هەوڵ دەدرێت لە یادەوەری و خودئاگایی تاکەکانی گرووپ، وەکیەکی وەک شتێکی ئەزەلی و سروشتی وێنا بکات. خۆبەرهەمهێنانەوە و گوتاری مانەوە لە بەرانبەر "ئەویتر"دا دەبێت بە خاڵێکی گرنگی کولتوور. هەربۆیە »بنەڕەتی ناسیۆنالیزم ئامادەیی خەڵک، هاوشوناسی ویژدانی و ئاپۆراسازیی (الاحتشاد) سیاسییە« (هوبزباوم، ٢٠١١، ٢٨٠-٢٨١) و هۆشیاری و خود-ئاگایی نەتەوەیی دەبێتە »کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی کەسایەتیی نەتەوایەتی«. (هرتز،٢٠١١، ١١) شوناس وەک کۆڵەکەی هاوبەشی نەتەوە، "کە گەشەسەندنێکی خۆکردە، نەک بەرهەمێکی دەستکرد"(هوبزباوم،٢٠٠٨، ١٧٦). پێویستە وەڵامدەری بابەتیەتی دەرەکی بێت و لەسەر بنەمای دروستکردنی هەست و دواتر ئاگایی بۆ یەکەیەکی سیاسی خۆی دەربخات. ئەم یەکە سیاسییە ئەگەر فەرمی بێت، ڕەهەندی یاسایی وەردەگرێت و ئەگەر نافەرمی بێت ئەوا ڕەهەندی ڕۆحی تێیدا زاڵ دەبێت. لەم نێوەندە دایە زمان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، هەر وەک ئەندرسۆن دەڵێت لە ئەورووپا "دەوڵەتەکان نەتەوەی خۆیانیان تێیدا دۆزیوەتەوە (اندرسن،١٩٩٩، ٨١).

کەوایە ئەگەر خودی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزم لە ئەورووپا بەرهەمی گەشەی واقعی سەرمایەداری و سەرهەڵدانی پنتی بەهێزی دەسەڵاتی خۆجێیی و خود-موختاری تاک بێت کە لە فۆرمی دەوڵەت/نەتەوەدا بە ئایدیالی دەکرێت و زمانەکەی لە ڕێگەی ویستەوە دەبێتە سەرچاوەی ڕۆنانی نەتەوە، ئەوا لە ناو کورددا ئایدیالی دەوڵەت و نەتەوە لە ڕێگەی وێنەی زمانی و شیعرییەوە هەوڵی بەواقعیکردنی دەدرێت کە بنەڕەتێکی سوبێکتیڤی هەیە.

**٢** دیوانی ناسیۆنالیزمی شاعیرانەی کورد پەیوەندیی شیعری و هەستی نەتەوایەتی یان ئاگایی نەتەوەیی لە ناو کورددا پەیوەندییەکی تۆکمەیە، شاعیرەکان ڕەچەشکێن و داڕێژەری هزری ناسیۆنالیستیی کوردن، هەر بۆیە شیعر لە ئەدەبییات و کولتوور و دواتر سیاسەتی کوردیدا ڕەهەندێکی قووڵتر و کاریگەرتری هەیە.* هەر وەک مەسعود محەمەد ئاماژەی بۆ کردووە شیعری کوردی بریتییە لە هەموو ئەدەبی کۆنی کوردی، چونکە بێ لە شیعر هیچ بابەتێکی دیکەی ئەدەب، زمانی کوردی بۆ بەکار نەهاتووە، نە لەو چەرخە و نە لەویش پێش و کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی قەومایەتی (محەمەد، ٢٠١٠، ٨٨). کەواتە زمانی شیعری یان ئایدیای ڕیتمیک گوزارشت لە بوونی نەتەوەییی کوردی دەکات و یان هەر وەک ڤیتگنشتاین دەڵێت: »زمان، سنووری جیهانی من دیاری دەکات« (ویتگنشتاین، ١٣٩٤، ١٠٣). هەربۆیە شیکردنەوەی بونیادی زمان دەبێتە هۆی دۆزینەوەی جیهان و بونیادە لۆژیکییەکەی. ئەمەش هاوتای دیدگای هایدگەرە کە پێی وایە زمان "ماڵی وجوده"، چونکە بوونی مرۆڤ (یان دازاین) لەناو زماندا خۆی دەردەخات و لە بنەڕەتدا »دەرکەوتنی بوونە کە مرۆڤ بەجێی دەهێڵێت، بەو پێیەی واقعێکی زمانییە« (عادل، ٢٠٠٧، ٢٩٠). لێرەوە شیعر و زمان دیزاینەری واقعی نەتەوە یان هەمان وجودی کوردین کە شیعر دەبێتە بنەڕەتی ئاگاییەک لە نێو کورددا کە سنوورەکانی بە هۆی جیهانی "خودی" شاعیرەوە گەڵاڵە دەبێت، کە ئامرازەکەی زمان و تەکنیکە. لە کێشەی نەتەوایەتیی کوردیدا هەر سێ توخمی خاک و ڕەچەڵەک و زمان تێک چڕاون، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە جەمال نەبەز پێی وایە وشەی "نەتەوە" لە ڕەتەوە retewe واتە، ڕەچەڵەکەوە هاتووە (نەبەز، ٢٠٠٨، ٢٣٨). بەڵام زمان مانەوەی هەر دوو توخمەکەی تر دابین دەکات و دەیپارێزێت.

### ٢-١. خانی و حاجی لەبەردەم پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوەدا

#### ٢-١-١. خانی و گوتاری دەوڵەتسازی

ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٦) بە چرکەساتی سەرهەڵدانی جەرەقەی هەستی ناسیۆنالیستی و خەیاڵی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی کورد دادەنرێت، کە وێنەیەکی نوێی بۆ دیاریکردنی بوونی سیاسییانەی خود و ئەوانیتر هەیە. زۆرینەی توێژەرانی کورد بۆ نموونە عیسمەت شەریف وانلی، گیوی موکریانی، جەمال نەبەز، عزەدین مستەفا ڕەسوڵ و سەلاح سەعدوڵڵا "خانی" بە

سەرەتای هۆشیاریی کورد لەمەڕ خۆی و شوناسی نەتەوەیی دەزانن (بڕوانە: عەلی، ٢٠٠٥، ١٤٤). و هەندێکیش بە ڕەوتێک کە »دەچێتە قاڵبی بەرەو ناسیۆنالیزم« (مەریوان، ٢٠٠٥، ٦٤). ناوزەدی دەکەن. بەو پێیەی ئاگایی نەتەوەیی جۆرێکی تایبەتە لە ئاگایی دەستەجەمعی یان هاوکاریی بەکۆمەڵ کە ڕایەڵێک دروست دەکات لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵ (هرتز، ٢٠١١، ٢٢). وادەکات خانی وەک بیرمەندی سەردەمی خۆی واتە چاخی ڕابوونی نەتەوەکان و دەرکەوتنیان لە جیهان ببینین، چونکە ئەو ئەم هۆشیارییەی دۆزیوەتەوە کە بریتی بووە لە "شاهەکی جیهان پەناه" کە بشێت تەبایی نێوان نەتەوە و دەوڵەت دروست بکات، کە ڕێک لەو سەردەمە لە هەموو ئەورووپا سەری هەڵدابوو و ببوو بە مۆدێلی زاڵی سیاسەت.

### ١-١-١-٢. ئەگەر" و مەرجەکانی دەوڵەتی خانی

"ئەگەر" لە زمانی شیعری خانیدا چەمکێکی سەنتەرییە، سەرەتای ڕستەیەکی مەرجییە، دواندنی ئاگایی کوردە بە جۆرێک وەک هۆشدارییە لە ڕووداوێک لە ئاییندەدا ڕوو دەدات یان لە پرۆسەی ڕووداندایە. خانی داهێنەری سەردەمی خۆیەتی و هەوڵ دەدات لە ڕێگای بەسیاسیکردنی ئەدەبیاتەوە بە تایبەتی لە شیعری (مەم و زین) دا ئایدیا سیاسییەکانی بخاتەڕوو و لە" کول و دەردێ (کوردا) گلەیی لە بەخت و چارەڕەشیی کورد دەکات، هەرچەندە لە دووتوێی شیعرەکانیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم مەرامە باس دەکات: "شەرحا غەمێ دڵ دکات فەسانە" (خانی، ٢٠٠٨، ٥٢) ، بەڵام هەموو پرۆژەکە لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ بەسیاسیکردنی شیعر لە ئاستی مۆنۆلۆگ، واتە ئاستی خودێتی و دەردی دڵ و ئەمە لە زۆربەی دێرەکانیدا دەبینرێت. لە دژی "چەرخی لەولەب و تالع و ژ خواب هوشیار نەبوونە". (خانی، ٤٢) ئەوە جگە لەوەی بە باشی هەستی بە پێویستی کۆدەنگیی ئیتفاق و هەژموونی پادشایەکی خۆماڵی کردووە لە بونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا. ڕۆڵی فێرکار دەگێڕێت بۆ میرەکان بۆ ئەوەی دامودەزگای مەزنایەتی تێک نەچێت. وەک میکاڤیلی، بەڵام شاعیرانە ڕێنمایی "میر" دەکات بۆ ئەوەی حیکمەت و دانایی فەرامۆش نەکەن و قەدری هونەر و قەڵەم (خانی، ٤٢) بزانن، چونکە بڕیاردانی بە هەڵپە و پەلە خومچوونی زۆر خوندکارانی بەستوون، سەروەر دەبێ وەک برینگەری دڵسۆز بێ، لە دەستێکدا نەشتەر بێ لە ئەویتریان تژی لە تۆزی دەرمان و هەتوانی سەر برینان. (پێشەکی هەژار، خانی، ١١-١٢). "میرێ د ب دەوڵەت و فیراسەت/ صاحیب شەفەقەت خودان سیاسەت"(خانی، ٢٠٠). لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت "ئەویتری" نەیار کە لە واقعدا کوردیان چەوساندووەتەوە، بکات بە غولام و بەم جۆرە واقعێکی ئایدیالی بۆ "خود" دروست بکات و ڕەوشی شێواوی کورد بەسەر "ئەویتر"دا بسەپێنێتەوە کە ئەمەش تەنیا بە پاشا و دەسەڵاتێکی هەژموونی دەکرێت. ئەمەش هاوجووتە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئەگەر ویست یان ڕێککەوتن، یەکانگیری خۆویست و ئینتیما، دڵسۆزی و سۆلیدارێتی گرنگ بێت بۆ ڕۆنانی نەتەوە، ئەوا ترس و تۆبزی و زۆرەملێ فاکتەری گرنگن بۆ هاندان و پاراستنی گرووپەکان (اندرسن وجیلنر، ١٩٩٥، ٣٥).

لەم ڕێگەیەوە پێی وایە هەم دین و دەوڵەت دەگاتە لووتکەی خۆی و هەم زانست و حیکمەت. واتە ئەویش وەک زۆربەی بیرمەندانی ناسیۆنالیزم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی شوناسی خۆت دابمەزرێنی کیان یان دەوڵەتە دەتوانی هێڵە گشتییەکانی شوناس و نەتەوە دیاری بکات. هەر وەک ڕێنان ئاماژەی بۆ دەکات نەتەوە پرەنسیپێکی ڕوحییە، واتە خاوەندارێتی لە هاوبەشییەکان کە هەم قارەمانێتی و هەم تراژیدیا دەگرێتەوە کە بەشێکی گرنگی دەبێت بە نۆستالژیا و یادەوەری، هەر بۆیە لای ئەوە»نەتەوە نیشانەی ڕابردووە کە لە ئێستادا پوختە کراوەتەوە و نەتەوە ڕاپرسییەکی ڕۆژانەیە« (ڕێنان، ٢٠٠١، ١٩٤- ١٩٥). ئەمە هەم شەرعیەتدانە بە پاساوەکانی مانەوەی تاکەکان لەتەنیشت یەکتر بەبەردەوامی و هەم تۆخکردنەوەی جیاوازییەکانە لەگەڵ ئەوانیتر لە پێناو پاراستنی شوناس.

### ٢-١-١-٢. خانی و بەرهەمهێنانی سیمبۆلی نەتەوەیی

خانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت "غەمخواری زێد بن دژی غالببوونی ڕۆم و تورکانی عوسمانی و وێرانکاری حاکمیەتی عەلییە سەفەوی سەعالیک و هەرگیز ڕازی نەبن بە ژێردەستەیی و عاری تورک و تاجیک و بە شیری دەستی هیممەت و جوامێریی خەم لە "کورمانج دەوڵەتا دنێدا" بخۆن (خانی، ٢٠٠٨، ٤٣-٤٤). چیدی کورمانج نەبن بە بورجی پارێزگاری لە دوژمن و شوورەی و پاراستنی سەرحەد و سنووری داگیرکار. هەروەک چۆن ئەنترۆپۆلۆژیستی بەریتانی ئەنتۆنی دی سمیس (١٩٣٩-٢٠١٦) پێی وایە سەرەڕای فاکتەرەکانی تری، هەستی سۆلیدارێتی لە نێوان زۆرینەی نەتەوەدا، پلەیەکی باڵاتری یەکانگیری لە ئیتنیک دروست دەکات (برونسن، ٢٠٠٥، ٥١). ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە خانی لە کورمانجی دەوێت، واتە لە دەوڵەتی دونیاییدا ببن بە پەرژینی وجودی خۆیان. کەچی لە واقیعدا بۆ ڕۆم و عەجەم

بوونەتە دیوار و بەم هۆیەشەوە ئەوان کز و هەژار و داماون کەچی ڕۆم و عەجەم خۆیان لە هەرا و شەڕ و جەنگ بەدوور دەگرن و کوردیان کردووە بە کلیلی سەر سنوورەکان. ئەمەش پەیوەستە بە داڕووخانی ناوەکیی کورد کە سەرەڕای ئەوەی "قەبیلێ ئەکراد" شوجاعەت و علوی هیممەت و غیرەتیان بەرزە، بەڵام "پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن/ دایم ب تەمەڕوود و شیقاقن" (خانی، ٤٥). چۆن فارس شانازی بە شاکارەکانی نیزامی و گەنجەویی شاعیری دەکات، خانیش گەرەکێتی بە زمانی کورد و لە میانی مەم و زیندا شانازی بۆ کورد بئافرێنێ و جۆرێک لە هەستی "سەرفرازی" و "هاودەردی" دروست دەکات، و داوا دەکات کاتێ کورد مەم و زین دەخوێتنێتەوە، هەستێکی خۆشی لەلا دروست بێت بڵێن: "کورمانجییە و بە قنجی هاتە تەدوین و ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری" تێدا نووسراوە کە مەبەست و ئامانجی گەورەتری لە پشتە و دەبێ خۆیان بەدوای دابگەڕێن و "تەئویل بکەن ژ بۆ تە عەسووب" (خانی ٥٣-٥٥). خانی وەک خودرستەیەکی خۆپەروەردەکاری بێخودان و دەوڵەت، کە شانی وەبەر دروستکردنی هاوبەشەکان ناوە، لە مەم و زیندا هەوڵ دەدات مێژووی هاوبەش و پڕ لە شانازیی ڕابردوو بگێڕێتەوە کە: "کۆ پادشاهەک زەمانێ سابیق" حاکمی کوردان بووە بە جۆرێک کە پاشایەتیی کورد و عەرەبی کردووە و فەرمانی بە سەر ڕۆم و عەرەب و عەجەمدا داوە کە "زیبەندەیێ مولک و زەینێ دین بووە".

## ٣-١-١-٢. خانی و "ئەگەری" بەسیاسیکردنی زمان

خانی زمانی کوردی وەک زمانی تەعسوب و عەشیری، واتە پەیوەندیی خوێنایەتی بەکار دێنێ و پێی وایە "بیدعەتێکی" گەورەی کردووە، کە پەیوەستە بەسەردەمێکی بێداد، کە عینادی دەخولقێنێ (خانی، ٤٦) و هەر وەک هەژار دەڵێت »بە فەرمایشتەکەی نالی زمانی خانی کوردییە، خۆکردییە« (خانی، ١٩). ئەم لە ڕێگە دەرچووە بۆ ئەوەیە "ئەوانیتر" کورد بەبێ بنچە و مەعریفە لە قەڵەم نەدەن، چونکە کتێب و نووسین سیفەتی نەتەوەکانی دیکە و خانی هەستی بەوە کردووە کە نەتەوە بەبێ نووسین و زمان دروست نابێت. بەڵام دەزانێ کە هەتیوی و بێدەرەتانی هۆکارە کە کورد ناتوانێ لە جیهاندا دەربکەوێت و بێ خودانی کێشە گەورەکەیەتی. زمان لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و هەر وەک هۆبز باوم دەڵێت »مێژوو و کولتووری هاوبەش و پێکهاتەی ئیتنیکی، لە میانی زمانێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت« (هوبزباوم، ٢٠٠٨، ١٥٨-١٥٩). و ئاشکراشە یەکێک لە تایبەتکارەکان کە کوردێک لە "ناکوردێک" جیا دەکرێتەوە پێی، زمانە (نەبەز، ١٩٨٦، ٦).

بەم جۆرە مەم و زین بە زمانی کوردی هەر چەندە داستانێکی تراژدییە، بەڵام پڕیشە لە جوان نیشاندانی کورد کە هەم خاوەن پاشایەکی دلێر و مێرخاس کە حاتەم و ڕۆستەم، موحتاج و مەغلووبی ئەون، هەم تاجدین گۆدەرزی زەمان و پاڵەوانێکە و ئەسکەندەر و غەزەنفەری میللەتی خۆی بووە. ئەوە جگە لەوەی خاوەن بۆنە و داب و نەریتی هاوبەشن. خانی "نەورۆز" دەکات بە سەرەتای وەرچەرخانی ڕووداوەکانی ناو مەم و زین و ئەمەشی هەر وا لە خۆڕا نەکردووە، ڕۆژا کە دە بوویە عیدی نەورۆز/تەعظیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز (خانی، ٦٨) وەک عادەتی پێشینی زەمانان کە لە هەموو کات و شوێنێ باو بووە نەورۆز بۆنەی گشتی بووە وەک ڕێوڕەسمی خۆشەویستی و ئەوین. بەسیمبۆلیکردنی کورد وەک یەکێتییەکی وجودی کە دەوڵەت دەتوانێ فۆرمی پێ بدات لای خانی ئامادییەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەو "خودە نەتەوەییەی" خانی باسی دەکات بەتەواوی گەلاڵە نابێت و جۆرێک شێواوی تێدایە لە نێوان عەشیر و کورمانج و کورد و ئەکراد و لە هەمەکییەتی خۆیدا نەخەملیوە. کۆتاییی تراژیدی مەم و زین بە جۆرێک لە ڕەشبینیی خانیش بۆ ئەو "میر"ەی لە خەیاڵیدایە بەرەو گەندەڵیی هزری و سیاسی دەچێت و کۆتایی دێت و ئەگەرەکانی دەوڵەتەکەی بەرەو نەمان دەبەن. ئەم پرۆژەیەی خانی دایدەمەزرێنێت، هەمووی لەناو جیهانی خودێتی "خانی" و "ئەگەرەکانی" "گەر دێ هەبووایا مە پادشاهەک، گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک، گەر دێ هەبوویا مە ژێ خودانەک" ڕوودەدەن (خانی، ٤٣). واتە پرۆژەکە لە دونیایی واقیعدا بەردەنگی نییە، خودئاگایی خانی کە دەکەوێتە سەرووی ئاگایی خەڵکی سەردەمی خۆی، ناتوانێ واقعیکی نوێ بئافرێنێ، هەر بۆیە بە تەواونەکراوی دەمێنێتەوە. کەواتە دیدگای "خانی" بۆ سیاسەت و دروستکردنی دەوڵەت لە چوارچێوەی شیعردا، سەرەڕای داهێنەرانەبوونی وەک دەقێکی ئەدەبیی باڵا، بەڵام مۆنۆلۆگە و دەوڵەتی "ئەگەرە". لە ناو هزری "خانی"دا ئەگەر کورد پێویستییەکانی دەوڵەت دابین بکات، ئەو وەک بەشدار و خاوەن شت دەچێتە ناو جیهان و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆحی خۆی دەبەستێت و "دێنەڤە ڕح مەلێ جزیری و حەی دەکات عەلی حەریری و فەقێ تەیران شاد دەکات" (خانی، ٤٧). ئەمە خولیا و خەیاڵی شاعیرێکە لەگەڵ خۆی و یادەوەریی

پێشینەکانی خۆیدا، بەڵام کاتێ بەستێنەکانی لە ئارادا نین، هەر لە ئاستی خۆزگە و ئارەزوو دەمێنێتەوە. ئەوە پەیوەندی بە خودی خانییەوە نییە وەک داهێنەری دەقەکە، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ ناو پانتاییی کولتووری-سیاسیی کوردی و خۆبینینی لە جیهان و ئامرازەکانی بەیەکگەیاندنی خۆی لەناو سەردەمەکەدا.

## ٢-١-٢. حاجی: نەتەوە/دەوڵەتێکی پایەدار

یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ڕەوتی پرۆژەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردیدا هاتووەتە ئارا، ئاشنابوونی حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) بووە بە خانەوادەی میرانی بەردخان و ڕۆژنامەی کوردستان و پرۆژەی خانی، چونکە »گیانی نەتەوایەتی حاجیان بزواندووە« (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٢١). و هەر وەک خۆی دەڵێت دیوانەکەی لەسەر "نووسخەی خەتی خانی" نووسیوە (حاجی، ١٣٩٠، ١١٨).

حاجی زۆر ورد چەمک و وشەکانی بەکار دێنیت و لەناو ئەو پرۆسەیەدا بیر دەکاتەوە کە لە تیۆریی ناسیۆنالیزمدا پێی دەوترێت "دروستکردنی نەتەوە" بەو مانایەی هۆبزباوم ئاماژەی بۆ کردووە دروستکردنی دەوڵەت/نەتەوە بریتییە لە پرۆگرامێک بۆ بنیادنانی بینایەک کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت لەسەر "ناسیۆنالیزم" دروست دەکرێت (هوبزباوم،٢٠٠٨، ١٦٥). و تەنانەت "قەبیلی ئەکراد" زیاتر لەوەی ئاماژە بێت بە خێڵە کوردەکان، ئاماژە و وەبیرهێنانەوەی میراتی "خانی" و وڵاتی کوردانە، کە ڕێککەوتن و یەکبوونی بە هاوتای دروستبوونی دەوڵەت دەزانێ. دەرچوونی حاجی لە کۆیە، دەرچوون بووە لە چوارچێوەیەکی داخراوی بیرکردنەوە لە ناو خێڵ و شاردا، کارلێکی نێوان ئاگایی حاجی و داخرانی واقیعەکەی بووە، هەر بۆیە لە شیعرەکانی حاجیدا ڕەوتێک هەستی پێ دەکرێت لە عەشیرەتگەراییەوە بەرەو دروستکردنی خاک و دەوڵەتی کوردان، ئەمەش "خاڵی وەرچەرخانە لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بەرەو بزاوتی هەستی نەتەوەیەتی" (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٢٣). حاجی وەک فەقێیەکی بیرکەرەوەی گەڕۆک بە ناو وڵاتی خۆیدا "هەست بە "کوردبوون"ی نێوان خۆی و "خانەخوێ" ئەوەندە بەهێز ببوو، کە سنووری دوژمنان نەیانتوانیبوو کەرتی بکەن" (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٥٥-٢٦٤). کاتێکیش دەچێتە دەرەوی وڵات، بە هزری "ئازدیخوازی نەتەوە جیاوازەکان" بیری دژی عوسمانییەکان فراوانتر دەبێت" (مەلا کەریم. ٢٠٠٨، ١٠). هەر ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر خودئاگایی هەبووە لە ڕەوتی خۆتەکوینکردنی نەتەوەکانی تر و پرۆسەی نەتەوەخوازی، بە جۆرێک دواجار حاجی دەبێت بە بیرمەندی دەوڵەت/نەتەوە، دژی خەلافەت، چونکە "زوڵمیان عامە لە سەر عاممە" و بە بنەڕەتی کێشەکانی دەزانێت (حاجی، ١٤٧). حاجی "خودی کوردی" لە بەرانبەر"ئەوانیتر" دادەنێت و بەراوردێک دەکات لە نێوان "بولغار و سرب و یۆنان و ئەوانی دی کە بە هەموویان بە قەد بابان" نابن کەچی سەربەخۆن و ساحێبی دەوڵەت و جەیش و ئالا و ئەرکانی حەرب، لە هەمووی گرنگتر بۆ زەبت و ڕەبتی میللەت، گەورە و بچووکی خۆیان دەنێرن بۆ ئەورووپا (حاجی، ٢٣).

لە کاتێکدا لە ناو کوردا وەک بنەڕەت »دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ بیرێکی خۆییە« (نەبەز ،٢٠٠٢ ، ١٢٦). حاجیش لە ناو جیهانی شیعرەکانی و پرۆژە فکرییەکەی خۆیدا، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان نەتەوە وەک سەرەتا و دەوڵەت وەک بەرەنجام دروست دەکات. هەر بۆیە لە دووتوێی دێر بە دێری شیعرەکانیدا بە دوای هۆکاری ناکامی دروستنەبوونی ئەو کیانەدا دەگەڕێت کە لە واقعی جیهانی خەڵکدا هەیە و لای ئەوە بووە بە ئایدیاڵ.

### ١-٢-١-٢. هاوبەشەکان و نەتەوە

لە کاتێکدا فۆرمەکانی تری پێکەوەبوونی مرۆیی، کە یان دژایەتییەکان پەرە پێدەدەن، یان ڕەوشی سروشتیی خۆیان وەک ئەوەی هەیە قبوڵ دەکەن، دروستبوونی "نەتەوە" هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دروستکردنی چەمکی "هاوبەش" لە جیاوازبوونەوە بچێتە ناو هاوتابوون، بە هۆی "ویست will "ەوە کە لە دیدی ڕێنان لە زمان بەرزترە؛ لەسەر خاک و بە سیاسەتی ناوەندگەرایی نەتەوەی لێ دروست دەکرێت (ڕێنان، ٢٠٠١، ١٨٧). "هاوبەشەکان"، ئەوەی لە کۆدا پێی دەوترێت "کولتوور"، لای حاجی دەکەوێتە پێش دەوڵەت و لێرە لە "خانی" جیا دەبێتەوە. لە تەباییی نێوان زمان و کولتوور دەڵێت "ئەنواعی میلەل، مەمالیکی خەملیوە و یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ (حاجی، ٢٩). واتە ئەم هاوبەشانە دەبن بە توخم و ڕەگەزی دەوڵەت کە خۆیان وەک پێدراوی سروشتی-کۆمەڵایەتی هەن. داوای سیاسەتێکی پراگماتی دەکات "بۆ حیفزی دین و میللەت" و دەزانێ سەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێیە و سیستەمی خێڵایەتی و عەشیرەتی کۆتایی هاتووە، هەر بۆیە دەڵێت: "هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن" (حاجی،٩٣- ٩٥).

لە هەندێ شوێندا بیری حاجی نزیکە لە هزری بیرمەندی سیاسیی ڕێنسانسی ئەورووپا (نیکۆلۆ میکاڤێللی) کە هەم سیاسەتی بەدونیایی کرد و داوای دینێکی دەوڵەتی دەکرد و دروستبوونی

دەوڵەتی نەتەوەیی بەستبووە بە بوونی "میرێکی بەهێز و سوپایەکی یەکگرتوو (مەکیاڤیللی، ١٩٨٢، ١٣٩ و ١٥٠). حاجی داوای سوپایەکی مۆدێرن دەکات کە خاوەن تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی بێت، ئەگینا گەورەیی کورد ئەستەمە بێتەدی. پێی وایە "سەلاحی ئێستاکە "سیلاحە". خەباتی چەکداری دەبێتە زەروورەت وێرای تەگبیر و ڕاوێژ. (حاجی، ٧٩- ٩٦). چونکە لە سەردەمی مۆدێرندا دەوڵەتی پایەدار لەسەر بنەمای عەقڵ و هێز دادەمەزرێت و بە "شیر و خامە" دەوڵەت پایەدارە (حاجی ٣١-٣٢). ئەمەش بوونی سەرکردەیەک لەناو کورد کە ڕابێت و سەیری میللەتانی تر بکات کە چۆن "کەوتوونەتە سەر ڕێ" و بە ورەوە ناوی دەوڵەتیان لە خۆیان ناوە، وەک پێویستی دەردەخات (حاجی، ٢٢٩ -٢٣٠). واتە توخمی "ویست" کە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕۆنانی دەوڵەت/نەتەوە لای حاجی، بنەڕەتێکە کە هێز دەخولقێنێت و پێویستی بە هیممەتە. هەر بۆیە هێمن موکریانی (١٩٢١-١٩٨٦) وەک میراتگری حاجی و ڕایەڵەی ڕوحیی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات و ئیدئۆلۆگی کۆماری کوردستان ئەم ورە و ویستە لە خودی حاجیدا دەبینێ "کە سەد هێندی ئەڵوەند و "شوێن پێی ئەوی کردووە بە سورمە" (هێمن، ٢٧٠٨، ٢٥٥-٢٨٦).

### ٢-٢-١-٢. جوگرافیای خەیاڵکرد:

(گیلنەر، ١٩٣٤- ٢٠٠٢) پێی وایە تەنیا "ویست" بەس نییە بۆ بوونی "نەتەوە"، بەڵکو دەبێ کولتووری زۆرینە، کە سیاسەت دەیکات بە "کولتووری باڵای گشتێنراو"، ئینتیمای نەتەوەیی لەسەر دروست بکرێت. ئەمەش لەسەر جۆرێک ڕەزامەندی واتە شەرعییەتی سیاسی دادەمەزرێت کە »دژایەتیی نێوان سنووری یەکەی unit کولتووری و سنووری یەکەی سیاسی لەناو دەبات و ئیدی نەتەوە ئاوێتەکردنی ویست و کولتوورە لە یەکەیەکی سیاسیدا« (اندرسن وجیلنر، ١٩٩٥، ٣٦- ٣٧). ئەگەر ئەمە بۆ دەوڵەت/نەتەوەی ئەورووپا ڕاست بێت، ئەو لە جیهانی حاجیدا جوگرافیا و سنووری کوردستان کە لە ئاگایی حاجیدا ئامادەییەکی بێوێنەی هەیە و هەمووشی بە مەبەستی سیاسی بەکار دێنێت، تەنیا لە سنووری شیعرەکانیدایە. ڕووپێوێکی خاکی کوردستانیش دەکات لە بابان و کەرکووک و ناوچەی دزەیی و جزیر و بۆتان (حاجی، ٢١٧). تا دەگاتە "دەشتی بەهەشت ئایینی لاجان" (حاجی، ١٢٠) دەوڵەتی خانی لای حاجی، سنووری هەموو کوردستان دەگرێتەوە کە مێژوویەکی درەخشانی هەیە کە "کوردان ئازاد و سەربەخۆ و ساحیبی جەیش و عیرفان" بوون (حاجی، ٩٦) هەر بۆیە بۆ نەتەوە لای ئەوە بەرهەمی مێژوو و ئەفسانەیەکی لێک گراوە، لەنگەری دەستی سینانی کەیکاووس و گوردی شانامە و سەلاحەددین ئاوێتە دەکات. چەمکی "وڵات" و پەلامارداني لە لایەن بێگانە و تێکدانی دیمۆگرافی "خاکی جزیر و بۆتان یەعنی وڵاتی کوردان" وەک هەرەشەیەکی گەورە دەبینێت و باسی تێکچوونی دین و کولتووری کوردی دەکات پێی وایە "پەیدا بێت ئەرمەنستان نامێنێ یەک لە کوردان". بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمە داوای یەکگرتن و "ئیتیفاق" دەکات لە وڵاتێکی یەکانگیردا.
چەمکی خاکی کوردستان و گەلی کوردان دەبن بە دوو چەمکی کۆنکرێتی و پێناسەکراو، کە دەبێ فەلسەفەی حوکمڕانی بە مانا مۆدێرنەکەی بەردەوام تەبەنی بکات و حاجی ناوی دەنێت تەعسسوب (حاجی، ٣٣) کە هەمان ئاگایی نەتەوەییە لە بێ بەشیدا، کە کەوتووەتە دەرەوەی سیاسەت و جیهان و پێویستی بە بەخۆداچوونەوە هەیە.

### ٣-٢-١-٢. نەتەوە-دەوڵەتی حاجی

خەوی غەفڵەت یان جەهل کە هەمان ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، یەکێکە لە پایە گرنگەکانی شیعری نەتەوەیی کوردی و بەردەوام وەک سەرەتای دەرچوون لە قۆناغی پێش- نەتەوە دەردەکەوێت. لە لایەک داینەمۆی نەتەوە لای حاجی پەیوەست دەکرێت بە بەشی چەوساوەی کۆمەڵگا "گاوان و سەپان و جووتیار و شوانی کوردان" کە دەکەونە بەرانبەر داگیرکەری دوژمن، بەڵام "ناتەبایی" و "ئاگری بن کا"یی، کوردی ڕەنج بەخەسار کردووە. (حاجی، ٧٧-٧٨) لە لایەکی ترەوە لە ناو نۆستالژیای مێژوویەکی پرشنگداردا بە دوای "وێنەی نەتەوە" و هەستی ژیاندۆستیی وڵاتی کوردان‌دا وێڵە، کە کێشەکانی مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە "دیباچەی مەم و زین"دا ئەحواڵی سوخەندان"ی تێدا باس کراوە (حاجی، ٩٨-١٠١). هەر بۆیە "نەتەوە" لە ئاستی سوبێکتیڤدا مانایەکی سیمبۆلی و سنووری خێڵ و عێل دەبڕێت و لە پێدراوی واقعییەوە دەگۆڕێن بۆ یەکەیەکی گەورەتر کە خاکی کوردستان و گەلی کوردە. داوا دەکات "بێنەوایانی موڵکی کوردستان" لەم خەوە هەستن و سەیری جیهان بکەن، دەبینن "حاجی" بە شیعرەکانی وەک "کاوە" ڕۆژێ درەفشی هەڵداوە.
هەر وەک چۆن لە مێژووی ئەورووپا پیشەسازیی چاپ، تاکەکانی لێکگرێدا و "ئاگایی نەتەوەیی" دامەزراند و لە ڕێگەی "زمانی فەرمی" و "بنیاتنانی "بیرۆکەی خودێتیی نەتەوایەتی" فۆرمێکی نوێی لە کۆمەڵگای خەیاڵکرد دروست کرد (اندرسن، ١٩٩٩، ٥٠-٥١) و پێشکەوتنی

پەروەردە و خوێندن و بەرەوپێشچوونی قوتابخانە و زانکۆکان بوون بە پێوەری پێشکەوتنی تەوژمی ناسیۆنالیستی (هوبزباوم ، ٢٠٠٧، ٢٦٢). حاجیش نەتەوە پەیوەست دەکات بە "ویستی خودی کورد"ەوە کە لە ڕێگای تەئریخی هاوبەش و کتێب و جەریدە دەبن بە یەک، لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە "جل و بەرگ و زبان و ڕەسم و ئایین" دێتە بوون. (حاجی، ٢٢٩-٢٣١) واتە هەستی نێوکۆیی بە چارەنووسی وەکیەک دەبێتە مۆرکێکی گرنگی ناسنامە (نەبەز ،١٩٨٦، ٤٩).

حاجی تێپەڕینی قیتاری دەوڵەتسازی لە سەردەمی خۆیدا هەست پێ دەکات و پێی وایە تەنیا بونیاتنانی دەوڵەت، کورد لەم دۆخی پەستییە ڕزگار دەکات. هەر بۆیە بوونی "دەوڵەت" و "ئاگایی لەمەڕ دەوڵەت" بە پرسی مەرگ و ژیان دەزانێت و داوای دەوڵەتێکی پایەدار دەکات کە دەبێ وەکو "بت بیپەرستن جەمعی میللەت" (حاجی،٢٥١-٢٥٦). واتە ئاگایی سەبارەت سەربەخۆیەتی و سەردەم، ئەوەش بەو مانایەیە کە حاجی لە ناو زەمەنی خۆیدایە و هۆشیارە پێی، چونکە »کات دیاریکەری ئاگاییە و کاتمەندی فۆڕمەکانی دەرککردن، خەیاڵکردن، وەهم، یادەوەری، بیرەوەری و هتد دابین دەکات« (هوسرل، ٤٨٦) و ئەم ئاگاییەش لەمەڕ سەربەخۆیی نەتەوەیی‌یە، چونکە هەر وەک فیختە ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەی سەربەخۆ نەبێت لە ناو زەمەندا نییە و هێزی دەرەکیی ناوەڕۆک و چارەنووسی دیاری دەکات (فیختە، ١٩٧٩، ٣٣). حاجی لە ناو سەردەمی خۆیدا ئاگایە بە بوونی پارچەی پارچەی خۆی وەک کورد و ئەمە لە زمانی شیعریدا بە جۆرێک ڕەنگی داوەتەوە کە بووە بە سەرەتای "ئاگایی ڕەنجاو" بە مانا هیگڵیەکەی.

## ٤-٢-١-٢. شیعر و قاڵبەکانی بیرکردنەوە

ئەو جەدەلە هزرییەی حاجی وروژاندوویەتی نە لە ناو واقعی کوردیدایە و نە بەردەنگیشی دیارە، هەمووی لە ناو خودی شاعیردا دەگوزەرێت، ئەگەر شیعر ناچاری دەکات »وەک پێویستی بیرازێنێتەوە« (خانزاد، ٢٠١٢، ١٥١). بەڵام هاوکات ئایدیاکان کورت دێنن. حاجی وەک پایەبەرزێکی شیعری نەتەوەیی، خۆی هەست بەمە و هاوجووت نەبوونی پەیامە سیاسییەکەی و دەربڕینە شیعرییەکەی دەکات و دەڵێت: "بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن/ مەقسەدم لەم بەند و باوە دەربچن" (حاجی، ٢٠٧). ئەم ئاگاییەی حاجی لەهەمبەر نارێکیی زمانی شیعری خۆی پەیوەستە بە بێ‌توانایی شیعر لە دەربڕینی فەلسەفەکەی و گوزارشت نەکردن لە باری مانایی و لە قاڵبدانی عەقڵ و پێی وایە "سەراپا وەکوو خۆی بێ سەر و پان" (حاجی، ٩٣). هەرچەندە حاجی هەوڵی داوە چەندی لە توانایدایە لەنێوان ڕیتۆریکا و مانا « زیاتر گرنگیدانی بە واتا بدات» (خانزاد، ٢٠١٢، ١٥٢) و هوشیارییەکەی بەرامبەر بە زمان کە دەبێتە پرۆژە لە رووی چۆنایەتییەوە، ببێتە زمانی شوناس و خۆسەلماندن و مانەوەیە (سیوەیلی،٢٠٠٤، ٥٥ و٦٠). بەڵام قورسیی قاڵبی شیعری بارێکی گرانە بە سەر ئاگایی حاجی قادر، تا ئاستی ئەوەی بێژیت: "قەڵەم شکا و موڕەککەب ڕژوا نامە نەما/لە داغی قافیە تا خۆی گەیاندە ئاە و ئەنین". فۆڕم یان قاڵب بە چەشنێک تەنگی بە فکری هەڵچنیوە کە لە مۆنۆلۆگی خۆیدا دەڵێت: "داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ/ پێت دەڵێم چۆنە ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە". هاوکات هەستی بە ئاوابوونی زمانی شیعریش کردووە. "سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ/ ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان و ڕۆمان و جەریدە" باوە. (حاجی،٩٨- ١١٨) ئەوەش هەمان ئەو بیرۆکەیە کە هوبزباوم و ئەندرسن جەختی لەسەر دەکەن کە پێیان وایە "ڕۆژنامە" بوو بە ڕایەڵی پەیوەندی بۆ دروستکردنی نەتەوە (اندرسن، ١٩٩٩، ٥٠ و هوبزباوم، ٢٠٠٧، ٢٦٣).

لە نەریتی هزری نەتەوایەتیدا »"زمان" و "مەفتەن یان نیشتمان" بۆ هەستی هاوبەش لە ژووررووی هەموو پەیوەندییەکەوە دێن« (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٦٦). "حاجیش بێئاگا نەبووە لەوەی کە زوبان چ دەورێک یاری ئەکا لە پێکهاتەی نەتەوەدا (مەلا کەریم، ٢٠٠٨، ٣٠) و تەنانەت زمانی نەتەوەیی دەبێت بە بەشێکە لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و پێی وایە "ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی/موحەققەق داکی حیزە بابی زانی". جەخت دەکاتەوە ئەگەر کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز بە کوردی بنووسرایە زوبانی" دەبووە هۆی هەرمان و نەمریی کورد و مێژووەکەی (حاجی، ١٥٢-١٥٣). بەم جۆرە »زمان دەبێتە پێناسەیەکی زۆر گرنگی "کوردبوون"« (نەبەز، ١٩٨٦، ٩) و حاجی، کوردی بە زمانی حەق دەزانێت، بەڵام چونکە کۆ نەکراوەتەوە، بەرەو لەناوچوون چووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکانی تر بە زمانی کەچ و خەتی خواریان چوونەتە ریزی نەتەوە گەورەکان و خەریکە خۆیان بە دەوڵەتیش لە قەڵەم بدەن.

یەکەم؛ زمانی حاجی ئاگاییەکی بۆ خودی ئەو خوڵقاندووە کە بەرفراوانترە لە سنووری کێش و قافیەی شیعرەکانی، هەر بۆیە کاتێ دەکەوێتە ناو قاڵبی شیعری ئاگاییەکە لە قاڵب دەدرێت

و ئەوەش خود- ئاگایی حاجی تووشی ڕەنجاوی دەکات. دووەم؛ حاجی شیعری فارسیشی نووسیوە، بەڵام لە هیچ کامیان باسی نەتەوە و دەوڵەت ناکات و ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان زمانی کوردیی حاجی و کێشەی نەتەوەکەی لە ئاگایی سیاسیدا کە لە ڕێگەی شیعرەوە دەجووڵێت (حاجی، ٢٧٠-٢٨٤). هەروەک هێردەر (١٧٤٤-١٨٠٣) دەڵێت: هەموو گەلێک لە خۆیدا وێنەی نەتەوەیی و زمانی خۆی هەیە. (اندرسن، ٧٣) سێیەم؛ حاجی ناگات بە نیهێلیزم و هەر بۆیە تا کۆتایی »بە جۆرێکی عاشقانە و دیوانە باسی کورد دەکات«. (محەمەد، ١٩٧٤، ٢٨٣) و خەونی دەوڵەتێکی کوردی کە هیوای "جەمیعی کوردستان" بێت لای ئەو هەر دەمێنێتەوە و دەبێتە "غەمخۆری گەلی کوردان".

## ٢-٢. لە گوتاری دەوڵەتەوە بۆ چەمکی نیشتمان و وەتەن

### ١-٢-٢. ئەحمەد موختاری جاف: نیشتمانپەروەری دونیاگەرا (عەلمانی)

هێڵی گشتیی ئەحمەد موختار جافیش (١٨٩٨-١٩٣٥) بۆ تێگەیشتن لە دەوڵەتی کوردی بە سەرەتای دابڕان لە خەونی خانی/حاجی دادەنرێت، واتە هێشتا بەشێک لە چەمکە سیاسییەکانی ئەو دووانە ئامادەیی‌یان هەیە، بەڵام بە ئاراستەی باڵادەستیی چەمکگەلی تر دەڕواتە پێش. بە بەراورد بە خانی و حاجی چەمکی دەوڵەت بە مانای کیانی سەربەخۆی کوردی لە شیعرەکانی ئەحمەد بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و لە جیاتی ئەم چەمکە چەمکەکانی وەتەن، خاک، نیشتمان جێگەی دەگرێتەوە. "بۆ وەتەن من ڕۆژێ سەت جار ڕۆحی خۆم قوربان دەکەم" (ئەحمەد، ١٩٨٦، ٨٨). ئەمەش ڕەنگە دوای ڕەگداکوتانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن لەسەر خاکی کوردستان بە تایبەتی دەوڵەتی عێراق و ئێران بووبێت و چی تر ئومێدی ئەوە نەمابێت کە کورد بتوانێت ببێتە خاوەنی کیانی خۆی.
لای ئەحمەد سەربەخۆیی هەم بە مانای ڕزگار بوون لە ژێردەستیی ئەویتر و هەم خاوەنی خۆبوون بە مانا بەرفراوانەکەی ئامادەیی هەیە. "گاهێ حەملە ڕوو بەڕووی ئێران، گەهێ تورکان" (ئەحمەد، ٨٨). مامۆستا سەجادی پێی وایە ئەحمەد توانیویەتی مرۆڤ و خاک و نیشتمانپەروەری تێکەڵی یەکتر بکات. "بە خۆڕایی لە دەستی مەدەن ئەم خاکە شیرینە کە تۆزی وەک جەواهیر سورمە و کوحلی بە سەرتانە". کەواتە ئەحمەد هەنگاوێک لە ئاراستەی ناسیۆنالیستیی خانی/حاجی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و بەرەو نیشتمانپەروەری هەنگاو دەنێت و ڕەگە سیاسییەکانی خۆی ون دەکات. ئەمە پێچەوانەی تیۆریی ڕەوتی نەتەوەسازییە کە دەرچوونە لە نیشتمانپەروەری بەرەو ناسیۆنالیزم بەو مانایەی کە ڕێنان ئاماژەی بۆ دەکات (ڕێنان، ٢٠٠١، ١٨٣). چونکە نیشتمان چەمکێکی پەیوەست بە خاک و سروشتە لە خەیاڵی تاکەکاندا، بەڵام نەتەوە چەمکێکی زهنی و خودییە سەبارەت بە بوونێکی وێنەیی گشتێنراو، یان هەروەک هیردەر (١٧٤٤-١٨٠٣) جەختی لەسەر دەکاتەوە تایبەتمەندییەکی ئۆرگانی هەیە و سروشتی خۆی بە هۆی زمان و کولتوورەوە دەناسێت (باربییە، ١٣٨٦، ٢١٣).

### ١-١-٢-٢. جوگرافیای خەیاڵکرد و گەشەی کورد: چەمکی وەتەن یان نیشتمان، ئەحمەد بەرەو

خاڵێکی گرنگی نەتەوەگەرایی کوردی دەبات کە پێشتر لای خانی و حاجی وەک چەمک قووڵ نابێتەوە، ئەویش وشەی "کوردە". لە شیعرەکانی ئەحمەددا کورد مانایەکی ئەبستراکت وەردەگرێت و چی تر وەک کۆی خێڵ و قەبیلەی ئەکراد نابینرێت، بەڵکو دەبێت بە وجوودێکی کۆنکرێتی پێناسەکراوی جێگرتوو. "لە خەو هەڵسن 'میللەتی کورد'، من کە 'کوردم' حەز لە "خاکی پاکی" یان "بەرزی خاکی" کوردستان دەکەم یان دەڵێت شێتی چاوی لەیلی 'کوردم'، داخی "کوردی" فەخرە ئێستا (ئەحمەد، ل ٨٨). ئەمە دواتر دەبێتە ئیلهامبەخشی هێمن موکریانی و لە شیعری "تینووی ئازادی"دا، تەنانەت ناوی ئەحمەد موختار جافیش دەگۆڕێ بۆ "ئەحمەدی موختاری کورد" (هێمن،٢٠٠٣، ١١٤) و بە ئاگاییەوە جەخت لەسەر وشەی "کورد" دەکاتەوە و دەبێتە چەمکێکی داکوتراو و "کوردبوون" بەردەوام ناوەرۆکەکەی پڕ دەکاتەوە (هێمن، ٢٠٠٣، ١٦٧). ئەم خودئاگایی و هۆشیارییەی ئەحمەد لای هێمن وەک ئەزموون بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینێکی نوێ لێکی دەداتەوە.
خاڵێکی تر وەک نەریتی شاعیرانی نەتەوەییی کوردی قسەکردنە لەسەر جوگرافیای سیاسی و دیمۆگرافیی کوردستان وەک جوگرافیایەکی خەیاڵی ناو هەست و سۆز و یادەوەریی شاعیر. "ناڵەی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە" و جارێکی تر سنووری خاکی کوردستان وەک حاجی دیاری دەکات و وەک خانی داوای "ئیتیحادی کوردی خۆمان و سنە و بۆکان دواتر بۆتان" دەکات (ئەحمەد، ٨٨ و ١٣٤). لەوێشەوە پێی وایە ڕۆژێ دێت ئەولادی کورد دێنە مەیدان و بە "عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە" و هەموو خاکی کوردستان یەک دەخەن.
هەر وەک چۆن لە مێژووی ئەورووپادا ناسیۆنالیزم لەگەڵ شۆڕشی زانستی و گۆڕانی

پەیوەندیی ئابووری-سیاسیدا دێتەئارا، شاعیرانی نەتەوەییی کوردیش بەردەوام داوای ئاگایی واتە دەرچوون لە نەزانی دەکەن، چونکە ئاستەنگن لە بەردەم هەر سێ چەمک و بواری بەردەوام ئامادە بۆ سەردەمی مۆدێرن وەک منداڵدانی ناسیۆنالیزم واتە "عیلم و سنعەت و عیرفان".

خاڵی جێگەی تێڕامان ئەوەیە ئەحمەد، چەمکی "دەوڵەت" بەکار ناهێنێت، پێی وایە نەوجەوانانی وەتەن، ئەم میللەتە یەک دەخەن هەر لە کرماشانەوە هەتا ورمێ و وان و جەزیرە و زاخۆ و خاکی کوردستان بە بابان گرێ دەدەن. وەتەنێک بونیاد دەنێن قیبلەی کوردانە و لەشکرێکی مۆدێرن و ڕێکخراو دروست دەکەن. لە کۆی شیعرەکانیدا سەرەڕای ئەوەی ڕەگی سیکۆلاریزم وەک ڕەهەندێکی ناسیۆنالیزم لە بیروبۆچوونی ئەحمەد بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام خاکی کوردستانە نەک دەوڵەت دەبێتە "مەزهەب و ئیمانەکەی".

### ٢-١-٢-٢. خەیاڵی زانست و لێکبەستنی میللەت:

هەر وەک ئاماژەی بۆ کرا، زانست و پێشکەوتنی پیشەسازیی چاپ ڕێگەی سەرەکی بوو بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی نەتەوە، کە هەم دەبێتە هۆی ئاگایی تاک و دەرچوون لە سیستەمی پێش سەرمایەداری کە دەرەبەگایەتییە، هەم لە پێناو لێکبەستنی هەموو ئەندامانی جڤاکی کۆمەڵگا کار دەکات. لەدایکبوونی "جڤاتی فانتازی " لەسەر بنەمای نەتەوە بە باشترین شێوە لە ڕۆمان و ڕۆژنامەدا دەکەوێت ئەم دوو شێوازە، ئامرازی تەکنیکییان پێشکەش کرد بۆ دووبارە پێشکەشکردنی جۆری جڤاتە خەیاڵکردەکان imagined community کە بریتی بوو لە "نەتەوە" (اندرسن،١٩٩٩، ١۴). ئەحمەدیش ڕۆژنامە وەک ڕایەڵەی لێکبەستنی میللەت و چرای ڕۆشنکردنەوەی عەقڵ لێک دەداتەوە و کاتێ پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) وەک بونیاتنەری ناسیۆنالیزمی شار و زیندووکەرەوەی بۆنە و یادەوەریی سیاسی، چاپخانەی ژین لە سلێمانی و ڕۆژنامەی بانگی کوردستان دەردەکات، ئەم شاعیرە مونەوەرە و زانستپەروەرە بە هۆکاری پێشکەوتنی دەزانێت و ئەمەش دەبەستێتەوە بە مۆدێرنیزەکردنی کوردستان و تەعمیرکردنی موڵک و دروستکردنی ڕێگەی ئاسن بە جۆرێک هەموو کوردستان لێک ببەستێت.

ڕوانگەی ئەحمەد بۆ زانست دەشێت بە زانستگەرایی، واتە جۆرێک پیرۆزی بەخشین بە زانست ناوزەد بکەین کە بۆ "دیفاعی تیغی دوژمنان قەڵغانە و جەهل و ئەسیربوون دەخاتە بەرامبەر عیلم و زەفەر و ڕێگەیە بۆ دەرچوون لە "چەند ساڵە ئەسیریی پەنجەی دێو" (ئەحمەد، ٣٥ و ٨٦). سەرەڕای پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردانەش بە خاڵێکی ئەرێنی لێکبەستن و تۆکمەبوون دەزانێت و پێی وایە دەبێتە هۆی بناغەی عیلم و سەنعەت و سەبەب بۆ حوڕ ژیان. ئەمەش لە ڕوویەکی ترەوە بە مانای ڕۆشنگەری و باڵادەستیی عەقڵە، کە "غەیری مەکتەب، هیچ عیلاج و سیلاحێکی نییە" بۆ وەتەنێکی نەخۆش، کە پێویستە پزیشک و کەسانی منەوەر و دانای ڕێبەرایەتی بکەن.

### ٣-١-٢-٢. ئەحمەد لە نێوان شۆڕش و نیهێلیزمدا

ئەحمەد کاتێک یەکێتیی کوردان و ڕابوون نێو شیعرەکانی و واقیعی کورد بەراورد دەکات و هیچ هاوجووتییەک نابینێ و "لە خەو هەڵناستێت میللەتی کورد"، تووشی جۆرێک لە نیهێلیزم دەبێت و تێکەڵ بە نۆستالیژیا و توندڕەوی دەکات "ئارەزووی دەوری تەرەکی حاکمی بابان دەکەم". لە داخی دەهری دوون خەریکە فەلەک بە سەر خۆی دا بڕوخێنێ، بەڵام تا کۆتایی پایەدارە بە بیروباوەڕە سیاسییەکانی خۆی، بە نامەردی خۆی لەقەڵەم دەدات ئەگەر بێتو "شانی لەبەر ئەم بارە ببزێوێ". ئەمەش بەرەو جۆرێک لە توندڕەویی نەتەوەیی دەبات و دەڵێت بۆچی دیلی قەومی نەزانن لە کاتێکدا خۆتان لە قەومی کاوەی ئاسنگەرن و دیجلەی "ئەوانیتر" چڵکاوی "وان"ی کوردە یان دەڵێ: "چلۆن دەیدەم بە خورمای قاچ و قول ڕووت/ قەدی بەرزی چنار و گوێز و هار ژەنگ" یان "نا وەجاخییە هەر کەسێک خزمەتی "غەیری خۆی" و ئیتاعەی "دوونان" بکات". هەڵچوون و داچوونی شاعیر لە نێوان واقع و ئەو ئایدیالەی لە خەیاڵیدایە بەردەوام لە نێوان نیهێلیزم و شۆڕشگێڕیدا جووڵەی پێ دەکات، ڕوو لە شار و موڵکی ئامەد و شاری سلێمانی و سابڵاخ دەکات بۆ یەکێتی، بەڵام کاتێ دونیای دەرەکی ناتەبایە لەگەڵ جیهانی ناوەوەی شاعیر و هیچ لە یەخسیری ئەو ناگۆڕێت دەڵێ: "گەر لە مەحبووسی خەلاس بم دوشمنانم پەت دەکەم" (ئەحمەد، ل ٩۴ و ١٠٧). بەشێک لە خەونی دامەزرێنەرانی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی خانی/حاجی لە بیرکردنەوەی ئەحمەددا ئامادەیی‌یەکی بەرچاوی هەیە "ئیتتفاق" و "ئیتتیحادی میللەت" سەرەڕای باڵادەستیی نەزانی وای کردووە پرۆژە سیاسییەکەی ئەحمەد ناتەواو بمێنێتەوە، بەڵام "خودی کوردی" لای ئەو پێگەیشتووە بە ڕوونی هێڵی نێوان 'من'ی کورد و 'ئەویتر'ی نا کوردی دیاری دەکات، بەڵام دیسان بەهۆی چوارچێوەکان و قاڵبی شیعری

و "قافیەی تیکرار و تەنگەبەرەوە" (ئەحمەد، ٥٥-١٤٢) ئەم ناوەرۆکە ڕوونە لە سنووری بەرتەسکی هۆنراوەدا لەمەندە زیاتر دەرنابڕدرێ. زمانی ئاگایی ئەحمەد و جەختکردنی لەسەر کوردبوون لەسەر خاک لە دەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، و عەقڵی تاک کە دەبێت لە ڕێگەی زانست و عیرفانەوە ناوەرۆکەکەی پڕ بکرێت و هاوکاتیش سەنعەت ببێت بە بەشێک لە ژیان، خاڵی جیاکەرەوەی هزریەتی، بەڵام هەموو ئەمانە لە سنووری شیعر و فەلسەفەی ئاگاییدا دەسوورێنەوە.

### ٢-٢-٢. قانع لە چاوەڕوانیی "شۆڕش"ێکی ڕادیکاڵدا

#### ١-٢-٢-٢. خود و ئەویتر

قانع (١٨٩٨ – ١٩٦٥) پێیەکی لەناو هزری جیهانییە کە لەناو ئاگایی ڕۆشنبیراندا جووڵەی کردووە بە مانا سادەکەی، و پێیەکی تری لەناو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردەواریدایە بە مانا هەرە قووڵەکەی. لە ڕووی ئەنتۆلۆژییەوە گرفتی "خۆدۆزینەوەی کورد" کێشە گەورەکەیەتی و پێی وایە دەبێ کورد "ئاڵی خۆی بێت نەک زەلیلی باری ئەویتر" (قانع، ٢٠١٤، ٤). واتە لە نێوان کێشە لەگەڵ ئەویتری "ڕۆم و عەجەم" وەک قەوم، "عوسمانی و سەفەوی" وەک مەزهەب، "ئێران و تورک" وەک نەتەوە، یان "ئەنقەرە و تاران و بەغدا، وەک مەنبەعی زوڵم و ستەم" (قانع، هەمان، ١٢٢) وەک دەرکەوتەی ناسیۆنالیستی، ئاراستەی شیعرەکانی کە هەمان گوتاری سیاسیی زاڵی سەردەمی خۆیەتی ڕوو لە ناوخۆ دەکات و "خودی کوردی" و خودی خۆیشی دەداتە بە ڕەخنە. هەر بۆیە لێرە »سنووری نێوان خود و بابەت دەبێتە پردی ئاوێتەبوونی نرخە ئەخلاقییەکانی شاعیر و مۆراڵی دەستەجەمعی و ئازاری خۆی و نیشتیمان دەبن بە یەک« (بەختیار، عەلی، ١٣٥). بە دوای "وەتەن" یان نیشتمان"دا دەگەڕێت و ڕوو لە "کورد" دەکات و خۆی "سەری پڕ لە سەودای نیشتمانە". لە ئاستی دەرەکیدا کاریگەرە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیای ١٩١٧ و بڵاوبوونەوەی ئەوەی ئەو بە "قانوونی سۆشیالیستی" ناوزەدی دەکات و گوتارەکەی، هەربۆیە ئەمە دەکات بە ئامرازێکی مەعریفی-شیعری بۆ دژایەتیکردنی سیستەمی دەرەبەگایەتیی زاڵی سەردەمی خۆی و بیر و باوەڕی خەڵکخەڵەتێنی ئایینی و "کەشیدەی فرتوفێڵ. پەیوەندییەک لە نێوان "کاکی مالیک و دینی خوێنمژیی بێدەسەڵاتان". دەئافرێنێ، کە هێزی دەرەکی واتە کۆلۆنیالیزم پشتی سیستەمی دەرەبەگایەتی گرتووە و دەسەڵاتی سیاسیی زاڵی کردووە بە "نۆکەری واڵ ستریت" (قانع، ٨-١٢٣). ئەگەرنا بە ئاسانی دەڕووخێت. بەم جۆرە لە پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی خانی و حاجی و دواتر نیشتمانپەروەریی ئەحمەد، ئێستا لای قانع ئاراستەی ڕەوتی ئاگایی نەتەوەیی کوردی بەرەو شێوازیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی کوردی دەچێت و کێشەی چینایەتی دێتە سەرەوە.

#### ٢-٢-٢-٢. لە نێوان نەتەوە و چینەکان

قانع لە چەمکی "نەتەوە" وەک چەمکێکی ئەبستراکتی هەمەکی کە هەمووان لە ژێریدا یەکرەنگن و جیاوازییەکان ون دەبن، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-چینایەتی کۆمەڵگا هەڵ دەداتەوە، هەر بۆیە چەمکی "کورد" مانایەکی تایبەت و چینایەتی وەردەگرێت و دەبێت بە بەشی "چەوساوەی کۆمەڵگا"، "چینی جووتیار" و "کرێکار" دەبن بە سیما و جەوهەری چەمکی نەتەوە (قانع، ٩)، ئەمەش گۆڕانێکی تری ڕەوتی ناسیۆنالیستیی کوردە لە دیوانی ناسیۆنالیزمی کورددا. ئەگەرچی یەکێتی و دۆستایەتیی خەڵکی بە ناخی فەلسەفەی ئەفکاری قەومی و ناسیۆنالیزم تێدەگات و هەر چەند پێی وایە ئەوەی "بێ دەوڵەتە، سووکتر لە کایە" (قانع، ٣٠٧)، بەڵام لای قانع "چین" دەکەوێتە پێش "نەتەوە" و دەوڵەتێکی سۆشیالیستی دەخوازێ، دەوڵەتی وەرزێڕ و جووتیار و گاوان و بەردەوام "وەتەن" و "دایکی وەتەن" و "نیشتمان" جێگەی چەمکی "دەوڵەت" دەگرێتەوە. ئەوەی لە هزری قانعدا دەبێت بە سەنتەری بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی، چەمکی "شۆڕش"ێکی ڕادیکاڵە کە هەم سیستەمی سیاسی و هەم سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتی تێک دەشکێنێ. واتە "شۆڕشی ناڵین و بت پەرستی" دەگۆڕێ بۆ شۆڕشی چینی زەحمەتکێش. چەمکەکانی (کار، کرێکار، هێزی بازوو، بێکاری، هێزی باوەڕ، هەژاری) و بەرژەوەندیی گشتی (قازانجی عمومی) جووتیار و پاڵ و ڕەنجبەر و گرووهی برسی لە چەمکی کۆمەڵایەتی- ئابوورییەوە دەگۆڕێن بۆ چەمکی سیاسی کە ئەگەری گۆڕانیان لە ناوخۆیاندا هەڵگرتووە لە ڕێگەی هۆشیاری و زانینەوە. پێی وایە "هەر زەمانێ چاوی بەربوو کوردی ڕەندی هۆشیار" ڕاپەڕین و شۆڕش سەر هەڵدەدات. (قانع، ٢٣٧) ئەم ئاگاییە سەبارەت بە "خود" شۆڕ دەبێتەوە بۆ پرسی "جێندەر و ڕەگەز" و دەبێت بە بەشێک لە خەباتی چینایەتی و شۆڕش دژی خێڵ و عەشیرەت و دەرەبەگ و سەرەتای دروستکردنی "وەتەن" و ئاگایی سەبارەت بە نیشتمان کە بە هاواری "ئەی وەتەن" دەری دەبڕێت و ئەمەش هاوشانە لەگەڵ ئازادی و ریفۆرمی ئابووری و زەویوزار. کەواتە قانع کۆمەڵگا وەک کوتلەیەکی یەکانگیر

نابینێت، بەڵکو لە نێو دوالیزمێکی پڕ لە دژایەتیدا لە نێوان (سەپان/میر، خان، ئەشرەف/ جووتیار، ئەعیان خانەدان بەگلەر کورەئاغا توججار/ کرێکار و زەحمەتکێش) لە جووڵەدایە، هەربۆیە داوای ڕووخاندنی قەسر و کۆشکی لۆردی شاران و دارشتنی کۆشکی یەکسانی ژیان دەکات.

### ٣-٢-٢-٢. جوگرافیای خەیاڵکرد و کۆلاژی مێژوو

یەکێک لە بنەڕەتەکانی ناسیۆنالیزم یان ئاگایی نەتەوەیی دروستکردنی جوگرافیایەکە کە دژی جوگرافیای فەرمی/سیاسی داسەپاوە، سنووری خاکی وەتەن بە جۆرێکە کە شاعیر خۆی وێنای دەکات و وەک حەقیقەت دەینەخشێنێ و وەک بەڵگەنەویست سەیری دەکات، چونکە سەرحەدێکی سروشتی/ دیموگرافییە. لەم سۆنگەیەوە قانع بانگ دەدات کە لە "کوردستانی خوار و ژوورو شۆڕش بکەن لە ڕووی نەزانین و جەهلدا و تۆوی نیفاق و ئەجنەبی دەرکەن هەتا سنوور". بە شیعر باسی سنووری کوردستان دەکات، بەڵام نایبەستێتەوە بە "دەوڵەت" بەڵکوو بە "خاکی کوردان" ناوزەدی دەکات (قانع،٤٦٧). ئەم جوگرافیایە دەبێت بە جوگرافیای خەیاڵکرد کە سنووری نێودەوڵەتی دەسڕێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە ئاگایی سیاسیی نەوەکانی دواتر و هەر وەک هێمنیش پاشتر پێی وایە هیچ کەسێک ناتوانێ بێت بەرەو "سنوور و سەرحەدی خاکی وەتەن" (هێمن،٢٧٠٨، ٣٨٨).

بەم جۆرە بەرهەمهێنانی ئاگایی دەبێتە خاڵێکی گرنگی خەیاڵی شیعری قانع، بۆ نموونە چەمکی "نەورۆز" پەیوەست دەکات بە ئەفسانەی زوحاک و کاوە و ناوی دەنێت جەژنی لاوان و جەژنی میر و گاوان، بەڵام لە جەژنێکی نەتەوەیی‌یەوە دەیگۆڕێت بۆ "کاتی کشتوکاڵ" و کاتی "کار" و پێی وایە هەر کەسێ نانی هەبێ جەژنی ساڵیەتی. ئەوە جگە لەوەی جەژنی ڕاستەقینە "خوێندن و هۆشیارییە".

بەشێک لە یادەوەریی شاعیرانی کلاسیکی کورد بە تایبەتی لەسەر ئاستی نەتەوەیی لەژێر کاریگەریی "شانامەی فێردۆسی"دایە و قانعیش لەسەر هەمان هێڵ هەوڵ دەدات، مێژوویەک لە نێوان ئەفسانە و ڕاستی کۆلاژ بکات، کە یارمەتیی ئەفسانە و خەیاڵی ناسیۆنالیستی و ڕەگی هاوبەشی نەتەوە دەدات. ڕۆستەم و ئەفراسیاب و کەریم خانی زەند و ئەردەڵان و سەلاحەددین لێکگرێ دەدات، مێژووی کۆنی کورد و میرانی ڕەواندز بە شیعر دەهۆنێتەوە (قانع، ٥٢٩). هەر بۆیە »ململانێی نێوان لۆژیکی وێنە و حەقیقەتی واقیع تەواوی ئەزموونی قانع و کێشە ویژدانییەکانی ناو شیعری ئەم شاعیرە داگیر دەکات« (عەلی، ل ١٠٢-١٠٣). یۆتۆپیای وێنەیی ناو خەیاڵی شاعیر و تراژیدیای ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردەواری واتا پرۆسەی بەئایدیالکردنی واقیع و وێنە بەرهەمهێنراوەکانی خەیاڵی شاعیر لەژێر کاریگەریی ئەفسانە و وێنەی نەتەوەکانی تردایە کە ئەویش بەرهەمی ئەفسانەی وەک شانامەی فیردۆسین. ئەم کۆلاژە مێژوویی‌یە کە لە ژێر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی ئەوانیتر سەری هەڵداوە، دەیەوێت شانازی نەتەوەیی و ڕابردوو بکات بە ئاوێنەیەک ئێستای پڕ لە قەیران و پارچەپارچەبوونی پێ داپۆشێت.

### ٤-٢-٢-٢. نەتەوە و سەرکردە

ماکیاڤیللی کە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی سیاسەتی سیکیۆلار و دەوڵەت- نەتەوەی ئەورووپایی دادەنرێت، پێی وایە دوو مەرج پێویستە بۆ دەوڵەت "میرێکی بەهێز و لەشکرێکی نیشتمانی" و دوو ئاستەنگیش نەتەوە لەناو دەبات "کلیسا و دەرەبەگەکان" (میکافیللی، ٤٤). قانع بە هەمان پێودانگ جەخت دەکاتەوە کە هەموو کارەسات و مەینەتییەکانی کورد بۆ نەبوونی سەرکردە و ڕێبەرێکی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە داوای ڕێبەر و سەرکردەیەک دەکات و دەپرسێت لەبەر چی ڕۆژی هیوای کوردستان هەڵ نایەت و بۆچی کورد هیوا و فتووحاتی نییە؟ بۆچی بۆ ئێمە نەبوو ئینقلابی (شۆڕشی) بەڵکوو سەرکەوین و تەی کەین مقامات (قانع، ٨٦). جەخت دەکاتەوە کە چوار شت بوونەتە نەگبەتیی کوردی هەژار: "جەهل، بێ ئەقڵی، دڵپیسی، داوا" و چوار گرووپیش بەری پێشکەوتن دەگرن: "خان، سەردار، بەگزادە، ئاغا" و چوار شتیش پێشی سەربەخۆیی دەگرن: "ئەجنەبی، مامە، ئەقتاعی کوێخا" و چوار بەڵای باڵشکێنیش دیاری دەکات: "خانەقا، تەکیە، عەمامە، عابا"(قانع، ١٠٧). قانع ڕێگاچارەیەکی ستراتیژی دیاری دەکات و پێنج هۆکار بۆ ڕزگاری لە چوار ئاستدا دەخاتە ڕوو: یەکەم: "ئەفسەر، پێشمەرگە، ئاڵا، تفەنگ، خاروبار" بە هاندەری "لاو، خوێن گەرمی، چەک، فیکرە، سوپاهی بێشومار" و یەکگرتووەی خێڵی کوردان بە "مەنگوڕ، موکری، شلێر، گەرمیان و کۆهسار" و زۆرینەی توێژەکان هەر لە "کاسب، جووتیار، پاڵەوان، پیشەساز، خوێندەوار" و دواجار پێی وایە ئەوانە "نەتەوە" دروست دەکەن و هێزی میللەت "شۆڕشێکی حەقرەوا" دێنێتە ڕوو. (قانع، ١١٦- ١٢٢). ئەم پرۆژەیەی قانع کە بە تانوپۆی کۆمەڵگای کوردەواری سەردەمی خۆیدا چووەتە خوار و توێکاریی کردووە، دەبێتە مانیفێستی سەربەخۆیی لە هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا.

### ٥-٢-٢-٢. بەپیشەسازیکردن و عیلم و فەن:

قانعیش بەپیشەســـازیکردنی کۆمەڵگا و "وزەی ئەتۆم و کارەبا" بـــۆ ئاوەدانیی کوردســـتان، وێڕای تەوژمی فیکـــر و زانین بە پێویســـت دەزانێت و دەپرســـێت "نوقســـانی ئەبـــێ چی بێ بـــرا عیلمـــی تەبیعەت/ کـــەی کوفرە ئەگەر فێر ببی ســـەنعەت و حیکمەت" و دیســـان دەیبەســـتێتەوە بە "هێزی بازووی چینی زەحمەتکێش" (قانـــع،٧٩-١٩٦). چەمکەکانی (کار، کرێـــکار، هێزی بـــازوو، بێـــکاری، هێـــزی باوەر، هـــەژاری) و بەرژەوەندیی گشـــتی (قازانجی عمومی) جووتیـــار و پـــاڵ و ڕەنجبەر و گرووهی برســـی لە چەمکـــی کۆمەڵایەتـــی- ئابوورییـــەوە دەگۆڕێن بۆ چەمکی سیاســـی کە ئەگەری گۆڕانیـــان لەناوخۆیاندا هەڵگرتـــووە لە ڕێگـــەی هۆشـــیاری و زانینەوە هەر "زەمانـــێ چاوی بەربـــوو کوردی ڕەندی هۆشـــیار ڕاپەڕین و شـــۆڕش ســـەر هەڵـــدەدات (قانع، ٢٣٧).

پەیامی خانی و پەیامی هاوبەشـــی نێوان شاعیرانی نەتەوەیـــی دەردی کـــوردی بە "جەهـــل و نیفاقە و دەرمانەکەشـــی ئیتفـــاق و عیلم و زانینـــە" دیاری دەکەن، "تەعســـوب لابەرن، بەزمی عەشـــیرەتکاری توونـــا کـــەن/ بچێنن فکـــری وەحدەت، بەســـێتی هەنـــگاوی کوێرانە" (قانـــع، ٤١٥- ٥٧٠). هەرچەند پێی وایـــە ئەوەی بـــێ دەوڵەتە، ســـووکتر لە کایە، بەڵام دەوڵەتێکی سۆشیالیســـتی دەخوازێ، دەوڵەتی وەرزێـــڕ و جووتیار و گاوان. هـــەر بۆیە قانیع یەکێتی و دۆســـتایەتیی خەڵکی بەناخی فەلسەفەی ئەفکاری قەومی و ناســـیۆنالیزم تێدەگات. (قانع، ٣٠٧- ٥٦٧) و بـــەردەوام "وەتەن" و "دایکی وەتەن" و "نیشـــتمان" جێگەی چەمکی "دەوڵـــەت" دەگرێتەوە و داوا دەکات "کۆمەڵی سۆشـــیالیزم بنیـــات بنێـــن" و "ڕۆڵەی پرۆلیتاریـــای کورد" ببێتە ڕابەری وڵاتی کوردســـتان.

### ٦-٢-٢-٢. شیعر و نیهێلیزم

پەیوەندیـــی ئاڵـــۆزی نێـــوان "کـــورد" و "وەتەن" و "چینەکانـــی کۆمەڵـــگا" لـــە شـــیعری قانعدا بە جۆرێکـــە کە "کـــوردی سەراســـیمە لـــە ژوور و خـــواروو" هـــۆکاری زەلیلـــی و زەبوونییەکـــەی بۆ بێڕەونەقیـــی کۆمەڵـــی "کوردانـــی هونـــەرووەرە" دەگەڕێتەوە و کێشـــەی جەوهەری کـــورد "خۆکردە نە خواکرد"، هـــەر بۆیە قانع لـــە "خودێکی کوردی نموونەییـــەوە" کـــە ســـابیتی کردووە لە گشـــت کەس چاتـــرن" بەرەو جۆرێک لـــە نیهێلیزم دەڕوا، دونیـــای خۆزگەی شـــیعری و یۆتۆپیایەکـــە بەرەو هـــەرەس دەچێـــت و پێی وایـــە "ئەمـــە بەردی داماوییـــە لە ئەژنۆی دەدات" و ســـەردەمێک کە پێی وابـــوو هۆنەر یا شـــاعیر "ڕۆحی ڕەوانـــی فەرهەنگە" ئێســـتا لە جیهانی خودی قانعدا "شـــیعر و ڕاستی و حورمەتـــی خـــاک و دیار" بـــێ بایـــەخ بوونە.

ئەگەر لە ڕووی کۆرنۆلۆژییەوە ســـەیری شـــیعرەکانی قانـــع بکەین، بـــێ ئاکامبـــوون و ســـەرهەڵنەدانی شۆڕشـــێکی ڕادیـــکاڵ کـــە زەمەنێـــک تەنانەت لە دووتوێی پێنج خشـــتەکی تێکهەڵکێش وەک دەقێکی نێوانشـــیعری و مۆنۆلۆگی نێوانخودی لەگەڵ بێکەس و ئەحمەد موختار جاف، داوای "شۆڕشـــێکی ئاگرین و ڕاپەڕیـــن لە خـــەوی غەفڵەتیان دەکرد" تووشـــی نیهێلیزمی دەکات و چەمکـــی ئازادی بەرەو پووکانەوە دەچێت. لە کاتێکدا پرۆســـەی نووســـین و پرۆسەی حەقخوازی لای قانع یەک شـــت بـــوو (قانع، هەمان، ٥٠). ئۆخەی دەکات کە دوورە لە فەلســـەفە، چونکە ســـەرچاوەی کوێرەوەرییەکانیەتی و هۆشیاری بارێکی گرانە و "فەلســـەفە و شـــیعر و هونەر" هیچ بایەخیان نامێنـــێ، ئەوە لـــە کاتێکدایە کە پێشـــتر ببوون بە بنەمـــای سیاســـەتی ئازادیخوازی. هەڵنەگیرســـانی شـــۆڕش پەیوەســـتە بە ململانێیەکی ناهاوســـەنگی چینایەتی و نائاگایی سیاســـیی کوردەواری و ئەمەش وادەکات ئاگایـــی ڕەنجـــاوی حاجـــی یـــان هەمان بەریەککەوتنـــی نێـــوان واقیع و جیهانـــی ناوەکیی شـــاعیر، لە پرۆژەی شـــیعری قانعـــدا ڕەهەندێکی پێچەوانـــە وەربگرێـــت و پـــرۆژەی بونیاتنانی نەتەوە بـــەرەو ڕەشـــبینی بچێـــت. ئەگەر لای شـــاعیرانی پێشـــوو قاڵبی شـــیعری تەنگی بە ئایدیا هەڵێنابێت، ئـــەوا لای ئەو خـــودی ئایدیـــا دەبێت بە کێشـــە.

### ٣-٢. پەڕینەوە بەرەو کردە و فەلسەفەی نێوانخودی

### ١-٣-٢. تەوەری یەکەم: بێکەس.. پراکسیس و بەرەنگاری

فایـــەق بێکەس (١٩٠٥- ١٩٤٨ ) هاوشـــانی قانع لە شـــیعرەکانیدا دەبێـــت بە دەنگی چینی چەوســـاوە و پەیامـــی "تێکۆشـــان و کـــردە" وەک بەرەنجامی شـــیعرەکانی خۆی دەخاتـــە ڕوو، چەمکی "میللەت" گەڵاڵـــە دەکات، وەک بەرهەمێکـــی کولتـــووری- سیاســـی کە دروســـت دەکرێت. داوای هیممەت و غیـــرەت و تێکۆشـــان دەکات، لێـــرەوە جارێکی تر بێکـــەس بە شـــیعر "ڕاپەڕین و شـــۆڕش" و ڕابوون لـــە "خـــەوی جەهـــل" دەکات (بێکـــەس،٢٠٠٥، ٦)، وەک شـــاعیرانی پێـــش خۆی جەخت لەســـەر "عیلـــم و ســـەنعەت" دەکاتـــەوە، لـــە وڵاتێکدا کە "ئەجنەبـــی" حوکمی دەکات و بـــۆ "تەرەقیی قەومی کورد" و بەدەســـتهێنانی "حقـــووق" دەبێ میللەت تێبکوشـــێت. پێی وایە بە"ئیتتفاق" بەرەو هۆشـــیاری دەچین و هێشـــتا "قەتعی ئومێدی ســـەربەخۆیی" نەکـــردووە. لـــە هزری سیاســـیی بێکـــەس خود- ئاگایـــی ئاســـتێکی بەرزتـــر دەبڕێـــت و "برایەتیی گەلان" دەخاتـــە بەرانبەر دەرپەڕاندنـــی کۆلۆنیالیزم.

### ١-١-٣-٢. میللەتی پارچەکراو و کردە

یەکێـــک لە دیارتریـــن شـــیعرەکانی بێکەس واتە

"ئەی وەتەن" وەک مانیفێستی سیاسی کە دەم بە دەم هەتا ئێستاش دەوترێتەوە و پڕە لە هەستی نیشتیمانپەروەری و خاڵی جیاکەرەوەی بێکەس ئەوەیە کە پێی وایە بۆ خاکێکی چەوساوە و دیل و "میللەتێکی لەت و پەتی مافخوراو" و "کوردی سەرشێواو و کوردستانی لەت لەت" (بێکەس،١٧- ٣٩)، بانگەشەی نەتەوایەتی تەنیا بەدەم ناکرێت و پێویستی بە خەبات و کردەوەیە. ئەم خەباتەش واتە پێداکوتان لە واقیع و دووبارە خۆدروستکردنەوە. هەروەک فیختە دەڵێت دەبێ گەل بەردەوام «لە ڕووی مەعنەوییەوە خۆیان بەرهەم بێننەوە» (فیختە، ١٩٧٩، ٢١٩). ئەم خۆبینین و دیاریکردنی ئێستا لە پراکسیسدا لای بێکەس دەکەوێتە بەرانبەر جووڵەی وەفدی کوردستان و عێراقچیەتی و پێی وایە نابێ بەرهەمی خوێنی لاوان "ببرێتە بەردەم عەرشی عێراق" (بێکەس، ١٦). بێکەس لە سیاسەتی جیهانی و پەیوەندیی زلهێزەکان و بەرژەوەندیی وڵاتانیش ئاگایە و جەخت دەکاتەوە کە "حوریەت و عەدالەت درۆیە، بێ ئەساسە/ ژیانی کامرانی بە هەوڵ و ڕەنجی شانە" "ئیشکردن" لە سەردەمی "خێرایی" و "گەلی چالاک" و ڕابەری بەهێزە، کە "میللەت" دەئافرێنێ. ئەوە کۆکە لەگەڵ جەوهەری هەندێ تیۆریی ناسیۆنالیستی کە جەخت دەکاتەوە کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی ئۆتۆریتەوە خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو کەسانەی کە بە ویستی خۆیان شەرعییەتیان پێ بەخشیوە، واتە لە ڕووی فەرمییەوە خاوەن ویستێکی ئازادن هەر بۆیە «نەتەوە دەبێتە گەلێکی ئازاد کە حوکمی خۆی دەکات» (هرتز، هەمان، ١٢-١٣). لە شیعرەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دوای جەنگی گیتی و دامرکانەوەی شەڕ هەمووان بە مافی خۆیان دەگەن تەنیا کورد بە هیچ ناگات، چونکە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنگەر و ڕێبەری لە نێودا نییە و ناتوانێ تووی ناکۆکی هەڵکەنێ. واتە نە خاوەن دەسەڵاتی سیاسییە و نە ئازادە.

خاڵێکی جێگەی تێرامان لە نێوان خانی و حاجی و قانع لە لایەک و بێکەس لە لایەکی تر سەبارەت بە سەرکردە ئەوەیە، بێکەس لە جیاتی سەرکردە بە دوای "پیاوی مونەوەر" و "فیکرەی میللەت"دا دەگەڕێت (بێکەس، ٤٣). ئەو پەیوەندییە بەهێزەی ئەوەی پێش خۆی دریژە دەدات کە "ڕاپەڕین لە خەوی نەزانی" پەیوەستە بە عیلم و سەنعەتەوە، خود-ئاگایە بە سەردەمی خۆی و دەزانێت سەردەمی پیشەسازی و تەکنەلۆژی دونیای داگرتووە و "هۆش و بیر و پیاوی ژیرە" کە ئازادی دەخولقێنێت. چونکە هەر وەک جەمال نەبەز دەڵێت ئازادی کە خۆی تایبەتکاری مرۆڤی ژیرە- مرۆڤی ژیریش هەر بەم پێیە ئەو مرۆڤەیە کە دژی ئازادی نەبێ (نەبەز، ١٩٨٥، ٨٧). هەر ئەمەشە ڕزگاریی نەتەوەیی لێ بەرهەم دێت، چونکە بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی نۆکەری نەکردن بۆ بێگانە و یەکێتی و بەرزڕاگرتنی "سەنعەت و عیلم و مەعاریف" دەبێت بە دامەزرێنەری ئەخلاقی نەتەوەیی و "میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق" بە سەربەخۆیی ناگات. ئەمە بە دابڕانێکی ڕادیکاڵ دادەنرێت لەمەڕ تێگەیشتن لە ئەخلاقییاتی نەریتی کە خۆی لە ڕواڵەت و "چەفتە و جامانە"دەبینێتەوە. بە بۆنەی هاتنەوەی تەرمی چوار ئەفسەری کوردی کۆماری کوردستان بۆ سلێمانی هاوار دەکات قەومی کورد سەلماندوویەتی کە شایستەی سەربەستییە، چونکە بە کردەوە چۆتە ناو سیاسەت و جەخت دەکاتەوە "ڕۆحی میللی" هەر دەمێنێ و دیلی نایکوژێت، بەڵام بە "شۆڕش" ئیسلاحی قەوم و نیشتمان دەکرێت.

### ٢-١-٣-٢. جەهل و دیلبوون

بێکەس دەگات بە خود-ئاگاییەکی قووڵ لە نێوان جیهانی دەرەکی و جیهانی شیعری سەبارەت بە پرسی نەتەوایەتی و سەرەڕای ئەوەی خۆی شاعیرێکی دیاری سەردەمی خۆیەتی، بەڵام جەخت دەکاتەوە کە "جەهالەتی میللەت و کوردایەتی حەماسی" کورد ناگەیەنێت بە ئازادی (بێکەس، ٢٨). لێرە چەمکی "جەهالەت" دەبێتە چەمکێکی سەنتەری دژی دەسەڵاتی ئەجنەبی، کە هەر ئەم دەسەڵاتەش بەشێکی گرنگ لە بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە سەرشان و کوردی کردووە بە "دیلی عێراق و ئێران" (بێکەس، ٣٥). ئەم ئاگاییە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا دواتر لای هێمن سەبارەت بە هەستی کۆیلەبوون و یەخسیری دەستی بێگانە، دەگۆڕێ بۆ چەمکی "دوژمن" و پاشان هەردووکیان دەبن بە یەک. "دوژمنە بێگانە" ئاخر چۆن لەگەڵ وی هەڵدەکەم" (هێمن، ٢٧٠٨، ٣٨٧) و لە دیدگای دڵداری شاعیری شیعری نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"یش میللەت لە بەرانبەر دوژمن مانا وەردەگرێت: "میللەت یەعنی بە نووکی ڕمبی دوژمن بێتە هۆش/میللەت یەعنی لە زرەی تۆق و زنجیر ڕاپەڕێ" (دڵدار،٢٥٧٣، ٣٠).

تێگەیشتنی بێکەس بۆ "جەهالەت" و ڕۆڵی پیاوانی ئایینی لە دژایەتیی پێشکەوتن و باڵابوون، ڕوونتر لە شاعیرانی پێش خۆی دەردەکەوێت و هاوتا دەکرێت بە ڕۆڵی کلیسا لە سەدەکانی ناوەراست و "دەوری پاپا و عەسری ئیرهاب"، هاوکات ڕێگەچارەکەشی دەبینێت کە وەک "ئەورووپا دەبێ

پاپا تەمێ بکرێت و دەست بدرێتە عیلم و فەن".
وەک شاعیرانی پێش خۆی "مەکتەب و زانست" دەبێتە مەرهەم و دەرمانی دەرد و ڕێگەی لە خەو هەڵسان و زوڵمەت. ئەمەش یەکێکە لە پرسیارە سەرەکییەکان کە بەردەوام شاعیرانی پێش خۆی کردوویانە و هەمیشە هەستیان کردووە "میللەت خەوتووە"، لای بێکەس ئەم دەکەوێتە بەرانبەر کردەوە و پراکسیس، ئەوە جگە لەوەی یەکسانیی جێندەری و تێکۆشانی کچان دەبێت بە بەشێک لە ئەکتی سیاسی (بێکەس، ٦٦). و قوتابخانە دەبێتە ناوەندی سەرەکیی پێگەیاندنی سیاسی، کە شیعری نەتەوەیی بناغەکەیەتی و قانع و بێکەس هەستی نەتەوایەتی دەخەنە ناو شیعری منداڵان و پرسیارە جەوهەرییەکان سەبارەت بە بوونی نەتەوایەتی و خاکی وەتەن و پێگەی لە جیهاندا وەک وانە دادەڕێژن.

بێکەس کردە و پراکسیس دەخاتە پێش شیعر، بەڵام دواجار هەر بە شیعر گوزارشتی لە سیاسەت کردووە، هەر بۆیە جیهانی داڕێژراوی خەیاڵی شاعیرانەی بەرتەسکە و کەمتر پەرژاوەتە سەر کێشەکانی کۆمەڵگا. ئەگەر لە فەلسەفەدا زمان بکەوێتە خزمەت مانا و لە شیعردا مانا بەهۆی قاڵب و تەکنیکەوە سنووردار بکرێت، ئەوا بیرۆکە و ئاگایی بەردەوام شێواوی دەبێت. ئەمە بە دیوێکیدا هەمان ئەو گرفتەیە کە مەسعود محەمەد ئاماژەی کردووە کاتێ دەڵێت: »بەشی زۆری ڕیزبوونی هەڵبەستەکان هەر ئەوەیە دوا پیت یان قافیەیان با بڵێین شینە یان واوە« (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٤٧). ئەمە ئەگەر بۆ ڕیزبەندیی دیوانەکە ڕاست بیت ئەوا بۆ ناوەرۆکی شیعرەکانش ڕاستە، چونکە کێش و سەروا ئامادەیییەکی پێشتر لە واتایان هەبووە. هەر بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی فەلسەفە هەروەک ڤیتگنشتاین ئاماژەی بۆ دەکات »شیکردنەوەی بونیادی زمان« بێت (فرجی،١٤٠١، ٢٩٩) و هاوکات ئاگاداری سیحربازی زمانیش بین دژی هۆش (ویتگنشتاین،١٣٨٩، ١٠٢). ئەوا لە شیعردا ئەرکەکە قورستر و ئاڵۆزتر و پێویستتر دەبێت، چونکە سنووربەندیی ئاگایی لە شیعردا تۆخ و کاریگەرترە، ئەوە جگە لەوەی خود سەنتەری هەموو چالاکییەکانە.

### ٢-٣-٢. لە ئاگایی خودی و شیعرییەوە بۆ سیاسەتی نێوانخودی

ئەگەر لە دیدی هابرماس هەموو فەلسەفەی ئاگایی کە "کۆجیتۆی دیکارتی" داهێنەریەتی، لە قەیراندایە، چونکە بەرهەمی "خود-سوبێکت"ە لە ئاگایی خۆیدا، یان پەیوەستە بە دەروونی نووسەرەوە، کە »زۆربەی بیروراکانی لە سەرچاوەی دەروونی خۆی و وتووێژی ناوەکییەوە هاتوون« (محەمەد،١٩٧٣، ٦)، ئەوا شیعر کە کاریگەرترین چەکی سیاسیی سەردەمی ڕۆنانی نەتەوەی کوردە، زۆر شۆڕشگێڕانەتریش بووە بە بەراورد بە شیعری بۆ نموونە ئەوروپی کە هەر وەک هۆبزباوم ئاماژەی بۆ دەکات لە سەردەمی ناسیۆنالیزم، لە ناو ڕۆمانسیزمدا گیری کردبوو. ئەگەر شاعیرانی ڕۆمانسیزم بەرەو نەریتی دینی و غەیبانی و سرووتی ناوەکی و دەروونخوازانەی مەرموز و ناعەقڵانی ڕۆژهەڵاتییانەی چووبێتن (هوبزباوم،٢٠٠٧، ٤٨٤). ئەوا شیعری نەتەوەییی کوردی لە نێوان شۆڕشگێڕانەبوون و نیهێلزمدا گیر دەخوات، هەرچەندە بونیادی ئاگایی سیاسیی کورد پێک دێنێت و توانییەتی زمان وەک کۆڵەکەی وجودی کورد بپارێزێت و شوناسەکە گەلاڵە بکات. دواجار ناگات بە سیاسەتێکی ڕادیکاڵ واتە دەوڵەتی نەتەوەیی کە ئامانجی پڕۆژەکەیەتی و لەناو "سیاسەتی شاعیرانە" یان فەلسەفەی ئاگاییدا ڕۆ دەچێت، لێرەوە بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە دەتوانین سوود لە تێزی "فەلسەفەی نێوانخودی"ی هابرماس وەربگرین.

### ١-٢-٣-٢. دەرچوون لە سیاسەتی شاعیرانە

لەپێشتربوونی کارلێک interaction لای هابرماس پەرینەوەیە لە خودێتی بەرەو جۆرێک لە پەیوەندی کە لەسەر بنەمای دانپیانان دامەزراوە (هابرماس١٩٩٩، ٤٩). لە دیدی ئەو مانا و حەقیقەت و مێژوو و تەنانەت "خود"یش ڕەها نییە و لە چوارچێوەی سیستەمی هزریدایە و تەونێکە لە میتافۆڕ و زاراوە کە قۆناغ و گوتارە باڵادەستەکە پێک دێنێ و ڕای وایە فەلسەفەی ئاگایی لە هەمەکیەتی خۆیدا بریتییە لە بیرۆکەی بە سەنتەربوونی کۆجیتۆی دیکارتی کە "خود"ی بەرهەم هێناوە، بەڵام نەیتوانیوە جۆرێک لە سەربەخۆیی و بابەتیبوون بەرهەم بێنێت (هابرماس، ٢٠٠١، ١٧١)، چونکە جۆرێک لە مۆنۆلۆگێکە کە فەیلەسووف لەگەڵ خۆیدا ڕاڤەی دونیا دەکات، هەر بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆ (خود یان سوبێکت) بە جۆرێک لە قەیرانی مەعریفە دەزانێت کە لە نێوان میتافیزیک و فەلسەفەی ترانسێندێنتاڵیدا گیری خواردووە، واتە ئەو بنەمایەی بۆ مەعریفەیەکی بابەتی لەسەر "خود" داڕێشتووە لە ناو مۆدێلی فەلسەفەی ئاگاییدا پەکی کەوتووە.

ئەگەر ئەم تێزەی هابرماس لەسەر ئاگایی نەتەوەییی کوردی پراکتیزە بکەین کە بنەماکەی لەسەر شیعر دامەزراوە، هاوکات چوارچێوەی دیدگاکەیشی بۆ بنیاتنانی نەتەوە و دەوڵەت وەک کردەیەکی سیاسی، لە ناو فەلسەفەی ئاگایی و جیهانی شیعریدایە، کە تێیدا شاعیر

خەریکی مۆنۆلۆگە لەگەڵ خۆی، کرۆکی کێشەکە دەردەکەوێت. هەروەک هابرماس ئاماژەی بۆ کردووە لە نێوان روانگەی بکەری ناسکار (الذات العارفة) بۆ شتەکانی جیهان و بۆ خودی خۆی هاوجووتیەک لە ئارادا نییە، هەر بۆیە پێشنیاری مۆدێلی لێکتێگەیشتنی نێوانخودی intersubjective communication دەکات (هابرماس، ١٣٨٤،٦١٠).

کەواتە کاتێ ئێمە ناسیۆنالیزم یان هەمان ئاگایی نەتەوەیی کوردی لە چوارچێوەی جیهانی شیعری دەردەهێنین، کە تێیدا خودێک وێنای جیهان دەکات و جۆرێک لە خود-ئاگایی بەرهەم دێنێت، دەپەڕینەوە بەرەو ئاگایی هاوبەش وەک بوارێکی سیاسیی نێوانخودی و ئەخلاقی کە هەمان سیاسەتی راوێژگەرییە Delibera-tive politics کە پشت بە بەهێزکردنی رێسا و بنەما رێکارییەکان و دۆخی پەیوەندیکاری و کارلێک دەبەستێ (Habbermas, fact, ٢٩٨) . ئەوا زمان و تێگەیشتنێکی جیاوازی سیاسی-کوردی دروست دەکەین کە گفتوگۆ و رای جیاواز بنەرەتەکەی دروست دەکات و خودئاگاییەکی عەقڵانی پێک دەهێنێت. زمان دەبێتە پارادایمی لێکتێگەیشتنی پەیوەندیکاری بە یارمەتیی نێوانخودی نەشێوێنراو (unversehrt) کە پارێزگاری لە خۆی دەکات لە رێگای ئاڵوگۆڕی لێکتێگەیشتنێک کە لەسەر بنەمای دانپیانانی ئازاد دامەزراوە (هبرماس، ٢٠٢٠، ٦١٠-٦١١).

بەم جۆرە ئەگەر خودسەنتەری لە فەلسەفەدا نیشانەی داخرانی بیرمەند بێت بەسەر خۆیدا، ئەوا تێزی شاعیرانە کە بنەرەتی ئاگایی نەتەوەیی کوردە، دەبێتە زمانێکی لە قاڵبدراو کە ناوەڕۆکەکەی بە هۆی فۆرمەکانی ڕیتم و ئاواز و قافیەوە بەرتەسک دەکرێتەوە. کاتێ (خانی) دەیەوێت بونیادی پرۆژەی دەوڵەت دابنێت و لەگەڵ یەکەم چرکەساتی ناسیۆنالیزمی ئەوروویی خود-ئاگاییەکەی دەپژێت، بەهۆی ئەوەی تەنیا لە جیهانی زهنی خۆیدایە، نابێت بە سیاسەت بە مانا هابرماسییەکەی، چونکە ناپەرێتەوە بۆ ناو پانتایی "گشتی" و "نێوانی" و خستنەرووی باشترین ئەرگۆمێنت و هەر لە چوارچێوەی جیهانی خودی و شاعیرانەدا دەمێنێتەوە. هابرماس پێی وایە دەرچوون لە فەلسەفەی خودی و تاک قسەکەری و بەرەو پەیوەندییەکی عەقڵانیی نێوان زەینی، کەشێکی سیاسی واتە کارلێکی نێوان ویستەکان و ئاگاییەکان لە پێناو دیاریکردنی چارەنووس دەخوڵقێنێ کە بەردەوام تاکەکان بە هۆی تێگەیشتنی هاوبەش «ئامانجەکانی خۆیان لەسەر بنەمای پێناسەی هاوبەش» (هابرماس، ١٣٩٢، ٥١٧) و «لەسەر بنەمای ئەرگۆمێنتی جێگەی پەسەند» رێک دەخەن (Haber-mas, ١٩٨٤, ٢٢) . هۆگری پەیوەندییانە یان کردەیی بە هۆی دەزگا نێوانخودییەکانەوە بە ئاراستەی لێکتێگەیشتن دەڕواتە پێش (اباذری، ١٣٨٩، ٢٨). ئەمەش بەرەو پەیوەندییەکی ئازادیبەخش و خودئاگایی سیاسی دەچێت.

واتە راستە ئێمە لە هەزری سیاسیی (خانی) و (حاجی) و (ئەحمەد) و (قانع) و (بێکەس) دا، ئاگایی ئازادیخوازانە و رزگاریبەخشیمان هەیە، بەڵام پێویستی بەوەیە بکەوێتە پانتایی گشتی و دواتر ببێت بە کردەی سیاسی، بۆ ئەوەی بگات بە دوا ئامانج. بۆ نموونە (حاجی) پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە وەک دەرکەوتەی ئاگایی سەردەم دەخاتە روو، خەسڵەت و ناوەڕۆکەکەی دیاری دەکات، بەڵام ئەمانە تەنیا لە جیهانی شیعریی خۆیدا، کە دواتر بەشێکی گرنگی جیهانی ئاگایی تاکی کوردیشی دروست کردووە، روو دەدات. زمانەکەی بەردەوام ئاگاییەکەی دەشێوێنێت و دواجار دان بەوەدا دەنێت کە ناتوانێ بە شیعر گوزارشت لە خۆی بکات و پێویستی بە گفتوگۆیە.

### ٢-٢-٣-٢. زمان و نێوانخودێتیی نەتەوە

جەختکردنەوە لەسەر زمان وەک سیستەمی بیرکردنەوە لە دیدی هابرماس ڕەخنەی لێ دەگیرێت و پێی وایە «زمان بەستێنێکی هاوبەشی نێوان خودەکانە کە دەبێ هەموو کەسێک لە سەری بروات، پێش ئەوەی بتوانێ بکەوێتە ناو دەستەواژە و دەربڕینەوە سەبارەت بە ژیان، جا چ لە وشە یان هەڵوێست یان کردەدا خۆی بنوێنێ» (هابرماس، ٢٠٠١، ١٨٨)، واتە زمان نێوەندێکە medium مانای تێدا بە هاوبەش دەکرێت و پێی وایە زمان پەیوەست نییە بە سیستمێکی ئەبستراکتی رێزمان، بەڵکوو لە بونیادی نێوانخودیدایە (حسین، ١٣٩٧، ٨٤)، ئەم تێگەیشتنە بۆ زمان، کاتێ ئەرکێکی سیاسی وەردەگرێت کە تەنیا وەک سیستەمی ئاماژە سەیر نەکرێت، بەڵکو وەک پەیوەندی و مانا سەیر بکرێت، هەر بۆیە هابرماس لە جیاتی تیۆریی واقیعیەتی حەقیقەت، پشت بە کۆدەنگیی حەقیقەت دەبەستێت کە بەشێکە لە هەموو کردەیەکی پەیوەندیکاری (ریتزر، ١٣٩٣، ٣٩٦). لە جیهانی-ژیندا کە نێوەندی کولتووری و سیمبولی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگایە (Habrmas, ١٩٨٥,١٢٥).

ئەمە کاتێک بەسەر دیاردەی دەرکەوتنی نەتەوە لە ئاگاییدا پیادە دەکرێت کە زمان رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بەرجەستەتر دەبێت، بە تایبەتی لە پەیوەست بە حەقیقەتی بەرهەمهاتووەوە سەبارەت

بە خود. بۆ نموونە لە شیعرەکانی (ئەحمەد)دا خودی کوردی و دەرکەوتە ناسیۆنالیستییەکەی ڕەهەندێکی دونیایی وەردەگرێت. "خۆبوون" قووڵ دەبێتەوە و نەتەوە لە دەرەوی دەوڵەت سیمایەکی زەینی وەردەگرێت. هەرچەندە چەمکی "کورد" و درەوشانەوی پەیوەست دەکات بە خودئاگاییەوە، بەڵام لە جیهانی شیعرەوە لە جیاتی بچێتە ناو "جیهانی-ژین"، دەچێتە ناو جیهانێکی خەیاڵکرد و جوگرافیایەکی بێدەوڵەت بۆ کورد دروست دەکات. عەقڵانییەت بە مانا کانتییەکەی کە هەمان ڕۆشنگەری و خود-موختارییە لای ئەحمەد بوونی هەیە، بەڵام کاتێ جیهانی ناوەکی واتە شیعرەکانی و جیهانی واقعی دەرەکی یەکانگیر نابن، بەرەو نیهێلیزم دەچێت. هەر بۆیە خودی گەلاڵەبووی کوردی یەک ناگرێت و ناپەڕێتەوە بەرەو نێوانخودی و ئەمەش سیاسەتی ڕادیکاڵی لێ ناکەوێتەوە، چونکە نابێتە» کردەی ئەو تاکانەی کە کارلێکی reaction هاوبەشیان هەیە، بۆ تێگەیشتن لە جیهان و پەیوەندییەکی نێوان کەسێتیی interpersonally relation یان هەیە« (هابرماس، ١٣٨٤، ٦١١)، واتە جیهانی زهنی و خودی جیهانی بابەتی و نێوانخودی دادەپۆشێت و دواجار بەسەر خۆیدا دادەخرێت.

(قانع) بە مانایەک هەنگاوێک لە سیاسەت نزیکە بە پێی تیۆری هابرماس، کاتێ سیاسەت وەک کردە و شۆڕشێکی ڕادیکاڵ دەبینێت و خەباتی چینایەتی و ململانێی ناوەکی کۆمەڵگا وەک بزوێنەری سەرەکی گۆڕانکاری دەخاتەڕوو. بەڵام لە جیاتی پەڕینەوە بەرەو جیهانی نێوانی و سیاسەت، تێزەکانی پەیوەندییەکی شێواو دەخەنە ڕوو. لە جیهانی شیعری و ئاگایی خۆیدا خەریکی کۆلاژی مێژوو و جوگرافیایەکی خەیاڵکردە کە دەتوانێ لە ئاستێکدا نەتەوەی لەسەر بونیاد بنێت، بەڵام کردە کە هەمان شۆڕش و ڕاپەڕینە دژی جەهل و بێئاگایی، دواجار نیهیلیزم و دژە-چالاکی بەرهەم دێنێ لە جیاتی ئەکتی سیاسی.

هابرماس "عەقڵی پەیوەندیکاری" دەخاتە بەرانبەر هزری ناوەکیی ناڕوون واتە «هزرێکی دەروونخواز، کە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ وجوودێکی ڕەمزاویدا هەیە و لە دۆخێکی تایبەتیدا دەردەکەوێت و دەبێتە هۆی دەستڕاگەیشتن بە هەندێ حەقیقەت کە لە ڕووی میتافیزیکییەوە لە قووڵیدان و شاراوە و نێژراون» (هابرماس، ١٣٨٤، ٦٢٠). ئەمە بە باشترین شێوە لە جیهانی ناوەکیی شیعریدا دەردەکەوێت، چونکە هەم زمان و هەم ئاگایی و هەم ئەو ڕاستییانەی بەرهەمیان دێنێت مەرج نییە هاوجووت بێت لەگەڵ جیهانی نێوان خودەکان. بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان زمان و ئاگایی نەتەوەیی و جیهانبینیی بێکەس لە چوارچێوەی چەمکی "ڕاپەڕین" و "خۆبینین" لە بەرانبەر "ئەویتر"دا بەرجەستە دەبێت، پارچە پارچەبوونی کورد لە واقیعدا بووەتە هۆی ئاگاییەکی شێواو. بێکەس سیاسەت وەک کردە سەیر دەکات و نەتەوە لە ئاگاییدا وێنا دەکات کە پێویستە خود-ئاگا بێت بە سەردەمی خۆی. عەقڵانییەت و ئەخلاقییەت وەک بنەڕەتی سیاسەتێکی نوێ دەبینێت کە زانست پشتیوانی بکات. ئەگەرچی بێکەس کردە دەخاتە پێش شیعر، بەڵام ئەمە هەر لە جیهانی خودیدا ڕوو دەدات.

بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیەی فەلسەفەی خود-ئاگایی یان "خودی"، واتە پەیوەندی خودێکی سەربەخۆ کە بکەری ناسین و پراکسیسە لەگەڵ خۆیدا، مۆدێلی لێکتێگەیشتنی نێوانخودی ئەم بنەمایانە دەخاتە ڕوو: ١- دانپیانانی دوولایەنە و ڕەخنە لە تاکڕەهەندیی عەقڵی خودی. واتە؛ ٢- ئاگایی دەبێ بە هۆی فرەڕەهەندی عەقڵییەوە پەیوەندی بە جیهانەوە بکات و بەم جۆرە ٣- تاک وەک بکەری خاوەن حەقیقەت، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوە نادیار و بان هزرییە گومڕاکەرەکان ڕزگار بکات. هەر بۆیە عەقڵی هەمەکی دەبێتە ئەلتەرناتیڤ و ئەمەش واتە هەر قسەکەرێک یان خودێکی عاقڵی خاوەن پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە خۆی -لە قسە و کردەدا- بەیان دەکات، شوێنگەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت و چی تر شوێنگەکەی کەسی هەموو شتزان نییە، هابرماس لێرەدا جێگەیەکی گرنگ دەبەخشێت بە "گوێگر" یان "بەردەنگ"یان "قسە بۆ کراو" و یان لێرەدا "نەتەوە" لەم پەیوەندییە نێوانخودییەدا بەردەوام وجودی نوێ دەکرێتەوە. لێرەوە پێویستە جیهانی شاعیران و تاکەکان یەکانگیر بکرێت و بەرز بکرێتەوە بۆ سیاسەتی نێوانخودی و هەر سێ ئاستی «پەیوەندیی نێوان جیهانی "بابەتی" و جیهانی "کۆمەڵایەتی" و جیهانی "زەینی"» (هابرماس، ١٣٨٤، ٦٢٤). لەخۆ بگرێت. بەم جۆرە سیاسەت بنەڕەتێکی تۆکمە بۆ حەقیقەت و تێگەیشتن لە واقیع و خودی نەتەوە بەرهەم دێنێت. ئەم عەقڵە نێوانخودییە ڕایەڵەیەکی تۆکمە لە نێوان مانا و مسداقییەت دروست دەکات و لایەنەکانی پەیوەندی دەتوانن لە ڕێگەی زمان و هزری هاوبەش و زهنی خۆیان ماناکان ئاڵوگۆڕ بکەن و ڕێسا و بنەماکانی جیهانی نێوان خۆیان دروست بکەن کە بۆ هەموویان شیاوی لێکتێگەیشتن و لە ڕاستیدا بەرهەمی عەقڵی هەمەکییە و سیاسەتێکی دیموکراتیکی لەسەر بونیاد دەنرێت.

### ٣-٢-٣-٢. بەرەی نێوانخودیێتیی کوردی

ئەگەر هـــەر وەک ئەندرســـن ئاماژەی بـــۆ دەکات ناســـیۆنالیزم رابوونی نەتەوەکان نەبێت بۆ دەرکردنی "خود" بەڵکـــو، نەتەوەکان لە هیچەوە دروســـت بن (اندرســـن، ١٩٩٩، ١٤) یان هەروەک گیلنەر ئاماژەی بۆ کـــردووە ناســـیۆنالیزم نەتـــەوە بەرهـــەم بێنێ (اندرســـن وجیلنر،١٩٩٥، ٣٧)، یـــان بە پێی تیۆری هۆبزباوم دەوڵەت/نەتەوە لەســـەر ناســـیۆنالیزم بونیاد نرابێـــت، دواجـــار گەلاڵەبوونی خـــودی نەتەوەیی، لـــە رێگەی زمـــان و ئاگاییەوە بەسیاســـی دەکرێت و فـــۆرم وەردەگرێت و بـــەردەوام بەرهـــەم دێتەوە. کەواتـــە ناســـیۆنالیزم هەم ویســـتی دەســـەڵاتی خۆجێییـــە، هـــەم کۆکـــەرەوەی شوناســـێکی کۆنکرێتـــی، کـــە بنەرەتێکـــی ویژدانـــی هەیە کە دەکەوێتە ســـەرووی فۆرمی خاکێکـــی دیاریکراوەوە، یان خاکێکـــی دیاریکراو بـــە ئایدیالیـــزە دەکات و گوتارەکەی لەســـەر بونیاد دەنێت کـــە تێیدا هەوڵ دەدات "ویســـت" و یادەوەرییەکی پڕ لە شـــانازی و ئەفســـانە کە بە ئاراســـتەی چارەنووســـی هاوبەشی ببـــات، بـــە تایبەتـــی لـــە بەرانبـــەر "ئەویتر" کە زۆرتر وەک دەســـتدرێژیکار وێنا دەکرێت. بەشـــێکی زۆری ئـــەم رەوتە کـــە رەوتی مێـــژووی هەڵپێکانی ئاگایـــی نەتەوەییـــە لە نـــاو کورددا، لە راســـتیدا ژێدەرەکـــەی خودێتیی شـــاعیرە پێشـــەنگەکانمانە. بـــۆ دەرچوونـــی لە ئاگایـــی خود-ســـەنتەر و شاعیرانە، دەبێت سیاســـەت وەک گفتوگۆی کراوە و دەزگا هاوبەشـــەکان و "بەرەی هاوبەشـــی نەتەوەیی" ســـەیر بکرێن و چـــی تـــر سیاســـەتی بونیادنانی نەتـــەوە و دەوڵەت وەک هەڵچوونی نەســـتی کوردی و وەک خـــەون خۆی دەرنەخات. ئەگەر شـــۆڕ بینەوە نـــاو ناخودئاگای تاکـــی کورد بۆمـــان دەردەکەوێت، هەمـــوو هەوڵێک بـــۆ بونیادنانی دەوڵـــەت و نەتەوە وەک گەمـــەی زمانـــی و دەرچـــوون لـــە واقیعی هەنووکەیـــی ســـەیر بکرێت. لـــە خۆڕا نەبـــوو مام جەلال ســـکرتێری گشـــتیی یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردستان و ســـەرۆککۆماری پێشـــووی عێراق لە گۆڤاری دێرشـــپیگلی ئەڵمانی و ئاکشـــەمی تورکی وتبووی »کوردستانی ســـەربەخۆ خەونی شاعیرانەیە« وەک داکۆکیکردنێـــک لـــە سیاســـەتی واقعی. ئەمە لـــە راســـتیدا رازیبوونە بـــەو جیهانەی کـــە زمان و ئاگایـــی هەنووکەیـــی ســـەپاندوویانە، دەتوانیـــن ئاراســـتە پێچەوانەکەشـــی گەشـــە پێ بدەین، واتە وەک جەمـــاڵ نەبەز ئامـــاژەی بۆ کـــردووە، واقیع چەمکێکـــی گـــۆڕاوە و تەنانەت ئەرکی سیاســـەت گۆڕینـــی خەونە بـــۆ واقیـــع (نەبـــەز، ٢٠٠٥، ٣). ئەمە ئەگەر لەســـەرێکەوە پەیوەســـت بێت بەوەی کـــە »بیری دەوڵەتی ناســـیۆناڵی کـــورد لای هوردە بۆرژوای کورد و رێکخراوەکانی (پارتە سیاســـییەکان) بیرێکـــی یەکجار لێڵـــە و لە هەڵوێســـتێکی تەماوی و دوولایەنـــەی هەلپەرســـتانەدایە« (نەبـــەز، ٢٠٠٢، ١٣٧). هـــاوکات پەیوەندیـــدارە بەوەشـــەوە کـــە سیاســـەت پێویســـتە ببێت بە ئاگایی دەستەجەمعی بـــۆ دیزاینکردنـــەوەی واقیـــع لـــە پرۆســـەیەکی نێوانخودی کە لەســـەر دامـــەزراوە بونیـــاد نرابێت و پێویســـتە کـــردە و کارلێک بنەڕەتـــی بێت نەک دروشـــم یان پەنابردنـــەوە بۆ ناو جیهانـــی میتافۆر. هـــەروەک چۆن عوســـمان بایدەمیـــر پەرلەمانتاری هەدەپـــە لە وەلامـــی جێگری ســـەرۆکی پەرلەمانی تورکیـــا لە بەرســـڤی پرســـیاری کوردســـتان لە کوێیـــە: وتی لـــە دڵمدایـــە (بایدەمیـــر، ٢٠١٨). ئەگەر زمان و دواتـــر توخمەکانی تری وەک خاک و کولتـــوور، رەگەزی جیاکـــەرەوەی نەتەوە بێت، ئەوا "ویســـت"ی رێژە کە نەتەوە بونیاد دەنێت چونکە بەر لە "خۆبوون" لەســـەر " بەئەویتـــر" نەبوون دامەزراوە. ئەم ویســـتە کاتـــێ رەهەندێکی عەقلانـــی- کۆگەرا وەردەگرێـــت، دەبێتە دیزاینەر و پارێزەری شـــوناس و بوونێک کـــە بەردەوام هەرەشـــەی ســـڕینەوەی لەســـەرە. کاتێ لە ئەدەبیاتی سیاســـیی پارتەکانی کوردستاندا پاشـــگری "کورد" دەســـڕێتەوە و ئێران و عێراق و تورکیـــا و هەندێ جاریش کوردســـتانی رەگـــەڵ دەکەوێت، گوزارشـــت لە پاشەکشـــێیەکی هزری دەکات. ئـــەم جێگۆڕکێیە، ئەگـــەر لە لایەک پەیوەســـت بێت بـــە نەبوونـــی شـــوێنگەیەک لە سیاســـەتی جیهانیدا بۆ "بوونی کورد"، لە راســـتیدا نیشـــانەی بالادەســـتیی گوتاری خودگەرایی شێواوی نەتەوەییـــە و پەککەوتنـــی دامەزراندنی ئاگاییەکی نێوانخودییـــە. هەر بۆیـــە حزبی دەســـەڵاتگەرا لە هەموو کوردســـتان دەبێت بە بونیادی بالادەســـت و "بەرەی" نەتەوەیی کە دەشـــێت ببێتـــە پانتاییەکی نێوانخودی بۆ پـــرۆژەی بونیادنانی نەتـــەوە/ دەوڵەت لە دونیای سیاســـیی کورد بـــەرەو پەراوێز دەچێت.

### دەرەنجام

ئاگایی تاک لەمـــەڕ خۆیی و جیهان پەیوەســـتە بە زمـــان کە فۆرمێکـــی لۆژیکی هەیە کـــە دونیابینیی تاک دادەرێژێـــت و لە رێگەیـــەوە دەتوانێت "خۆی" و "ئەویتر" بناســـێت و بەمـــەش مەعریفەی خودی بەرهـــەم دێنێـــت کە جۆرێـــک لـــە پەیوەندی لە نێوان واقیع و بیردا دروســـت دەکات. کێشـــەی "من"ی میتافیزیکـــی دیکارتـــی وەک بنەڕەتـــی بوونی خودێکـــی ئۆتۆنـــۆم، کاتـــێ لە بازنـــەی داخراوی خۆی دێتـــە دەر، دەپەڕێتەوە نـــاو پانتایی کۆمەڵگا و سیاســـەت. تێزی کارلێکـــی interaction هێگڵ لە پەیوەندیی نێوان "من" و " ئەویتر" دەرگا بەســـەر

کێشەی ”خود-سوبێکت“ دەکاتەوە بۆ دەرچوون لە خودگەرایی و هابرماس ئەمە لە تیۆریی پەیوەندیی نێوانخودێتی بەکار دێنێت کە پەیوەندییەکی نێوانی دروست دەکات کە دانپیانان بنەماکەیەتی و دەشێت مانا و حەقیقەت و دیزانکردنەوەی واقیع لە ڕێگەی زمان و لێکتێگەیشتنەوە بەرهەم بێنێت. ئەو مەعریفەیەی خود بەرهەمی دێنێت، سەرەڕای داهێنەرانەبوون و دەگمەنەیەکەی، کاتێ دەبێت بە هاوتای مەعریفەیەکی خودان مسداقییەتی زانستی و دەشێت حەقیقەتی لەسەر ڕۆ بنرێت کە بچێتە ناو پەیوەندییەکی نێوانخودی.

ئاگایی نەتەوەیی بەرهەمی کارلێکی زمانە بۆ دروستکردنی مانا و شوناسی کۆیی و ”خود“ لە ئاستی هەمەکیدا نمایان دەکات. سیاسەت دەتوانێت هەم ئەم خودە بەرەو کامڵبوون ببات و بیگۆڕێت بۆ ”نەتەوە“ و لە چوارچێوەی کیانێکدا ڕێکی بخات و هەم دەشێت تووشی شێواوی بکات. نەتەوە بەر لەوەی بوونی خەڵکێک بێت کە بانگەشەی ئەوە دەکەن سەر بە یەک ڕەگەزن، بوونێکی ڕوحی و ویژدانییە کە زمان ئاگاییەکەی گەشەی پێ دەدات و عەقڵی هەمەکی یان سیاسەت دەتوانێ یەکانگیری بکات و مانای پێ ببەخشێت، لە میانی ئەفسانە و نەریت و یادەوەریی بەناو مێژوودا گوزەری پێ بکات.

لە ڕەوتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی وەک ڕاڤەی خودی نەتەوە، شیعر یەکێکە لە پایە گەورەکانی ئاگایی کورد سەبارەت بە ”خۆی“ و ئەو ئایدیا و دیدگایەی لە شیعردا بەرهەم هاتووە، بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە چوارچێوەی خودێتی و تەکنیک و قاڵبەکاندا گۆڕاوە بۆ جۆرێک لە مۆنۆلۆگ و هەر بۆیە هەرچەندە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی شیعر ئەگەرچی بە گوتاری ئازادیخوازی و گەلاڵەکردنی خودێکی جیاوازی نەتەوەیی دەستی پێکردوە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرەو ڕەشبینی ڕۆیشتووە. ئەم چالاکییە هزرییە ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە کە کاریگەریی لەسەر ئاگایی سیاسیی کورد داناوە، شاعیرە پێشڕەوەکانی کورد کە لە ڕاستیدا تیۆریسیەنی ناسیۆناڵیزمی کوردن، شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی حەڤدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، دەبێت بە ژێرخانی گوتاری ناسیۆنالیستی و سیاسەتی لەسەر دادەمەزرێت، بەڵام هاوکات تووشی دوو ئاستەنگ دەبێت؛ لە ئاستێکدا ناسیۆنالیزمی شاعیرانەی کورد لە نێوان سنووری جیهانی زاتیی شاعیر و دونیابینییەکەی سنوور و قاڵبە شیعرییەکاندا گیر دەخوات. پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە وەک دەرکەوتەی مۆدێرنی ئاگایی لای خانی وەک پرۆژەیەک سەر هەڵدەدات و تێیدا دەوڵەت هۆکار و نەتەوە بەرەنجامە و لای حاجی پێچەوانە دەبێتەوە، نەتەوە بوونێکی پەرت و بێ قەوارەی هەیە و دەوڵەت فۆرمی پێ دەبەخشێت و دەیپارێزێت و دەیخاتە ناو جیهانەوە. ئەم پرۆژەیەی ئاگایی کوردی لای خانی بە تراژیدیا و لای حاجیش بە تەواونەکراوی دەمێنێتەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم لای ئەحمەد موختار دەوڵەت بەرەوە ئاوابوون دەچێت و چەمکی نیشتمان و خاکی کوردان جێگەی دەوڵەت دەگرێتەوە لە ناو جوگرافیایەکی خەیاڵیدا و دواجار بەرەوە نیهێلیزم دەچێت. لای قانع، دەوڵەت/نەتەوە بایەخی خۆی لە ژێر هەژموونیی چەمکی ململانێی چینەکان و ناچوونیەکی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری ون دەکات و دواتر لای ئەویش بە نیهێلیزم کۆتایی دێت. ئەمەش نیشانەی پاشەکشێی پرۆژەی دەوڵەت/نەتەوە یان هەمان دژبەری نێوان ئایدیای خودی ناو شیعرەکان و واقعی کۆمەڵگا. دواجار بێکەس پراکسیس یان کردە دەکاتە جێگرەوەی دروشم، بەڵام هەر لە سنووری شیعر و هەمان ئاگایی خودیدا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی سەرەتای پەڕینەوە بەرەو سیاسەتی نێوانخودی. لە ئاستێکی تریشدا سیاسەتی کوردی کە ڕێکخراو و پارتەکان جڵەوی دەگرنە دەست، تەنانەت ئەم ئایدیا خودیانەش کە خۆی لە پرۆژەی دەوڵەت و بونیادنانی نەتەوەدا بەیان دەکات، ناکەن بە بەرنامەی سیاسی و لە ناو سیاسەتی ڕۆژدا دەکەونە ململانێ لە نێوان خۆیان زۆر زیاتر لە دژایەتی یان دیالۆگ لەگەڵ ئەویتر.

ناسیۆنالیزم وەک گوتاری بزووتنەوەیەکی خود-ئاگا بە خۆی کە گەرەکیەتی فۆرم و ناوەڕۆک بە کیانێکی زمانی و ڕوحی لەسەر خاکێکی دیاریکراو یان نیشتمانێکی ویژدانی ببەخشێت، لە هزری کوردیدا لە سنووری خودێتیی شاعیرەکاندا دەمێنێتەوە و مانا و هزری ئازادیخوازی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕیتۆریکا و قاڵبە ئامادەکان. بۆ ئەوەی سیاسەت بە مانا ڕادیکاڵەکەی یان نێوانخودی بەرهەم بێت و بتوانێ ئەو پەیوەندییە زاڵەی کە بەسەر کوردیدا سەپاوە، تێک بشکێت و لە فۆرمی نەتەوەدا خۆی دەربخات، پێویستە ببێت بە سیاسەتی نێوانخودی و دیالۆگی نیوان خودە ئازادەکان، ئەمەش واتە ”بەرەیەکی نەتەوەیی“ کە دەکەوێتە سەروو فۆرمی باڵادەستی حزبایەتی کە هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی دیفاکتۆدا خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

### پەراوێز:

** ئەم توێژینەوەیە پێشتر لە گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی سنوورداربوونی گۆڤارەکە بە پێویستمان زانی لە گۆڤاری تیشک بڵاوی بکەینەوە کە سنووری بڵاوبوونەوەی تەنیا ناوەندە ئەکادیمییەکان نییە و بەردەنگەکانیشی زۆرتر لە رۆژهەڵاتی نیشتمانن.*

*** مامۆستا مەسعود محەمەد لە وردبوونەوەیەکی قووڵی فەلسەفی پێی وایە لە کۆندا، ژیانی مەعنەوی و عەقڵی کە تەواوکاری ژیانی مادییە و کاکڵی کوردبوون پێک دێنێت، لەسەر چوار پایە دامەزراوە: یەکەم؛ مەلایەتی و زانستی رووت، دووەم؛ شێخایەتی و تەریقەت، سێیەم؛ ئەدەب و چوارەم؛ فۆلکلۆر و بەیت و گۆرانی و پەند و مەتەڵ. (محەمەد، ١٩٧٣، ٢٧٨)*

### سەرچاوەکان:

کوردی

کتێب:

ئەحمەد، موختار جاف (١٩٨٦)، عزەدین مستەفا رەسووڵ، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، چاپخانەی الادیب، بەغدا.

ئەریستۆ (٢٠٠٩)، شیعر (پۆیەتیکا)، و: محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

بێکەس، فایەق (٢٠٠٥)، دیوانی فایەق بێکەس، ئا: ئومید ئاشنا، دەزگای بلاوکردنەوەی ئاراس.

جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

حاجی قادری کۆیی (١٣٩٠) میران، سەردار حەمید و شارەزا، کەریم موستەفا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە.

خانی، ئەحمەدی (٢٠٠٨)، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێزنووسینی هەژار، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

دڵدار، یونس، (٢٥٧٣) دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

سیوەیلی، رێبوار (٢٠٠٤)، هاوکاتی و هاوشوناسی؛ خوێندنەوەیەک بۆ مانای "کات" لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک.

عەلی قادر، خانزاد (٢٠١٢) زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ رەزای تاڵەبانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

قانع، (٢٠١٤) دیوانی قانع: شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

قانع، مەریوان وریا (٢٠٠٥)، ناسیۆنالیزم و سەفەر: کورد لە دیاسپۆرا، لە بڵاوکراوەکانی نیوەندی رەهەند، سلێمانی.

مەکیاڤیللی، نیکۆلۆ،(١٩٨٢)، میر، و: حسین عارف، ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان، بەغداد.

محەمەد، مەسعوود، (٢٠١٠) کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

محەمەد، مەسعود، (١٩٧٣) حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

محەمەد، مەسعود، (١٩٧٤) حاجی قادری کۆیی، بەشی دووەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

مەلا کەریم، محەمەدی (٢٠٠٨) دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆیەوە، چاپی ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

نەبەز جەمال (٢٠٠٢)، بیری نەتەوەیی کوردی، چ ٢، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، لەندەن.

نەبەز، جەمال (١٩٨٥)، دۆزی ناسیۆنالی کورد، بنکەی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

نەبەز، جەمال (٢٠٠٨)، کۆبەرهەمەم ژمارە ٨، وشەنامەیەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم ئیلکترۆنی، ماڵپەری کوردبوون.

نەبەز، جەمال (١٩٨٦) پێوەندارێتی کوردی: کورد کێ یە و کوردبوون مانای چیە؟ بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم.

هێمن (٢٠٠٣) بارگەی یاران، بەرگی یەکەم،

دەزگای ئاراس، هەولێر.
هێمن، (٢٧٠٨) دیوانی هێمن موکریانی، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی.
وەلی، عەبباس، (٢٠٠١)، کوردەکان و ئەوانیتریان: هەویەت و سیاسەتی پارچەپارچەبوو، و: نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە، ناوەندی رەهەند، سوئید.
گۆڤاری زانستی:
عەلی، بەختیار (٢٠٠٥)، قانیع و سەرەتای سەرهەڵدانی مۆراڵی ناسیۆنالیستی دەستنیشانکردنی تەوەرەکان سەردەمی ڕەخنە، ژمارە ٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
ڕەفیق، فاروق، (١٩٩٧) ناسیۆنالیزم/کوردایەتی: بەرەو پارادایمی نوێ، گۆڤاری ڕەهەند، ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ستۆکهۆڵم، ژمارە ٢، ١٩٩٧.
ڕێنان، ئیرنست، (٢٠٠١)، نەتەوە چییە، و: حەسەن قازی، ڕەهەند، ژ، ١٢-١٣، ستۆکهۆڵم.
ڕۆژنامە:
حەمە سەعید حەسەن، (٢٠٢٢) دەربارەی شیعر، ڕۆژنامەی هەولێر، ژ: ٣٨٩٩، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٠ ل ١٠.
نەبەز، جەمال (٢٠٠٥)، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە ١٩٩، ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٧/١٢.
سایت:
بایەدمیر، عوسمان، بەهۆی ناوهێنانی کوردستان مووچەبڕ کرا. ڕێکەوتی سەردان ٢٠٢٢/٢/٢٤
https://www.rudaw.net/sorani/mid-dleeast/turkey/16012018
سەجادی، بەختیار، زمانی کوردی و ناخودئاگای سوژە، ڕێکەوتی سەردانیکردن ٢٠٢٣/٢/٢
https://hawcharkh.
/net/18/05/2020/1239
کتێبی عەرەبی:
ادونيس، (١٩٨٧)، مقدمة لشعر العربى، دار العودة، ط ٣ ، بيروت.
ارسطوطاليس (١٩٥٣) فن الشعر، ت: عبد الرحمن بدوى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
أفلاطون (١٩٩٤) المحاورات الكاملة، ت: شوقى داود تمراز، الاهلية للنشر والتوزيع، بيروت.
افلاطون (٢٠١٧)، ت: فؤاد زكريا دراسة والترجمة، مؤسسة الهنداوى، المملكة المتحدة.
الحصرى، ساطع، (١٩٨٧) حول القومية العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
اليوسف، سمير (٢٠٠٧) حكاية افلاطون والشعراء، دار الفارابى، بيروت.
اندرسن وجيلنر و الاخرون (١٩٩٥)، القومية: مرض العصر ام خلاصه، دار الساقى، بيروت.
اندرسون، بنديكت، (١٩٩٩) المجتماعات المتخيلة، ت: محمد الشرقاوى، المشروع القومى للترجمة، القاهرة.
انيس، ابراهيم (١٩٧٠٩) اللغة بين القومية والعالمية، دار المعارف، القاهرة.
جنفياف، روديس لويس (١٩٨٨) ديكارت والعقلانية، ت: عبدة الحلو، منشورات عويدات، ط٤، بيروت-باريس.
جوزيف، جون (٢٠٠٧) اللغة واللهوية، ت: عبد النور خرافى، عالم المعرفة، الكويت،
سعيد، توفيق، (٢٠٠٢)، فى ماهية اللغة وفلسفة التأويل، المؤسسة الجامعية، بيروت.
عادل، مصطفى (٢٠٠٧) فهم الفهم: مدخل الى هيرمنيوطيقا، رؤية للنشر والتوزيع، القاهرة.
فوكو، ميشيل (١٩٩٠)، الكلمات والاشياء، ت: مطاع الصفدى والاخرون، مركز النماء القومى، بيروت.
قطوس، بسام موسى (٢٠٢١) الفلسفة والشعر: أى علاقة؟ وزارة الثقافة، عمان.
مكاوى، عبد الغفار (٢٠١٧) شعر وفكر: دراسات فى الادب والفلسفة، مؤسسة الهنداوى، المملكة المتحدة.
هابرماس، يورغن (٢٠٠١)، المعرفة والمصلحة، ت: حسن سقر، منشورات الجمل، كولونيا.
هابرماس، يورغين (١٩٩٩) التقنية والعلم كأيديولوجيا، ت: الياس حاجوج، منشوارت، وزارت الثقافة، دمشق.
هايدغر، مارتن، (٢٠٠٣) اصل العمل الفنى، ت: ابو

العيد دودو، منشورات الجمل، بيروت.
هبرماس، يورغن (٢٠٢٠) نظرية الفعل التواصلي، عقلانية الفعل وعقلنية الاجتماعية، ت: فتحي المسكيني، المجلد الاول، المركز العربي للابحاث ودارسة السياسات، الدوحة.
هرتز، فردريک (٢٠١١) القومية في السياسة والتاريخ، ت: عبدالكريم احمد، وزارة الثقافة، القاهرة.
هوبزباوم، اريک، (٢٠١١) عصر الامبراطورية، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
هوبزباوم، اريک، (٢٠٠٧) عصر الثورة، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
هوبزباوم، اريک، (٢٠٠٨) عصر رأس المال، ت: فايز الصياغ، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
هيجل (٢٠٠٧)، موسوعة العلوم الفلسفية، ت: امام عبد الفتاح امام، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت.

فارسی:
اباذری، یوسف، (١٣٨٩) خرد جامعه‌شناسی، تهران، نشر طرح نو.
افلاطون (١٣٨٠) (دوره آثار)، جمهوری، ت: محمد حسن لطفی، جلد دوم، شرکت سهامی انتشارات خوارزمی، چ ٣، تهران.
باربیه، موریس (١٣٨٦) مدرنیته‌ی سیاسی، ت: حبدالوهاب احمدی، نشر آگه، تهران.
ریتزر، جورج، (١٣٩٣)، نظریه جامعه‌شناسی،ت: هوشنگ نایبی، تهران، نشر نی.
میلر، پیتر(١٣٨۴) سوژه، استیلا و قدرت، ت: نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، نشر نی، تهران.
هابرماس، یورگن، (١٣٨۶) کنش ارتباطی، (دو جلد) ت: کمال پولادی، موسسه انتشاراتی روزنامه ایران.
هابرماس، یورگن، کهون، لارنس، (١٣٨۴) از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، متن های برگزیده، ویراستار عبد الکریم رشیدیان، چاپ ۴، نشر نی، تهران.
وایت، ویلیام اوث (١٣٩٣)، هابرماس:معرفی انتقادی، ت: لیلال جوافشانی و حسن چاوشیان، نشر اختران، تهران.

گۆڤاری زانستی
حاجی بیگلو، (١٣٩٧) محمدهادی و مسگری، احمد علیاکبر، نسبت زبان و منطق در فلسفه هگل، فلسفه، سال ۴۶ ، شماره ٢، پاییز و زمستان.
ذاکری، مهدی و حسینی ، سید مصطفی، (١٣٩٣)، سرل و مسئله آگاهی، فصلنامه‌ی علمی پژوهشی فلسفه و الاهیات، سال ١٩، شماره ١، بهار، تهران.
فرجی، علیرضا و کریمی، عظیم (١۴٠١) بررسی و تطبیق نقش زبان در اندیشة هوسرل و ویتگنشتاین، دوفصلنامة علمی پژوهشهای مابعدالطبیعی، سال ٣، شماره ۵، بهار و تابستان، دانشگاه خوارزمی.

ئینگلیزی
Habermas, Jurgen (1973) Theory and Practice ,Translated by Jhon Viertel ,Beacon press, Boston.
Habermas, J. (1984). the theory of communicative action vol. London: Heine man.
Hobsbawm, Nation and Nationalism, Cambridge University press, 1990.
Jürgen Habermas, (1996) Between Facts and Norms: Contributions to a Discourse Theory of Law and Democracy, Translated by William Rehg, MIT Press, Cambridge.
Welton, Donn. (1999) The Essential Husserl. Basic writing. Intranscendental phenomenology. Indiana university press, New York.

# زمان و پەروەردە، دەوڵەت–نەتەوە و نەتەوەی بێدەوڵەت

قادر وریا

”نەتەوە“ لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵناسان و زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردووە. لەپشت ئەو پێناسانە، ئایدۆلۆژیا و روانین و بەرژەوەندیی سیاسیی جۆراوجۆر هەن کە بەشێکیان لەسەر رەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دامەزراون. لە بەراییدا پێویستە بگوترێت کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، بەڵام لە مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەش کراون، پێناسە و خوێندنەوەیان لە نەتەوە، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ پێناسەی وڵاتێک کە لە چەند نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز و سەرزەویی تایبەت بە خۆیان پێک هاتووە و هەمووانیان بەسەر یەکەوە بە یەک نەتەوە ناو دەبات.

**پوختە:**
یەکێک لەو کێشە گرنگانەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هەیانە، بێبەشبوون لە مافی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر خاکی خۆیانە. ئەم بێبەشییە سەرکوت و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییی ئەوانیشی لێ کەوتووەتەوە، بەتایبەتی زمانەکانیان رووبەرووی پەراوێزخران و تەنانەت حاشالێکردن بووەتەوە. دەوڵەت-نەتەوەکان بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستن و سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی وڵاتیان خستووەتە خزمەت ئەم پەراوێزخستن و حاشالێکردن و سڕینەوەیە، ئەویش لە رێگای زاڵکردنی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردە و رێگاگرتن لە بەکارهاتنی زمانانی دیکە لە پەروەردەدا. وڵاتی ئێران یەک لەو وڵاتانەیە کە سیاسەتی زمانیان بۆ خزمەتی ئایدۆلۆژیا و ئامانجگەلی سیاسیی دیاریکراو بەکار هێناوە. ئایدۆلۆژیای زاڵ لە ئێران لە ماوەی سەدت ساڵی رابردوودا ئەم وڵاتەی وەک وڵاتی یەک نەتەوە و یەک زمان پێناسە کردووە، نەک هەر دانی بە فرەنەتەوە و فرەزمان بوونی خەڵک و وڵاتی ئێراندا نەناوە، بەڵکو هەوڵی حاشالێکردن و پەراوێزخستنی ئەو نەتەوە و زمانانە و رێگری لە جێبەجێبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیانی داوە. لەم توێژینەوەیەدا هەم ئاوڕ لە ناوەڕۆکی پرۆسەی "نەتەوەسازی" لەلایەن دەوڵەت -نەتەوەی ئێران بە یارمەتی و هاوکاریی سیستەمی پەروەردەی تاکزمانی دەدرێتەوە، هەم گرنگیی بەرپەرچدانەوەی ئەم پرۆسەیە لەلایەن نەتەوە نافارسەکانی ئێران و بە دیاریکراوی نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد، لە رێگای داواکردن و پێداگری لەسەر پەروەردە بە زمانی خۆیان باس دەکرێت.

## ١ نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی:

### ١-١-چەمکی نەتەوە و جۆراوجۆریی روانگەکان:

"نەتەوە" لەو چەمکانەیە کە کۆمەڵناسان و زانایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەی جیاواز پێناسەیان کردوون. لەپشت ئەو پێناسانە، ئایدۆلۆژیا و روانین و بەرژەوەندیی سیاسیی جۆراوجۆر هەن کە بەشێکیان لەسەر رەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دامەزراون. لە بەراییدا پێویستە بگوترێت کۆمەڵە خەڵکێک کە خۆیان بە نەتەوە دەزانن، بەڵام لە مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەش کراون، پێناسە و خوێندنەوەیان لە نەتەوە، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ پێناسەی وڵاتێک کە لە چەند نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز و سەرزەویی تایبەت بە خۆیان پێک هاتووە و هەمووانیان بەسەر یەکەوە بە یەک نەتەوە ناو دەبات. کەم نین ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی سەرزەوی، زمان، مێژوو و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و بەراستی لەوانی دیکە جیاوازن، بەڵام هەر بەو هۆیەوە کە نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن و دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان پێک بێنن، بە نەتەوە دانانرێن. لە پێناسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێک وەک نەتەوە فاکتەری جۆراوجۆر دەور دەبینن. بەپێی پێناسە کۆنەکان زمانی هاوبەش، سەرزەویی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش لە سەرەکیترین فاکتەرەکانن. جاران ئابووریی هاوبەشیش وەک یەکێک لەو فاکتەرانە ناوی دەهات. بە نموونە ژۆزێف ستالین، رێبەری حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت

له پێناسەکەی خۆیدا "نەتەوە"ی لە ڕەگەز، ئێتنیک لەلایەکەوە و ئیمپراتۆری لەلایەکی دیکەوە جیا دەکردەوە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو: ''نەتەوە کاتێک پێک دێت کە چەندین هۆکاری سەقامگیر لە دەوری یەک کۆ ببنەوە، بۆ نموونە ئابووریی هاوبەش، زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش و فەرهەنگی هاوبەش یان پێکهاتەیەکی سایکۆلۆجیی هاوبەش کە لە پێکهاتنی فەرهەنگی هاوبەشدا ڕەنگی دابێتەوە'' (موهتەدی،٢٠٢١).[1] دیارە ئەم پێناسەیەی ستالین و ڕێبەرانی دوای ئەو بۆ نەتەوەکان، تەنانەت بەفەرمی ناسینی مافی جیابوونەوە بۆ نەتەوەکانیشی لە تیۆریدا لەگەڵدا بوو، بەڵام بەکردەوە بەپێچەوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەتەوەکان کرد. ئەم فاکتەرانە ئەگەر لەبارەی هێندێک نەتەوەش ڕاست و لەجێی خۆیاندا بن، ناتوانن بۆ هەموو نەتەوەکان دروست بن، چونکە بەکردەوە دەبینین چەندین کۆمەڵە خەڵک هەن کە هەم سەرزەویی هاوبەشی خۆیان هەیە، هەم زمانی تایبەت بە خۆیان؛ لە درێژایی مێژووشدا هەبوون، بەڵام چونکە لە بڕگەیەک لە مێژوودا نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و دەوڵەتی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان پێک بێنن و بیچەسپێنن، بە نەتەوە ناژمێردرێن.

### ١-٢-مەرجدارکردنی نەتەوە بە هەبوونی وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ:

بۆ چوونە نێو ئەم باسە، لە پێشدا چەند پێناسەیەکی جیاواز و جۆراوجۆری "نەتەوە" دەخەینە ڕوو. دواتر لەسەر ئەمە ڕادەوەستین کە کورد وەک کۆمەڵە خەڵکێکی دەیان میلیۆنی و خاوەنی سەرزەوی و نیشتمانێک کە ڕووبەرەکەی لە ڕووبەری دەیان وڵاتی سەربەخۆی ئەمڕۆی جیهان گەورەترە، ئایا دەکەوێتە خانەی "نەتەوە"؟ ئەم کۆمەڵە خەڵکە، ئەگەر نەتەوەن بۆچی مافی هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ و دەوڵەتێکی نەتەوەییی تایبەت بە خۆیان پێ ڕەوا نابیندرێت؟ ئەگەر "نەتەوە" نین شایانی چ ناوێکی دیکەن؟ ناسنامەکەیان چییە؟ چییەتیی کێشەکەیان چۆن لێک دەدرێتەوە و ئەم کێشەیان چۆن دەبێت چارەسەر بکرێت؟

نەتەوە بە شێوەی جیاواز پێناسە کراوە. جاری وایە لەم پێناسەکردنانەدا سنووری نێوان نەتەوە و کۆمەڵە خەڵکێکی خوارتر لە نەتەوە بۆ وێنە "قەوم"(ئێتنیک) بە زەحمەت لێک جیا دەکرێنەوە. واتە هەر ئەو پێناسەیەی بۆ نەتەوە کراوە، دەکرێت بۆ قەومێکیش بەکاری بێنی. هێندێک پێناسەکانیش نەتەوە بە هەبوونی دەوڵەت دەبەستنەوە، واتە نەتەوەیەک کە دەوڵەتی نەبێت، نەتەوە نییە. لە بەرانبەردا پێناسەی ئەوتۆش هەیە کە نەتەوەبوونی کۆمەڵە خەڵکێک بە قەناعەت و بڕواهەبوونیان بە نەتەوەبوونی خۆیانەوە گرێ دەداتەوە. لەم بەشەدا ئاماژەیەکی کورت بە ژمارەیەک لەو پێناسە جیاوازانە دەکرێت. "شەبانی" نەتەوەی بەم جۆرە پێناسە کردووە : ''نەتەوە بریتییە لە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵێک خەڵک لەبارەی زمان و کولتوور و جوگرافی و شێوەژیان و ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکانەوە". هەر ئەم سەرچاوەیە بەم جۆرە درێژەی بە پێناسەی نەتەوە داوە: ''بەڵام لە ڕووی تیۆری و ڕەگ و ڕیشەوە زاراوەی نەتەوە زیاتر دیاردەیەکی مێژوویی سیاسییە. نەتەوە یەکینەیەکی گەورەی سیاسییە کە لەنێوان کولتوور و هۆشیارییەکی هاوبەشدا گرێبەستێک ساز دەکات'' (شەبانی،٢٠١٥: ٣٢٦)[2] . پێناسەیەکی دیکەی ئەم چەمکە بریتییە لە: ''کۆمەڵگەیەکی هاوڕەگەز کە خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی یەکسان

و بەرژەوەندییەکی هاوبەش و زمانێکی یەکگرتوو بێت ''(سمکۆ محەمەد،٢٠٠٩: ٩٩)[٣]. ئەگەر بەراوردێکی ئەم پێناسانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هەبوونی خاڵی هاوبەش لە ڕووی زمان و کولتوور و شێوەژیان و ڕەگوریشەی مێژوویی بۆ ناودێرکران بە ''نەتەوە'' مەرجێکی پێویستە، بەڵام مەرجی تەواو ئەوەیە کە پێویستە نەتەوە'' یەکینەیەکی سیاسی''ش بێت؛ یەکینەیەکی سیاسی کە لەسەر بناغەی هاوەرەگەزی و خاڵە هاوبەشەکان، گرێبەستی دروست کردبێت. مەبەستیش لەم وشانە ئەوەیە توانیبێتی وەک دەوڵەتێک بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئاشکرایە دەوڵەتیش لەسەر خاکێکی دیاریکراو پێک دێت. بەم جۆرە پێناسەی نەتەوە، سێگۆشەیەک دەگرێتە خۆی: گۆشەیەک کۆمەڵە خەڵکەکەیە بە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانیانەوە، گۆشەکەی دیکە وڵات یا سەرزەوییەکە کە ئەو خەڵکەی لەسەر دەژین و لە گۆشەی سێیەمیشدا دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە هەیە. بیرمەندی فەرەنسی، ''ئەرنێست ڕینان''پێی وایە نەتەوە بەیەکەوەژیانێکی ئارەزومەندانەیە کە لەسەر بنەمای ئیرادە و ئارەزووی هاوبەشی تاکەکانی دادەمەزرێت. بەپێی بۆچوونی ڕینان: ''بوونی سەروەری و شانازییەکانی ڕابردوو، هەبوونی ویست و ئیرادەی هاوبەش لە ئێستادا، ئەنجامدانی کاری گەورە و مەزن لە ڕابردوودا و هەوڵدان بە ئامانجی ئەوەی کاری زیاتریش بە یەکەوە بکرێت، هەموو ئەمانە بۆ بوون بە نەتەوە پێویستن'' (جەعفەر عەلی،٢٠١٧)[٤]. ڕینان، نەتەوەی بە هاوپەیوەندییەک زانیوە کە بەهۆی ئاگامەندیی مێژوویی‌یەوە دەپارێزرێت. مەبەستی لەم قسەیە ئەمەیە: ''ئەم هاوپەیوەندییە دەبێت بە خواستی ژیانی هاوبەشەوە درێژەی پێ بدرێت. بە هەمان ئەندازە کە ڕابردووی مێژوویی گرنگە، ئێستاش گرنگە. ناکرێت ئێستا فیدای ڕابردوو بکەین و نەتەوەیەک بەهۆی ئەوەی پێشینەیەکی هاوبەشیان بووە، بە ناچاری لای یەک ڕایانبگرین یان لە یەکیان جیا بکەینەوە'' (موهتەدی، ٢٠٢١)[٥]. کاکڵەی پێناسەکەی ڕینان ''نەتەوەی سیاسی'' دەگرێتەوە. چونکە ڕینان لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ''نەتەوە'' بریتییە لە ڕاپرسییەکی ڕۆژانە. تەبریزی لێکۆڵەری ئێرانی، مەبەست لەم قسەیەی ڕینانی بەم جۆرە لێک داوەتەوە: ''بنەمای نەتەوە لەسەر ئیختیار و ڕەزامەندی و حەز و ئارەزوومەندێتی بۆ پێکەوەژیان دادەمەزرێت کە ئەمەش لە ڕاپرسیدا خۆی دەرخستبێت، نەک جارێک ڕاپرسی و بۆ هەمیشە، بەڵکو ڕاپرسییەکی ڕۆژانە و بەردەوام و بەستنەوەی مانەوە و پێکەوەژیانی ئەو نەتەوە سیاسییە بە ڕەزامەندیی بەردەوام و ڕۆژانە (تەبریزی، ٢٠٠٨)[٦]. ''بێنێدیکت ئاندرسۆن'' کە پێکهاتنی نەتەوە و ناسیۆنالیزم(نەتەوەپەرستی) ی گەڕاندووەتەوە بۆ سەرهەڵدانی پیشەسازی و سەرمایەداری، لەو بڕوایەدا بوو بۆ پێکهێنانی نەتەوە مەرجە دوو پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێک بشکێنرێت. یەکیان تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەروو نەتەوە کە ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەتی دینی و هاوشێوەی ئەوانە دەگرێتەوە؛ دووەمیان، تێکشکاندنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی خوار نەتەوە، کە خۆی لە بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و هەر پێکهاتەیەکی دیکەی لە نەتەوە بچووکتردا دەبینێتەوە''(سەرچاوەی پێشوو). ئەمەش بەو مانایە کە کۆمەڵە خەڵکێک کە

خۆیان بە یەک نەتەوە دەزانن، ناسنامەی نەتەوەییی خۆیان لە بەستراوەیی بە گرووپی سەرووتر یان خوارتر لە نەتەوە، بە گرنگتر دەزانن.

### ١-٣- نەتەوە بەپێی تیۆریی دەوڵەت- نەتەوە:

جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم و پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکانی ئەمریکا (١٧٨٦) و فەرانسە (١٧٨٩) بەرەبەرە شایەتی پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەکان بوو. پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوە لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپای ڕۆژاوا و باکووری ئەمریکا پەرەی گرت، پاشان ئەم ڕەوتە لە سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا و ئەفریقا گەشەی کرد، وای لێهات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی پانزدە ئیمپراتۆریی لاوازی چەند ئێتنیکی (وەک عوسمانی، نەمسا و هەنگاریا) ڕوخساری سیاسیی جیهانیان پێک دێنا (حەمدی و هاوکارانی،١٣٩٩:٣٣٣)[٧]. تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە داواکار بوو کە ئیمپەراتۆرییەکانی ئەو سەردەم بەگوێرەی پێکهاتە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانیان دابەش ببن، بە جۆرێک کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. زۆر لە وڵاتانی ئەو سەردەمیش ڕێک لەسەر ئەم بناغەیە دروست بوون. لەم تیۆرییەدا نەتەوە پێش دەوڵەت دەکەوت، واتە نەتەوە دەبوو هەبا، جا دەیتوانی دەوڵەتی هەبێت. تیۆریی ناوبراو ئەم مافەی دەدا بە هەر نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی هەبێت. لە ڕاستیدا بەپێی ئەم تیۆرییە پۆلێنکردنی بلۆکە سیاسییەکانی جیهان دەبوایە بەپێی پۆلێنکردنی نەتەوەکان بێت. لەم تیۆرییەدا نەتەوە بوون هۆکار و دەوڵەت ئەنجامەکەی بوو. لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە یان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە بەشەکانی دیکەی دنیاش بە پشتبەستن بەم تیۆرییە، ژمارەیەک دەوڵەت-نەتەوە دروست بوون، یان بە ئیلهاموەرگرتن لە تیۆریی دەوڵەت- نەتەوە، خۆیان و خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان پێناسە کردەوە. وەک نموونە دەوڵەتی تورکیا کە لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریی هەڵوەشاوەی عوسمانی دروست بوو، خۆی وەک نوێنەری ئیرادەی نەتەوەی تورک پێناسە کرد و خەڵکی ئەو وڵاتەی- کە لە ڕووی نەتەوایەتییەوە پێکهاتەی جیاوازیان هەبوو-، وەک یەک نەتەوە(نەتەوەی تورک) پێناسە کرد. دەوڵەتی ئێرانیش خەڵکی وڵاتەکەی بە نەتەوەی ئێران پێناسە کرد و خۆشی وەک دەوڵەتی نەتەوەی ئێران، ناساند. لە وڵاتە تازە پێکهاتووەکانی دیکەی سەر نەخشەی سیاسیی جیهانی نوێش، بۆ نموونە سووریا و عێراق، دەوڵەتەکان خۆیان وەک نوێنەری ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیەکی دیاریکراو، پێناسە کرد: نەتەوەی سووریا و نەتەوەی عێراق. بەڵام هەر وەک لە ئێران نەتەوەیەکمان بە ناوی نەتەوەی ئێران نەبووە و نییە، لەو دوو وڵاتەی دیکەش، نەتەوەی سووریا و نەتەوەی عێراق نەبووە و نییە. م. هەورامانی پشتبەستوو بە پێناسەی حافیزنیا (١٣٨٨)، میللەت یان نەتەوەی بە کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان زانیوە کە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسیی یەک وڵات (واتە کیانێکی سیاسی)دا دەژین و ماف و بەرپرسیاریەتیی وەک یەکیان هەیە (هەورامی، ٢٠٢٠: ٦١٨)[٨]. هەبوونی پێگەی سیاسی و بوون بە دەوڵەت لە زۆربەی پێناسەکاندا کراوە بە مەرجێکی سەرەکی. لە باوەڕی جوگرافیزانانی سیاسیدا، کاتێک قەومییەت یا ئێتنیک بەرگی نەتەوە دەپۆشێت کە بتوانێت خۆی لە

چوارچێوەیەکی سیاسی یان "State"دا ڕێک بخات. بۆ وێنە ئەفغانستان، تاجیکستان و ئێران لە زۆر بوارەوە و بەتایبەت زمان، ئایین و کولتوور، وەک یەکن بەڵام بە هۆی جیاوازیی سنوور و وڵاتەوە، بوون بە سێ نەتەوەی جیاواز. لە بەرانبەردا نەتەوەی سویسرا هەیە کە لە وڵاتێکی بچووکدا چوار زمانی جیاواز پێکەوە، نەتەوەیەک پێک دەهێنن. بە چاوخشاندنێک بەو پێناسانەی بۆ نەتەوە کراون، نەتەوە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە: ١- وڵات و حکوومەتێکی هاوبەش،٢- زمان و فەرهەنگی هاوبەش،٣- ئایین و باوەڕی هاوبەش، ٤-خاک و سەرزەمینی هاوبەش، ٥- بیروەریی سیاسیی هاوبەش و ٦- مێژوو و چارەنووسی هاوبەش" (سەرچاوەی پێشوو: ٦١٨)، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوە تەنیا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵە خەڵکێک نین کە دەیانکەن بە هاوشانی نەتەوەکانی دیکە. نەتەوە بە مانا نوێیەکەی، پێویستیی بە سروشتێکی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هاوشان بێت. لێکۆڵەری کورد، کنێر عەبدوڵڵا پێی وایە: "ئەو نەتەوانەی دوای دروستبوونی دەوڵەت دروست بوون، یان ئەو نەتەوانەی دەوڵەتێکیان هەیە، بەشێک لە سروشتی دامەزراوەییی دەوڵەتیان وەرگرتووە و جۆرێک لە ڕێکخستنیان هەیە کە یارمەتییان دەدات گەشە بکەن و خۆیان بەئاسانی لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکان بگونجێنن" (کنێر عەبدوڵڵا،٢٠١٧)[9]. بەڵام ئەو نەتەوانەی نەبوون بە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی دەوڵەتێک کە نەتەوەیەکی نامۆ و دژ تێیدا باڵادەستە، بۆ مانەوە بەگشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەیی بەتایبەتی، ئەرکی قورستریان لەسەر شانە. ئەم لێکۆڵەرە کوردە نووسیویەتی: "نەتەوە بێدەوڵەتەکان پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان دەجووڵێنەوە" (سەرچاوەی پێشوو). دەتوانین لە کۆی ئەم باسە ئەم ئاکامە وەربگرین: لە پرۆسەی لەدایکبوونی دەوڵەت – نەتەوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، نەتەوەی وا هەبوون ئەگەرچی بەپێی هێندێک لە پێناسەکان نەتەوە بوون، بەڵام نەیانتوانی یان نەیانهێشت ببن بە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان. کورد نموونەی ئەو نەتەوانە بوو. هێندێک نەتەوەش دروست کران کە نەتەوەی خەیاڵی بوون، کۆمەڵە خەڵکێکی پێکهاتوو لە ئێتنیک و نەتەوەی جیاواز بوون، بەڵام بەو هۆیەوە کە بە حوکمی مێژوو یان بەپێی ویستی زلهێزەکان و براوەکانی شەڕی جیهانی، کەوتبوونە نێو جوگرافیایەکی سیاسیی دیاریکراو، ناوی نەتەوەیان لەسەر دانرا. وەک موهتەدی وتوویەتی: "پێکهاتنی زۆرێک لە دەوڵەت-نەتەوەکان بەرهەمی ئاوێتەبوون یان جیابوونەوەی زۆرەملێی ئەوان لەلایەن دەسەڵاتە بیانی و کۆلۆنیالیستەکانەوەیە، نەک ئەوەی بەرهەمی یەکگرتنی مێژوویی و گەشەی سروشتیی ئەم کۆمەڵگەیانە بێت" (موهتەدی، ٢٠٢١)[10]. ئەگەر فاکتەرەکانی خاکی هاوبەش، مێژوو و ڕابردووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و لە هەمووی ئەمانە گرنگتر وشیاری و ویستی نەتەوەییی تاکەکان بکەینە پێوەر، کورد نەتەوەیەکی تەواوە. نەتەوەیەکە کە نیشتمانەکەی پارچەپارچە کراوە و هەر پارچەیەک لە خاکەکەی خراوەتە سەر دەوڵەت-نەتەوەیەک. داگیرکەرانی

خاکەکەی و تەنانەت سیستەمی نێودەوڵەتیش ڕێگرن لەوەی خاکەکەی بخاتەوە سەریەک و دەوڵەت نەتەوەی خۆی دابمەزرێنێت. نەک هەر وەک نەتەوەیەک سەیری ناکەن و بە قەوم و بچووکتر لە قەومیش ناوی دێنن، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەت-نەتەوە داسەپاوانەشدا کە بەبێ ویست و ئارەزووی کورد پێک هاتوون، سەرەتاییترین مافە نەتەوەیی‌یەکانی پێ ڕەوا نابینن.

### ۱-۴-پێویستیی هەبوونی پێگەیەکی دەستووری -نەتەوەیی:

"نەتەوەی بێدەوڵەت" چەمکێکی ناسراوی ئەم سەردەمەیە. ئەم چەمکە بۆ ئەو خەڵکانە بەکار دەهێنرێت کە زۆر لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیان تێدایە، بە نموونە خاوەن سەرزەوی و مێژووی تایبەت بە خۆیانن، لە ڕووی زمان و کولتوورەوە لە خەڵکانی دەوروبەری خۆیان جیاوازن، لەمانەش گرنگتر خۆیان باوەڕیان وایە کە نەتەوەیەکی جیاوازن و پێشینەی خەبات بۆ دروستکردنی کیانی سیاسی و نەتەوەییان هەیە و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامن، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا هەروا لە سەربەخۆیی وڵات و هەبوونی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بێبەش ماونەوە. نەتەوەی کورد، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت و بەرچاوترین نموونەی ئەم جۆرە نەتەوانە لە هەموو جیهاندایە. ئەم نەتەوەیە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییی خۆی و بەرگریلێکردن و پێشخستنی لەنێو هەر یەک لەو دەوڵەت- نەتەوانەدا کە کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کردووە، پێویستە پێگەیەکی دەستووریی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەجۆرێک کە هەم بتوانێت لەسەر نیشتمان و سەرزەوییەکەی خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت، هەم پشکی تایبەت بەخۆی لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت -نەتەوەکانی ئێستادا هەبێت و لەم ڕێگایەشەوە پارێزگاری لە پێگەی سیاسی-نەتەوەییی تایبەت بەخۆی بکات. بوونی پێگەیەکی دەستووری- نەتەوەییی تایبەت بە کورد یان هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەییی بندەست لە نێو ئێران یان لەنێو دەوڵەت-نەتەوەکانی دیکەی ناوچە و شانبەشانی ئەمەش پشک هەبوون و بەشداربوونی ئەو نەتەوانە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت -نەتەوەکاندا، جگە لەوەی کۆتایی بە حاشاکردن لە فرەیی نەتەوەیی و زمانی لەو وڵاتانەدا دێنێت، دەروویەکیان بە ڕوودا دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی، چی دیکە ناوەند و دامەزراوەی سیاسی، بەڕێوەبەری و یاسادانان لەسەر ناسنامەی سەردەست و تاقە پێکهاتەیەک تاپۆ نەکات و جومگەکانی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی ناسنامەکانی دیکە و یەکسانکردن بەکار نەهێنێت. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و دیاریکردنی سیاسەت و پلانی زمانیش، چی دیکە لە خزمەت دروستکردنی نەتەوەیەکی خەیاڵی و هەڵاواردن و پەراوێزخستن و سڕینەوەی نەتەوە تا ئێستا بندەست و پشتگوێخراوەکاندا نابێت.

## ۲ پێناسە و کورتەمێژووی سیاسەت و پلانی زمانی:

### ۲-۱- سیاسەتی زمانی:

چەمکی"سیاسەت" پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. زۆر لە پێناسەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە سیاسەت بە سەرجەمی هەوڵەکان بۆ بەدەستەوەگرتن یان پاراستنی دەسەڵات دەگوترێت. "سیاسەت بە واتا گشتییەکەی بە هەر

ستراتیژی و تاکتیک و ڕێگا و شێوازێک بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارێک چ کەسی و چ گشتی دەگوترێت، بەڵام بە واتا تایبەتەکەی سیاسەت بریتییە لەو مێتۆد و شێوازانەی بەڕێوەبردن کە پێوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبێت" (آشوری،١٣٩٤:٢١٢)[١١].

دیارە ئەو بوارانەی سیاسەت پێوەندیی پێوەیان هەیە زۆرن بۆیە بۆ لێکهەڵاواردن و ناسینەوەی سیاسەتەکان، بەگوێرەی بوارە پێوەندیدارەکان ناویان دەبرێت وەک سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نێوخۆیی، سیاسەتی پەروەردەیی، سیاسەتی کولتووری و... هتد. یەکێکیش لەو بوارانە کە سیاسەت پێوەندیی پێوەوە هەیە، بواری زمانە. لەسەر پێشینە و مێژووی سیاسەتی زمانی دوو بۆچوونی جیاواز هەن. بۆچوونێک مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر کۆن. لە کتێبی "سفر پیدایش"دا هاتووە کە حەزرەتی ئادەم ئەرکی ناودانان لەسەر گیاندارانی باغی عەدەنی گرتە ئەستۆ. هەروەها هاتووە کە خودا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دانیشتووانی بابلدا زمانی ئەو قەومەی تێک دا و ئەمری کرد کە فرەزمانی لەنێو ئەو قەومەدا پەرە بگرێت. "سپۆلسکی"، لە کتێبی "سیاسەتی زمانی"دا، ئەم نموونانەی وەک بەڵگەی کۆنبوونی "سیاسەتی زمانی" هێناوەتەوە و وتوویەتی: "بە هیچ جۆر بابەتێکی نوێ نییە" (اسپالسکی، ١٣٩١:٥)[١٢]، بەڵام سەرەڕای بوونی بۆچوونی لەم چەشنە بە بڕوای زۆر لە خاوەنڕایان و شارەزایانی سیاسەتی زمانی و مێژووەکەی، چەمکی "سیاسەتی زمانی" چەمکێکی تا ڕادەیەک نوێیە. خودی اسپالسکی(١٣٩١:١٦) ، نووسیویەتی: "یەکەمین کتێب کە زاراوەی سیاسەتی زمانی تێدا بەکار هێندراوە، کتێبی سیبۆلێرۆیە" (قازی،٢٠٢٢:١٧)[١٣].

هەر ئەوەش کە یەکەم کتێب بەم ناوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بڵاو بووەوە و پێشتر ئەم چەمکە لە نووسیندا خۆی دەرنەخستووە، بەڵگەیە بۆ نوێبوونی چەمکەکە. ئاماژە بەو ڕاستییەش پێویستە کە ئەم چەمکە زۆر جار بەهەڵە لەگەڵ "پلانی زمانی" کە ئەویش وەک سیاسەتی زمانی چەمکێکی نوێیە، بە یەک واتا بەکار هێنراون. دیارە ئەم بۆچوونە ڕاست نییە و لەنێوان سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی ئەگەرچی پێوەندییەکی چڕ هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە. "سیاسەتی زمانی مەبەست و بیرۆکەی زاڵ بەسەر چۆنیەتیی دارشتنی پلانداڕێژیی زمانیدایە و پلانداڕێژیی زمانی پلانێکی کردارییە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی" ( قازی،٢٠٢٢:٢٠)[١٤]. لەڕاستیدا پلانی زمانی بۆخۆی بەشێکە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی. سیاسەتی زمانی ئەگەر پلانی زمانی لەپشت نەبێت ئامانجەکانی نایەنەدی. پلانی زمانیش ئەگەر سیاسەتێک ئاراستە و ڕێنوێنیی نەکات، بەرەو ئاسۆیەکی نارِوون هەنگاو دەنێت و دەستکەوتێکی دیاریکراوی نابێت، ئەم دووانە تەواوکەری یەکترن. هەرچی سیاسەتی زمانییە، لایەنی تیۆریی هەیە، بەڵام پلانی زمانی بەکردەیی کردنی ئەو سیاسەتەیە کە لە پشتیەتی. بە گوتەی "بالدوف" "پلان و سیاسەتی زمانی لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا هاتنە ئاراوە. هەڵبەت ڕەگەی فەلسەفی و پراکتیکییەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سەردەمی ناپلیۆن لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە ناپلیۆن هەستی بەوە کرد زمانێکی یەکگرتووی بۆ بەڕێوەبردنی سوپا پێویستە"[١٥](Baldauf, ٢٠١٢: ٢٠٣) . کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم

و سەرەتای سەدەی بیستەم کاتێک بیرمەندانی زمانەوانی بە دوای ئامرازە چەمکدارەکاندا دەگەڕان، بۆ تێگەیشتن و شەرعی بوونی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیە بە بایەخەوە دەرکەوت و گەشەی کرد. سیاسەتی زمانی بوارێکی بەرفرەیە، ئاوێنەیەکە هاوکات هەم بیرکردنەوە و ڕوانینی وڵاتێک و کۆمەڵێکی لەبارەی زمانەکانی تێدا دەخوێنینەوە، هەم هەوڵەکان و کردەوە و دژکردەوەکانی پەیوەندیدار بەو ڕوانینانە. لێکۆڵەری کورد "قازی" پێی وایە: ''سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بریتییە لەو کردەوە دەستانقەستانەی کە لەلایەن حکومەت، ڕێکخراو، ناوەند، تاک و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری زمانی تاک و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت، کردەوەگەلێک کە بە مەبەستی پەرەپێدان، سەپاندن یا سڕینەوەی شوناسی گرووپە ئینسانییەکان ئەنجام دەدرێت کە لەسەر دەستی زمان ڕوو دەدات'' (قازی،٢٠٢٢:٢٣)[١٦]. بە دەربڕینێکی دیکە کۆی ئەو پەیوەندییانەی ژیان و زمان لێک گرێ دەدەن، کاکڵەی سیاسەتی زمانی پێک دێنن. "لوییس جان کالفی" سیاسەتی زمانی بە سەرتاپای ئەو ڕێگایانە دەزانێت کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیان لە وڵاتێکدا بەکار دەهێنرێن (کالفی،٢٠١٢:١٥٢)[١٧]. وەک دەبینین پێناسەی جیاواز بۆ سیاسەتی زمانی کراوە، بەڵام هەموویان لە ناوەرۆکێکی گشتیدا کۆک و هاوڕان کە بەم جۆرەیە: ''سیاسەتی زمانی بریتییە لە دارشتنی بنەماکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زمان یان زمانەکان لە ڕێگای پێدانی پێگەیەکی دەستووری و یاسایی لە وڵاتدا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. بەپێی جۆری سیستەمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەسەڵات لە وڵاتدا، پێگەی زمانەکانیش دەگۆڕێت'' (سلێمان،٢٠٢١:١٧٣)[١٨].

ئەو پێناسانەی لەبارەی سیاسەتی زمانییەوە هەن، ئەگەر لە فۆرمۆڵەکردن و دەربڕینی وشەکانیشدا جیاوازییان هەبێت لە ناوەڕۆکدا لێکدوور نین. سیاسەتی زمانی لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە. سپۆلسکی، تیۆریی سیاسەتی زمانی بە هەڵگر و خاوەنی چوار تایبەتمەندیی بنەڕەتی زانیوە. یەکەمین تایبەتمەندی، دابەشبوونی سیاسەتی زمانی بە سەر سێ بواردایە کە بریتین لە: ئەلف) بەکارهێنانە زمانییەکان، ب)باوەڕ و ئایدۆلۆژییە زمانییەکان و ج) ئەو سیاسەت و پلانە وردانەی لە خزمەت چاکسازیی ڕێوشوێن و ئایدۆلۆژیاکانی کۆمەڵێکدان (اسپالسکی،١٣٩١:٥٥)[١٩]. دووەم تایبەتمەندیی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سپۆلسکییەوە ئەوەیە کە سیاسەتی زمانی هەر تەنیا زارە دیارەکانی زمانێک ناگرێتەوە، بەڵکو پێوەندیی بە سەرجەم پێکهاتەکانی هەموو ئاستەکانی زمانەوە هەیە، وەک دەنگسازی، ڕێنووس، وشەسازی، ڕێزمان، شێواز؛ هەروەها زمانی بەد، زمانی ڕەگەزپەرستانە، زمانی دزێو، زمانی دروست و... هتد. شێوەزارەکانیش دەگرێتەوە. سێیەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیاسەتی زمانی، پانتایی و گۆڕەپانی کارپێکردنیەتی (سەرچاوەی پێشوو: ٥٦). ناوچەی ژێرکاریگەریی سیاسەتێکی زمانی نەک هەر جڤاتێکی زارەکی، بەڵکو جڤاتێک بە هەموو ڕەهەندەکانیەوەیە. سپۆلسکی لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ''قەڵەمڕەوی سیاسەتێکی زمانی دەتوانێت

گرووپ یـــا جڤاتێکـــی ئایینی، سیاســـی یان کۆمەڵایەتیـــی دەستنیشـــانکراو بێت کە دەکرێـــت بنەماڵەیەک، دەســـتەیەکی وەرزشـــی، گەرەکێـــک، شـــوێنی کار، ڕێکخراوێـــک، شـــارێک، وڵاتێـــک یـــا فیدراســـیۆنێکی ناوچەیـــی بێـــت. چوارەم تایبەتمەندیی بنەڕەتیی تیۆریی سیاســـەتی زمانی ڕۆڵگێـــڕان و کارابوونی لە ژینگەیەکی خۆجێییدایە کـــە زنجیرەیـــەک پێوەندیی ئاڵۆز، توخمـــەکان، گـــۆڕاوەکان و هۆکارە زمانی و نازمانییـــە خۆجێییەکان پێکەوەی گرێ داون. زۆر جـــار خۆگونجاندنی لەگەڵ وەهـــا ژینگەیەکدا لەگەڵ کێشـــە و گرفت و شـــکان بەرەوڕوو دەبێتەوە" (سەرچاوەی پێشـــوو:٥٧-٥٦). خاڵێـــک کـــە جێگەی هەڵوێســـتە لەســـەرکردن لـــە ناوهێنان و شـــیکردنەوەی ئـــەم تایبەتمەندییانەدا کە سپۆلســـکی ئامـــاژەی پێـــداون، گونجان و نەگونجانـــی سیاســـەتێکی زمانـــی لەگـــەڵ ژینگەکەیدایـــە. زمانناســـی کورد شێخولئیســـلامیش بۆچوونێکی هاوشێوەی سپۆلســـکی هەیـــە: "سیاســـەت و پلانی زمانیـــی بـــاش ئەوەیە کە بە بەشـــداریی خەڵـــک دادەڕێژرێـــت، بـــە شـــێنەیی و لێزانی وەگـــەڕ دەخرێـــت، پێداچوونەوە و هەڵســـەنگاندنی بەردەوامـــی بـــۆ دەکرێت و لە کاتـــی پێویستیشـــدا بە پرۆســـەی بەردەوامی چاکســـازی و ڕیفۆرمدا دەڕوات" (شێخولئیســـلامی،٢٠٢٣:١٨)[٢٠]. ئەمـــەش گرنگە کـــە پلاندانانە زمانییـــەکان لەگەڵ ناوەرۆکی سیاســـەتە زمانییەکـــەدا گونجاو بـــن. سیاسـەتێکی زمانـــی دەکرێت لە نێوەرۆکـــدا لەگەڵ ژینگە، یـــا ئەو وڵات و جڤاتەی سیاســـەتەکەی بۆ دانـــراوە گونجاو بێت، بەڵام ئەو پلانانـــەی بۆ جێبەجێکردنی سیاســـەتەکە داڕێژراون، لەوانەیە زانســـتی نەبن. تەنانەت ئەگەر پلانەکانیش زانســـتی بـــن، بەڵام ئەوانـــەی جێبەجێـــی دەکەن

بە مەرجێـــک لێوەشـــاوەیی و ئەزموون و توانایی پێویســـتیان بـــۆ ڕاییکردنی نەبێت، ئاکامـــی جێبەجێکردنەکـــە نەخـــوازراو و نەرێنـــی دەبێت و بەم جۆرە لـــە ئەنجامدا ســـەرنەکەوتنەکەی بە مل سیاســـەتەکەدا دەشـــکێتەوە. کێشـــە و گرفتـــی گەورە ئـــەو کاتـــە ڕووبـــەڕووی سیاســـەتێکی زمانی دەبێتـــەوە کـــە ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕاســـتییەکانی ژینگەی جێبەجێکردنەکەیدا نەگونجێـــت. لـــە بارێکی ئەوتـــۆدا ئەگەر وردترین پلانەکانیش داڕێژین و پســـپۆرانی کارامـــە و لێهاتوویـــش بخەینـــە خزمەت جێبەجێکردنی، سیاســـەتەکە هەرچەند لە کورتخایەنیشـــدا ڕووبەڕووی کێشە نەبێتەوە، لـــە درێژخایەندا خۆی دەبێتە ســـەرچاوەی کێشـــەی گەورە. هەر بۆ وێنـــە لە وڵات و جڤاتێکی فرەزمان، سیاســـەتێکی زمانی کە ئامانجەکەی پەراوێزخســـتن و ســـڕینەوەی زمانەکان لـــە پێنـــاوی زاڵکردنـــی تاکە زمانێکدا بێت، ئەو سیاســـەتە قەیرانخوڵقێن دەبێـــت، قەیرانەکەش تەنیـــا داوێنی زمانە پەراوێزخراوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو کێشـــەی سیاســـی لێ دەکەوێتەوە.

## ٢-٢-پلانی زمانی:

پلانـــی زمانـــی بـــووە بـــە ئاوەڵدووانەی سیاســـەتی زمانـــی. بەزۆری ئـــەم چەمکە بە دوای سیاســـەتی زمانیدا دێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ چەمکی سیاســـەتی زمانیشدا نەیـــەت، یەکەم شـــتە کە بە بیســـتن و دیتنـــی چەمکـــی سیاســـەتی زمانی بە بیرماندا دێت. هۆی ئـــەم لێکگرێدراوییەیان بـــۆ ئەمـــە دەگەڕێتـــەوە کە سیاســـەتی زمانـــی بێ پلانـــی زمانی ناگاتـــە ئەنجام و پلانـــی زمانیـــش بێ سیاســـەتی زمانی، دەبێتـــە تویکڵێکـــی بـــێ کاکڵ. پلاندانان واتـــە ســـوودوەرگرتن لە ســـەرچاوەکان بـــە جۆرێکـــی وشـــیارانە و کۆنترۆڵکراو. پلاندانانـــە کۆمەڵایەتییـــەکان کە پلاندانانی

زمانیش یەکێکیانە، نموونەیەکن لە بڕیاردان بە هۆی کەسانی خاوەنبیر بۆ چارەسەریی کێشەیەک. لێکۆڵەری ئێرانی، ئەفخەمی پێی وایە: ''بناغەی پلاندانانی زمانی لەسەر چاولێکردنی زمان وەک سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت. گرنگیی ئەو سەرچاوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و بایەخی لە دروستکردنی پێوەندی و ناسنامە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا'' (ئەفخەمی،٩:١٣٨٤)[٢١].سەرهەڵدانی چەمکی "سیاسەتی زمانی"دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٥)ی زایینی. ''چەمکی "پلاندانانی زمانی"یش لە کۆتاییەکانی دەیەی (١٩٥٠)و بە دیاریکراویش بە هۆی "هاوگێن"ەوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی" دیالێکت، زمان، نەتەوە" بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکانی بەردەم زمان لە وڵاتی نۆرویژ بەکار هاتووە'' (حەمەئەمین و کەریم،١١:٢٠١٧)[٢٢].

دەیەی(١٩٩٠) بە وەرچەرخانێک لە مێژووی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی کارەکیدا دەژمێردرێت. بە بۆچوونی "داوەری"، دوو ڕووداو ڕێخۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی هەلومەرجێکی ئەوتۆ: ''"یەکەم، پەرەگرتنی بێوێنەی زمانی ئینگلیزی و دنیاداگیرکردنی لە درێژەی ڕەوتی بەجیهانیبووندا. دووەم، هاوکاتبوونی هاتنەگۆڕ و بڵاوبوونەوەی هزری ڕەخنەگرانە و پۆستمودێرن''. "داوەری" لەم بارەیەوە وتوویەتی: ''ئەم دووانە بوارێکی لەباریان بۆ چڕبوونەوەی سەرنجەکان و وردبوونەوە لەبارەی چەمکی سیاسەتی زمانی ڕەخساند. لە ئاکامی ئەو هەلومەرجەدا بواری سیاسەت و بەرنامەڕێژیی زمان، بووژانەوە و بەهێزبوون و بەرینبوونەوەیان بەخۆوە دیت'' ( داوەری ،٨:١٣٩٩)[٢٣]. بە گوتەی ئەفخەمی، زۆرتر سیاسەتمەداران ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی پلانی زمانیدا هەیە و پسپۆڕانیش ئەرکی ئامادەکردنی پلانەکە دەگرنە ئەستۆ. پسپۆڕان، دوای لەبەرچاوگرتنی ئەو سەرچاوانەی مەزەندە دەکرێن، چەندوچۆنیی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە لە خزمەت ئامانجی پەرەپێداندا هەڵدەسەنگێنن و کاتێک لەسەری ڕێک کەوتن، ئامراز و تەکنیکەکانی جێبەجێکردنی دیاری دەکەن. دوایە یاسادانەران ئەم قۆناغانە پەسەند دەکەن و بۆ جێبەجێکردن دەیدەنە دەست دەوڵەت(ئەفخەمی،٩:١٣٨٤)[٢٤]. پلانی زمانی، چەندین بنەمای بەیەکەوە گرێدراوی وەک زنجیرەی هەیە کە ئەو بنەمایانە هەنگاو بە هەنگاو پێڕەو دەکرێن تا وەکو ببنە باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی بەردەم زمان لە کۆمەڵگەدا. "حەمەئەمین" و "کەریم"(١٣:٢٠١٧)[٢٥] لە لێکۆڵینەوەی هاوبەشی خۆیاندا ئەم قۆناغانەیان بەم جۆرە دەستنیشان کردووە:'' ١-کێشە و گرفت کە تێیدا کێشەی بەردەم زمان یا زمانەکان دەستنیشان دەکرێت، ٢-خاوەن بڕیار (دەسەڵات) لەم قۆناغەدا حکومەت و دەزگا پێوەندیدارەکان، بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن و ئەرکی چاوەدێریکردن و گۆڕین و باشترکردنی زمانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ٣-جێگرەوەکان(بەدیلەکان)، لەم قۆناغەدا لە ڕێگای هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە یان وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و شارەزایانەوە، شوێنگرەوە و ڕێگاچارە گونجاوەکان پۆل پۆل دەکرێن. ٤- هەڵسەنگاندن، لەم قۆناغەدا جێگرەوەکان بەپێی پێوەرێکی زانستی و گونجاو، هەڵدەسەنگێندرێن و تاقی دەکرێنەوە. ٥-پێڕەوکردن، کە ئەمەش قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەڕێوەبردنی دەگرێتەوە''. دیارە جێبەجێکردنی پلانی زمانی، پێویستی بە هاوکاری و بەشداریی کۆمەڵێک زانست و بواری دیکەش هەیە، چونکە

لەلایەک لەگەڵ زمانناسی و لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆمەڵناسی لە پێوەندیدایە، هاوکات پێوەندیی بە لقە جۆراوجۆرەکانی بەرنامەڕێژی و زانستی سیاسەتیشەوە هەیە.

### ٢-٣- ڕەهەندەکانی سیاسەتی زمانی:

سیاسەتە زمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی، یان ئاشکران یان شاراوە. بۆ ناسینەوەی سیاسەتە ئاشکراکان، ئاسانترین ڕێگە ئەوەیە لەو سیاسەتانەی بە شێوەی بەیاننامەی فەرمی لە بەڵگەنامەکانی وڵاتێکدا بەرچاو دەکەون، ورد بینەوە. بۆ وێنە لەوانەیە ئەو سیاسەتانە وەک ماددەیەکی یاسایی لە دەستووری وڵاتدا یان یاساکانی پێوەندیدار بە زمان، یان بەڵگەنامەیەکی دەوڵەت یان لە ڕێنماییەیە کارگێڕییەکاندا خۆیان بنوێنن. بە گوتەی سپۆلسکی لە ئێستادا (١٢٥) وڵاتی جیهان لە دەستووری خۆیاندا باسی جۆریک لە سیاسەتی زمانییان کردووە و نزیکەی (١٠٠) وڵاتی جیهانیش لە سوودەکانی بەکارهێنانی یەک یان چەند زمانی نەتەوەیی و فەرمی دواون. دەستووری (٧٨) وڵات تاکە زمانێکیان وەک زمانی نەتەوەیی یان زمانی فەرمیی خۆیان ناو بردووە (اسپالسکی، ١٦:١٣٩١)[٢٦] . شیفمەن لە پێناسەکردنی سیاسەتی زمانیدا، سیاسەتی بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگایەکی دیاریکراو زانیوە کە لەنێو چەند یان چەندین ڕێگای دیکەدا هەڵبژێردراوە و پێی وایە ئەم سیاسەتە دوو دیوی هەیە، دیوی ئاشکرا و دیوی شاراوە (ئەردەکانی،١٣٨٨ :١٠٣)[٢٧]. بەگوێرەی جۆراوجۆریی زمان لەنێو کۆمەڵ و چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوەی ئەو کۆمەڵە لەگەڵ جۆراوجۆرییە زمانییەکان، سیاسەتی زمانیی جۆراوجۆر هەن. شیفمەن لە پۆلێنبەندییەکەی خۆیدا ئەم چەشن و جۆرانەی سیاسەتی زمانی ناو بردوون: ''پەرەپێدەرانە، مەیدانپێدان، یەکسانیخوازانە، سنووردارکردن، سنوورداربوونی ژینگەی بەکارهێنان، فەرمی، نافەرمی، شاراوە و ئاشکرا'' (قورەیشی و هاوکاران،١٢٧:١٣٩١)[٢٨]

بوارەکانی پلاندارێژیی زمانیش جۆراوجۆرن. ''قازی'' سێ بواری بۆ پلاندارێژیی زمان ناو بردوون: ''بواری چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمان بە سەرنجدان بە کێشە و گرفتەکانی بەردەم زمانەکان، دابەش دەبنە سەر سێ بوار کە بریتین لە: ١- پلاندارێژیی پێگە، ٢-پلاندارێژیی جەستە و ٣- پلاندارێژیی فێرکاریی زمان'' (قازی، ١٩:٢٠٢٠)[٢٩].

جۆرێکی دیکەی پۆلێنکردنی بوار و جۆرەکانی پلانی زمانی هەیە کە لە جیاتی دابەشکردنیان بە سەر پلاندارێژیی جەستە، پلاندارێژیی پێگە و پلاندارێژیی فێرکاریی زمان، بە سەر پلانی پێگە و پلانی دەستەجەمعی دابەشیان دەکات. ''ناوخۆش'' لەبارەی ئەم دوو جۆرە پلانە وتوویەتی: ''پلانی پێگە، پرستێژی زمان یا زارێک لە کۆمەڵ دەردەخات، ئەم جۆرە پلانە لە هەڵبژاردنی بەراییی زمانێک دەکۆڵێتەوە. پرۆسەکە چەند ئەرکێکی هەیە وەک گۆڕینی ئەرکی زمانێک یان شێوە زمانێک، هەروەها دیاریکردنی مافی خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو زمانە یان ئەو زارەدا. ئەم جۆرە پلانەی زمان، دوو سێ بیرۆکە دەورووژێنێت و مەبەست لە هەر یەکەیان دروستکردنی پایەی زمانە. پلانی دەستەجەمعی پەیوەستە بە (هەڵبژاردن) و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی ڕێزمان و بە ستانداردکردنی ڕێنووسی زمان، ئەم جۆرە پلانە هەوڵ دەدات پەرە بە زارێکی زمان بدات یان زمانێک بە ستاندارد بکات'' (ناوخۆش، ٢٨:٢٠١٠)[٣٠]. زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەتن بە چییەتیی پلانی زمانی، ئاماژەیان بەوە داوە کە ''ڕوانگەی زمانی'' و وشیاریی زمانی''ی خەڵک، ڕۆڵێکی گرنگیان لە جێبەجێبوون

و سەرکەوتنی ئەو پلانەدا هەیە. ئەفخەمی وتوویەتی هەر جۆرە پلاندانانێکی زمان دەبێت بەگوێرەی ڕوانینەکانی خەڵک بێت. ناوبراو پشتبەستوو بە بۆچوونی "مەک نامارا" پێی وایە: "یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی سەرکەوتوو نەبوونی پلاندانانێکی زمانی، بە جۆرێکی نادروست پێناسە و دەستنیشانکردنی ئامانجە درێژخایەن و کورتخایەنەکانە" (ئەفخەمی،١٣٨٤:١٢)[٣١]. ئەم گرنگیدان بە ڕوانگەی خەڵک لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی پلانە زمانییەکان پێوەندییان بەو خەڵکەوە هەیە کە زمانەکە بەکار دەهێنن. ئەگەر ئەوان پێشوازیی لێ نەکەن و هەڵوێستێکی دژیان هەبێت، بە جێگەی ئەوەی ببن بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر، دەبن بە کۆسپ لەسەر ڕێگای جێبەجێبوونی، بەڵام ئەگەر ئامانجی پلانسازییەکە لە بازنەی هەستی نەتەوەیی و بیروباوەڕی نیشتماندۆستیی خۆیاندا ببینن، پێشوازی و پشتیوانیی لێ دەکەن، تەنانەت لە ڕووی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانیشیەوە هاوکاریی دەکەن. ڕەزامەندی و ڕووی خۆش نیشاندانی ناوەندە ئەکادیمییەکان، زانکۆکان، پارتە سیاسییەکان، هەروەها ڕۆژنامە و میدیا شوێندانەرەکان لەم بارەیەوە گرنگە کە ئەو ناوەند و دامەزراوانە کاریگەرییان لەسەر پەروەردەی فکری، زانستی، ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی تاکەکان هەیە. ئەگەر ئەوانە پشتی پلانە زمانییەکە نەگرن و لەگەڵیدا نەبن، پلانەکە ڕووبەڕووی بەرهەڵست و کارشکێنی دەبێتەوە.

## ٣ سیاسەتی زمانی لە خزمەت ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیای زمانیدا :

بنەچەی چەمکی ئایدۆلۆژیا، وەک چەندین چەمکی دیکەی باو لە جیهانی هزر و فەلسەفە و ئەدەبیاتی سیاسیدا، بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە. لەو چەمکانەیە کۆمەڵێک مانای جیاوازی وەرگرتووە. مەبەست لە ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک باوەڕ و بۆچوونی جێگرتوو لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە کە تاک یا گرووپ دەکرێت هەیانبێت.

### ٣-١- ئایدۆلۆژیای زمانی:

هەندێک بیرمەند چەمکی ئایدۆلۆژیا بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێننەوە. ئایدۆلۆژیا جار هەیە وەک چەمکێکی پۆزەتیڤ و جاریش هەیە بە ناحەز و نیگەتیڤ بەکار دێت. سمکۆ محەمەد لەبارەی پێشینە و جۆری بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە ڕابردوودا نووسیویەتی: "مارکس لەکاتی لاویتیدا کە بەکاری هێناوە وەکو تیۆرێک و وەکو واتایەکی دژیو کە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای ئاڵمانی دەگرێت و مەبەستیشی لە "کانت" و "هیگڵ" و "فیورباخ" و "فیختە" بووە. بەڵام "جۆرج لۆکاچ" و "تیری ئیگلتۆن" پێیان وایە ئایدۆلۆژیا چەمکێکی قووڵی فکری و دیالکتیکییە و "ئانتۆنیۆ گرامشی"یش بە هەمان شێوە بە چەمکێکی گرنگی تەماشا دەکات" (محەمەد، ٢٠٠٩:٢٦٩)[٣٢].

زمان و ئایدۆلۆژیا، پێوەندییەکی چڕ و چەند لایەنیان هەیە. سیاسەتی وڵاتان و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە بواری جیاوازدا، بەزۆری لەژێر کاریگەریی ئەو ئایدۆلۆژیانەدان کە سیستەمی سیاسی و بناغەی دەسەڵاتی ئەوانی لەسەر دامەزراوە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری وڵاتان لە سیاسەتدانان و پلاندارێژییان لە بواری جیاوازدا. بەتایبەتی

دامەزراوە پەروەردەیی و کولتوورییەکانی وڵات ناچار دەکرێن لە دانانی نەخشەڕێگا و ناوەرۆکی بەرنامە و پلانەکانیاندا، بگەڕێنەوە سەر سەرچاوەی ئایدۆلۆژیای دەسەڵات و سیستەمی حوکمڕانی. سیاسەتی زمانیی وڵاتان یەک لەو گۆڕەپانانەیە کە ئایدۆلۆژیا، جڵەویان دەگرێت و ڕوانینی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. لەلایەکی دیکەوە زمان مەیدانی ململانێی ئایدۆلۆژیاکان و وێککەوتنی بیر و باوەڕ و ڕوانینە جیاوازەکانە. ئایدۆلۆژیایش وەک سیاسەت و ئایین و کولتوور و زۆر چەمک و دیاردەی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە زماندا بوونی هەیە و بە ڕێگای زماندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت. لەنێوان سیاسەتی زمانی، ئامانجەکان و پاڵنەرەکانی پلاندانانی زمانی و ئایدۆلۆژیا سیاسییەکاندا پێوەندییەکی بەهێز هەیە و زۆربەی کاتەکان لێکهەڵاواردنیان دژوارە. جگە لەو ئایدۆلۆژیا سیاسییانەی سەرخانی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی پێک دێنن و سێبەر دەخەنە سەر سیاسەت و پلاندارێژیی دامودەزگا و دامەزراوەکانیان، کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای زمانی هەن کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە سیاسەت و پلاندانانی زمانییەوە هەیە.

ئایدۆلۆژیای زمانی چییە؟ هەروا کە ئایدۆلۆژیای ئایینی، سیاسی، ڕەگەزی و هی دیکەمان هەیە، ئایدۆلۆژیای زمانیش هەیە و چەمکێکی ناسراو و جێگرتووە. قەمەری و حەسەنزادە لەسەر پێناسەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان، (پشتبەستوو بە شوهامی ٢٠٠٦) دەنووسن: "ئایدۆلۆژیا زمانییەکان باوەڕی خەڵک بە زمانەکان پێشان دەدەن. ناتوانین ئەم بوارە بەڕوونی لە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانی دەوڵەت جیا بکەینەوە. بەگوێرەی ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیاکان، زمانەکان لەگەڵ نەتەوەکان یەکسانن و بە نیشانە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەژمێردرێن. ئایدۆلۆژیای زمانی دەپەرژێتە سەر ئەم پرسە کە زمان چۆن بەکار بهێنرێت و فێربوون و فێرکردنی زمانەکان بە چ شێوەیەک بێت". هەر ئەو دوو لێکۆڵەرە لە زمانی سەرچاوەی پێشووەوە دەڵێن: "ئایدۆلۆژیا زمانییەکان دەتوانن ببنە ئامرازی ئایدۆلۆژیا سیاسی و دینییەکان و ببن بە چەقی شەڕە سیاسییەکان" (قەمەری و حەسەنزادە،١٣٨٩:١٦٥)[٣٣].

ئایدۆلۆژیای زمانی لقێکی لێکۆڵینەوەیی تا ڕادەیەک نوێیە. ئەم لقە لە هەناوی قوتابخانەی ئەتنۆگرافیی قسەکردن کە پێداگریی لەسەر چەمکە کولتوورییەکانی زمان دەکرد، لە دەیەکانی شێست و حەفتای زایینیدا سەری هەڵدا. "لە دەیەی هەشتای زایینی، چەندین لێکۆڵەری سەر بەم قوتابخانەیە، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ پێوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات و ئابووریی سیاسی تەرخان کرد. لەو سەردەمدا هۆگرییەکی ڕوو لەگەشە بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە هەبوو کە سیاسەت و کارلێکی کۆمەڵایەتی چۆن کار دەکەنە سەر تایبەتمەندییەکانی بنیاتی زمان" (Judith T. Irvine، ٢٠٢٠)[٣٢].

ئایدۆلۆژیای زمانیش وەک هەر ئایدۆلۆژیایەک تایبەت نییە بە تاکەکەسێک، واتە هیچ ئایدۆلۆژیایەک لە تاکەکەسێکدا قەتیس نامێنێت. ئایدۆلۆژیا سنووری تاک تێدەپەڕێنێت و دەبێتە باوەڕی کۆمەڵە مرۆڤێک. شێخولئیسلامی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە دەستەیەک لەو بیروباوەڕانە دەزانێت کە هەم هاوبەشن و هەم باو ... مەبەستی ئەم زمانەوانە لە هاوبەشی و باو بوون ئەوەیە: "هی تاکەکەس نین بەڵکو دەستەیەک لە خەڵک، چینێک

جا باڵادەست، یان هی خوارەوە، یان گرووپێکی ئێتنیکی بەیەکەوە هەیانە. مەبەست لە "باو"بوونیشیان ئەوەیە کە برەویان هەیە و ئەم برەوپەیداکردنەیان زۆر گرنگە، بەو واتایە کە وەک باوەڕێکی ئاسایی و سروشتییان لێ هاتووە و ڕێگا نادەن بخرێنە ژێر پرسیارەوە" (شێخولئیسلامی، ٢٠٢٢: ٩٢-٩٣)[٣٥].

ئایدۆلۆژییە زمانییەکان چ سەبارەت بە پلە و پایەی زمان قسە بکەن بۆ وینە زمانێک فەرمی بێت یان نەبێت، چ سەبارەت بە پێکهاتەی زمانەکان قسە بکەن، گرنگیی تایبەتیان هەیە.

## ٣-٢- جۆرەکانی ئایدۆلۆژیای زمانی:

لە هەر کۆمەڵ و وڵاتێک جۆرێک لە ئایدۆلۆژیای زمانی پەسەندە و برەوی هەیە و دەوڵەت و دەسەڵاتی زاڵ لەو شوێنە، بەپێی باوەڕیان بە یەکێک لەو ئایدۆلۆژیایانە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی درێژخایەنی خۆیان و پێکهاتەی ئێتنیکی و ڕەوشی زمان لە وڵاتەکەیان، ئایدۆلۆژیایەک دەکەن بە سەرچاوەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی. قورەیشی و هاوکارانیشی بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی کوباروبیاس (٦٣:١٩٨٣) هەر ئەم پۆلێنکردنەیان بۆ ئایدۆلۆژیا زمانییەکان هەیە. ئەوان ئایدۆلۆژیا زمانییەکانیان بەم جۆرە ناو بردووە:" ١-یەکسانکردنی زمانەکان، ٢-فرەچەشنیی زمانی، ٣-گەڕانەوە بۆسەر زمانە خۆجێییەکان، ٤-هەڵبژاردنی زمانی نێودەوڵەتی" (قورەیشی، ١٢٨:١٣٩٧-١٢٧)[٣٦]. چەند ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی زمانی هەن کە لە هێندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، بە نموونە "ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی، ئایدۆلۆژیای سیاسەتی دەستوەرنەدان، سیاسەتی زمانیی جیهانگەرایی و سیاسەتی زمانیی کەرتی (سێکتەری). جۆرێکی دیکەی ئایدۆلۆژیا زمانییەکان ئەوانەن کە نیازی زیندووکردنەوەی ئەو زمانانەیان هەیە کە لەنێو چوون یان خەریکن لەنێو دەچن"(میرمکری، ٢٠٢١: ١١٢ -١١٤)[٣٧].

ئایدۆلۆژیا زمانییەکان بە گوێرەی کاکڵ و ناوەڕۆکیان لەسەر سیاسەت و نەخشەڕێگای دەوڵەتان بۆ چارەسەری پرسی زمان کاریگەرییان هەیە. لەوانەیە کاکڵ و ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژیا زمانییەکە، "یەکێتیی زمانی" واتە "یەک وڵات و یەک زمان" بێت(وەک ئێران). لەبارێکی ئەوتۆدا، جۆراوجۆریی زمانییەکان لە پێناوی ئامانجی ئایدۆلۆژیا ناوەندییەکەدا (سەردەستیی تاکەزمانێک) دەکرێنە قوربانی، بەڵام ئەگەر ئایدۆلۆژیای زمانیی دەوڵەت و دەسەڵاتی وڵاتەکە، لەسەر "فرەچەشنیی زمانی" واتە "یەک وڵات و چەند زمان" دامەزرا بێت، ئەوە ڕێگای بەفەرمیناسینی زمانەکانی دیکەی وڵات و لەنێویاندا زمانی کەمینە ئێتنیکییەکان لە جوگرافیای دیاریکراوی خۆیاندا دەدات.

## ٤ سیاسەتی زمانی لە بواری پەروەردەدا:

### ٤-١- پێگە و گرنگیی زمان لە پرۆسەی پەروەردەدا:

ڕۆڵی بەرچاوی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەمان دەکاتەوە کە ئاخۆ زمانی پەروەردەش دەکەوێتە ڕیزی ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە پێشڤەچوون و سەرکەوتنی پەروەردەدا هەیە؟ جێگە و پێگەی زمانی بەکارهاتوو لە پەروەردە و فێربووندا ڕاستەوخۆ لەژێر باندۆری ئایدۆلۆژیای سیاسیی وڵاتدایە. ئایدۆلۆژیای سیاسیی دەوڵەتیی وڵاتێک هەر چییەک بێت، ناوەند و دامەزراوەکانی دیکەی

سەربە دەوڵەت هەوڵیان ئەوە دەبێت ئەم ئایدۆلۆژییایە لە ڕێگای دامەزراوەکانیان بکەن بە بەشێک لە باوەڕ و بیرکردنەوەی خەڵک. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ئەو شوێنەیە کە دەوڵەت بۆ جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکانی خۆی لەنێو تاکەکانی وڵاتدا بەکاریان دێنێت. پسپۆڕی بواری پەروەردە، مستەفازادە پێی وایە: "وڵاتان و نەتەوەکانی جیهان بەگوێرەی جۆری بیرکردنەوە و ئەو قوتابخانە فەلسەفی و سیاسییەی بڕوایان پێیانە، ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆیان پێناسە دەکەن، ئەمەش میتۆد و شێوازی جیاواز لە ئامانجە پەروەردەییەکانیدا لێ دەکەوێتەوە" (مصطفی زادە،١٣٩٤: ١٣)[٣٨]. جیاوازییەکانی دنیابینیی پەروەردە و فێرکردنی ئێران لە هەر دوو سەردەمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نموونەیەکی دیارن بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە کە هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، جۆرێکی جیاواز لە پەروەردە و فێرکردنی لێ دەکەوێتەوە. تەنانەت جیاوازیی نێوان ئایدۆلۆژیای سیاسیی ئەو دوو سەردەمە، لە جۆری هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بەرانبەر دوو زمانی دیاریکراودا دەردەکەوێت. ڕژێمی شایەتی کە دۆست و هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژاوا بوو و دژایەتییەکی لەگەڵ کولتووری ڕۆژاوایی نەبوو، بایەخێکی تایبەتی دەدا بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندندا، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆی بە زمانی عەرەبی نەدەدا، کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای دینی بە سەریدا ئاستی زمانی عەرەبیی وەک زمانی قورئان و زمانی پێوەندی لەگەڵ بەردەنگە موسوڵمانەکانی تا ئاستی زمانی دووەم لە ئێراندا بەرز کردووەتەوە. چەندی بۆشی کراوە بایەخ و گرنگیی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی کەم کردووەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی لەو وڵاتانەدا کە کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە، پەروەردە و فێرکردن و زمانی پەروەردە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە خراونە خزمەت نەتەوەسازی و دروستکردنی دەوڵەت- نەتەوە. ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەی سەردەست لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یەکێتیی زمانیان کردووە بە گرنگترین پێویستییەکانی یەکێتیی مێژوویی و سەرزەوی. ئەم هەوڵە بە نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەستی پێکرد. بە بۆچوونی لێکۆڵەر هەورامان فەریق، سیستمی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرن یەکێک لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی و وەک پێویستییەکی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن بوو: "دامەزراندنی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی منداڵان لە حەوت ساڵییەوە بۆ قوتابخانە، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دەوڵەت نەتەوەسازی، هەر ئەوەی کە ئەتاتورک لە تورکیا، ڕەزا شا لە ئێران، قەزافی لە لیبیا کردیان"(هەورامان فەریق،٢٠٢١:٦٢)[٣٩]. ئەم دەوڵەت-نەتەوانە بە پێڕەوی لەم قسەیەی میچێل بیلیگ کە "مەرجی سەرەکیی سەپاندنی هەژموونی نەتەوەیی، زۆر جار سەپاندنی هەژموونی زمانە" (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ١١)، شانبەشانی بەکارهێنانی نێوەرۆکی سیستەمی پەروەردە بۆ زاڵکردنی هەژمونی خۆیان، زمانەکەی خۆشیان لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە، بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییە جیاوازەکانی وڵاتدا زاڵ کرد. لە ئێران ئەوە هەر دەسەڵاتداران نەبوون کە بەم جۆرە قۆڵیان لە نەتەوەسازی و جێگیرکردنی دەوڵەت نەتەوە هەڵماڵی، بەڵکو ڕووناکبیرانی فارسیش لەگەڵیاندا بوون. "سلێمانی" و "محەمەددپوور" بڕوایان وایە: "هەرلە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)ەوە، کە ناسیۆنالیزمی فارس

سەرەڕای چەندکولتووری و چەندزمانەبوونی دانیشتووانی ئێران خۆی کرد بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەت، ڕووناکبیرانی فارس بە ڕیزکردن و خستنەڕووی کۆمەڵێک بەڵگەنامەی مێژوویی و کولتووری، وایانکرد زمانی فارسی وەک ناسنامەیەکی ئەزەلی و گشتگیر کە هەموو ئێرانییەکانی گرتووەتەوە، بناسێنن''(سلێمانی و محەمەدپوور،٢٠١٩:١٣٦)[٤٠].

لێکۆڵەر ئەتابەکی، پێی وایە دەسەڵاتداران و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست باوەڕیان وابووە کە تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوەند دەتوانێت یەکپارچەیی وڵات بپارێزێت و ڕەوتی چاکسازی بەرەوپێشەوە ببات: ''بڕوایان وابوو کە نوێکردنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ لە ئێران، پێویستی بە کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییە کولتوورییەکان و یەکسانکردنی ئێتنیکی هەیە....'' (تورەج ئەتابەکی،٢٠١٣)[٤١]. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، ئەمانە پێشمەرجەکانی وەدیهاتنی دەوڵەت- نەتەوە بوون و ئەگەر پێی بگەن دەتوانن یەکپارچەیی وڵات بپارێزن و جێپێیەک بۆ نیشتمانی خۆیان لە جیهاندا بدۆزنەوە، ئەمەش یانی ئەو کاتەی نزیک بە تەواوی دانیشتووانی وڵات لە ڕووی بیرکردنەوە وەکو یەک خۆیان سەر بە یەک نەتەوە بزانن.

دەوڵەت- نەتەوەی ئێران، لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە زمانی فارسیی کردووە بە زمانی بەئێرانیکردنی دانیشتووانی وڵات؛ زمانی فارسیی کردووە بە زنجیرێک بۆ لێکبەستنەوەی هەموو دانیشتووانی نێو جوگرافیای پانوبەرینی ئێران. لە ئێران جۆرێک بیرکردنەوە لەنێو بیرمەندان و ڕووناکبیرانی سەر بە نەتەوەی سەردەستدا دەبینرێت کە پێی وایە زمانی فارسی و ئێرانیبوون هاوتای یەکن. شاهرخ مەسکوب لە کتێبی ''هویت ایرانی و زبان فارسی''دا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە ''ئێرانییەکان، ئێرانێتیی خۆیان بە یارمەتیی زمانی فارسی ڕاگرتووە و سەرەڕای بەربڵاویی سیاسی لە یەکە جوگرافییە جۆراوجۆرەکاندا، پێکەوەگرێدراویی مێژووی نەتەوەییی خۆیان پاراستووە و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەیان هێناوە'' (رجبی و احمدوند،١٣٩٩:٥٨)[٤٢]. تەرخانکردنی ئەم جێگە و پێگەیە بۆ زمانی فارسی لە بواری پەروەردە و بوارە گرنگەکانی دیکەدا، هەر تایبەت بە سەردەمی شایەتیی پەهلەوی نییە و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا ئەم سیاسەتە درێژەی پێ دراوە. زمانی فارسی بە هۆی جێگە و پێگەیەک کە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێراندا هەیەتی، دەرەتانێکی بێوێنەی بۆ پەرەگرتن و دەوڵەمەندبوون لە هەر ڕوویەکەوە بۆ ڕەخساوە و بەردەوام خزمەتی دەکرێت. هاوکات بووە بە زمانی پێناسەکردن و ناساندن و جێگیرکردن و خۆبەرهەمهێنانەوەی ناسیۆنالیزم و ئایدۆلۆژیا و ناسنامەیەکی تایبەت کە خۆی بە''ناسنامەی نەتەوەیی'' ناودێر کردووە؛ ناسنامەیەک کە لەژێر ناوی ''نەتەوەیی'' بووندا، سەرجەم پێکهاتە ئێتنیکی و زمانییە نافارسییەکانی ئێرانی خستووەتە پەراوێز و جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان پێ ڕەوا نابینێت.

### ٤-٢- دیاردەکانی تاکزمانی و فرەزمانی لە پەروەردەدا:

چەمکەکانی تاکزمانی، جووتزمانی و فرەزمانی کە بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، نیشاندەری پێکهاتەی کۆمەڵ و وڵاتی جیاواز لە ڕووی جۆراوجۆریی زمانی و

هەروەها توانای تاکەکان لە بەکارهێنانی رادەی زمانەکاندان. ئەم تایبەتمەندییەی وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەزمان لەسەر پرسی زمانی پەروەردە کاریگەریی زۆری هەیە کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت. "پەیوەندی"، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری ئێرانی پێی وایە: ''وڵاتانی جیهان لەسەریەک لانیکەم دوو رێبازی گرنگیان لە هەڵبژاردنی زمانی پەروەردەدا گرتووەتە بەر. رێبازی یەکەم: پەروەردە بە زمانی دایک کە لەم رێبازەدا منداڵان هەر لە سەرەتاوە بە زمانی دایک وانە جۆراوجۆرەکان لە قوتابخانە دەخوێنن. زمانی نەتەوەیی یان سەرانسەری لەپاڵ زمانی دایک دەخوێندرێت و پەروەردە و فێرکردن بەرەبەرە دەبێتە جووتزمانی. لە دواساڵەکانی قۆناغی ناوەندیدا قورسایی زیاتر لە بەرنامەی خوێندندا دەدرێت بە زمانی سەرانسەری. رێبازی دووەم: خوێندنی زمانی دایکە (پەیوەندی، ٢٠٢٠)[٤٣]. لە رێبازی دووەمدا زمانی نەتەوەیی یان زمانی سەرانسەری، زمانی سەرەکیی پەروەردە و خوێندن دەبێت و قوتابییان لەپاڵ زمانی فەرمی فێری زمانی دایکیان دەبن، واتە بە زمانی دایک ناخوێنن بەڵکو فێری خوێندنەوەی زمانی دایک و نووسین بە زمانی دایک دەبن و بە رێنووس و رێزمان و ئەدەبیاتی زمانی دایکیان ئاشنا دەکرێن. لەم رێبازەدا بابەتە دەرسییە جۆراوجۆرەکان بە زمانی فەرمی یا سەرانسەری دەخوێندرێن. رێباز یان مۆدێلی پەروەردەی ئەوتۆش هەن کە زیاتر لە یەک یان دوو زمان لە پەروەردەدا سوودیان لێ وەردەگیرێت. ئەم مۆدێلە بە "پەروەردەی چەندزمانی" یان "پەروەردەی فرەزمانی" بەناوبانگە.

### ٤-٣- تاکزمانی لە پەروەردەدا:

بە شێوەیەکی سەرەکی دوو مۆدێلی تاکزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە: مۆدێلی یەکەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان تەنیا لە یەک نەتەوە پێک هاتوون و تەنیا بە یەک زمان قسە دەکەن (کە نموونەی ئەوتۆ لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بە دەگمەن دەست دەکەوێت)، لەم مۆدێلەدا پەروەردە و خوێندن بە یەک زمانە کە زمانی هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەیە و شتێکی ئاساییە. باشیی ئەم مۆدێلە لەوەدایە کە فێرخوازان بە زمانی دایک کە هەمان زمانی نەتەوەییانە، دەخوێنن. لێکۆڵەری کورد ئاشتی ئەحمەد حەسەن لەبارەی ئەم مۆدێلە لە پەروەردەی تاکزمانی وتوویەتی: ''لەو جۆرە پەروەردەیەدا، تەنها بە زمانی دایک دەخوێنن، یان بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی دایک دەخوێنن، ئەم شێوازە پەسەندە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا بە شێوەیەکی نەرێنی باس نەکراوە، بۆ نموونە پەروەردەکردنی منداڵێکی کورد بە زمانی کوردی یان پەروەردەکردنی منداڵێکی ئینگلیز بە زمانی ئینگلیزی. بە پێچەوانەوە هەموو سەرچاوەکان باس لە گرنگیی خوێندن بە زمانی دایک بەتایبەتی لە پۆلەکانی سەرەتای خوێندن دەکەن''(حەسەن،٢٠٢٢:١٠٠)[٤٤]. دیارە وڵاتان بە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ وێنە پێویستیی زانستیی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یان پێویستیی پێوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانی وڵات بە زمانێکی نێودەوڵەتی، هەروەها بە هۆکاری ئایینی بەتایبەتی لە وڵاتانی موسوڵمان، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن یا لە قۆناغەکانی دواتردا، فێربوونی زمانێک یا چەند زمانی بیانی دێننە ریزی بەرنامە دەرسییەکانیان، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، زمانی فەرمی و سەرەکیی پەروەردە و فێرکردن لەم مۆدێلەدا، زمانی گشتی

و نەتەوەیی ئەو وڵاتانەیە. منداڵێکیش کە لەم مۆدێلەدا دەخوێنێت، هەتا ئەو کاتەی بە زمانی خۆی دەخوێنێت و فێری زمانێکی دیکە نەبووە، بە "یەکزمانە" دەژمێردرێت. مۆدێلی دووەم، ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە دانیشتووانیان لە نەتەوە و زمانی جیاواز و جۆراوجۆر پێک هاتوون، بەڵام زمانە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووانی وڵات، جێگەیەکیان لە خوێندن و پەروەردەدا نییە. بە هۆکاری سیاسی و ئایدۆلۆژیا و لەژێر ناوی پێکهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی وەکیەک و یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکپارچەییی وڵاتدا، تەنیا یەک زمان لە بواری پەروەردەدا فەرمییەتی هەیە و پێی دەخوێندرێت، ئەویش زمانی گەورەترین پێکهاتەی ئێتنیکیی وڵاتەکە یان نەتەوەی سەردەستە. بەم جۆرە منداڵانی سەر بە ئێتنیکەکانی دیکە و کەمینە زمانییەکان لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن. ئەو منداڵانە بەو هۆیەوە کە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵەیان لە زمانی خوێندن لە قوتابخانە جیاوازە، هەر لە سەرەتای خوێندنەوە، ڕووبەڕووی ئەزموونی جووتزمانی دەبنەوە. "لەم قوتابخانانەدا سیستەمی پەروەردەی تاکزمانییە، یان زمانی بیانییە و ڕێگا نادرێت بە زمانی دایک بخوێندرێت. ئەم شێوازە لە پەروەردە بە پەروەردەی تاکزمانی ناسراوە، بەپێی زۆر لە سەرچاوەکان شێوازێکی ناپەسەندە و چەندین لێکەوتەی خراپی هەیە"(حەسەن،٢٠٢٢:١٠٠)[٤٥]. بێبەشیی فێرخوازان لە خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی دەروونی و پەروەردەیی و فێربوونەوە بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی هەتا ئێستا کراون، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر منداڵانی جووتزمانی هەیە. شیلان عومەر حوسێن گرفتە دەروونییەکانی ئەو منداڵانەی زمانی خوێندنیان لە زمانی قسەکردن لە ماڵەوە جیاوازە، بەم جۆرە ناو بردوون: "لە ناخیاندا و لە ڕووی دەروونییەوە لە ناو کۆمەڵەکەیاندا جۆرێک لە نامۆیی و ناوازەیی و شازبوونیان تیا دەردەکەوێت؛ ئاستی تێگەیشتن و بیروروژاندنی خوێندکار بۆ ئەوانەی کە بە زمانی دایکیان ناخوێنن، سفرە". بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی ناوبراو: ترسناکیی پەراوێزخستنی زمانی دایک بۆ تاک هەر لەوەدا نییە کە داخوراندنی زمانەوانی و سستبوونی فەرهەنگی و... هتدی لێ دەکەوێتەوە، لە هەموو ئەمانە مەترسیدار ئەوەیە کە ڕێگە و شێواز و چۆنێتیی بیر و بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەموو بوارەکانیدا دەبێت" (حوسێن،٢٠١٦:٦٩)[٤٦]. سکۆتناب کانگاس کاریگەریی پەروەردەی تاکزمانی لەم جۆرە وڵاتانەدا، پەروەردەیەک کە بریتییە لە بێبەشیی منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک، ئەوەندە بە گەورە و زیانبار دەبینێت کە بە ژینۆسایدی ئێتنیکی ناوی دەبات (کلان،٢٠١٨: ٥٠)[٤٧]. ئەو زمانانە کە ڕێگای بەشداری لە پەروەردە و فێرکردنیاندا پێ نادرێت، ڕێگای بووژانەوە و گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێ دەگیرێت و ڕووبەڕووی پەراوێزخران و دابەزینی پێگەیان لەنێو ئاخێوەرانیان دەبنەوە. جگە لەمەش ئەم ستەم و هەڵاواردنە زمانییە وەک بە کردەوەش لە زۆر شوێنی جیهان دەیبینین بووە بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزیی سیاسی.

### ٤-٤- جووتزمانی لە پەروەردەدا:

مەبەست لە جووتزمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، پەروەردەیەک کە لەپاڵ زمانی فەرمیی وڵات، زمانێکی دیکەش لە هەموو یان چەند قۆناغی پەروەردەدا پێی دەخوێندرێت. وای دانێین منداڵێکی فارسیزمان کە هاوکات زمانی دایک و

زمانی فەرمیی وڵاتەکەی یەکن، لەپاڵ زمانی فارسی بە زمانێکی دیکە بۆ وێنە زمانی ئینگلیزی، دەخوێنێت. لەم بارەدا ئینگلیزییەکە، بە زمانی دووەمی دادەنرێت. لە هەرحاڵدا زمانی دایک زمانی یەکەمی مرۆڤە، ئەگەر لە قوتابخانە بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی دایک خوێندی، زمانی خوێندنەکە پێی دەگوترێت زمانی دووەم. لێکۆڵەر ئاشتی ئەحمەدد حەسەن ئاماژەی بەو راستییە کردووە کە بەهۆی زۆریی جۆرەکانی جووتزمانی، زمانەوانان لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بۆ پەروەردەی جووتزمانی هاوڕا نین. ئەو لێکۆڵەرە بۆخۆی جووتزمانی بەم جۆرە پێناسە کردووە: ''پەروەردەی جووتزمانی: بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابی بە دوو سیستەمی زمانی جیاواز لە سیستەمی پەروەردەدا، یەکەمیان زمانی دایکە، دووەمیان زمانێکی دیکەیە کە قوتابی پێ ئاشنا نەبێت، واتە پەروەردەی جووتزمانی بە سیستەمێکی پەروەردەیی پێناسە دەکرێت کە تێیدا زانیاری بە دووزمان پێشکەش بە قوتابییان دەکرێت''(حەسەن،١٠١:٢٠٢٢)[٤٨].

لێرەدا گرنگە جیاوازیی نێوان ''پەروەردەی جووتزمانی'' و ''منداڵی جووتزمان'' بکەین. پەروەردەی جووتزمانی، بەو سیستەمە لە پەروەردە دەگوترێت کە لە دوو زمان بۆ فێرکردن و خوێندن سوود وەردەگرێت، بەڵام منداڵی جووتزمان بە منداڵێک دەگوترێت کە زمانی ماڵەوە و زمانی خوێندنی جیاوازن. جووتزمانبوونی منداڵ ئەو واتایە ناگەیەنێت کە لە قوتابخانە بە دووزمان دەخوێنێت. بۆ نموونە لە ئێران هەموو منداڵە قوتابییە نافارسەکان کە سەر بە ئێتنیک و زمانی جیاوازن، سەرجەمیان دوو زمانەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە قوتابخانە تەنیا بە یەک زمان دەخوێنن کە ئەویش زمانی فارسییە. کەواتە بۆیە پێیان دەگوترێت جووتزمان، چونکە زمانی قسەکردن لەنێو بنەماڵە و زمانی خوێندنیان جیاوازە. بۆ ئەم جۆرە قوتابییانە ''لە راستیدا زمانی باڵادەست، هەرەشەیەکە بۆسەر زمانی زگماکیی ئەوان و لە کۆتاییدا دەبێتەوە جێگرەوەی زمانی دایکیان'' (رحمت زهی و شجاعی فر، ٢٠١٨)[٤٩].

بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە منداڵان ئەرکدار دەکرێن بابەتە دەرسییەکان و ناوەڕۆکیان بە زمانی سەردەست فێر بن. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە بە سەرنجدان بە پێوەرەکانی خوێندنی دوو زمانە، ئەم شێوەیە لە خوێندنی جووتزمانیدا جێگایەکی نییە؛ چونکە بابەتەکانی خوێندن تەنیا بە زمانی دووەم یان زمانی سەردەست دەخوێندرێن.

### ٤-٥- پەروەردەی فرەزمانی:

زۆربەی وڵاتانی جیهان لە سەردەمی ئێستادا بە وڵاتانی چەندزمانە دەژمێردرێن. کەمتر وڵاتێک لە ڕۆژگاری ئێستادا هەیە کە دانیشتووانی تەنیا بە زمانێک بدوێن. ئەلیاسی، لێکۆڵەری ئێرانی پشتبەستوو بە بۆچوونی ''لی وی'' زمانەوانی چینی-بریتانیایی(٢٠٠٠) نووسیویەتی: ''بە شێوەیەکی ئاسایی سێ یەکی خەڵکی جیهان واتە لە هەر سێ کەس کەسێک بە هۆی پێداویستیی پیشەیی و بنەماڵەیی، لە کاتی ئاساییدا دوو زمان یان زیاتر بۆ قسەکردن بەکار دێنن (زەنگەنە و هاوکارانی، ٧٨:١٣٩٩)[٥٠]. ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە شێوەی فەرمی بە وڵاتی تاکزمانی دەژمێردرێن، ''لە زیاتر لە (٢٠) وڵاتی جیهاندا زیاتر لە زمانێک هەیە، لە وڵاتی هیندوستان زیاتر لە ١٩زمانی فەرمی و لە ئەفریقا (١١) زمانی فەرمی هەیە'' (سەرچاوەی

پێشـــوو،٧٧). جۆراوجۆری و فرەیی زمانی و کولتووری یەک لــە تایبەتمەندییەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەمڕۆی جیهانــە. زۆر لەو وڵاتانە هەوڵیـــان داوە بـــە گرتنەپێشـــی جۆرێک دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتـــی و کولتووری، یارمەتیـــدەری گەشـــە و پێشـــکەوتنی ســـەرجەم کەلتوورەکانی نێـــو وڵاتەکەیان بن. بە گوتـــەی داغچـــی: '' فرەیی زمانی و کولتوورییـــان کردووە بـــە دەرفەتێک بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی و پێشکەوتنی وڵات و گەشەی گەشـــتوگوزار و... هتد. ئەو وڵاتانە تێکۆشـــاون بە دیاریکـــردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دروست و زانســـتی، بەستێنێکی لەبار بۆ پێشـــکەوتنی هەموو ئێتنیکەکان و نەتەوەکانـــی نێو وڵاتەکەیـــان پێک بێنن'' (داغچی،٢٠١٢:٨)[٥١]. لە ســـاڵانی ڕابردوودا ئوســـترالیا، زولاندی نوێ، ئیسپانیا، وڵاتانی ســـکاندیناوی و...هتـــد، فرەزمانییان وەک سیاســـەتی فەرمیی خۆیان ناســـاندووە و بـــە چـــاوی ســـامانی وڵاتی خۆیـــان لە فرەزمانییان ڕوانیوە (اومـــود،٢٠١٦:٦١)[٥٢].

پرســـێکی گرنگ لـــە پێوەنـــدی لەگەڵ بوونـــی فرەزمانـــی لـــە هـــەر کۆمەڵ و وڵاتێکـــدا، ڕادە و چۆنیەتیـــی مەیدانـــدان بەو زمانانـــە لە پەروەردەدایـــە. پەروەردەی وڵاتێکی فرەنەتـــەوە و فرەزمـــان ئەو کاتە دەتوانێـــت پەروەردەیەکـــی سروشـــتی و دادپەروەرانـــە بێـــت کـــە پەروەردەیەکی فرەزمانـــی بێت، بەو واتایە کە سیســـتەمی پـــەروەردەش ڕەنگدانـــەوەی جۆراوجۆریی زمانـــی و نەتەوەیـــی ئەو کۆمـــەڵ و وڵاتە بێـــت. پـــەروەردەی فرەزمانـــی بریتییە لە پەروەردەکردنـــی قوتابی بـــە چەند زمانێک، واتە قوتابـــی بە زیاد لە زمانێـــک پەروەردە دەکرێت. ''ئاشـــتی ئەحمەد حەســـەن'' لە ڕوونکردنـــەوەی ئەم پێناســـەیەدا وتوویەتی فرەزمانـــی ئەوەیە: '' سیســـتەمی وڵاتێک فرەزمانی بێت و قوتابییـــان ئازاد بن بە کام زمان پێیـــان باش بێت بخوێنـــن، هەروەها دەکرێت بە واتایەکی تریـــش بێت، ئەویش ئەوەیە قوتابـــی لە یەک کاتدا بـــە زیاد لە دوو زمان پـــەروەردە بکرێت، واتە پەروەردەی فرەزمـــان پێواژۆیەکـــی پەروەردەیییە کە جگـــە لە زمانـــی دایک زیاتر لـــە زمانێکی بیانـــی فێـــر دەکات و یەکێک لـــە زمانە بیانییـــەکان دەکاتـــە زمانـــی فێرکردن بۆ بابەتەکانـــی تر''(حەســـەن،٢٠٢٢:١٠٣)[٥٣].

خاڵی جەوهەری لە پـــەروەردەی فرەزمانیدا ئەوەیـــە کە بناغەکەی لەســـەر پەروەردە بە زمانـــی دایک دامەزرا بێت. تۆڤە ســـکۆتناب کانگاس کـــە ئەزموونێکـــی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی لە بەدواداچـــوون و لێکۆڵینەوە لـــە پـــەروەردەی چەندزمانی لـــە وڵاتانی جۆراوجـــۆری جیهاندا هەیـــە، گرنگییەکی تایبەتـــی داوە بە پێشخســـتنی زمانی دایک لـــە پـــەروەردەی فرەزمانیدا. لـــە ڕوانگەی ســـکۆتناب کانـــگاس، پەروەردەیەکی چەند زمانیـــی دامەزراو لەســـەر بناغـــەی زمانی دایـــک کاتێک دەتوانێت ئەنجامێکی باشـــی لێ بکەوێتەوە کـــە: ''زمانی دایک بۆ ماوەی چەندین ســـاڵ( ئەگەر بگونجێت بۆ ماوەی ٨ ســـاڵ) وەک زمانی ســـەرەکیی پەروەردە بـــەکار بهێنرێـــت، فێربوونـــی زمانێکـــی فەرمیـــش هەر لە ســـەرەتاوە یـــا لانیکەم لە پۆلەکانی ســـێیەم، چـــوارەم و پێنجەمی ســـەرەتایییەوە وەکو وانەیەکـــی خوێندن لە پاڵیـــدا دەســـت پێبکرێت. هـــەر بەم جـــۆرە زمانێکی بیانیش هەر لە ســـەرەتاوە وەک وانەیەکـــی خوێنـــدن هەبێت''(کلان، ٢٠١٨:٧٩)[٥٤]. ئەنجامێـــک کـــە لـــە خوێندنەوەی ســـەرچاوەکانی پێوەندیدار بە فرەزمانی دەســـتمان دەکەوێـــت ئەوەیە کە فرەزمانی، دیاردەیەکی سروشـــتیی کۆمەڵە مرۆیییەکانی ســـەردەمی ئێســـتایە، هەر بۆیـــە ئەگەر ئەم فرەزمانییە لـــە پەروەردەدا ڕەنگدانـــەوەی نەبێت، ناسروشـــتییە. دیارە

پەروەردەی فرەزمانی مۆدێلی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام مۆدێلێک دەتوانێت وەڵامدەری ویستی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، بەتایبەتی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێت کە زمانی دایک بکات بە زمانی سەرەکیی پەروەردە.

## ٥ زمان و پەروەردە لە پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا:

زمان و پەروەردە دەکەونە کوێی پرۆسەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازییەوە؟ ئەم پرسیارە دەکرێت بە گوێرەی جیاوازیی دۆخی سیاسیی دوو جۆر نەتەوە، وەڵامی بدەینەوە. جۆری یەکەم، نەتەوەیەکی سیاسی کە نەتەوەیەکی یەکدەست نییە و لە پێکهاتەی ئێتنیکیی جیاواز پێک هاتووە و لە چوارچێوەیەکی جوگرافی-سیاسیی دیاریکراو و دانپێدانراودا دەژیت و خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە وڵاتی ئێران یا ئەو وڵاتانەی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کۆتاییهاتنی کۆلۆنیالیزم، هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان. جۆری دووەم، نەتەوەیەکی بندەست کە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەدەستی خۆی بێبەشە، خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵات و دەوڵەتدا دابەش کراون و بۆ رزگاری لە بندەستی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی خۆی لە خەباتدایە، بۆ نموونە نەتەوەی کورد.

### ٥-١-زمان و پەروەردە لەلای دەوڵەت-نەتەوەکان:

ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە ئەم گرووپە، جیاوازن. ژمارەیەکیان خاوەن پێشینەی مێژوویین و تێیدا بۆ ماوەی سەدان ساڵ، چەند یا چەندین پێکهاتەی ئێتنیکیی جیاواز لە چوارچێوەی ئیمپەراتۆرییەک یا وڵاتێکی گەورەدا لەتەنیشت یەکتر ژیاون. وڵاتی ئێران خۆی نموونەی ئەم جۆرە وڵاتانەیە. وڵاتانێکیش هەن کە لە سەدەی بیستەم، لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆرییەتی عوسمانی، یا دوای کۆتاییهاتنی داگیرکاری و ئیستیعمار دروست بوون و هاتنە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان. ''تورکیا، سوریا، عێراق، لوبنان، ئۆردۆن لە رۆژهەڵاتی نێوەراست، بەدوای لێکهەڵوەشانەوەی ئیمپەراتۆرییەتی عوسمانی و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هاتنە ریزی وڵاتانی سەربەخۆ. لە ئەفریقاش جەزائیر، تونس، تانزانیا، کۆنگۆ، جیبۆتی، گابۆن، نایجریا، موزامبیک، ئانگۆلا و چەند وڵاتێکی دیکە؛ هەروەها لە ئاسیا دەتوانین هیندوستان، فیلیپین، بێرما(میانمار)، مالیزیا، ئەندونێزیا ناو بەرین کە زۆربەشیان لە نێوەراستەکانی سەدەی رابردوودا سەربەخۆییان بەدەست هێنا" ( تاریخ عمومی، ١٣٦٧: ٨٣-٨٥)[٥٥].

چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەم وڵاتانە، سێ جۆری جیاواز لە سیاسەتی لەپشت بووە، کە بریتین لە:

١-هەڵبژاردنی زمانی ئەو دەوڵەت و وڵاتە کۆلۆنیالیستەی سەرزەوییەکەی ئەوانی کردبووە کۆلۆنیی خۆی بە مەبەستی جیاواز (ویلیما،٢٠٢١)[٥٦]. بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بۆ جێگیرکردن و راییکردنی ئەو ئامانجە سیاسی و کولتوورییانەی لەپشت ئەو بریارە هەبوون؛

٢-زاڵکردنی زمانی نەتەوەی باڵادەستی وڵات بەسەر زمانی کەمینە نەتەوەیی و زمانییەکان و بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردەی وڵات بۆ وەک یەک لێکردنی دانیشتووانی وڵات لە رووی زمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەییەوە؛

٣- داننان بە جۆراوجۆریی زمانەکان و بە فەرمی ناسینیان و بنیاتنانی پەروەردە و

فێرکردنی چەندزمانە، هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بۆ جێگیرکردن و پەرەپێدانی کولتووری پێکەوەژیان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا. هەرچی جیاوازیی ئێتنیکی و ئایینی لە وڵاتێک زیاتر بێت، نەتەوەسازی لەو وڵاتە دژوارتر و چارەسەرکردنی پرسی زمانی ئاڵۆزتر دەبێت. ویممەر، رووسیای رۆمانۆف بۆ ئەم لایەنە بە نموونە دێنێتەوە کە زۆربەی کەمینە زمانییەکان دینی جیاواز لە زۆرینەی ئۆرتۆدۆکسی رووسی زمانیان هەبوو، بەڵام لە وڵاتی وەک سویسرا نەتەوەسازی ئاسانتر بوو، چونکە جیاوازییەکە هەر لایەنی زمانی هەبوو نەک ئایینی" (ویممەر،٢٠١٩)[٥٧]. ئەم دژوارییە چەندقات زیاتر دەبێت ئەگەر دەوڵەتی وڵاتێک لەجیاتی دانانی بە جۆراوجۆرییە ئێتنیکییەکان و بەفەرمی ناسینیان و پەسەندکردنی مافە زمانییەکانیان، رێگای حاشالێکردن و پەراوێزخستنیان بگرێتە بەر. لە رواڵەتدا لەم جۆرە وڵاتە ئاڵۆزییەکە کەمتر دەبێتەوە، چونکە بە پێویست نازانرێت یاسای تایبەت و هێزی مرۆیی و سەرمایەی ماددی و میکانیزم و رێوشوێنی ئاڵۆز بۆ دابینکردن و راییکردنی ماف و بەرپرسیارەتییە زمانییەکان تەرخان بکەن، بەڵام ئەزموونی وڵاتانی لەم چەشنە سەلماندوویانە کە جگە لەوەی زمانە بندەستەکان لە ماوەیەکی درێژخایەندا لەم سۆنگەیەوە زیانی جۆراوجۆریان پێگەیشتووە، ئاسایش و یەکپارچەییی ئەو وڵاتانە و یەکێتی و هاوپێوەندیی خەڵکەکەشیان رووبەرووی کێشەی جیددیی نێوخۆیی بوونەتەوە.

### ٥-٢-بەکارهێنانی زمان و پەروەردە لەلایەن نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە:

نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بەسەر چوار دەوڵەت- نەتەوەدا دابەش کراوە، کاتێک دەتوانێت پرۆسەی دەوڵەتسازی بگرێتە بەر و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکات کە هەموو بەشەکانی نیشتمانەکەی یا لانیکەم یەکێک لە بەشەکانی لە داگیرکراوی رزگار کردبێت. پرۆسەی دەوڵەتسازی لەسەر خاکێکی دیاریکراو و بەهۆی دەوڵەتێکی دانپێدانراو و لەنێو خەڵکێک کە کەوتوونە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو خاکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام نەتەوەسازی بێ هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییش دەگونجێت، بەو مەرجەی لە نێویاندا وشیاریی نەتەوەیی، وشیاریی زمانی، خۆڕێکخستن و تێکۆشان و خەبات بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان هەبێت و بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان خەبات بکەن. ئەو نەتەوانەی نەبوونە خاوەن دەوڵەتێک و ئەو نەتەوانەی خراونە چوارچێوەی وڵاتێک کە دەوڵەت و دەسەڵات لە پاوانی نەتەوەی سەردەستدایە، نەک هەر رێگای ئەوەیان پێ نادرێت لە دارشتن و دیاریکردنی سیاسەتە پەروەردەیی و زمانییەکانی وڵاتەکەدا بەشدار بن، بەڵکو رووبەرووی سڕینەوەی ناسنامە و زمانکوژی دەبنەوە. سیستەمی پەروەردەی وڵاتیش لە خزمەت ئەو سەرکوت و سڕینەوە و هەڵاواردنەدایە. نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە وتەی لێکۆڵەری کورد هۆگر ئیبراهیم بۆ مانەوە بەگشتی و پەیداکردنی سروشتی دامەزراوەیی بەتایبەتی:" ئەرکی قورستریان لەسەر شانە، ئەوان پێویستیان بە رێکخستن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرگەی ئەو شەپۆلانە بگرن کە بە ئاراستەی لاوازکردنیان

دەجووڵێنـــەوە" (ئیبراهیــم، ٢٠١٧)[٥٨].
فەیلەســـووفی کانادایی "کیملیکا" ڕوانینێکی ڕەخنەگرانـــەی بـــۆ نەتەوەســـازیی ئـــەو دەوڵەتانە هەیە کە پرۆســـەی نەتەوەسازی لەوانـــدا بەهـــۆی "زۆرایەتـــی" جێبەجێ دەکرێـــت و بـــەرەو پێشـــەوە دەبرێت. ئەو پێی وایـــە دادپەروەریـــی ئێتنیکی و زمانی لـــەم پرۆســـەیەدا پێشـــێل دەکرێت، هەر بۆیە پێویســـتە بـــە هـــۆی دابینکردن و دەســـتەبەرکردنی مافـــی کەمایەتییەکان پێـــش بـــەو نادادپەروەرییـــە بگیرێـــت: "مافەکانـــی کەمایەتـــی بریتیـــن لـــەو مافانـــەی کـــە لەبەرانبـــەر نادادپەروەریی سەرچاوەگرتوو لە نەتەوەســـازیی زۆرایەتی، پارێزگاری لـــە کەمایەتییـــەکان دەکەن" (بادامچـــی،٢٠١٦)[٥٩]. کیملیکا لەســـەرئەمە پێداگرە کە پرۆســـەی نەتەوەسازی دەبێت هەڵگری کۆمەڵێـــک تایبەتمەندیی گرنگی وەک "پێکهێنانی یەکســـانیی دەرفەتەکان"، "هەســـتی هاوپێوەنـــدی"، "متمانـــەی نەتەوەیـــی" و "پێکهێنانی بەســـتێنێک بۆ جێگیرکردنی دیموکراســـیی دیالۆگ"بێت. بە بۆچوونـــی ناوبراو ئەوە کـــە دەگوترێت حکومەتـــەکان نەتەوەســـازی دەکـــەن، بـــەو واتایـــە نییە کـــە لەســـەریانە هەر تەنیا یـــەک کولتـــوور پەرە پـــێ بدەن؛ بەپێچەوانەوە حکومەت لە دانانی سیاســـەت لـــە نێوخـــۆی وڵاتێکدا ئەو دەســـەڵات و لێهاتوویی‌یـــەی هەیە کە لە یـــەک کاتدا دوو یان چەند کولتـــووری کۆمەڵایەتی پەرە پـــێ بـــدات. نموونەیەک کـــە کیملیکا بۆ ئـــەم لێهاتوویی‌یە دەیهێنێتـــەوە، حکومەتە چەنـــد نەتەوەیی‌یەکانی کانادا، ســـویس، بێلژیک و ئیسپانیایە (ســـەرچاوەی پێشوو). زمانەوانـــی کـــورد، "فـــەرەج" ئاماژەی بـــەو ڕاســـتییە کـــردووە کـــە: "نەتەوەیەکـــی خاوەنزمـــان، کـــە نیشـــتمانەکەی داگیرکـــراو و بەشبەشـــکراو بێـــت، ئـــەوا جوگرافیـــای زمانەکەشـــی دەکەوێتـــە بەر چەندان گوشـــاری جیـــاواز" (فـــەرەج،٢٠٢٢:١٠)[٦٠]. ناوبـــراو بـــۆ ســـەلماندنی ئـــەم قســـەیەی خـــۆی نەتـــەوەی کـــورد بە نموونە دێنێتەوە کـــە: "داگیرکەرانی کوردســـتان لـــە ڕێـــگای جۆراوجـــۆرەوە کار لەســـەر نابوودکردنـــی دەکـــەن، بەتایبـــەت لـــە ڕێـــگای دژایەتیکردنـــی زمانەکەیـــەوە، چونکـــە زمان ناســـنامەی نەتەوەکانـــە و داگیرکەرانیش مەبەســـتیانە داگیرکـــراوان لـــە ناســـنامەی ڕەســـەنیان دابماڵن" (ســـەرچاوەی پێشوو:٦٠).
خەبـات و تێکۆشـان لـە چەندیـن بـەرەدا بـۆ دەربازبـوون لـە بندەسـتی و داگیرکـراوی و بەدەسـتهێنانی سـەروەریی نەتەوەیـی یـان لانیکـەم بـۆ پاراسـتن و زیندووڕاگرتنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی، کولتـووری و زمانـی، هەروەها بە مەبەسـتی هاوبەشی لە دەسەڵاتی سیاسـیی وڵاتدا، چارەنووسـێکە کـە مێژوو لە بـەردەم ئەم جـۆرە نەتەوانـەی دانـاوە. نەتەوە بندەسـت و بێ‌دەوڵەتـەکان بـۆ دەربازبـوون لـەو مەترسـییانەی لەسـەریانە دوو ڕێـگای سـەرەکییان لە بەردەمدایە: ١-بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ٢- بەدەسـتهێنانی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس بە شـێوەی ئوتۆنۆمی یـا فیدراڵی.

### ٥-٣- پاراســـتنی ناســـنامە بـــە هـــۆی ســـەربەخۆیی و پێکهێنانـــی دەوڵەتـــی نەتەوەیـــی:

لە ئەدەبیاتی سیاسییدا پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بە بەرزترین فۆرمی چارەسەریی پرسی نەتەوەیی هەر میللەتێک دادەنرێت. ئەوە کە نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکان بە قەوم (ئێتنیک) ناو دەبرێن؛ زمـان، ئـەدەبیات، هـونـەر، شارستانییەت، دەروونناسیی کەسایەتییەکانیان و دەستکەوتە زانستییەکانیان لە شوناسێکی دیکە و بە ناوی وڵاتێک کە ئەوانی لە بندەستیدا ڕاگرتووە، ون و بێسەروشوێن دەکرێت، یەکێک لە لێکەوتەکانی بێ‌دەوڵەتییە. قەرەداغی لەم بارەیەوە وتوویەتی:

"هەر نەتەوەیەک کە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت، هەر لە پەراوێزی مێژوودایە و بوون و ناسنامەکەی لۆکاڵی دەبێت"(عەتا قەرەداغی، ٢٠١٧)[٦١]. نەتەوەیەک ئەگەر دەوڵەتی هەبێت "لە ڕێگای ئەم دەوڵەتەوە وەکو نەتەوە دەبێتە بکەرێکی بەشدار و کارا لە بنیادنانی مێژوو و شارستانێتی مرۆڤایەتیدا و لەئاستی ناوخۆشدا لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا، نەتەوەسازی دەکات. بێ‌پێکهێنانی دەوڵەت، نەتەوە هەر لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، نە بوونی خۆی دەسەلمێنێت، نە تامی ئازادی دەکات"(سەرچاوەی پێشوو). شاراوە نییە کە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بە هۆکاری جۆراوجۆر وەک شەڕ و لەشکرکێشیی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، نایەکسانبوونی توانای سوپایی و بەرگری، نەبوونی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و... هتد، جگە لەوەی قوربانیدانێکی زۆری مرۆیی و وێرانی و کارەساتی جۆراجۆری لە زیانی نەتەوەی داواکاری سەربەخۆیی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەری گەیشتنی بە سەرەنجامی دڵخوازیش زۆر کەمە. ئەزموونی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کورد لە عێراق(٢٠١٧)، کاتالۆنیا لە ئیسپانیا(٢٠١٧) کە ئەنجامی هەر دوو ڕیفراندۆمەکان، دەنگدانی زۆرینەیەکی بەهێز بە سەربەخۆیی بوو، بەڵام ئەو دوو ناوچەیە لە گەیشتن بە سەربەخۆیی ناکام مانەوە، دژوار و دوورەدەست بوونی ئەم ڕێگایە دەسەلمێنێت.

### ٥-٤- پاراستنی ناسنامە بە هۆی بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس:

ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی، لەسەر نیشتمانەکەی مافی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست، بەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی (خۆبەڕێوەبەری) و گرتنەدەستی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەکەی خۆی لە سیستەمێکی فیدراڵیدایە. لە ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی ناوەندی لە چوارچێوەی یاسا و بەگوێرەی ڕێککەوتن، وێڕای قبووڵکردنی کۆمەڵێک لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی پێکهاتەیەکی ئێتنیکیی وڵاتەکەی، بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکەش بەو پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازە دەسپێرێت. بەم جۆرە دەسەڵات لەنێوان ناوەند و ناوچەیەکی دیاریکراو دابەش دەکرێت. هەم ئەو ناوچەیە هەست بە دابینبوونی مافەکانی و جۆرێک زاڵبوون بەسەر چارەنووسی خۆیدا دەکات، هەم وڵاتەکەش وێڕای پاراستنی یەکپارچەییی خاکەکەی، کێشەیەکی ئێتنیکی چارەسەر کردووە. جیاوازییەکەی لەگەڵ فیدراڵیزم لەوەدایە کە فیدراڵییەت، سیستەمێکی حکومەتییە کە لە یەکگرتنی یەکە ناوچەیی و ئەیالەتییەکان پێک دێت. لەم سیستەمەدا وێڕای ئەوەی هەر یەکەیەک(ئەیالەت، پارێزگا یا ناوچە) دەسەڵاتێکی بەڕێوەبەریی تایبەت بەخۆی هەیە، دەسەڵاتێکی ناوەندیش بە هاوبەشیی هەمووان پێک دێت. دەسەڵاتی وڵات بەپێی یاسا لەنێوان ناوەند و یەکە فیدراڵەکان دابەش دەکرێت. مەرج نییە ئامانجی هەموو سیستەمە فیدراڵییەکان لەسەر بناغەی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئێتنیکەکان و چارەسەری پرسی نەتەوەیی و کولتووری بێت. "فیدراڵیزم لە زۆر وڵات تەنیا لایەنی ئیداری و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئەیالەت و پارێزگاکانی هەیە و لەوانەیە دانیشتووانی وڵات لە ڕووی ئێتنیکی و زمانییەوە کێشەیەکیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یا لەگەڵ یەکتر نەبێت" (ئیرانپوور،٢٠٠٣)[٦٢]. کانادا، سویسرا، بێلژیک و عێراق نموونەیەک لەو وڵاتانەن کە جۆراوجۆریی ئێتنیکی و زمانییان تێدایە،

سروشتی فیدرالیزمەکەشیان ئێتنیکییە.
خاڵێکی گرنگ دەبێت لە درێژە و ئەنجامی ئەم باسەدا ئاماژەی پێ بکریت ئەوەیە کە پرۆسەی نەتەوەسازی نابێت بۆ ئەو کاتە هەڵ بگیرێت کە یەکێک لەم دوو ڕێگایە بە ئاکام دەگەن. بەر لەوەش نەتەوەیەکی بندەست پرسی نەتەوەییی خۆی بە یەکێک لەو فۆرمانە (ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی یا سەربەخۆیی) چارەسەر بکات، دەبێت بەردەوام و لە هەموو بوارێکدا پرۆسەی نەتەوەسازی لە نێوخۆیدا بەرەوپێش ببات. بەرەوپێشبردنی پرۆسەی نەتەوەسازی لەنێو نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا، بە پلەی یەکەم لەئەستۆی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستییە؛ بزووتنەوەیەک کە هەڵگری ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕێبەریی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیە. پرۆسەی نەتەوەسازی هەتا گشتگیرتر بێت و ڕەهەندی زیاتر و جۆراوجۆرتری هەبێت، قووڵتر دەبێت و بناغەی بەهێزتر بۆ دروستکردنی نەتەوە دادەمەزرێنێت. یەکێک لەو ڕەهەندانە کە لایەنی هزری هەیە، بریتییە لە پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی بیری نەتەوەیی و دروستکردنی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو تاکەکانی نەتەوەدا. ڕەهەندی دووەم، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەوڵدان بە مەبەستی زیندووڕاگرتن و بەرگریلێکردنی لەبەرانبەر هەڕەشەی سڕینەوە و توانەوەدایە. زمان وەک یەک لە گرنگترین فاکتەرەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دەبێت لەم پرۆسەیەدا زیاترین بایەخی پێ بدرێت.

ئەزموونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەئاستی ئێراندا، بۆمان دەسەلمێنێت کە بایەخدان بە زمانی کوردی و ڕاکێشانی وشیاریی تاکەکان بۆ خزمەتی زمانەکەیان و پاراستن و بەرگری لێکردنی، توانیویەتی وێڕای زیندووڕاگرتن و بووژانەوە و پێشخستنی ئەو زمانە، گیانێکی بەهێزی ڕاوەستان بەرانبەر ستەمی نەتەوەیی و زمانی لە نێویاندا دروست بکات. ئەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لە هەر دەرفەتێکی ڕەخساودا، پەروەردە بەو زمانەی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیدا وەرێ خستووە، زمانی کوردیی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی و لە دامودەزگاکانی شۆڕشدا کردووە بە زمانی فەرمی؛ ئەم زمانەی کردووە بە زمانی سەرەکیی میدیای خۆی؛ پرسی زمانی کوردیی هێناوەتە نێو چەقی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لەگەڵ سیاسەتی تاکزمانیی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرینبوونەوەی جوگرافیای بزووتنەوەی نەتەوەیی و کولتووریی کورد لە ئێران هەبووە (وریا،٢٠٢٢:٥)[٦٣]. بەرچاوترین بەڵگە و جیلوەی گشتگیربوونی ئەو بزووتنەوەیە، وەرێکەوتنی بزاڤێکی زیندووە بۆ خۆفێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بە پانایی سەرجەم پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شار و ناوچانەی ئێران کە کوردیان لێ دەژین.

### ٦ ئەنجام:

بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی ئایدۆلۆژیای سیاسی لە ڕێگای سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، یەکێک لەو سیاسەتە بنەڕەتییانەی نەتەوە سەردەستەکان بۆ تواندنەوەی زمان و ناسنامەی نەتەوە بندەستەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، بەکاری دێنن. دەوڵەت-نەتەوەی ئێران، نموونەیەکی دیاری ئەو جۆرە وڵاتانەیە. نەتەوەی سەردەست لەو وڵاتانەدا کە

خەڵکەکەیان لە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز پێک هاتوون، بۆ پەراوێزخستن و تواندنەوەی زمانەکانی دیکەی وڵات لە زمانی خۆیدا پەنا دەباتە بەر سیاسەتی زمانی و پەروەردە. زمانی نەتەوەی سەردەست لە هەموو ئاستەکان بەتایبەتی لە پەروەردەدا دەکەن بە زمانی فەرمی. بێبەشکردنی نەتەوە بندەستەکان لە پەروەردە بە زمانی خۆیان و خوێندنی زۆرەملێ بە زمانی نەتەوەی سەردەست، لە رووی دەروونی، پەروەردەیی و زانستییەوە، دەبێتە سەرچاوەی کێشە و گرفت بۆ قوتابییان بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتایییەکانی پەروەردە و فێربووندا. لە بەرانبەردا پەروەردەی فرەزمانی لە وڵاتێکی فرەنەتەو و فرەزماندا، دەتوانێت هەم زمانێکی هاوبەش و سەرانسەری بگرێتە خۆ، هەم مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکانی دیکە دابین بکات. پرۆسەی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لە وڵاتی ئێران، وەک دەوڵەت نەتەوەکانی دراوسێ و ناوچەکە، لەسەر بناغەی سڕینەوە و تواندنەوەی ناسنامە و زمانی ئەوانی دیکە لە نەتەوەی سەردەستدا، چووەتە پێش. دەوڵەت- نەتەوەی ئێران هەر لەم ڕوانگەیەوە دژایەتیی دابینبوونی مافی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەتی بەفەرمی ناسینی زمانی ئەوان لە پەروەردەیدا کردووە و بۆ یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵات و ئایدۆلۆژیایەکەی خۆی بە مەترسیی زانیوە. نەتەوەی کورد لە ئێران، بە توندی ڕێگری لە بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و دابینبوونی مافە نەتەوەیی و زمانییەکانی کراوە و دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییەش لە ڕێگای بەرگری لە زمانی خۆی و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە زمانییەکانی، دژی سڕینەوەی نەتەوەیی و پەراوێزخرانی زمانی وەستاوەتەوە. ئەگەر لە ئەنجامی ئەم خەباتە، مافی پەروەردە بە زمانی خۆی بەدەست بهێنێت، هەلومەرجێکی لەبار بۆ گەشەکردنی زمانەکەی لە زۆر بواردا دەخوڵقێنێت. حاشا لەوە ناکرێت کە بۆ نەتەوەی بندەست و خاک و نیشتمان دابەشکراوی کورد، سەربەخۆبوون و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەرزترین شێوازی چارەسەری پرسی نەتەوەیی و کاریگەرترین شێوازی بەرگری لە مانەوەی خۆی و خاکەکەیەتی، بەڵام تا گەیشتن بەو ئامانجە درێژخایەنە، پێویستە بەهۆی بەفەرمی ناساندنی زمانەکەی و بەدەستهێنانی مافی پەروەردەی فەرمی بە زمانی کوردی، سیاسەتی ئاشکرا و نهێنیی دەوڵەت نەتەوەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی خۆی، پووچەڵ بکاتەوە.

## سەرچاوەکان:


١. موهتەدی، سیامەند (٢٠٢١)، پێناسەکردنی نەتەوە و نەتەوەخوازی-بەشی یەکەم، ماڵپەڕی خاک، ٢٠٢١/٠٦/١٢، لینک :
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=26929&type=komalayati

٢. شەبانی، ئەحمەد (٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی(فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان)، زانستگەی کوردستان.

٣. محەمەد، سمکۆ (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزم لە نێوان فکر و سیاسەتدا، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هە و لێر .

٤. جەعفەر عەلی،٢٠١٧

٥. (موهتەدی، ٢٠٢١).

٦. تبریزی، آیدین (٢٠٠٨)، ملت ایران،

یا مردم ایران؟ سایت ایران گلوبال، لینک :
https://iranglobal.info/node/۲۲۷۸۵

٧. حمدی، یحیی؛ کلدی، علیرضا و وثوقی، منصور (١٣٩٩)، نقش نظام آموزشی در شکل گیری دولت- ملت در ایران، فصلنامه علمی آموزشی سبک زندگی اسلامی با محوریت سلامت، دوره۴، شماره۲، تابستان.

٨. هەورامی، م(٢٠٢٠)، پلۆرالیسمی زمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٧، ساڵی بیست و دووەم، پاییز.

٩. حەمە عزیز، کنێر عەبدوڵلا(٢٠١٧)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، ماڵپەڕی پێنووس، لینک:
http://penus.krd/index.php/ckb/۲۰۱۸-۰۴-۰۲-۱۹-۱۱-۳۳/item/۴۶۸-۲۰۱۸-۰۹-۰۲-۱۸-۵۶-۳۸

١٠. (موهتەدی، ٢٠٢١)

١١. آشوری، داریوش (١٣٩٤)، دانشنامه سیاسی(فرهنگ اصطلاحات و مکتب های سیاسی)، انتشارات مروارید، تهران.

١٢. اسپالسکی، برنارد (١٣٩١) سیاست زبانی، ترجمه: سید مهدی عرفانی، حسین داوری، ابوطالب ایرانمهر، دانشگاه دامغان، دامغان.

١٣. قازی، سەعد عەبدولڕەزاق (٢٠٢٢)، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هه و لێر .

١٤. (قازی،١٧:٢٠٢٢).

15. Liddicoat, A., & Baldauf, R. B. (Eds.). (2012). Language planning and policy: Language planning in local contexts. Multilingual Matters.

١٦. (قازی،٢٣:٢٠٢٢).

١٧. کالفی، لویس جان (٢٠١٢)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانی، وەرگێرانی بەهادین جەلال، دەزگای لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

١٨. سلێمان، ئازاد عەزیز (٢٠٢٢)، سیاسەت و پلانی زمانی لە ڕاگەیاندندا، کەناڵە ئاسمانە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

١٩. (اسپالسکی،٥٥:١٣٩١).

٢٠. شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠١٨)، "زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د.ئەمیر حەسەنپوور‌دا"، دەروازە(گۆڤاری کوردی بۆ زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان، ژمارە ٢، نیسان.

٢١. افخمی، علی و داوری اردکانی نگار (١٣٨٤)، برنامەریزی زبان و نگرش های زبانی، مجله ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، شماره ١٧٣، دوره ٥٦، تهرا ن .

٢٢. ( حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و کەریم، عومەر مەحمود (٢٠١٧)، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵاتییەکان، ژمارە ٤٢، کۆیە.

٢٣. داوری، حسین (١٣٩٩)، سیاست و برنامەریزی زبانی، رویکرد میان رشتەای مغفول در حوزه سیاست گذاری های کلان فرهنگی و آموزشی کشور، مجله "راهبرد فرهنگ"، شماره چهل و نهم، بها ر .

٢٤. (ئەفخەمی،٩:١٣٨٤).

٢٥. "حەمەئەمین" و "کەریم"(١٣:٢٠١٧)

٢٦. (اسپالسکی، ١٦:١٣٩١).

٢٧. داوری اردکانی، نگار ( ١٣٨٨)، برنامەریزی زبان، فرهنگ زبانی و مولفەهای آن(مطالعه موردی شهر

تهران)، فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دوره دوم، شماره ۱، بهار.
۲۸. قریشی، ف. عباس زاده، صدقی، علیزاده اقدم و کهنه‌پوشی (۱۳۹۷)، برساخت گفتمانی سیاست زبان در روند نوسازی ایران، مورد مطالعه: نشریه کاوه(۱۲۹۴-۱۳۰۱)، دوفصلنامه جامعه‌شناسی اقتصادی و توسعه، سال هفتم، شماره دوم، پاییز و زمستان
۲۹. (قازی، ۲۰۲۰:۱۹).
۳۰. (ناوخۆش، سەلام ؛ خۆشناو نەریمان. (۲۰۱۰)، زمانەوانی، بەرگەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم و حەوتەم. هەولێر، چاپخانەی منارە.
۳۱. (ئەفخەمی،۱۳۸۴:۱۲).
۳۲. ( سمکۆ محەمەد، ۲۰۰۹:۲۶۹).
۳۳. قمری، محمدرضا و حسن زاده، محمد (۱۳۸۹)، نقش زبان در هویت ملی، دو فصلنامه علمی- پژوهشی زبان پژوهی دانشگاه الزهرا، سال دوم، شماره ۳، پاییز و زمستان.
34. (Judith T. Irvine: 2020)
۳۵. شێخولئیسلامی، جەعفەر (۲۰۲۲)، گۆڤاری زمان و زار، دیمانە لەگەڵ حەسەن قازی لە ستێرک تیڤی. ژمارە ۳، بەهار، هەولێر.
۳۶. (قورەیشی، ۱۳۹۷:۱۲۸-۱۲۷).
۳۷. میرمکری منیژه (۲۰۲۱)، تقویت گفتمان سیاست زبانی خانواده (FLP) در جوامعی با سیاست آموزشی تک زبانه، فصلنامه "تیشک"، شماره ۵۹-۶۰، سال بیست و سوم، بهار و تابستان
۳۸. مصطفی زاده، اسماعیل و فزونمهر، نادر (۱۳۹۴)، تحلیل محتوای کتاب های درسی با تاکید بر کتاب های درسی دوره ابتدایی، انتشارات آریوحان.
۳۹. (هەورامان فەریق،۲۰۲۱:۶۲).
۴۰. سلیمانی، کمال ؛ محمدپور، احمد (۲۰۱۹)، آیا غیر فارسها می توانند صحبت کنند؟، نشریه آزادی اندیشه، شماره ۸
۴۱. اتابکی، تورج (۲۰۱۳)، تنوع قومی و تمامیت ارضی ایران، سازگاری داخلی و مخاطرات منطقه ای، مجله گفتگو، شماره ۴۳، ماه جولای.
۴۲. رجبی، ابوالفضل و احمدوند، شجاع ( ۱۴۰۱)، سیاستگذاری زبانی و جایگاه زبان فارسی در سیاستهای زبانی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه‌ی مطالعات ملی ۸۹، سال بیست وسوم، شماره‌ی ۱، بهار.
۴۳. پیوندی، سعید (۲۰۲۰)، «آموزش در ایران و چالش زبان مادری»،۰۲/ اسفند/۱۳۹۸، سایت رادیو فردا، لینک: https://www.radiofarda.com/a/commentary-on-the-right-of-learning-the-first-language/30447503.html
۴۴. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن، ۲۰۲۲:۱۰۰)
۴۵. ئاشتی ئەحمەد حەسەن، ۲۰۲۲:۱۰۰
۴۶. حسێن، شیلان عومەر (۲۰۱۶)، داخورانی زمانی دایک، بنەما و پەسەنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ۵۰، ئایار ، سلێمانی.
۴۷. کلان، امیر (۲۰۱۸)، چه کسی از آموزش چند زبانه می هراسد؟ مترجم: هیوا ویسی، محل چاپ ؟).
۴۸. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن،۲۰۲۲:۱۰۱)
۴۹. رحمت زهی، خدانظر؛ شجاعی فر، زینب (۱۳۹۷)، "تاثیر دوزبانه‌بودن بر پیشرفت تحصیلی دانش آموزان"، کنفرانس دستاوردهای نوین جهان در تعلیم و تربیت، روانشناسی، حقوق و مطالعات فرهنگی اجتماعی.
۵۰. زنگنه، ثریا؛ زارع، امین و مرادی، محمود (۱۳۹۹)، بررسی رابطه‌ی بین

مهارت های چند زبانگی و رفتار اطلاعاتی دانشجویان تحصیلات تکمیلی دانشگاه رازی، فصلنامه مطالعات دانش شناسی، سال هفتم، شماره ۲۴، پاییز.

۵۱. داغچی، سردار (۲۰۱۲)، نگاهی به کشورهای کثیرالمله و چند زبانه، ۱۵۴-۱۵۷، دانشگاه استنفورد امریکا.

۵۲. اومود، آ (۱۳۹۴)، آموزش به زبان مادری، زمستان، بی جا.

۵۳. (ئاشتی ئەحمەد حەسەن،۲۰۲۲:۱۰۳).

۵۴. (کلان، ۲۰۱۸:۷۹).

۵۵. تاریخ عمومی (۱۳۶۷)، نگاهی به تاریخ جهان در قرن بیستم، کتاب درسی سال چهارم آموزش متوسطه عمومی،(وزارت آموزش و پرورش ایران)، چاپخانه الهادی قم.

۵۶. ویلیما و هریسون، ام (۲۰۲۱) ، زبان های بومی افریقایی در رویارویی با زبان های استعماری، (گفتگو با دویچەوله فارسی) ۲۲ فوریه ، سایت etilaatroz (اطلاعات روز).

۵۷. ویممەر، ئاندرێیاس (۲۰۱۹)، سەرهەڵدانی دەوڵەت و نەتەوەسازی، کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی، ماڵپەڕی کوردستان وکورد. لینک:
https://kurdistanukurd.com/?p=46107

۵۸. ئیبراهیم، هۆگر (۲۰۱۷)، نەتەوەسازی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا، لینک:

http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/469-2018-09-02-18-56-38

۵۹. میثم بادامچی، (۲۰۱۶) ، حقوق اقلیت‌ها همچون پاسخی به ملت‌سازی، سایت رادیو زمانه. لینک:
https://www.radiozamaneh.com/318570

۶۰. فەرەج، هۆگر مەحموود (۲۰۲۲)، هەورامی گۆڤەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری زمان و زار، ژمارە(۱).

۶۱. قەرەداغی، عەتا (۲۰۱۷)، "لە نێوان دوانەی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازیدا: دەوڵەت و شوناس!" ماڵپەڕی خەندان، لینک :
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=1023&nuser=1017

۶۲. ایرانپور، ناصر (۲۰۱۶)، بازاندیشی در برخی از مفاهیم کلیدی فلسفەی سیاسی، جلد دوم، چاپ روشنگری (آلمان).

۶۳. وریا، قادر (۲۰۲۰)، شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

# ڕکوودی سیاسی

ڕزگار ئەمین نژاد

بۆ زیاتر شیکردنەوەی چەمکی ڕکوود هەوڵ دەدەم سەرەتا شرۆڤەیەکی کورت و سادە بۆ تێرمێنۆلۆژیی ڕکوودی ئابووری بکەم و دواتر لەباری چەمکناسییەوە پێناسەی ڕکوودی سیاسی بکەم، هەڵبەت لەم وتارەدا زیاتر زووم لەسەر بزاڤ یا حیزبی سیاسی دەکرێت. لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا باس لە کۆنتێکستەکانی هاتنەئارای ڕکوود و هەروەها هۆکارەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەم، دواتر هەوڵی چارەسەریی ڕکوودی سیاسی دەخەینە بەر باس و لە کۆتاییدا دواوتەیەکی کورت پێشکەش دەکرێت.

## پێشەکی

وەک پێشەکی ئەم قسەیەی کارل مارکس بیر دەهێنمەوە کە دەیگوت: هەر سەردەمێک کۆمەڵێ پرس لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە توانای چارەسەرکردنی بۆیان هەبێت. هەڵبەت سەردەم یاخۆ دەوران لە ڕوانگەی مارکسەوە دیاردەیەکی میکانیکییە کە دەکرێ لە کۆنتێکستی ماتریالیزمی دیالێکتیکیدا لێی تێ بگەین، بەڵام هاوتەریبب بوونی "پرس" و "سەردەم"، جیاواز لە بۆچوونی ماتریالیزمیانەی مارکس، بابەتێکی ئیمپێریکە و ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەردەوام تاقییان دەکەینەوە. بۆ نموونە کاتێ باس لە پرسی ژینگە دەکەین، لە ڕاستیدا باس لە گرفتێک دەکەین کە پەیوەندیی بە ئێستامانەوە هەیە و لە ڕێگای کولتوورسازی، دامەزراندنی دەزگا و ڕێکخراوەی ژینگەپارێز و هەروەها هوشیاریی مەدەنییەوە، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەدەین. ئەگەر ژینگە گرفتی ئەمڕۆ نەبێ، بە دڵنیاییەوە ئامێر و ئیرادەی جیددیش بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ژینگە لە ئارادا نابێت. ئەم نموونەیەی باسی لێ کرا لە خۆیدا ئاماژەیەکیشە بۆ پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەمەڕ دیاردەی "پرس" و "سەردەم"، بەڵام لەم میانەیەدا "چارەسەری" وەک پارامێترێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدەین. ئەگەر دیاردەی پرس و سەردەم دوو دیاردەی عەینی بن، ئەوا چارەسەری دیاردەیەکی زەینی و نۆرماتیڤە. بە واتایەکی دی، پرس و سەردەم دوو دیاردەن کە ئێمە لەگەڵیان دەژین، دەیانبینین، دەرکیان دەکەین و تەنانەت تا ڕادەیەکیش ئاگاییمان لەسەر هۆکاری سەرهەڵدانیان هەیە، بەڵام بۆ دیتنەوەی چارەسەری ئێمە پەنا بۆ شێوازی جیاواز دەبەین و هەر کەس یاخۆ لایەنێک بە پێی ڕوانگەی خۆی و بە پێی توانایی خۆی بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێن.

ڕکوودی سیاسی[1] یەکێکە لەو پرسە گرنگانەیە کە زەمەنمەندە و لە سەردەمێکی دیاریکراودا خۆی دەردەخات. هەڵبەت دیاردەی ڕکوود هەمیشە بە دوای دەورانی گەشە و زیندوویيدا دەردەکەوێت و لە زۆر بواری جیاوازدا ئاماژەی پێ کراوە، بۆ نموونە لە سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەت و هتد. لە سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیدا ڕکوود وەک خەمۆکی یاخۆ دۆخێکی ئانۆرمال پێناسە دەکرێت کە ڕەنگە پەیوەندیی بەم بابەتەوە نەبێ، بەڵام لە بواری ئابووری و سیاسیدا "ڕکوود" بە مانای ڕاوەستان یاخۆ مەندی هاتووە، هەڵبەت لە زمانی کوردییشدا زۆرجار سوود لە وشەی "کەسادی" وەرگیراوە. کاتێ لە باری ئاماژەناسی و تێرمینۆلۆژییەوە سەیری چەمکی ڕکوودی سیاسی بکەین، دەبینین کە وێکچوونێکی زۆر هەیە لە ماناکردنی ئەم دوو دیاردەیەدا. بۆ زیاتر شیکردنەوەی چەمکی ڕکوود هەوڵ دەدەم سەرەتا شرۆڤەیەکی کورت و سادە بۆ تێرمێنۆلۆژیی ڕکوودی ئابووری بکەم و دواتر لەباری چەمکناسییەوە پێناسەی ڕکوودی سیاسی بکەم، هەڵبەت لەم وتارەدا زیاتر زووم لەسەر بزاڤ یا حیزبی سیاسی دەکرێت. لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا باس لە کۆنتێکستەکانی هاتنەئارای ڕکوود و هەروەها هۆکارەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەم، دواتر هەوڵی چارەسەریی ڕکوودی سیاسی دەخەینە بەر باس و لە کۆتاییدا دواوتەیەکی کورت پێشکەش دەکرێت.

## تێرمینۆلۆژیی ڕکوود

کاتێ لە زانستی ئابووریدا باس لە ڕکوود

دەکرێت، مەبەست لە تەعامولی نێوان بەرهەمی ئابووری و بازاڕی ئابوورییە. ڕکوودی ئابووری بە زمانێکی سادە باس لە دۆخێکی ئابووری دەکات کە بەهۆی زێدەبەرهەمهێنانی کارخانەکانەوە دێتە ئاراوە، واتە کارخانەکان کاڵایەکی زۆر بەرهەم دێنن لە کاتێکدا بازاڕ لەگەڵ کەمبوونی مشتەریدا بەرەوڕووە. لە وەها دۆخێکدا کۆمەڵێ دیاردەی وەک وەستانی بەرهەمهێنان، داخرانی کارگە و کارخانەکان و هەروەها دیاردەی بێکاری بەدوایدا دێت کە دواتر کاریگەریی لەسەر ئابووریی وڵات دەبێت. ئەم قۆناغە بە پێی بەراوردی ئابووریناسان، قۆناغێکی کاتییە کە لە چەند مانگ تێناپەڕێت و دواتر لە ڕێگای سیاسەتی ئابوورییەوە ڕێکار بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دیاری دەکرێت کە یەک لەوانە زیادکردنی بودجە بۆ بووژاندنەوەی سیستەمی بەرهەمهێنان و نەهێشتنی بێکارییە.

سەبارەت بە ڕکوودی سیاسی ئێمە پێناسەیەکی تۆکمە یاخۆ چەمکێکی مێتۆدۆلۆژیک شک نابەین، هەر بۆیە کاتێ باس لە ڕکوودی سیاسی دەکرێت، ئاماژە بە دوو دیاردە دەکەن؛ یەکەمیان باس لە بێجووڵەیی سیستەمی سیاسی و ئەوەی دیکەش باس لە خەمساردیی هاوڵاتیان لە هەمبەر ژینگەی سیاسی و چارەنووسی وڵاتەکەیاندا دەکات. هەڵبەت کاری لێکۆڵەرێکی سیاسی، گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی پاسیڤبوون و خەمساردیی ئەندامانی کۆمەڵگا و هەروەها بەدوای وڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێت کە بۆچی خەڵک لە حاند گۆڕانکارییە سیاسییەکان و سیستەمی دەسەڵاتدا چاو دەنووقێنن. ئەمەی کە ئاماژەی پێ کرا ڕوانگەی "کۆمەڵگا- تەوەر" بوو، بەڵام ڕوانگەیەکی دیکە لەمەڕ ڕکوودی سیاسی لە ئارادایە کە پەیوەندیی بە "دامەزراوەی سیاسی"یەوە هەیە، واتە ئەو بەستێنەی تەعامولی نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسی تێدا دیاری دەکرێت و بە شێوەیەکی کلاسیک حکوومەت، بزووتنەوە، حیزب یاخۆ کلۆبە ڕۆشنبیرییەکان لەخۆی دەگرێت. کاتێ باس لە تیۆر دەکەین مەبەستمان لە ئەندێشەی سیاسییە کە لەو دامەزراوانەدا بە شێوەیەکی ئازاد، لەسەر بنەمای ڕەخنە و نرخاندن پەسند دەکرێن و وەک ئەجندای سیاسی پێشکەش دەکرێت. مەبەست لە کردەوەی سیاسیش تێگەیاندن و پەروەردەکردنی کادر و ئەندامی حیزبییە کە لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی حیزبەکەیدا، بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی حیزبەکەی چالاکیی سالم و شەفاف دەکات. یەکێ لە مەرجەکانی کردەوەی سیاسی ئەوەیە کە ئەندام و کادیرانی ئەو حیزبە لەسەر بەرنامە سیاسییە پەسندکراوەکانی حیزبەکەی ساغ بووبێتنەوە و لەنێوان ئەندێشە و کردەوەی سیاسییاندا هەست بە ناکۆکی نەکەن (Rokkan ١٩٧٠).

بەگشتی ڕکوودی سیاسی لەباری فیمێنۆلۆژییەوە وێکچوونی لەگەڵ ڕکوودی ئابووریدا هەیە، بەڵام لەباری کارتێکەرییەوە جیاوازن. کاردانەوەکانی ڕکوودی سیاسی وەک ڕکوودی ئابووری دیار و خێرا نین، واتە ئەگەر حیزبێکی سیاسی لە وڵاتێکدا تووشی ڕکوود بێت، سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو وڵاتە زۆر درەنگتر و هێمنانەتر هەست بە کاردانەوەکانی ڕکوودی سیاسی دەکەن و لە زۆر حاڵەتدا ڕەنگە بەیسێکی سیاسی یاخۆ حیزبێکی دی بە ئەجندا و دروشمی نوێیەوە شانسی هێژمۆنی خۆی لە کۆمەڵگادا تاقی بکاتەوە.

## ئاماژەناسیی ڕکوودی سیاسی

زۆر سروشتییە کاتێ پێناسەی دیاردەیەک دەکەین، بە شێوەیەکی وێرایی باس لە نیشانەکانی ئەو دیاردەیەش بێتە ئاراوە.

لەم وتارە و لە کاتی پێناسەکردنی ڕکوودی سیاسیدا ئاماژەمان بە هێندێ لە نیشانەکانی ڕکوودیش کرد، بەڵام لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی باس لەو نیشانانە بکەم کە ڕکوودی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. پێشتر باس لە دوو زەمینەی جیاواز کرا کە ڕکوودی سیاسی تێیدا سەر هەڵدەدات. یەکەم؛ چۆنایەتیی مامەڵەکردنی کۆمەڵگا لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان بوو، واتە خەمساردیی کۆمەڵ لەهەمبەر بڕیار و پەسەندنامە سیاسییەکان. دووهەم؛ ڕکوودی سیاسی لە نێو دامەزراوەی سیاسیدایە، واتە ئەو شوێنەی تەعامول لە نێوان تیۆر و کردەوەی سیاسیدا ڕێک دەخرێت. سەرەتا باسێکی کورت لەمەڕ ئاماژەناسییەکانی زەمینەی کۆمەڵایەتی دەکەم و دواتر دەچمە سەر پرسی ڕکوود لە دامەزراوە سیاسییەکاندا.

## ١ زەمینە کۆمەڵایەتییەکانی ڕکوود

لە پەیوەندی بە کاردانەوەی ڕکوود و چۆنایەتیی ڕکوودی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگادا، تیۆر و بابەتی زۆر هەیە کە لەم وتارە کورتەدا ناپەرژێینە سەر گشتیان. بۆ ئەوەی خۆ لە ئاڵۆزیی بەحسێکی ئینتزاعی ڕزگار بکەین، هەوڵ دەدەم باس لە مەجالەکانی دەرکەوتنی ڕکوودی سیاسی لە دوو کۆنتێکستی جیاواز و دوو مۆدێلی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا بخەمە بەر باس کە لەم وتارەدا من بە ”کۆمەڵگای ئەوتۆریتی“ و ”کۆمەڵگەی ڕێفلێکسیڤیتی“ پێناسەیان دەکەم. کۆمەڵگەی ئەوتۆریتی کۆمەڵگایەکی میکانیکییە کە ڕەوتی پەروەردە چ لە ئاستی میکرۆ (واتە دامەزراوەی بنەماڵە کە تایبەتمەندیی باوکسالارانەی هەیە) و چ لە ئاستی ماکرۆدا (واتە پەروەردەی نیشتمانی کە تایبەتمەندیی دیسپۆتیزمی هەیە) لەسەر بنەمای ئەوتۆریتی بنیات نراوە. کۆمەڵگای ڕێفلێکسیڤ کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکییە کە ئازادیی تاک و مافی هەڵبژاردنی تاک دەستەبەر دەکات. بەراوردکردنی ئەم دوو کۆمەڵگایە لە ڕاستیدا بە مانای هەڵسەنگاندنی کەیفییەتی ئەم کۆمەڵگایانە نییە، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە ئەگەری ڕکوودی سیاسی بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە هەردوو کۆمەڵگادا هەیە و هەوڵ دەدەین لە میکانیزمەکانی ڕکوود لەم دوو کۆنتێکستە جیاوازەدا تێبگەین.

### ١-١ کۆمەڵگای ئەوتۆریتی

ئەدۆرنۆ و هورکهایمێر (١٩٤٧) لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە تیشک دەخەنە سەر کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و سیستەمی هێژمۆنیکی دەسەڵات و کۆمەڵ، هەروەها کارتێکەریی ئەو سیستەمە لەسەر دامەزراوەکانی وەک بنەماڵە، قوتابخانە و هتدیان شرۆڤە کردووە. هەڵبەت لەم میانەیەدا سترۆکتۆری سیستەمی پەروەردە و فێرکردن وەک میکانیزمێک، ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە ڕاڤەکردنی پەیوەندیی نێوان تاک و دەسەڵاتی سیاسی. بە پێی بۆچوونی تایپۆلۆژیکانەی ئەدۆرنۆ و هورکهایمێر، مرۆڤی پەروەردەی کۆمەڵگای ئەوتۆریتی؛ کاراکتێرێکی هاوشێوە و یەکسانیان هەیە کە هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکاندا بگونجێنن و بەشێوەیەکی ڕەمەکی دەگەڵ ڕەوتەکان دەکەون. یەکێکی دیکە لە کاراکتێرەکانیان ئەوەیە کە زۆر خۆپارێزن و لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا هەوڵ بۆ پاراستنی نۆرم و نەریتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵ دەدەن. ئەم کاراکتێرانە باس لە ترس و نیگەرانییەک دەکەن کە لە کەسایەتیی ئەواندا دامەزراوە و ئێمە لە کاتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئەوتۆریتاریاندا بەروونی دەیانبینین. کاتێ لەم وتارەدا باس لە ”ترسی دامەزرێنەکراو“ دەکرێت

لە ڕاستیدا مەبەست لە ستروکتۆرێکی زەینییە بۆ کۆنترۆڵکردن. لێرەوە هەوڵ دەدەم دیاردەی ترسی دامەزراوەکراو و دەرکەوتەکانی بەسەر سێ قۆناغی جیاوازدا پۆلێن بکەم:

١. ترسی دامەزرێنەکراو و پاساوی عەقڵانی:
لەوەها دۆخێکدا مرۆڤی کۆمەڵگەی ئەوتۆریتی کارامەییی خۆیان لە بن سێبەری دەسەڵاتدا دەشارنەوە. بە واتایەکی دی هەوڵ دەدەن دەسەڵات بەرادەیەک گەورە و بەهێز پیشان بدەن کە پاساو بۆ بێهەڵوێستیی خۆیان بێنیتەوە و لە ئەنجامدا خۆیان لە ژێر قورساییی ویژدانی کۆمەڵایەتیدا ڕزگار بکەن (Adorno & Horkheimer ١٩٤٧). بۆ نموونە هێندێک لەو پاساوانەی بەردەوام لە زاری تاکی ئەوتۆریتاریانەوە دەبیسترێ ئەمانەن: "ئەو هەمووە هەوڵە درا چی بە چی کرا؟ لەم دەسەڵاتەدا هیچ ناگۆڕدرێ! کێ گوێ بە داوای خەڵک دەدا؟ و ..."

٢. ترسی دامەزرێنەکراو و خۆرێخەری:
ترسی دامەزرێنەکراو لەم قۆناغەدا زۆر خۆپارێزانەیە و خۆی لە کەیفییەتی هەڵوێستەکردنی تاکی ئەوتۆریتاریاندا پیشان دەدات. واتە کاتێ تاکی ئەوتۆریتاریان بەتەمایە نارازیبوونی خۆی دەرببڕێت یاخۆ داواکارییەکی هەبێ، بە دوای سەلماندنی خاڵە هاوبەشەکان یاخۆ نۆرمە هاوبەشەکانی نێوان خۆی و دەسەڵاتدایە بەڵکوو شەرعییەت بە نارازیبوون یاخۆ داواکەی خۆی بدات. تاکی ئەوتۆریتاریان تەنانەت توانای خۆ سەپاندن یا سەلماندنی خۆی وەک ناسنامەیەکی جیاوازی نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات خۆی وەک پاژێکی لاواز لەنێو چارەنووسێکی گشتیدا پێناسە بکات (ibid). بۆ نموونە کاتێ منداڵ داواکارییەکی لە باوکی هەیە، هەوڵ دەدات خێر و شەڕی داواکەی خۆی و تووڕەبوونی باوکی هەڵسەنگێنێت. لەوەها دۆخێکدا دەبێ یا چاوپۆشی لە داواکارییەکەی بکات یاخۆ بە چەشنێک هەڵسوکەوت بکات کە نەبێتە هۆی تووڕەبوونی باوکی.

٣. ترسی دامەزرێنەکراو و قارەمانپەروەری:
لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا تاک، تەناهی و بەرژەوەندیی خۆی لە پشت کەسایەتییەکی بەهێز یاخۆ قارەمانێکدا دەبینێتەوە. کاتێ کەسایەتییەکی بەهێز هەڵوێستە دەکات، بە سەدان هەزار تاکی ئەوتۆریتاریان لە پشت سەریەوە دێنە مەیدان. بەڵام کاتێ قارەمان یاخۆ کەسایەتیی بەهێز لە مەیداندا نەما، مەیدانەکەش لەگەڵ نەمانی ئەودا چۆڵ دەبێت. هەڵبەت ئەگەر لە هێندێ هەلومەرجدا قارەمان لە ئارادا نەبوو، هەوڵ دەدەن بوونی خۆیان بە کۆمەڵێ ڕووداوەوە بەرجەستە بکەنەوە کە لای دەسەڵاتی سیاسی بقە نەبێت (ibid). بۆ نموونە پشتیوانیکردن یاخۆ خۆخەریککردن بە هێندێ ڕووداوی لاوەکی و ئازایانە کە لە وڵاتانی دەوروبەریان ڕوودەدەن.

باسکردن لە ڕکوودی سیاسی یاخۆ چالاکیی سیاسی لە کۆمەڵگای ئەتۆریتیدا لەڕاستیدا وەهمییە، چونکە هیچ شەفافییەت یاخۆ کاری مەیدانییەک لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی ئامارێکی باوەڕپێکراو لەمەڕ بەشداریی سیاسی خەڵک بەدەستەوە بدات و لە ئەنجامدا حوکم لەسەر چالاکبوون یاخۆ ڕکوود بدەین. چونکە بەپێی ئەو پێناسە تایپۆلۆژیکەی پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئێمە نازانین هێڵ و ئەجندای سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا چۆن پراکتیزە دەکرێت، چونکە بە هۆی دۆخی سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایانە، تەما و ئارەزووە سیاسییەکانی گەل هەمیشە بە نهێنی دەمێننەوە و تەنیا لە دۆخێکی تایبەتدا خۆیان دەردەخەن. یەکێک

لە هۆکارەکان ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتیی ناکارامەی سیاسی بێت کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی دەسەڵات، واتە هەرەمی کردنی بڕیاری سیاسی لە سەرەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوە، هەوڵ دەدات. ئەم چەشنە بەڕێوەبەرایەتییە نە خاوەن ئیرادەی سیاسییە و نە گوێ بە ئیرادە و دەنگی گەل دەدات. بەڵام ئەگەر ئێمە خەمساردی وەک نیشانەی ڕکوودی سیاسی لەبەرچاو بگرین ئەوا ناچارین پشت بەو تیۆرانە ببەستین کە لە سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیدا ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای ئەوتۆریتیی پێ شرۆڤە دەکەن. هەڵبەت لە زۆر حاڵەتدا تەنانەت دامەزراوە سیاسییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم دۆخە چەقبەستوویەدا هەیە، چونکە دروشم و ئەجندای سیاسیی بەشێک لە دامەزراوە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتیدا بەپێی سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەڵگایە دادەڕێژرێن و کاریان پێ دەکرێت. لە وەها کۆمەڵگایەکدا چەمکی قارەمان هەمیشە بەرجەستە دەکرێتەوە، چاوپۆشی لە پۆلۆرالیزمی کولتوری و فرەناسنامەیی دەکرێت و هەروەها هەوڵ دەدەن کۆدەنگییەکی پاسیڤ بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن کە تاک ناچاربێ بەردەوام بەدوای خاڵی هاوبەش لە نێوان خۆی و دەسەڵاتدا بگەڕێت بۆ بووژاندنەوەی ترسی دامەزرێنەکراو.

## ٢-١ کۆمەڵگای ڕیفلێکسیڤیتی

لێکەوتەکانی مۆدێرنیزم و ئەو دیاردەیەی ئانتۆنی گیدێنز (١٩٩٧) بە «دوایین-مۆدێرنیتی[٢]» ناوی دەبات، لە ژێر باندۆری گلۆبالیزم، گەشەی تەکنۆلۆژیا، گۆڕانکاریی کولتوری و کۆمەڵایەتیدایە کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ دەرچوون لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتی. هەڵبەت ڕوانگەی پۆست مۆدێرنانەی «ئولریک بەک» لەمەڕ دیاردەی کۆمەڵگای ریسکاوی[٣] و هەروەها ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی «زیگمۆند باومان» لەمەڕ ناکارامەیی و خەسارەکانی مۆدێرنیزم، ڕەهەندەکانی ئاڵۆزیی وەها کۆمەڵگایەک باشتر پیشان دەدەن و مەبەستی ئەم وتارە هەڵسەنگاندنی ئەرێنیی ئەو پاراداییمانە نییە بەڵکوو شێوەی کاردانەوەی هەرکام لەو کۆمەڵگایانە کە ئێمە بە هەڵە بە کۆمەڵگای نەریتی (واتە خراپەکە) و کۆمەڵگای مۆدێرن (واتە باشەکە) دەیناسین، دەخەینە بەر باس.

گیدێنز بۆ هەڵاواردنی کۆمەڵگای دوایین-مۆدێرنیتی لە کۆمەڵگای پێش-مۆدێرن، باس لە سێ ئیندێکس دەکات کە بریتین لە :

١. کەلێنی شوێن- کات، واتە مرۆڤ وەک سەردەمی پێش-مۆدێرن دەرووستی کات و شوێن نەماوە

٢. دابڕان لە ئاخێزگە؛ واتە دابڕانی تاکی سێنمۆدێرن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و هەروەها دەرباز بوون لە قۆرغ و چوارچێوە لۆکالییەکان کە لە ئەنجامدا خۆی لە خانەی جیهانیبووندا دەبینێتەوە.

٣. ڕیفلێکسیڤیتی.

هەوڵ دەدەم سەرنجی ئەم وتارە زیاتر لە سەر چەمکی ڕیفلێکسیڤیتی چڕ بکەمەوە چونکە خاڵی یەکەم و دووهەم بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە کۆمەڵگای پێش-مۆدێرندا هەن و بە بۆچوونی بەشێک لە ڕەخنەگرانی گیدێنز ئەو دوو دیاردەیە دەرەنجامی گلۆبالیزمی ئابووری و سروشتییە کە ناتوانن ئیندێکسێکی پایەدار بن بۆ پێناسەکردنی داویین-مۆدێرنیتی. بەگشتی ئەم سێ چەمکە کە گیدێنز وەک سێ فاکتۆری گرنگ بۆ شرۆڤەی هۆکاری خێرایی و سەقامگرتوویی کۆمەڵگای دوایین-مۆدێرنیتی ناوزەدیان دەکات، لە هەناوی خۆیدا باس لە ترسێکی

دامەزرێنەکراویش دەکەن کە لەباری ئانتۆلۆژییەوە لەگەڵ ترسی دامەزرێنەکراو لە کۆمەڵگای ئەوتۆریتی دا جیاوازیی هەیە. ڕیفلێکسیڤیتی یەکێکە لەو چەمکانەی گیدێنز لە تیۆرەکانی خۆی لەمەڕ مۆدێرنیزم بەکاری هێناوە. لە ڕاستیدا مەبەست لە ڕیفلێکسیڤیتی ئەوەیە کە مرۆڤی سەردەم چیدیکە پێداگر نەماوە بەڵکوو بە بەردەوامی خەریکی پێداچوونەوە و دیسان خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانە. واتە تاکی سەردەمی دوایین-مۆدێرنیتی بەهۆی خێراییی زانیاری، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی هەڵبژاردن و فرەئەلتەرناتیڤی، بەردەوام خەریکی گەشەدان بە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ کردەوە کۆمەڵایەتییەکان، هزر و هەروەها داوەریکردنی سەردەمی خۆی و پێش خۆیەتی. ئەم پێداچوونەوەیە ئاستی تاک، ئاستی پێکهاتەکان و هەروەها ئاستی تەعامولی نێوان تاک و پێکهاتەکانیش دەگرێتەوە. لە وەها دۆخێکدا پرسی متمانە، ترس و تەناهی، خۆی لە فۆرمێکی دیکەدا پێناسە دەکاتەوە و چیدی ئەم پرسانە بە نەریت، ئایین یاخۆ ئایدیالۆژییەوە پێناسە ناکرێن. بۆ نموونە پرسی "متمانە" بە پێی دەروەستبوونی تاک لە هەمبەر بەرپرسایەتیی مەدەنی یاخۆ پابەندبوونی پێکهاتەکان لە حاند کەرامەتی ئەندامەکانیانەوە مەزندە دەکرێت و، لەبری ترس باس لە "ڕیسک" دەکرێت (Gyddens ١٩٩٧). لە وەها کۆمەڵگایەکدا پرسی ڕیسک و متمانە بەردەوام لە حاڵی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندندایە، ئەوەی ئەمڕۆ متمانەی پێ دەکەین، دەشێ سبەینێ جێی متمانە نەمێنێت و ببێت بە ڕیسکێکی گەورە، چونکە بنەماکانی پێناسەکردنی متمانە لای ئێمەیە و ئێمە مافی ئەوەمان هەیە پێداچوونەوە بۆ بنەماکانی متمانە بکەین. ئەوەی لەم میانەیەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا ترسی دامەزرێنەکراو لە چوارچێوەی چەمکی "کۆمەڵگای ڕیسک"دا پێناسە دەکرێتەوە (Beck ١٩٩٩). تاکی مۆدێرن بەردەوام لەگەڵ دیاردەی ڕیسک کردن لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چالاکدایە، چونکە خێراییی گۆڕانکارییەکان وا لە تاکی سەردەمی دوایین-مۆدێرنیتی دەکات کە ژیانی خۆی لەسەر بنەمای ڕیسک کردن دابڕێژێت.

لە پەیوەندی بەم وتارە، ڕکوودی سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا دیاردەیەکی وەهمی نییە بەڵکوو ئاماری و عەینییە. کاتێ باس لە ڕکوود دێتە ئاراوە لە ڕاستیدا باس لە ڕادەی بەشداربوونی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکرێت و دەنگدان یەکێکە لە بگۆڕ(موتەغەییەر)ەکانی[4]. هەڵبەت پرسی خەمساردی یاخۆ بەشداریکردنی شارومەندان لە پرۆسەی سیاسیدا دەکرێ پیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە "متمانە" و "ڕیسک"یشەوە هەبێت. لە وەها دۆخێکدا کاتێ باس لە خەمساردی دەکەین لە ڕاستیدا مەبەستمان "خەمساردیی مەدەنییە" کە گۆفمەن (١٩٧٤) لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا شرۆڤە و پێناسەی کردووە. خەمساردیی مەدەنی بە پێی بۆچوونی گۆفمەن پەیوەندییەکی چڕوپڕی بە متمانەسازییەوە هەیە، بۆ نموونە شارۆمەندی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەمبەر گشت ڕووداوەکانی دەورووبەری خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، چونکە متمانەی بە سیستەم هەیە و دڵنیاشە سیستەم - ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێ - کاری خۆی دەکات. سەبارەت بە کەمبوون یاخۆ زۆربوونی بەشداریکردنی سیاسی، پارامێتری ڕیسک دەتوانێ لە کۆمەڵگای ڕیفلێکسیڤیتیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت. کاتێ تاک هەست بکات بەشداری نەکردن ڕیسکێکی گەورەیە و هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەکات ئەوا بە شێوەیەکی جیددی سیستەم دەباتە ژێر پرسیارەوە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەوری خۆی باشتر پێشان دەدات. هەڵبەت پرسی

بەرژەوەندی وەک هەڵبژاردنی سیاسی بابەتێکە کە تاکی مۆدێرن خۆی سەرپشکە لە دیاریکردنیدا، بۆ نموونە سەقامگرتوویی سیستەمی دیمۆکراتیک و دەوڵەوتی خۆشبژێوی، دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک دەستەبەر بکات و سروشتییە کە تاک بەرژەوەندیی خۆی بە سەقامگرتوویی ئەو سیستەمانەوە گرێ بداتەوە. ئەگەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فەرانسە لە ساڵی ٢٠١٥دا وەک نموونە بێنینەوە دەبینین کە ترس لە بەهێزبوونی باڵی دەستەراست، هاووڵاتییانی فەرانسەی هان دا کە بۆ ڕێگرتن لە دەسەڵاتی باڵی ڕاستە کۆنسێرڤاتیڤەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرانسەریدا بکەن.

## ٢ زەمینەی ڕکوود لە دامەزراوەی سیاسیدا

دەسەڵات لە هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێ بەرژەوەندیی هاودژ بەرهەم دەهێنێ کە لە درێژخایەندا دەبنە هۆی سازبوونی مەودای کۆمەڵایەتی. ئەگەر بەرژەوەندیی ئەم کەلێنە کۆمەڵایەتییانە بە شێوەیەکی چالاک و شەفاف دەرکەون، ئەوا زەرووڕەتی دامەزرانی دامەزراوەی سیاسی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتییش دێتە ئاراوە. مەبەست لە کەلێنی کۆمەڵایەتی ئەو هاودژانە دەگرێتەوە کە بەهۆی بەرژەوەندیی چینایەتی؛ بۆ نموونە بەرژەوەندیی خاوەن کار و خاوەن سەرمایە، بەرژەوەندیی دەسەڵات؛ بۆنموونە شەڕی دین و دامەزراوە سێکۆلارەکان، بەرژەوەندیی کولتووری؛ بۆ نموونە ناکۆکیی نێوان نەریت و مۆدێرنیتە و هەروەها بەرژەوەندیی هێژمۆنیک؛ بۆ نموونە مافی نەتەوایەتی، دێنە ئاراوە. لە وەها دۆخێکدا زەرووڕەتی دامەزراوەی سیاسی یاخۆ بزاڤی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستن و بەمانیفێست کردنی ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتییانەیە (Rukan ١٩٧٠). ئەم ڕەوتە لە ئەنجامدا دامەزراوە سیاسییەکان بەسەر دوو بەرەی دژبەیەکدا دابەش دەکات و لە وەها دۆخێکدایە کە ئێمە باس لە چالاکیی سیاسیی یاخۆ ڕکوودی سیاسی دەکەین. ئەم پێناسەیە لەڕاستیدا شرۆڤەیەکی کۆمەڵناسانە لەمەڕ چۆنایەتیی دامەزرانی دامەزراوەی سیاسی و هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤی کۆمەڵایەتی بوو کە من زۆر بە کورتکراوەیی ئاماژەم پێ دا. بە پێی ئەم بۆچوونە، دامەزراوەی سیاسی لەڕاستیدا بەرهەمی هاودژیی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و هەروەها بەرهەمی ئیستەعدادی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە دامەزراوە سیاسییەکانی تێدا دادەمەزرێن. کەواتە کاتێ باس لە ڕکوود لە دامەزراوەی سیاسیدا دەکەین، پێویستە ژینگەی کۆمەڵایەتیی ئەو دامەزراوانەش لەبەرچاو بگرین و بزانین کە داخوا ئەو دامەزراوە سیاسییەی ئێمە مەبەستمانە لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆریتی دامەزراوە یاخۆ ڕ یفلێکسیف .

هومایون کاتووزیان لە کتێبی ”ئێران، جامعە کوتاە مدت“ (١٣٩٠) شرۆڤەیەکی سترۆکتۆرالیستیی هەیە لەمەڕ جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ئێران و ئۆرووپا. ئەم کتێبە ئێمە لەگەڵ تیۆرییەکی نوێدا ئاشنا دەکا بە ناوی ”کۆمەڵگای درێژخایەن و کۆمەڵگای کورتخایەن“. کاتووزیان باس لە سێ فاکتۆری گرنگ بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگای کورتخایەن دەکا کە من بەشێوەیەکی شرۆڤەیی و زۆر بە کورتی لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم.

١- گرفتی مەشرووعییەت و جێگرەوە: لە مێژووی سیاسیی ئێراندا کاتێ کەسێک بە ڕێگای توندوتیژی یاخۆ بە هۆی هێزی سەرمایە بە دەسەڵات گەیشتووە، پێگەی سیاسی و مەعنەویی ئەو کەسە بەرادەیەک بەرز نرخاوە کە هێندێک جار وەک

خەلیفەی خوا و تەنانەت وەک سێبەری خوا ناوزەدیان کردووە. تەقدیس‌کردنی کەسایەتی لە پرۆژەی حکوومیدا هەمیشە گرفتی بۆ دیاریکردنی جێگری ئەو کەسە و هەروەها بەردەوامبوونی پرۆژەی سیاسی یاخۆ درێژماوەبوونی سیستەمی بەڕێوەبەریی ئەو حکوومەتەش ناوەتەوە. بۆ نموونە کاتێ پاشا یاخۆ ڕێبەری سیستەمی سیاسی لە ژیاندا نامێنێ، کێشەی جێگرەوە بەڕادەیەک گەورە دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی ڕەشەکووژی لەنێوان وەزیر و گزیر و ئیلیتی حکوومیدا و لە ئەنجامدا حکوومەت بەرەو لاوازی دەچێت تا کەسێکی دی پەیدا ببێت و لە ڕێگای توندوتیژییەوە کۆتایی بەو دەسەڵاتە بێنێت و سەرلەنوێ سیستەمێکی نوێ لەسەر وێرانەی دەسەڵاتی کۆن دادەمەزرێنێتەوە (کاتووزیان ١٣٩٠).

**٢- نەبوونی بایەخی ماڵی و گیانی:** نرخ و بایەخی سەرمایەی تایبەت و هەروەها ئیلیتی سیاسی و کولتوری لە کۆمەڵگای درێژخایەندا زۆر بەرز دەنرخێت، چونکە کەڵەکەبوون و تەناهیی سەرمایە نەک هەر ژێرخانی ئابووریی وڵات بەهێزدەکات بەڵکوو دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی پرۆسەی گەشەسەندوویی لە بواری کولتووری و سیاسییشدا. هەڵبەت ئیلیتی سیاسی و کولتوریش سەرمایەیەکی مەعنەویی گرنگن کە لە پرۆسەی گەشەسەندوویی و دامەزراوەبوونی سیستەمدا دەوری کاریگەریان هەیە. لە کۆمەڵگای کورتخایەندا ئەم نرخاندنە نەک لە ئارادا نییە بەڵکوو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر وەبەر غەزەبی دەسەڵاتداران دەکەوێت. بۆ نموونە لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا یاخۆ لە ماوەی دەسەڵاتی پاشا یا ڕێبەری سیستەمی سیاسیدا، زۆر کەس لە خاوەن سەرمایەکان بەر غەزەبی دەسەڵات کەوتوون و دەستیان بەسەر ماڵ و سامانیاندا گرتووە و دواتر ئەو سەرمایەیە بەسەر خاوەن دەسەڵات و بازنەی نزیک لە دەسەڵاتدا دابەش کراوە. هەروەها ئیلیتی سیاسی و کولتووری بە حوکمی ناڕەوا و بە شێوەی سەلیقەیی ڕەشەکوژ کراون، بۆ نموونە قەتڵە زەنجیرەییەکان لە ئێران، تیرۆری کەسایەتییە سیاسییەکان لە دەرەوەی وڵات، حوکمی ئیعدام یاخۆ زیندانی درێژماوە بۆ ڕەخنەگران و هتد (ibid).

**٣- گرفتی کەڵەکەیی[5] و گەشەسەندوویی:** چەمکی کەڵەکەیی یاخۆ ئاکوموولاسیۆن بە پێچەوانەی ڕوانگەی کلاسیکیی مارکسیسزم، ئەمڕۆ لە زانستی ئابووریدا گرنگیی تایبەتی پێ دەدرێ. مەبەست لە کەڵەکەیی لە ڕاستیدا هەموارکردن و دەستەبەرکردنی مافی سەرمایەگوزارییە لە وڵاتدا. هەڵبەت خاڵی سێهەم واتە کەڵەکەیی و گەشەسەندوویی پەیوەندیی بە خاڵی دووهەمەوە هەیە کە باسمان کرد. بە هۆی نەبوونی تەناهیی ماڵی و گیانی لەو وڵاتانەی کە بە کۆمەڵگای کورتخایەن پێناسە دەکرێن، خاوەن سەرمایەکان ئەنگیزەی سەرمایەگوزاری لە نێوخۆی وڵاتیان نامێنێ و لە ئەنجامدا سیاسەتی گەشەسەندوویش شکست دەهێنێ (ibid).

بە پێی ئەو فاکتۆرانە کە کاتووزیان ئاماژەیان پێ دەدات ئێمە لینکێک لە نێوان کۆمەڵگای ئەوتۆریتی و کۆمەڵگای کورتخایەن و هەروەها کۆمەڵگای ڕیفلێکسیڤیتی و کومەڵگای درێژخایەندا دەبینینەوە. لە هەردوو پێکهاتەکەدا ترسی دامەزرێنەکراو ڕۆڵی کاریگەری هەیە، وەها کە پرسی ئازادی وەک تراوما و هۆکارێک بۆ بشێوی دێتە ئەژمار و لە کۆتاییدا پەنا بۆ قارەمان، فەرمانڕەوایەکی ئازا و ڕێبەرێکی کاریزما دەبەنەوە بەڵکوو لە هۆکارەکانی ترس ڕزگاریان بکات. هەڵبەت کاتووزیان لە نیوەڕۆکی باسەکەیدا کۆمەڵگای کورتخایەن

وەک "خانە کلنگی" پێناسە دەکات و مەبەست لەم وتەزایە لە ڕاستیدا نەریت و وەسواسی ئێرانییەکان دەگەیەنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی کۆن دا. بۆ نموونە لە کاتی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەدا کاتێ کرێیار باس لە "کلنگی" بوونی بینایەک دەکات، مەبەست لەم وتەزایە ئەوەیە کە خانووەکە بۆ ڕووخاندن و سەرلەنوێ بینا کردنەوە دەشێت، لە حاڵێکا ڕەنگە ماوەی بیست یاخۆ سی ساڵ بەسەر سازکردنی ئەو بنیایەدا تێنەپەڕیبێ. لە ئۆرووپا تەمەنی خانووەکان نزیک بە سەدە ساڵە و خانوو ڕووخاندن و بیناکردنەوە زۆر بەدەگمەن لە پرۆژەی میعماریی شارسازیدا لەبەرچاو دەگیرێ، چونکە سیاسەتی نۆژەنکردنەوە هەمیشە لە ئەولەویەتدایە (ibid). وەها دیاردەیەک ڕەگی لە تێگەیشتنی کۆمەڵگای کورتخایەن لە دیاردەی نەریتدایە و دوای مۆدێرنیزەکردن، خولیا و خەونەکانی نەریت لە ملیان نابێتەوە و لە دۆخ و فۆرمێکی نوێدا بەرهەمی دەهێننەوە. وەک ڕۆمانەکەی شێرزاد حەسەن: «حەسار و سەگەکانی باوکم» (١٩٩٦)، کاتێ براکەیان باوکە سەرەڕۆکەیان دەکوژێت، خوشکە خەساو و چەوساوەکانی بەگژ براکەیاندا دەچنەوە و شیوەن بۆ مەرگی باوکیان دەکەن.

ئەگەر بمانەوێ تیۆری کۆمەڵگای کورتخایەن لە چەند وشەدا فۆرموولە بکەین بەم ئاکامە دەگەین کە لە سەر کۆمەڵگایەک قسە دەکەین کە لە ژێر سریمەی "سیکلی ئانۆمی - دیسپۆتیزم"دایە.




واتە: دامەزراوەی سیاسی لە ئێران، لە ڕوانگەی سترۆکتۆرالیستیی کاتووزیانەوە بەرهەمی، بازنەیەک پێک دەهێنێت کە لە شێواوییەوە بەرەو ئیستبداد و لە ئیستبدادەوە بەرەو شێواوی دەچێت. لە کاتی شێواوی یاخۆ پاشاگەردانیدا جموجۆڵی سیاسی و دامەزرانی تاقم و گرووپ و حیزبی سیاسی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە کۆمەڵگای کورتخایەندا دەردەکەون و پەرەدەستێنن. کاتێ باڵ یاخۆ حیزبێکی سیاسی لە ململانێی دەسەڵاتدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوتی لایەنەکانی دیکە دەکات و لە مەیدان بەدەریان دەکات. بەڵام "فەتحەعلی موقەدەم" بە پێچەوانەی شرۆڤەی سترۆکتۆرالیستیی کاتووزیان لەمەڕ دیاردەی ئیستبداد، ڕەگی ئەم دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی ئێرانییەکان کە پەیوەندیی بە مەعریفە و ڕەفتاری ئێرانییەکانەوە هەیە. ئەو پێی وایە ڕێبەر، فەرمانڕەوا و قارەمان کە دەگەنە دەسەڵات، فۆرمێکی پلاستیکیان هەیە و هێندەش بەردینە نین. ئەو شتەی سەرکردەکان بەرەو ئیستبداد پاڵ پێوە دەنێت، سترۆکتۆر نییە بەڵکوو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایە کە هەر دەسەڵاتێک دابمەزرێت ئەگەر بە تامی ئیستبداد و سەرەڕۆیی نەبێت، هەست بە تەناهی و سەقامگرتووی ناکەن (Moghaddam ٢٠٢٢). سەرەڕای بۆچوونی سایکۆلۆژیکاڵی موقەدەم بۆ دیاردەی ئینقلاب و سەرەڕۆیی، نابێ لە بیرمان بچێتەوە کە یەکێک لە بەرچاوترین هێماکانی چالاکیی سیاسی و ڕکوودی سیاسی لە وەها کۆمەڵگایەکدا دیسان لە بابەت خانەی سیکلی "ئانۆمی/ دیسپۆتیزمدا" بەرهەم دێتەوە کە لە سەرەوە باسمان لێ کرد. حیزب یاخۆ دامەزراوەی سیاسی پرۆژەیەکی درێژخایەنە و کارایییەکەی لە بەردەوامبوون و تەمەندرێژیی

ئەو دامەزراوەیەدا دەردەکەوێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیاردەکانی کورتخایەن بن، سروشتییە مەجالی بەردەوامبوونی کاری سیاسییش کورتخایەن دەبێت.

## ڕکوود، داننان و چارەسەری

تا ئێرە باسمان لە زەمینە و بەستێنەکانی ڕکوودی سیاسی کرد، واتە باسمان لەو دۆخانە کرد کە ئەگەری ڕکوودی سیاسییان تێدا بەهێز دەبێت، بەڵام هۆکاری ڕکوودی سیاسی بابەتێکی دیکەیە کە ئێمە بۆ شرۆڤەکردن و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی، پێویستمان بە مێتۆدی لێکۆڵینەوە هەیە. ڕەنگە لە قسە و باسی ڕۆژانە یاخۆ لە هێندێ لێدوانی ژوورنالیدا باس لە ڕکوودی سیاسیی حیزب یاخۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە و کۆمەڵێک نیشانە و تێرم بۆ سەلماندنی ڕکوود ڕیز بکرێن، بۆ نموونە: کەمپنشینی، لە ڕۆژەڤدا نەمان، کلاسیک بوون، بێجووڵەیی، لاوازیی گوتار، شکستی تاکتیکی، کلوبی ڕۆشنبیری، حیزبی لۆکس و زۆر شتی دیکە کە ئێمە دەتوانین بەم زەنجیرە هۆکارانەوە زیادیان بکەین. بەڵام هیچکام لەم خاڵانە لە باری زانستییەوە ناتوانن ڤاریابلێکی گونجاو و باوەڕپێکراو بن. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئێمە هەم پێویستامان بە دیزاینێک هەیە کە هۆکاری ڕاستەوخۆ و هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی پرسیارەکە فورمووڵە بکا، هەم پێویستمان بە تیۆر و سێگنیفیکانت بوون هەیە، واتە سەلماندنی ڕەوایی بوونی تیۆر و دیزاینی لێکۆڵینەوەکە.

لە زانستی پزیشکیدا باوە کە یەکێک لە مەرجەکانی چارەسەری نەخۆشی ئەوەیە نەخۆشەکە باوەڕ بەوە بکات کە نەخۆشە، ئەوجار هەوڵ بۆ کاری پشکنینی نەخۆشییەکە دەدرێت و دواجار پرۆسەی دەرمانکردنی نەخۆشییەکە دەست پێ دەکات. ئەم مۆدێلە باس لە سێ قۆناغ دەکا: یەکەم داننان بە نەخۆشییە، دووهەم پشکنین و لێکۆڵینەوەیە و سێهەم چارەسەرییە. کاتێ بمانەوەێ باس لە هۆکاری ڕکوودی سیاسی بکەین لە ڕاستیدا پێویستیمان بەم مودێلەیە، واتە داننان بە ڕکوودی سیاسی کە پێویستی بە واقعگەراییەکی سیاسی هەیە، دواتر لێکۆڵینەوە بۆ هۆکارەکانی ڕکوود کە پێویستی بە تیۆر و مێتۆد هەیە و دواجار پرۆسەی چارەسەرییە کە پێویستی بە ئیرادە هەیە و حەتمەن بە پرۆژەی "تاقیکاری- هەڵە" دا تێدەپەڕێ بەڵکوو بگاتە چارەسەری.

١- داننان: لەم وتارەدا باسێکی چەمکناسیمان لە بەشی تێرمینۆلۆژیدا کرد و چەند خاڵمان وەک پێناسە بۆ ڕکوودی سیاسی باس کرد. لێرەوە ئێمە ڤاریابڵێکی دی بە چەمکناسیی ڕکوودی سیاسییەوە زیاد دەکەین بە ناوی "وڵام نەدانەوە". مەبەست لە "وڵام نەدانەوە" ئەوەیە کە بۆ نموونە ڕێکخراوێکی بازرگانی یاخۆ حیزبێکی سیاسی، مێتۆدێک پەسند دەکات بۆ بردنەپێشی ئامانجی ڕێکخراوەکەی و، ئەم مێتۆدە لە پرۆسەی تاقیکاریدا چەندجار وڵام ناداتەوە. ئێستا ئەگەر بۆ سەرخستنی هەمان مێتۆد سوود لە باشترین تیۆر و پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژییش وەربگرین، لە ڕاستیدا مێتۆدێک دەبەینە پێش کە لە بنەڕەتدا هەڵەیە. لە وەها دۆخێکدا ئەم پرۆسەیە دوو خاڵ دەپێکێت: یا پرۆژەکە دیسان وڵام ناداتەوە کە لە کۆمەڵناسیدا بەم ڕەوتە دەڵێن هەڵەی سیستەماتیک، یاخۆ گرفتاری ئاکسیۆماتیزە بوون دەبێ (واتە پێمان وابێ کە درگا تاقە ڕێگای چوونەژوورەوەیە، لە کاتێکا دەشێ زۆر ڕێگای دیکە لە ئارادا بێ بۆ چوونەژوور). یەکێک لە تراژیدییەکانی هەڵەی سیستەماتیک ئەوەیە کە لە ڕێگای پرۆپاگاندا و بانگەشەی

عاتیفییـــــەوە، مێتۆدە هەڵەکە بەســـەر عەرزی واقعـــدا بســـەپێنێ کە لـــە ئەنجامـــدا دوو هۆی لـــێ دەبێتەوە: لـــە یەکـــەم حاڵەتدا ناچار دەبـــێ بکەویتە حاڵەتـــی بەرگریکردن لە مێتۆدە هەڵەکە و درگا لەســـەر بەحســـی "دەروون پارادایمـــی" دابخـــات و، دووهـــەم حاڵـــەت ئەوەیە کە لەهەمبـــەر ڕەخنەگرتندا حەســـاس بێت و توندوتیـــژی بنوێنێت. ئەم دۆخە نـــەک هـــەر زۆرترین تێچـــووی بۆ دامـــەزراوە بازرگانی و سیاســـییەکان هەبووە بەڵکوو سیســـتەم لە ڕکـــوودەوە بەرەو قەیران پەلکێـــش دەکات. کەواتـــە کاتێ سیســـتەم وڵام ناداتـــەوە عەقڵانیتریـــن کار داننـــان بە هەڵەبوون و ناکاراییـــی مێتۆدەکەیە.

٢- لێکدانەوە و پشـــکنین: مرۆڤی ســـەدەی بیســـت و یەکەم لە ســـەردەمێکی زۆر ئاڵۆزدا دەژیـــت. ئاڵۆزیـــی (پیچیدگـــی) هۆکارێکی دیاریکەرە بۆ گشـــت دیاردە سروشـــتییەکان و هەروەهـــا ئەو دیاردانەی بەدەســـتی مرۆڤ بەرهەم دێـــن. کەواتە چەمـــک و ئاماژەکانی ئاڵۆزی دەشـــێ هەم لـــە نێو ڕێکخـــراوەدا هەســـت پێ بکرێـــن و هەم لـــەو ژینگەیەدا کە ڕێکخراوەکـــەی تێدا دامەزراوە. پێشـــتر و لە ســـەدەی ڕابـــردوودا "یاســـای نیوتۆن" بەسەر گشـــت بوارەکانی زانســـت و تەنانەت سیاسەتیشـــدا زاڵ بوو. نیوتۆنیستەکان پێیان وابوو جیهان لە کۆمەڵێ سیســـتەمی ڕاســـت و تەکـــووز پێکهاتـــووە کـــە بە پێی یاســـا جەبرییەکانـــی سروشـــت، لـــە جووڵەدایە و ئێمـــە دەتوانیـــن پێشـــبینییان بکەین. ئەم مۆدێلـــە وا دەردەخات کـــە مەعلوولەکان بە شـــێوەیەکی هێـــڵ- ئاســـاییانە دەرەنجامی هۆکارێکـــی تایبەتـــن. بەڵام زانســـتی ئەمڕۆ باس لـــەوە دەکات کە جیهان لـــە کۆمەڵێ سیســـتەم پێک هاتـــووە کە لـــە "هیچەوە" دروســـت دەبێت، بەشـــێوەیەکی داهێنەرانە کار دەکات و هەروەهـــا دەرکەوتەکانـــی ئەم دۆخـــە مەجالـــی پێشـــبینیکردن بە کەس نـــادەن چونکە بە هەڵکەوت (تصادفی) ســـەر هەڵدێنـــن. هەڵبەت لەم پارادایمە نوێیەشـــدا یاســـایەکی دیتەرمینیســـتی (جبـــری) لە ئارادیە، واتە پێمان دەڵێ کە سیســـتەمەکان لـــەم پارادایمـــەدا پێـــڕەوی لە ســـیکلێکی بـــەردەوام دەکەن کە لـــە بێنەزمییەوە بەرەو نەزم و لـــە نەزمەوە بـــەرەو بێنەزمی دەچن، ئـــەم بۆچوونە بـــە تیۆریی ئاڵۆزیـــی[6] ناوزەد کراوە. هەر لـــەم پەیوەندییـــەدا تیۆرییەکی دیکـــە بە نـــاوی تیۆریی بێنەزمـــی[7] هاتۆتە نێـــو دونیـــای زانســـتەوە کە ئێمـــە بەرەو پارادایمێکـــی نوێ پـــاڵ پێوەدەنێت، هەڵبەت ئەم تیـــۆرە زۆر خاڵـــی هاوبەشـــی لەگەڵ تیۆریی ئاڵۆزییشـــدا هەیە. پرۆفســـۆر کاترین هێلـــز (١٩٩٠) لـــە شـــرۆڤەکردنی تیۆریی بێنەزمیـــدا دەڵـــێ: بێنەزمـــی و ئاڵـــۆزی شـــێوازێکە لـــە بێنەزمییەکـــی بەنەزم[8]یاخۆ نەزم لـــە بـــێ نەزمیـــدا. بۆیـــە بێنەزمن؛ چونکە توانای پێشـــبینی کردنمـــان نییە و، بۆیە بەنەزمـــن؛ چونکە برشـــت (قطعیت) و زەبروزەنگـــی تێدا بەدی دەکرێـــت. هەڵبەت کاتێ بـــاس لە برشـــت دەکرێ مەبەســـت لەوەیە کـــە لە هەناوی بێنەزمیدا شـــێوازێک لـــە نـــەزم بـــەدی دەکرێت کە هـــۆکاری دەرەکیـــی نییە بەڵکوو بێنەزمـــی لە هەناوی خۆیدا هەڵگری یاســـایەکە کـــە ناچارە بەرەو نـــەزم بـــڕوات (Hayles ١٩٩٠). بۆ زیاتر دەرک پێ کردنـــی جیاوازییەکانی پارادایمی نیوتۆنـــی و پارادایمی بێنەزمی لەمەڕ پرســـی بەڕێوەبـــەری و ڕێکخســـتندا هـــەوڵ دەدەم لێـــرەدا بەراوردێکی کـــورت بکەم.

پارادایمی نیوتۆنی: ژینگـــەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمـــی نیوتۆنیدا ســـادە و دینامیکییە و وا مەزنـــدە دەکرا کە توانای پێشـــبینیکردنی گشـــت ڕەفتـــارە کۆمەڵایەتییەکانمان هەیە. دیدێکـــی میکانیکیمـــان بـــۆ سیســـتەم و ڕێکخـــراوەکان هەبـــوو و پێمـــان وابوو کە یاســـای "هۆکار-بەرکار" (عیللەت- مەعلوول)

بە سەر گشت دیاردەکاندا زاڵە و لەو شوێنانەدا کە یاسای عەقڵانی وڵامی بۆ هۆکارە نادیارەکان نەدەبوو، لە ڕێگای سادەکردنەوەوە شرۆڤەی دۆخەکەیان دەکرد بۆ نموونە یاسای کێش (جاذبە).

لە پارادایمی نیوتۆنیدا (لێرەدا مەبەست سیاسەتە) پرسی کارایی بە پێی بارستاییی زانیاری و ئایدیالۆژی پێناسە دەکرا و ڕێکخراوە وەک دامەزراوەی بەرهەمهێنانی ئایدیا دەناسرا، بۆیە ناوەندی بڕیاردان هەمیشە لە بازنەیەکی چەند کەسیدا چڕ دەبووەوە (سێکتاریزم) و لە ئەنجامدا ئەرکی سەرەکیی بەڕێوەبەران پاراستنی دۆخی ئارایی بوو.

پارادایمی بێنەزمی: ژینگەی کۆمەڵایەتی لە پارادایمی بێنەزمیدا ئاڵۆز و پلاستیکییە و بەم چەشنە زۆر زەحمەتە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان پێشبینی بکرێن. لەم پارادایمەدا ڕێکخراوە چیدی وەک ماشێن چاو لێ ناکرێت بەڵکوو وەک ئورگانیکی زیندوو سەیری دامەزراوە و ڕێکخراوەکان دەکرێت. دیاردەکان نەک بە پێی یاسای هۆکار-بەرکار بەڵکوو وەک پەیوەندییەکی "تەعامولی" ڕەچاو دەکرێن. لە پارادایمی بێنەزمیدا ڕێکخراوە ئاخێزگەی بەرهەمهێنانی ئایدیا نەماوە، بەڵکوو پەنا بۆ هەر چەشنە ئایدیایەک دەبات کە هۆکاری گەشەسەندوویی ڕێکخراوەکە و چالاک کردنەوەی ئۆرگانیزمە جیاوازەکانی سیستەم بێت. لێرەدا ناوەندی بڕیاردان لە چەند کەسدا چڕ نابێتەوە بەڵکوو بە پێی "ژیریی بەکۆمەڵ" لەسەر بڕیارەکان ساغ دەبنەوە و ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی، نەک پاراستنی دۆخی ئارایی بەڵکوو داهێنان و نوێخوازییە.

بەم چەشنە سەردەمی ئێمە، لە پارادایمی نیوتۆنی تێپەڕیوە و بەرەو پارادایمی بێنەزمی هەنگاوی ناوە، کەواتە زۆر سروشتییە کە گۆڕانێکی بنچینەیی لە هەلومەرجی سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا پێکهاتبێت کە حەتمەن دەرفەتی کارکردن بۆ حیزب یاخۆ بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاڵۆزتر دەکات و لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی ڕکوود.

٣- چارەسەری: لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمان لەوە کرد کە پارامێتری "چارەسەری" لە پەنای پارامێتری "پرس" و "سەردەم"دا زۆر گرنگە و پێویستە سەرنجی تایبەتی پێ بدرێت. چارەسەری لە کولتوری ئێمەدا هەمیشە ڕەهەندێکی نەسیحەتاویی هەبووە، واتە هەر کەسێ لە جێی خۆیەوە هەڵدەستێ و وەک ڕیشسپییەکی ماقووڵ دڵسۆزی دەکات و ڕێکار و چارەسەری پێشکەشی لایەنەکان دەکات. لە ئەنجامدا کەس یاخۆ ئەو لایەنە سیاسییەی لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژیت، هەمیشە لە هەمبەر ئەو چارەسەرییە حەکیمانەیەدا حەساستر و ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم وتارە هەوڵ دەدا خۆی لەو دۆخە کەلتوورییە دوور ڕاگرێ و سروشتییە کە باس کردن لە چارەسەری- لەم وتارەدا - پێڕەوی لەو ڕەوتە ڕۆتینییە ناکات کە وەک ڕیشسپی ڕێکار و ڕێگاحەل ئاراستەی دۆخە قەیراناوییەکان بکات. هەڵبەت چارەسەری بە زمانی زانستییانە، پێڕەوی لە مۆدێلێک دەکا کە لە زانستدا کاری پێ دەکرێت.

کەواتە ئێمە پێویستیمان بە پێناسەیەکی زانستی هەیە بۆ هەر سێ پارامێترەکان. لێرەدا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی فورمووڵەکراو چەمکی سەردەم، پرس و چارەسەری بخەمەوە بەرباس.

پارامێتری سەردەم، بە زمانێکی زۆر سادە، پەیوەندیی بە جووڵە و گۆڕانەوە هەیە. کاتێ باس لە جووڵە دەکەین مەبەستمان یەک شتە: ڕەوت و دیاردەکان بە گوزەرێکی زەمانیدا تێدەپەڕن (دەسپێک، هەنووکە، داهاتوو) و کاتێ باس لە گۆڕان دەکەین

مەبەســـتمان گۆڕانـــکاری لـــە چەندایەتی و چۆنایەتیـــی دیاردەکانـــە کە بەپێـــی زەمان دەردەکەون. مانای پارامێتـــەری پرس بریتییە لە مـــەودای نێوان دۆخی ئارایـــی (موجود) و دۆخی ئیدەئـــاڵ (مطلوب) کە ئـــەم مەودایە پڕە لە دیاردەی نەناســـراو و هـــۆکاری نادیار (مجهولات و معلولات). وەک لەم پێناســـەیەدا دەردەکەوێ چەمکی پـــرس، جیاوازیی هەیە لەگـــەڵ گرفتـــدا چونکـــە گرفت بـــاس لە کۆمەڵێ دۆخی نائیدەئـــاڵ دەکات کە بەهۆی یـــەک یاخۆ چەنـــد دانە پرس دێتـــە ئاراوە. مەبەســـت لـــە چەمکی چارەســـەری ئەوەیە کە بە پێـــی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەســـتدا هەن، لایەنە نەناســـراوەکانی پرس بدۆزینەوە و ڕێگایەکی مســـۆگەر بۆ دەرچوون لە دۆخی ئارایـــیەوە بۆ دۆخی ئیدەئـــاڵ ببینینەوە.

جێنریچ ئاڵتشـــوولێر (۱۹۴۶) لە ســـەردەمی ســـۆڤیەتی پێشـــوودا، بنەمایەکی زانستییانەی بـــۆ "داهێنـــان و چارەســـەری" هێنایە نێو جیهانی زانســـتەوە کە بە داهێنانناسیی تریز[9] ناوی دەرکـــرد. تریـــز (TRIZ) کورتکراوەی دەســـتەواژەیەکی ڕووســـییە و لە ئینگلیسیدا بـــە (Theory of Inventive Problem Solving) نـــاوەزەد کراوە و ئەمـــڕۆ لە لقە جیاوازەکانی زانســـتدا ســـەرنجی پێ دەدرێت. ئەگـــەر بمانـــەوێ بە کورتی و بـــە زمانێکی زۆر ســـادە تیۆریی تریز پێناســـە بکەین دەبێ بڵێیـــن تریز شـــێواز یاخـــۆ ئالگوریتمێکە بۆ چارەســـەری گرفتی داهێنان کە بە مێتۆدێکی سیســـتەماتیک هەوڵ بۆ دۆزینـــەوەی هۆکارە ناســـتانداردەکان دەدات و لـــە ئەنجامـــدا بە شـــێوەیەکی مێتۆدۆلۆژییانـــە چارەســـەری پێشکەش دەکات (گلســـتان هاشمی ۱۳۸۱). وەک بـــاس کرا تریـــز لە زۆربـــەی بوارەکانی زانســـتدا دەکار دەکرێ و من هـــەوڵ دەدەم مۆدێلـــی تریز لـــە پەیوەندی بـــە نیوەرۆکی ســـەرەکیی ئەم وتـــارە بەکار بێنـــم، چونکە ڕێکارەکانـــی تریز خۆی لە چـــل دانە بنەمادا دەبینێتەوە کـــە لەم وتارەدا ناپەرژێینە ســـەر گشـــتیان. کەواتە ســـوود وەرگرتن لە مۆدێلی تریز لـــە پەیوەندی بە ڕکوود و چارەســـەری ڕکـــوود بە مانـــای ئەوەیە کە سیســـتەمێکی باوەڕپێکراو و زانســـتیمان لەبەردەســـتدا بێ تاکوو بـــە شـــێوەیەکی ڕێژەیـــی مۆدێلێکی مێتۆدۆلۆژییانـــە بـــۆ پرســـی چارەســـەری ببینینەوە.

چـــوار بنەمـــای ســـەرەکی بـــۆ تریز کە پێویســـتە بۆ پرســـی داهێنان و چارەسەری ڕەچـــاو بکرێـــن بریتین لە:

۱. ڕەچاوکردنـــی ڕەوەندی قۆنـــاغ بە قۆناغ، واتـــە بۆ دیتنەوەی چارەســـەری پێویســـتە هەنگاو لـــە دوای هەنـــگاو هەڵێنینەوە و بە شـــێوەیەکی سیســـتەماتیک گرفتەکان یاخۆ ئـــەو هۆکارانـــەی - بـــۆ نموونـــە دیاردەی ڕکوودیـــان لەگەڵ خۆیاندا هێنـــاوە- یەک بە یەک چارەســـەریان بـــۆ ببینرێتەوە

۲. ڕیزکردنـــی ڕێگاچارەکان لـــەلای یەک بۆ ئەوەی چارەســـەرییەکی ئیدەئالتر هەڵبژێرین.

۳. چارەســـەرییەکان توانای تاقیکاریيان هەبێ واتە مۆدێلێکی ســـتاندارد بن.

۴. دەرەنجامی ئەو چارەسەرییانە وەک بنەمایەک بۆ داهێنان بەهێز بن. بەڵام لەم نێوەدا چوار سیستەمی گرینگ هەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بنەماکانی چارەسەرییەوە هەیە، واتە: ۱- ناسینی پرس، بۆنموونە کاتێ پرسی ڕکوود دێتە ئاراوە، سەرەتا دەبێ بنەماکانی پێناسەی ڕکوود بناسین. ۲- فورمولبەندیکردنی گرفتەکان، ۳- گەڕان لە دوای ئەو ڕێکارانەی پێشتر بۆ چارەسەریی پرسێکی هاوشێوە تاقی کراونەتەوە، ۴- هەڵبژاردنی ئالگوریتمێکی گونجاو.

ئەوەی تا ئێســـتا باســـمان کرد لە ڕاســـتیدا ئاڵۆزیـــی پرســـی چارەســـەری دەردەخات و لـــە هەمان کاتـــدا پێمان دەڵێـــت ئەگەر چارەســـەری بە پێـــی مۆدێلێکی ســـتاندارد دیاری نەکرێت، نەک هەر گرفت و کێشـــەکان

چارەسەر ناکات بەڵکوو ئاڵۆزتریش دەبن. لە ڕاستیدا یەک لە هۆکارە بەهێزەکانی ڕکوودی سیاسی -لە ناو حیزب یاخۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی- پێشکەشکردنی ڕێکاری ئاماتۆرانە و هەڵەی سیستەماتیکە، کە هەم دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پرسی ڕکوود و هەم ڕێکخراوەکان بە ڕادەیەک هەست دەکەن کە چاوپۆشی لە پرسیارە سەرەکییەکە، واتە ڕکوود، بکەن.

## دواوتە و کۆتایی

ئەم وتارە تایبەت بوو بە دیاردەیەکی هەنووکەیی بەناوی ڕکوودی سیاسی. وەک لە بەشی چەمکناسیدا ئاماژەمان پێ دا، هەتا ئێستاش پێناسەیەکی تۆکمە بۆ ئەم چەمکە لە ئارادا نییە. بەڵام ئێمە باش دەزانین کە ڕکوودی سیاسی هەیە، هەست پێ دەکرێ، باس دەکرێ و تەنانەت یەکتریشی پێ تۆمەتبار دەکەین. هەڵبەت ئەوەش دەزانین کە چەمکی ڕکوودی سیاسی، لەگەڵ قەیرانی سیاسی و شکستی سیاسی و هەروەها ئاشبەتاڵدا جیاوازیی هەیە. لە میانەی ئەم وتارەدا باسمان لە سێ فاکتۆری سەرەکی کرد بۆ بەستێنسازیی ڕکوودی سیاسی؛ یەکەم، زەمینەی کۆمەڵایەتی بوو، دووهەم، سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی و سێهەم، دامەزراوەی سیاسی بوو. ڕکوودی سیاسی دۆخێکی کاتییە کە هەم لە کۆمەڵگا و هەم لەنێو دامەزراوەی سیاسیدا سەر هەڵدەدات. کاتێ باس لە دۆخی کاتی دەکەین مەبەستەکەمان ڕوونە، واتە ڕکوودی سیاسی بەرهەمی قۆناغێکی مێژوویییە کە گشت بنەماکانی نەزمی ئارایی و سەقامگرتوویی سیستەمەکانی تووشی ئاڵنگاریی کردووە. کەواتە ڕکوودی سیاسی لەخۆیدا مەترسی نییە، چونکە هەر دیاردەیەکی کاتی، تا ئەو کاتەی ڕێگای چارەسەریی بۆ هەبێ، شانسی دەربازبوونیشی هەیە. بەڵام یەکێک لە مەترسییەکان بۆ سەر ڕکوودی سیاسی، بەهێزکردنی ڕەوتی ئاکسیۆماتیکە کە لەم وتارەدا هاتە بەر باس، هەروەها دان نەنان بە ڕکوود و دابەزینی ئاستی تۆلێرانسی دامەزراوە سیاسییەکانە لە هەمبەر ڕەخنەگرتندا. ئەم دۆخە نەک هەر یارمەتی بە دەربازبوون لە ڕکوود نادات بەڵکوو زەمینەی قەیران و دواتر شکستی سیاسی بۆ دامەزراوە سیاسییەکان خۆش دەکات.

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان لە کاری دامەزراوە سیاسییەکاندا ئەوەیە کە کاتێ ڕێبەریی ئەو دامەزراوانە هەوڵ بۆ گۆڕان و چالاککردنی ڕێکخراوەکانیان دەدەن، بێ ئەوەی خۆیان هەست پێ بکەن لە بەرانبەر ئەو ڕەوتانەدا دەوەستنەوە کە دەبنە هۆی دروستکردنی هاوسەنگی لە ڕێکخراوەکەدا. واتە ڕێبەرایەتی لە کاتی بردنەپێشی بەرنامەکەیدا هەست دەکا لە شوێنێکدا گرفتێک هەیە و خێراییی کار و پلانەکانی کەم دەکاتەوە، بەڵام سەرچاوەکەی نادۆزێتەوە. لە کاری ڕێکخراوەییدا زۆر گرنگە سەرنج بەو دیاردە و ڕەوتانە بدەین کە لە بەرانبەر پرۆژەکاندا خۆڕاگری دەکەن. ئەو خۆڕاگرییە پێویستە وەک هاوسەنگ ڕەچاو بکرێن نەک ڕەقیب. ئەگەر ئەو هاوسەنگییە خۆڕاگرە، بەشێوەی نهێنی چالاکی بکات و ڕێبەرایەتیی حیزب یاخۆ سیستەمی سیاسیی وڵات بایەخی پێ نەدات، لە ڕاستیدا زەمینە بۆ ترسی دامەزرێنەکراو و لە ئەنجامدا کورتخایەنبوونی پرۆژەکان خۆش دەکات کە پێشتر لەم وتارەدا هاتە بەرباس. ڕێبەرایەتییەکی وشیار و زانا پێویستە ڕێگا بۆ خۆنواندن و چالاک کردنی ئەو هاوسەنگییە نهێنییانە بدات کە لە ترسانا و بەشێوەیەکی نهێنی خەریکە خۆڕاگری دەکەن. لە ڕاستیدا لە پرۆژەی

چالاکیی سیاسیدا، چێکردنی هاوسەنگی لەنێوان هاودژەکاندا بابەتێکی گرنگە. لەم پێناوەدا بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر پرسی هاوسەنگی بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە ئەسڵی لوشاتیلیە لە کیمیادا بدەم کە دەشێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی کۆمەڵایەتییش ڕەچاو بکرێ. هێنری لوئی لوشاتیلیە (١٨٥٠-١٩٣٦) ساینتیستێکی بواری کیمیا بوو لە فەرانسە. لوشاتیلیە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بواری کیمیادا بەم ئەنجامە گەیشت کە سیستەمێکی هاوسەنگ، هەمیشە لە بەرانبەر گۆڕانکاری و پارامێترەکانی دەوروبەریدا کاردانەوە لە خۆی پێشان دەدات و تووشی ناهاوسەنگی دەبێت. بۆ ئەوەی ئەم ناهاوسەنگییە قەرەبوو بکاتەوە، ناچارە خۆی لەگەڵ واقعیەتدا سازگار بکات و لە ئەنجامدا بەرەو هاوسەنگییەکی نوێ دەچێت. کەواتە ڕەخنە، خوێندنەوەی جیاواز و تەنانەت قەوارەی نوێی سیاسی، لە خۆیدا باس لە بوونی هاوسەنگییەکی جیاواز و سەربەخۆ دەکەن کە ئەگەر لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان لە هاوپەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە و دیموکراتیکدا بن، ئەوا دامەزراوەکان وێران ناکەن بەڵکوو بەرەو هاوسەنگییەکی نوێیان دەبەن. بەم چەشنە و لە کۆتاییی ئەم وتارەدا بەم ئاکامە دەگەین کە: ”باشترین پێشمەرج بۆ بەرگرتن لە ڕکوودی سیاسی، کۆتایی هێنان بە ڕوانینی کۆنترۆڵ و بێمتمانەییە و هەروەها گرتنەپێشی هاوپەیوەندی لەگەڵ دیاردەی فرەهاوسەنگییە کە پارادایمی بێنەزمیی وەک زەرورەتێکی سەردەمیانە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی“.

## پەراوێزەکان:

1.Political Stagnation
2.Late Modernity
3.Risk Society
4.variable
5.Accumulation
6.Complexity Theory
7.Chaos Theory
8.Olderly Disorder
9.TRIZical Creanovatology

## سەرچاوەکان:

1. Adorno W. Theodor & Horkheimer Max (1947). ”Opplysningens Dialektikk”. Oversatt av Lars Petter Storm Torjussen (2011). Spartacus.

2- Giddens, Anthony. (1997). ”Modernitetens konsekvenser”. Oslo. Pax forlag

3- Goffman, Erving (1974). ”Vårt rollespill til daglig”: en studie i hverdagslivets dramatikk, Dreyer.

4- Hayles N. Katherine (1990). “Chaos Bound: Orderly Disorder in Contemporary Literature and Science”. Ithaca: Cornell University Press, 1990.

5- Moghaddam, Fathali M. (2022). “Revolution and Psychology” in How Psychologists Failed. Cambridge University Press.

6- Rokkan S. (1970), ”Citizen, Election Political Parties”, Approaches to the Comparative Study of the Processes of Development . Antologi av artikler (med Angus Campbell, Per Torsvik og Henry Valen). Oslo, 1970.

7- Beck Ulrich (1999). ” World Risk Society”, Polity Press 1999.

## سەرچاوە فارسییەکان:

١- کاتوزیان، محمد علی همایون (١٣٩٠). ”ایران، جامعه کوتاه مدت“. ترجمه عبدالله کوثری. نشر نی.

٢- گلستان هاشمی، سید مهدی (١٣٨١). ”سیستم حل مسئله ابداعی و خلاقیت و نوآوری نظام یافته“. TRIZ مجله مدیریت (انجمن مدیریت ایران)، شماره ٥٩-٦٠ فروردین- اردیبهشت ١٣٨١.

# «شیکاری»

# لەپێناو سەنتێزێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان :
## سەروەریخوازی وەک ڕێگاچارەی نالێکی لە دروشمی ستراتژیدا

ئاسۆ حەسەن زادە*

بەدەر لەوە کە حیزبەکانی کوردستان لە ڕابردوو و لە سەردەمی ئێستادا هەڵگری چ دروشمێکی نەتەوایەتی بوون و هەن، و بەپێچەوانەی ئەوەی دەکرا چاوەڕوان بکرێ، ئەو چەمکە چەمکێکی زۆر کەمرەنگ، ئەگەر نەڵێین غایبی نێو خیتابی سیاسیی کورد بەگشتی و کوردی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتییە. هۆیەکەشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەهۆی هاوواتایی سەروەری لەگەڵ "حاکمیت" و تێگەیشتنی نەریتی لەو چەمکە وەک تایبەتمەندیی دەوڵەتی سەربەخۆ و بە پێڕەوی لە داکترینێکی سیاسیی ڕاهاتوو بە بیرکردنەوە و جوڵە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا، هێزە سیاسیەکانی کورد ئەوەندەی ڕەعایەتکردنی حەساسیەتی بژاردە سیاسییەکانی گەلی حاکم و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گومانەکانیان لەمەڕ جوداییخوازی و تەجزیەتەڵەبییان بۆ گرینگ بووە، ئەوەندە خۆیان بە دارشتنی گوتارێکی نەتەوایەتیی لەڕووی حقوقیەوە تۆکمە و زانستیی‌یەوە خەریک نەکردووە.

## پێشەکی

بەدرێژایی مێژووی کورد، یەکێک لە خاڵەکانی لاوازی و هۆکاری سەرنەکەوتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی ئەو گەلە نەبوونی ئامانجێکی ڕوون و هاوبەش بووە. ئەو نالێکییە کە هەم دوورەدیمەنی کۆتایی چارەسەری پرسی کورد و هەم قۆناغبەندیی هەنگاونان بەرەو ئەو دوورەدیمەنە دەگرێتەوە، بەشێوەی سروشتی یەکگرتوو نەبوونی شێواز و کەرەستەکانی خەباتیشی لێ کەوتۆتەوە. سادەکردنەوە و خۆپەڕاندنەوە لە بەرپرسایەتی دەبێ ئەگەر بێت و دابەشبوونی کوردستان لە دوو برگەی مێژوویی‌دا بە تەنیا هۆکاری ئەو نالێکییە بزانین، بەڵکوو سەرچاوەیەکی گرینگی ئەو مەسەلەیە کۆمەڵناسیی سیاسی کورد و مەنتالیتەی بژاردەکانی ئەو گەلەیە کە وای کردووە گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و رەفتاری سیاسیی کورد نەتوانێ خۆی لەو بەستێنە نەریتی و کولتوورییە رزگار بکا کە هەمیشە کۆسپی سەر رێگای بەرجەستەبوونی فەردانییەتی سیاسی و زاڵبوونی ئینتمای گەورە بەسەر ئینتما بچووکەکاندا بووە. بەم چەشنە نەک هەر رەوتی مێژوو و روانینی زلهێزەکان بۆ کورد و بەرژەوەندیی خۆیان و ئاڵوگۆڕە گەورەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە هانابەخشی دروستبوونی دینامیزمێکی نێوخۆیی یەکدەست و یەکگرتوو لە بزوتنەوەی کورددا نەبووە، بەڵکوو شۆڕش و دەسەڵاتە خۆجێیی و هێزە سیاسییەکانی کورد بۆخۆشیان هێشتوویانە فاکتەرە دابەشکەرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان (لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا ململانەی ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییەکان) لە روانگە و نەخشەرێگایەکی هەماهەنگ و یەکگرتووی خەبات دووریان بخەنەوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ وێڕای ئاماژە بەو فۆرموولە جیاوازانەی هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ چارەسەری پرسی کورد لە قالبی دروشمی ستراتژیدا بەرزیان کردۆتەوە، بەمەبەستی تۆکمەکردنەوەی کرۆکی هاوبەشی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی ئەو هێزانە (بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان) و کەمکردنەوە لە نالێکیی نێوان دروشمە ستراتژییەکانیان، چەمکێکی کەمتر سەرنجپێدراو پێشنیار بکرێ کە بریتییە لە سەروەریخوازی.

پێش ئەوەی بچینە نێو ئەم باسە، دوو تێبینی بە پێویست دەزانین:

یەکەم، ئامانج لە هێنانەگۆڕی چەمکی سەروەریخوازی زیادکردنی دروشمێک بە دروشمەکانی پێشوو یان دانانی دروشمێکی نوێ لەجێی دروشمەکانی تا ئێستا نیە، بەڵکوو پێشنیاری جێخستن و بەکاربردنی ئەو چەمکە وەک چەمکێکی گوتارییە کە سروشتێکی سیمان (چیمەنتۆ) یی لەنێوان دروشمە جیاوازەکان‌دا هەبێ و یارمەتی بە دروستبوونی ئینسجام لە ناوەرۆک و کاکڵی ویست و ئامانجە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەڵاتدا بکا. ئیدەئال ئەوەیە لایەنەکانی رۆژهەڵات لەسەر یەک دروشمی ستراتژی ساغ ببنەوە و لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسی کۆ ببنەوە. مادام ئەو ئیدەئالە نە لە رابردوودا وەدی هاتووە و نە وێ دەچێ لە ئایندەیەکی مەعقوولیشدا بێتە دی، سەروەریخوازی دەتوانێ رۆڵی ئاشتکەرەوە و فیدیراتۆر (یەکخەر) لەنێوان دروشمە جیاوازەکانی هێزە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستاندا بگێڕێ.

دووهەم، بەهۆی سنووردار بوونی زەرفییەت و دەرفەتی نووسینی ئەم وتارە و دەسترانەگەیشتن بە زۆر سەرچاوەی پێویست، مەبەستی ئەم وتارە تەنیا کردنەوەی دەروازەیەک و نیشاندانی

ئادرەسێکی تازەیە، ئەگینا ئەو پرسە دەخوازێ لە دەرەتانی زیاتر و چوارچێوەی فراوانتردا و لە ڕەهەندی جیاوازەوە ژێرخانسازیی تیئۆری و مەعریفیی بۆ بکرێ. هەرلەوکاتەدا نابێ پێمان وابێ ئەو پرسە سیرفەن پرسێکی تیئۆرییە کە تەنیا لە بەستێنی هزری و ئەکادیمیدا کاری لەسەر بکرێ. بەداخەوە هێندێک لە سیاسییەکانی کورد بە بیانووی ئەوە کە ئەوان ئەکتەری سیاسەتی سەر ئەرزی واقیعن، نەک هەر خۆ لە ئاوردانەوە لەو بابەتە بنەڕەتییانەی خەبات و بوونمانی سیاسیی کورد دەبوێرن، بەڵکوو توێژی ڕووناکبیر و ئەکادیمی کە لە هەموو دەوڵەتێکی پێشکەوتووی دنیادا بۆ هەر جۆرە بابەتێکی ستراتژیک پرس و ڕاوێژیان پێ دەکرێ، نادیدە دەگرن.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوانەی خۆیان لە پرسی بنەما هزرییەکانی گوتار و ستراتژی دەدزنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ وڵامێکیان بۆ ڕەخنەی کارنەکردن لەسەر ئەو بنەمایانە پێ نیە، بە ئیشارە بەوە کە ئاشکرایە کورد چی دەوێ و بۆچی خەبات دەکا و بە پەنابردن بۆ چەمکی گشتی و پێناسەنەکراوی کوردایەتی باسەکە دادەخەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە گەورەترین ڕێبەری سیاسیی سەردەمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە دوکتور قاسملوو، هەرلەوکاتەدا کە مەیدانیترین و واقعبینترین ڕێبەری ئەو بەشە لە کوردستانیش بوو و هەمیشەش تێدەکۆشا بە زمانی خەڵک قسە بکا، مامۆستایەکی زانکۆ بوو کە زۆرترین کات و هەوڵی خۆی بۆ بنەماسازیی هزری و تیئۆریکی ئامانج و چەمکەکانی خەباتی کورد و حیزبی دێموکراتی کورستان تەرخان دەکرد، تەنانەت ئەو کاتە کە لە دژوارترین هەلومەرجدا ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەیەکی چەکدارانەی دەکرد.

## سەروەری و سەروەریخوازی وەکوو چەمک

سەروەری نە لە فەلسەفەی سیاسیدا و نە لە قانوونی نێونەتەوەییدا پێناسەیەکی یەکدەستی نیە. ڕوانگەی کلاسیک بۆ چەمکی سەروەری بەو جۆرە کە ژان بۆدەن لە سەدەی شازدەدا بناخە تیۆرییەکەی داناوە،[1] بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەها و دابەشنەکراوی دەوڵەت، خیسڵەتێک کە تەنیا ئەو قەوارە سیاسییانەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا سەربەخۆن دەتوانن هەیانبێ. ئەو ڕوانگەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆ دەسەڵاتەکەی سنووری نیە و لەگەڵ هیچ قەوارەیەکی دیکەش بەشی ناکا نە لە فەلسەفەی سیاسی و نە لە قانووندا جێگای پەسندی گشتی نەبووە، تەنانەت ئەگەر بە دیدی پەیمانی وێستفالییش[2] بۆ بابەتەکە بچین.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە سەروەری ڕەهەندی فرەچەشنی هەیە. هەروەک چۆن مافی دیاریکردنی چارەنووس لە یاسای نێونەتەوەییدا دیوێکی نێوخۆیی و دیوێکی نێونەتەوەیی هەیە، سەروەرییش وەک دەرەنجامێکی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە هەمان کاتدا بەهۆی تەمرینی خودی ئەو مافەوە دەچێتەوە ژێر پرسیار، کانسێپتێکی چەندتوێژییە[3] کە ئەگەر زۆرتر بە مانای ئیرادەی ئازادی گەل یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ هاتووە (جا ئەو دەوڵەتە لە ئاکامی تێکەیشتنی مەدەنی یان ئێتنیکی بۆ بنیاتنانی نەتەوەدا دروست بووبێ)، زۆر جاریش خراوەتە خزمەتی ئیدئۆلۆژییەکی ئینقلابی (بۆ نموونە ئینقلابی کۆمۆنیستی) یان هەستانەوەی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بۆ داکۆکی لە کۆنترۆڵی سەرچاوە

سروشتییەکانیان.

بەپێی روانگەی مۆدێرن بۆ ئەو چەمکە، لەگەڵ ئەوەی کە سەروەری بە پلەی یەکەم خیسڵەت و تایبەتمەندیی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام ڕەها و دابەش‌هەڵنەگر (غیر قابل تقسیم) نیە و قەوارە و پێکهاتەی جیاواز لە دەوڵەتیش دەتوانن ئیدیعای بکەن. سەروەری وەک داکترینی سیاسی بێگومان پێش هەموو شتێک جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوەیەک بە هەردوو دیوی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەکا، هەر لەو کاتەدا دەکرێ بۆ ئەوەش بخرێتە پێش کە سەربەستیی گەلێک لە بەرامبەر ئاستێکی بەرزتر و فراوانتری دەسەڵات کە دەوڵەتی مەوجوود بێ، وەدی بێ یان ئۆتۆنۆمیی ئەو گەلە زیاد بکا.[4] بەمجۆرە هێندێک وڵامی مێژوویی بە ویستی سەربەستیی گەلێک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فراوانتردا بۆ نموونە ئۆتۆنۆمیی مەجارەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی ئوتریش-مەجارستاندا لەسەر بنەمای سەروەریی ئێتنیکی پاساو دراون.[5]

قانوونی دەستووریی مۆدێرن چەمکی سەروەریی دابەشکراو[6] بەرەسمی دەناسێ، واتە سەروەرییەک کە تەنیا موڵکی دەوڵەتی ناوەندی یا سەراسەری نیە بەڵکوو لەنێوان پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتەکەدا دابەش کراوە و سەروەریی دەوڵەت ئاکامی بەیەکگەیشتن و کۆبوونەوەی سەروەریی گەل و قەوارەکانی پێکهێنەری دەوڵەتە، بەبێ ئەوەی ئەوان جارێک بۆ هەمیشە بە قازانجی دەوڵەت وازیان لە پشکی خۆیان لە سەروەریدا هێنابێ. سەروەریی دابەشکراو بەتایبەتی لە مۆدێلە فیدرالیەکانی ناسراو بە "دووال- فیدرالیزم" یان فیدرالیزمی دووانەییدا باس دەکرێ کە لەودا هەرێمەکان خاوەنی کەسایەتیی قانوونیی بەهێزن، سەڵاحیەتەکانیان لەو بوارانەدا کە بواری نەریتیی دەوڵەتن زۆرن و بەروونییش جیا کراونەوە.[7] بۆ نموونە یاسای بنەڕەتیی سویس کانتۆنەکان بە خاوەنی سەروەری ناو دەبا و ڕادەگەیەنێ کە ئەوان "سەروەرن بەو مانایە کە سەروەرییان لەلایەن دەستووری فیدراڵەوە سنووردار ناکرێ و تەمرینی هەموو ئەو مافانە دەکەن کە بە وەکاڵەت نەدراون بە کۆنفیدراسیۆن[8]".

چەمکی سەروەریی دابەشکراو هەروەها لە قانوونی دەستووریی ئەمریکادا چەمکێکی مەترەح و کارلەسەرکراوە.[9]

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر سەروەریخوازی،[10] ئەمەش شتێک نیە جگە لە جوڵانەوەیەک کە بۆ گەیشتنی نەتەوە یان پێکهاتەیەکی فیدراڵ یان ئۆتۆنۆم بە سەروەری تێدەکۆشێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سەروەریی داواکراو لە چ پلەیەکدایە و تەنیا بەشێک یا هەموو توێژەکانی سەروەری لە خۆ دەگرێ. لێرەشدا سەروەریخوازی بە پلەی یەکەم هەوڵی گەیشتن بە سەربەخۆیی دەستنیشان دەکا. بۆ نموونە لە هەرێمی کێبێکی کانادا، سەروەریخوازەکان خۆیان لە بەرامبەر فیدراڵیخوازەکاندا دەناسێنن. بەڵام ئەوە هەموو واقعیەتی بزوتنەوە سەروەریخوازەکان ناگەیەنێ، چونکە هەر لە کێبێکی کانادا لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زایینیدا، لەحاڵێکدا کە پارتی لیبراڵ لایەنگری ئۆتۆنۆمیی کێبێک لەنێو فێدراسیۆنی کانادادا بوو و پارتی کێبێکییش لایەنگری سەربەخۆیی کێبێک بوو، بەڵام هەرکام لەوانە لە برگەی جیاوازدا لایەنگرییان لە فۆرموولی میانەییش کردووە کە لەودا ویرای ئەوە کە گوتراوە کێبێک دەبێ سەروەر بێ، وا دانراوە کە پێوەندییە نیهادی و حقووقییەکانی لەگەڵ باقیی کاناداش لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیی هاوبەشدا نەپچڕێنێ. بەهەمان شێوە،

هەرێمی کاتالۆن (و بەگشتی ئەو سەرزەمینانەی نێو ئیسپانیا کە بە "وڵاتانی کاتالان" ناسراون)، هەنگاونانی سەروەریخوازانەی سەت ساڵەی تەنیا لە ساڵەکانی ٢٠١٠ دا چووە قالبی سەربەخۆییخوازییەوە و پاش ناکام مانەوەی ریفراندۆمەکەی ساڵی ٢٠١٧، ڕێبەرانی ئەو هەرێمە هاتوونەوە سەر ئەو باوەڕە کە پێویستە بیر لە سەروەریخوازییەکی خۆگونجێنەر لەگەڵ واقعیەتی سیاسی و بە کورتی مانەوەی ناچاری لەنێو ئیسپانیادا بکەنەوە. هەمان شت دەتوانین لەبارەی "وڵات باسک"ی ئیسپانیاش بڵێین.

## چاوخشاندنێک بە دروشمی ستراتژیکی پارتە سیاسییەکانی کورد

میرنشینی و شۆڕشە کوردییەکانی پێش سەردەمی مۆدێرن، سەرەڕای ئەوە کە کەمتر فۆرموولێکی ڕوون و نووسراویان لەمەڕ خولیای نەتەوایەتی لێ بەجێ ماوە و سەرەڕای زاڵبوونی سروشتی خێڵەکی و تەعامولی کەم و زۆریان لەگەڵ قەڵەمڕەوە فراوانترەکانی ئەو ناوچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە، چ بەشێوەی دوفاکتۆ و چ لە مەرامی دەربڕدراویاندا زۆرتر هەڵگری ڕۆئیایەکی سەربەخۆییخوازانە بەبێ گوێدان بە سنوورەکان بوون.[١١]
خاڵی دابڕان و جێمقەستی نێوان قۆناغی سەربەخۆییخوازیی نەریتی و قۆناغی گەڕان بەدوای چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجووددا دەکەوێتە پاش شەڕی دووەمی جیهانی[١٢]. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد خاڵی وەرچەرخانی گوتاری نەتەوایەتیی کورد لە سەردەمی مۆدێرندایە. لە بەرەبەیانی کۆتاییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی، کەشی زەینیی سەربەخۆییخوازانە هێشتا لەنێو بژاردەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و هێز و بژاردەی پارچەی دیکەی کوردستان کە هاتبوونە مەهاباد زاڵ بووە و بەهۆی هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەوکاتە و بۆشایی دەسەڵات لە بەشێکی بەرچاو لە "کوردستانی ئێران"، خەسڵەتە نیهادییەکانی کۆماری کوردستان و مەرامی ڕێبەرانی کۆمار، ستاتووسی کۆماریان لە چوارچێوەی بەرتەسکی خودموختاری بردبووە دەر. نەک هەر ئەو زێهنیەت و تەشریفاتە کە کۆماری کوردستانی پێ دامەزرا زێهنیەت و تەشریفاتێکی سەربەخۆییخوازانە بوو، بەڵکوو کۆمەڵێک تایبەتمەندیی حقووقیی کۆمار و گوتار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی کۆمار بە چەشنێک بوون کە ئەو ئەزموونە تاقانەیەی کورد وەک ئەزموونی قەوارەیەکی تەواو سەربەست و رزگاریبەخش لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا ماوەتەوە.
دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرن و جەماوەریی کورد لە یەکەمین مەرامنامەی خۆیدا داوای خودموختاریی دەکرد[١٣] و پێشەوا قازی محەممەدیش لەگەڵ ڕوونبوونەوەی دوورەدیمەنی هەلومەرجی نێونەتەوەیی پاش شەڕ بە زیانی سەربەخۆیی کورد و هاتوچۆکانی بۆ تاران و تەوریز سروشتی حقووقیی کۆماری کوردستانی هەر لە چوارچێوەی خودموختاریدا ناساندووە.[١٤] ئەو ئاکامگیرییە کە کۆماری کوردستان بەتایبەتی لە قۆناغی دووەمی تەمەنە ساواکەیدا (واتە لە بەهاری ١٣٢٥ بەولاوە) ناچار بووە خۆی لەگەڵ واقیعی بێڕەحمی دەوروبەری بگونجێنێ و لە چوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە، لەو خوێندنەوەیەدا کە دواتریش حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری کوردستانیان کردووە ڕەنگی داوەتەوە.[١٥] بەوحاڵەش ئاکامگیریی

موتڵەق لەو بـــارەوە لەگـــەڵ ڕووحی کۆمار یـەک ناگرێتەوە، بە چەشـــنێک کـــە ویلیام ئیگڵتـــن ژونیۆر کە بۆخۆی چووبـــووە مەهاباد و کتێبـــە بەناوبانگەکـــەی لەســـەر کۆماری کوردســـتان تەنیا پازدە ســـاڵ پاش ڕووخانی کۆمـــاری کوردســـتان بـــڵاو بۆتـــەوە، پاش خســـتنەڕوو و لێکدانەوەی ورد و موستەنەدی بەشـــی هـــەرە زۆری ڕووداو و ڕەهەندەکانی کۆمـــار، هێشـــتا ئەو پرســـیارە لـــە خۆی دەکا کە داخـــوا کۆمـــارە کوردەکەی ١٩۴٦ جوداییخـــواز بوو یـــان نا؟[١٦]

ئەوەنـــدەی دامەزرانی کۆماری کوردســـتان میراتێکـــی ڕەمـــزی و پـــڕ لـــە هێمـــای ســـەروەریخوازانەی بۆ ســـەرجەم بزوتنەوەی کـــورد لـــەدوای خـــۆی بەجێهێشـــت، ئەوەنـــدەش ڕووخانـــی کۆمار شـــوێنەواری نەخوازراوی لەســـەر ســـایکۆلۆژیی سیاسیی کورد دانـــا. بۆچوونی باو هەمیشـــە ئەوە بووە کە شـــوورەوی تەنیـــا لەڕووی سیاســـییەوە نەبووە هـــۆی ناکامیی کۆماری کوردســـتان، بەڵکـــوو -ســـەرەڕای لایەنگریـــی ڕوونـــی مارکسیســـزم-لێنیزم لە تیئۆریـــدا لە مافی دیاریکردنی چارەنووســـی گـــەلان- لەڕووی زەینیشـــەوە باوەڕبەخۆیـــی و بەرزەفڕیـــی نەتەوایەتیـــی بژاردەکانـــی کـــوردی تێک شـــکاند. بـــە چەشـــنێک کـــە لـــەو بڕە تەعامولـــە ڕاســـتەوخۆیە کـــە لـــە کاتی دامەزرانـــی حیزبی دێموکراتی کوردســـتان و کۆمـــاردا کـــوردەکان لەگـــەڵ یەکێتیی ســـۆڤیەتیان هەبـــوو، تەوســـیەی ڕوونـــی ســـۆڤیەت بە کـــوردەکان ئەوە بـــوو "کە لە چوارچێـــوەی ســـنووری ئێـــران‌دا و لەگەڵ گەلانـــی دیکەی دانیشـــتووی ئـــەو وڵاتە و حیزبـــە چـــەپ و پێشـــکەوتنخوازەکانی بۆ دێموکراتیـــزە کردنی ئێران هـــەوڵ بدەن."[١٧] حاشـای لـێ ناکـرێ سیاسـەتی یـەک بـان و دوو هـــەوای کۆمۆنیســـتەکان لەمـــەڕ مافی دیاریکردنـــی چارەنووســـی گـــەلان (چ لـــە مۆســـکۆ و چ لـــە وڵاتانـــی حاکـــم بەســـەر کوردســـتاندا) و بارگرانیـــی چەپـــی ئۆرتۆدۆکس و پرۆ-ســـۆڤیەتی لەســـەر بیـــری نەتەوایەتیـــی بژاردەکانـــی کـــورد لـــەدوای شـــەڕی دووەمـــی جیهانـــی، کاریگەریـــی نەرێنییـــان لەســـەر زوڵاڵیـــی ڕوانگـــە و گوتـــاری ڕزگاریخوازانـــەی کـــورد لـــە ســـەردەمی مۆدێرنـــدا هەبـــووە.[١٨] بـــەڵام ســـادەکردنەوەی ڕوومـــای مەســـەلەکە و بچووککردنـــەوەی هۆکارەکانـــی دەبـــێ ئەگـــەر هەمـــوو تاوانەکـــە بخرێتـــە ئەســـتۆی ســـۆڤیەت. بەلەبەرچاوگرتنـــی ئـــەوە کـــە هـــەر لـــەو ســـەردەمەدا و بەتایبەتـــی لـــە دەهـــەی شەســـتی زایینییـــەوە زۆر گەلـــی دیکـــەی دنیـــا کـــە هێـــزە پێشـــڕەوەکانیان خۆیـــان لـــە ئـــۆردووگای سۆسیالیستیشـــدا پێناســـە دەکـــرد خەباتـــی ڕزگاریخوازانـــەی خۆیـــان بـــە ئـــاکام گەیانـــد، ئـــەوەی هێـــزە کوردییەکانـــی لـــە نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی بیســـتەمدا هێنابـــووە ســـەر فۆرموولـــە کردنـــی چارەســـەری پرســـی کـــورد لـــە چوارچێـــوەی دەوڵەتانـــی مەوجـــوددا زۆرتـــر چەســـپانی پارامێتـــرە حقووقییەکانـــی پارێـــزەری ئـــەو دەوڵەتانـــە لـــە یاســـای نێونەتەوەییـــدا، بێمەیلیـــی زلهێـــزەکان بـــەڕووی کـــورددا، دۆخـــی ژیئۆپۆلیتیکـــی ناوچـــە و واقعیەتـــە مەیدانییـــە نالەبارەکانـــی خەباتـــی کـــورد بـــووە.[١٩]

بەمجـۆرە لە پاش شـەڕی دووەمـی جیهانییەوە هەتـا ئێسـتا - جیـا لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان[ی پێـش سـاڵی ٢٠٠٣]- زۆربـەی هـەرە زۆری پارتـە سیاسـییە بەرابردووەکانـی سـەر گۆڕەپانـی بزوتنـەوەی کـورد دروشـمی چارەسـەری پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتانـی مەوجوودیـان هەڵگرتـووە، بـەڵام لـە جـۆری فۆرموولکردنـی ئـەو ڕێگاچارەیـەدا جیاوازییـان لەنێوانـدا هەبـووە.

لەسەر ئاســـتی گشتیی کوردســـتاندا، ئەمڕۆ مشـــتومڕی پێوەندیدار بە بارگرانیی پرســـی چینایەتـــی لەســـەر مەســـەلەی نەتەوایەتی

زۆر کەمڕەنگ بۆتەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دروشمی نەتەوایەتییش، ئەگەرچی لە دوو دەهەی ڕابردوودا کۆنسەنسووس (ئیجماع)ێکی ڕێژەیی (دیارە نەک بە هەماهەنگی و ڕێککەوتن) لەسەر دروشمی فیدراڵی لەلای: لە ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران[٢٠] و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران[٢١] و لە باشوور، پارتی دێموکراتی کوردستان[٢٢] و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان[٢٣] شکڵی گرتوە، لە ڕۆژهەڵات کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هێشتا باس لە "حاکمیەتی شورایی" دەکا[٢٤] و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیش ڕێگاچارەی پرسی کورد لە ئێران هەروا لە خودموختاریدا دەبینێ.[٢٥] ئەو ڕێکخراوانەش کە بەڕوونی سەربەخۆیی کوردستانیان خستۆتە پلاتفۆرمی خۆیان، جیا لە نموونەی بەسەرچووی پێ‌کاکا لە باکوور، لە ڕۆژهەڵات بریتیین لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،[٢٦] پارتی ئازادیی کوردستان[٢٧] و پارتی سەربەستیی کوردستان[٢٨]. دیارە پێ‌کاکا، بە لق و پۆپەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشیەوە (بەتایبەتی پژاک و پەیەدە) لە ساڵی ٢٠٠٣ بەولاوە، لەپێناو دەستئاوەڵایی بۆ مانۆڕدانی سیاسی، چەمکی لێڵی "کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک"ی لە شوێن دروشمی ڕوونی سەربەخۆیی داناوە.[٢٩] ئەو چەمکە کە وەک فۆرمی کەلانی بەڕێوەبەریی ولات لە هیچ کوێی دنیا نابینرێ، زۆرتر چەمکێکی فەلسەفیی کۆمەڵگای مەدەنی-تەوەرە و هەروەک حاکمییەتە شوراییەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و "کتێبی سەوز"ی قەزافی، پرسی سیستمی بەڕێوەبردنی ولات لەگەڵ کەیفییەتی ئەو بەڕێوەبەرییە تێکەڵ دەکا و زۆرتر ڕەخنەیەکە لە کارکرد و تەنانەت وجوودی دەزگای نەریتیی دەوڵەت لەڕێگای تەرجیحدانی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ بەسەر دێموکراسیی نوێنەرایەتیدا.

لەگەڵ ئەوە کە هەڵەیە تاوانی دۆخی ئەمڕۆی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمووی بخەینە سەر ئەستۆی دروشمی ستراتژی، حاشای لێ ناکرێ کە جیاوازیی قولاوگە (خواستگاه)ی فیکری و ستراتژیی سیاسی هەمیشە سەرچاوە یا بیانوویەک بۆ ناتەبایی و تەنانەت گرژیی نێوخۆیی بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆ نموونە لە ئەزموونی مێژوویی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورددا و لە کاتی وتوویژەکانی پاش ئینقلاب، کۆماری ئیسلامی جیاوازییە سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکانی نێو هەیئەتی کوردی دەکردە بیانووی تەگەرە خستنە سەر وەڕێکەوتنی وتوویژی ڕاستەوخۆ.[٣٠] ئەوە بەدەر لەوە کە دواتر ئەو جیاوازییانە لانیکەم لە ڕیتۆریکدا بوونە هەوێن و کەرەستەی شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات. جیاوازی لە ئامانج و شێوەکانی خەبات لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا هەروەها کۆسپێکی گەورەی سەر ڕێگای شکڵگرتنی ئەو یەکگرتوویە بووە کە بۆ سەرکەوتنی خەبات لەنێوان هێزە سیاسییەکان و لەنێوان ئەوان و کۆمەڵگادا پێویستە، بەچەشنێک کە تەنانەت لەو حاڵەتە کەمانەدا کە چوارچێوەیەکی دەڵمە بۆ هاوکاری و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە، ناڵێکی لە دروشمی سیاسی و تاکتیکی تێکۆشاندا هۆیەکی بنەڕەتیی گەشەنەکردنی ئەو چوارچێوانە لەڕووی چلۆنایەتی و چەندایەتییەوە و تەنانەت بەجێهێشتن و هەڵپەساردنیان بووە. بۆ نموونە چەندین ساڵ پێش ئەوەی بەدوای شۆڕشی ژینادا مەسەلەی "جۆرج تاون"

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران یەک بخا، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران مەسەلەی دروشمی وەک یەکێک لە هۆیەکانی کشانەوەی خۆی لەو ناوەندە ڕاگەیاند.[٣١]

حاشای لێ ناکرێ کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئالەنگاریی نالێکیی دروشم و ستراتژیی سیاسییش بەبێ شرۆڤەی قووڵ و گفتگۆی پشوودرێژ لەسەر بنەمای هزری و گونجاویی سیاسیی ئەو دروشم و ستراتژییانە مومکین نیە.

## سەروەریخوازی، غایبە گەورەکەی گوتاری نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵات

بەدەر لەوە کە حیزبەکانی کوردستان لە ڕابردوو و لە سەردەمی ئێستاشدا هەڵگری چ دروشمێکی نەتەوایەتی بوون و هەن، و بەپێچەوانەی ئەوەی دەکرا چاوەڕوان بکرێ، ئەو چەمکە چەمکێکی زۆر کەمڕەنگ، ئەگەر نەڵێین غایبی نێو خیتابی سیاسیی کورد بەگشتی و کوردی ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتییە. هۆیەکەشی ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەهۆی هاوواتایی سەروەری لەگەڵ "حاکمیت" و تێگەیشتنی نەریتی لەو چەمکە وەک تایبەتمەندیی دەوڵەتی سەربەخۆ و بە پێڕەوی لە داکترینێکی سیاسیی ڕاهاتوو بە بیرکردنەوە و جوڵە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجوودا، هێزە سیاسیەکانی کورد ئەوەندەی ڕەعایەتکردنی حەساسیەتی بژاردە سیاسییەکانی گەلی حاکم و بەرپەرچدانەوەی تۆمەت و گومانەکانیان لەمەڕ جوداییخوازی و تەجزیەتەڵەبییان بۆ گرینگ بووە، ئەوەندە خۆیان بە دارشتنی گوتارێکی نەتەوایەتیی لەڕووی حقوقیەوە تۆکمە و زانستییەوە خەریک نەکردووە، گوتارێکی ڕووک و بنەما پتەو کە وێڕای ئەوەی قابلیەتی سازان لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجودیشیدا هەبێ، ناوەرۆکێکی زاتەن دەوڵەمەندی لێ بکەوێتەوە.

دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هیچکام لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات باسی سەروەری ناکەن. یەکەم جار بڕیارنامەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەواژەی " گوتاری سەروەریخوازانە"ی بەکاربرد[٣٢] و بەرنامەی هەمان حیزبیش لەپێوەندیی لەگەڵ ڕەنگدانەوەی نیهادیی یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان لە ئێراندا ئاماژەی بە "سەروەریی هاوبەشی قەوارەکانی نێو فێدراسیۆن" دەکرد.[٣٣] هەروەها بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: "نەتەوەی کورد خوازیاری ئەو مافانەیە کە نەتەوەکانی خوازیاری سەروەری (حاکمیەت)ی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆ بۆخۆیانی بە ڕەوا دەزانن" و ئەو بەرنامەیە بۆیە فیدرالیزم بە گونجاوترین سیستەم بۆ داهاتووی ئێران دادەنێ "چونکە لە وەها سیستەمێکدا نەک تەنیا دەسەڵات بەڵکوو سەروەرییش لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتە هەرێمییەکاندا دابەش دەکرێت.[٣٤] بۆ نەتەوەی کورد[یش] گرینگ ئەوەیە لەسەر خاکی خۆی سەروەر بێت."[٣٥] کێشەکە ئەوەیە کە ئەو ئاماژانە زۆرتر لە دیباچەی بەرنامەکاندا هاتوون نەک لە بەندە "ئۆپێرەتیڤ" (کارا)کاندا.[٣٦] لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر لە پەسندکراوێکی حیزبیشدا باسی سەروەری و سەروەریخوازی کرابێ، ئەو ئاماژانە تەنیا لەسەر کاغەز ماونەوە و سەروەریخوازی لە گوتاری سیاسیی ڕۆژانەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا زۆر کەمڕەنگە و ڕەنگدانەوەیەکی یەکجار لاوازی لە ڕەفتار و گوتاری حیزبەکان بەتایبەتی لە کاتی گفتگۆ و دانوستان لە بەستێنی ئێرانیدا هەیە.

پارادۆکسەکە بەڵام لەوەدایە کە سەروەری لەحاڵێکدا غایبە گەورەکەی نێو وتاری نەتەوایەتیی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتە کە

زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو پارتانە لە بەرنامەی خۆیاندا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەن، تەنانەت ئەو حیزبانەش کە شێوەی سنووردار یان ناڕوونی وەدیهێنانی مافەکانی کورد پێشنیار دەکەن.[٣٧] هەر لە درێژەی ئەم پارادۆکسەدا پێویستە سەرنج بدرێتە ئەو ڕاستییەش کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە وتاری سیاسیی حیزبەکاندا نەک تەنیا ئەو کاتەی لە مامەڵە لەگەڵ ئێرانییەکاندان، بەڵکوو لە بەستێنی کوردییشدا کەمتر باس دەکرێ. بەم چەشنە جۆری دروشم و نێوەرۆکی گوتار نەک هەر لە ناسنامەی سیاسیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات ڕوو بە دەرەوەی خۆیدا ئالەنگارساز بووە، بەڵکوو بە گواستنەوەی مەنتالیتەیەکی سیاسیی بەپارێز لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، لە ڕەهەندی پەروەردەیی و زەینیشدا ڕاڕایی و تەزادە دەروونییەکانی خۆی بەرهەم هێناوەتەوە.

پارادۆکسی باسکراو لەو هاودژییە لۆژیکە سەرچاوە دەگرێ لەنێوان ئەوەدا کە پارتێکی سیاسی داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بکا و هاوکات یەکێک لە فۆرمەکانی وەدیهێنانی مافی چارەنووسیش پێشنیار بکا. سروشتیە کە هێزێکی سیاسی وەک بەشێک لە کۆمەڵگا کە دەیەوێ کۆمەڵگا بۆ ئامانجێکی سیاسی مۆبیلیزە بکا، وەها پێشنیارێک بخاتە ڕوو. بەڵام ئەگەر قرار بێ باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێ، ئەوە تەنیا گەلە کە دەتوانێ تەمرینی ئەو مافە بکا و تەنیا بە ڕیفراندۆمیش دەکرێ وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە گەل چی دەوێ. پارتە سیاسییەکانیش ئەو کاتە دەتوانن ئەرجەحیەتی خۆیان بۆ یەکێک لە فۆرمەکانی دیاریکردنی چارەنووس دەربڕن.

## کێشەی ناجێگیری لە دروشمی ستراتژیکدا

لەتەنیشت ئەو نالێکی و جیاوازییانەی لە دروشمی نەتەوایەتیی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئاماژەی پێ کرا، کەمایەسییەکی دیکە بریتیە لە ناپایەداری و نەوەسان لە دانان و گۆڕینی دروشمدا. هۆی سەرەکیی ئەم ناجێگیرییەش کە بۆ یەکگرتوویی نێو ماڵی کورد و میسداقیەتی سیاسی و پلانمەندکردنی خەباتی درێژخایەن کێشەسازە، چەشنی ڕوانین بۆ جەوهەری پرسی کورد و پاساوەکانی هەڵبژاردنی دروشمێک لەجیاتی دروشمێکی دیکەیە. ئەگەر تەنیا چاو لە دروشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکرات بکەین، دەزانین کە ئیستدلالە تیئۆرییەکانی پێوەندیدار بە هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری لەلایەن ئەو حیزبەوە زۆر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەڕاستیدا لە سەردەمی خۆسازدانەوەی ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە هەندەران شکڵ دەگرن. ئەو ئیستدلالانە پێوەندییان بەو واقعییاتەوە هەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەولاوە مەسەلەی کوردیان کاراکتیریزە کردوە.[٣٨] بەدرێژایی دەیان ساڵ خەباتی ئەو حیزبە بۆ دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان، ئەو دروشمە بە هۆکاری عەینی واتە هەلومەرج، وەک واقعبینانەترین دروشمی مومکین پاساو دراوە. ئەو حیزبە هەر لە زووەوە ڕایگەیاندووە کە فیدرالیزم بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران بە لەبارترین سیستمی سیاسی و بەڕێوەبەری دەزانێ، بەڵام بە لێکدانەوەی هەلومەرجی خەباتی خۆی و دەرەتان و توانای ئەو خەباتە و ڕادەی هاتنە مەیدانی گەلانی دیکەی

ئێران دروشمی خودموختاریی بە دروشمی گونجاو و مەعقولی وەخت زانیوە.[39] کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدا[40] دروشمی ستراتژیکی خۆی لە خودموختارییەوە بۆ فێدرالیزم گۆڕی، ئەو حیزبە دیسان بە پەنابردن بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان (هەلومەرج و هەڵۆیستی ئەکتەرە پێوەندیدارەکانی تر) ئەو گۆڕانکارییەی پاساو دا. کۆنگرە وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حدکا "نە قەت خودموختاریی بە تاکە شێوە و گونجاوترین ڕێگا بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە ئێراندا زانیوە و نە بەرامبەر بە ناسین و لەباربوونی فیدرالیزم بێئاگا بووە"، پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە "ئەوەی تا ئێستا و لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی هەڵگرتنی دروشمێک یان گۆڕینی دروشمێکی هەڵگیراو، زیاتر کەش و هەوای سیاسیی نێونەتەوەیی و چۆنیەتیی سەیرکردنی مافی گەلان لەلایەن خودی گەلانی ئێرانەوە و باوبوونی ڕێگاچارەی ئەو جۆرە مەسەلانە لە بیروڕای گشتیی جیهانیدایە".[41]

ئەوە کە بزوتنەوەیەکی سیاسی بەپێی ئاڵوگۆڕی هەلومەرجی دنیا و ناوچە یان گۆڕانی ویستی خەڵکەکەی و ڕادەی ئامادەیی کۆمەڵگای وڵاتەکەی دروشمێک لە جێگای دروشمێکی دیکە دابنێ یان پەنا بۆ تاکتیکی جۆراوجۆر ببا، شتێکی ڕەوا و پێویستە. بەڵام ئەگەر بێت و بزوتنەوەیەک پلورال بێت و لە چەندین ئەکتەری بە نفووز و قەبارە بچووک و مامناوەند و گەورە پێکهاتبێ کە هەرکامەیان درێژکراوەی ڕێژەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگا بن، ئەو وەختە ئەو زەروورەتە دێتە پێش کە چەمکێکی بناخەیی و دائیمی بکرێتە سەنگی بەنای ستراتژییەکانیان بۆ ئەوەی لە پێچ و قۆرتەکانی ئەو خەباتەدا کە دەیبەنە پێش و لە دەمی دروستبوونی جیاوازیی ڕوانین لە ئاقارەکانیاندا هەمیشە بەهایەکی بەهێز و دوورەدیمەنێکی هاوبەش لەدەوری یەکتر کۆیان بکاتەوە و پێکەوەیان ڕابگرێ. لەلایەکی دیکەوە، بزوتنەوەیەک کە ناچارە لە هەلومەرج و قۆناغی جیاوازدا خەبات بکا و لە دەرەوەی خۆیشیدا لەگەڵ لایەن و ئەکتەری فرەچەشن ڕووبەڕوویە کە ڕوانگەی زۆربەیان دڵخواز نیە، دەبێ لە هەموو هەلومەرجێک و لە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو ئەکتەرانەدا بتوانێ بە شەفافی باسی ڕۆئیای سیاسی و فەلسەفەی وجوودیی خۆی بکا و وشە کلیل (کلید واژە)یەکی بۆ پلاتفۆرمی خۆی پێ بێ کە وەک کۆدێکی ئاسان لایەنەکانی دیکە و کۆمەڵگای فراوان لێی تێ بگەن و بزوتنەوەکەی پێ بناسنەوە. ئەو وشەکلیلەش دەبێ گوزارش لە بیرۆکەیەکی سیاسی بکا کە وێڕای ئەوەی زەرفیەتی مانۆڕدان و سازانی تێدابێ، لەژێر هەر ناو و فۆرمێکیشدا ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند لە مافەکان دەستەبەر دەکا. هەربۆیەشە دروشمی ستراتژیی بزوتنەوەیەک بە هەلومەرج و تایبەتمەندیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستە بنەمایەکی پایەدار و قائیم بەزاتی هەبێ و تەنیا پێڕەوی هەلومەرج نەبێ.

## سوودەکانی پەسندکردنی سەروەریخوازی

وەک لە پێشەکیی ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ کرا، مەبەست لە خستنەپێشی چەمکی سەروەریخوازی پێشنیاری ئاڵوگۆڕ لە دروشمی ستراتژیی هیچ حیزبێکی سیاسیدا نیە. لەوەش وردتر، مەبەست گۆڕینی دروشمی فێدراڵی بۆ سەربەخۆیی نیە. ئەو سەرنجە بۆیە پێویستە چونکە زۆر جار بۆ نادیدەگرتنی ڕوانگەی ڕەخنەگرانی وتاری نەتەوایەتیی تا ئێستای پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات،

باسەکە بە لارێدا دەبرێ و وا نیشان دەدرێ کە هەموو ئەو ڕەخنەگرانە بە خۆشخەیاڵی و بەدوور لە ئەرزی واقیع، داوای کوردستانی گەورە دەکەن! لەحاڵێکدا قسە نەک لە ویستی سەربەخۆیی بەڵکوو لە وتارێکی نەتەوەیی تۆکمەتر، زانستیتر و باوەڕبەخۆتر کە هەم وڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەمی ئێستا و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێ بێ و پۆتانسیەلەکانی کۆمەڵگا لە هەموو بەستێنەکانی خەباتدا وەگەڕ بخا، هەم دەرەقەتی تەیاری و فێڵبازیی هزریی ناوەندگەراکان و ئاڵۆزییە سیاسی و قانوونییەکانی دوارۆژ بێ.

سەروەریخوازی، بە مەرجێک تەنیا وشە یان چەمکێکی فیکری نەبێ کە بە بەرنامەی حیزبەکان یان بە پلاتفۆرمی هاوبەشیانەوە زیاد کرابێ، بەڵکوو وەک چەمکێکی سیاسیی بنەڕەتی لەنێو گوتاری گەورە و زیندووی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا کاری لەسەر بکرێ و لە دینامیزمی نیوخۆیی بزوتنەوە و کۆمەڵگادا هەروەک لە مامەڵە لەگەڵ ئێرانییەکان و ئەکتەرە دەرەکییەکانی دیکەدا بەردەوام بەکار بێ، دەتوانێ نەخشی سەنتێز لە گوتاری نەتەوەیی ئەو بزوتنەوەیەدا بگێڕێ، ئەمسەر ئەوسەرەکانی پانۆرامای سیاسیی ڕۆژهەڵات پێک ببەستێتەوە، درزە کۆن و نوێیەکان پڕ بکاتەوە و پانتایی نوێ بۆ داهێنان و ئالەنگاری دروست بکا. بەشێک لە سوودەکانی دارشتنەوەی گوتاری نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بە لۆژیکی سەروەریخوازانە بریتیین لە :

**۱.** سەروەریخوازی خولاسەیەکی ئەمانەتدارانەی ویستیی مێژوویی کوردە. بزوتنەوەی کورد لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا، چ نەریتی بووبێ چ مۆدێرن، تەواو دابەش بووبێ یان هێندێکیش یەکگرتوو، فەرمانڕەواکانی کوردستان هەر کەس بووبن و دروشم و داوای نوێنەرانی کورد هەرچییەک بووبێ، هەمیشە بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە بووە. تەنانەت تێگەیشتنی دروست کە لە درەوشاوەترین ئەزموونی مێژوویی ئازادیی کورد لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا، واتە کۆماری کوردستان، لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورددا بەجێ ماوە - تەنانەت لە خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کۆمارەدا - ئەوەیە کە ئەو کۆمارە سەروەریی کوردی وەدی هێنابوو.[۴۲]

**۲.** سەروەریخوازی سەرەڕای ماهیەتی ڕزگاریخوازانە و دووردیمەنی ئەوپەڕی ئازادیی کورد کە لەپێش ڕۆڵەکانی ئەو گەلەی ڕادەگرێ، چەمکێکی سیاسیی بەزەرفیەت و لاق لەسەر عەرزە. بە واتایەکی تر، قابلیەتی ئەوەی هەیە لە هەوراز و نشێوی هەلومەرج و هەڵکشان و داکشانی بالانسی هێزدا هەم لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی و هەم لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن مانۆڕی پێ دەدرێ، بەبێ ئەوەی بژاردەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات ناچار بێ لە جەوهەری ڕاستەقینەی مافەکانی کورد پاشەکشە بکا. سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی هەمیشە بە مانای سەربەخۆیی گەلێک بێ، دەتوانێ مافەکانی ئەو گەلە لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا لە پێشکەوتووترین پلە و ئاستی مومکیندا دابین بکا. ئەمەش دەرەتانی ئەوە ناهێڵێ کە هیچ لایەنێکی کورد بەتەنیا لەگەڵ دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن بچێتە نێو دانوستانێکەوە کە ئاکامەکەی داکشاندنی ویستی کورد بێ.

**۳.** سەروەریخوازی دەتوانێ تەواوی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بە مەرجێک هەڵقولاوی ئەوێ بن و ئاجێندای پارچەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵات نەبەنە پێش) لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، چ ئەوانەی ئارەزووی سەربەخۆیی

دەکەن، چ ئەوانەی داوای خودموختاری و کەمتر لە خودموختاری دەکەن، و چ ئەوانەی بۆ فیدرالیزم تێدەکۆشن. بەهۆی ئەو زەرفیەتانەی سەروەریخوازی لە فۆرمولاسیۆنی ویست و ئامانجەکاندا پێکی دێنێ، گیروگرفتەکانی پێوەندیدار بە جیاوازیی دروشم و بنەما نالێک و هاودژەکان وەک ئاستەنگی گەیشتن بە پلاتفۆرمی هاوبەش گرینگیی خۆیان لەدەست دەدەن. لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی هەموو هێزەکانی ڕۆژهەڵات لە دەوری پلاتفۆرمێک و لە چوارچێوەیەکی جێگرەوە یان گەشەکردووی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکاندا ئەولەویەتێکی ڕوونە، دەکرێ پلاتفۆرمی وەها ناوەندێک هێز و لایەنە کوردییەکان لەسەر بنەمای سەروەریخوازی یەک بخا بەبێ ئەوەی حەتمەن ئاماژە بە یەکێک لە فۆرموولە بەڕێوەبەرییەکانی وڵات بکا یان سیاغی ئاماژە بە فۆرموولە بەڕێوەبەرییە مومکینەکان بە جۆرێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە.

**۴.** بەپێچەوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەهۆی ئاکامە هەرە پێشکەوتووەکەی (سەربەخۆیی) پارتە سیاسییەکانی کورد لە بەستێنی ئێرانیدا کەمتر بەلایدا دەچن، سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی مسۆگەر هەمیشە بە مانای سەربەخۆیی بێ، دەرفەتی مانۆڕلەسەردانی زۆرە. بەکاربردنی ئەو چەمکە لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانێ بۆ ئێرانییەکان شۆکێکی زەینیی دیکە لە چەشنی گوتاری فیدرالی دروست بکا و باس و پرسیار لە ئاستی سەراسەریدا دروست بکا، جارێکی دیکە فۆکووسی کۆڕ و کۆمەڵە بەناو سەراسەرییەکان دێنێتەوە سەر جەوهەری ڕاستەقینەی ویستی سیاسیی کورد.

**۵.** سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی ناچار بێ سەربەخۆیی بکاتە سەرلەوحی داوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات (شتێک کە تەواو ڕەوایە)، دەتوانێ یارمەتی بە شکڵگرتنی وتارێکی نەتەوایەتیی بەهێز و دەوڵەمەند بکا کە بەرووی ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگای کوردستاندا بەرهەمهێنەر بێ؛ هەم گوتاری ڕەخنەهەڵگری حیزبەکان لەگەڵ هەستیاریی نەتەوایەتیی گەشەکردووی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئاشت بکاتەوە، هەم بەرووی ئێرانییەکاندا لە عەینی سیاسی بوون و بەرپرسیار بوون، شەفاف و باوەربەخۆتر بێ. ئەودەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانن چ ئەو کاتەی بە کوردی دەدوێن و چ ئەو کاتەی بە فارسی یان بە زمانێکی بێگانە قسە دەکەن، بە هەمان لۆژیک و ئەدەبیات تەعبیر لە ناوەرۆکی ویستی ئەمڕۆ و ئامانجی درێژخایەنی کورد بکەن.

**۶.** هیچ نەتەوەیەکی هەرەشەلەسەر بەبێ خەون و باوەڕ هەرمانی خۆی پێ دەستەبەر ناکرێ. گەلێک کە لەباری مەیدانییەوە تەنگی پێ هەڵدەچنرێ، نابێ لە بەستێنی گوتارییشدا پاشەکشە بکا. سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە بژاردەی سیاسیی کورد بەبێ ئەوەی هەلومەرج و ڕەفتار و ڕوانینی ئەکتەرەکانی دەرەوەی خەباتی خۆی نادیدە بگرێ، بنەمایەکی زاتی و دائیمی بە ویست و داوای ڕەوا و مێژوویی گەلەکەی ببەخشێ. ئەوەش لە کاریگەری خراپی زەینی و سیاسیی سەختی و هەڵگەڕانەوەی بارودۆخ و ئاڵوگۆڕ لە دروشمەکان کەم دەکاتەوە.

**۷.** سەروەریخوازی لەبەر ئەوەی بە شێوەیەک هەموو ماناکە دەگەیەنێ بەبێ ئەوەی خۆی بە فۆرمێکی دیاریکراوی سیاسی و بەڕێوەبەری ببەستێتەوە، دیلەمای نێوان فۆرم و نێوەرۆک بە قازانجی گرینگیدانی زیاتر بە نێوەرۆک چارەسەر بکا. هەر ئەوەش وا دەکا کە نەک هەر حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەهۆی دروشمەوە لێک دوورنەکەونەوە و هاوخەباتی بەکردەوەی یەکتر بن،

بەڵکوو خەڵک و بژاردە مەدەنییەکانیش ناچار نابن بەو هۆیەوە دابەش بن.
**۸.** لە سەردەمێکدا کە فرەچەشنییە نانامەییەکانی نێو کۆمەڵگای رۆژهەڵات زیاتر لە بەستێنی سیاسیدا سەریان وەدەرناوە و چاوەڕوانیی بەرەسمی ناسین و بەشدارکردنیان لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا هەیە، هەروەها لە کاتێکدا کە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەک یەکسانیی چینایەتی و ژیندەری هەروا لە رۆژەڤی واقیعەت و پێویستییەکانی کۆمەڵگادان، سەروەریخوازی دەتوانێ پانتاییەکی گوتاریی فراوان دروست بکا کە هەموو ئەو چاوەڕوانی و هەستیارییانە خۆی تێدا ببیننەوە. سوودی گەورەی سەروەریخوازی لێرەدا ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە دەتوانێ ئاوڕدانەوە لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگاش لە خۆیدا جێ بکاتەوە، لە گۆشەنیگای ئیدئۆلۆژییەوە بۆ ئەو پرسانە ناڕوانێ و چیدیکە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەهۆی باکگراوندی جیاوازی فیکری یا ئیدئۆلۆژی دەرگیری یەکتر نابن.

## لێکەوتەکانی گوتاری سەروەریخوازانە

به هەموو ئەو تێبینیانەوە که لەبارەی پێویستیی زەقکردنەوەی چەمکی سەروەریخوازی لە گوتاری سیاسیی رۆژهەڵاتدا باس کرا، هێشتا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئایا سەروەریخوازی بە شێوەی کۆنکرێت چۆن فۆرمووله دەکرێ، لە مەیدانی کردەوەدا بە چ شێوەیەک تەرجومە دەکرێتەوە و دەتوانێ چ شتێک لە گوتار و کرداری بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ؟
لە سادەترین ڕوانیندا، ئەگەر چەند حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتیی بە بەرنامە و دروشمی جیاوازەوە بیانەوێ لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا کۆمەڵێک بنەما وەک نەخشەڕێگای کاری هاوبەش و درێژمەودایان گەڵاڵە و پەسند بکەن، یەکەمین و گرینگترین بنەمای ڕێککەوتننامەی بنچینەیی ئەوان دەتوانێ لەجیاتی دروشمە جیاوازەکان ئاماژە بەوە بکا کە ئامانجی ئەو لایەنانە وەدیهێنانی سەروەریی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
دیسان ڕەنگە بگوترێ ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە؟ وەک لە سەرەوە باس کرا، مافی دیاریکردنی چارەنووس پێویستە لە گوتاری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەر بمێنێ و زۆر زیاتریش لە ئێستا ئاماژەی پێ بکرێ. بەڵام مافی بڕیارلەسەرخۆدانی گەلان، بەدەر لە تەزادە فەلسەفی و سیاسییەکانی، قابلیەتی بەدروشم بوونی نیە، چونکە هیچ ناوەرۆکێک دەستنیشان ناکا. تەنانەت وەک لە ڕەوتی ڕزگاریی گەلان لە ئیستعماردا لە هێندێک حاڵەتدا ڕووی دا، گەلێک لەکاتی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا دەتوانێ بڵێ هیچم ناوێ و دەمەوێ لەگەڵ داگیرکەر بمێنمەوە![۴۳]
بۆ بزوتنەوەی گەلێکی ژێردەستە کە بە ڕوونی و بێ دوودڵی سەربەخۆیی لە سەرەوەی ئامانجەکانی یان ئامانجی کۆتایی خۆی دانەنێ، سەروەریخوازی زیاتر لەوە کە بەتەنیا و بە خودیی خۆی دەرەنجامی ڕاستەوخۆی هەبێ یان بزوێنەری پرۆسەیەکی سیاسیی هێڵی[۴۴] بێ، زۆرتر فەلسەفەیەکی جیاوازی گوتاری و بەستێنێکی نوێی خۆناساندن و خۆدەرخستنی بەکۆمەڵ پێشکەش دەکا کە بەدەر لە خودی چەمکەکە، ڕیزێک چەمک و پرەنسیپی دیکەی پێوەندیدار بە ئیمتیازەکانی گەلێکی سەربەست بەرجەستە دەکاتەوە کە لە خوارەوە ئیشارە بە هێندێکیان دەکەین (هەرکام لەوانە هەڵدەگرێ توێژینەوە و وردکردنەوەی بەجیایان بۆ بکرێ) :
**۱.** پێش هەموو شتێک پێویستە وشەی سەروەری و چەمکی سەروەریخوازی لە گۆشەی تۆزلەسەرنیشتووی پێشەکیی بەرنامەی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات

بێتــەدەر و بچێتە نێو بەنــدە ئۆپەرەتیڤەکانی ئەو بەرنامانــە. ئەو چەمکە وەک وشــەکلیل و کــۆدی سیاســیی بزوتنەوەی کوردســتان پێویســتە بەشــێوەی دائیمی و لــە هەموو بەســتێنەکاندا بەتایبەتــی لــە بەســتێنی ئێرانیدا (لە دانیشــتن و دانوستانەکان ڕا بگرە تا وتــار و وتووێــژە مێدیاییــەکان) بکەوێتە ســەر زار و زمانــی ســەرکردە و بــژاردە سیاســـیەکانی ڕۆژهەڵات.

**٢.** ئــەو فەلســەفە و بەســتێنە گوتاری و ناســنامەییەی لە ســەرەوە باس کرا لەسەر خوێندنەوەیەکــی مێژوویــی لــە بوونمانی گــەڵ ڕادەوەســتێ کــە ئەو گەلــە وەک نەتەوەیەکــی تــەواو جیــاواز و تایبەتمەند لەچــاو گەلانــی دەوروبــەری خــۆی نیشــان دەدا، تەنانــەت ئەگەر ئــەو گەلە وەک هەمــوو گەلانــی دنیــا کۆمەڵێــک خاڵــی هاوبەشــی کولتــوری و گرێدراویی مێژوویشــی لەگــەڵ گەلانــی دەوروبەری هەبــێ. کەمایەســییەکی دیــاری گوتاری سیاســیی ڕۆژهەڵات بەڕووی دەرەوەی خۆیدا بەتایبەتــی لە بەســتێنی ئێرانیــدا لاوازیی ئامــاژە بــە تایبەتمەندییەکانــی کورد وەک نەتەوەیەکــی جیــاواز و لــەوەش گرینگتر خۆبــواردن لە هــەر چەشــنە ئاماژەیەکی مێژوویــی بــە ئەزموونــە کۆنەکانــی سەربەســت ژیانــی پێکهاتەکانی ئــەو گەلە و دابەشــکردنی کوردستانە.

هــەر ئەو خوێندنــەوە مێژووییــە خۆتەوەرە بەســتێنێکی لەبــار دروســت دەکا هەتــا ئەو بــاس و مشــت و مــڕەی ڕووناکبیر و ئەکادیمییەکانــی ڕۆژهــەڵات لەپێوەنــدی لەگــەڵ پرســی کۆلۆنیالیزمــی نێوخۆیی هێناویانەتــە گــۆڕ و گۆڤــاری "تیشــک" ســەکۆیەکی ئەو باســە بووە بــەڵام پارتە سیاســییەکان تا ئێســتا لێــی بێگانەن، بە کاناڵی دروســت و بــەرەو چۆڕاوگە (خروج) یەکی گونجــاو بچێتە پێش. بــە واتایەکی دیکــە، ســەروەریخوازی (لــە عەینــی بەزەرفیــەت بوونی لــەڕووی سیاســییەوە و قابلیــەت بــۆ مانــۆڕدان) دەرفەتی ئەوە بــە کــوردی ڕۆژهــەڵات و حیزبەکانیــان دەدا کــە بەبــێ دوودڵــی و بە ڕاشــکاوی سیاســەتی ڕەچاوکــراو لەگەڵ کوردســتان لەلایــەن دەوڵەتــی ناوەندیــی ئێرانەوە بە سیاســەتێکی داگیرکارانــە پێناســە بکەن.

**٣.** گەلێــک کــە داوای ســەروەری لــە هــەر شــکڵێکدا بۆخــۆی بــکا، خاڵــی دەســپێک و گەیشــتنی ڕیوایەتــە سیاســییەکەی، دۆخ و چارەنووســی خــۆی و ســەرزەمینەکەیەتی. حاشــای لــێ ناکــرێ بزوتنــەوەی سیاســیی ڕۆژهــەڵات هــەم توانــای ئــەوەی هەیــە و هــەم بــە قازانجییەتــی کــە لــە پرۆســە سیاسییە سەراسەرییەکان بەجــێ نەمێنــێ و چالاکانە لە ناوەندی مشت و مڕی سیاسیی ئێراندا بەشدار بــێ. بــەڵام ئەو ئاوێنــە فریودەرە کــە هێندێک لە ڕوخســارەکانی ئۆپۆزیسیــۆنی ئێرانی لە شۆڕشــی ژینــادا لەپێــش کوردیان ڕادەگــرت بــۆ ئــەوەی بژاردەکانــی ئــەو گەلــە بــۆ هەمــوو ئێــران ببنــە پێشــڕەو و ئــەوان وەدووی ئەمــان بکــەون، لــە فێڵێکــی شــەرعی بــۆ ئــەوەی کــورد وەک نەتەوە بــێ بە ئاردی نێــو دڕووان و ســەرکردەکانی ئەو گەلــە عەوداڵــی جێگــە و پێگــەی تاکەکەســیی خۆیــان لــە ئەلتێرناتیڤی ڕێژیمدا بــن، زیاتر نیە. باســکردن و کارکــردن بــۆ مافی کــورد و گەلانی ژێردەســتەی دیکــەی نێــو ئێــران نابێ بــە مانای بــە ئێرانــی کردنــی مەســەلەی کوردســتان یــان بەپێچەوانــەوە بــە کوردســتانی کردنــی پرســی ئاینــدەی ئێــران بــێ. بــە واتایەکــی سادەتر، ســەروەریخوازیی کــورد لــە ئێــران دەبێتــە هۆی ئــەوە کــە کــوردی ڕۆژهــەڵات زۆرتر کار لەســەر بنەماکانــی بەهێــزی و یەکگرتوویی خــۆی بکا و بەشــی زۆری ســەرنج و وزە و توانــای خــۆی بــۆ بنیاتنانــەوەی ئێرانــی ئاینــدە دانەنــێ، چونکە لەو حاڵەتــەدا کــورد ناچــار دەبــێ لەجیاتی ئــەوەی بــەڕووی ئێرانییەکانــدا هەڵگــری ســەنتێزی

سیاسـیی دەروونـی خـۆی بـێ، داکۆکـی لـە سـەنتێزێک بـکا کـە بـۆ هەمـوو ئێـران قابیلـی قبـوول بـێ. بەلەبەرچاوگرتنـی نائامادەیـی زۆرینـەی لایەن و بژاردە سەراسـەرییەکانیش بۆ قبووڵکردنـی ڕوئیای سیاسـیی کـورد (بەتایبەتی ئەگـەر مەبەسـت ئـەوە بـێ کـە ئـەو ڕوئیایـە بۆ هەمـوو ئێـران بگشـتێندرێ)، ئـەو وەختـە کورد ناچار دەبێ لەپێناوی سـازانی گشـتی لەئاسـتی ئێرانـدا لـە بەرەسـمی ناسـینی جەوهـەری راسـتەقینەی پرسـی خۆی پاشـگەز بێتەوە و بە لانیکـەم مـاف و سـتاتووس بۆخـۆی ڕازی بـێ.

**۴.** ئاشـکرایە ڕووخانی کۆماری ئیسـلامی لە ڕۆژی ئەوەڵی هاتنەسـەرکاری ئەو ڕێژیمەوە ئامانجی کـوردی ڕۆژهەڵاتـە و گەلی کورد زیاتر لـە هەمـوو پێکهاتەکانی نێـو ئێران بۆ ئەو ئامانجـە تێکۆشـاوە و قوربانیی داوە. بەڵام چارەسـەری پرسـی کورد لـە ئێران گرێـدراوی ئەم ڕێژیـم و ئـەو ڕێژیم نیە و حکومەتـە یـەک لـەدوای یەکەکانـی ئێـران بەبێ جیـاوازی بە توندترین شـێوە بـەدژی داوا ڕەواکانـی کورد وەسـتاونەوە. سـەروەریخوازی ڕەفتـاری سیاسـیی کورد لـە ئێراندا لـە بەرامبەر ڕەفتـار و ڕوانینی دەسـەڵاتی ناوەندیی ئێران لە بەسـتێنێکی مێژووییـدا پێناسـە دەکا نەک ئـەوە کە تەنیـا بیخاتـە پێنـاو گۆڕینـی ڕێژیم و جێگرتنەوەی بـە ڕێژیمێک کـە دیار نەبێ لـە گۆشـەنیگای سـتەمی نەتەوایەتییەوە لە ڕێژیمی ئێسـتا باشـتر دەبـێ یان نا.

**۵.** سـەرەڕای هەمـوو نادادپـەروەری و هەڵاواردنێـک کە لـە پیادەکردنـی مافی چارەنووسـی گەلانـدا هەبـووە، بەپێـی ڕێبازێـک لـە یاسـای نێونەتەوەییـدا کۆمەڵەیەکـی ئێتنیکیـی جیـاواز کـە تایبەتمەندییەکانـی گەل و نەتـەوەی تێدا بێ (تەنانـەت ئەگـەر پێناسـەی کۆلۆنی یان نیشـتمانی داگیـراو لەو یاسایەشـدا نەیگرێتـەوە بـەڵام قوربانیی سـەرکوت و سیاسـەتی داگیرکارانـە بـێ) هەقی هەیە داوای تەمرینـی ئەو مافە لە هەر شـکڵێکیدا بـکا. لـە گوتـاری سیاسـیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا ڕوو بـە ئێرانییـەکان کەمترین ئامـاژە بە مافـی دیاریکردنـی چارەنووس و ئـەو پرەنسـیپ و بنەمـا حقووقییـە نێونەتەوەییانـە دەکـرێ کە لە کەیسـی گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتیـش دەتوانن چالاککردنـی ئـەو مافە لە هـەر فۆرمێکدا پاسـاو بدەن. ئەگـەر باسـکردنی یەکێتیی ئارەزوومەندانـە و هەقـی جیابوونـەوە بۆ کورد لـە ئێـران وەک مافێکی سروشـتی و سـەلمێنراو مـەرج نیـە خودبەخود بە مانـای هەڵگرتنی دروشـمی سـەربەخۆیی بێ، لـە بەرامبەردا خۆبواردن و سـڵەمینەوە لـە ئامـاژە بـەو پرەنسـیپ و بنەمایـە لەلایـەن هێـز و بـژاردە کوردییەکانـەوە لـە بەسـتێنی ئێرانیـدا لەجیاتـی ئەوەی یارمەتـی بەوە بـکا کە گەلـی حاکم یان کۆئالیسـیۆنی مەزهەبی-ئێتنیکیـی حاکم لە ئێـران متمانە بـە کورد بـکا، دەبێتە هۆی ئەوە کە زیـان بـە متمانەبەخۆبوونی کورد بگا. سـەروەریخوازی دەبێتە هۆی باسـکردن و وەبیرهێنانـەوەی بـەردەوام و بێپەردەی ئـەو مافە سـەلمێنراوەی نەتـەوەی کورد.

**۶.** بابەتی نەتەوە و مافی گەلان بابەتێکی هەستیار و ئاڵۆزی سیاسی و قانوونییە کە لەودا تێرمینۆلۆژیی بەکاربراو بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵە مرۆییەکانی جێگای مەبەست یەکجار گرینگە و هەر تێرمێک هەڵگری کۆمەڵێک دەرەنجامی سیاسی و حقووقیی دیاریکراوە. گوتاری سیاسیی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بەو جۆرەی لە زاری ڕەسمیی پارتە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان بەتایبەتی بە زمانی فارسی دێتەدەر، کەمتەرخەمی و بێدیقەتیی زۆری پێوە دیارە و پێویستی بە پێداچوونەوە و خاڵ لەسەر پیتەکان دانانی ورد هەیە. سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

ئەو وەختە کە بە فارسیش دەدوێن، گەلی کورد لە ئێران بە نەتەوە ناو ببەن و تەنانەت بەبێ کۆمپلێکس (عوقدە)، وشەی "ڕۆژهەڵات" لە ئێران و لە دنیادا بخەنە سەر زار و زمانان. سەرنجڕاکێشە کە بۆ نموونە لەپەنا دەوڵەتی ئیرلەند، هەرێمێکی هەرە دیار و بەرەسمی ناسراوی "ئینگلستان" واتە ئیرلەندی باکوور نەک تەنیا لە قانوونی دەستووریی ئینگلیستاندا ناوەکەی بەمجۆرە قبووڵ کراوە، بەڵکوو حیسابی زیاتر لە هەرێمەکانی دیکەی نێو ئینگلستانیشی بۆ کراوە، چونکە ناوی نێودەوڵەتیی وڵاتەکە بریتییە لە "شانشینیی بریتانیای گەورە و ئیرلەندی باکوور"). کەچی ناوی "ڕۆژهەڵات" یان "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بە ڕادەیەک بووە بە تاوان و تابووی قبووڵکراو کە کوردی ئەو بەشە لە کوردستان بۆخۆی لە بەستێنی ئێرانیدا خۆی سانسۆر دەکا و ئەو ناوە بەکار نابا!

هەروەک جۆری ناوهێنانی کورد لە ئێراندا گرینگە، پێویستە سەرنج بدرێتە جۆری ناوهێنانی کۆمەڵگای سەراسەری و گەلانی دیکەش بەتایبەتی گەلی حاکم. ئەو مەسەلەیە ڕەهەندێکی ماتیماتیکی دیمۆگرافیشی هەیە، ئەویش ئەوە کە لە ئێراندا بەبێ پشتبەستن بە هیچ ئامارێکی جێی متمانە یان بەڵگەگەلێکی زانستی و مێژوویی لەخۆڕا بووە بە عادەت کە گەلانی ژێردەستە بە کەمینە و فارسەکان بە زۆرینە جێ بخرێن. کارکردن لەسەر ئەو بابەتە و خۆبواردن لە هەر جۆرە ئاماژەیەک کە بە ناڕەوا باڵانسی دیمۆگرافی بەزیانی گەلی کورد یا گەلانی ژێردەستەی ئێران نیشان بدا، ئاکامێکی دیکەی سەروەریخوازییە.

/۷ هەر گەلێک کە بە فەلسەفەی سەروەریخوازییەوە بۆ مافەکانی خۆی تەنانەت لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا خەبات بکا، نابێ پێشوەختە و لەبەر خاتری بەردەنگەکانی خۆی لە دەسەڵات و کۆمەڵگا و ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریدا خۆی سانسۆر بکا و بەڵکوو پێویستە بە نەفەسی ڕزگاریخوازانە و بە پێوەری یەکێتیی ئارەزوومەندانە بدوێ. هەروەک لۆژیکی هەموو دانوستانێک وا دەخوازێ، ستراتژیی شەرمێون و کەمخوازانە لە دەسپێکەوە لەجیاتی ئەوەی بەرهەمێن و یارمەتیدەری سازان بێ، دژبەرهەمە و لایەنی بەرامبەر لەسەر چاوچنۆکی و دەمارگرژی سوورتر دەکا. هۆیەکی وتاری شەرمێون و کەمخوازانە ئەوەیە کە بەهۆی یەکگرتوو نەبوون و تاکڕەوی و ڕکابەریی نێوانیان، ئەکتەرەکانی کایەی سیاسیی ڕۆژهەڵات زۆر جار لەپێناوی جێکەوتنی زیاتریان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مێدیاییە ئێرانییەکاندا ناچارن ڕوانگە و مەرامەکانی کورد بە پارێز و تێبینییەوە بخەنە ڕوو. بەپێچەوانەوە، ئەگەر بێت و گوتاری باوەڕبەخۆ و لەخۆڕادیوی پارتەکان و بژاردەی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵات بەرووی ئێرانییەکان یەکدەست و یەکگرتوو بێ و ئەو یەکگرتووییەش لە کردار و کەرەستەدا ڕەنگ بداتەوە، بەرهەمی وەها گوتارێک بۆ باوەڕبەخۆبوونی ئەندامانی گەل و پاشەکشەی دژبەرانی مافی کورد زۆر زیاتر دەبێ.

۸. لە سەروەریخوازیدا گەلی ژێردەستە لەجیاتی ئەوەی خۆی بکاتە پێشقەراولی کۆمەڵگای سەراسەری و جەهانبینیی دەسکردی خۆی بۆ ئەو قەوارەیە بخاتە ڕوو، زۆرتر کار لەسەر جێخستنی پێگە و ناسنامەی خۆی دەکا. لێرەدا بۆ نموونە سەروەریخوازی دەبێتە هۆی ئەوە کە پارتەکانی ڕۆژهەڵات هێندە پێداگری لەسەر ئەوە نەکەن کە زمانی فارسی زمانی هاوبەشی ئێرانی ئایندە دەبێ، بەڵکوو باسی ڕەسمیەتی زمانی کوردی لە سەرزەمینی کوردستاندا دەکەن، چەندی بکرێ تەنانەت لە کاتی بەشداری لە کۆبوونەوە غەیرە کوردییەکانیشدا زمانی کوردی بە وەرگێڕەوە بەکار دەبەن و بۆ پێوەندییە سەراسەرییەکانیش ئاماژە بە سیاسەتی چەند زمانەیی یان

بەهەرحاڵ مێکانیزمێک دەکەن کە بە تەوافوق بڕیاری لەسەر بدرێ.

**٩.** زمانی کوردی فاکتەرێکی بنەڕەتی و بڕیاردەری ناسنامە و هەرمانی نەتەوەی کورد و کۆڵەکەیەکی هەرە گرینگی ناسیۆنالیزمی کوردە. بەڵام هەروەک هیچ دەوڵەتێکی بێ خاک لە دنیادا نیە، سەروەریخوازیی بێ خاکیش مانای نیە. خاک و جوغرافیای مێژوویی کوردستان ئەو بابەتە گرینگ و ستراتژیکەی بوونمانی گەلی کوردە کە بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات کەمترین سەرنجی خستۆتە سەر و لە گوتاری گەورەی خۆیشیدا زۆر کەم باسی دەکا. بەدەر لەوە کە لە دوارۆژدا قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات لە پەسندکردنی چ جۆرە ستاتووسێکی بەڕێوەبەری بۆ سەرزەمینی کوردستانە، لەو قۆناغەدا بەرجەستەکردنەوەی ئەو سەرزەمینە وەک پارچەیەکی یەکانگیر و بەسەریەکەوە لێکەوتێکی تری سەروەریخوازییە.

لێرەدا مەبەست لە خاک تەنیا پانتاییەکی ڕووتی سەر نەخشەش نیە، بەڵکوو زەرفێکی سروشتی کە جیا لە دێمۆگرافییەکی نەتەوەیی، کۆمەڵێک سەرچاوەی سروشتییش لە خۆی دەگرێ کە بۆ هەرمان و گەشەکردنی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی لەسەری دەژین و قەوارەکەیان حەیاتییە. لەو شوێنەدا کە گەلانی سەروەریخوازی دنیا (بەتایبەت گەلانی بوومی) هەمووگوتار و سازوکاری خۆیان لەسەر پاراستنی ژینگە و کۆنتڕۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانیان بنیات ناوە، بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی هەر لە دەهەی شەستی هەتاوییەوە پارێزگاری لە ژینگەشی وەک بەهایەک هێناوەتە نێو بەرنامە و گوتاری خۆیەوە، ژینگەی جێگای مەبەست ژینگە بە مانای کەلان و ستراتژیک بۆ هەرمانی گەلی کورد نەبووە. تەنانەت تا ئێستا نەبیستراوە کە دزین و بەلارێدابردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان وەک موڵکی سروشتیی گەلی کورد لە گوتار و دەربڕینی هیچ سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵات لە بەستێنی ئێرانیدا بەرجەستە بکرێتەوە.[45]

**١٠.** سەروەریخوازی وەک چۆن لەباری سیاسییەوە بابەتێکی موجەرەد نیە، لە ئاستی حقووقی و لەپێوەندی لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبەرییشدا هەڵگری کۆمەڵێک دەرەنجامی کۆنکرێتە، تەنانەت ئەگەر گەلی سەروەریخواز داوای جیابوونەوە لە دەوڵەتی مەوجوودیش نەکا. ئەگەر چاو لە ئەزموونی ئەو گەلانە بکەین کە سەربەخۆ نین بەڵام لە چوارچێوەی دەوڵەتی مەوجووددا بوونە خاوەن قەوارەی خۆیان، دەبینین هەموو ڕۆژێک لە مەیدانی قانوونی و نیهادیدا شەڕی سەروەریی خۆیان دەکەن. سەرنجدان بەو مێکانیزمە حقووقییانەی بەتایبەتی لە فێدرالیزمدا گەرەنتیی بالانسی هێز و ماف لەنێوان پێکهاتە پەراوێزکەوتووەکان و ناوەندەکاندا دەکەن و تێگەیشتن لە جۆری باسکردنیان و وڵامدانەوەی ئەو بڕ و بیانووانەی لەژێر ناوی یەکسانیی هاووڵاتی و پێشگیری لە هەڵچنینی دیواری ئێتنیکی لەلایەن ناوەندگەراکانەوە بە فێدرالیزم و تەنانەت خودموختاری دەگیرێن، بابەتێکی یەکجار ستراتژیکە. پێویستە دەربرانی گوتاری سیاسیی ڕۆژهەڵات بە یارمەتیی کەسانی شارەزا بەو چەمک و ئیستدلالانە ئاشنا بن هەتا لە وتە و لێدوان و دانوستانەکاندا بتوانن ڕووبەڕووی ئەو ئاڵەنگارە قانوونییانە ببنەوە.

## سەروەریخوازی و "فێدراسی" لە ئەگەری فیدرالیزە نەکرانی ئێراندا

ئەوکاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دروشمی خۆیدا فێدرالیزمی لە شوێنی خودموختاری دانا، سەرەڕای

ئەوە کە بۆ پاساودانی ئەو گۆڕانکارییە گوترابوو، تەنیا ئاڵوگۆڕێک کە ڕووی دابوو بارودۆخی نوێ و جێگە و پێگەی ڕوو لە گەشەی باشووری کوردستان بوو. دەنا لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەدا، نە لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانیدا شتێکی زۆر نوێ لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلاندا هاتبووە کایەوە (دوایین شەپۆلی سەربەخۆیی گەلان هی سەرەتا و نێوەڕاستی نەوەدەکانی زایینی بوو و هێشتا دادگای لاهەش بڕیاری خۆی لەبارەی کۆسۆڤۆوە دەرنەکردبوو)، نە ئاستی وشیاری و هەستانەسەر پێی گەلانی دیکەی ئێرانیش هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی نەوعیی بەخۆیەوە دیبوو.

هێندێک کەس ئێستاش هەڵگرتنی دروشمی فیدرالیزم بە هەڵە دەزانن و لە بەرامبەر داننەنانی دەسەڵات و زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ویستی کورد پێیان وایە دەبێ کوردی ڕۆژهەڵات جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر دروشمی خودموختاری. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە، لەگەڵ ئەوە کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەباری فیکری و لۆبیگەرییەوە وەک پێویستە کاری لەسەر فیدرالیزم نەکردوە، هەڵگرتنی ئەو دروشمە لەلایەن ئەو هێزە سیاسییە دیارانەی ڕۆژهەڵاتەوە کە زۆرترین تەعامولیشیان لەگەڵ ئێرانییەکان هەیە، بێدەسکەوت نەبووە. پەسندکردنی دروشمێکی هەمەلاگیر و جیهان ئاشنای وەک فیدرالیزم نەک هەر دەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکاندا هەبووە و یارمەتیی بە شکانی تابووەکان لەپێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا کردوە، بەڵکوو هێندێک لایەنی بەناو سەراسەریشی هێناوەتەسەر داننان بە پێویستیی داماڵینی دەسەڵات لە ناوەند و تەنانەت قبووڵی چەمکی فێدرالیزم (با تێگەیشتنیشیان لەو سیستمە لە ڕوانگەی کورد بۆ ئەو سیستمە تەواو جیاواز بێ).

هاوکات، ئەو دروشمە بەستێنێکی بۆ هاوکاری و لێک نزیک بوونەوەی هێز و بژاردەی گەلانی ژێردەستەی تری ئێران دروست کردوە کە سەرەڕای دەڵەمەیی ئەو هاوکارییە و چالاکنەبوونی وەک پێویستی ئەو گەلانە، کەمترین لۆژیک بە ئێمە دەڵێ کە کوردی ڕۆژهەڵات لەپێناو قسە ڕۆیشتنی لە ئاستی سەراسەری و ناوەندیدا، وێڕای هەوڵدان بۆ دروستکردن و پاراستنی دوفاکتۆی ڕۆژهەڵات، پێویستی بە وشیارکردنەوە و جوڵاندنی هێزی یەکگرتووی گەلانی ژێردەستەی تری ئێرانیش هەیە (شتێک کە قەت پێشی لە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی بەناو و ئیدیعا سەراسەری نەگرتوە و ناگرێ).

ئەگەر فیدرالیزم بە مەرجێک ڕۆشنگەریی زیاتری لەبارەوە بکرێ هێشتا دروشمە گونجاوەکەی سەردەمی ئێستایە، سەروەریخوازی بەبێ ئەوەی لە دژایەتی لەگەڵ فیدرالیزمدا قەرار بگرێ، دەتوانێ ژێرخانێکی قایمتر و بەرێژتر بۆ فیدرالیزم و هەر فۆرموولێکی دیکەی دابینکردنی مافەکانی کورد دارێژێ.

ناڕوونیی دوورەدیمەنی فیدرالیزاسیۆنی هەموو ئێران نابێ بە مانای قەڵەمبازی سیاسیی پێچەوانە و گەڕانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ دواوە بێ. سەروەریخوازی ئەو چەمکەیە کە دەتوانێ دەستئاوەڵایی پێویست بۆ کورد لە ئێراندا بیلێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هات و ئەلترناتیڤی سەراسەری و سیستمی بەڕێوەبەریی ئایندە بۆ کۆی ئێران دڵخواز نەبوو، هەروا لەسەر تایبەتمەندیی پرسی خۆی و هەر فۆرموولێک کە لە ناوەرۆکدا ڕەنگدانەوەی

ئـــەو تایبەتمەندییە بێ پێداگـــر بمێنێتەوە. پرسـیارێک کـە تـا ئێسـتا وڵامـی بـۆ ئامادە نەکـراوە ئەوەیـە کـە ئەگـەر هـات و هەمـوو ئێـران فیدرالیـزە نەکـرا، ئـەو کاتە کـورد دەبێ چـی بـکا؟ بـۆ ئـەو حاڵەتـەش ڕێگاچارەیـەک هەیـە کـە تـا ئێسـتا هەرگیـز سـەرنجی نەدراوەتـێ و بـاس نەکـراوە، ئەویـش بریتییـە لـە "فێدراسـی".[۴۶] فێدراسـی واتـە پێوەندیـی فیدراڵـی و بـەو دەوڵەتانـە دەگوتـرێ کـە دەوڵەتـی فرەپێکهاتـە (مرکب) نیـن و وەک دەوڵەتـی یەکانـە (واحـد) دەمێننـەوە،[۴۷] بـەڵام یەکێـک لـە هەرێمـەکان (یـان زیاتـر لـە هەرێمێـک) سـتاتووسـێکی تایبەتیـی هەیـە کـە مـاف و سـەڵاحییەتەکانی لـەوە کـە لـە خودموختارییەکـی ئاسـاییدا دەدرێ زیاتـرن. نموونـەی فێدراسـی لـە دنیـادا زۆرە. بـۆ نموونـە لـە چوارچێـوەی ڕێژیۆنالیسـم (هەرێمگەرایـی) لـە ئیسـپانیا، هێندێـک لـە هەرێمـەکان سـتاتووسـی تایبەتییـان هەیـە و مـاف و سـەڵاحییەتەکانی هەرێمـە سـتاتووس تایبەتـەکان لەوانـی دیکـە زیاتـرە. سیسـتمی سـپاردنی دەسـەڵاتەکان (تفویـض اختیـارات)[۴۸] لـە بریتانیـاش دەتوانیـن لـە هەمـان ڕوانگـەوە سـەیر بکەیـن و ئـەوەی لەپێوەندی لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی عیراقـی بەنـاو فیدراڵیشـدا دەیبینیـن کـە دیـارە حاڵەتێکـە لـە هەمـوو دنیـادا تاقانەیـە، زۆرتـر دەچێتـە خانـەی فێدراسـییەکی بەشـێوەی دوفاکتـۆ هـەرە پێشـکەوتوو.[۴۸]

ئاشـــکرایە کە لـــە ســـەردەمی ئێســـتادا درێژەدانـــی فیدراڵیخـــوازی بـــۆ کـــورد لە ئێرانـــدا بـــە مەرجێـــک بچێتـــە خانەی ســـەروەریخوازییەوە گونجاوترین ستراتیژییە، بـــەڵام کـــورد دەبـــێ لـــەرووی لۆبیگەریی سیاســـی و بنەماســـازیی قانوونییـــەوە لـــە ئێســـتاوە کار لەســـەر قابلییەتەکانـــی "فێدراســـی"یش بـــکا بـــۆ ئـــەو حاڵەتەی فێدرالیـــزم لـــە ئێرانـــی پـــاش کۆمـــاری ئیســـلامیدا پەســـند نەکرا یان فیدرالیزمی پەســـندکراو فیدرالیزمێکی ســـیرفەن ئیداری بوو و وڵامـــدەری خولیـــا و تایبەتمەندی و ویســـتی کورد نەبـــوو. ســـەروەریخوازی و فێدراســـی ئـــەو ســـتراتژییە قانوونییەیە کە یارمەتی بـــە کورد لە ئێران دەکا کە باشـــتر ڕووبـــەڕووی هەمـــوو ئالەنگارە سیاســـیی و قانوونییەکانـــی پێوەندیـــدار بە ویســـت و داواکانـــی بێتەوە، لـــە ئاڵا و سەربەســـتیی نیهـــادی و ســـنووری نێوخۆییـــەوە بگرە تا ســـەڵاحییەت و مێکانیزمە دەســـتوورییەکان و پێوەندیـــی دەرەوەی هەرێـــم و گەرەنتیی نێودەوڵەتیـــی ستاتووســـی کوردســـتان.[۵۰]

## ئەنجام

ئانالیـــزی گوتاری سیاســـی ئەمـــڕۆ لقێکی بەرەســـمی ناســـراوی زانســـتی سیاسەتە و تەنانـــەت هێندێک لـــە زانکۆکانـــی جیهان بەشـــێکی ســـەربەخۆیان بـــۆ توێژینـــەوە لەســـەر ئەو پرســـە تەرخـــان کـــردوە.[۵۱] دیسکۆرســـی سیاســـیی گەلێکی ژێردەستە بـــۆ ئـــەوەی کاریگـــەر و ســـەرکەوتوو بێ، جیـــا لە ژێرخانـــی هـــەزری و ناواخنی ڕوون و مونســـەجیم، پێویســـتە هەماهەنـــگ و یەکگرتـــوو بـــێ. ئـــەو هەماهەنگـــی و یەکگرتوویـــەش نایەتە دی ئەگـــەر بەرزتر لـــە ئاســـتی حیزبـــەکان و لە مـــەودوای مێژوویـــدا بۆ ویســـت و بوونمانـــی گەل و نەتـــەوە نەڕوانین و نوێ بوونـــەوەی نەوەکان و گۆڕانـــی بارودۆخ و ئاســـتی وشـــیاری و چاوەڕوانـــی و پێویســـتییەکانی کۆمەڵـــگا لەبەرچـــاو نەگریـــن.

حیزبە پێشـــەنگەکانی کورد لـــە ڕۆژهەڵات و بژاردە سیاســـیی و مەدەنییەکانـــی ئەو گەلە ناتوانن لـــە خەباتی مەیدانیدا ســـەرکەوتوو بـــن ئەگەر گرینگیـــی زۆر زیاتر لە ئێســـتا بـــە کوالیتـــەی دیسکۆرســـی نەتەوایەتیی خۆیان نـــەدەن. دەبـــێ بزانین کـــە نەوەی

نوێـــی کۆمەڵـــگای ڕۆژهەڵات لەگـــەڵ ئەوە کە خولیـــا و ئارێشـــەی تایبـــەت بە خۆی هەیـــە و بـــەڕووی کۆمەڵـــگای دەرەوەی خۆیشـــیدا تێکەڵ و چاوکراوەیـــە، هەڵگری وشـــیارییەکی بەهێـــزی نەتەوەییـــە و بەگشـــتی کۆمەڵگای مەدەنیـــی ڕۆژهەڵات خاوەنی پۆتانســـیەلێک بۆ بەسیاسی بوونی شوناســـخوازانەیە کـــە لە چەشـــنی خۆیدا لـــە جیهانی ئەمـــڕۆدا وێنـــەی زۆر نیە. جیا لەوەش ویســـتی سەربەســـتیی کـــورد نەک هـــەر لە ناخـــی کۆمەڵگادا بەڵکـــوو لەلایەن بـــژاردەکان و هێندێک ڕێکخراوی نوێشـــەوە تـــا دێ زیاتر بـــاس دەکرێ. ئەو بـــژاردە و ڕێکخراوانـــە کەم بـــن یان زۆر، بـــە قەوارە بچووک بـــن یان گـــەورە، شـــتێک ناکەن جگە لە گێڕانـــەوەی خەونێـــک کە خەونی سەدان ســـاڵەی هەموو کوردە، بە چەشنێک کـــە ڕێبـــەری پراگماتیســـتی وەک دوکتور قاســـملووش دەیگوت "درێژبوونەوەی خەبات دەتوانـــێ بمانهێنێتە ســـەر بەرەوژووربردنی و یستە کانمان ". ٥٢

ئـــەو بۆشـــاییە کـــە لەنێـــوان گوتـــاری ئەمڕۆی حیزبـــە کلاســـیکەکانی ڕۆژهەڵات و چاوەڕوانیـــی کۆمەڵـــگادا دروســـت بووە، بەهـــۆی ڕیشـــەی مێژوویـــی و بنکـــەی فراوانـــی ئەو حیزبانـــە لە کۆمەڵـــگادا، هەر بە خۆیان پـــڕ دەکرێتەوە. ســـەروەریخوازی ئـــەو چەمکەیـــە کـــە دەتوانـــێ وێژمانی سیاســـیی لایەنەکانـــی ڕۆژهـــەڵات یەک بخـــا و ولامـــدەرەوەی ئـــەو چاوەڕوانییەش بـــێ کـــە تەنیـــا چاوەڕوانییەکـــی هەســـتەکی (ئیحساســـی) نیـــە، بەڵکـــوو لـــەڕووی حقووقییـــەوە بەبنەمـــا و لەڕووی سیاسییشـــەوە بەقازانجـــە. پێویســـتە ئەو ماتوزە بەنرخـــەی هۆشـــیاریی نەتەوایەتی لـــە ڕۆژهەڵات لەلایەن بزوتنـــەوەی مێژوویی ئەو بەشـــەی کوردســـتانەوە وەبەر بهێندرێ و نابـــێ ڕێگە بـــدرێ پەرش و بـــڵاو بێ یان لایەنـــی دەرەوەی ڕۆژهـــەڵات بۆخۆیان و بۆ مەبەســـتە نادیارەکانـــی خۆیانـــی ببەن.

*مامۆســـتا لە زانکـــۆی کاتۆلیکـــی لیۆن. ســـوپاس بۆ تێبینییە سیاســـییەکانی هێرش پالانی.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


1. Bodin, Jean, Les six livres de la République, LGF, 1993.

٢. پەیمانی وێســـتفالی (١٦٤٨) کە کۆتایی بە شـــەڕی ســـی ســـاڵەی ئایینی لـــە ئورووپا هێنـــا و نەخشـــەی ئورووپای بە شـــێوەیەکی بەرچاو دەســـکاری کرد، بـــە گرینگترین بڕگەی چەکـــوش لێدان و پەســـندکردنی پرەنســـیپی ســـەروەریی دەوڵەت لە ئاســـتی نێونەتەوەییدا و بەگشـــتی بە دەمەســـاتی بنیاتنەر لـــە قانوونـــی نێونەتەوەییدا لە قەڵـــەم دەدرێ.

٣. بڕوانە: بڕیارنامـــە بەناوبانگەکانی کۆڕی گشـــتیی ڕێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان لەبـــارەی مافـــی دیاریکردنـــی چارەنووســـی گەلان : بڕیارنامـــەی ژمـــارە (١٥١٤) ی ١٩٦٠ لەســـەر بەخشـــینی ســـەربەخۆیی بـــە گـــەلان و وڵاتانی کۆلۆنیکراو و بڕیارنامـــەی ژمارە (٢٦٢٥) ی ١٩٧٠ ســـەبارەت بـــە پرەنســـیپەکانی یاســـای نێونەتەوەیـــی پێوەندیـــدار بە پێوەندیـــی دۆســـتانە و هاوکاریی نێـــوان دەوڵەتـــان بەپێی مەنشـــووری نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان.

4. Thomas Guénolé, Le Souverainisme, PUF, Paris 2002, p. 3.

٥. هەمان شوێن.

6. Shared Sovereignty.

7. LEMAIRE, Félicien, « Propos sur la notion de ‘souveraineté partagée’ ou sur l’apparence de remise en cause du paradigme de la souveraineté », Revue française de Droit constitutionnel, 92, 2012, pp. 821-850.

٨. مـــاددەی ٣. دیارە دەزانین کە وشـــەی کۆنفێدراســـیۆن لە نـــاوی قانوونی سویســـدا زۆرتـــر بارێکی مێژوویـــی هەیە و ســـویس وڵاتێکی فیدراڵییـــە. هەر لە بنەڕەتـــەوە کۆنفێدراڵیزم یەکێتییەکـــی نێوان-دەوڵەتییـــە واتـــە دەوڵەتەکانـــی پێکهێنـــەری وەک دەوڵەتـــی ســـەربەخۆ دەمێننـــەوە و تەنیا

هێندێک کاروباری هاوبەش بەتایبەتی لەبواری پێوەندیی نێونەتەوەیی و دیفاعدا حەواڵەی نیهادە کۆنفێدراڵییەکان دەکەن.

٩. بەتایبەتی لەلایەن دادگای باڵای ئەمریکا لەپێوەندی لەگەڵ شرۆڤەی موتەممەمی دەهەم.

10. Sovereignism or Sovereigntism.

١١. لەنێو دەیان سەرچاوە بۆ پشتیوانی لەو ئاکامگیرییە ڕوون و سەلماوە، بۆ نموونە: م. س. لازاریف و دیگران، تاریخ کوردستان، ترجمەی منصور صدقی و کامران امین آوە، کلن، ٢٠٠٧، ص ١٧ و ١٨.

١٢. بیست ساڵی نێوان دوو شەڕی جیهانی لەو بارەوە بۆ کورد یەکجار دەوڵەمەندە. دەتوانین "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان" و تێکۆشانی ژەنراڵ شەریف پاشا و ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری نەهری و بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، دواتر بزوتنەوەی "خۆیبوون" و شۆڕشە هەماهەنگەکانی "ئارارات" و "ئاگری" و هەوڵەکانی ئیحسان نوری پاشا و "سمکۆ" و شێخ مەحمود، و سەرەنجام حیزبی هیوا (ڕەفیق حیلمی) و حیزبی ئازادیی کوردستان (عەزیزوڵلا خانی زەندی) و "ژێکاف" وەک دوایین دەنگە دلێرەکانی کورد بۆ بەرزکردنەوەی ویستی سەربەخۆیی لە قۆناغی پێش‌مۆدێرندا لە قەڵەم بدەین.

١٣. بۆ دەقی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بڕوانە: عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، چاپی سێهەم، ٢٠٠٠، ل ٣٧.

١٤. وتووێژی پێشەوا، ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ١، ژانویەی ١٩٤٦.

١٥. "زۆر کەس لەوانەی کە لە ساڵەکانی ١٣٢٤-١٣٢٥ لە بزووتنەوەی کوردستانی ئێراندا بەشدار بوون، ئاواتیان پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بوو. بەتایبەتی کە لەم بزووتنەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر کوردی پارچەکانی دیکە چالاکییان دەنواند و لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆماری کوردستاندا بەرپرس بوون. هەربۆیە ئارەزووی نێو دڵی ئەوانە لە خودموختاری دوورتر دەڕۆی. بەڵام بەرنامە و بناخەی سیاسەتی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لەسەر پێکهێنانی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی دارێژرابوو"، عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، چاپی سێیەم ٢٠٠٠، ل ١٦٥.

16. EAGLETON, William, Jr., La République Kurde, Editions Complexes, Bruxelles, 1991, p. 209.

١٧. سمایل بازیار، کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نموونە (١٩٩١-١٩٤٥)، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٠١.

١٨. بڕوانە: جەماڵ نەبەز، بیری نەتەوەیی کورد، لەندەن ٢٠٠٢، ل ١٤٢. ڕوونکردنەوەی ئامانجی ڕێکخراوی دڵخوازی نووسەر واتە "کاژیک" ڕەخنەشە لە گوتار و بەرنامەی ئەو هێز و لایەنانەی مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دەکەنە پێڕەوی مەسەلەی چینایەتی و خەمی پرۆلێتاریا.

18. Conesa, Pierre, « Les petites conflits oubliés : une géographie du monde inutile », Le Monde Diplomatique, Mars 2001.

١٩. نوسخەی کوردیی ئەم وتارەی پیەر کۆنزا کە تەنیا لەبارەی کوردەوە نیە، هەمان ساڵ لە گۆڤاری "تیشک"دا لەژێر سەردێڕی "کێشە بچووکە لەبیرکراوەکان: جوغرافیای جیهانێکی بێکەڵک" (وەرگێرانی ئاسۆ حەسەن زادە) بلاو بۆتەوە.

٢٠. بەندی یەکەمی بەرنامەی هەریەک لە حدکا (پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم) و حدک (پەسندکراوی کۆنگرەی حەڤدەهەم).

٢١. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فێدراڵ و دامەزراندنی دەسەڵاتداریی خەڵک لە کوردستان (پووشپەڕ-گەلاوێژی ١٣٨٠).

٢٢. ماددەی ٤ی پەیڕەو و پرۆگرام.

٢٣. ماددەی ٢ی پەیڕەو و پرۆگرام.

٢٤. ستراتژیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پەسندکراوی کۆنگرەی یازدەهەم، مارسی ٢٠١٣.

٢٥. بەرنامەو ئەساسنامەی سازمانی خەبات، پەسندکراوی کۆنگرەی شەشەم.

٢٦. بەرنامەی سیاسیی پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەهەم (گوڵانی ١٤٠٣) باسی "مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان" دەکا.

٢٧. پرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم (ئۆکتۆبری ٢٠٠٦) کە ماددەبەندی نەکراوە، باسی هەڵوەشاندنەوەی دابەشکردنی کوردستان و وەدیهێنانی سەروەری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان دەکا.

٢٨. پەسندکراوی کۆنگرەی دووەم، فێوریەی ٢٠١٣.

٢٩. هەڵبەت لە ڕۆژئاوا پەیەدە و بەدوای ویشدا پەیمانی باکوور و ڕۆژئاوای سوریە بۆ بەڕێوەبردنی سێ کانتۆنەکەی ڕۆژئاوا باسی فێدرالیزم و بەڕێوەبەریی خۆسەری لە چوارچێوەی سوریەدا دەکەن.

٣٠. عبداللە حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، لە: کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٧٣.

٣١. بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات، ١٧ی دێسامبری ٢٠١٨.

٣٢. بڕیارنامەی کۆنگرەی حەڤدەهەم (نوامبری ٢٠١٩)، بەندی ٩ کە باسی سەروەریخوازی "لە عەینی فیدراڵیخوازیدا" دەکا.

٣٣. ماددەی ٩.

٣٤. دیارە مەسەلە جۆری فیدرالیزمەکەیە و هەموو فیدراڵییەک نابێتە هۆی دابەشکردنی سەروەری.

٤٥. بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بنەما فیکری و سیاسییەکان)، پەسندکراوی کۆنگرەی شازدەهەم (فێوریەی ٢٠١٨). بەرنامەی هێندێک حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتیش، بۆ نموونە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان، ئاماژە بە سەروەری دەکەن.

٣٦. جیاوازیی پێشەکی و بەندی ئۆپێرەتیڤی دەقێکی قانوونی لەوەدایە کە نیوەرۆکی نۆرمەکان لە بەندەکاندا ڕادەگەیەنرێ و پێشەکی تەنیا بۆ تەئویلی ئەو بەندانە پشتی پێ دەبەسترێ.

٣٧. وەک کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و سازمانی خەبات.

٣٨. عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، بەغدا ١٩٧٣، ل ٣٥٩-٣٨٦.

٣٩. عبداللە حسن زادە، "بۆچی خودموختاری؟"، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٦٩، ژانویەی ١٩٩١. بەگوێجاو زانینی فێدرالیزم لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە پێشتریش لە نامەی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی دوکتور قاسملوو بۆ خومەینیدا هاتووە و پێش ئینقلابیش لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێراندا وەبەرچاو دەکەوێ، بڕوانە: مەنسوور مروەتی، ئاسۆ حەسەن زادە، بیبلیۆگرافیای سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان، چاپەمنیی حدک، ئاوریلی ٢٠١٧.

٤٠. پووشپەڕی ١٣٨٣ (ژووئیەی ٢٠٠٤).

٤١. ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم.

٤٢. "بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەماندا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەلی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت و هەستی بەوە کرد کە چارەنووسی خۆی بەدەستەوەیە و لە نیشتمانی خۆیدا بێگانە نیە و حاکمێکی دیکەش بێجگە لە خۆی لەو نیشتمانەدا نابینێ"، عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، لە: کورتە مێژووی حیزبی دێموکرات (پێشتر ئاماژە پێکراو) ، ل ٦٧.

٤٣. بۆ نموونە ئەو سەرزەمینانەی بڕیاریان دا لەگەڵ ئەمریکا و نیوزلەند و فەرانسە بمێننەوە.

44. Linear.

٤٥. بڕوانە: ئاگری ئیسماعیل نژاد، مێزگردی "زینگە، هەم پرس هەم قەیران" بە بەشداریی نووسەری ئەم دێرانە، گۆڤاری تیشک، ژمارە (٥٦).

46. Federacy.

47. Unitary State v. Compound State.

48. Devolution.

٤٩. بۆ پانۆرامایەکی گشتیی ستاتووسە جیاوازەکان بڕوانە:

Máiz, Ramon & Wiliam Safran, Identity and Territorial Autonomy in Plural Societies, Routledge, 2000.

٥٠. بۆ پانۆرامایەکی ئەو ڕەهەندانەی گەلێکی پەراوێزخراو لە فیدرالیزمدا پێویستە سەرنجیان بداتێ، بڕوانە: ئاسۆ حەسەن زادە، فیدرالیزم بۆ کورد، فیدرالیزم بە کوردی، هەولێر ٢٠٠٥.

٥١. بۆ نموونە ناوەندی ئانالیزی گوتاری سیاسی سەر بە زانکۆی ژمارە (١٣)ی پاریس.

٥٢. کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، پاریس ١٩٩٩، ل ٣٤.

# دیاسپورای کوردها

خانی گالبات

آن‌چه در کوردستان جریان دارد با هیچ یک از بربریت‌هایی که در تاریخ روی داده‌اند قابل مقایسه نیست. تاکنون کشورهای اشغال‌گر کوردستان با اعمال استعمار داخلی، آسیمیلاسیون(هضم فرهنگی)، کوچ اجباری جمعی (دیاسپورا)، جنایات سازمان‌یافته، نفی حقوق ملی، انهدام جمعی، لشکرکشی نظامی، اعلام جهاد، جنایات پزشکی، شیوع فساد اخلاقی، رواج اعتیاد، غارت اقتصادی، ممنوعیت زبان، تحقیر فرهنگ ملی، جابه‌جایی قومی و... در تدارک نابودی ملت کورد بوده و هستند. همه‌ی این اقدامات «ژینوساید» به معنای کشتار و قتل‌عام جمعی است.

## مقدمه

جوامع دور از وطن یا دیاسپورا به پراکندگی، مهاجرت یا آوارگی گروهی از مردم اطلاق می‌شود که دور از خانه و کاشانه‌ی اصلی خویش زندگی می‌کنند و در دنیا پراکنده شده‌اند. این واژه ریشه در متون یهودی دارد و به ماجرای خروج یهودیان از بابل اشاره دارد. اما اخیرا این لغت بست پیدا کرده است و به پراکندگی گروهی از مردم اطلاق می‌شود که دارای ریشه‌ی مشترک هستند و از خانه‌ی خود رانده شده یا فرار کرده‌اند. نمونه‌ی بارز آن کوردها در سرزمین خود در ایران، ترکیه، سوریه و عراق‌اند. ایجاد جامعه‌ی دور از وطن می‌تواند خودخواسته یا ناخواسته باشد.

اشغال‌گران کوردستان با بنیان‌نهادن حاکمیت مبتنی بر نژادپرستی، شوونیسم و فاشیسم و اخیرا شکل مذهبی آن کوشیده‌اند فریاد آزادی‌خواهی و رهایی‌بخشی ملت کورد را در گلو خفه و با پشتیبانی امپریالیسم، قیام ملت کورد را زنده‌به‌گور نمایند، همین وضعیتی که هم‌اکنون بر روژاوا حاکم است. وضعیت کوردها که توسط دولت‌های اشغالگر و با حمایت اروپا و آمریکا (ناتو) تجزیه گشته است و به انحاء مختلف گرفتار دیاسپورا، نابودی و آسیمیلاسیون و ژینوساید است، یک فاجعه‌ی تمام‌عیار می‌باشد. هم پاک‌سازی فیزیکی و هم فرهنگی‌شان در کردستان روژاوا ادامه دارد. گویی کوردها موجوداتی هستند که در حال مرگ‌اند، در وضعیتی‌اند که نمونه‌ی مشابه آن در جهان وجود ندارد و از نظر ذهنی و جسمی تجزیه گشته‌اند. در جامعه‌ی کورد نه زندگی سنتی قدیمی جریان دارد و نه زندگی مدرن. به همین دلیل گرفتار یک فاجعه‌ی همه‌جانبه می‌باشد. آن‌چه در کوردستان جریان دارد با هیچ یک از بربریت‌هایی که در تاریخ روی داده‌اند قابل مقایسه نیست.

تاکنون کشورهای اشغال‌گر کوردستان با اعمال استعمار داخلی، آسیمیلاسیون(هضم فرهنگی)، کوچ اجباری جمعی (دیاسپورا)، جنایات سازمان‌یافته، نفی حقوق ملی، انهدام جمعی، لشکرکشی نظامی، اعلام جهاد، جنایات پزشکی، شیوع فساد اخلاقی، رواج اعتیاد، غارت اقتصادی، ممنوعیت زبان، تحقیر فرهنگ ملی، جابه‌جایی قومی و... در تدارک نابودی ملت کورد بوده و هستند. همه‌ی این اقدامات «ژینوساید» به معنای کشتار و قتل‌عام جمعی است.

ساده‌ترین کشتار جمعی، همان قلع‌وقمع فیزیکی است که با هدفی خاص انجام می‌گیرد. انواع دیگر کشتار جمعی به طریق فرهنگی، ملی، بیولوژیکی، اقتصادی، ویرانی طبیعت و جغرافیایی نیز می‌باشد. کشتار و قتل‌عام سرخپوستان توسط مهاجران آمریکا، قتل‌عام ارمنی‌ها و کوردها توسط ترک‌های عثمانی، بمباران شیمیایی، زنده‌به‌گورکردن و کوچاندن اجباری کوردها در عراق، ترکیه، ایران و سوریه و جایگزین‌کردن اعراب و ترک‌ها به جای آنان به منظور پاک‌سازی سرزمینی از قوم و یا ملتی خاص، مشابه مورد فلسطینیان توسط اسرائیل، کشتن یهودیان با گازهای شیمیایی توسط آلمان نازی، حتی به حاشیه‌راندن کوردها از اداره‌ی امور خود و در سرزمین خود توسط هسته‌های گزینش در ایران ژینوساید اداری به حساب می‌آید.

در واقع ژینوساید زیر پا نهادن حقوق جمعی انسان‌هاست. همچنان که کشتن انسان‌ها مبین انکار حق حیات است، به معنای تحقیر تمام انسانیت نیز است.

به دنبال تجزیه‌ی کوردستان در جنگ جهانی اول، اشغال‌گران کوردستان، تلاش همه‌جانبه‌ی خود را برای محو کوردها به‌کار بستند و با طراحی و اجرای برنامه‌های کوتاه‌مدت، میان‌مدت و

بلندمدت، فعالانه وارد عرصه‌ی نابودی نام کوردستان (ژینوساید جغرافیایی) شدند. کشتار جمعی تنها در دوران جنگ صورت نمی‌گیرد، بلکه در دوران صلح نیز با روش‌های گوناگون و گاه با آرامش کامل، عملی می‌شود. در برابر دیاسپورا و اعمال ژینوساید، هر ملتی که قربانی این جنایات باشد، حق دفاع از خود را دارد و مقاومت در برابر نابودی برای آن ملت، امری مشروع است.

هر ملتی در هرکجا باشد حق دارد که در عین دفاع از سرزمین و خاک خود، از هویت خویش پاسداری کرده و در شرایط صلح به توسعه‌ی سیاسی، فرهنگی، اقتصادی و اجتماعی خود بیندیشد، برنامه‌ریزی کرده و عمل نماید. ژینوساید اداری به معنای دریغ‌داشتن همه‌ی این امور از ملت کورد، خصوصا در ایران است.

نابودی جمعی گروه‌های ملی، جوامع دینی و جوامع نژادی، نابودی بخشی از انسانیت است. کشتار جمعی ضدبشری‌ترین و وحشیانه‌ترین اقدامی است که از سوی دشمنان انسانیت و بشریت اجرا می‌شود و بدتر از آن سکوتی است که مدافعان حقوق بشر با قربانی‌کردن حقیقت در مسلخ مصلحت، خصوصا در مورد ملت کورد، به تجدید و تشدید آن دامن می‌زنند.

ژینوساید تنها نابودی فیزیکی یک جمعیت ملی، نژادی یا مذهبی نیست، بلکه شامل مجموعه‌ی اقدامات دیگر نیز هست. ژینوساید فیزیکی به معنای قتل‌عام به هر نوع و هر شکل و با استفاده از هرگونه سلاحی است. ژینوساید بیولوژیکی به معنای جلوگیری از رشد گروه‌های خاص از اجتماع مانند جداکردن زنان و مردان و ازهم‌پاشیدن نظام خانواده است که در ترکیه و توسط رژیم بعث در عراق اعمال شد. توزیع مواد مخدر و گسترش اعتیاد با انگیزه‌های سیاسی و بی‌اراده‌کردن مردم کورد توسط رژیم مذهبی در شرق کوردستان در مقوله‌ی ژینوساید بیولوژیکی می‌گنجد. برابر قوانین جهانی، بند دوم پیمان‌نامه‌ی ۱۹۴۸، تهاجم فکری، جعل تاریخ، اشاعه‌ی فساد، اعتیاد و . . . در یک جامعه ژینوساید محسوب می‌شود. دکتر مجید جعفر می‌گوید؛ «کولونیالیسم و روابط استعماری حاکم بر بخش‌های مختلف کوردستان، تمام شئون سیاسی، اقتصادی، اجتماعی، فرهنگی، نظامی و روانی مناطق کوردنشین را در برگرفته است».

دیاسپورای کوردها دارای ریشه‌های تاریخی، مادی، قومی، نژادپرستی، مذهبی، اقتصادی، جغرافیایی ژئواستراتژیک، ژئوپلوتیک، ژئواکونومی و ... بوده است. از لحاظ هستی‌شناسی تاریخی، دیاسپورایی کوردها از زمان فروپاشی دولت ماد آغاز می‌شود. برای تشریح دیاسپورایی کوردها با این گستردگی و با توجه به محدودیت کار، ناچار به خلاصه‌نویسی هستیم. ابتدا باید موجودیت تاریخی کورد را به اثبات رساند.

**الف-** به‌رغم این‌که به دنبال اکتشافات باستان‌شناختی در بین‌النهرین اطلاعات و دانسته‌های عظیمی در مورد تاریخ آن سرزمین به‌دست آمده است که تا یک قرن پیش از آن بی‌اطلاع بودیم، اما هنوز نکات مبهم و تاریک بسیاری وجود دارد، به‌ویژه اطلاعات در مورد نژاد، ریشه‌ی زبان‌ها و قومیت‌ها بسیار اندک است. از طرف دیگر ممکن است حفریات و کشفیات آینده، آن‌چه را تاکنون از تاریخ باستان بین‌النهرین می‌دانیم از بنیان تغییر دهد. نکته‌ی حائز اهمیت این است که قسمت اعظم روند تحولات تاریخی بین‌النهرین در مناطقی روی داده است که برحسب موضع‌نگاری امروزه سرزمین کوردستان را تشکیل می‌دهد.

اگـر متـون محلـی ایلامی‌هـا، مادها، ماناهـا، گوتی‌هـا، لولوبی‌ها، کاسـی‌ها، سـکاها، توروکی‌هـا و بین‌النهریـن را بررسـی کنیـم، ملاحظـه می‌شـود که سـرزمین کوردسـتان بیش از آن‌چه تصور می‌شـود میـدان اصلی تحـولات تاریخی بوده اسـت. با وجود ایـن، در کتاب‌های تاریخـی فراوانی کـه تاکنون از سـوی مورخین کشـورهای اشـغال‌گر کوردستان نوشـته شـده‌اند، چرا از کورد و کوردستان خبری نیسـت؟

تمدن‌هـای سرکوب‌شـده، ناقـص یـا از پیشـرفت بازداشت‌شـده‌ی زیـادی در جهـان وجـود دارنـد. بـه لحـاظ هستی‌شناسـی تاریخـی، خانـواده وارد تیـره، تیـره وارد طایفـه، طایفـه وارد قبیلـه و بـه همین‌سـان قبیلـه وارد قـوم و ملـت شـده اسـت. بـه دلیـل تأثیـر منفـی عوامـل خارجـی و داخلـی، تاکنـون، نشـانه‌های کمتـری از اتحـاد قبایـل و همبسـتگی بزرگ‌تـری در جامعـه‌ی کـورد دیـده می‌شـود.

بـه اسـتناد مقدمـه‌ی کتـاب «شـرفنامه»ی امیـر شـرف‌الدین بدلیسـی، کتیبه‌هـای مرتبـط بـه کوردهـا از چهـار هـزار سال قبل وجـود دارنـد. در تاریخ جهـان باسـتان هـم، سـومریان کوردهـا را «خوریتهـا» و حمـلات آنـان بـر علیه خـود را بـه اژدهای کوهسـتان تشـبیه کرده‌انـد. برخی از مورخیـن کورد، در آثـار خـود حوری‌هـا یـا هوری‌هـا، میتانی‌هـا، گوتی‌هـا و مادهـا را اجداد کوردهـا معرفـی می‌کنـد. البتـه بایـد؛ لولوبی‌هـا، ایلامی‌هـا، کاسـی‌ها، سـکاها، ماناها توروکی‌هـا و لویی‌ها را بـه ایـن فهرسـت اضافـه کـرد. محمـد لوی عباسـی هـم در مقدمـه‌ی شـرفنامه، تنهـا کوهسـتان زاگـروس را محـل اقامـت کوردهـا نمی‌دانـد، بلکـه قسـمت وسـطی و علیای رود دجلـه و تمـام خـاک آشـور قدیـم و بخشـی از ارمنسـتان را قلمـروی نـژاد کـورد می‌داند.

همـان مناطقـی که لوئیس مـورگان در کتاب «جامعـه‌ی باسـتان» از آن بـه نـام منشـاء اولیـه‌ی شـکل‌گیری اجتماعـات بشـری و پراکنـش آنـان به سراسـر جهان یـاد می‌کند. پروفسـور مینورسکی، شرق‌شـناس نامدار روسـی هم، در اثنای بیسـتمین کنگره‌ی بین‌المللی خاورشناسـان در سال ۱۹۳۸ در بروکسـل به هویت کـوردی حکومت‌های مادهـا و ماناهـا در هزاره‌ی آخـر قبل از میلاد اشـاره کرده است.

در هـر حـال ملـت کـورد یکـی از قدیمی‌ترین ملـل خاورمیانـه اسـت و بیشـتر سلسـله‌های قبـل از هخامنشـیان کـه بـه آن اشـاره شـد، دارای هویـت کـوردی بوده‌انـد. در خصـوص تاریـخ باسـتان هـم، نظیـر هـر موضـوع دیگـری، در حـق ملـت کـورد اجحـاف شـده اسـت. ایـن در حالـی اسـت کـه از مهم‌تریـن مناطـق تاریـخ جهـان باسـتان، بین‌النهریـن و جغرافیـای کوردسـتان اسـت که از گذشـته‌ی دور تاکنـون همیشـه محـل برخـورد قدرت‌هـای جهانـی زمـان بـوده اسـت.

بـه اسـتناد کتـاب «تاریـخ تمـدن بین‌النهریـن» اثر دکتر یوسـف مجیدزاده، در عهد باسـتان، از میـان مردمانی که از بین‌النهرین گذشـتند و یـا به‌صورت فاتح بر آن حکومـت رانده‌اند، اجـداد کوردها، یعنی هوری‌ها بیشـترین اهمیـت را دارند: زیـرا آنـان از چنـان تمدنـی بهره‌مند بودنـد کـه توانسـتند نه‌تنهـا در طول قرن‌هـا فرمان‌روایی بر بخش وسـیعی از شـمال آشـور، زبان و سـنت‌های خود را از هرگونـه تأثیرپذیری بـه دور نگاه دارند، بلکـه از جنبه‌هـای بسـیار در فرهنگ و هنـر بین‌النهرین هـم تأثیر گذاشـتند، به‌گونـه‌ای که حضـور آن‌ها دسـت‌کم تـا پایان هزاره‌ی سـوم ق.م در سرتاسـر بین‌النهریـن احسـاس می‌شـد. هنوز هم قبایل و مناطقی از کوردسـتان وجود دارند، ماننـد هورەمار (یـا اره مـار)، هورەماری

در شـــمال، و هووRامان در شرق کوردستان که بـــا هوری‌ها تشـــابه اســـمی دارند.
هوری‌هـــا به دلایلـــی نامعلـــوم در بخش شـــرقی بین‌النهریـــن از لحاظ سیاســـی و فرهنگـــی اهمیت فراوان یافتنـــد. مرحله‌ی به‌قدرت‌رســـیدن و دوران اقتـــدار هوری‌ها با دورانـــی از تاریـــخ بین‌النهریـــن که به «عصر تاریک» شـــهرت دارد مصادف بود. اما نشـــانه‌های قدرت سیاســـی هوری، نهادهای هوری و زبـــان و هنر آنـــان از دوران پیش از «عصر تاریـــک» و به مقـــدار زیادی پس از آن در همه‌جـــا، در مـــاری، در دره‌های زاگرس و ارمنســـتان، در آشـــور و آناتولی، و در نواحی ســـاحلی مدیترانه مشـــهود است.
تأثیـــر هوری‌هـــا در تمـــدن بین‌النهرینی آشـــوری از اهمیت ویژه‌ای برخوردار اســـت.
بـــا توجه بـــه نفـــوذ هوری‌ها در شـــرق بین‌النهرین، سلســـله‌های زاگرس‌نشـــین با هویت کـــوردی مانند کاســـی‌ها، گوتی‌ها، لولوبی‌هـــا و غیـــره بـــه احتمال قـــوی از بازمانـــدگان هوری‌هـــا بوده‌اند.
روابطـــی کـــه میـــان کاســـی‌ها، مردم کوهســـتان‌های زاگـــرس و بابلی‌ها به‌وجود آمد و گســـترش یافـــت از نوعـــی کاملا متفاوت بود. پادشـــاهان کاســـی به مدت بیش از پانصد ســـال بر تخـــت فرمان‌روایی بابـــل تکیه زدنـــد. ایلامی‌ها هـــم هنگام ضعـــف پادشـــاهی بابـــل و کاهش‌یافتن قدرت حکومت‌هـــای آن‌ها نفوذ سیاســـی خـــود را در جنـــوب بین‌النهریـــن اعمال می‌کردند، اما نتوانســـتند تأثیـــر آن‌چنان مشـــهودی در تمدن بین‌النهرین داشـــته باشـــند. گوتی‌هـــا یـــا قوتی‌هـــا هم که ســـاکن کوه‌های زاگرس بودنـــد در اواخر هـــزاره‌ی ســـوم ق.م بـــا هجوم خـــود به بین‌النهرین و ســـرنگون‌کردن سلســـله‌ی اکـــد، نیم‌قـــرن در جنـــوب بین‌النهرین حکومـــت کردنـــد، اما هنوز آثـــار کمی از آنان به دســـت آمده اســـت. همین حملات از کوهســـتان‌ها بوده اســـت که سومری‌ها تشـــبیه به اژدهـــای کوهســـتان‌کرده‌اند.
ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی وەکو کەرەسەی شیکاری دەتوانێت چەوساندوە و هەڵاواردنی چەندلایەنە لێک بداتەوە بۆ نموونە، وەکو ژن، بەڵام ئەو ژنە لە چینی هەژار و ڕەگەزی ڕەش و گەنج، بەواتایەکی تر هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان ئەو کاتێگۆرییانەدا هەیە بۆ بەهێزبوونی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان. لەناو هەر یەکێک لەم کاتێگۆرییانەدا شێوەی دەسەڵات لە نێو دەسەڵاتدا هەیە، کە هیچیان لە سەرەوەی هیچیان نین، بەڵام بۆ بەهێزکردنی هەڵاواردن و نایەکسانی بەیەکەوە هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن.
De los Reyes, P & Mulinari, D (2005).

لە وتارێکی تیۆریدا کە لەسەر "پەروەردەی نێوان کەلتووری" نوسیبووم، هەوڵم داوە، کە زانستی پەروەردەیی نێوان کەلتووری وەکو چەمکێکی تیۆری پێناسە بکەم. من لە وتارەکەمدا ئەم تیۆرەم وا پێناسە کردووە، کە پەروەردەی نێوان کەلتووری، ئەو پەروەردەیە نییە، کە تەنیا لە لێکنزیکبوونەوە و هەڵسوکەوتی نێوان کەلتوورەکاندا خوی ببینێتەوە، بەڵکو لە قۆناغی یەکەمدا ئەوەیە کە ئێمە چۆن لەگەڵ ئینسانەکان و خوێندکارەکاندا هەڵسوکەوت دەکەین، کە ئەزموونی جیاواز، ڕەگەزی جیاواز و زمانی جیاوازیان هەیە. یان ئایینی جیاواز و لە تەمەنی جیاوازدا، کە هەندێکیان ساخن و هەندێکیان کەمتوانان، هەندێکان پەلکەزێرینەبوون، واتە ئەو هەموو جیاوازییەی کە لەنێوان تاکەکاندا هەیە، چۆن دەتوانن لەم هەموو ئەزموونانە کەلک وەرگرین بەبێ ئەوەی هەڵاوارن لەنێوان تاکەکاندا دروست ببێت. لە هەڵسوکەوتدا دەبێت ئینسانێکی کراوە بین و مرۆڤێک کە ڕێز

بۆ جیاوازییەکاندا بنێت و بڕیاری پێشوەختە نەدات و زوویش بڕیار نەدات.

بە واتایەکی دیکە من پەروەردەی نێوان کەلتووری وەکو هاومرۆڤبوون دەبینم. هەروەها پەروەردەی نێوان کەلتووری بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە مێژوو و کەلتوور بۆ گەشەپێدانی مرۆڤ. ڕەخنەگری وریا و زیرەک بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت پێوەرەکانی کۆمەڵگە بباتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها بۆ باسکردن و ناساندنی ئەو هەموو ئیمتیازەی کە گرووپێک هەیەتی بۆ نموونە: سپیسەروەری، کۆلۆنیالیزم، ڕاسیزم و سێکسیزم بە نیسبەت پەنابەر یان ژنی ڕەشپێست و کەمتوانا ..هتد. پەروەردەی نێوان کەلتووری ڕەخنە لە مێژوو و ئیمتیازی سپیسەروەری دەگرێت. بەها بنەماییەکان بەشێکی گرینگی پەروەردەی نێوان کەلتوورین. بەها بنەماییەکان وەکو یەکسانیخوازی، دیموکرات، ژینگەپارێز، ڕەخنەگر، ئاشتیخواز و هاوخەباتیی نیشان دەدات لەگەڵ چەوساوەکان، زوڵملێکراوەکان و دژی زاڵمانە. (Jahanmahan 2012)

## هەڵاواردن لەلایەن ئیداراتی دەوڵەتییەوە

لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکاندا باسی هەڵاواردن لەلایەن ئیداراتی دوڵەتییەوە، کە کاروباری کەمتواناییان لەدەستدایە، دەکرێت. زۆربەی بنەماڵەکان، گەنجەکان و پێشمەرگە کەمتواناکان پێیان وایە، کە هەڵاواردن لەلایەن ئەو ئیدارانەوە بەهۆی پەنابەریی ئەو بنەماڵانەوە هەیە. بنەماڵەی "دەلال" کە لە باشووری کوردستانەوە هاتوون، دەڵێت:

"ئێمە زۆر بەباشی دەزانین کە تووشی هەڵاواردن دەبین تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە پەنابەرین. من زۆر دڵنیام ئەگەر ئێمە بنەماڵەیەکی سویدی باین، هەموو یارمەتی و کەرەسەیەکیان دەداینێ، بەڵام بەهۆی پەنابەری و هەڵاواردن "دەلال"ی کەمتوانا، هیچ یارمەتییەک نەدراوە، چونکە کارمەندی ئیدارەکە دەزانێت، کە ئێمە هیچ دەربارەی یاساوڕیسای سوید نازانین، ئەویش بە مەیلی خۆی لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت دەکات. زمانی سویدی گرینگە بیزانی، بەڵام لەویش گرینگتر یاساوڕیسای سویدە. گەلێک یاسا هەن کە ئێمە نازانین هەیە، هەروەها ناشتوانین لەسەر هەموو شتێک لەگەڵ کارمەندانی ئیدارە بیکەین بە شەڕ و هەڵڵا. چونکە ئەو کارمەندانە دەسەڵاتیان زۆرە؛ دەسەڵاتیان بەسەر ژیانی داهاتووی منداڵەکانمانەوە هەیە. ڕیسک زۆرە، ئەوان تووڕە بن و بڕیارێک بدەن، کارتێکەریی خراپی بۆ داهاتووی منداڵەکانمان دەبێت. ئێمە لە چەنگی دیکتاتۆر هەڵاتووین و داوای پەنابەریمان کردووە بۆ ئەوەی ژیانێکی شایستە بۆخۆمان و منداڵەکانمان دابین بکەین، بەڵام بیرۆکراتیی سوید و هەڵاواردنی سیستماتیک، خەریکە تێکمان دەشکێنێت."

هەستی هەڵاواردن وا لەو بنەماڵانە دەکات، کە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەو ئیداراتانە کۆتایی پێ بێنن و، هەوڵ دەدن خۆیان ئاگایان لە منداڵە کەمتواناکەیان بێت. بنەماڵەیەک کە لە چینی هەژار بوون بەهۆی هەژاری گەلێک کێشەیان لە سوید بۆ دروست بووە. باوکی "دەلال" دەڵێت:

"باری ئابووریمان زۆر خراپ بوو، بەراستی لە باری دەروونییەوە حاڵمان زۆر خراپ بوو. پەیوەندیمان بە ئیدارەی سۆسیالەوە گرت بۆ ئەوەی یارمەتیی

داراییمان بدەن، بەڵام هیچ یارمەتییان نەدایەن، تەنانەت گوتیان ”دەتوانن بچن لە کەنیسە داوای یارمەتی بکەن.“ پێیان وا بوو ئێمە سواڵکەرین. چەندان جار لەگەڵ کارمەندانی ئیداراتی سوید کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتیی کەرەسە بۆ مناڵە کەمتواناکەمان وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین ژیانێکی ئاساییان هەبێت، بەڵام هیچ سوودیکی نەبوو. هەر بۆیە پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی ئیدارات بڕی. ئەوەیە بیرۆکراتی لە سوید.“

زۆرینەی هەڵاواردنەکان ئەو بنەماڵانە یان گەنجە کەمتواناکان هەستی پێ دەکەن، کاتێک دەیانبینی ئەو کەمتوانایانە هیچ کەرەسە و یارمەتییان وەرنەگرتووە کە مناڵی کەمتوانای سویدی وەری دەگرن. ”شەنگە“ کچە گەنجێکی کەمتوانایە، دەڵێت:

”من هەست بە هەڵاواردن و گاڵتەپێکردن لەلایەن کۆمەڵگەوە دەکەم. وەکو تۆپی تۆپێن (فووتباڵ) م لێ هاتووە، ئیدارەیەک دەمنێرێت بۆ ئیدارەیەکی تر. ئیدارەی کار دەڵێ کەرەسەی تۆ دەبێ ئیدارەی کاروباری کۆمەڵایەتی بیدا، ئەوانیش دەڵێن نا. من بۆ دەبێ ئەو هەموو ئازار و هەڵاواردن و گاڵتەپێکردنە ببینم تەنیا لەبەر ئەوەی گەنجێکی کوردی پەنابەر و کەمتوانام؟ لەگەڵ ئەو ئیداراتانە شێت بووم. نازانم بۆ بە من ڕادەبوێرن و گاڵتە بە ژیانمەوە دەکەن. من ماندووم، بۆ وا لە منی گەنج دەکەن؟ پێویستیم بە یارمەتی و کەرەسەی تایبەت هەیە. حەز دەکەم دەرس بخوێنم، کار پەیدا بکەم و بژیم. بۆ وەکو تۆپی تۆپێن یاریم پێ دەکەن؟“

## هەڵاواردن بەهۆی ژینگەوە

هەندێک لەو گەنجە کەمتوانایانە تەنیا بەهۆی پەنابەرییەوە هەڵناواردرێن، بەڵکو هەندێک جار کە دێنە ناو کۆمەڵگە هەست بە کەمتوانایی و هەڵاواردن دەکەن. پێیم وایە هەڵاواردن بە نیسبەت ”ئاسکۆڵ“ کە کچێکی گەنجە، تەنیا بەهۆی ژینگەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پەنابەری و کەمتواناییی ”ئاسکۆڵ“یشەوەیە. ئەو دەڵێت:

”کاتێ لەگەڵ دۆستان، هاوڕێکانم و دۆستەکانیان بۆ خۆشی و سەیران دەچمە دەرەوە، هیچ کێشەم لەگەڵ ئەو دۆستانەدا نییە، بەڵام خاوەنی ڕەستووران یان ”لێخوڕ“ (شۆفێر)ی پاس گەورەترین کێشەن بۆ منی پەنابەری کەمتوانا. زۆر جاران کە دەچینە دەرەوە، چەند کاتژمێرێک دەگەڕێین تا شوێنێکی گونجاو دەبینینەوە کە بە چەرخەکەم بتوانم بچمە ژوورەوە. دوای کاتژمێرێک وەستان لە سەرەی چوونە ژوورەوە، پێشم پێ دەگرن و ڕێگە نادەن بچمە ژوورەوە ئەویش بە بیانووی ئەوەی ڕەستوورانەکە خەڵکێکی زۆری تێدایە، واتە خەڵکی زۆر لێیە و شوێنەکە تەنگە و بە چەرخەوە ناتوانی هاتوچۆ بکەی و کێشە بۆ ئێمە دروست دەبێت، هەر بۆیە شەرم لە خۆم دەکەم و دەڕۆم. خەڵکێکی زۆر لەپشت منەوە وەستاون، حەز ناکەم گوێیان لێ بێت کە چۆن لەگەڵ من هەڵسوکەوت دەکەن. زۆر جاران دەپاڕێمەوە، کە من خەڵکی ستۆکهۆڵم نیم، چەندان کاتژمێر گەڕاوین تا ئێرەمان دۆزیوەتەوە، لێمان گەڕێ با بێینە ژوورەوە، بەڵام بەداخەوە ناهێڵن.“

پێشمەرگەیەکی کەمتوانا کە لەسەر چەرخە و لە پێشمەرگایەتیدا کەمتوانا بووە، پێی وایە هەڵاواردن بۆ ئەو وەکو کورد و پەنابەر و کەمتوانا، شتێکی رۆژانەیە. "قادر" دەڵێت:

"بێشک من هەڵاواردنم چێشتووە. رۆژانە هەڵاواردن بە هەموو لەشم هەست پێ دەکەم. کاتێک بە چەرخەوە ناتوانم بچمە ناو رەستووران تا خواردن بخۆم. ئەوەش شێوەیەکە لە هەڵاواردن. کاتێک ناتوانم پارە لە بانک دەرهێنم. وەکو کەمتوانا هەموو کات و بە هەموو شێوەیەک هەڵداوێرێم. رووی داوە کە داوای کارم کردووە، بەڵام بەهۆی کەمتوانایی و پەنابەرییەوە کاریان پێ نەداوم. هەڵاواردن بە من کراوە بە هۆی ناوەکەمەوە. هەموو ئەوانەی باسم کردن، هەڵاواردنن. وەکو کەمایەتی و کەمتوانا، هەموو کات دەچەوسێیەوە و هەڵداوێرێی."

ژنێکی پێشمەرگە کە لە پێشمەرگایەتیدا کەمتوانا بووە، باس لە ئەزموونی هەڵاواردن دەکات لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەروونناسەی کە لە سوید دەچووە لای. "شادی" دەگێڕێتەوە:

"کاتێک دەچوومە لای دەروونناسە سویدیەکە، هەستم بە هەڵاواردن دەکرد، چونکە من پەنابەر بووم. مرۆڤ دەچێت بۆ لای دەروونناس بۆ ئەوەی هەست بەئارامی بکات و ئەوەی لە دڵیدایە باسی لێوە بکات. بە خواستی خۆم نەچوومەوە لای دەروونناسەکە. ئەو دەروونناس بوو، بەڵام ئەو منی هەر وەکو پەنابەر و سەررەش دەبینی. ئەوە وای دەکرد لە جیاتی ئەوەی حاڵم باش بێت، رۆژ بە رۆژ حاڵم خراپتر دەبوو. هەر بۆیە ئیتر نەچوومەوە لای ئەو دەروونناسە سویدییە."

## هەڵاواردن و بڕیاری پێشوەختانەی رەگەزی

دایکی "ئەسرین" زۆر جاران هەستی بە هەڵاواردن کردووە. هەستی کردووە کە هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵدا کراوە وەکو دایکێکی پەنابەری کورد، ئەوکاتەی تازە هاتبوونە سوید. دایکی "ئەسرین" دەڵێت:

"بۆ کارمەندەکانی نەخۆشخانە من ژنێکی پەنابەری کوردی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست، نە هیچ دەزانم و نە هیچ حاڵی دەبم. کاتێک زانیم مناڵەکەم وەهای بەسەر هات، داوام لە سەرۆکی دکتۆرەکان کرد، بۆم باس بکات چی رووی داوە؟ دکتۆر گوتی: بەداخەوە بێشانسییە، بە رێکەوت و بە رووداوی لەناکاو. من ئەوەم بۆ قبووڵ نەکرا. کاتێک پرسیارم کرد، ئێستا چارەنووسی مناڵەکەم چی بەسەر دێت؟ دکتۆر گوتی: مناڵەکەت نە دەبێت بە پاکەتی گۆشت و نە دەبێت بە منداڵێک کە هەڵات هەڵاتێن بکات. دکتۆرێک کە بەم شێوەیە باسی منداڵی من دەکات .... دوایی چەند رۆژێک منیان گواستەوە بۆ بەشێکی تری نەخۆشخانە. بە تەنیا لە دیوێکی سارد و تەنیا، نازانم چارەنووسی مناڵەکەمان بە کوێ دەگات. لە تەنیاییی خۆمدا دەگریام کاتێ پەرەستار پرسیارم لێ دەکات: کە من بۆیە دەگریم، چونکە کچم بوو؟ ئایا ئەمە هەڵاواردن نییە؟ تەنیا لەبەر ئەوەی ژنی کوردە و رەنگ و رووی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەچێت و بۆیە دەگریێت چونکە کچی بووە.

ئەوە بڕیاری پێشوەختەی رەگەزییە کە لەسەر ئەو دایکە دەدرێت تەنیا لەبەر ئەوەی پەنابەر کوردە، ژنە، موسڵمان

و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەو بڕیاری پێشوەختەی ڕەگەزی فۆرمێکی ترە لە ڕاسیزم و هەڵاواردن.

## نەبوونی زانیاری و کێشەی زمانی

هەندێک لەم پیاوە کەمتوانایانەی کە لە پێشمەرگایەتیدا کەمتوانا بوون، هەروەها کێشەی ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵی کەمتوانایان هەیە، کێشەکە دەگەڕێتەوە سەر پرسی نەزانینی زمانی سویدی، هەروەها هەندێکیان کە هاتوونەتە سوید، هیچ جۆرە خوێندەوارییەکیان نەبوو. ساڵانێکی زۆری ویستووە هەتا تۆزێ فێری زمانی سویدی بوون، بەڵام تا ئێستایش کێشەیان هەیە لەگەڵ زمانی سویدیدا. لە هەندێک لەم گێڕانەوانەدا کێشەی چینایەتی زۆر زەقە. کورد، کەمتوانایە و چینی هەژارە و هیچ جۆرە خوێندەوارییەکی نییە. زۆربەی ڕێگاکانی لێ گیراوە، زمان نازانێت، سەبارەت بە یاساوڕیسای ئەو وڵاتەی لێی دەژیت، هیچ نازانێت و ناتوانێت زانیاری بە زمانی سویدی بەدەست بێنێت، تەنانەت زمانی دایکیی خۆیشی نازانێت بخوێنێتەوە، بۆیە کێشەکە و هەڵاواردنەکە دیارتر دەبێت. هەرچەندە ئەوکات زانیاری بە زمانە بیانییەکان کەم بوو، بەڵام هەندێک لەم کەمتوانایانە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە نەیانتوانیوە کەلک لە زمانی دایکیش وەربگرن. باوکی "دەلال" و دایکی "سارا" وەکو پەنابەر وەها باسی کێشەی نەزانینی زمانی سویدی دەکەن. کێشەی زمانی سویدی ببوو بە ڕێگر بۆ بەدەستهێنانی مافی منداڵە کەمتواناکەیان.

باوکی "دەلال" دەڵێت: "زانینی زمانی سویدی گەلێک گرینگە. کە زمانەکە نەزانی، نازانی و ناتوانی مافی منداڵە کەمتواناکەت چییە؟ هەر بۆیەیش ناتوانی داوای مافی منداڵەکەت بکەی. وایە یان نا؟ "دایکی "سارا" دەڵێت: "بۆ ئێمەی پەنابەر چەندان کێشەمان هەیە لە سوید. کێشەیەکی گرینگ ئەوە بوو کە ئێمە زمانی سویدیمان نەدەزانی، هەروەها هیچمان لەبارەی یاسای سویدیش نەدەزانی. کە تۆ زمان نەزانیت، ناشتوانی زانیاریت لەسەر یاسای سوید هەبێت و ئاخۆ چ یاسایەکی هەیە بۆ مافی منداڵانی کەمتوانا. کێشەیەکی تریش، ئێمە پەنابەرین."

## شاردنەوەی کەمتوانایی لە ترسی هەڵاوارن و هۆکاری تر:

لە چاوپێکەوتنەکاندا دوو ژنی پێشمەرگە و دوو کچی گەنجی کەمتوانا بەهۆی هەندێک هۆکاری جیاواز، کەمتواناییی خۆیان شاردووەتەوە. کاتێک ئەو دوو ژنە پێشمەرگەیە دێنە سوید، ڕاوێژ بە چەند کەسی کورد دەکەن، کە ساڵانێکە لە سوید ژیاون. بەڵام ئەوانی ئەو ڕاوێژی پێ کردبوون، بەباشیان نەزانیبوو کە ئەو ژنانە باسی کەمتواناییی خۆیان بکەن. "زێنەب" زۆر بەناڕەحەتی دەگێڕێتەوە: "قاچەکانم لە دۆخێکی زۆر خراپدان. کاتێک هاتمە سوید، نەمگوت کە لە شەڕدا قاچم بریندار بووە. پێشنیارم پێ کرا باسی نەکەم، کە لە شەڕدا بریندار بووم و کەمتوانام، چونکە ئەگەر بزانن کەمتوانام، کارم دەست ناکەوێت. من کە ژن

و پەنابەرم، هەردووکیان بۆ من ”نەرێنی“ (نێگەتیف) بوو لە سوید. ئەگەر گوتبام کەمتوانای شەرم، بۆ داهاتووی خۆم و منداڵەکانم خراپ دەبوو. بەداخەوە هیچ ئیدارەیەک لە سوید نەیزانی من لە شەڕدا کەمتوانا بووم.“

بەڵام ئەو دوو ژنە ئەزموونی هەڵاواردنیان لە ئێراندا وەکو ژن و کورد لەناو سیستەمێکی داگیرکەری فارسدا هەبوو. بەداخەوە هەمان ژن ئەزموونی چەوساندنەوە و هەڵاواردنیان لەناو خەباتی شاخیشدا هەبوو. ”شادی“ دەڵێت: ”ئێمە تەنیا لە ئێران لەگەڵ ڕژیمی داگیرکەر نەچەوساببووینەوە. وەکو کورد و ژن، لە ناو شۆڕشیشدا لەگەڵ پیاوە فەرماندەکانیش کێشەمان هەبوو. ئەو پیاوە فەرماندانە لە کاتی چوون بۆ عەمەلیات، ئێمەیان بە سەربار دەزانی. لە کاتی کارکردن لە پیاوەکان زیاتر کارم دەکرد. هەندێک بەردم هەڵدەگرتن زۆر زۆر قورس بوون، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بەو پیاوانەی ناو شۆڕش و فەرماندەکان پیشان بدەم، هەرچەندە کە ژنم، بەڵام بەهێزم.“

بەواتایەکی تر ئەو ژنانە بەهۆی هەڵاواردن و چەساندنەوە وەکو ژن و کورد دەچنە ناو شۆڕش، بەڵام لە شۆڕشیشدا هەمان کێشە، یانی بە هۆی ژنبوونیانەوە دەچەوسێندرانەوە. ئەو ژنانە تەنیا شۆڕشیان بە دژی داگیرکەری ئێرانی نەدەکرد، بەڵکو دەبوو بە دژی پیاوسالاریی فەرماندەکانی نێو حیزبەکەشیان شۆڕش بکەن. ئەو چەوساندنەوە و هەڵاواردنە بەهۆی ژنبوونەوە زۆر بەزەقی لە کتێبی سێبەری قەڵەبەرد لەسەر ئەڵمانە و تاڵەسوار(٢٠٢٣) لە نووسینی مەلەکەی مەستەفا سوڵتانیدا دەر دەکەوێت.

بەپێی قسەی ئەو ژنە پێشمەرگە کەمتوانایانە لە سویدیش تووشی هەمان هەڵاواردن دەبن وەکو ژن، پەنابەر و کەمتوانا. بەڵام دوو کچە گەنجە کەمتواناکان بە هۆکاری تر باسی کەمتوانایی خۆیان نەکردووە. دیارە ئەو دوو کچەی لە بنەماڵەی فەقیر و مامناوەندیدا گەورە بوون. ”تەوار“ دەڵێت: ”من زۆربەی قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد بێ‌ئەوەی دایک و باوکم بزانن. من گوێم گران بوون، هاوپۆلەکانم تووڕە دەبوون و پێیان وا بوو، من گوێیان لێ ناگرم، بەڵام ڕاستییەکەی من گوێم لێ نەدەبوون.“ ”شەنگە“ دەڵێت: ”ڕەنگە هەندێک کەس بزانێت گوێم گرانە، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس نازانێت کەمتوانایی‌یەکی تریشم هەیە، هیچ کەس نازانێ هەتا ئەو کورەی مێردیشم پێ کردووە.“ دیارە کاتێک من لەم کچە گەنجانەم پرسی، بە چ هۆکارێک ئێوە باسی کەمتوانایی خۆتان ناکەن، ئایا شەرم دەکەن کە ئەو کەمتوانایی‌یەتان هەیە؟ ئەو کچە گەنجانە هۆکاری خۆیان هەبوو کە باسی ئەو کەمتوانایی خۆیان نەکەن و بیشارنەوە. یەکەم هۆکار وەکو گەنج دەیانویست وەکو هەموو منااڵانی تر بن. هۆکاری تر ئەوە بوو، کە ئەو گەنجانە لەناو کوردان و گەنجاندا کەسیان نەدیتبوو کە ئەو کەمتوانایی ئەوانی هەبێت، بەواتایەکی تر ئەو گەنجانە هیچ کچێکی تری کوردیان نەدیبوو کە ئەم کەمتوانایی‌یەیان هەبێت. واتە ئەو گەنجە کەمتواناییانە هیچ گەنجێکی کوردیان نەدیوەتەوە هەتاکو خۆیانی تێدا ببیننەوە.

## ئاکام

ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی و پەروەردەی نێوان کەلتووری بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوە گرینگە. هەوڵم داوە ڕوانگەی ئینترسێکشۆنالیتی وەکو کەرەسەیەکی شیکاری بۆ شیکردنەوەی ژیانی ئەو کوردە پەنابەر و کەمتوانایانە بەکار بێنم. ئەوەی کە لەو چاوپێکەوتنانەدا دەبینین کە چۆن پەنابەری، موسڵمانبوون، کوردبوون، ژنبوون، گەنجبوون، کێشەی زمانی سویدی، پرسی چینایەتی وەکو کاتێگۆری هاوکاری و هەماهەنگیی یەکتر دەکەن بۆ بەهێزکردنی چەوسانەوە، نایەکسانی و هەڵاواردنی ئەو کەمتوانا کوردانە لە سوید. ئەوەی کە دەبینین ئەو ژن و پیاوە کەمتوانایانە تەنیا لەبەر ژنبوون و پیاوبوون ناچەوسێنەوە، هەر وەکو کە لە چاوپێکەوتنەکاندا دەبیندرێت، ئەو ژن و پیاوانە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکی چەندلایەنەیان لەسەرە وەکو ژن، پەنابەر، کەمتوانا، گەنج، موسڵمان .... هتد، هەروەها بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کاتێگۆرییانە چۆن هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن بۆ بەهێزکردنی هەڵاواردن، چەوسانەوە و نایەکسانیی ئەو پەنابەرە کورد و کەمتوانایانە.

لە ڕوانگەی پەروەردەی نێوان کەلتووری وەکو ڕوانگە و تیۆری، هەوڵ دەدا ئەزموونی هەموو کاتێگۆرییەک بە گرینگ بزانی و دەبێ کەلک لە هەموو ئەو ئەزموونانە وەرگیرێ و ڕێزیان لێ بگیرێت. ئەو ئەزموونانە بەکار بهێندرێت وەکو ئەزموونی پەنابەری، ژنبوون، لاوبوون، پەلکەزێرینەبوون، جیاوازیی زمانەکان، کەلتوورکان و ئایینەکان دەبێت وەکو سامان ببیندرێن بۆ ئەو جڤاکەی لێی دەژین. هەروەها دەبێت ڕەخنە لەو نۆرمانە بگیرێت کە دەبنە هۆکاری هەڵاواردن، چەوسانەوە، ڕاسیزم و سێکسیزم.

پێم وایە پەروەردەی نێوان کەلتووری دەتوانێت بژاردەی زۆر باش و بەجێ بێت دژی ڕاسیزم، سێکسیزم، هەڵاواردن و چەوسانەوەی هەر کەمایەتییەک لە کۆمەڵدا. جا ئەو کەمایەتییە چ کەمتوانا بێت، پەنابەر، ژن یان هەر کەمایەتییەکی تری ناو جڤاک. لە ڕێگەی پەروەردەی نێوان کەلتوورییەوە دەتوانین هەوڵ بدەین جڤاکێکی یەکسان بەدەر لە هەڵاواردن و چەوسانەوە کە مافی تاکەکان دەپارێزێت، دروست بکەین.

پەروەردەی نێوان کەلتووری دژی هەموو شێوە هەڵاواردن و چەوسانەوەیەکە. هەروەها پەروەردەی نێوان کەلتووری دژی هەموو ڕوانگەیەکی کۆلۆنیالیستی و سپیسەروەری دەوەستێتەوە و لە ئەزموونی هەموو تاک و کەمایەتیی ناو جڤاک بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی یەکسان و دوور لە هەڵاواردن و چەوسانەوە کەڵک وەردەگرێت. هەر بۆیەش بەها بنەماییەکانی ناو جڤاک، گرینگیی زۆری لە پەروەردەی نێوان کەلتووریدا هەیە.

لایەکی گرینگی تری کێشەی ئەو کەمتوانایە کوردانە ئەوەیە، کە ئەو کەمتوانا کوردانە، پەنابەرن و لە سویددا دەژین، ئەوانە نەتەنیا کەمایەتین لەنێو سویدییەکاندا، بەڵکو کەمایەتیشن لەناو کەمایەتیی خۆیاندا. واتە کورد لە سوید وەکو پەنابەر کەمایەتییەکی بچووکە و، ئەو

کورده کەمتواناییانە کەمایەتییەکی بچووکترن لەناو دیاسپۆرای کورد لە سویددا.

## سەرچاوەکان:


Bourdieu, P (1999) (Red) . The Weight of the world. Cambridge: Polity Press.

De los Reyes, P & Mulinari, D.( 2005) .Intersektionalitet: Kritiska reflektioner över (o)jämlikhetens landskap, Malmö,

Jahanmahan, F, Persson, C & Sheikmous, O. (2021). Den som inte talar finns inte. Kurdiska krigsskadade flyktingars livsberättelse. Lund. Ekström & Garay

Jahanmahan, F. (2012). Interkulturell pedagogik, inkluderande pedagogik- forum för motstånd? Den interkulturella blicken i pedagogik: inte bara goda föresatser / [ed] Katrin Goldstein-Kyaga, María Borgström & Tobias Hübinette, Huddinge: Södertörns högskola , 2012, 1, s. 117-134

Jahanmahan, F. (2007). Dörren ska vara öppen för alla. Funktionshindrade kurdiska ungdomar och föräldrar om attityder, rättigheter och möjligheter i det svenska samhället. Mångkulturellt Centrum. Botkyrka.

Goodson, I.F., & Sikes, P. (2001). Life history Research in Educational Settings Learning from Lives. Philadelphia: Open University Press

Mostafa-Soltani, M. (2023) In the shadow of Qalabard peak. Gothenburg. 49 plusbooks. /
سێبەری قەلەبەرد. لەسەر ئەڵمانە و تاڵەسوار. بیرەوەرییەکانی مەلەکە مەستەفا سوڵتانی
24 Feb kl: 9.00

# نوێترین لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە نەوەی Z

**شاهۆ مەتین**

”

لە نەوەی پێشوودا قوتابخانە و مزگەوت و شارەکان دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردنن، بەڵام نەوە نوێ سەرچاوەی پەیوەندیەکانیان میدیا و چەندین تەکنەلۆژیای تریان هەیە بۆ کۆمەڵایەتیکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گروپەکانی ئاماژە پێکراودا ڕوویداوە. میدیا و تەکنەلۆژیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر نەوەی نەریتی بیەوێت لە هەمان چوارچێوەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەمان نەوە و ئەو دامەزراوەیەی ئاماژەی پێدەکات، تووشی قەیران دەبن، بۆیە بە ئارکیتایپ ناتوانین وەڵامی کێشەکانی نەوەی نوێ بدەینەوە یان لە جیهانبینی نەوەی نوێ تێبگەین و کارەکتەر و سیفەتی نەوەی نوێ جیاواز بوون لە نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ خۆدامەزرێنەرە“.

“

## پێشەکی

نەوەی نوێ دەیەوێت بژیی، تەنانەت ئامرازەکانی شەڕکردنیشی دوگمەی تاچن. لە بنەڕەتدا هیچ توندوتیژییەکیان تێدا نییە و لە سۆشیال میدیادا باسی خۆشی، ئازار و ،،، هتد دەکەن.

ئەم نەوەیە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن، پێکەوە بژین و لەگەڵ یەکتر هەڵبکەن.

لەم ڕوانگەیەوە خاڵێکی گرنگە کە نەوەی نوێ هەوڵی نەهێشتنی ئەوانی تر نادات و بەدوای پێکەوەژیاندا دەگەڕێت. بەڵام نەوەی پێشوو بەدوای لەناوبردنیدا دەگەڕێت و لە بنەڕەتدا ئەوی تر قبوڵ ناکات. خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە دامەزراوەی بنەماڵەی پاوانخواز لە ئێران سەرەڕای بوونی بنەماڵەی ئەتۆمی، نەگۆڕاوە بۆ بنەماڵەیەکی مەدەنی و ئێران تا ئێستاش خاوەنی بنەماڵەیەکی مەدەنی نییە.

و گۆڕانێکی زۆر سەیر و بێوێنەی لە ئەرکەکانیش لە ئێراندا ڕووی داوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەرکەکانی حکومەت و دامەزراوەی بنەماڵە گۆڕاون، واتە دابینکردنی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە حکومەت پێویستە دابینکردنی بۆ دامەزراوەی خێزان گۆڕاوە کەوتۆتە سەر شانی دامەزراوەی خێزان و, حکومەت ئەرکەکانی دامەزراوەی خێزانەکەی لە ئەستۆ گرتووە (وەک پرسی ئامۆژگاریکردنی منداڵانی خێزان بۆ پۆشینی حیجاب).

هەروەها جەخت لەوە دەکەینەوە کە ”ئەگەر ئەوان (نەوەی Z) گرینگیان پێ نەدرێت، دایک و باوک دۆڕاون و بە واتایەکی تر لەناو دەچن“. نەوەی Z دەڵێن : بە مردنی ئەوان کێشەکە چارە دەبێت و ڕزگارمان دەبێت .

بۆ ئەوەی لە دۆخێکی لەو شێوەیە ڕزگارمان بێت، زۆر گرنگە کۆمەڵایەتیبوون پێچەوانە بکرێتەوە و نەوەی دایک و باوک بەهێز بکرێت“.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە دیالۆگی نێوان نەوەکان بەتایبەت لەگەڵ نەوەی Z بە چارەسەرێکی بنەڕەتی و پێشەکی بۆ گەشەسەندنی وڵات دابنرێت.

## گرفتی نەوەی Z لە خێزان و گفتوگۆی تیۆری سەبارەت بەم بابەتە

سەرەتا ئاماژە بە کێشەکانی نەوەی Z لە خێزاندا دەکەین کە خێزان وەک ناوەندێک کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هێشتا دەتوانرێت حسابی بۆ بکرێت، زۆربەی دامەزراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران ڕووخاون.

بەڵام هێشتا دەتوانین هیوا بە دامەزراوەی بنەماڵەیی بخوازین و پلانی بۆ دابنێین، هەروەها هیواخوازی گۆڕانکاری لە دامەزراوەی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگای ئێراندا هێشتا چاوەڕوانییەکی ژیرانەیە. هەرچەندە ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە و پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە دامەزراوەی بنەماڵە هێشتا گرنگترین ناوەندە کە گۆڕانکاریی نەوەکانی تێدا ڕوودەدات و ئاماژە بە تیۆری مارگرێت مید و مانهایم دەکەین سەبارەت بە بناغەکانی توێژینەوەی نوێیەکان و وەک ناونیشانی تیۆری خوێندنەکە و ”یەکێک لەو توێژەرە کەمانەی کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە جیهاندا کاریان لە توێژینەوە لەسەر نەوەکان کردووە، خاتوون مارگریت مید و بەڕێز مانهایم ـ ن،کە بناغەکانی توێژینەوەی نەوەکانیان لە جیهاندا دامەزراند. مارگریت مید پێی وایە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە پەرەسەندنی مێژوویی خۆیاندا ڕووبەڕووی چەندین گۆڕانکاریی خێرای میدیایی، مێژوویی و تەکنەلۆژی دەبنەوە، توانای دروستکردنی بۆشایی کۆمەڵایەتیی زیاتریان هەیە. بۆیە ئەم بۆشاییانە گرنگن چونکە گۆڕانکاریی پرۆسە بەردەوام و خاوەکانیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەبێت و پێی وایە کە دەبێتە هۆی بۆشایی ئەزموون و کولتوور.

ئەو باسەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەنێوان نەوەی سیاسی و نەوەی هەشتاکان و نەوەی Z زۆر بە ئاشکرا بوونی هەیە. بۆیە بەپشتبەستن بە پێداچوونەوە بە حوکمرانی لە ئێران و بە پشتبەستن بە تیۆری مید، وا گریمانە دەکەین : ئەگەر لە چوار دەیەی رابردوودا بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆری مارگرێت مید پێداچوونەوە بە ئێراندا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە حوکمرانی، پێکهاتەی سیاسی و گوتارەکان گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە. کۆمەڵگای ئێران شەرێکی هەشت ساڵە ئەزموون دەکات، دواتر پلانی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواتر گەشەسەندنی شارنشینی، کۆچی مێشک، گۆرانکاری لە پەرەپێدانی پەروەردەی فەرمی لە ئێراندا روو دەدات، کە لەسەر بنەمای کچان و کوران بە شێوەیەکی بەرفراوان پەروەردە دەکرێن و یەکێک لە هەرەشەکانی حوکمرانی ئێستان. پەرەسەندنی بنماڵەی ناوکی لە فۆرمی ناتەواوی خۆیدایە و سەرهەڵدانی گوتاری سیاسی لە کایەی سیاسیدا، زیادبوونی بەکارهێنانی کولتووری میدیایی لە کایەی کۆمەڵایەتی ئێران، زیادبوونی دزەکردن رێژەی میدیای نێودەوڵەتی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و پەیوەندیی نوێ و سۆشیال میدیا بوونەتە گرفت لە بەردەم دەسەڵات. هەر بۆیە لە راستیدا ئەگەر بەپشتبەستن بە دیدگای مید باس بکەین، کۆمەڵگای ئێران تەنیا لە ماوەی چوار دەیەدا هەموو ئەم پێشهاتانەی بەخۆیەوە بینیوە و ئەم پێشهاتە خێرا مێژوویی ، کۆمەڵایەتی، میدیایی و تەکنەلۆژییانە وایکردووە کۆمەڵگای ئێران ئامادە بێت بۆ کەلێنەکان، لەوانەش کەلێنی نەوەکان. جگە لەوەش پێویستە ئاماژە بە پێشهاتەکانی ناو میدیا بکەین کە زۆر تایبەتە، هەرچەندە ئەمە ئەزموونی رۆژئاوایە، بەڵام دەکرێت ئەو ئەزمونە بۆ ئێرانیش درێژ بکرێتەوە، کە نەوەکان تا ئێستاش لە چ جۆرە میدیایەک ئامادەن و لە کۆمەڵگاکەماندا چۆن بەکاریان هێناوە". بەپێی بەکارهێنانی میدیا، نەوەی جیاواز بەرهەم هاتووە، لەوانە: نەوەی شەری میدیای باڵادەستی، نەوەی جەنگ لە جەنگی جیهانی دووهەمدا لە کۆمەڵگەی رۆژئاوادا کە رۆژنامەگەری و رادیۆ بوو. ئەو کۆمەڵگایەی بەهۆی شەرەوە زیانی پێگەیشتووە، کە لە راستیدا بە نەوەی خۆنەویست و گونجان و بێدەنگ ناودەبرێن، لە ساڵی ١٣٢٠ تا ١٣٣٠ لەدایک دەبن. نەوەی دەیڤید بوومەرز یا نەوەی منداڵان، نەوەی گونجاوەکانن.

## نەوەی y

لە نەوەی y ، میدیای سەرەکی بریتین لە تەلەفزیۆنی مانگی دەستکرد و تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاری، پاشان میدیای جۆراوجۆری ١ WEB کە ئێمەش ئەزموونمان کردووە. کە ئەوانە دەگرێتەوە کە لەنێوان ساڵانی ١٣٧٠ و ١٣٨٠ لەدایکبوون دەگرێتەوە

## نەوەی Z

نەوەی Z کە باسی سەرەکییە، پێی دەوترێت ، نەوەی دیجیتاڵ و یەک لەوانە ئەوانەن کە لەنێوان ساڵانی ١٣٨٥ بۆ ١٣٩٥ لەدایک بوون. ئەمانە لە قۆناغێکدا لەدایک بوون و پێگەیشتن کە لوتکەی گەشەسەندنی میدیای مۆبایل و میدیای کەسی و مالتیمیدیایە و شایەتحاڵی سەرهەڵدان و خۆجێیکردنی وێب ٢ و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵین.

## نەوەی ئەلفا:

بەڵام لە نەوەی ئەلفادا کە لە ساڵی ١٣٩٠تا ١٤٠٣ لەخۆدەگرێت، بە جۆرێک منداڵانی نەوەی هەزار ساڵە و هەروەها نەوەی خەڵکی رەسەنی دیجیتاڵی لەدایکبوون و ژیان و کارکردن و کات بەسەربردن و بەگشتی جیهانەکەیان دیجیتاڵییە. بە واتایەکی تر لە دیجیتاڵ میدیا پەیوەندی دروست دەکەن و لە سۆشیال میدیادا دەژین

و کۆڕێک پێک دەهێنن و کارگێڕی دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن و لە ڕاستیدا دەژین. وە ئەمــە جیــاوازی نێوان ژیان لــە جیهانی دیجیتاڵی و ژیــان لە جیهانــی ئۆفلایندایە". کە خاڵێکی گرنگە ئێمە لە سیستەمی سیاسی و سیستەمی بنەماڵەی خۆماندا زانیاری و شارەزاییمان لـە جیهانە دیجیتاڵییەکان هەبێت. تا چەند پەیوەندیمان لەگەڵ پرۆسەکەدا هەیە، و ئەو کارلێکانەی لەوێدا ڕوودەدەن، و لەگەڵ دروستکردنی بەها لـە جیهانی دیجیتاڵیدا؟

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوویانەی کە لەم بوارەدا لە ئێران ئەنجام دراون کەمتر بووە بە ڕوانگەیەکی پەیوەندیدار لە لێکۆڵینەوەکە و سەرنج دەخەنە سەر ڕەهەندەکانی پەیوەندیکردنی پرسی نەوەکان و ئەو تەحەددایانەی گفتوگۆ و کارلێککردن کە پێکەوە هـەیـانە، و چــۆن دەتوانرێت ئەم بۆشاییەی پەیوەندیکردن و ئەو پشێوییەی کە لە بۆشایی گفتوگۆدا دروستبووە، چارەسەر بکرێت. توێژینەوەیــەک کە لە ســاڵی ١٣٩٨ لەنێوان خوێندکارانــی ئامادەیی بۆ کچــان و کوران لە تــاران ئەنجام دراوە دەرکــەوت کە - دایک و باوک و منــداڵان کەمتر کات و وزە بەســەر دەبەن بــۆ پەیوەنــدی زارەکــی، گفتوگۆی درێژ و هاوســۆزی، قبوڵکــردن و ڕێزگرتن لە کەســانی دیکە بــە ئامانجی هاوبەشــکردنی بیــروڕای گشــتی و ئاڵوگۆری بیروبــاوەڕ و بەهاکان، و هەســت و حــەزەکان و ئاواتەکان.

ئەگەر گفتوگۆیەکی کورتیش دروست بێت، لایەنی دیالــۆگ و گوێگرتنــی نییــە و بــەرەو دەمەقاڵــە، و گــرژی و ململانێ دەڕوات و هــەر بۆیــە منــداڵان کەمتــر چێــژ لــە قســەکردن لەگــەڵ دایــک و باوکیــان وەردەگــرن. ئــەم توێــژەرە نوێیــە نیشــانی دا کە لە ئەنجامــی ڕاپرســییەک دەریخســتوە کــە گفتوگــۆی نێــوان ئەندامانی خێــزان لە ٢ کاتژمێــر لــە ڕۆژێکدا لە ٢٠ ســاڵ لەمەوبەر بــۆ ٢٠ خولەک لەم ســاڵدا کەمــی کردووە. لێکۆڵینەوەکانی پێشــووتر دەریدەخەن کەلێنی سـۆزداری نێــوان نــەوەکان واتــە نەوەی دایک و بــاوک و منداڵ و گونجانــی نێوانیان کەمبووەتــەوە. تەنانەت بۆتە هــۆی توندوتیژی زارەکی و جەســتەیی وەک کوشتنی منداڵان. لـە هەواڵەکانـدا بـاس لـەوە کـرا کـە ساڵانە بە تێکـڕا ٧٥ حاڵەتـی کوشـتنی کۆرپـە ڕوودەدات. تێکچوونێکــی پەیوەنــدی نێــوان نەوەکانــە کــە ئــەم جــۆرە ڕووداوانــە ڕوودەدەن، ئــەم ئەنجامانـە نیشـان دەدەن کـە پەیوەنـدی نێـوان نـەوەکان لــە بنەماڵــەی ئێرانــدا تێکچــووە.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، هۆکارە کاریگەرەکان لە دروستکردن و ڕێگریکردن لە گفتوگۆ و کارلێکی ئەرێنی لەنێوان دایک و باوک و منداڵدا چین؟ هەروەهــا دەرئەنجامی ئــەم دیاردەیە چییە؟

"پێناســەی بوبەر بۆ دیالۆگ" بۆ وەڵامدانەوەی ئــەو پرســیارەی ســەرەوە ئەوەیــە کە بۆ بوبــەر دیالــۆگ ڕێگایەکــە بــۆ دۆزینەوەی ئەویتر، نــەک شــێکردنەوە و گۆڕینی ئەویتر. ئێمــە دیالــۆگ بــەکار دەهێنیــن بــۆ گۆڕینــی ئەویتــر. ئێمــە هەمیشــە وەک مشــتومڕێک ســەیری دیالــۆگ دەکەیــن. لــە مشــتومڕدا هەمیشــە دەمانەوێــت لایەنــی بەرامبــەر بدۆڕێــت. دیالــۆگ و گفتوگــۆ لــە مانــای بوبــەردا کــە لێــرەدا دەیخەمــە ڕوو، لــە دەرەوەی ئــەو مانــا و پێناســەیەدایە. دیالــۆگ ئامرازێــک یــان ســتراتیژێکە بــۆ دۆزینــەوەی ئەویتــر و نەگۆڕینــی ئەویتــر. لــە گفتوگۆکانماندا هەوڵی ســەرکۆنەکردن و پێشــوەختەیی و حوکمدانی یەکتر دەدەین، ئەو کەســە وەک خۆی لە دۆخی خۆیــدا قبوڵ ناکەیــن، بەڵکــوو دەمانەوێــت بیکەینە هی خۆمــان. لایەنی بەرانبــەر دەتوانێت منداڵێک بێت، هاوکارێک، هاوســەرێک، خوێندکارێک، یان هێزێکــی سیاســی لەبەردەمماندا بێت.» هەرچەنـد لـە ڕاسـتیدا پێشـمەرجی گفتوگـۆ قبووڵکردنـی ئەویتـرە بـە هەمـوو جیـاوازی و ناکۆکییـەکان. دیالـۆگ واتـە دانانـی بـە لایەنـی بەرانبـەردا بەبـێ گوێدانـە ڕەگەز، چیـن و هەموو

ئەو شتانەی کە سەر بە لایەنی بەرانبەرە. مارتن بوبەر لە کتێبی "من و تۆ"دا دەڵێت؛ کاتێک گارسۆنەکە دێتە لات و دەتەوێت فەرمانی پێ بکەیت، زۆر جار وەک مرۆڤێک سەیری گارسۆنەکە ناکەیت، ئیدی تیپێکی پێ دەدەیت و ئەویش دەڕوات. لە ڕاستیدا ئەو ئۆبژە و ئامرازێکە کە پێویستە بۆت بەدی بهێنێت. بۆیە لە کارلێکەکانی نێوان نەوەکاندا ئێمە ڕوانگەیەکی هاوشێوەی ئۆبژێکتمان هەیە بۆ مرۆڤەکان نەک ڕوانگەیەکی هاوشێوەی مرۆڤ. بوبەر دەڵێ هەموو مرۆڤێک مرۆڤێکی ڕەسەنە و تاکایەتییەکی تایبەتی هەیە؛ لە دیالۆگدا پێویستە ئەو تایبەتمەندییە و ئەو تاکایەتییە لەبەرچاو بگیرێت. ڕێز لەو کەسە بگرە و بەو پێیە قسەی لەگەڵ بکە نەک ئەوەی هەوڵی گۆڕینی و ڕێنماییکردنی بۆ ڕێگا ڕاستەکەم بدەی. یەکێک لە هەڕەشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە کە دەمانەوێت هەموو شتێک بگۆڕین و با منداڵەکان هەمان ڕێگا بگرنەبەر کە ئێمە پەیڕەوی لێ دەکەین".

## گۆڕینی ئەرکەکانی حکومەت و خێزان وەک بەربەست لەبەردەم گفتوگۆ

چوار میحوەر یان بەربەستی بەردەم دیالۆگ لەنێوان خێزان و نەوەی Z کە بریتین لە:

١. یەکێکیان بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێزانە. بنەماڵەی ئێرانی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی پرسە ئابوورییەکان و زۆرترین دامەزراندنی دایکان و باوکان، چەندایەتی و چۆنایەتیی دەرفەتی دیالۆگ کەم بووەتەوە، کاریگەری ئابووری لەسەر کارلێکەکانی نێوان نەوەکان کەمتر گرنگی پێ دراوە. دایک و باوک، چ تاک و چ دووانە، کەمتر دەرفەتیان هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان و نەوەی نوێ. هۆکارە جۆراوجۆرەکانیشی ئەوەیە کە بنەماڵەی ئێرانی بارگرانی قورسی ناکارامەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دامەزراوە سیاسییەکان، دامەزراوە ئابوورییەکان، دامەزراوەکانی قوتابخانە و... هتدیان لە ئەستۆ گرتووە. حکومەت چی دەکات؟ خۆی بە حیجاب و کۆمەڵایەتیکردنەوە دەلکێنێت، دەڵێت نوێژ بکە، حکومەت لە ڕاستیدا کاری خێزان دەکات و خێزانیش کاری حکومەت دەکات. خێزان بیر لە دامەزراندن و ئابووری و هەموو ئەو شتانە دەکاتەوە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دەبێ بیکەن؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نییە. لە بنەڕەتدا خێزان ئامادە نییە ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییانە قبووڵ بکات. ئەگەر خێزان منداڵەکەی نەنێرێت بۆ تاقیکردنەوەی وەرگرتن، ئایا دامەزراوەی قوتابخانە دەتوانێت منداڵەکەیان پەروەردە بکات بۆ ئەوەی نوخبە و کارامە و هاوڵاتییەکی بەسوود و خوازراو بێت؟ هەرگیز. سەرەڕای ئەم بارگرانییە قورسە، هێشتا دامەزراوەی بنەماڵە پارێزراوە. کێشەکانی کۆمەڵگا لە دیواری خێزانەوە دێت و دەچنە ناو خێزان و بناغەکانی بنەماڵە تێک دەدەن. باوکێک کە لە کارەکەی دوور خراوەتەوە و بێکارە، لەناو ماڵدا، هەموو شتێک تێک دەدات و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دامەزراوەی ئابووری ناکارامەیە. هەروەها فاکتەری زۆر گرینگ هەیە لە گفتوگۆی نێوان نەوەکاندا، وا نییە کە لێهاتوویی گفتوگۆ یان ئامۆژگاری بۆ ڕێزگرتن لە یەکتر چارەسەری هەموو کێشەکان بێت و ئەمانە بە تەنیا بەس نین. لە ڕاستیدا دایک و باوک لە خەباتدان بۆ قەرەبووکردنەوەی بێکاریگەریی دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزان و بەتایبەتی حکومەت. چونکە دەرفەتەکان زۆر نایەکسانن. بۆنموونە، سیستەمی کرێچی هەموو دەرفەتەکان دەدزێت.

٢. هۆکارێکی تری ئەوەیە کە دایک و باوک و منداڵ کاتی پشوودانی خێزانی هاوبەشیان نییە.

لـە سـەردەمی نوێـدا خێزانەکـە هیـچ پلانێکی بۆ کات بەسـەربردن نییـە. بۆیـە کات بەسـەربردنی کەسـی ئاراسـتەکراوی میدیایی بۆ هـەردوو دایک و بـاوک و منـداڵ پـەرەی پێـدراوە.ماڵیکـردن و بەسـەربردنی کاتەکانـی پشـوو بـە شـێوەیەک پاسـیڤ بووەتـەوە و لـە شـێوازی ژیانـی ئێرانی بە سـیمایەک زاڵـە کـە هیـچ دیالۆگێکی تێـدا نییە. بەگشـتی ئەو کەسانەی کە مۆبایل یان کات بەسەربردنی میدیایی بەکاردەهێنن، گۆشەگیری لە گۆشەیەکداهەڵدەبژێرن و کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. بەرنامەکانـی کات بەسـەربردن لـە وڵاتـە سـەرکەوتووەکاندا بەرنامـەی پیـرۆزن، ئەگـەر کەسـێک توانیـی، سـەفەر دەکات. لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە ئێـران لـە بنەڕەتـدا پلانـی سـەفەرمان نییـە، گەشـتەکان زۆر پلانیـان بـۆ دانەنـراوە. بـەزۆری ئیمپرۆڤیـزە و هەسـتیارە. یـان لـە کاتی سـەفەرەکاندا، بـەزۆری ئەوەنـدە منداڵـەکان تاوانبـار دەکەیـن یـان ئـاگاداری دەکەینـەوە کـە چێـژ لـە بـوون لەگـەڵ ئێمـە وەرناگـرن.

٣. فاکتەرێکی تر، لە دەسـتدانی دەسـەڵاتی دایـک و باوکایەتییـە لەبـەر دوو هـۆکار: یەکێکیان بەسـەرچوونی زانسـت و ئەزموون و زانیاریـی نـەوەی دایک و باوکـە لەلایەن منداڵەکانـەوە. بۆیـە لەژێـر کاریگەریی ئەو سـەرچاوە جۆراوجۆرانەی زانیـاری کە هەیانە لـە لایەکی تـرەوە، دایکان و بـاوکان خۆیان هەسـت دەکەن کـە زانیارییەکانیـان کۆنە و ئیتر ناتوانرێت هاوبەشـی بکەن، بێگومان ئەمە هەڵەیە و هـەردوو ئەم کاردانـەوەش بەهۆی تێنەگەیشـتن و نەبوونی دەرفەتی دیالۆگەوەیە.

٤. دایـک و بـاوک ڕۆڵـی خۆیـان تەنهـا وەک جزدانێـک دەبینـن. زۆرێـک پێیـان وایـە کـە پارەیەکـی بـاش بەدەسـت دەهێنـن بـۆ ئـەوەی منداڵەکانیـان بنێـرن بـۆ باشـترین پۆلەکانـی ڕاهێنانـی کارامەیـی، وەک پۆلەکانـی مۆسـیقا و هونـەر، قوتابخانـەی قورئـان، قوتابخانـەی وەرزشـی. بێگومـان ئـەم پرسـانە بەشـێکن لـە پرسـە بنەڕەتییەکانـی شـارە گـەورەکان و بـە واتایەکـی تـر خێـزان بەبـێ مەبەسـت خـۆی لـە وەرچەرخانێکـی مێژوویـدا دەبینێتـەوە، کـە کارەکانـی دامـەزراوەی پـەروەردە و دامـەزراوەی ئابـووری و ...هتـد ئەنجام دەدات. چاوەڕوانی منداڵەکان لە خێزانەکە زۆر بەرز بووەتەوە، ئەگەر بگوترێ کە داواکارییەکانیان لە خێزان زۆرە و خۆنمایشکردنن، ئەمەش بەهۆی ناکارایی دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزانەوەیە، بە واتایەکی تر هەموو پرسەکانی بنەماڵە تێکچووە بەڵام حکومەت چی دەڵێت: حیجابەکەت چاک بکە. بەگشـتی حکومەتـە ئایدیۆلۆژییـەکان لـە دوو سێ مۆدێلـی پراکتیکـی زیاتریـان نییـە؛ "چاکـە و خراپـە ـ ئەرێنـی، نەرێنـی ـ سـەد و سـفر". هەمـوو شـتێک بـەم شـێوەیە دەبینـن. لـە نێوان شـتەکانی تـردا دەڵێـن دایـک و بـاوک چاکـەی ڕەهایـە، دەبێـت گوێڕایەڵـی ئەوان بیـت. تێناگات کـە خێزانـی مۆدێـرن کێشـەی مۆدێرنیـان هەیە کـە دایـک و بـاوک ناتوانـن چارەسـەری بکـەن.

## هۆکارەکانی ڕێبـازی تاکڕەوانە و توندوتیژی لـە نەوەکانـدا، لەوانـەش نـەوەی Z

نـەوەی Z و پێـش ئـەوە شـێوازێکی ژیانـی تاکڕەوانەیـان هەیـە بۆچـی؟ چونکـە لـە خێزانێکـی پاوانخـوازدا گـەورە بـوون. بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن و دروشـم دەڵێـن کـە دیموکراتیـن، بـەڵام بـە کـردەوە ئەمـە وا نییـە. لـە هەمـان کاتـدا دەسـەڵات دەرفەتـی سـنووردار بـۆ نـەوەی نوێـش لەبەرچـاو دەگرێـت و هێشـتا لـە بنەماڵـەی ئێرانـدا هیـچ پەیوەندییەکـی ئاسـۆیی بـە مانـای ڕاسـتەقینە نییـە. سیسـتەمی ڕێکخراوەیـی و پلەبەندیـی ڕاسـت هێشـتا زاڵـە، دایـک و بـاوک هێشـتا یەکـەم و کۆتـا وشـەیان هەیـە. لەپەیوەندییەڕاستەکانداتەنهاخاڵەکان ئاڵوگۆڕدەکرێن. بەواتایەکی تردانوستاندن یەکسانەبەئاڵوگۆڕی خاڵەکان. منـداڵان بـەزۆری کـەم دەبنـەوە چونکـە ئاسـۆیەک نییـە ببەخشـن، دایـک و بـاوک دەڵێـن پـارە و خەرجییـەکان دابیـن دەکـەن،

هەروەها ئەویش ناچارە لە دۆخێکی سنووورداردا کەم ببێتەوە پەیوەندی هاوسۆزی نێوان دایک و باوک و منداڵ و نەوەکان زیاتر لە قۆناغی سەرەتاییدایە، وردەوردە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵان پەیوەندی هاوسۆزی کەم دەبێتەوە و منداڵان کەمتر خۆیان ئاشکرا دەکەن و کەمتر شەفافیەتی ڕەفتار نیشان دەدەن؛ خۆیان دەشارنەوە و ئەمەش گرینگە و هۆکارەکەی ئەوەیە کە پەیوەندییە هاوسۆزیەکان کەم دەبنەوە یان لە ڕاستیدا دەربڕینی هەستەکان تا تەمەنێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت، پاشان کاتێک منداڵەکان گەورە دەبن، هەمان دەربڕینی هەستەکان دەبێتە تابۆ". و هانا بۆ پەیوەندیی مەجازی دەبەن کە ئەوانیش لە ڕاستیدا و لانیکەم لە ڕەهەندی ئێرانی، بەگشتی پڕن لە توندوتیژی. سەیری تویتەر بکەن پڕە لە جنێودان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نەوەی Z هێشتا فێری پەیوەندیکردن نەبووە. ئێمە لە بنەڕەتدا فێری دیالۆگیان ناکەین. دیالۆگ وەک مشتومڕ و گفتوگۆ و گفتوگۆیەکی کازۆئال نییە. لە بنەڕەتدا دیالۆگ بە مانا بوبەرییەکەی، بە واتای دۆزینەوەی یەکێکی تر دێت. پێویستە هۆشیاریی دایکان و باوکان لەمەڕ گرنگیی دیالۆگ بەرز بکەینەوە و دایک و باوک ئاگاداری سروشت و بنەما و بەها و گرنگی دیالۆگ بن. پێشمەرجی گفتوگۆی دروست ئەوەیە کە قبوڵ بکرێت کە دیالۆگ لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا بوونی نییە هەموو شتێک ڕێکوپێک و لەسەر بنەمای پلەبەندیی نەوەکانە و دیالۆگ لە کۆمەڵگەی مۆدێرن مانای هەیە. بە واتایەکی تر، کارامەییی ژیان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن بوونی هەیە، بنەماڵەی ئێرانی هێشتا مۆدێرن نین — کچان کاتێک هاوسەرگیری دەکەن، خانوویەک هەڵدەبژێرن کە نزیک بێت لە ماڵی دایک و باوکیان؛ کەواتە خێزانی ئەتۆمی هێشتا ناتەواوە. بەم مانایە، ئێمە هێشتا لە قۆناغێکی گواستنەوەداین چونکە دەیانەوێت ببنە پەرستار بۆ ئەو نەوانەی کە لەدایک دەبن. چونکە دامەزراوەی پەرستاری بێکاریگەرە و هەر بۆیە ئێمە مامەڵە لەگەڵ خێزانێکی ئەتۆمی مۆدێرن و ناتەواودا دەکەین تەنانەت دوای هاوسەرگیری منداڵەکانیان، دایک و باوکەکان پاڵپشتی ئابوورییان پێ دەکەن بە هۆی ناکارامەییی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و مۆدێرنەکانی شار و حکومی.

ئەگەر ئەو مۆنۆلۆگ و ئامۆژگاریکردنەی نەوەی تەقلیدی کە پێی وایە ئامۆژگاری زۆر باشە بەڵام نازانێت کە ئامۆژگاریەکە مۆنۆلۆگە.واتە لایەنی بەرامبەر لە هیچ تێ ناگات، تەنها دەبێت قبوول بکات ئەوەی من دەیڵێم.»

سەبارەت بە یەکێک لەو بابەتانەی کە نەوەکانی پێشوو بە نەوەی Zیشەوە گلەیی لێ دەکەن، دەڵێن کاتێک لە قوتابخانە دێنەوە ماڵەوە، دایک و باوکیان بەردەوام پرسیاری ئەوە دەکەن چی ڕووی داوە و چی ڕووی نەداوە و چی ڕوودەدات؟ جۆرێک لە لێپرسینەوە کە دەبێت منداڵی بنەماڵەکەش وەڵامی بداتەوە، بۆیە ئەم دۆخەی دیالۆگ لە سروشتی لێپرسینەوەدایە. ئێستا دەبێت ڕاپۆرت بدات و بەزۆری ئەرێنییەکان دەڵێت نەک نەرێنییەکان. ئەوەی جێگای سەرنجە، خۆئاشکراکردن هەموو ئەو شتانەن کە لە دەرەوەی خێزان بوون، وەک هاوڕێیان، یان ڕاوێژکاری قوتابخانەکان، یان زۆربەیان ئەو باس و خوازانەی لە دەرەوەی خێزان بوون.

## ململانێی نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیری

دۆخی بەها جێگیر و ناجێگیرەکانی نێوان بوارە جیاوازەکانی ژیانی بنەماڵەی نەوەی Z، جگە لەو کێشە بابەتییانەی کە

لەناو خێزانەکەدا هەبوون، پرسێکی دیکە جیهانبینی و بەها جیاوازەکانی نەوەکانن.

تێکچوونی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە بەرهەمهێنەرەکانی گفتوگۆ، پەیوەندی بە کەمبوونەوەی توانا کارلێکەکانی خێزان و کەمبوونەوەی قەبارەی ڕەهەندی خێزانەوە هەیە کە لەژێر کاریگەریی پێشهاتە مێژوویی و تەکنەلۆژییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا، سیستەمی بەهاکانی جیهانبینی دوو نەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. جیهانی نەریت جیهانی بەها جێگیرەکانە، لە بنەڕەتدا سزا لە فۆرمی تەقلیدی خۆیدا بەهایەکی جێگیر بووە. ئێستا ئەم نەریتە زۆر گۆڕاوە. بەهاکانی نەوەی نوێ ناجێگیرن. ململانێی نێوان سەقامگیری و ناسەقامگیری، لەناو خێزاندا، بووەتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی و دیالۆگ، ئەمەش بە واتای ململانێی نێوان بەها جێگیرەکان و بەها ناسەقامگیرەکانە. بەها جێگیرەکان ئایدیاڵن. ئەو کەسانەی بەها جێگیرەکانیان هەیە دەیانەوێت منداڵەکانیان ببنە ئەندازیار یان پزیشک. لەم ڕوانگەیەوە کامڵگەرایی تایبەت لە دایک و باوکدا هەیە". ئەم کامڵگەراییە ئایدیالیستییە شتێکە کە منداڵان ئامادە نین بەدوایدا بگەڕێن. منداڵ و نەوەیZ دەیانەوێت چێژ لەوە وەربگرن کە هەن. ئەوان نایانەوێت پەیڕەوی لە ئایدیاڵە ئایدۆلۆژییەکانی حکومەت بکەن. ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە. نەوەی پێشوو کە ئێمەش دەگرێتەوە، پێیەک لە نەریت و پێیەک لە جیهانی مۆدێرن، لەم گۆشەنیگایەوە نەوەی X لانیکەم نەوەی ناوەڕاستە لە کۆمەڵگای ئێراندا. نەوەی کۆتایی نەوەی توندڕەوییە، کە ئامادەیە ژیانی خۆی لە ڕێبازی ئایدیاڵدا بەخت بکات. ئەو نەوەیەی پێش شۆڕش بە گرووپی شۆڕشگێر و سیاسی شەڕیان کردووە، لە قۆناغی جەنگی دوای شۆڕشدا شەڕیان کردووە، ئەوان گیانی خۆیان بەخت دەکەن لە پێناو ئایدیاڵەکانیاندا. ئامرازی شەڕکردنیان دەمانچە و ... هتد و، ئامادەیە ژیانی خۆی ببەخشێت بۆ ڕزگارکردنی دۆزی خۆی کە هیچ هەواڵێکی وا لە نەوەی نوێدا نییە. نەوەی نوێ دەیەوێت بژی، تەنانەت ئامرازەکانی شەڕکردنیشی دوگمەی تاچن. لە بنەڕەتدا هیچ توندوتیژییەکیان تێدا نییە تا ئەو کاتەی وەک گڕکان دەتەقنەوە. تێگەیشتنی نەوەی نوێ زۆر گرنگە، ئەم نەوەیە دەتوانێت کارلێک لەگەڵ یەکتردا بکات، چونکە دەتوانن پێکەوە بژین و تەحامول بە یەکتر بکەن. لەم ڕوانگەیەوە خاڵێکی گرنگە کە نەوەی نوێ هەوڵی نەهێشتنی ئەوانی تر نادات، بەدوای پێکەوەژیاندا دەگەڕێت، نەوەی پێشوو بەدوای لەناوبردنیدا دەگەڕێت و لە بنەڕەتدا ئەوی تر قبووڵ ناکات.»

## سەرچاوەکانی کۆمەڵایەتیبوون، جیاواز لە نەوەی پێشوو" لە نەوەی Z ؛

لە نەوەی پێشوودا قوتابخانە و مزگەوت و شارەکان دامەزراوەی کۆمەڵایەتیکردنن، بەڵام نەوە نوێ سەرچاوەی پەیوەندیەکانیان میدیا و چەندین تەکنەلۆژیای تریان هەیە بۆ کۆمەڵایەتیکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش جۆرێک لە گۆڕانکاری لە گروپەکانی ئاماژە پێکراودا ڕوویداوە. میدیا و تەکنەلۆژیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر نەوەی نەریتی بیەوێت لە هەمان چوارچێوەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەمان نەوە و ئەو دامەزراوەیەی ئاماژەی پێدەکات، تووشی قەیران دەبن، بۆیە بە ئارکیتایپ ناتوانین وەڵامی کێشەکانی نەوەی نوێ بدەینەوە یان لە جیهانبینی نەوەی نوێ تێبگەین و کارەکتەر و سیفەتی نەوەی نوێ جیاواز بوون لە نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ خۆدامەزرێنەرە". نەوەی پێشوو کە پێشەنگی نەریتەکە بووە یان

دواجار سەرکردەیەکی تر بووە.

ڕەیسمان دەڵێت سەرکردەکەی تر میدیایە. ڕیسمان دەڵێت کە میدیا شێوازی ژیانی دیاری کردووە، ئەوانەی لەبەردەم تەلەفزیۆندا گەورە بوون کەسانێک بوون کە زۆریان دەخوێندەوە، ڕۆمان و کتێبی مێژوویی و ئایینییان دەخوێندەوە، بەو شێوەیە پاڵەوانی ژیانی خۆیان دۆزییەوە. بەڵام نەوەی نوێ خۆسەنتەرە. هەر بەهایەک کە سوودی بۆی هەبێت هەڵی دەبژێرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش قورئان و هاری پۆتەر و ئامرازەکانی تری بەرهەمهێنانی بەها، هەموویان پێکەوەن. هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەم بەهایانەدا نابینێت و تەنانەت پێی وایە هەر یەکێک لەمانە بۆ ئەو سوودی تایبەتی هەیە.

نەوەی نوێ، واتە نەوەی Z، نەوەیەکی تەیار بە تەکنەلۆجیا و زانستی مۆدێرن و خولقێنەرە. خۆدروستکردن هەستێکیان پێ دەبەخشێت کە جیاواز و بەسوودن. جیهانی سۆشیال میدیا ئەگەری دروستکردنی ناوەڕۆک و پەیام و پەیوەندیکردنیان بۆ دابین دەکات. لە ڕابردوودا شتێکی لەو جۆرە نەبووە ئەمەش هێزی نەوەی نوێی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات و پەیوەندی و تۆڕی ئەم نەوەیە بەهێزتر دەکات. لە ڕاستیدا ئەو خولقێنەرە. ئەمانە نەوەکانی تەکنەلۆژیای بنەڕەتی و تێکدانی نەزمی هەبوون. ئەوان بە گشتی نەزمی هەبوو لەناو نابەن، بەڵکو پێکهاتەکەی دەگۆڕن. دەشڵێت: ماوەیەک لە سیستمی بانکیدا بووم. پێدەچێت ئەپڵیکەیشنی بانکەکەت لە مۆبایلەکەتدا هەبێت و بۆ مامەڵەی دارایی، پێویست ناکات لە ڕیزدا چاوەڕێ بکەیت و چەندین کاتژمێر لە بانک دابنیشیت، تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان ئەم کارە دەکەن. پێی دەوترێت نیو-بانک. هەموو شتێک مەجازییە. ئێستا دەتەوێت پاساو بۆ داڕێژەری سیاسەتی تەقلیدی بهێنیتەوە کە لە بنەڕەتدا هەموو بەهاکان، لەوانەش بەهای ئابووری، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای هاوڕێیەتی، بەهای دروستکردنی متمانە، هەموویان لە تۆڕەکەدان و ئایا ئەم تۆڕە دەتوانرێت دابخرێت؟ ئایا نەیانگوت تۆڕی ئینستاگرام دابخە؟ بەڵام ئایا ئینستاگرام داخرا؟ نەخێر. چۆن وەک تۆڕی ڕادیۆ نییە، تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەرەوە یان کەناڵەکە بگۆڕێت. "فەرماندەکان لە جیهانی دیجیتاڵی تێ ناگەن".

ئەم توێژەرە لە درێژەدا باسی لە چەمک و پێناسەی پیربوونی دیجیتاڵی دەکات و وەک یەکێک لە توخمەکانی بێتوانایی گفتوگۆی نێوان خێزان و نەوەی نوێ و وتی: پیربوونی دیجیتاڵی واتە نەوەی دایک و باوک کە دەکەوێتە دواوەی نەوەی ئێستا و ئەوان و نەبوونی گونجان لەگەڵ تەکنەلۆژیاکانی ئەمڕۆدا." بۆیە ناتوانن لەگەڵ نەوەی نوێ لە دونیای ئێستادا قسە بکەن کاتێک نەوەی پێشوو ناتوانێت مامەڵە بکات و پەیوەندی و سامان و بەها و کارێک لە جیهانی دیجیتاڵیدا دروست بکات، لە بنەڕەتدا ناتوانێت بچێتە ناو دیالۆگ لەگەڵ نەوەی نوێ ، چونکە نەوەی Z هیچ تێگەیشتنێکی لەو دونیایە نییە.

نەوەی تەکنەلۆژیا هەوڵ دەدات پێداچوونەوە و دەستکاریکردنی فەرمانە تەقلیدییەکان بکات بۆ ئەوەی بتوانن پلانێکی نوێ بۆ ژیان دابڕێژن. و لە بنەڕەتدا دەڵێن نەوەی نوێ داهێنەری تێکدەرن". ئەوان خۆیان ئایندە بنیات دەنێن و دروستی دەکەن. نەوەی پێشوو، کە نەریت ڕێنوێنی دەکات، داهاتوو لەسەر بنەمای ڕابردوو بنیات دەنێت، نەوەی Z لە ئێستاوە دەست دەکات بە بنیاتنانی داهاتوو، بەبێ مێژوو، لەسەر بنەمای ئەوەی هەیەتی.

ئەگەر نەوەی دایک و باوک نەتوانن بچنە ناو دیالۆگێکەوە لەگەڵ نەوەی Z و کەمترین سەروەت و سامانی خۆیان بخەنە بەردەم نەوەی

Z و پارمەتییان بدەن بۆ بنیاتنانی داهاتوو، ئەوا خۆیان دەکەون، نەک ئەوەی خۆیان نەتوانن کار لەم بوارەدا بکەن بۆ بەخشین لە بنەماڵەدا، جگە لەو پرسانەی باسم کرد، کۆمەڵێک پەککەوتنمان لە سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرهەمدارەکانی دیالۆگدا هەیە. بەشێکی ئەو فشارە ئابوورییە چەقینەرانەیە کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵنەر و هێزی جەستەیی و دەروونی دایک و باوک و منداڵ بۆ قسەکردن و ببنە هۆی کردەوەی توندوتیژی و دواجار قەیران لە پەیوەندییە مرۆییەکانی خێزاندا. پیربوونی دیجیتاڵی پرسێکە بۆ دایک و باوکان. ئەو دایک و باوکانەی کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ جیهانی نوێدا بگونجێنن، یان پەیوەندی لەگەڵ تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا بکەن، بەدەست پیربوونی دیجیتاڵییەوە دەناڵێنن. کاتێک ناتوانیت پەیامی دروست لە تویتەر بگەیەنیت، ئەوا کاڵ دەبیتەوە. بە بڕوای د. ڕێنانی، بەهای وشە لە جیهانی دیجیتاڵیدا زۆر گرینگە. دایکان و باوکان هێشتا بەهای وشەکان نازانن. لەنێوان شتەکانی تردا نازانن چ وشەیەک دەبێت لە تویتەر تویت بکرێت. یان پێویستە لە ئینستاگرام بڵاو بکرێتەوە. لێرەدایە کە متمانە بە شێوەیەکی نوێ دروست دەبێت لە نیوبانکەکاندا قەرز نادەن بەپشتبەستن بە بەهای سەرمایە، بەڵکو لەسەر بنەمای متمانە بە تۆ لە تۆڕەکەدا و چەندە ناسراویت. بۆ میناک؛ کاتێک بەڕێز ئۆباما پۆستەکەی بەجێ هێشت، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خوێندکاران ئەنجام دا و لە فەیسبووک بڵاوی کردووە، پێی ڕاگەیاندن کە لە داهاتوودا دەبیتە سەرۆکوەزیر یان بەڕێوەبەری گشتی و دواجاریش کەسێکی خوازراو لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەو دەزگایەی چاودێریی ڕەفتارەکانت دەکات، دامەزراوە تەقلیدییەکانی وەک کۆنگرێس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەقلیدی نییە، بەڵکوو شوێنپێی ئێوەیە لەسەر تۆڕەکە و that چی لە فەیسبووک پۆست دەکەیت، بۆ کوێ دەچێت؟.

بۆیە زۆر گرنگە متمانە بە تۆڕەکە دروست بکەین. چەند کەسێک دەمبینن، و چاودێریم دەکەن. پاشان ئەم مامۆستای زانکۆیە باسی لە ئانۆمێدیی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی هیوا لە دەوری هیوای خۆسەنتەری کرد کە لەسەر بنەمای پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە دامەزراوە. وتی کە خاڵی داهاتوو بوونی بێزاری کۆمەڵایەتییە. کاتێک ئانۆمێدیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا هەیە و ئاسۆی گۆڕانکاری کوێر بێت، ئەو ئانۆمێدییە بۆ خێزانەکانیش دەڕژێت.

لە نەبوونی هیوای کۆمەڵایەتیدا مرۆڤەکان ڕوو لە عەقڵانییەتی ئامرازی دەکەن، کە پێی دەوترێت دروستکردنی هیوای خۆبژێو، هیوای تاکگەرایی یان خۆپەرستانە. ”خەڵک هەوڵدەدەن خەونەکانیان بەدی بهێنن بە نرخی چەقاندنی مافی کەسانی دیکە“. مرۆڤ کاتێک نەیتوانی بەدزی بژێوی ژیانی خۆی بکات، بۆ ئەوەی تۆڵەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا بکاتەوە ڕوو لە توندوتیژی دەکات. هەروەها کێشەکانی ناو خێزان بووەتە هۆی جیابوونەوە، کۆرپەکوژی، دایک و باوککوژی و ،،، هتد. دەرئەنجام چوون بەرەو هیوای خۆسەنتەر یان تاکگەرایی، هەوڵدانە بە هەموو شێوەیەک بۆ بەدیهێنانی خەونەکان، لەنێو دەرەنجامەکانی تردا چڕبوونەوەی بۆشاییی نەوەکان، کەمبوونەوەی هاوکاری لە هەوڵەکانی نێوان نەوەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکان و تۆمارکردنی داهاتوویەکی هاوبەش؛ بۆیە دەبینین کە بنەمای هاوبەشمان لەنێوان نەوەکاندا نییە“. و پرسی داهاتوو هەژاری و بەرپرسیارێتی کولتووری خێزانەکانە، کە وەک سەرچاوەیەک لە کەمکردنەوەی دیالۆگدا هەژمار دەکرێت. خوێندنەوەی کتێب، سەیرکردنی شانۆ و سینەما، فیلم و بەکارهێنانی مۆسیقا، ئەم جۆرە بابەتانە وەک سەرچاوە و کارگەیەک باس دەکرێن کە

بیــر و بیرۆکــه و پەیام و مانا بــەرهەم دێنن. خێزانــه ئێرانییــەکان کەمتــر دەخوێنــن. هیــچ پەیامێــک نییــه بــۆ ئاڵوگۆڕکــردن و هاوبەشــیکردن. ئــەو ناڵێــت بۆچــی ئــەو کتێبــەی خوێندوویەتیــەوە ســەرنجڕاکێش بــووە و چــی هەیــە، دەڵێــت لەگــەڵ کەمبوونــەوەی ڕێــژەی بەرپرســیاریێتیی کولتــووری، بــڕی دیالــۆگ و بــڕی زانیــاری بــۆ ئاڵوگۆڕکــردن بــە هەمــان شــێوە کــەم دەبێتــەوە. لــە هــەر حاڵەتێکــدا گفتوگــۆی ســەرنجڕاکێش لــە خێزانــدا کاتێکــە کــە ئەندامانــی خێزانەکــە بەکارهێنانــی کولتــووری هاوبەشــیان هەیــە و دەچنــە نــاو گفتوگۆیەکــەوە لەســەری.

قەبــارەی ماڵــەکان بــە کاریگەریــان لــە کەمکردنــەوەی دروســتکردنی پەیــام و لــە ئەنجامــدا دیالــۆگ لــە بنەماڵــەدا هەیــە و قەبــارەی مــاڵ (ژمــارەی ئەندامانــی بنەماڵــە) لــە کۆمەڵگــەی ئێرانــدا بــە شــێوەیەکی بەرچــاو لــە چەنــد دەیــەی ڕابــردوو کەمــی کــردووە. لــە ٥ کــەس لــە ســاڵی ١٣٨٠ بــۆ ٣.٥ کــەس لە ساڵی ١٣٩٠، بــە واتایەکــی تــر لــە مــاوەی ١٠ ســاڵدا و لــە ئێســتادا کەمتریش بووتــەوە و قەبــارەی ماڵەکــە دوو کەســە و زۆرترینیــان سێ‌کەســین. هــەرکات قەبــارە و ژمــارەی ماڵــەکان کــەم بــووە، ژمــارەی ئەکتەرەکانــی نــاو خێزانیــش کــەم دەبێتــەوە و هەرکاتێــک ژمــارەی ئەکتــەرەکان کــەم بــووە، پێویســتی دروســتکردنی پەیامێــک بــۆ نیــوە کــەم دەبێتــەوە و بــە تونــدی کــەم دەبێتــەوە. کاتێــک منداڵێــک لەدایــک دەبێــت، ئەکتــەری نــوێ لــە ڕاســتیدا پەیامەکــە زیــاد دەکات و وزەی نــوێ بــۆ بەرهەمهێنانــی پەیامەکەیــە. کەمکردنــەوەی ژمــارەی ئەندامانــی خێــزان بــە خواســت و مەبەســتی کەسییەوە نییــە. ناتوانین بڵێین کەســانێک کــە منداڵیان نییه تاوانبــارن، بــەڵام پرســە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خێــزان زۆر کاریگەر و یەکلاکەرەوەن. "یــان مرۆڤەکان هاوســەرگیری ناکــەن، یان ئەگــەر هاوســەرگیرییان کرد، ئــەوا منداڵیان نابێــت، ئەگەریــش منداڵیــان هەبێــت، لەڕاســتیدا تەنها یــەک منداڵ". هۆشــیاریی نەبوونــی بنەماڵە لــە ئەزموونی نــەوەی نوێ بە بەربەســتێکی دیکــەی دیالــۆگ لەنێوان بنەماڵە و نــەوەی Z دادەنێن و "ســنوورەکان لە هەموو شــوێنێک نەماون". بــەڵام کاتێک دایــک و بــاوک وەڵام لە نەریت یــان وەڵام لە ئەزموونــی منداڵی یــان وەڵام لە ئەزموونی پەیوەنــدی لەگــەڵ هاوڕێکانی لــە ڕابردوودا بۆ زۆرێک لە کێشــە مۆدێرنــەکان دەداتەوە، ئەم جــۆرە وەڵامانــە ئارکیتایپن. بــۆ نموونە ئەگەر کەســێک تووشــی زیانی میدیایی بوو و تووشــی ســاختەکاریی ئینتەرنێت بوو، پێی دەڵێن "مــن نەمگوت مەچۆ نــاو ئینتەرنێت". لــە بنەڕەتــدا لە سروشــتی ئــەم فەرمان و قەدەغەکردنە تێ نــاگات. کاتێک وەڵامی کۆن و ئامۆژگاریی مۆدێرن دەدات بە کێشــە مۆدێرن و نوێیەکان، وەک ئەوە وایە ئێمە ناچینە ســەر شــەقام چونکە تووشــی ڕووداوێک بووین. لە کاتێکدا دەتوانین چارەســەرێک بدەین کاتێک تێوە گلاوین لە ژیانی ئێســتای ئەو کەســەدا. تەنهــا بوونی ئــەو خێزانــە لە ئینســتا بە مانــای ژیان لە تۆڕێکــدا نازانێــت و دەڵێت: "لەو چاوپێکەوتنانەی لەگــەڵ خوێندکارەکاندا ئەنجاممــان دا، پرســیمان ئایــا دایــک و باوکەکان لــە تویتەر و ئینســتاگرام فۆلۆوتان دەکــەن؟" هەندێکیــان گوتیان بەڵــێ. ئەوان پەیــڕەو دەکــەن، بــەڵام نەک بــۆ ئەوەی ڕەخنــە بگرن کە ئایــا ناوەرۆکەکەمان باشــە یان خــراپ، بەڵکوو بــۆ ئــەوەی بزانن ئێمە لــە پەیوەندیدایــن لەگەڵ کێدا. ئــەوان تەنها بۆ مەبەســتی پەیوەندیی لێکۆڵینــەوە بەدوایدا دەگەڕێــن و بەشــداری دەکەن. بۆیە هێشــتا دایــک و بــاوک جیهانــی تەقلیــدی بەکار دەهێنن بــۆ کۆنترۆڵکردنی جیهانــی ئۆنلاین.

لــە چوار ســاڵی ڕابردوودا دکتــۆر زەکای وەرگێڕانی کۆمەڵناســی منداڵانی کردووە. ئێمە

نازانین منداڵ چ پێداویستی و داواکارییەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان هەیە بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات ببێتە شوناسێکی سەربەخۆ. ئێمە پێمان وایە کە منداڵ هەمیشە وەک ئۆبژەیەک لە دەستی مندایە. ناڵێت منداڵ کەسێکی سەربەخۆیە و دەبێت ناسنامەی ڕەسەنی ئەو پەرە پێ بدەم. بەڵکوو دەمەوێت ببێتە کەسێکی ئایینی، ئەندازیار، یان پزیشک، بۆیە ناسنامەیەکی سەربەخۆی پێ نادەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی مۆدێرن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانیدا بکات؛ بۆیە بنەماڵەی ئێرە وێڕای ئەوەی جێگای ڕەخنەی منە، لە هەمان کاتدا دەبێ بڵێم بنەماڵەی هەژار بەرەورووی چەندین کێشە و گرفت دەبێتەوە، ئەم منداڵییە زیان بە پەیوەندیی نێوان نەوەکان دەگەیەنێت. و بەشێکی گرنگی دیکە درێژکردنەوەی بوونی منداڵانە لە خێزانەکەدا بەهۆی سەختیی بارودۆخی ئابووری، سەربەخۆییی منداڵ لە خێزان بووەتە کێشە، ئەم کێشەیە خۆی هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی و هەرەشەی پەیوەندیکردنە. دایک و باوک تایبەتمەندی منداڵ ناناسن. بەو پێیەی گەنجە، هەمیشە لەگەڵ خۆی بەراورد دەکات کە ئێمە گەنج بووین یان منداڵ بووین. بەڵام ناڵێت تایبەتمەندیی نەوەی نوێ تەنها لەوەدا نییە کە ئەوان تەنها منداڵن یان مرۆڤن، بەڵکو لە ئەزموونە جیاوازەکانیشدا هەیە، لەوانە کارلێکی میدیایی و تەکنەلۆژیای ئەوەی کە هەیانە لە داهێنانیدایە کە پەیوەندی لەگەڵ تەکنەلۆژیادا بووەتە هۆی داهێنان".

## نەمانی پەروەردەی نەریتی و دەسەڵاتی قوتابخانە و حکومەت و یاسا

بۆشاییەکی زۆر گرنگترن ، ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە پەروەردەی نەریتی لە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەرەو نەمان دەڕوات، بەڵام حکومەت و بنەماڵە لە ئێران بەردەوامن لە سوودمەندبوون لە پاوانخوازی لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا و بەهێزتر دەبن و "هێشتا لە چەمکی گۆڕینی دیجیتاڵی تێنەگەیشتووین". نەوەی نوێ بەشدارە لە گۆڕینی دیجیتاڵی و دیجیتاڵ لە بنەڕەتدا جیاوازە لە جیهان، لە زمان و ژیان و کات و هەموو شتێک. لە گۆڕینی دیجیتاڵیدا هەموو پێکهاتەکان و نەک تەنها فۆرمات و پرۆسەی هاوڕێیان دەگۆڕدرێن و ئێستاش پێکهاتەکان گۆڕاون و لە داهاتوودا شتێک نامێنێت بە ناوی قوتابخانە. تا ساڵی ٢٠٣٠ شتێکمان نابێت بە ناوی قوتابخانەی تەقلیدی، کە دوور نییە لەوە. ئێستا یوتیوب کە فلتەری لەسەرە، هەموو نوێترین ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ منداڵان دابین دەکات. حکومەت نوێنەرایەتیی نەریت دەکات بەڵام نەوەی ئێمە نەوەی مۆدێرنیتەیە، هەروەها خێزانەکەمان هێشتا نوێنەرایەتیی نەریتەکە دەکات و حکومەت بەهێزی دەکات. لە یاسای خێزاندا سەیر بکەن، ستانداردەکان هێشتا لەسەر بنەمای پاراستنی دەسەڵاتی دایک و باوک دامەزراون. هێشتا تاوانی دایک و باوک لێی خۆش دەبن کە دایک و باوک بوون. لە یاسای تاوانەکاندا کاتێک دایک و باوک منداڵێک دەکوژێت، بەو پێیەی باوک مافی خاوەندارێتی منداڵەکەی هەیە، دەتوانرێت لێی خۆش بێت. ئەم کەیسانە ئەوە دەردەخەن کە یاساکان لەم وڵاتە چەواشە دەکرێن". حکومەت دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارێکدا دەکات و پشتیوانیی پیاوسالاری و پەیوەندیی ڕاست و مۆنۆلۆگ دەکات .
لەوەش گرنگتر حکومەت و دامەزراوەی سیاسەت، بووەتە تاکە فاکتەری بەرهەمهێنانی ئایدیاڵ لە کۆمەڵگای ئێمەدا. بە پێچەوانە لە وڵاتە سەرکەوتووەکاندا زانکۆکان

زۆر ئیدعاش هەیە کە سەفەوییەکانیش خۆیان بە ڕەچەڵەک کوردن و هەر خۆشیان دەگەڕێنەوە بۆ گۆرانەکان. ئەوان هەم ڕەچەڵەکی کوردی و هەم ڕەچەڵەکی سونەبوونی خۆیان دەشارنەوە بۆ ئەوەی لە کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێردەستیاندا هیچ کێشەیەکیان نەبێت و ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ ئیمامەکانی شیعە، چونکە لایەنگرەکانیان زۆرینە شیعە دەبن. بەڵام بەهەرحاڵ ئێستە ئێمە ناتوانین سەفەویەکان وەکوو نموونەیێکی سەروەری سیاسی لە کوردستان بهێنینەوە هەر بۆیە ئەردەڵانەکان هەندێک جار لە مێژووی خۆیاندا ناچار بوون باج بدەن، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە ئەوان خاوەنی سەروەریی سیاسیی خۆیان نەبوون. ئەوان لە زۆربەی مێژووی دوورودرێژی خۆیاندا خاوەنی سەروەریی سیاسیی موتڵەقی خۆیانن، بەڵام بۆ ئەوەی خۆیان لە دەستدرێژیی سەفەوییەکان بپارێزن، ناچار بوون بە شێوازێک هەڵسوکەوت بکەن کە هەندێک جار خەراجیان پێ بدەن و بەو شێوازە سەروەریی سیاسیی ئەوان تا هەندێک جار سنووردار ئەبێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو سەروەرییە هەر هەبووە، سەروەریی سیاسی و موتڵەق موتەعەلیق بە ئەردەڵانەکە. بەڵام بەهەرحاڵ ئەوە شێواز و ڕوانینێکە کە بەنیسبەت ڕابردوو هەیە و سەروەریی ئێمە بەو شێوازە باسی لێوە کراوە.

ئەگەر بە شێوازێکی مێژوویی لە ڕەوتی گەشەی ئەم دەستەواژەیە بکۆڵینەوە، چۆناوچۆن ئەم دەستەواژەیە هاتووەتە نێو زانستە سیاسییەکانەوە؟



هەر لە درێژەی ئەو پرسیارەدا دەتوانم بڵێم کە چەمکی ساورێنتی یان سەروەریی سیاسی لەم ساڵانەی دواییدا بە گەرانەوەی چەمکی ستەیت بۆ ناو خوێندنەوەی زانستە سیاسییەکان گرنگییەکی تازەی پێ دەدرێ، بەتایبەت دوای ئەوەی کەسانێک وەکو تێدا سکاچپۆل(Theda Skocpol) هاتن و باسیان لەوە کرد کە ئێمە دەبێ مەسەلەی ستەیت و وڵات، ئەگەر وەرگێرانێکی دروست بێ بۆ ستەیت، بێنینەوە ناو لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسییەکان و ئاماژەیان بەوە کرد کە ستەیت یەکێک لە گرنگترین بگۆڕ و موتەغەیرە سەربەخۆکانی ناو زانستە سیاسییەکانە کە دەتوانێ زۆربەی دیاردە سیاسییەکانی دنیای ئەمرۆ تەتەڵە بکات. بۆیە ئەو چەمکەش گرنگییەکی نوێی وەرگرتووەتەوە و بەتایبەت هاتووەتەوە ناو باسی لێکۆڵینەوەی زانستە سیاسییەکان. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەی کە کێ سەرەتا باسی ئەو دەستەواژەیەی کردووە و لە ئەندیشەی سیاسی و زانستی سیاسیدا چۆن ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە، دەستپێکەکەی دەگەڕێننەوە بۆ دەوروبەری سەدەی شازدە. ئەوکاتەی کەسانی وەکو بۆدین(Jean Bodin) یان هابز هەڵبەت پێش هەموو کەس بۆدین، ئیعتباری ئەوەی پێ دەدرێ کە ئەو یەکەم کەس بووە کە لە کتێبێکدا بە ناوی {ئەگەر هەڵەم نەکردبێ} شەش کتێبی کۆمار، باسی

چەمکی سەرەوریی سیاسی دەکات. لەوێدا وەکو دەسەڵاتی موتڵەق و نەگۆڕ باسی لێوە دەکرێت کە ستەیت یان وڵات بەسەر هەموو شتێکدا هەیەتی و بۆ ئەوەی نەزم لەوێ سەقامگیر بێت. هابز ئەو چەمکە زیاتر بەربڵاو دەکاتەوە و زیاتری لەسەر دەڕوات. هەڵبەت هەر لەسەر هەمان ڕەوت بەردەوام دەبێت و پێی وایە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی پێکهێنەری ئەو چەمکەیە و ئەو گرێبەستە کۆمەڵایەتییە کەسێک بە ناوی ساوێرن یان دەسەڵاتدار یان سەروەر دروست دەکات کە دەسەڵاتی ڕەها و موتڵەقە و کەس ناتوانێت لێی وەربگرێتەوە. ئەو پێی وایە دەسەڵاتدار هەیە بۆ ئەوەی کە بتوانێ وڵامدەری نەزم بێت. دوای هابز، جان لاک سەدەی حەڤدە و ژان ژاک ڕۆسۆ ئەو بۆچوونە دادەشکێنن. بۆ نموونە جان لاک دەستەواژەی حەقوقی سروشتی بەم بابەتە زیاد دەکات و ئەو بۆچوونەی هابز لەوێ تەعدیل دەکات کە ئەمە قابیلی سەندنەوە نییە. ئەو پێی وایە ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەزایەتی ئەو کەسانە هەیە کە لە لایەن ساوێرن یان کەسێک کە سەروەری هەیە و دەبێ خەڵکەکە لێی ڕازی بن کە بتوانێ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. دوای ئەوە لە سەدەی هەژدەدا ڕۆسۆ ئەو مەسەلەیە بەرفراوانترئەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەساسەن مەسەلەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە کە سەروەری هی خەڵکی ئەو ناوچەیەیە. بە دەربڕینێکی دیکە بۆ ئەوەی سەروەری وجوودی هەبێ، خەڵکی ئەو ناوچەیە سەرچاوەی ئەو سەروەرییەن و خەڵک بە هەر کەسێک بیانهەوێ ئەوە دەسەڵاتە دەبەخشن یان وەریدەگرنەوە. ئەم ڕووداوانە پێش دنیای مۆدێرنە و زیاتر مەسەلەی سەرەکی لەم نووسراوانەدا دەوڵەتمەداریی باشە و دەیانەوێ ڕێگایەک بدۆزنەوە کە کێشەکانی سەردەمی خۆیانی پێ چارەسەر بکەن. بۆ وێنە کێشەکانی سەردەمی هابز مەسەلەی سەرەکیی نەزم و غەریزەی سەرەکی لەو شوێنە، بەردەوامی و مانەوەی ئینسانە. ئێنسانەکان لە سەردەمێکدا بوون کە بێنەزمی زۆر بووە و بەدوای ئەو پرسیارانەدا گەڕاون کە چۆن ئەو بێنەزمی و شەڕە کۆتایی پێ بێت و ئێمە بتوانین بەبێ ئەوەی ترسمان هەبێت لە بەردەوامیی ژیانی خۆمان، بتوانین بژین. بۆیە وڵامی ئەو بۆ دەوڵەتمەداریی باش بەو شێوازە بووە کە لە لیڤیاتاندا باسی لێوە دەکات و چەمکی سەروەریی سیاسی لەوێ بەو شێوازە خۆی دەردەخات. پاشان کە ئەو مەسەلەیە حەل دەبێت، دەگەڕێنەوە بۆ مەسەلەی دیموکراسی و حەقوق. سەروەری بەو تایبەتمەندییانەی کە ئیمڕۆ ئێمە دەیناسین واتە سەروەریی مودێرن لە کردەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ گرێبەستی وێستفالیا و ئەو گرێبەستە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا واژۆ دەکرێت. ئەو گرێبەستە ئەساسی ئەو شتەیە کە ئێمە لە دنیای

ئەمرۆدا پێی دەڵێین ستەیت، دەوڵەت، سیستەمی دنیایی ئەمڕۆ و سیستەمی نێونەتەوەییی ئەمڕۆ کە دنیا بەسەریدا سوارە و دەوڵەت و ستەیت سەربەخۆ لە یەکتر و دەست لە کاروباری نێوخۆییی یەکتر وەرنادەن. ئەگەرچی ئەم بابەتانە بەو ڕوونییە لەوێ باس نەکراوە، بەڵام بونیادەکانی لەوێ هاتوونەتە ئاراوە و ڕادەی دەسەڵاتداریی هەر شوێنێک دیاری دەکات بەنیسبەت مەسەلەی دین و ئایین و ئەو شتانەوە. هەروەها ئاماژەم بەوەش دا لە دنیای ئیمڕۆشدا {زانستی سیاسی} مەسەلەی سەروەریی سیاسی گرێدراوییەکی زۆری لەگەڵ مەسەلەی ستەیت هەیە. بەڵام هاوکاتیش دەبێ ئاماژە بکرێت کە هەندێ دیاردەی دنیای مۆدێرنیش وەکو بەجیهانیبوون، مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی وەکو یەکیەتیی ئەورووپا تارادیەکی زۆر چالێنجی ئەساسی لە بەرانبەر ساورێنتیی موتڵەق یا سەروەریی موتڵەقن.

*ئەم پێناسەگەلە یا خود ئەم ڕوانگە تەکامولییە بە نیسبەت سەروەریی سیاسی چۆن دەکرێ لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا لێک بدرێتەوە؟*



بەنیسبەت ئەوەی کە ئەمڕۆ چۆن چاو لە مەسەلەیە دەکرێ بە باوەڕی من لە دنیای ئەمڕۆدا بەتایبەت ئەو کەسانەی زیاتر لەسەر مەسەلەی فیدرالیزم یان ئەوەی پێی دەگوترێ پرسی ئێتنیک لە زانکۆکاندا لێکۆڵینەوەیان هەیە و دەخوێننەوە، باس لەوە دەکەن کە سەروەریی سیاسی بە چەند شێواز قابیلی جیاکردنەوەیە. مەبەست ئەوەیە کە توخمگەلێکی سەرەکی هەیە کە دەکرێ لێک جودا بکرێنەوە. یەکیان بۆ نموونە ئینتەرناڵ ساورێنتی یان سەروەریی سیاسیی ناوخۆیی‌یە کە بریتییە لە دەسەڵاتی ڕەها بەسەر تاکەکان، گرووپەکان و دامەزراوەکان کە لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودان. توخمێکی تری سەروەریی سیاسی بریتییە لە سەروەریی دەرەکی کە ئەویش باس لەوە دەکات کە ستەیتەکان یان وڵاتەکان سەروەریی سیاسیی یەکتر بەڕەسمی دەناسن. گرنگترین بنەما لە دنیای ئەمڕۆدا ئەوەیە کە دەست لە کاروباری ناوخۆییی یەکتر وەرنەدەن. هەروەها توخمێکی دیکە سەروەریی یاسایی‌یە کە باس لەوە دەکات کە کێ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە لەو شوێنەدا یاسا بنیات بنێت و کێ توانای ئەوەی هەیە یاساکان بەکار بێنێت. توخمێکی تریش کە باسی لێوە دەکرێت بەکاربردنی دەسەڵاتی سیاسییە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. بە نیسبەت مەسەلەی سیاسیی کوردەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووەی کە ئێمە باسمان لێوە کرد، سەروەریی سیاسیی کورد دوای دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنەوە بەتەواوەتی لە لایەن ئەو نەتەوانەی کە توانیویانە دەوڵەتی مۆدێرن پێش لە کورد دابمەزرێنن، ڕەت کراوەتەوە و لێیان زەوت کراوە. ئەوان لەسەر بنەمای ئەو ئیمپراتۆرییانەی پێشوو کە بوویانە، توانیویانە هێدی هێدی ناوچە جیاوازەکان داگیر بکەن، بەتایبەت لە سەردەمی ڕەزاخاندا بە هێرشی ئەرتەشی ڕەزاخان بۆ

سەر ناوچەی هەورامان ئەو سەروەرییانەی پێشووی هەمووی لە کوردستاندا کۆتایی پێ دێت. لە کتێبی شەری هەورامان ئەگەر هەڵم نەکردبێت بەروونی دەبینین کە لەوێ چۆن باسی لەشکرکێشیی دەوڵەتی مۆدێرن دەکات و دوایین سەروەریی سیاسی کە لە کوردستان ماوەتەوە، لەنێو دەبات. سیستەمی سان سیستەمێک بووە کە سان وەکو سوڵتان لەوێ هەبووە و لەژێر ئەو ناوە و لە ناوچە جیاوازەکاندا سیستەمی بەگمان هەبووە کە ئەمە دواهەمین سیستەمی سەروەریی سیاسیی کوردییە کە لە هەورامان تا سەردەمی ڕەزاخان هەر ماوەتەوە. بۆ وێنە لە هەموو هەوراماندا یەک سان هەبووە و لەژێر دەسەڵاتی ئەو ساندا لە پاوە و نەوسوود و نۆدشە و شوێنەکانی تریش بەگ حوکمی کردووە. ئەوانە هەموو پێکەوە دەسەڵاتی سیستەمی سانیان پێ وتراوە. بە گوێرەی کتێبی شەری هەورامان(عملیات اورامان لە نووسینی علی رزم آرا و کۆ کردنەوەی کاوە بیات) کە باسی لەشکرکێشیی پاشای ئێران دەکا و هەمووی بەڵگەگەلێکی گرینگی ئەوکاتەی فەرماندەی ئەو ستوونەیە کە هێرشی کردووە بۆ هەورامان و ڕاپۆرت دەنێرێتەوە بۆ ناوەند، هێدی هێدی ڕەزاخان توانیویەتی ئەوێ تێک بشکێنێت و دوایین سەروەریی سیاسی کە لە کوردستاندا هەبووە، لەناو ببات. دواتر بۆ وێنە کە باسی مێژوو دەکرێ، گێڕانەوەیەک ساز دەبێ لە مێژوونووسیی ئێرانی و فارسی کە پێی وایە لە هەموو ئێراندا دەوڵەتێکی مۆدێرنمان هەبووە و ئەمانە کۆمەڵێک سیستەمی دواکەوتوو بوون کە دەوڵەتی ناوەندی بۆ یەکدەستکردنەوە و مۆدێرنکردنی وڵات هێرشی کردۆتە سەریان. واتە ئەم هێرشانە بە ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە، گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانی ئێران پێناسە دەکرێ. ئەم گێڕانەوەیە کە ڕەوایی دەبەخشێت بە هێرش و تێکشکاندنی دوایین سەروەریی سیاسیی کورد، تارادەیەک هاوکاتیشە لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم سەروەریی سیاسیی کوردی لە دنیای مۆدێرن لە کوردستان بە ناوی کۆماری کوردستانەوە. ئەم ئۆتۆریتەیە کە لە مهاباد پێک دێت، هێدی هێدی دەیهەوێ پەرە بستێنێ بۆ شوێنەکانی تری کوردستان، ڕەوایییەکی هەبووە لەلای هەموو ئەو کەسانەی کە لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستانەوە پەنایان بردووە و مەشرووعییەتێکی سەرانسەرییان پێ بەخشیوە.

بەهەرحاڵ دەوڵەتی مۆدێرنی فارس کە دادەمەزرێت، ئەو سەروەرییە لەو شوێنانەی کە کۆنترۆڵیان دەکات، هێدی هێدی لەناو دەبات و سەروەریی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ و پێش بەوە دەگرێت کە سەروەریی سیاسیی مودێرنی کورد کە تازە دامەزراوە و خەریکە گشتگیر دەبێ، بەردەوام بێت و لەناوی دەبات. ئەمەش زۆر زۆر کۆن نییە و شتێکی تازەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان دەسەڵاتیان هەبووە لەو گێڕانەوەیەی باسم لێوە کرد، سەروەرییەکە بەباشی جێ دەخەن، هەموو شتەکە زۆر زۆر سروشتی دێتە پێش چاو، وەکو ئەوەی مەسیرێکی ڕەها و موتڵەقی مێژوویییە و دەبوایە ئەو مەسیرە بەرەوپێش بچێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر لە ڕوانگەی کوردەوە چاوی لێ بکەی، ئەو مەسیرە مەسیرێکی سروشتی مێژوویی

نییە. ئەگەر مەسەلەی سروشتی مێژووی بووایە و سەروەریی سیاسی لە کوردستاندا بتوانێ هێدی هێدی بگوازرێتەوە بۆ سەروەرییەکی مۆدێرن و بەردەوام بێت، دەتوانین بڵێین کە لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمێکی ناوخۆیی کە لە سەردەمی ڕەزاشا یا پەهلەوی بەرەبەرە گەشە دەکات و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەگاتە باڵاترین ئاستی خۆی، ئەو سەروەرییە سیاسییانەی کە بە شێوازی مەشرووع هەبوون، هەموویان لەناو دەبەن .
بەڵام ئێستا کە پرسی کورد دێتە ئاراوە، ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ توخمە سەرەکییەکانی سەروەری. ئەو بابەتەی کە زۆر کەس کە باسی چارەسەریی پرسی ئێتنیکەکان دەکەن ئەوەیە کە پێیان وایە دابەشکردنی سەروەریی سیاسی بەسەر دوو توخمە بنەڕەتییەکەی خۆی واتە سەروەریی ناوخۆیی و سەروەریی دەرەکی وەڵامێکە بۆ ئەم مەسەلەیە. نەتەوەکان (یان ئێتنیکەکان بەو زمانەی کە ئیمڕۆ لەئاکادیمیا زاڵە) دەبێ بتوانن ئیعماڵی سەروەریی ناوخۆیی خۆیان بکەن. واتە بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەتی ناوەندیی تاران بتوانن یاسای خۆیان پەسەند و جێبەجێ بکەن و کۆنترۆڵیان بەسەر خەڵکی خۆیانەوە هەبێت و دەسەڵاتی موتڵەقیان بەسەر سەرچاوە سرووشتییەکانیانەوە هەبێت. بە دەربڕینێکی دیکە، بەبێ ئەوەی تاران لە لای خۆیەوە بتوانێ ئەو سەروەرییە لەناو ببات، ئەو خەڵکە بتوانن بەسەر چارەنووسی خۆیاندا حاکم بن. لە سەروەریی دەرەکیدا دەتوانن ئەو سەروەرییە لەگەڵ تاران هاوبەش بکەن و دەوڵەتی ناوەندی نوێنەرایەتیی ئەو سەروەرییەی نەتەوەکانی ئێران لە دەرەوەی ئێران بکات. کەوایە بەو شێوازە مەسەلەی سەروەریی دەرەکیش چارەسەر دەبێت و مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەروەریی ناوخۆییش گرنگییەکەی دیار دەبێت.

**سەروەریی سیاسی و ئەوەی کە وەکوو پرسی شوناس لە کوردستان باس دەکرێ، لە کوێدا یەک دەگرنەوە؟ ئەساسەن پەیوەندیی ئەم دوو چەمکە چۆناوچۆنە؟ هەروەها هەندێ باسی شوناسی کوردی و ئێرانمان بۆ بکە و ئەم دووانە لە ڕەوتی مێژوییدا چۆناوچۆن لەگەڵ یەک هەڵسوکەوتیان کردووە؟**



به باوەڕی من شوناسی سیاسی بابەتێکی کەنستراکتە، بەو مانایە کە لە فارسیدا پێی دەوترێ بەرساخت. واتە مەسەلەکە شتێکی ئەبەدی وئەزەلی نییە کە پەیوەندی تەنانەت بە ئەتنیسیتەشەوە بێت. ئەم شوناسە لە پرۆسە و کردار و پەرچەکرداری نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان لە ئێران ساز دەبێت. شوناسی سیاسی لە کوردستاندا بۆ وێنە لە دنیای مۆدێرن یان دەتوانین بڵێین چل پەنجا ساڵی ڕابردوودا شوناسێک بوو کە هێشتا دەیتوانی مەسەلەی ئێران قبووڵ بکات یانی دەتوانین بڵێین کە تەحەول و گۆڕانی بەسەر هاتووە. کەسانێک کە هاتوون سەردانی کوردستانیان کردووە، سەفەرنامەیان نووسیوە. لەناو ئەو سەفەرنامانەدا ئێمە دەتوانین هەندێک ئاماژە بدۆزینەوە کە باس لەوە دەکات شوناسی کوردی لە سەردەمی قاجار و تەنانەت پەهلەویی یەکەمدا شوناسێکی تەواو جیاواز لە شوناسی ئێرانی بووە. بۆ وێنە لە یەکێک لەو سەفەرنامانەدا باس لەوە دەکرێت کە کابرایەک دەگاتە نێوان سنە و کرماشان و

هەمەدان لەو شوێنە کە سنووری کوردستانە، ئەو کەسەی کە سەفەرنامەکەی نووسیوە باس لەوە دەکات و دەڵێ کەسێکی بینی کە پارەی رووسی بەدەستەوەیە، ئەو دەپرسێ تۆ چۆن پارەی ئێرانیت پێ نییە؟ کابرا لە وڵامدا دەڵێ ئێرانی کێیە؟ من هەر ئێران بە فەرمی ناناسم. تەنانەت سفەتێکی خراپیان پێ دەڵێت و خۆی لە ئێرانییەکان جیا دەکاتەوە. بەڵام هێدی هێدی بە یارمەتیی هێزی چەکدار و لەبەینبردنی سەروەریی کوردی، ناوەندەکە بە ئیعمالی کاری ئیداری وەکو دانی ناسنامە، بەڵگەی هوویەتی وەکو ئیعمالی هێز، لەناوبردنی دەسەڵاتی کوردی، وەکو ئیعمالی سیستەمی دادوەری هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی شوناسی یەکپارچەی ئێرانی و لەناوبردنی شوناسی کوردی دەدات. هاوکاتیش ئەو گێرانەوەیەی کە باسمان لێوە کرد دەوری خۆی دەگێڕێ و وردە وردە لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم و لە سەرەتاکانی کۆماری ئیسلامیشدا تەنانەت دوای ئەویش لەژێر کاریگەریی ئینقلاب، شوناس گۆڕانی بەسەردا دێ و رەهەندی ئێرانی وەردەگرێت. هەربۆیە کوردی ئێرانی چەمکێکە کە زۆر دێتە کایەوە، ناوە ئێرانییەکان لەناو ئەو جیلە کە ئێستە لەنێوان چل تا شەست ساڵن، زیاد دەکات و لاوانی ئەو سەردەمی کورد لایەنگری یانەی تۆپی پێی ئێران دەکەن و ... بەڵام هێدی هێدی لەگەڵ ئەوەی کە هیواکان بۆ ئەوەی کە ئێرانییەکان یان فارسەکان کورد وەکو نەتەوەیەکی بەرانبەر لە ئێراندا ببینن لەناو ئەچن، لە ئاکامی شۆڕش و خەباتدا، شوناسی کوردی دەگۆڕێ و ئیمرۆ دەبینین کە بە شێوازێکی بەرچاو لە جیلی سی و چل ساڵ بەرەو خوار، بەتەواوی ئەو دوو شوناسە، واتا شوناسی کوردی و شوناسی ئێرانی لە دژبەیەکی و تەقابول لەگەڵ یەکدان و هێدی هێدی خەریکە شوناسی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لەگەڵ شوناسی ئێرانی مەودا دەگرێت و شوناسی ئێرانی دەکەوێتە پەراوێزەوە و کوردی رۆژهەڵات ئیتر خەریکە مەودا دەگرێت لەو شوناسە ئێرانییە. ئەمە هەمووی ئاکامی ئەوەیە کە لە راستیدا شوناس مەسەلەیەکی جیایە لە سەروەریی سیاسی، بەڵام لەژێر کاریگەریی سەروەری و کۆمەڵێک فاکتەری تردایە. شوناس ئەمرێکی سەیالە و گۆڕانی بەسەردا دێ و بەو شێوازە نییە کە ئێمە بتوانین بڵێین دیاردەیەکی موتڵەق و ئەزەلی و ئەبەدییە. سەروەریی دەوڵەت و پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگا، کاریگەرییەکی زۆر زۆری لەسەر شوناس بە دوو شێواز هەیە. یەکەم دەتوانێ شوناسێکی یەکپارچە شکڵ بدات. بۆ وێنە ئەگەر سەروەرییەکی دیموکراتیکی کوردی لە ئارادا بێت یان لە رێگەی فاڵس نەرێتیقەوە کە لە مێژووی خۆماندا دەیبینین. دووهەم دەتوانێ شوناسی ئێرانی لە شوناسی کوردی و کوردستانی لە رۆژهەڵات جیا بکاتەوە و شوناسی کوردستانی شکڵ بدات. بۆ وێنە دەوڵەتی ئێران لە رێگەی شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردەکانەوە لە رێگەی ئەوەوە کە نەتەنیا دەوڵەت، نەتەنیا ساورن، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنیش وەکو بەشێک لە دەسەڵات، وەکو بەشێک لەو بە ئیستلاح چوارچێوەیەی کە ئێمە وەکو دەسەڵاتی ئێران دەیناسین، دەتوانن بە شێوازی هەڵسوکەوتیان کە دەیکەن هیوا لەناو بەرن و هێدی هێدی شوناسی کوردی یا شوناسی کوردستانی لە رۆژهەڵات بەهێزتر بکەن.

# ”وەرگێڕان“

# سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەی فەلەستین و ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

ئەحمەد محەممەدپور و کەماڵ سولەیمانی *
و. کەماڵ حەسەنپوور

”

“

ئەو توێژینەوەیە لە پەیوەندیی سەربەخۆیی لەگەڵ گەشەکردن و شوناسی نەتەوەیی لە ئێرانی فرەنەتەوە، فرە ئایین و فرە زمانی بە زۆر هیرارشی کراو دەکۆڵێتەوە. بە سوود وەرگرتن لە نووسراوە زانستییەکان لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە فەلەستین و بە تایبەت تیۆری "لەگەشەخستنی" سارا ڕۆی، وەک خاڵی دەستپێک، لەو توێژنەوەیەدا لەوە دەکۆڵینەوە کە چۆن نەتەوەی حاکم لە ئێران گەشەسەندن دەکاتە ئامراز و بەلاڕێیدا دەبا تا نەتەوەی کوردی بە کەمینە کراو بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی. لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە تیۆری لەگەشەخستن لە چوارچێوەی بەربلاوتری لێکۆڵینەوەکانی ئەو زانستە و تیشک خستنە سەر ئەکتەرەکانی لەگەشەخستن، ئێمە هەلومەرجە سیاسی-ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ئێران) لەگەڵ فەلەستین بەراورد دەکەین تا جەخت لە سەر وێکچوونە سەرەکییەکان و جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو دۆخە بکەین. توێژینەوەی ئێمە کەمایەسییەکانی لێکۆڵینەوەی گەشەسەندن بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی شاراوەی ئەتنیک/ڕەگەزی و ئایینی لەسەر جیاوازیی ئابووری پێشان دەدات و ئامانجە نائابوورییەکانی چەوساندنەوەی ئابووری لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەر دەخات.

## پێشەکی

لەو توێژینەوەیەدا، ئێمە کەڵک لە بۆچوونی لەگەشەخستنی سارا ڕۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئابووریی سیاسیی ڕۆژهەڵات وەردەگرین. سارا ڕۆی (١٩٨٧) لەسەرەتادا چەمکی لەگەشەخستنی لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ ئابووریی سیاسیی گەشەسەندن لە کەرتی غەززە داهێنا. وتارەکەمان بە پێشکەشکردنی پوختەیەکی گشتی لە بۆچوونە سەرەکییە جیاجیاکان لەمەڕ گەشەسەندن دەست پێ دەکات تا بتوانین ئەو چەمکە نوێیە (واتە لەگەشەخستن) لە چوارچێوە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکەی هاوێین. پاش گفتوگۆیەکی کورت لەمەڕ لەگەشەخستن لە بەشی دووهەمی توێژینەوەکەدا، بەشی سێهەم بۆ بەراورد کردنی دۆخی فەلەستین لەگەڵ ڕۆژهەڵات و جەختکردن لەسەر وێکچوون و جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوانیان تەرخان دەکەین. لە درێژەی وتارەکەدا جەخت لەسەر بزوێنەرە تاقانەکانی لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دیسکۆرسی تاک ئەتنیک-تاک ئایینی کۆماری ئیسلامی دەکەین. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زانیارییەکانی ئێمە، بێجگە لە توێژینەوەی ئەتنیکناسیی ئێمە، پشتئەستوورە بە زانیاریی بەردەست وەکوو سەرچاوەکانی سەرهێڵ، ڕاپۆرتە دەوڵەتییەکانی ئێران و ئامار و زانیاریی بڵاو کراوە لە لایەن ڕێکخراوە کوردییە ناحکوومییەکان (ئێن جی ئۆکان). پێویستە جەخت بکەینەوە تەنانەت ئەو زانیارییەی هەنووکە لە بارەی ڕۆژهەڵات لەبەر دەستدایە فرە کەمە و لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، کە ئەوەش توێژینەوە لەسەر هەرێمەکە تووشی ئاڵنگاری لەرادەبەدەر دەکات. لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن، چوارچێوەیەکی تیۆریکی هەمەزانستییانەیە کە لە ڕوانگەی سیاسی، فەرهەنگی، جوغرافیایی و ئابووری-کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە گەشەی کۆمەڵگاکان (ئاپتەر ١٩٨٧؛ ئیستێڤا ١٩٩٢؛ ئێسکۆبار ١٩٩٥). تیۆری هاوچەرخکردن، ئەگەر نەڵێین سەرەتاییترین ڕوانگە، بەڵکو گرینگترینیان لە لێکۆڵینەوەکانی لەگەشەخستنە کە هەوڵ دەدا گۆڕانە

مێژوویییەکانی کۆمەڵگا نەریتی یان گەشە نەکردووەکان بەرەو هی پێشکەوتوو شی بکاتەوە. تیۆری هاوچەرخکردن (مۆدێرنیزەکردن) کە لە ڕوانگەی فکرییەوە ڕیشەی لە مشتومڕە فەلسەفییەکانی ڕۆشنگەری و لێکدانەوەی مودێرندایە، بانگەشەی ئەوە دەکات تیۆرییەکی تاقانە، گشتگیر و یەکلاکەرەوەی تیۆری کۆمەڵایەتی، گەشەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی دۆزیوەتەوە کە دەکرێ بۆ هەموو کۆمەڵگایەک، بە بێ لەبەر چاوگرتنی چوارچێوەی کات و شوێنی ئەوان، گونجاو بێ. بە پێشکەش کردنی تاقمێک یاسای گشتی بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵگاکان، تیۆری هاوچەرخکردن دووانەیەکی بۆ پێشترییەتیدانی هێندێک تایبەتمەندی بەسەر ئەوانی دیکەدا ئافراندووە و کۆمەڵگاکانی بە گوێرەی خێراییی گەشەکردنی تەکنەلۆژیکی و ئابووری پلەبەندی کردووە. بۆ وێنە، ئەگەر بمانهەوێ ئاماژە بە چەند نێو بکەین، جۆرەکانی لای پەسندی ڕۆبەرت ڕێدفیلد (١٩٤٨)، نیل سمەلسەر (١٩٦٦)، ئێڤێرێت ڕاجرز (١٩٦٩)، دانیەل لەرنەر (١٩٥٨) و واڵت ڕۆستۆو (١٩٦٠)، جەخت لەسەر جیاوازییەکانی کۆمەڵگاکانی نەریتی و مودێرن دەکەنەوە. ئەحمەد محەممەدپوور پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆمەڵناسی لە زانستگای بێنتلییە. کەماڵ سولەیمانی پرۆفیسۆری توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانستگای مەکزیکە. ئەو وتارە لە ١٦ی مارچ، ٢٠٢١ پێشکەش کرا، لە ٢٤ی فێبریوەری ٢٠٢١ پەسەند کرا و، لە ٢٥ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٤ بە شێوەی ئەلێکترۆنی بڵاو کرایەوە. لە سەرەتاکانی حەفتاکانی زایینییەوە، تیۆریی هاوچەرخکردن لە چەند ڕوانگەوە بەرەورووی ڕەخنە بووەتەوە کە توندترینیان بە تیۆریی بەستراوەیی ناسراوە و لە لایەن زانستوانانی ئەمریکای لاتینەوە پێشکەش کراوە. ئاندرێ گوندەر فرانک، دامەزرێنەری تیۆریی بەستراوەیی، دەیگوت تیۆرییە کلاسیکەکانی گەشەسەندن وەکوو مودێرنیتە ناتوانن پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان وڵاتانی گەشەسەندوو و ناوچە هەژارەکانی دنیا شی بکەنەوە: ئەو پەیوەندییە چەوسێنەرانەیە و، وڵاتانی زلهێز ئەوە بە ستراتێژیی جۆراجۆر درێژەی پێ دەدەن (فرانک ١٩٦٦، ١٩٩٨؛ فرانک و جیلز ١٩٩٢). تیۆریی سیستەمەکانی دنیا کە لە لایەن ئیمانوئێل والێرستەین پێشکەش کرا، بووە هۆی شەپۆلی دووهەمی ڕەخنە لە تیۆریی هاوچەرخکردن. بە گوێرەی ئەو تیۆرییە، ناوچەی ناوەند (واتە ڕۆژئاوا) ناوچە پەراوێزەکان بە مێکانیزمی جۆراجۆر بۆ ئاڵوویری نایەکسان دەچەوسێنێتەوە. بە پەرەدان بە تیۆریی بەستراوەیی، والێرستەین گوتی تاقە یەک ئابووریی جیهانیی سەرمایەداری هەیە؛ لە کاتێکدا کە سوود بە هێندێک وڵات دەگەیێنێ، ئەوانی دیکە دەچەوسێنێتەوە. ئەو لێرەدا سێ هەرێمی کرێکاری لێک جیا دەکاتەوە: ناوەند، پەراوێز و شێوەپەراوێز؛ ئەو هەرێمانە لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە لێک جیاوازن بەڵام لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە (والێرستەین ١٩٧٤، ١٩٨٠، ١٩٨٩). تیۆریی دیسکۆرسی فوکۆ (١٩٧٢) سەرنجڕاکێشترین هێرش بۆ سەر تەواوتی بیری کۆمەڵایەتیی مودێرن بوو. فوکۆ بە پێناسەکردنی دیسکۆرس وەک تاقمێک ڕێگا بۆ بەرهەمهێنانی زانست، گوتی مودێرنیتە دیسکۆرسێکە کە شێوازی تایبەتی ژێردەستەیی و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە (ئێسکۆبار ١٩٩٥). بۆ ناوبراو، مودێرنیتە پرۆژەیەکی

گوتارییە کە لە نێوەڕۆکدا سیاسییە و ڕاستەوخۆ لە خزمەت بایەخی دیاریکراو دایە و جیهانبینییەکە لە سەر حیسابی کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان. پێش ڕەخنەی فوکۆ، کەسایەتییە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوەکانی دژە کۆلۆنیاڵ و پاشکۆلۆنیاڵ باسی شێوازە جۆراجۆرەکانی دەستێوەردانی ئیمپریالیستی، لە دەستدرێژیی ئابووری تا ناساندنی مێژوویی فەرهەنگەکانی دیکەیان کردبوو (عەبدولمالیک ١٩٦٣؛ سێزار ٢٠٠٠؛ دوبوا ١٩٤٥؛ سەعید ١٩٧٨). بۆ تێپەڕاندنی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال بۆ ئەوبەری سنوورەکانی، زانستوانانی هیندی وەکوو بابا (١٩٩٤)، سپیڤاک (١٩٨٨)، چاتەرجی (١٩٩٣، ١٩٨٦)، چاکرابارتی (٢٠٠٠) و گیوها (٢٠٠٢) لە خاڵی حەسانەوەی خۆیان تێپەڕین و چەمک و لۆژیکی نوێیان داهێنان. ئەو پێشوەچوونە هزرییانە نەخشەی ئەو شتانەیان دارشت کە دواتر وەک کۆمەڵناسیی ڕەسەن، یان باشووری لە ئەمریکای لاتین گەشەی کرد (گۆ ٢٠١٦). وەک لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیاڵ و لقوپۆپەکانی (وەکوو بیری کۆمەڵناسانی باشووری ئاسیا)، کۆمەڵناسیی باشووری، هەم وەک بیر و هەم وەک بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری، پێشنیاری کرد ئیدیعای ئانگلۆ-ئورووپاییی زانینی ڕاستی، گەشە و مودێرنیتەی وەک ناوچەگەرایی سەیر بکرێ. سەرەڕای هاوبەشبوون لە هێندێک بواری ڕۆشنبیریی وەک ڕەخنەی مودێرنیتەی ئورووپایی، بەستراوەیی و، لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، ئەوان لە چەند شوێن جیاوازیی بۆچوونیان هەیە. بنەڕەتیترین خاڵی جیاوازییان ئەوەیە کە تیۆریی بەستراوەیی ڕوانگەیەکی پێکهاتەیی و ئابووری-کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگری و ئیمپریالیزم بە گەشەکردنی سەرمایەدارییەوە گرێ دەدا. بە بەراورد، لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال ڕوانگەیەکی پاشپێکهاتەیی و فەرهەنگییان هەیە، چونکە ئەوان ئیمپریالیزم و هێزی کردارنواندن بە دیسکۆرس و سیاسەتی نوێنەرایەتی دەبەستنەوە (هووگفەلت ١٩٩٩٧؛ کاپوور ٢٠٠٢). خاڵێکی جیاوازیی دیکەش ئەوەیە کە بە گوێرەی بەستراوەیی، ئەوەی سیاسییە لە قۆرغی دەوڵەت و گەشەی سەرمایەداریی ژێر کۆنترۆڵی چیندایە، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال جەخت لەسەر بنکۆڵکردنی شێوازی ناساندنی خۆرهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی لە لایەن کۆمەڵناسانی باشووری ئاسیاوە دەکەن. بێجگە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای ئیسلام، زانایانی بەشەکانی دیکەی دنیا وێکچوونی هاوتەریبیان لە نێوان پەیوەندییە دەرەکییەکانی داسەپێنراو لە لایەن زلهێزانی کۆلۆنیالیستی بە سەر خەڵکانی کۆلۆنیکراو و پەیوەندییەکانی تاقمە ئەتنیکی، فەرهەنگی، نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان لە نێو کۆمەڵگاکانی ئەمریکای لاتین (ڕۆدریگێز ٢٠٠١)، وڵاتە یەکگرتووەکان (لایدۆن و ڕیزڤی ٢٠١٠) و، ئەفریقای باشوور (کووپەر ٢٠٠٢؛ مارکارد ١٩٥٧) دۆزیونەوە. ئەو بەراوردکردنانە بوونە هۆی داهێنانی چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی کە ئاماژەیەکە بە پەیوەندیی پێکهاتەییی سەرکوت و چەوساندنەوەی ئەتنیکە ژێردەستەکان لە لایەن ئەتنیکێکی دەسەڵاتداری نێو هەمان وڵات. پابلۆ گۆنزالێس کازانۆڤا (١٩٦٥) یەکێک لە یەکەم کەسەکان بوو کە کەڵکی لە دەستەواژەی ”کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی“ وەرگرت و ئەوی بۆ وەسفی دۆخی مەکزیک بەکار هێنا.

بە گوێرەی گۆنزالێس، کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بە دوو تۆخمی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە: یەکەم، پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی دەتوانێ لە نێوان وڵاتان، خەڵک، ڕەگەز یان فەرهەنگی جۆراجۆردا ڕوو بدا و، دووهەم، ئەو پەیوەندییە بریتییە لە ژێردەستە کردن، سەرکوت و چەوساندنەوە (وۆلپە ۱۹۷۵:۱۰۶). لە کۆتاییەکانی شەستەکانی زایینی، تیۆری کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە لێکۆڵینەوەکانی پرسی ڕەگەز لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە پانەوە پێشوازیی لێ کرا (هیند ۱۹۸۴؛ پەکهام ۲۰۰۴؛ سەغەییەر ۲۰۱۶). بلاونەر (۱۹۷۲)، کەسایەتییەکی دیاری لێکۆڵینەوەکانی کۆلۆنیالیزم، کە لە سەر کۆچبەر و کەمینە ئەتنیکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاری دەکرد، هەوڵیدا کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە بەراوردکردنی گەرەکە هەژارنشینەکانی ڕەشپێستان، دۆخی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکان و، "کەمینە کۆلۆنیزەکراوەکانی" دیکە لەگەڵ تاقمە سپیپێستەکان شی بکاتەوە. مایکڵ هەچەر (۱۹۷۵)، لافۆنت (۱۹۷۱)* و، بەیراس (۱۹۸۲) بە هەمان شێوە هەوڵیاندا پێشان بدەن کە پەیوەندییەکانی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە تایبەتمەندییەکانی گەشەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئورووپا وەک بریتانیای مەزن، فەڕانسە و، ئیسپانیان، کە توانیویانە وێنەیەکی هاوچەشن و یەکگرتوو لە شوناسی نەتەوەیی دروست بکەن. لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، سەرهەڵدانی دەوڵەتانی نەتەوەپەرستی عەرەب، تورک و فارس کە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی هاوچەشنکردنی فەرهەنگی، پاکتاوی ئەتنیکی و، ستراتێژیی شەڕانی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی هاوچەرخکردنیان ڕەچاو کرد، خاڵی نەدیتراوی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال پێک دەهێنن (بە زوان ۲۰۲۱؛ کورت ۲۰۱۹؛ محەممەدپوور و سولەیمانی ۲۰۱۹). لە ڕاستیدا، لەبەر کۆنترۆڵی ورد و کرداری جۆراجۆری یاسایی، سیاسی و بەڕێبەرانە لە لایەن تاقمە ئەتنیکییە هێژەمۆنیخوازەکانی دەسەڵاتدار بە سەر ئاکادیمیای ئینگلیزیی زماندا، بەرهەمە نووسراوەکانی پەیوەندیدار بە پاشکۆلۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سوودی لە بۆچوونە ڕەخنەگرانەکانی هاوشێوە نەبینیوە. لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا بە هەمان شێوە گوێیان نەداوەتە کۆلۆنیالیزمی "خۆرهەڵاتی"، کە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرکوتکەرەکان لە وڵاتانی وەکوو چین، ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە و شوێنی دیکە بەڕێوە چووە. (بۆ بەراورد بڕوانە مامدانی ۲۰۲۰). ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیران لە ئێران، عێراق و تورکیە درێژەیان بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پاشکۆلۆنیال بۆ بەرگری لە بەعەرەبکردن، بەفارسکردن و بەتورککردن وەک هەنگاوی بەرهەڵستکارانەی دژە کۆلۆنیال بەرانبەر بە دەستێوەردانە ئیمپریالیستییەکان و خۆرهەڵاتناسیی ڕۆژئاوا داوە. لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، بە تایبەت خۆرهەڵاتناسیی سەعید، بە هەمان شێوە لە لایەن زانایانی وەک سەدیق جەلال ئەلعەزم (۲۰۰۰ [۱۹۸۱]، ئوسامە مەقدیسی (۲۰۰۲)، سەلیم دەریگیل (۲۰۰۳)، دێنیس پۆرتەر (۱۹۹۴)، ئیعجاز ئەحمەد (۱۹۹۲)، عەلی بێهداد (۱۹۹۴)، عارف دیرلیک (۱۹۹۷) و ئەمەل ڕەسام (۱۹۸۰) و چەند کەسی دیکەوە تووشی بەرنگاری بوونەوە. ئەو زانایانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا لە ڕوانگەی جۆراجۆرەوە نارەزایەتییان

دژی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال دەربڕیوە. بۆ وێنە ڕەخنە لە لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال لەبەر جیاوازی دانانیان لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ئاستی تیۆریکدا گیراوە. ئەلعەزم (٢٠٠٠ [١٩٨١]:٢٠) باسی خۆرهەڵاتناسیی سەعیدی وەک "خۆرهەڵاتناسیی پێچەوانە" کردووە، چونکە ئەو پێی وابوو بۆچوونی سەعید ئەو گریمانەیە دەکات کە بیری بوونەوەرناسانەی مرۆڤی خۆرهەڵاتی (لەو دۆخەدا 'بیری عەرەب') لە هی مرۆڤی خۆرئاوایی مەزنترە." بە بوونەوەرناسی کردنی کۆلۆنیالیزم وەک دیاردەیەکی لە بنەڕەتدا خۆرئاوایی، ئەلعەزم پێی وابوو خۆرهەڵاتناسی، کۆلۆنیالیزمی ناخۆرئاوایی، بە تایبەتی هی دنیای موسڵمان، پاشگوێ دەخات. بەرگریی گەرموگوڕی سەعید لە دنیای عەرەب و ئیسلامی (سەعید ١٩٧٨) بووە هۆی ئەوە کە چاو لە ئاستی ئەو دیاردەیەی پاوێل (٢٠٠٣) بە "کۆلۆنیالیزمی کۆلۆنیکراوەکان" باسی لێوە دەکات بنووقێنێ. بۆیە، ڕەخنەی خۆرهەڵاتناسی، ڕاگرتنی کۆیلە و کۆلۆنیالیزمی موسڵمانانی وەک عوسمانییەکان (دەرینگیل ٢٠٠٣؛ مەقدیسی ٢٠٠٢؛ تولێدانۆ ٢٠٠٧) و قاجارەکان (میرزایی ٢٠١٧) پاشگوێ دەخات. هێڵێکی توێژینەوە کە خەریکی سەرهەڵدانە، هەوڵ دەدا لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لە سەر لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، پێشکەش بکات. بۆ وێنە سارا ڕۆی (١٩٩٥)، بێ ئەوەی زۆر ئاماژە بە وێژەی نووسراو لەسەر (پاش) کۆلۆنیالیزم بکات، هەوڵ دەدا پەیوەندیی ئیسرائیل-فەلەستین بە داهێنانی چەمکی لەگەشەخستن شی بکاتەوە. بە ناساندنی ئەو تیۆرییە و ڕەخنەگرتن لە تیۆرییەکانی گەشەسەندن و بەستراوەیی، ڕۆی ئامرازێکی تاقانە و بەهێزتری هەڵسەنگاندن بۆ تیشک خستنەسەر ئاڵۆزییەکانی دۆخی فەلەستینییەکان پێشکەش دەکات. بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری ڕۆی، ئێمە هیوادارین بتوانین جەخت بکەینە سەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە وێکچوونێکی فرە بەرچاوی لەگەڵ دۆخی فەلەستینییەکان لە ڕوانگەی ئاڵۆزییەکەیەوە هەیە. بۆیە، بەر لەوەی دەست بە باسی سەرەکی بکەین، گفتوگۆیەکی کورت لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە.

## ڕۆژهەڵات لە کوێیە؟

ڕۆژهەڵات ئاماژەی کوردییە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراندایە. ئێمە کەڵک لە دەستەواژەی "ڕۆژهەڵات" وەردەگرین تا نەکەوینە داوی کۆلۆنیالیستیی سەپاندنی سیستەماتیکی زانیاریی نارەسەن بۆ لە کورد داماڵینی کوردستانی مێژوویی. کوردەکان لە خۆرهەڵات، جوغرافیای مێژوویی خۆیان بە ڕۆژهەڵات پێناسە دەکەن.[١] لەگەڵ پەرە ئەستاندنی توێژینەوە زانستییە ڕەسەنەکان بە هۆی سەربەخۆیی، زانیاری و ئاماژە بەخۆکردنی خەڵکی ڕەسەنەوە، ئێمەش شێوەی ئاماژە بەخۆ کردنی کوردان و ئاماژە کردنیان بەو جوغرافیایەی لێی دەژین ڕەچاو دەکەین (ریفکین ٢٠١٧). ڕۆژهەڵات چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا (لێرە بەولاوە ئ. ر.)، پارێزگای سنە (کوردستان)، کرماشان و ئیلام دەگرێتەوە. چونکە سەرزمێری لە ئێران تا ڕادەیەکی فرە زۆر بە سیاسی کراوە و دەوڵەت هیچ ژمارەیەکی دروست لەمەڕ پاشخانی زمانی ئەتنیکی و ئایینیی خەڵک بڵاو ناکاتەوە، تەنیا مەزندە

کردنی نافەرمیی دابەشکردنی ڕێژەی دانیشتووانی فەلاتی ئێران هەیە. بەڵام، ڕێژەی دانیشتووانی کوردانی ڕۆژهەڵات نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ میلیۆن کەسە. ڕۆژهەڵات ناوچەیەکی شاخاوییە بە کەشوهەوایەکی خۆش لە وەرزەکانی بەهار، هاوین و پاییز دا. کوردستان پلەیەکی بەرزی لە ڕوانگەی ڕێژەی باران بارین، پاشماوەی ئاو و دارستان هەیە. ئەگەرچی دە دوازدە ڕووبار لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن کە زایەندەڕوود بەنێوبانگترینیانە، کە بە نێو شاری ئیسفەهان لە ناوەندی ئێراندا تێدەپەڕێ و لە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا وشکە. بە هۆی دروست کرانی ژمارەیەکی زۆر بەنداو لە لایەن دەوڵەت و دامودەزگای سەربازییەوە، پاشماوەی ئاوی ڕۆژهەڵات کەوتووەتە بەر کاریگەریی بەرچاو و کەمی کردووە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، دەوڵەت ئاوی حەوزەکانی ناوچەی بۆ ئاوداشتن و گەشە پێدانی ناوچە ناکوردییەکان گواستووەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئابووریی ڕۆژهەڵات، کە بە هۆی لەگەشەخستنی دەوڵەت، تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە کشتوکاڵ و باغدارییی نەریتییانە دەبەستێ، بە باران ئاو دەدرێ و گەشە نەکردووە. سەرەڕای گواستنەوەی ئاو و تەنانەت خاکی بەپیت لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچە ناکوردییەکان،[٢] دوای پارێزگای فارس، ڕۆژهەڵات پلەی دووهەمی لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، لە ناویاندا گەنم، جۆ، نۆک و میوەی جۆراجۆر هەیە. بۆ وێنە شاری سەردەشت، ناوەندی بەرهەمهێنانی ترێیە و ترێ ڕەشەکەی نێوبانگی جیهانیی هەیە. بێجگە لە ناوچەیەکی فرە بەرتەسک، ئاوداشتنی ڕەزە میوەکانی تا ڕادەیەکی زۆر پشتئەستوور بە سیستەمی گەلێک نەریتین: شێوازی کۆن وەکوو ئاوداشتن بە چاڵاو، لوولە، ئەستێر، گۆل، ڕووبار، بەنداو و جۆگەی ئاوداشتن، وەک چۆن سەدەیەک لەوەپێش باو بوو. بەرهەمی پێشەسازیی کوردستان بەخێو کردنی مەڕومالات، بەرهەمهێنانی زیخ (زیانی لە ڕادەبەدەری بۆ ژینگە هەیە)، یان یەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی بچووکە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە قەراخ شارە مەزنەکانی وەک سنە و کرماشان دەبینرێن. بۆیە بەشی بەرچاوی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی، کانزایی و مەڕومالاتی ناوچەکە بە بیانووی ئامادەکردن و هەناردە کردن دەنێردرێتە دەرەوە. ڕۆژهەڵات هەروەها لە ڕاونگەی سامانە سروشتییەکانەوە دەوڵەمەندە. بۆ وێنە پارێزگای ئیلام خاوەنی مەزنترین ڕێژەی قیری سروشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بە هەمان شێوە، مەزنترین کانگاکانی زێڕ لە پارێزگای سنەن.

## لە گەشەسەندنەوەڕا بۆ لێکۆڵینەوەکانی لەگەشەخستن

تیۆری و مۆدێلی جۆراجۆر هەن کە لە چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی (یان لێ جیا نەکراوە، بە گوتەی بەزوان ٢٠٢١) سەرچاوەیان گرتووە. یەکێک لە پێشکەوتووترینیان تیۆریی لەگەشەخستنە. لە توێژینەوەکەیدا لە ساڵی ١٩٨٧، لە ژێر ناوی ”کەرتی غەززە: دۆخێکی لەگەشەخستن،“ سارا ڕۆی (١٩٩٥:٥٦) چەمکی لەگەشەخستنی داهێنا و ئەو شیکارییەی بۆ کرد: وەک پرۆسەیەکی بنکۆڵکردن و لاوازکردنی تواناییی گەشەکردن و پەرەگرتنی ئابوورییەک لە ڕێگای پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتن و بەکار هێنانی کەرەستەی پێویست بۆ هاندانی گەشەی نێوخۆیی بۆ ئەوبەری ئاستێکی پێکهاتەیی دیاریکراو. لە غەززە، گەشەکردنی

کەرتی ئابووری، لە ماوەی دوو دەیەی دەسەڵاتداریی ئیسرائیلدا، ئەو ئابوورییەی کردووەتە پاشکۆی دەوڵەتی ئیسرائیل. پێشمەرجێکی گرینگی لەگەشەخستن، تیۆریی پێداگری لە سەربەخۆییی نەتەوەکە، یان نەبوونیەتی، کە بناخەی بڕیاردەرە ئاخۆ کام گەشەکردن مومکینە. لەبەر ئەو هۆیە، لە تیۆریی لەگەشەخستندا ئابووری لە جیات بەستنەوەی تەنیا بە بردنە سەری ئاستی ستانداردی ژیان، بە تواناییەکانی گەشەی نەتەوەیی دەبەستریتەوە. لە هەناوی تیۆریی ڕۆیدا، بیرۆکەی مەحاڵبوونی گەشەکردن بە بێ سەربەخۆیی هەیە. لێرەدا، لەگەشەخستن و داگیرکاریی کۆلۆنیال، ئەگەر نەڵێین لەیەکتردا ئاوێتە بوون، بەڵکوو پەیوەندییەکی چڕیان پێکەوە هەیە. لە دوایین چاپی کەرتی غەززە: ئابووریی سیاسیی لەگەشەخستن‌ی ڕۆی (۱۹۹۵:۴) دا هاتووە کە لەگەشەخستن "تێکدانی بە ئانقەست و سیستەماتیکی ئابووریی خەڵکی ڕەسەن لە لایەن دەسەڵاتی حاکمە ... تا دڵنیا بێ لە نەبوونی هیچ بناخەیەکی ئابووری، تەنانەت یەکی خراپیش، کە بتوانێ پشتیوانی بوونی سەربەخۆیانەی خەڵکی ڕەسەن بێ." ئەو ڕەخنە لە هەڵوێستە لیبراڵ و هەروەها مارکسیستییەکان (یان هاوچەرخکردن و بەستراوەیی) بەرانبەر بە گەشەکردن دەگرێ، چونکە ئەوان پێیان وایە پرۆسەی گەشەکردن گەردوونییە و ئەو گریمانەیە دەکەن کە گەشەکردن هەمیشە پێشکەوتنخوازانە و مومکینە. بۆیە، تیۆرییە لیبراڵ و مارکسیستییەکان لە تێگەیشتن لەو ڕاستییە کە چۆن نەبوونی سەربەخۆیی، ئابوورییە ڕەسەنەکانی وەک هی غەززە بەلارێدا دەبا و بنکۆڵیان دەکات، ناسەرکەوتوون (ڕۆی ۱۳۵-۱۱۷ :۱۹۹۵). ڕۆی (۲۰۱۴ – X) جیاوازی لە نێوان لەگەشەخستن و چەمکی کلاسیکی کەم گەشەکردن و گەشەی نایەکسان دادەنێ: لەگەشەخستن "بۆ پێشگرتن بە گەشەی واتاداری ئابووری (و سیاسیی دەسەپێنرێ (سەرەڕای هێندێک دەورەی گەشەی سنووردار) ... پرۆسەیەک کە من وەک یەکێک پێناسەی دەکەم کە بە ئەستاندنەوە یان پێشگرتن بە توانایە ئابوورییەکان، گەشەکردن و وەرسووڕانی پێکهاتەیی لێ زەوت دەکەن [کە شێوازی سروشتیی گەشە و پێشکەوتنن] و پێش بە سەرهەڵدانی هەر جۆرە ڕێکاری خۆراستکردنەوە دەگرن." لەبەر ئەو هۆیە، ڕۆی لەگەشەخستنی غەززە وەک هاوشانی پرۆسەی بە ئیسرائیلی کردن یان (ئەشکەنازی تەوەر کردنی) جوولەکە بوونی ئەو ناچەیە سەیر دەکات (بڕوانە یێفتاچێل ۲۰۰۶). ئامانجە ئایدیۆلۆژیکی و سیاسییەکانی دەوڵەتە ئەتنیکییە سەربەخۆکان هاندەری سەرەکیی لەگەشەخستنی ئابوورییە. ئامانجی تەنیا بەتاڵانبردنی سامانە ئابوورییەکانی ئابووریی پەراوێزخراو نییە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا لە پەرویۆ خستنی ژێرخانی کۆمەڵگەی ژێردەستە بە تەواوییە. لەگەشەخستن ولامێکی کۆلۆنیالیی بەهێز و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای ڕەسەنی وەکوو غەززەیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕێکارە کۆلۆنیالیستییەکانی وەدەرنان، بێبەش کردن و وێران کردن جێبەجێ دەکرێ. بە پێچەوانەی تیۆریی بەستراوەوە، کە ناوەند و پەراوێز تا ڕادەیەکی زۆر بۆ پرسی نایەکسانی لە نێوان ناوەند و پەراوێز دادەبەزێنێ، پانتا و کاریگەریی لەگەشەخستن کە ئەتنیک-نەتەوە سەربەخۆکان بە سەر ئابووریی ئەتنیک-

نەتەوە ژێردەستەکاندا دەیسەپێنن گەلێک لە بەربەستە سەروو پێکهاتەییەکان بەولاوەترە. لەگەشەخستن، شیکاریی نوێ بۆ پەیوەندیی نایەکسانی نێوان ناوەند/پەراوێز و کۆلۆنیالیست/کۆلۆنیکراو و لە نێوان ئەتنیک-نەتەوەکانی حاکم و ئەوانی ژێر دەستە دەکات، نەوەکوو تەنیا وەک دوو ئابووری بیانبینێ کە یەکیان ئەوی دیکە تالان دەکات. ڕۆی پێداگرە کە فەلەستین باشترین نموونە بۆ پێشاندانی شکستی تیۆریی گەشەسەندن لە تێگەیشتنی کاریگەرییە ژێربەژێرە ئەتنیکی-ڕەگەزی و ئایینییەکان و، نایەکسانیی ئابوورییە کە لەوێدا ئامانجە نائابوورییەکان پاڵنەری چەوساندنەوەی ئابوورین. ئەگەرچی ئەو تا ڕادەیەکی زۆر جەخت لەسەر لایەنی ئابووریی ژیان دەکاتەوە، تیۆریی لەگەشەخستن دان بە پەیوەندیی نێوان لەگەشەخستن، دەسەڵات و ژیانی ڕۆژانەدا دەنێ. وەک ڕۆی (٢٠١٤:٢١) دەڵێ، "گشت کەس لە کەرتی غەززە بوونەوەرێکی سیاسییە. سیاسەت ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ کاریگەریی لەسەر ژیانی ڕۆژانە هەیە. هەموو کردارێک، بێ لەبەر چاو گرتنی ئاستی ساکاربوونی، گرینگیی سیاسیی هەیە." بە ئیلهام وەرگرتن لە کارەکانی ڕۆی و مایکڵ دی سەرتاو (١٩٨٨) و هێنری لیفیبرڤ (١٩٨٧)، شالهوب کەرکۆڤیان و باسبریج (٢٠١٤:٨٧) دەستەواژەی "داگیرکاریی ئاسایی"یان بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی زاڵبوونی [کۆلۆنیالیزم] بەسەر چواردەورەی مرۆڤی کۆلۆنیکراودا داهێنا. بە گوێرەی ئەو لێکدانەوەیە، ژیانی ڕۆژانە، "شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی" سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکان، وەک "تۆیخی لێکگرێدەری" دنیای کۆمەڵایەتییە (شاهلوب-کەرکۆڤیان و باسبریج ٢٠١٤:٨٧).

بۆیە، ژیانی ڕۆژانە لە خۆیدا سیستەمێک نییە بەڵکوو هاوژێرەیەکە کە لێکگرێدەری سەرجەم ئەو سیستەمانەیە کە هەن. جا بۆیە، لەگەشەخستن لە ژیانی ڕۆژانەی فەلەستینیدا دەرخەری "هێزی لێکگرێدەری داگیرکاریی کۆلۆنیال و لەگەشەخستنە لە ئەزموونەکانی ژیانی خەڵکدا" (شالهوب-کەرکۆڤیان و باسبریج ٢٠١٤:٨٨). لەگەڵ ئەوەشدا خودی سروشتی ژیانی ڕۆژانە وەک دەزووی بەستنەوەی دنیای کۆمەڵایەتی، بە هەمان شێوە ئەوێ دەکاتە هەرێمی یەکلاکەرەوەی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان بۆ بەرخودان دژی بوونی کۆلۆنیالیست بە بەرهەڵستکاریی و کاردانەوەکانیان. سارا ڕۆی (١٩٨٧) سێ سیاسەت یان هێزی بزوێنەری سیاسی کە دەبنە هۆی لەگەشەخستن دەستنیشان دەکات: دەستبەسەرداگرتن و لێ ئەستاندنەوە، یەکخستن و بەدەرەکی کردن و لەپێکهاتەخستن. ڕۆی دەستبەسەرداگرتن و لێ ئەستاندنەوە بە پێشگرتن بە خەڵک بۆ ئەوپەڕی کەڵک وەرگرتن لە سامانە ئابوورییەکانی خۆیان دەزانێ. ئەو سیاسەتە چوار بەش دەگرێتەوە: دەستبەسەر داگرتنی وەبەرهێنان لە سەر ئاو، زەوی، خانووبەرە و ژێرخانی ئابووری. یەکخستن و بە دەرەکی کردن بە سیاسەتی هاندانی ئابوورییە کۆلۆنیکراوەکان بۆ بە بەستراوەییی مانەوە بەو سەرچاوانەی لەدەرەوە دەئافرێندرێن، دەناسرێتەوە (ڕۆی ١٩٩٥:٢٠٩). ئەو سیاسەتانە بەو شێوەیە کار دەکەن: ئـ) پەرتەوازەکردنی هێزی کاری خەڵکی ڕەسەن لە ئابووریی هەرێمەکە بە ناچار کردنیان بۆ کار کردن لەو پیشەسازییانەی هێزی ماسولکەی زۆریان پێویستە و لەدەرەوەی ناوچەی خۆیان، ب) کەمکردنەوەی

توانستی بەرهەمهێنانی ئابووریی نێوخۆیی ج) کۆسپی بەدامەزراوەییکرانی گەشەی ژێرخانی ئابووری، وەکوو دامەزراوەکانی پاشەکەوت و دانی قەرز، کەرتی ئابووریی تایبەت، بەڵێندەریی هەرێمی و، هەر تەوەرەیێکی دارایی کە ببێتە هۆی گەشەکردنی ئابووری. بێجگە لەوە، سنوور دەخاتە سەر چۆنایەتیی خوێندن، ستانداردەکانی ڕاهێنان و بەرنامەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنەوە لە کۆمەڵگای ناسەربەخۆ کە لە دروستکردنی گەشەی ئابووری و خۆشبژێویدا ناکارامە و ناکاریگەر دەمێنێتەوە.

## ڕۆژهەڵاتی گەمارۆدراو: لەگەشەخستن وەک شێوازێکی بێدەنگی داگیرکاری

پێناسە کردنی لەگەشەخستن لە لایەن ڕۆی (١٩٨٧، ١٩٩٥، ٢٠١٤) و شێوازەکانی کار کردنەکەی تاقانەیە و بووەتە هۆی گفتوگۆی قووڵی تیۆریک لە بارەی گونجاو بوونی تیۆرییە ڕەخنەگرییەکانی گەشەسەندن لە چوارچێوەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا. پەرەپێدانەکانی ئەو دواییانەی تیۆریی لەگەشەخستن، لە سەرەتادا لە لایەن زانایانی لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین، تا ڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوە سەرەتاییەکەیدا قەتیس ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵی زانستوانانەی ساوا بەڵام گەشەئەستێن بۆ بەکارهێنانی تیۆریی لەگەشەخستن بۆ چوارچێوەی دیکەش لە ئارا دان (بڕوانە سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٢). تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی لەگەشەخستن، پێداگرییەکەی لەسەر سەربەخۆیی وەک فاکتەری بنەڕەتی بۆ ئەگەری گەشەسەندن لە کۆمەڵگایەکدایە. پرسی سەربەخۆیی گرێدراوییەکی چڕی بە مافەکانی دیاریکردنی چارەنووس یان خۆبەڕێوەبەرییەوە هەیە.

ڕۆی پێداگرە کە ئەوە تەنیا نەبوونی گەشەی ئابووری نییە کە پرۆژەی بوونی فەلەستین بەرەو نەمان دەبا بەڵکوو نەبوونی سەربەخۆییە. بە کەڵکوەرگرتن لە کارەکانی ڕۆی و یادیرجی (٢٠١٧:٥٩)، ئێمە دەڵێین ڕۆژهەڵات نموونەیەکی دیکەی پرۆژەی دەوڵەتی بۆ لەگەشەخستنە، چونکە مەرجە خراپەکانی ئابووریی ئەو ناوچەیە لەبەر نەبوونی سەربەخۆییی سیاسییە. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە تەنیا جەخت لەسەر ڕۆژهەڵات دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەبێ پێداگر بین کە ڕۆژهەڵات تەنیا بەشی کوردستانی مەزن نییە کە سیاسەتی لەگەشەخستنی نەتەوە حاکمەکان تێیدا بەڕێوە دەچێ. یادیرجی (٢٠١٧:٥٩) ئاشکرای دەکات کە بەشەکانی دیکەی کوردستان وەک باکووری کوردستان بە هەمان شێوە کەوتووەتە ژێر سیاسەتەکانی "کۆماری تورکیە [بۆ] لەباربردنی تواناییەکانی بوونێکی خۆبەڕێوەبەرانەی کوردان [و] سیاسەتی لەگەشەخستن، تەنیا بە شێوازی جیاواز، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی تورکەوە جێبەجێ کراوە." کورد مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە، کە ڕێژەی دانیشتووانی پتر لە ٤٠ میلیۆنە و وڵاتێکی دابەشکراو لە نێوان تورکیە، عێراق، ئێران و سووریەیە. ئەوان لە گشت ئەو وڵاتانەدا بە کەمینە کراون و ئەو گەلە بە زمان، فەرهەنگ و شوناسی کوردی لە نەتەوە ئەتنیکییە زاڵەکانیان لێک جیا دەکرێنەوە. بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم، کورد لە ژێر دەسەڵاتەکانی عوسمانی و قاجاردا دەژیان. لە ١٩٢٠ و دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتوریی عوسمانی، هاوپەیمانان لە ڕێککەوتننامەی سێڤەردا بەڵێنییان بە کوردان دا دەوڵەتێکی خۆیان هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرهەڵدانی دەوڵەتانی نەتەوەپەرستی شەڕانی،

ئەوانیان بێ دەوڵەت هێشتەوە و کردیاننە ئامانجی سەرەکیی پاکتاوی ئەتنیکی و سیاسەتی تواندنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتانێکدا کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا (بڕوانە بەزوان ٢٠٢١). کورد زیاتر لە سەدەیەک بۆ وەدەستهێنانی شێوازی جۆراجۆری خۆبەڕێوەبەری خەباتی کردووە و درندانە سەرکوت کراوە. ئەوان شاهیدی داگیرکرانی خاکیان و حاشا کردن لە زمانیان، شوناسیان و مافە بنەڕەتییەکانیان بوون. بێجگە لەوە، دەستڕاگەیشتنی ئەوان بە مودێرنیتەی سەرمایەداری، جموجۆڵی پەروەردە و بارهێنان و هەموو جۆرە شێوازێکی سیاسەتکردنی ئەوان بە توندی سنووردار کراوە. لەوەش زیاتر، کورد بەرەورووی لەنێوبردنی زمان و فەرهەنگ، ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی ئەوان لە توندوتیژیی دەوڵەتی لە لایەن دەوڵەتە ئەتنیکییەکانی عەرەب، فارس و تورکەوە تەواو هاوشێوە نەبووە. لێرە، لەبەر جەختکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی بەردەست، ئێمە خۆمان لە باس کردن لە دۆخی کوردانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات (لە ژێر دەسەڵاتی فارس) دەبوێرین. کوردانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە کۆمەڵگا نافارس-شیعەکان پەراوێزخراون، ژێردەستە کراون و کەوتوونە ژێر تواندنەوەی سیستەماتیک و کوژرانی ڕۆژانە. لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەپەرستی فارسیدا، باس لە هەر جۆرە شێوازی خۆبەڕێوەبەریی کوردی لە لایەن دەوڵەت و دەنگدەرە فارسەکانییەوە بەرەورووی بێزاری دەبێتەوە (سولەیمانی و محەممەدبوور ٢٠١٩ب). بۆیە، دۆخی کورد نموونەیەکی دیاری ئەو شتەیە کە ئاگامبەن (٢٠٠٥) بە "دۆخی ریزپەڕ" پێناسەی دەکات. بە گوێرەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگای کوردی لە بەراورد لەگەڵ کەمینە ئەتنیکییەکانی دیکەدا، بەردەوام زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدرانی هەیە (ڕاپۆرتی ئێران ٢٠٢٠). بە هەمان شێوە "زیندانییە سیاسییەکانی کورد ... نزیکەی نیوەی کۆی زیندانییانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک دێنن" (کالدێرا ٢٠٢٠). لە ١٩٠٦ بەولاوە، هەڵاواردن دژی کوردانی سوننی چووەتە نێو یاسای بنەڕەتییەوە. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، زمان، مێژوو، داواکارییە سیاسییەکانی و فەرهەنگەکەی بە خێڵەکی دێنێتە ئەژمار. یاسا بنەڕەتییە فارس-ئیسلامییەکە ناڕاستەوخۆ تواندنەوەی کورد و نەتەوە ئەتنیکییە ژێر دەستەکانی دیکە مسۆگەر دەکات (سولەیمانی و عوسمانزادە ٢٠٢١). ئەو، فارسی وەک زمانی هەموو ئێرانییەک، بێ لەبەرچاو گرتنی پاشخانی زمانی-ئەتنیکیی ئەوان، دێنێتە ئەژمار (برگەی ١٥). لە کاتێکدا کە ئەوان لە چارەنووسی "نەتەوەی ناسەربەخۆ"بووندا هاوبەشن، ئێمە ناتوانین مافە فەرهەنگی و زمانییەکانی فەلەستینی و کوردان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین. بە پێچەوانەی کوردان، جیاوازییەکانی زمانی-ئەتنیکیی گەلی فەلەستین حاشای لێ نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە پەیوەندی لەگەڵ مافی خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆییدا وێکچوونی سەرسوڕهێنەر لە نێوان کورد و فەلەستینییەکاندا هەیە. بە هەمان شێوە جیاوازیی بەرچاویش لە نێو ئەو دووانەدا هەیە کە دۆخی کورد ئاڵۆزتریش دەکات. بە پێچەوانەی فەلەستینییەکان، سێ بەش لە چوار بەشی کوردستان هیچ پێگەیەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتییان نییە. دیسان، بە پێچەوانەی فەلەستین، کوردستان وەک

وڵاتێک پێناسە نەکراوە کە خاکەکەی لە لایەن دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستەوە داگیر کرابێ (بڕوانە سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٢). کە واتە، لە ڕوانگەی مێژووییەوە، حاشا کران لە مافە بنەڕەتییەکەی کوردان وەک پرسێکی نێوخۆیی چوار وڵاتی سەربەخۆ سەیر کراوە. بۆ وێنە، دەوڵەتی ئێران هەر جۆرە ئاماژەیەکی پشتگیریکەرانە لە داواکانی کوردان وەک دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆیی خۆی سەیر دەکات. لەبەر ئەو هۆیە، خەباتی یەک سەدەی کوردی بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و خۆڕاگری لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە و ڕێکارە کۆمەڵکوژانەکەیدا لە ڕەوایی دەخات. نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، ڕەوایی دەدا بە سەرکوت دژی کوردان و حاشا کردن لە نەتەوە بوونیان، واتە هەر ئەو ڕاستییە کە زەمانەتی مافی ئەوان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکات. وەکوو کۆمەڵگا بەکەمینەکراوەکانی دیکەی ئێران (عەرەبەکان، بەلووچەکان، لورەکان، تورکەکان و تورکمانەکان)، کوردیش هیچ دەورێکی لە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێراندا نەبووە، بە هەمان شێوە هیچکات داوای ڕەزامەندیی ئەوان بۆ چوونە نێو ئەو یەکیەتییە تازە دامەزراوە "فارس"تەوەرە نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێشێلکردنی مافی نافارسەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس وەک شتێکی سروشتی سەیر دەکرێ. هەر وەها دەسەڵاتی ئەتنیکی فارس بە سەر باقی وڵاتدا. هیچ شتێک وەک ئەوەی دواتر، پێکهاتەیەکی کۆلۆنیال بوونی ئێرانی هاوچەرخ پشتراست ناکاتەوە. ڕۆشنبیرانی ئێرانی بەرگری لە ئێرانیبوونێکی بە فارس-شیعەکراوی وەها توندوتیژانە دەکەن و داڕێژرانی لەسەر بنەمای زمانی

ئەتنیکێک و هیرارشیی ئایینی وەک ئاکامی سروشتیی دروستکردنی نەتەوە سەیر دەکەن. ئەو دارشتنە توندوتیژانەی ئێرانیبوون، نافارسەکان لە دێموس (نەتەوە یان گەل بوون) دەرداوێ، مەگەر بە توانەوەیان لە فەرهەنگی حاکمدا نەبێ. لە ئێران، شارۆمەندیی نافارسەکان بە توانەوەیان و گۆڕینی ئایینیان بۆ شیعە (بڕوانە بڕگەکانی ١، ١١٥ و ١١٧ لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران)،[٣] دەبەسترێتەوە و لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئەوان، لە باشترین دۆخدا، دەتوانن ئەگەری شارۆمەند بوونیان هەبێ. خۆڕاگریی کوردان لە بەرانبەر مەرجەکانی سەرەوەدا وەک ناڕەوا، جیاییخوازانە و ورووژاندن لەدەرەوە ڕا باسی لێوە دەکرێ. بە پێچەوانەی پرسی فەلەستینییەکان، داوا سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردان بە چاویلکەی ئەمنییەتی سەیری دەکرێ. بۆ وێنە، سەرەڕای کۆمەڵکوژیی یەزیدییەکان لە ٢٠١٤،کە لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەڕێوە چوو و، هەوڵەکانی تورکیە و ئێران بۆ وێران کردنی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بێ باسکردن لە بەنێو نیگەرانییە ئەمنییەتییەکانی تورکی و ئێرانی، کاربەدەستە ڕۆژئاواییەکان زۆر بەدەگمەن باسی کوردانیان دەکرد. ئەو کەشوهەواوا دوژمنانەیە بووەتە هۆی هاندانی ئاکادێمیسیەنانی وەک مایکڵ ئە ڕەینۆڵدز، لە زانکۆی پرینستۆن، تا بە بیانووی "ناڕەزایەتیی ڕەوای تورکیە" ڕەوایی بدا بە داگیرکاریی سەربازیی تورکیە لە کوردستانی سووریە و پاکتاوە ڕەگەزییەکەی لە عەفرین (دۆران و ڕەینۆڵدز ٢٠١٩). مایکڵ گونتەر، کە خۆی بە پسپۆڕی لێکۆڵینەوەکانی پرسی کورد دەزانێ، ئیدیعای کرد هەڕەشەی کوردی ڕۆژئاوا دژی دووهەمین زلهێزی

سەربازیی ناتۆ "بە تەواوی ئاکامی هۆنینەوەی مێشک (هی تورکیە) نییە."[5] لە کاتێکدا کە تورکیە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیدا کەیفخۆشانە خەڵکی مەدەنیی کوردی دەکردە ئامانجی بۆمبی فۆسفۆڕی. ئەوە ئاستی کاریگەر بوونی ڕوانگە تەماشاوانییەکانی لێکۆڵینەوە و زانایان بۆ ڕەوایدان بە هاویشتنی بۆمبی فۆسفۆڕی[6] بە سەر خەڵکێکی مەدەنیدا، کە دەوڵەتی خۆی نییە، ئاشکرا دەکات. ڕەوایدانی هەنووکەییی نێودەوڵەتی بە کۆلۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردی خستووەتە نێو دۆخی بێهیوایی تەواو و ئەوانی تووشی کوژرانی سیستەماتیک و ڕۆژانە، لەکیس چوونی سامانەکانیان و وێرانکرانی ژینگە و شوێنی ژیانیان و نێژرانی خاکە بەپیتەکەیان لە ژێر پرۆژە ئەمنییەتییەکانی بەنداوەکانی دەوڵەتدا کردووە. باج ئەستێنی، تاڵان کردن و وێران کردنی سیستەماتیکی سامانەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، وەک گیروگرفتێکی نێوخۆیی سەیر دەکرێ کە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی سامانە "نەتەوەیی"یەکان لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە، سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کردنی کوردان بە هێزی کاری هەرزان و خەباتی ئەوان دژی ئەو چەقبەستووییە زۆرەملێیە، تایبەتمەندییەکی نەریتیی سیاسەتە شکستخواردووەکانی گەشەسەندن لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە پێچەوانەی فەلەستین، وێرانکردنی ڕۆژهەڵات، چاودێریی نێودەوڵەتیی بەسەرەوە نییە، کوردیش پشتگیریی سیاسی یان یارمەتیی ئابووری وەر ناگرێ. ئەوە مردنێکی لەسەرخۆیە کە بە شاراوەیی لە ئارا دایە. بێجگە لەوە، بە پێچەوانەی فەلەستین، لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە ڕۆژهەڵات ناوچەیەکی داگیرکراوی دانپێدانراو نییە. بۆیە، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە میلیتاریزە کردن و بەئەمنییەتی کردنە بەردەوامەکانیان لە ڕۆژهەڵات دەدەن. بەئەمنییەتیکردن "سیاسەتی تۆقاندن لەگەڵ سەرپەرشتیکردنی هەڕەشە" تێکەڵ دەکات (بالزاک، لیۆنارد و روزیکا ۲۰۱۶:۲). ستراتێژییەکانی بەئەمنییەتیکردنی دەوڵەت شوێنی ژیانی کوردانی کردووە بە هەرێمێکی ئەمنییەتی و زمان و شوناسی ئەوانی کردووە بە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتیی بەردەوام (محەممەدپوور و سولەیمانی ۲۰۲۰؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ۲۰۱۹ب). وەکوو پرسی فەلەستینییەکان، کورد بوون لەخۆیدا پرسێکی ئەمنییەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردبوون نابێتە هۆی وروژاندنی هاوخەمی و پشتگیریی نێودەوڵەتی[7]. ئەوە جیاوازیی هەڵسوکەوتەکانی بەئەمنییەتی کردنی ڕۆژهەڵات لە گەڵ هی فەلەستینە. لە کاتێکدا کە فەلەستینییەکان هێندێک ناوچەی خۆبەڕێوەبەریان هەن، کوردستان هەموو ڕۆژێک وێران دەکرێ. ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی کوردان بە تۆڕە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەت و بوونی سەربازیی ئەوان بەفیڕۆ دەچێ و لێک هەڵدەتەکێنرێت. بە میلیتاریزە کردنی پەرەئەستێنی ڕۆژانە، دەوڵەتی ئێران هەوڵ دەدا زمان و فەرهەنگی کورد بکاتە فارسی و خاکەکەی لە کوردان داماڵێ. وەکوو پرسی فەلەستین، تیۆرییەکانی بەستراوەیی و گەشەسەندن لە شیکردنەوەی پرۆسەی لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات شکست دێنن. دۆخەکەی نە لە ژێر ڕووناکاییی بۆچوونی تیۆریی بەسترانەوە لەمەڕ ناوەند-پەراوێز و نە بە بیرۆکەی گەشەی تاک ڕەهەندیی تیۆریی

هاوچەرخکردن (مۆدێرنیزاسیۆن) شی ناکرێتەوە. ئەو تیۆرییانە لە هەڵوێستە تاکڕەهەندی یان بەراوردکارانەکەیاندا، گریمانەی ئاستێکی دیاریکراوی گەشەسەندن دەکەن. تیووری هاوچەرخکردن لە شیکردنەوەی پاشکەوتوویی لە ڕۆژهەڵات ناسەرکەوتووە، چونکە ناتوانێ هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی بروامەند بە تاک ئایین- تاک ئەتنیک بۆ سیاسەتی گەشەسەندن بێنێتە ئەژمار. سیاسەتی گەشەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاک ئایینی- تاک ئەتنیکییە چونکە ئەو لە بەرژەوەندیی زاڵبوونی تاهەتاییی فارسی حاکمدا و جەخت کردن لەسەر وێران کردنی ناوچە نافارس- ناشیعەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فرە نەتەوەدایە. لە ئێران، کۆمەڵگای فارس- شیعە بە تەواوی پرۆسەکانی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیی قۆرخ کردووە. لەو ڕوانگەیەوە، ئێمە هاوچەرخکردن لە ئێران وەک پرۆژەیەکی کۆلۆنیال لێک دەدەینەوە کە لە دەوری شەکەت کردن و بەلارێدابردنی شێوازە نەریتییەکانی بەرهەمهێنان و سەربەخۆییی فرە ڕەنگیی ئابووریی ڕۆژهەڵات هەڵدەسووڕێ. لەو توێژینەوەیەدا، هاوتەریب لەگەڵ زانایانی پرسی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا (کووپەر ٢٠٠٢؛ لوکاس ٢٠٠٤؛ مامدانی ٢٠٠٢)، ئاسیا (چاکرابارتی ١٩٩٧: چاکرابارتی ٢٠٠٠؛ چەتەرجی ١٩٩٣؛ میگوچی ٢٠١٠)، و ئەمریکای لاتین (بورکهۆڵدەر و جانسۆن ٢٠١٢؛ ڕۆدریگێز ٢٠٠١)، ئێمە پرۆژەی هاوچەرخکردن و "بەکۆلۆنیکردن"ی ناوچە نافارسەکان وەک دوو دیوی یەک سکە سەیر دەکەین (بڕوانە لیدۆن و ڕیزقی ٢٠١٠). گەشەی دەیان ساڵەی تاک ئەتنیکی-تاک ئایینی و بەئەمنییەتی کردن لە لایەن دەوڵەتانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە، جیاوازییەکی قووڵی سیاسی و ئابووریی لە نێوان ناوەندی فارس و پەراوێزی نافارسدا دروست کردووە. بەڵام، وەک ئەوەی سارا ڕۆی (٢٠١٤) لە توێژینەوەکەی لەسەر کەرتی غەززە بینیویەتی، سیاسەتی لەگەشەخستن و بێدامەزراوەکردنی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بە تایبەت لە سەردەمی ڕێژیمی ئیسلامیدا، نە تەنیا سەپاندنی بەستراوەیی یان چەوساندنەوەی قەوارە پەراوێزەکانە، بەڵکوو ئامانجی لەنێو بردنی ئەو پێکهاتانەشە کە ئەگەری بەرهەمدار بوونیان هەیە. لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕۆژهەڵات (لەگەڵ پارێزگای سیستان و بەلوچستان) کورترین ڕێژەی چاوەڕوانکراوی تەمەن لە نێو هەموو پارێزگاکانی ئێرانیان هەیە (ئێلینگ ٢٠١٣:٥٦). کوردەکان، کە وەک ڕووخێنەر سەیر دەکرێن، بوونە ئامانجی ڕێکاری ئەمنییەتی و، لەبەر ئەو هۆیە دەوڵەت پێشی بە وەبەرهێنانی ژێرخانی و پیشەسازی لە ناوچەکەداگرتووە. لە ئاکامدا، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات کەرتی نافەرمیی وەک کۆڵبەریی[٨] (کاری سەر سنوور) و کار لە کوورەی خشتان دەرفەتە باوەکانی کاڕن (سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٠).

## ئێران وەک دەوڵەت نەتەوەیەکی کۆلۆنیالیست

سەرچاوەی دیسکۆرسی نەتەوەپەرستی مودێرنی ئێرانی، وەک ئەوەی لە سەردەمی پەهلەویدا سەری هەڵدا، دەکرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ ڕووداوەکانی دەوڵەتی قاجار (١٧٨٩-١٩٢٥) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم. لە دەیەی کۆتاییی قاجاردا، هێندێک شێوەی نەتەوەپەرستیی سێکولار لە نێو ڕۆشنبیرەکاندا پەرەی گرت. چەمکی وەک ئێران یان پارس، فارسی، وێژە و شیعری درێژ، کە قەرار بوو جەخت لەسەر بەردەوامیی

مێژوویی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی خەیاڵی بکاتەوە، دەرکەوت هەموویان شتی بنەڕەتی بۆ نەتەوپەرستیی فارس بن. بێجگە لەوە، ناسیۆنالیزمی فارس، دەستەوداوێنی شاهنامە (کتێبی شایەکان لە نووسینی شاعیر فیردەوسی)، ئەفسانەی زەردەشتی و بیرهێنانەوەی گوڵبژێر کراوی سەردەمانی کەونارا بۆ دروستکردنی ڕابردوویەکی خەیاڵی بۆ ئێستا و پێداویستییە ناسیۆنالیستییە بەپەلەکان بوو (زیا-ئیبراهیمی ٢٠١٦). لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بڵاو بوونەوەی ئەفسانەی ئاریایی، کە لە لایەن تاقمێک نوخبەی ناسیۆنالیستی ئێرانی بە نێوی ئاڵقەی بەرلین[9] گەشەی پێ درا، ناسیۆنالیزمی فارسی لە قاڵب دا. لە سەردەمی ڕەزاشادا (١٩٢٥-١٩٤١)، بە پێشکەشکردنی ناسیۆنالیزمێکی فرە ناوەندگەرایانەی فارسی، ڕەوایی بە سەرەڕۆیی دەدرا و پشتگیریی لێ دەکرا. یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکشێوازی، هێمای سەرەکیی ئەو ناسیۆنالیزمە بوو. ڕۆشنبیریی فارس تەوەر سەرنجی دایە ڕزگاریدەرێک، کەسێکی دیکتاتۆر کە بتوانێ بەرنامەیەکی نەتەوەپەرستانە بە زۆر بسەپێنێ. ڕەزا خان پاشایەتییەکی دامەزراند کە مودێلێکی ڕەگەزپەرستانەی باڵادەستیی ڕەگەزی ئاریایی پێوە لکاند، ڕەگەزێک کە سەرچاوەکەی، بە گوێرەی دەوڵەتی پەهلەوی، گریمانە دەکرا لە هیچ شوێنێک نەبێ بێجگە لە ئێران و نەوەکانی بێ ئەملا و ئەولا کەس نەبوو بێجگە لە فارسان (محەممەدپوور ٢٠٢١، ٢٠٢٣). ڕەزاشا پەرەی بە دەوڵەتداریی یەکیەتیی ڕەگەزی دەدا و هەموو جۆرە جیاوازییەکی زمانی و ئەتنیکیی ڕەت دەکردەوە. لە ١٩٣٤، ڕەزا شا بە فەرمی نێوی وڵاتی لە 'ممالک محروسە' (وڵاتانی پارێزراو) بۆ "ئێران"، وەک "وڵاتی ئارییایییەکان" گۆڕی.[10]

ڕەزا شا ستراتیژییەکی دوو دەمی بۆ تواندنەوە و کۆمەڵکوژیی زمانی و هەروەها سڕینەوەی فەرهەنگی بۆ دارشتنی "یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت" هەڵبژارد (محەممەدپوور و سولەیمانی ٢٠٢٠:٣). بۆ ئەوەی تاقە شوناس و تاقە فەرهەنگە ئێرانییەکە وەراست گەڕێ، دەبوو هەموو شتێک بە ستاندارد بکرێ. هەموو کەس دەبوو پاشناو (شۆهرەت)ی هەبێ. فارسی وەک زمانی فەرمیی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە زمان دیاری کرا. دوای سەدەیەک لە بانگەشەی دەوڵەتیی ڕەگەسپەرستی و تواندنەوەی زۆرەملێ، فارسەکان تەنیا ٣٧٪ لە دانیشتووانی ئێران پێک دێنن (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:٨٢). ڕەزا شا پاش پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی، کەڵک وەرگرتن لە سەرجەم زمانە نافارسەکانی بە شێوازی نووسراوە قاچاخ کرد. زمانەکانی دیکە یان وەک شێوەزارێکی فارسی ( واتە کوردی و لوری) یان وەک زمانە بیانییەکانی نا هیندو-ئورووپایی (واتە تورکی و عەرەبی، ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:٨٧) سەرکوت کران. لەوەش بەولاوە، ئەو بە شێوەی توندوتیژانە هەوڵی بەفارسیکردنی ناوچەکانی دا. بۆ وێنە، نێوی عەرەبستان بۆ خووزستان گۆڕدرا (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧). نووسەران، ئاکادێمیسیەنان، نووسەران و شاعیرانی فارس دەستیان بە لایەنگری لە بەفارسیکردنی کۆلۆنیالیستی و پرینسیپەکانی ئایدۆلۆژییەکی ڕەگەزپەرستانە کرد کە تا ئەو کاتی لە ئێران نەناسراو بوو (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:١٨٨). تەنانەت ئەمڕۆ، ئاکادێمیسیەنە فارسەکان زمانە نافارسییەکان یان وەک شێوەزارێکی زمانی خۆیان یان دواکەوتوو پۆلێن دەکەن.[11] ئاکادێمیسیینە فارسەکان بیدەربەستانە بە خوێندکارەکانیان دەڵێن

”بێتوو بە هەر زمانێکی دیکە بدوێی، کە واتە تۆ ئێرانی نی. زمانی فارسی و ڕەگەزی ئاریایی ئەو شتەیە کە ئێمە تێیدا هاوبەشین“ (ساڵح ٢٠١٣:١٢٩). لەسەر کار لابردنی ڕەزا شا بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی هێزی جۆراجۆری نەیاری بەفارسکردن، کە سەردەمێک تێک شکێنرابوون. وەک نموونەی ئاشکرای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیی نافارس دەتوانین ئاماژە بە کۆماری کەمتەمەنی کوردستان و دەوڵەتی گەلیی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٦ بکەین. کوڕی ڕەزا شا، محەممەد ڕەزا (١٩٤١-١٩٧٩)، بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی ناسیۆنالیزمی شەرانی، دەوڵەتی ناوەندگەرا و، بە ڕۆژئاوایی کردنی ڕووکەشیانە، خۆبەختکەرانە درێژەی بە بەرەوپێش بردنی خەونی باوکی بۆ دروست کردنی ئێرانێکی بە فارسکراو دا. پەرە پێدانی سیاسەتەکانی، محەممەد ڕەزا شا بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەک بەرخۆدانی سیاسی-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە لایەن نەتەوە ئەتنیکییە بەکەمینەکراوەکان. ڕێژیم سیاسەتێکی شاراوەی بە فارسی ئاریاییکردنی سەرجەم کۆمەڵگا ناعەرەب و ناتورکەکانی دەست پێ کرد، ئەگەرچی لەگەڵ حاشا کردنی ئاشکرای تورکیە جیاواز بوو (ئەسغەرزادە ٢٠٠٧:١٥٣). لە دیسکۆرسی فەرمیی بەئاریاییکردندا کە بە چڕی زمان، فەرهەنگ و مێژووی فارس دەسەپێنرا، مێژوو، فەرهەنگ و شوناسی کوردی بوونە ئامانجی سەرەکیی تواندنەوەی سیستەماتیکی دەوڵەت. کوردەکان بۆ خێڵی جەنگاوەری مێژوویی کە شانازیی پاراستنی نیشتمانی ئاریاییان پێ ئەسپێردرابوو، دابەزێنران. بەڵێنیی ئاریاییبوون، کە تابلۆی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی پەهلەوی بوو، دوای شۆڕشی ١٩٧٩، دەوری سەرەکیی خۆی پاراست و بە پێوەلکاندنی شیعەگەری، بووە تایبەتمەندیی پێناسەکراوی کۆماری ئیسلامی (محەممەدپوور ٢٠٢٤ب؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠١٩ ئـ).

بە گشتی باس لەوە دەکرێ کە شۆڕشی ١٩٧٩، بووە هۆی ئاڵوگۆڕی پارادایمی لە سیاسەت و بیری ڕۆشنبیرانەی ئێراندا، بە گۆڕان لە ناسیۆنالیزمی سێکولارەوە بەرەو ناسیۆنالیزمی ئایینی. بەشێک لە زانایانی ئێرانی پێیان خۆشە ئەو ئاڵوگۆڕە وەک وڵامێکی نێوخۆیی بە دەستێوەردانەکانی ڕۆژئاوا لە کاروباری نێوخۆیی، کە لەسەردەمی قاجارەوە دەستی پێ کردبوو و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویدا پەرەی ئەستاندبوو، شی بکەنەوە (بروجێردی ١٩٩٦؛ میرسپاسی ٢٠١٩). لەو بۆچوونەدا، شۆڕشەکە وەک هەنگاوێکی دژە کۆلۆنیالیستی و دژە ئیمپریالیستی بەرانبەر زلهێزانی ڕۆژئاوایی دەناسێندرێ (دەباشی ٢٠٠٨). شۆڕشەکە شای سێکولاری لە سەر کار لابرد و مەلای شیعەی لە جێگای دانا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زۆر بواردا، سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئایینیی ئەمڕۆ، شتێک نین بێجگە لە درێژەدان بە سیستەمی پێشوو و هاوتەریبیی لەگەڵ تایبەتمەندییە سەرەکییە کاولکەرەکانی. هەردووکیان ئیدیعایان کردووە کە ئێران خاوەن نەتەوەیەکی هاوتوخمە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام و لە سەردەمی فرە کۆنەوە هەبووە. کۆماری ئیسلامی قورساییەکی ئایدۆلۆژیکی تاقانە دەدا بە سەردەمی ئیسلامی، بە تایبەت سەرهەڵدانی شیعەگەری. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە شێوازێکی نوێی پێشکەشکردنی سەرجەم ئیدیعاکانی ناسیۆنالیزمی فارس لە پەیوەندی لەگەڵ بەنێو بەردەوامیی مێژوویی شوناسی ئێرانییە.

وەک فارسە ناسیۆنالیستە سێکولارەکان، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدیعا دەکات شێوەی کارکردی شوناس و فەرهەنگی ئێرانی هەزاران ساڵە نەگۆڕدراوە (رام ٢٠٠٠؛ سولەیمانی و عوسمانزادە ٢٠٢١). سیستەمەکانی پەروەردە و بارهێنانی هەر دوو دەوڵەت، بانگەشەی تیۆرییەکانی ڕەگەزی ئارایییان کردووە و دەڵێن ئارایییەکان لە گشت ڕەگەزەکانی دیکە سەرووترن (رام ٢٠٠٠، سولەیمانی و عوسمانزادە ٢٠٢١). بە دروستکردنی پەیوەندیی مێژوویی و ڕەگەزی لەگەڵ ئورووپاییەکان، ئەوان لە بەرانبەر فەرهەنگی سامی و زمانی عەرەبیدا، باڵادەستییەکی تاقانەی ڕەگەزی دەدەنە پاڵ شوناسی ئێرانی. بروا بە نایابیی ڕەگەزی ئێرانی (بڵێ هی فارس) بە هێندێک دەستکارییەوە لە دیسکۆرسی ئایینیی کۆماری ئیسلامیدا وەرگیرا و تێکەڵی کرا. بۆ وێنە، کتێبە دەرسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران منداڵانی ئێرانی فێر دەکەن کە "هۆیەک هەیە بۆچی نێوی وڵاتی ئێمە ئێرانە، وڵاتی ئازاد و لە دایکبووانی ئازاد [خەڵک]. مەزنترین و بەنرخترین دیاریی ئێران بۆ وڵاتانی دیکە، بیرە داهێنەرەکەی، هۆدان و فەرهەنگە ... ڕۆڵەکەم، من دەزانم ... کە تۆ ئەوینداری ئێرانی ...چونکە تۆ ... لە ڕەگەزی نایابی ئێرانیی" (کتێبی فارسی پۆلی هەشتەم ٣١-٣٠: ٢٠١٨، جەختکردنەوەکان زیاد کراون). هەر دوو سیستەمەکە زمانی فارسی و شوناسی فارسییان وەها ناساندووە کە ئەوە هی سەرجەم ئێرانییەکانە، بۆیە فارس بوونیان لەگەڵ ئێرانیبوون یەکسان داناوە (محەممەدپوور ٢٠٢٤ب). ئەوان ئەو ئیمتیازەیان داوە بە ئەتنیکی فارس کە تاکە نووسەری مێژووی نەتەوەکە بن، بەو گریمانەیەوە کە سێ هەزار ساڵە بەردەوامە. بە شۆڕشی ١٩٧٩، شیعەگەرییش بوو بە ستوونێکی سەربەخۆیی و نیشانەی ئێرانیبوون. فارسیزم و شیعەگەری بوونە بناغەی مەعریفەیی و سیاسی بۆ دیسکۆرسی گەشەی ئێرانێکی تاک ئایین-تاک ئەتنیکی. هەر دوو سیستەمەکە سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێی نافارسەکانیان جێبەجێ کردووە، لە کاتێکدا کۆمەڵکوژبوونی ئەو سیاسەتە سەلمێنراوە (بەیات ٢٠٠٣؛ کاتوزیان ٢٠٠٣). بۆ وێنە، یەکەم سوپای دەوڵەتیی پەهلەوی بە شێوەی دڕندانە کورد، تورکی ئازەری، عەرەب، بەلووچ و تورکمانەکانی سەرکوت کردووە. بە هەمان شێوە، لە سەردەمی دوای ١٩٧٩، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵمەتی سەربازیی دژی کوردان دەست پێ کرد، کە زۆر جار بووە هۆی کوشتار و ئاوارەیی.

## لەگەشەخستن و کۆنترۆڵی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات

لەو بەشەدا باسی بەشێک لە سیاسەتە سەرەکییەکانی گەشەسەندن دەکەین کە دەوڵەتی ئێران بە مەبەستی ئیفلیجکردنی پێکهاتەی ئابووری-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ڕۆژهەڵات دایهێناوە و جێبەجێیی دەکات. یەکەم ستراتێژی، میلیتاریزە کردن، قووڵترین کاریگەریی بەردەوامی لەسەر سیستەمی ئابووری و ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات هەبووە. مەبەستی ئەو سیاسەتە بەچۆکداهێنانی کوردان و تێکشکاندنی دیمۆگرافیی جوغرافیای ڕۆژهەڵاتە. میلیتاریزە کردن بە شێوەی سەرەکی گەلی کورد لە شارۆچکە و گوندەکان بە ئامانج دەگرێ. پڕۆژەی میلیتاریزە کردن لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە

گەشەی بە بەنێو دامەزراوە شۆڕشگێڕ و سەربازییەکانی داوە، بە تایبەت سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و یەکەکانی بەسیج. ئەو دوو ڕێکخراوانە گەلێک لق، پادگان، خاڵی پشکنین و بنکەی سەربازییان لە سەرانسەری ڕۆژهەلات دامەزراندوون و ئەویان کردووەتە ئۆردووگایەکی سەربازیی زەبەلاح. لە هەر گوندێکی کوردان، بنکەیەکی سوپای پاسداران، لقی بەسیج و سیخوری هەیە. هەروەها، دەوڵەت هەزاران کوردی لە شار و گوندەکان ناچار کردووە چەک هەڵگرن و هاوکاریی دەوڵەت بکەن. بسیج مرزبان (بەسیجی سنوورپارێز)، لقێکی بەسیجە کە لە شار و گوندەکانی کوردستان چالاکە و زەخت دەهێنێ تا پیر و لاوی کورد لە دەستەکانی بەسیجدا کە لە قوتابخانەکان، شارەوانییەکان و نەخۆشخانەکاندا چالاکن، ببنە ئەندام. نموونەیەکی دیکەی کاریگەریی میلیتاریزە کردنی ڕۆژهەلات، بوونی هێزی چەکداری مووچەخۆری دەوڵەتە کە بە کوردی پێیان دەڵێن جاش. پرۆسەی بەجاشکردن (واتە کردنی کوردان بە جاش یان هاوکار) بووەتە هۆی ڕکابەری لە نێوان کۆمەڵگاکاندا و پەیوەندیی بنەماڵەییی بەرفراوانی لێک هەڵتەکاندووە (محەممەدپوور و سولەیمانی ٢٠٢٠). لەبەر ئەو هۆیە، ستراتێژیی میلیتاریزەکردن لە پارچەپارچە کردنی خەڵکی ڕەسەن، بەرزکردنی ئەگەری کێشەی نێوخۆیی و، گرژیی لە ڕۆژهەلاتدا دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە: ئەوە یەکێک لە ستراتێژییەکانی دەوڵەت بۆ هەلایساندنەوەی ئاگری ناتەباییە کۆنەکان لە نێو تاقم و کۆمەڵگە جۆراجۆرەکاندایە. بەو کارە، دەوڵەت ڕێگای بۆ کێشەی ئەتنیکی قەت چارەسەر نەکراو خۆش کردووە کە پارمەتیدەر دەبێ تا خۆی وەک تاکە لایەنی نێوبژیوان، ڕزگاریدەر و پارێزەری خەڵک و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی بنوێنێ. بۆیە، دەتوانێ دەسەلاتەکەی وەک ئافرێنەری ئاشتی و ئەمنییەت بە ڕۆچوونی قوول لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووانی گوندە دوورەدەستەکانی ڕۆژهەلات درێژە پێ بدا. لە هێندێک دۆخدا، دەوڵەت توانیویەتی ئەندامانی یەک بنەماڵە دژی یەکتر بورووژێنێ و ئەوانی ناچار کردووە بۆ وەدەستهێنانی ئەوپەڕی دەسەلات بەسەر خەڵکەوە، بچنە پاڵ ڕێکخراوە جۆراجۆرە ئەمنییەتییەکان. میلیتاریزە کردن، ئاسەواری ماڵوێرانکەری بۆ سەر کەرتی نەریتیی ئابووری وەکوو کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات هەبووە. هەروەها، بەشێکی بەرچاو لە خاکی بەپیت بووەتە مەیدانی مین یان بنکەی سەربازی و، لە بەر ئەو هۆیە، مەترسیدارە و بەکەڵکی کشتوکاڵ نایە. پرۆژەی میلیتاریزە کردن، ناوچەی کوردەواریی لە بنەڕەت ڕا گۆڕیوە و ناوچەکەی کردووەتە هەرێمێکی سەربازی. ئەو ئیزنی بە دەوڵەت داوە دەسەلاتی خۆی پتەو بکات و بە شێوەی سیستەماتیک لە نێو کورداندا تۆوی دووبەرەکی و بێمتمانەیی بەرانبەر بە یەکتری چاندووە. میلیتاریزە کردنی ڕۆژهەلات چالاکانە لە ١٩٧٩ بەولاوە بەردەوام بوو و لە کۆتایی نەوەدەکانی زایینیدا تەکمیل کرا. بە کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق و جێبەجێکرانی سیاسەتی میلیتاریزە کردن، ڕاکێشانی کوردان بۆ پێکهاتە سەربازییەکان هێواش کرایەوە. ئەو کاتی، بە هۆی زەختی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور، ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کورد ناچار بە پاشەکشە و هەڵبژاردنی ژیان

له تاراوگه کرابوو. ئەگەر میلیتاریزەکردنی چڕی ناوچە کوردییەکان تایبەتمەندیی یەکەم دەیەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، دەیەی دووهەم سیاسەتی بەئەمنییەتیکردنی لە ڕادە بەدەر و درێژەدان میلیتاریزە کردن بەڵام بە شێوەی کەمتر ئاشکرا بوو. لە کاتێکدا کە میلیتاریزەکردنی دەوڵەت زۆرتر دارشتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی دەگرتەوە، ئامانجی ستراتێژیی بەئەمنییەتیکردن، سنووردارکردنی ئەمنییەتی کوردبوون و وەستاندنی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵات بە چاندنی هەستی لە ژێر ڕاوەدوونران و چاودێرییدابوون لە دەروونی کوردی بە ئەمنییەتی کراودا بوو. بۆیە، دەوڵەت بوونی سەربازیی خۆی بە ڕەچاوکردنی جۆرێک بەئەمنییەتی کردنی بوونەوەر ناسانە، ئاسایی پێشان دەدا. ئانتۆنی گیدەنز (١٩٩١) بەئەمنییەتیکردنی بوونەوەرناسانە وەک هەست بە نەزم کردن و بەردەوامییەکەی بە شێوەیەک کە لە ئاستی تاکدا هەستی پێ دەکرێ، پێناسە دەکات. سیاسەتی بەئەمنییەتیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژهەڵاتی وەک هەرێمێکی نائەمنی دەستنیشان کردووە و سەرجەم کوردانی کردووەتە شارۆمەندانی بەئەمنییەتیکراو، پرۆسەیەک کە بە کەڵکوەرگرتن لە دامودەزگای پرۆپاگاندای دەوڵەت، ڕۆژهەڵاتی وەک ناوەندی خراپەکارانی دژە ئیسلام و دژە ئێران (اشرار) ناساندووە، لەبەر ئەو هۆیە بۆ هەر جۆرە وەبەرهێنانی ژێرخانی، ناوچەیەکی نائەمینە. پرۆژەی بەئەمنییەتیکردنی تاکی کورد بە فەتوا بەدناوەکەی خومەینی لەمەڕ جیهاد دەستی پێ کرد کە لەودا داوای کرد ”ڕێکاری توند دژی کافران ڕەچاو بکرێ“ (گێڕانەوە و جێبەجێ کردنی ئایەتی ٢٩ لە سوورەی ٤٨ی قورئان).[12] لە ئاکامدا، بۆ وێنا کردنی کوردان وەک ناشارستانی و ڕەواییدان بە هەڵمەتی کۆمەڵکوژی، دەوڵەت دەنگۆی بڵاو کردەوە کە کورد سەری هێزە سەربازییەکان دەبڕن.[13] لە ئاکامدا، لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زاییندا نزیکەی هەر کوردێک کە سەفەری کردبا بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران، بەرڕووی ئەو پرسیارە دەبۆوە کە ”بۆچی کوردەکان سەری مرۆڤان دەبڕن.“[14] بێجگە لەوە، بەرهەمەکانی سینەمایی و هونەریی دەوڵەتی، کورد وەک نێرینە، ئێرۆتیک، شەڕانی، هەستیار و، لە نواندی توندوتیژییدا پێشبینی نەکراو دەناسێنن.[15] ئەگەر سیاسەتی میلیتاریزە کردنی ڕێژیم بە دەسەڵاتی ڕەق و ئاشکراتر بەڕێوە چووە، بەئەمنییەتیکردنی ڕۆژهەڵات بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی نەرم و هێنانە کایەی چاوەدێریی پێشکەوتوو و نیوەشاراوەی ڕێژیم جێبەجێ کراوە. بێجگە لە بەکار هێنانی سیستەمی پەروەردە و بارهێنان، مێدیا، هونەر و سینەما بۆ دڵنیا بوون لە بەئەمنییەتیکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە، دەوڵەت ڕایەڵەیەکی پێشکەوتووی هەواڵگریی هاریکارانی هەرێمی، سیخوڕان و بەکرێگیراوانی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا دروست کردووە. ئەو ”دوژمنە نزیکانە“ وەک هاوکاری ئاسایی ڕاکێشراون: مامۆستایەکی خوێندنگە، خوێندکارێک، دەرگاوانێک یان ئیمامێکی جومعە. بە کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتی بەئەمنییەتیکردن، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەستی متمانە و هاوسۆزیی لەنێو دانیشتوواندا بە توندی بنکۆڵ کردووە. بە کەڵکوەرگرتن لە ڕوانگەی گیدەنز (١٩٩١:٣٧) دەکرێ

بڵێین، سیاسەتی بەئەمنییەتی‌کردن "هەستی بنەڕەتیی ئەمنییەت لە دنیادا و متمانە کردنی بنچینەیی بە خەڵکی دیکە"ی لە مەترسی هاویشتووە. لە دوای جەنگی ئێران-عێراق، ژیانی ڕۆژانەی کوردان کەوتە ژێر چاودێریی هەمەلایەنە. دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی وەک سوپای پاسداران، بەسیج و ئیتلاعات (دەزگای هەواڵگریی دەوڵەت) بە دامەزراندنی ژمارەیەک ڕێکخراوی ئەمنییەتی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا دەستیان بە پەرەپێدانی کۆنترۆڵی چڕی ڕۆژهەڵات کرد. دوای ٢٠٠٩، دەوڵەت کتێبی کوردیی قاچاخ کرد، نزیکەی هەموو جۆرێک بەرهەمهێنانی فەرهەنگیی کوردیی سنووردار کرد، خوێندکارە کوردەکانی لە پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە شوێنی گشتیی دیاریکراو وەک زانستگاکان قەدەغە کرد و، تەنانەت پۆشینی جلوبەرگێک کە بیرهێنەرەوەی جەنگاوەرانی کورد لە لایەن پیاوانەوە بێ، سنووردار کرا. سنوورداریيەکی زۆریش بۆ هەڵبژاردنی نێوی کوردی لە لایەن کوردانەوە بۆ منداڵەکانیان سەپێنراوە. بۆ وێنە، دەوڵەت بەڵگەی لەدایکبوون نادا بە کۆرپەیەک، بێتوو نێوەکەی لە لیستەی نێوەکانی پەسەند کراو لە لایەن دەوڵەتدا نەبێ کە لە فەرمانگەکانی کۆلکەدا هەن.[١٦] ئەو ڕێکارە میلیتاریزەکردن و بەئەمنییەتی‌کردنانە هێزی کاری کوردیی پەراوێز خست و، زۆر جار، ئەوانی لە کار لە نێو دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا وەلا نا و بووە هۆی سنووردار کردنی دەستڕاگەیشتنیان بە سامانی ئابووری و ئامرازی بەرهەمهێنان. بێجگە لەوە، ئەو پرۆسەیە ڕەوتی بەردەوامی لە ڕەسەنایەتی خستنی هێزی کاری کوردی، تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر دامەزراندنی پەرەئەستێنی هێزی کاری دەرەکی لە نێو سوپا و هێزە ئەمنییەتییەکاندا لە پارێزگا کوردییەکان، چڕتر کردەوە. ڕووتاندنەوەی هێزی کار لە خەڵکی ڕەسەن بە شێوازی جۆراجۆ و پلەی جیاوازەوە جێبەجێ کراوە. ئەگەرچی گەلێک لە کوردانی سوونی، بە تایبەت گوندییەکان و جووتیاران، ناچار کراون چەک بۆ ڕێژیم هەڵگرن و بچنە پاڵ بەنێو دامەزراوە شۆڕشگێرییەکانی وەک سوپای پاسداران و بەسیج، هیچکامیان وەها سەیر ناکرێن کە شایانی وەرگرتنی پلە باڵا سەربازییە فەرمییەکان بن. کوردەکان تەنیا وەک چاوساغ، شۆفارەی هەرێمی، یان پێشڕەوی هێزەکانی دەوڵەتی لە کاتی شەڕ دژی جەنگاوەرانی کورد بوون. بە هەمان شێوە، شوێنە فەرهەنگی و پەروەردەییەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن خەڵکانی ناکوردەوە بەڕێوە چوون. بۆ وێنە، سەرۆکی خوێندنگەکان، زانستگاکان و دامەزراوە فەرهەنگییەکان یان نابێ کورد بن یان ئەگەر کورد بن، دەبێ وەفاداریی ڕۆحی و بەکردەوەی خۆیانیان بە دەوڵەتەوە سەلماندبێ. تەنانەت دەستنیشان کردنە بەردەوامەکان بۆ کار کردن لە هەر شوێنێک یان ڕێکخراوێکی دەوڵەتی بەدواداچوونی چڕ و پشکنینی پێشینەی بەدواوەیە. بۆیە، چەند ڕێکخراوی ئەمنییەتی و هەواڵگریی زانیاریی دەیانساڵەیان کۆ کردووەتەوە تا دڵنیا بن کە خەڵکی دڵسۆزی خۆیان لە شوێنە کارگێرییەکان دابمەزرێنن. خوێندنگاکان بوونە ئامانجی سەرەکی بۆ پەسەندکردنی نوێی دەوڵەت و دەزگا چاودێرییەکان کە بە 'گزینش'، یان دایەرەی پەسەند کردن ناسراوان. 'گزینش' کە لە لایەن وەزارەتی هەواڵگریی

ڕێژیمەوە چاودێری دەکرێ، لە سەرجەم ڕێکخراوەکاندا لە خوێندنگەکانەوە تا شارەوانییەکان لقی هەیە. لە خوێندنگەکان، خوێندکاران دەبێ سۆزداریی بەکردەوەی خۆیان بۆ ئایدیۆلۆژیی سیاسی و ئایینیی دەوڵەت بە تیووەگلان لە بەنێو چالاکییە شۆڕشگێڕانەکاندا، بەشداری لە بۆنە سیاسییە دەوڵەتییەکاندا و لەوەش گرینگتر خۆ بواردن لە هەر کردەوەیەک کە پەیوەندیی بە چالاکیی سیاسی و فەرهەنگیی کوردییەوە هەبێ، بسەلمێنن. لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زایینی، ئامانجی سەرەکیی هەوڵەکانی بەشی پەسند کردن، نەهێشتنی بەنێو خوێندکاران و مامۆستایانی نەشیاو، (واتە ئەوانەی نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست خۆیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی ڕێک بخەن) بوو. سیاسەتی پاڵاوتنی دەوڵەت، کاریگەرییەکی وێرانکەری لە سەر سیمای فەرهەنگی و پەروەردەی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی کوردی سوونی هەبوو. گەلێک لە خوێندکارانی پێش زانستگا پێشیان پێ گیرا بچنە زانستگا یان لە دامەزراوە پەروەردەیی، بەڕێوەبەری و دەوڵەتییەکانی ئەو ناوچانە دامەزرێنرێن. سیاسەتی پاڵاوتن لە ناوچەکانی کوردی سوونی توندتر لە ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی کوردی شیعە بەڕێوە چوو. لە ناوچەکانی دواتر، تەنیا جەخت لەسەر شوناسی ئەتنیکیی ئەوان دەکرا. لە ئاکامی سێ دەیە پاڵاوتن، دەوڵەتی ئێران توانی لە بوارەکانی پەروەردە و فەرهەنگیدا ئەندازیاری، دەستێوەردان و سنووردانان بکات. بەشی پەسندکردن بە وردی خوێندکارانی لە خوێندنگاکان، زانستگاکان و شەقامەکان چاودێریی دەکرد. دەوڵەت لە ناوچەکانی کوردی سوونیدا هەستیارتر بوو، چونکە ئەو شوێنانە وەک مەکۆی بەرگریی کوردی و سەرچاوەی ئەو بەرگرییە سەیر دەکران. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ستراتێژییەکانی میلیتاریزە کردن و بەئەمنییەتیکردن فرەچەشن کراون و تەنیا کوردان وەک ئامانجی پشکنین ناکەنە ئامانج بەڵکوو ژینگەی کوردیش دەکەنە شوێنی بەئەمنییەتیکردن. ئەو ڕێکارانە تا ڕادەیەکی زۆر پێشیان بە ئەگەری گەشە و کۆ کردنەوەی سامان لە ڕۆژهەڵات گرتووە و، هێندێک جار، بەستراوەیی ناوچەکە بە وەبەرهێنانەکانی زیندوو ڕاگرتن و سنووورداری دەوڵەتیان زیاتر کردووە.

## تێکدان و لە دامەزراوەیی خستنی شێوازی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی

”لە دامەزراوەیی خستن“ یەکێکی دیکە لە ستوونەکانی سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بۆ لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵاتە. لە دامەزراویی خستن لە ڕۆژهەڵات دەکرێ وەک ئاکامی چوار دەیە سیاسەتی سیستەماتیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تاڵانکردن و ناچار بە کۆچ کردن سەیر بکرێ. تاڵانکردنی سامانە بنەڕەتییەکانی ئابووری، فاکتەرە ژینەکییەکانی بەرهەمهێنانی لە ڕۆژهەڵات ئەستاندووە. نموونەیەکی زەقی تاڵانکردنی ڕۆژهەڵات لە شێوەی بەڕێوەبەریی دابینکردنی ئاو لەو ناوچەیەدا دیارە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، دەوڵەت سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی ناوچەی بۆ ناوچە ناکوردییەکان ڕاگواستووە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەنداوی لە ڕۆژهەڵات دروست کردوون، بەڵام خۆی لە دابینکردنی ژێرخانی ئاودێری بۆ کێڵگەکانی دانەوێڵەی جووتیارانی کورد بواردووە. لە ئاکامدا، کشتوکاڵ کە هێشتا بڕبڕەی پشتی

ئابووریی ڕۆژهەڵاتە، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قووڵەوە. ئاکامەکەی بووەتە کۆچی بەربڵاوی هێزی کاری کورد بۆ شارەکان بە هیوای گونجێنران لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری و پیشەسازیدا و توانەوەیان لە فەرهەنگی فارسیدا. گونجان لەنێو کەرتەکانی سەرەوەدا بوونی پێشینەی "دروستی" ئەتنیکی-ئایینی و ئایدیۆلۆژیکی دەخوازێ، چونکە مەزنترین کەرتەکان لە دامەزراوە ئەمنییەتی/ سەربازی و بەڕێوەبەرییەکان وەک خوێندنگاکان، ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و فەرمانگە دەوڵەتییەکان پێکهاتوون. بێجگە لە تێپەڕبوون لە پشکنینی ئەمنییەتی چڕی بەردەوام، دامەزران لەو شوێنانە بە مەرجی جێبەجێکردنی هێندێک پابەندبوونە، لە نێویاندا شیعەبوون. بێجگە لەوە، سیستەمی پەروەردەیی دەوڵەت (و تەنیا سیستەمی پەروەردەیی یاسایی) لە ڕۆژهەڵات وەک دامەزراوەیەکی تواندنەوە و سڕینەوەی فەرهەنگییە. بۆیە، ئەو دامەزراوانەی فێرکردن وبارهێنان، لە خوێندگاکانەوە تا زانستگاکان، شتی بە تەواوی بێکەڵک بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ناوچەکە پێشکەش دەکەن. تەنانەت بێتوو خوێندکارەکان ڕاهێنانیان لە چەند بواری لێهاتووییەوە پێ کرابێ، ئەوان ناتوانن لە ڕۆژهەڵات هەلی کار بدۆزنەوە. لەوەش زیاتر، سیستەمی خوێندن بە دەست شوێنی نەشیاو بۆ خوێندن، کەمایەسیی بودجە و ستانداردی لە بنەڕەتدا هەڵەی ئاسایشییەوە دەناڵێنن. بەشی دووهەمی کەرتی خزمەتگوزاری بەشی خزمەتگوزاریی گشتییە کە لەناویاندا، بازرگانیی نادەوڵەتی وەک گواستنەوە، بیناسازی و پیشە بەشکارەکان دەگرێتەوە. لە ئاستێکی بەربڵاوتردا، ئەو کەرتەش لە چوارچێوەی دیاریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە و بە تایبەت لە لایەن سوپای پاسدارانەوە کار دەکات. سیاسەتی لە دامەزراوەیی خستنی دەوڵەت، گەشەی کەرتی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی لەرادەبەدەر سنووردار کردووە. پارێزگای سنە یەکێک لە چوار پارێزگای خاوەن مەزنترین ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییە. ڕاپۆرتەکانی ڕادەستکراو لە لایەن دەوڵەتەوە لە ٢٠٢٠ ئاشکرای دەکەن کە پارێزگای سنە خاوەن پلەی یەکەمی بەرهەمهێنانی گەنم، چوارەمی بەرهەمهێنانی نۆک و شەشەمی بەرهەمهێنانی پەتاتەیە.[١٧] هەروەها، هێندێک بەرهەمی میوە و باغداری، وەک تووە فەرەنگی، بە شێوەی سەرەکی لە پارێزگای سنە بەرهەم دێن. بە هەمان شێوە، کرماشان پلەی دووهەمی بەرهەمهێنانی نۆک، سێهەمی گەنمەشامی، چوارەمی چەوەندەر، پێنجەمی جۆ، شەشەمی گەنم، هەشتەمی گوێزی هەموو ئێران و پلەی نۆهەم لە دار تووی جۆراجۆری هەیە. سەرەڕای توانایی شاراوەی مەزن، کشتوکاڵی ڕۆژهەڵات لەبەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەورووی مەترسیی مەزن بووەتەوە؛ لەبەر ئەو هۆیە جووتیارانی کورد بە دەست بەرزترین ئاستی هەژاری و بێکارییەوە دەناڵێنن. بێجگە لەوە، کەڵک وەرگرتنی زۆر کەمی ئاودێری لە ناوچەکە و بەسترانەوەی بەرچاو بە کشتوکاڵی دێمەکار، ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دابینکردنی ئاو لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەیە. نموونەیەکی زەقی سیاسەتێکی ئەوتۆ، دەکرێ لە گواستنەوەی ئاوی ڕۆژهەڵات بۆ ئاوداشتنی خاکی بێ پیتی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و هەمەدان خۆی دەرخات. ئەو پلانە مەزنە جووتیارانی

ڕۆژهەڵات تاڵان دەکات، دیمۆگرافیی ناوچەکە دەگۆڕێ و تۆوی کێشە لە نێوان کۆمەڵگا ئەتنیکییەکانی دراوسێدا دەچێنێ.

نموونەی ئاشکرای لە دامەزراوەیی خستن و لەگەشەخستنی پیشەسازیی ڕۆژهەڵات. نزیکەی ١٥٪ ی یەدەگی قیری سروشتیی دنیا لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشانە کە دوو لە چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتن. لە پارێزگای کرماشان ٣٠ کانگای چالاکی دەرهێنانی قیری سروشتی هەن کە لە شارەکانی گێلان، شائاباد (ئیسلامئاوای غەرب)، قەسری شیرین و سومار هەڵکەوتوون و ٧٠٪ی قیری سروشتی لەو پارێزگایە بەهەم دێت.[١٨]

ئیلام، پارێزگایەکی ڕۆژهەڵات و نموونەیەکی دیکەیە کە چۆن کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچەیەکی دەوڵەمەند لە بواری سامانە سروشتییەکانی کردووەتە هەژارترین ناوچە. بە گوێرەی کاربەدەستان، شاری ئەیوان لە ئیلام خاوەنی مەزنترین کانگای قیری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ٧ لە ١٧ کانگای قیر چالاک کراون. یەدەگی قیری ئیلام مەزەندە دەکرێ بگاتە ٤٦٥٠٠٠ تۆن. بە گوتەی پسپۆڕان، نرخەکەی بە شێوەی بەرهەمی ئامادە ١٠٠ قات زیاد دەکات. سەرەڕای ئەوە، نەبوونی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریی ئەو کەرتەدا ئەوی کردووەتە بچووکترین و گەشە نەکردووترین کەرتی ئابووریی پارێزگای ئیلام کە ڕێژەیەکی فرە نزمی ٧٪-٥٪ ی کۆی هێزی کار لەو کەرتەدا چالاکن.[١٩] هێڵی هەژاری لە ئیلام لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. بە گوێرەی ئاماری بڵاو کراوە لە لایەن وەزارەتی پیشە سازی، ٢٧،٥٪ی پیشە سازییەکانی پارێزگاکە بەتەواوی داخراون و ٣٠٪ی ئەوان بە نیوەی توانست کار دەکەن.[٢٠] پارێزگای سنەش زۆرترین ئاستی یەدەگی زێڕی لە ئێراندا هەیە. مەزنترین کانگای زێڕ لە ناوچەکە کانگای ساریگۆنییە، بە ٧٠ میلیۆن تۆن یەدەگی زێڕ و کانزا. بە گوتەی کاربەدەستانی دەوڵەتی، گریمانە دەکرێ ئەو یەدەگانە ١٠٠ میلیۆن تۆن بن ، کە لە ٢٠١٧ لە ١١٪ بۆ ٣٠٪ ی کۆی یەدەگی زێڕ و کانزای ئێران بەرز بووەوە.[٢١] تەنیا لە ٢٠١٧دا، ٦٠٪ی زێڕ و کانزای دەرهێنراو لە ئێران هی ساریگۆنی قوروە، لە پارێزگای سنە بوو.

لەگەڵ لە دامەزراوەیی خستنی ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان دامەزراوەی ئەمنییەتیی دروست کردوون کە لە ژێر دەمامکی ڕێکخراوی خێرخوازیدا کار دەکەن. چالاکییە ئابوورییەکانی ئەو ڕێکخراوانە کەرتی جۆراجۆر دەگرنەوە، لە کشتوکاڵ تا پیشەسازی. بۆ وێنە "جهاد سازندگی"، "ستاد اجرایی"، "کمیته امداد" (یارمەتی)، "بنیاد شهید"، "بنیاد مستضعفان و جانبازان" و چەند دانەی دیکەشن، کە بۆ کڕینی ڕەوایی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دانی پشتگیریی داراییی سنووردار بە تاقمی هەژارن، تا تێوەگلان لە پرۆژەی بە نێو گەشەپێدەر و هەروەها بڵاو کردنەوەی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت و پتەو کردنی دەسەڵاتەکەی و هێنانەژێر چاودێریی هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناوچە پەراوێزخراوەکان، کار دەکەن. تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئەو دامەزراوانە هێزی زەبەلاحی دارایی و نەبوونی هیچ ڕکابەرێکە کە ئەوان دەکاتە قۆرخکاری بەکارهێنان و بەشینەوەی دارایی تا بڕیار دان لە سەر پرۆژە گەشەپێدەرەکانی دەوڵەت.

## ڕەگەز پەرستیی ژینگەیی و ژینگەکوژی

لـــە دوای بەدەســـــتەوە گرتنی دەســـــەڵات لە ١٩٧٩، ســـــتراتێژیی کۆماری ئیسلامیی ئێـــران بەرانبـــــەر بە ژینگەی کوردســـــتان کاولـــکاری بووە. لە ســـایەی سۆســـیال مێدیـــاوە، ســـتراتێژیە دژە ژینگەییەکانی کۆماری ئیســـلامی لـــە ڕۆژهـــەڵات لەو دواییانەدا ســـەرنجی جەمـــاوەری بۆ لای خـــۆی ڕاکێشـــاوە. زیاتر لە ٤٠ ســـاڵ، کاولکاریـــی ژینگەیی هەمیشـــە بەشـــێک لە سیاســـەتی گشـــتیی لەگەڵشەخســـتنی ڕۆژهـــەڵات لە لایـــەن دەوڵەتـــەوە بووە. بـــەڵام، لەگـــەڵ گۆڕانی هەلومـــەرج، ئەو سیاســـەتە شـــێوازی جۆراجۆری هەبووە و بە ئامـــرازی جۆراجـــۆرەوە جێبەجێ کراوە. میلیتاریزە کردنـــی ڕۆژهەڵات و گومانداریی دەوڵـــەت لە پارێـــزگاری لە سیســـتەمی ژینگەیی ناوچەکە بووەتـــە هۆی دابەزینی بەرچـــاوی فرەچەشـــنیی زینـــدەوەری لە ڕۆژهـــەڵات.[٢٢] ئـــەوە تەنانـــەت ناوچـــە بـــە نێـــو پارێزراوەکانی وەک کۆســـالان و بەرزاییەکانـــی شـــاهۆ لـــە پارێـــزگای کوردســـتان (سنە)یشـــی گرتووەتـــەوە.[٢٣] لە ماوەی چاند ســـاڵدا، مانۆڕی ســـەربازی، ئاگر تێبـــەردان و دروســـتکردنی ڕێگاوبان، گەلێک زینـــدەوەری لەنێو بـــردوون کە لە چیا و دارســـتانەکانی ڕۆژهەڵاتـــدا دەژین. لێدانی جادەی ســـەربازی، کـــە کەمترین ســـتانداردی دڵنیاییـــان تێـــدا ڕەچـــاو دەکـــرێ، فاکتەری ســـەرەکیی وێرانکردنی ژینگـــەی ڕۆژهەڵاتـــن. ئەو ڕێـــگا پڕ پێچ و گەوانـــە، کە بە دەشـــت و چیـــادا بڵاو بوونـــەوە زەرەری فرە مەزنیـــان لە دیمەنی سروشـــتی داوە، خاکەکەیان ســـوواندووە و سیســـتەمی ژینگەیـــان پیس کـــردووە. ئاســـەواری میلیتاریـــزە کردنـــی هەرێمی ڕۆژهەڵات تەنیا لێدانی جادەی ســـەربازی، ســـەربازخانە و بینای ســـەربازی ناگرێتەوە کـــە بوونـــە پەڵـــەی ڕەش بـــە دیمەنی کوردســـتانەوە. گەلێک ناوچە لە ڕۆژهەڵات بـــۆ پێداڕۆیشـــتن نابن، چونکـــە گریمانە دەکـــرێ ١٦ میلیۆن مینی ژێـــر زوێ لەو شـــوێنانە نێژرابن.[٢٤] دەوڵەت لە هەشتاکانی زایینیـــدا، بـــە کەڵکوەرگرتن لـــە جەنگی ئێران-عێـــراق چەنـــد بەشـــی گرینگـــی کشـــتوکاڵ یان لەوەرگەی کـــوردی مینرێژ کـــردووە. ئـــەو مینانـــە تەنیا لـــە ناوچە ســـنوورییەکان نین، ئەوان تەنانەت دەگەنە خانووبەرەکانیـــش. بە گوێرەی یادداشـــتە فەرمییـــەکان،[٢٥] گریمانە دەکرێ مینەکان ٤ میلیۆن هێکتار زەوییـــان داگیر کردبێ، کە لەو ڕووبەرە ٢،٣ میلیـــۆن هێکتار لە ناوچە کوردییەکانـــە و ئەوانی دیکـــە لە پارێزگای عەرەبیـــی خوزســـتانن. مینـــی ژێر زەوی کارێگەرییان لەســـەر ســـامانی سروشتی، خـــاک، ڕووەک، هەیە و بـــە گیرۆدەکردنی خاک و نەهێشـــتنی ســـەقامگیرییەکەی، زەرەری بەرچاویان بۆ ســـەر سیســـتەمی ژینگە هەیـــە. زۆربـــەی ناوچـــە گیرۆدە بووەکان لـــە ڕابردوودا کێڵگـــە بوون، بەڵام بەشـــێکی بەرچاوی چۆڵ کراوە؛ لە ئاکامدا، ئەو خاکـــە بەپیتە بووەتە زەوی ویشـــک. ڕێـــژەی قوربانییانـــی مین لە ئێـــران لە هی ســـەرجەم وڵاتانی دنیا زۆرتـــرە.[٢٦] لە دوو دەیەی ڕابـــردوودا، چەنـــد هەڵمەتی تاکوتـــەرای هەڵگرتنـــەوەی میـــن بەڕێوە چـــوون، لەگەڵ ئەوەشـــدا، زۆربـــەی ئەو هەڵمەتانە نزمترین ئاســـتی ســـتانداردی پێویســـتیان تێـــدا ڕەچـــاو نەکـــراوە. بۆ وێنـــە، لـــە ٢٠١٢، وەزارەتـــی بەرگـــری و ناوخـــۆی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێران ڕایانگەیانـــد پارێزگای کرماشـــان لە مین خاوێـــن کراوەتـــەوە. ســـەرەڕای ئـــەوە، چەنـــد ڕۆژ دوای ئەو ڕاگەیەنـــراوە، چەند کـــەس لـــە ئاکامـــی تەقینـــەوەی میندا کـــوژران و بریندار بـــوون. هۆیەکـــەی

ئەوە بوو ئەو هەڵمەتەی هەڵگرتنەوەی مین، تەنیا بۆ قووڵایی ٣٠ سانتیمیتر بەڕێوە چووبوو. بە گوێرەی ئەندامێکی پارلەمانی ئێران، فەتحوڵڵا حوسەینی، بۆ ئیدیعای خاوێنبوونەوەی ناوچەیەک لە مین، دەبێ هەڵگرتنەوەی مین "تا قووڵاییی ٨٠ سانتیمیتر بەڕێوە بچێ" [٢٧].
دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، دەوڵەت بە خێرایی و بە وردی ناوچە خاوەن نەوتەکانی پارێزگای خوزستانی بە هۆی بەستراوییەکەی بە پیشەسازیی نەوت لە مین خاوێن کردەوە. دەوڵەت ناوچە ستراتێژیک و سوودبەخشەکان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، وەک فەککە، شەلەمچە، حەمیدییە، چەزابە و سوسەنگردی، بە ئەوپەڕی وردبینییەوە خاوێن کردەوە. دەوڵەت تەنانەت کۆمپانیا نەوتییەکانی نۆرویژی و چینیشی لە ئۆپەراسیۆنەکانی خاوێنکردنەوەکاندا بەکار هێنا. بەڵام، لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەت هێشتا شوێنی نزیک گوندەکان و ئەو ڕێگایانەی خەڵک بۆ هاتووچۆ بۆ سەر مووچە و مەزراکانیان کەڵکیان لێ وەردەگرن، مینرێژ دەکات.[٢٨]
کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەگرێ تا چاودێریی چالاکییەکانی بکەن. بە گوێرەی تەلەفزیۆنی ئیران ئینتەرناشناڵ، لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێران پێی خۆش نییە کۆنوانسیۆنی ئۆتاوا پەسەند بکات.[٢٩]
دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات کەڵکی لە مەیدانەکانی مین وەرگرتووە تا سیاسەتی لەگەشەخستنەکەی بەڕێوە بەرێ. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، مەیدانەکانی مین دەبنە هۆی دابەزینی بەرهەمهێنانی ئابووری و، پیشەسازیی خواردەمەنی لە ناوچە مینرێژکراوەکان کەم دەکەنەوە کە دەبێتەوە هۆی چۆڵکردنی گوندەکان لە لایەن دانیشتووانەوە. کاتێک زەوییە کشتوکاڵییەکان و شوێنی گرینگی دیکە لە بەرهەمهێنان دەسڕێنەوە، خەڵکی گوندەکان، کە سەردەمێک لە ڕوانگەی ئابوورییەوە خۆبژیو بوون، ناچار دەکرێن بۆ شارەکان کۆچ بکەن، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پەراوێز دەخرێن، وەک هاوکاری ڕێژیم کار دەکەن، دەچنە نێو هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکانەوە یان بە مانەوە لە گوندەکان داهاتووی خۆیان لە مەترسی داوێن. دوو بژاردەی یەکەم، دانیشتووان زۆرتر بە دەوڵەتەوە دەبەستنەوە و ئەوی سێهەم لە درێژخایەندا بژاردەیەکی خۆگر نییە. ژیان لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات، تا ڕادەیەکی زۆر پشتئەستوور بە کشتوکاڵ و بەخێو کردنی مەڕوماڵات بووە. کردنی مەزرا و لەوەڕگەکان بە مەیدانی مین، ئابووری ناوچە گوندییەکانی لێک هەڵتەکاندووە و گیانی سەدان کەسی گوندیی ئەستاندووە. لەوەش زیاتر، بەئەمنییەتیکردنی ناوچەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات، دانیشتووانی لەمەڕ داهاتوویان نادڵنیا کردووە، سامانە ئابوورییەکان و دەرفەتەکانی لێیان ئەستاندووە و ئەوانی بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان بە هەمان دامودزگا ئەمنییەتییەکانەوە بەستووەتەوە.
هەڵمەتی دژە کوردیی دەوڵەت هەروەها سیستەمی ژینگەی ڕۆژهەڵات وێران دەکات کە نموونەکانی ڕووتاندنەوەی هەرێمەکە لە دارستان و بەئانقەست بەئامانجگرتنی بوونەوەرە کێوییەکانە. پلانی سیستەماتیکی دەوڵەت بۆ لەنێوبردنی دارستانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠ی زایینی (بڕوانە حەسەنیان ٢٠٢١). نەهێشتنی دارستان لە ڕۆژهەڵات بەشێک لە پرۆژەیەکی کۆتایینەهاتوو لە داگیرکاریی ڕۆژهەڵاتە کە لە ١٩٧٩ دەستی پێ کرد کاولکردنی دارستانەکان و کوشتنی

بوونەوەرە کێوییەکان بە ڕاگەیاندنی جیهاد لە لایەن خومەینییەوە دژی گەلی کورد لە ١٩٧٩ دەستی پێ کرد.[٣٠] بۆ وێنە، دارستانەکانی دەوروبەری شاری پاوە کەوتە بەر پەلاماری بەربڵاوی تۆپباران و هێرشی ئاسمانی، کە لەو پەلامارانەدا بەشێکی بەرچاوی ئەو دارستانانە لە نێو چوون. لەگەڵ پەلهاویشتنی داگیرکاریی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی دیکە، ژینگەی ڕۆژهەڵات کەوتە ژێر کاولکاریی فرە مەزنتر، بە تایبەت ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ڕۆژهەڵات، واتە ئەو شوێنانەی بە دارستانی چغوور داپۆشرابوون. بۆمبارانە هەڕەمەکییەکانی دەوڵەت دژی دارستانەکانی ڕۆژهەڵات بە بیانووی ئەوە کە دارستانەکان شوێنی خۆحەشاردانی جەنگاوەرانی کوردە، بەرێوە چووە. کەڵک وەرگرتنی خراپ لە جەنگی ئێران-عێراق لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بوو بە دەرفەتێک کە ڕۆژهەڵات بکرێتە هەرێمێکی یەکپارچەی سەربازی کە زەرەری قەرەبوو نەکراوەی لە بوونەوەرە کێوییەکان و فرەچەشنیی بوونەوەرانی دا. دوای جەنگی ئێران-عێراق و سەرهەڵدانی بەنێو سەردەمی ئاوەدانکردنەوە لە کاتی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیدا، تێکدانی ژینگەی ڕۆژهەڵات شانبەشانی پرۆژە سەربازییەکان، بە بێ لەبەر چاو گرتنی زەرەرەکانیان بۆ سەر ژینگە بەرێوە دەچوون. ئەو پرۆژانە لە لایەن هێزە دەوڵەتییەکانی وەک سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ دەکران و ئامانجی سەربازی و ئەمنییەتییان لەپشت بوو. دروستکردنی بەنداو، کاناڵ و تونێل بۆ کاولکردنی سامانە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات، دەورێکی ویرانکارانەیان لە تێکدانی دیمەنی سروشتی و ڕووتاندنەوەی ڕۆژهەڵات لە دارستانەکانی هەبوو. بێجگە لەوە، بەنداوەکان بۆ گواستنەوەی ئاو لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی ئەتنیکەکانی دیکە، بە مەبەستی وورووژاندنی تاقمە ئەتنیکییەکان دژی یەکتر، بەرێوە چوو. لەگەڵ پەرە گرتنی هەنگاوە دژە ژینگەییەکانی دەوڵەت، هۆشیاریی ژینگەییش بەهێزتر بوو و، چالاکییەکانی پەیوەندیدار بەو بوارەوە لایەنگریی بەربەرینی لە نێو کورداندا پەیدا کرد. لە ئێستادا، نزیکەی هەموو شارێکی کوردی کۆمەڵەی ژینگەپارێزی خۆی هەیە. ئەنجومەنی ژینگەپارێزی کوردستان، ژینگەپارێزانی ولات، ئەنجومەنی سەوزی چیا و ئەنجومەنی بیرمەندانی سەوز چەند نموونەی ڕێکخراوی ناحکوومی و ئەنجومەنن کە چالاکانە بۆ پاراستنی ژینگەی ڕۆژهەڵات خەبات دەکەن (سولەیمانی ٢٠٢٠). لە سایەی ئەو ڕێکخراوە گەلییە ژینگەپارێزانەوە، ڕۆژانە ئاگر کەوتنەوە لە ڕۆژهەڵات تۆمار دەکرێ. بە گوێرەی بەشێک لەو ڕێکخراوانە، ڕێژەیەکی بەرچاو لەو ئاگرکەوتنانە لە کوردستان بە هۆی مانۆڕی سەربازی و سووتاندنی بە ئانقەستی سوپای پاسدارانەوە دەقەومێن (سولەیمانی ٢٠٢٠). دوای دارستانەکانی باکووری کەنارەکانی کاسپیەن، دارستانەکانی پارێزگای سنە دووهەمین دارستانە مەزنەکانی ئێران بوون. دارستانەکانی پارێزگای سنە بەشێک لە دارستانە سروشتییەکانی زاگرۆسن کە ناوچەیەک بە ڕووبەری ١٦٤٣٤٦٧ هێکتار دەگرێتەوە. چونکە زۆربەی دارەکان لە جۆرەکانی داربەڕوون، دارستانە بەڕووەکانی ڕۆژئاواشیان پێ دەگوترێ. لە هاوینی ٢٠١٠، بەشێک لە دارستانانەکانی دەوروبەری شارەکانی مەریوان و سەوڵاوا شاهیدی کاولکارترین ئاگر کەوتنەوەی چوار دەیەی ڕابردوو بوو، کە بە "هاوینی

ڕەش"[٣١] ناودێر کرا. تەنیا لە ساڵی ٢٠١٠، ئەنجومەنی سەوزی چیا ژمارەی پێشووتر نەبیستراوی ٩٣٥ ئاگر کەوتنەوەی لە پارێزگای سنە ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی ناوچە و ئەندامانی چیا، کە هیچ جۆرە یارمەتییەکیان لە لایەن دەوڵەتەوە پێ نەکرا، ناچار بوون بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانە خەبات بکەن، کە ئەوەش نیشانەیەکی دیکە لە سیاسەتی دەوڵەت بۆ کاولکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتە. لە ٢٠٠٩ تا ٢٠١٥، چیا زیاتر لە ٢٠٠٠ ئاگری تەنیا لە مەریوان و سەوڵاوا کوژاندبوونەوە. نموونەیەکی ئەو جۆرە ئاگرکەوتنە بەربڵاوانەلە ٢٠١٩ لە ئیلام ڕووی دا. بەڵام، هەمدیس، دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ناوچە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە، کە ٩ ڕۆژ لە چیاکانی زاگرۆس درێژەی هەبوو و ڕووەکەکانی ناوچەی سووتاند، هەڵنەهێنا. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان، زیاتر لە ١٥٠٠٠ داربەڕوو، ١٠٠٠ دار کەوت، ١٠٠٠ دار گوێز و سەدان زیندەوەر و ئاژەڵ کە مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە بوونە خۆڵەمێش.[٣٢] ئامارە فەرمییەکان ئەوە دەر دەخەن کە لە ٢٠٢٤ بە تەنیا، ١٨٠٠٠ هێکتار لە داربەڕووەکانی زاگرۆس ویشک بوون.[٣٣] لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و کەمئاوییەکەی ئاکامی ئەو دیاردەیە ڕەنگبێ هۆی نیوەی ئەو لەکیس چوونە بێ، ئەوی دیکە ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە سامانە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. بە گوێرەی سەرپەرشتی گشتیی سامانە سروشتییەکان و بەڕێوەبەریی ئاوی سنە، لە ٢٠١٩، ژمارەی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە گەیشتە ٢٧١، کە لە ئاکامدا ٢٦٥٥ هێکتار دارستانی ئەو پارێزگایە لەنێو چوو. ئاگرکەوتنەوەکان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاواش ئاساییین. بە هەمان شێوە، لە شارە کوردییەکانی وەک سەردەشت و پیرانشار (ئـ ر.)، ئاگر کەوتنەوە بوونە دیاردەی ئاسایی. لە ٢٠١٩، لە ئاگرکەوتنەوەیەکی دوو ڕۆژەدا، نزیکەی ٢٠٠ هێکتار دارستان سووتا. کاربەدەستە دەوڵەتییەکانی هەرێمەکە دانیان بەوەدا نا کە بێتوو دەوڵەت خێرا کارێکی کردبا و ڕێگاچارەی گونجاوی گرتبا بەر، ئاگرەکە دەکوژاوە و ئاستی زەرەر و زیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر دەبوو.[٣٤] شاری سەردەشت ٩٠ هەزار هێکتار دارستان و ٣٠ هەزار هێکتار لەوەڕگای هەیە کە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا مەزنترینن. بەڵام، ئەو هەرێمە سروشتییە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەندە، لە دەیەی ڕابردوودا بە هۆی ئاگر کەوتنەوە و پرۆژەکانی دروستکردنی بەنداو تێکچووە. بە گوێرەی کاربەدەستانی دەوڵەتی، لە ٢٠٢٠، نزیکەی ١٤٧ ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە لە پارێزگای سنە ڕوویان داوە. ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی لەنێو چوونی ١٢١۶ هێکتار، کە لەو ڕێژەیە ٢٥۶ هێکتار دارستانی سروشتی، ٨٧٣ هێکتار لەوەڕگا و ٧٧ هێکتار زەویی دارستانی بووە.[٣٥] گەلی کورد چەند یەکەی جەماوەریی پاراستنی ژینگەی لە وەڵامی خۆبواردنی بە ئانقەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پاراستنی دارستانەکانی کوردستان دامەزراندووە. بەڵام، دەوڵەت ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانە دەخاتە ژێر چاودێریی چڕەوە و بەردەوام ئەندامەکانی هەراسان و زیندانی دەکات و تەنانەت دەشیانکوژێ. لە ٢٠١٨، هێزە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەت لە پارێزگای سنە، پێنج چالاکی کوردیان دەستبەسەر کرد، چونکە دژی فڕێدانی پاشماوە و سووتاندنی لە نزیک

ماڵان نارەزایەتییان دەربڕیبوو. هێزە ئەمنییەتییەکان، زانیار ئیبراهیمی، عەزیز ساڵحی، محەممەد موراد کەریمی، عەلی سولەیمانی و فایەق محەممەدییان، کە هەموویان خەڵکی شاری مەریوان بوون، دەستبەسەر کرد.[٣٦] ڕەشیدی لەبەر کارە خۆبەخشانەکەی گەڵێک ناسراو بوو و چەند مانگ خەریکی یارمەتیدانی قوربانییانی بوومەلەرزەی سەرپێڵی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەری بوو. لە ٢٥ی ئاگوست، ٢٠١٨، چوار ژینگەپارێزی کورد لە ڕووداوێکی دیکەی بەربەرەکانی دژی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان لە ئاکامی تۆپبارانی سوپای پاسداران، گیانیان بەخت کرد. لە ٢٠١٩، ژینگەپارێزی کورد، عیرفان ڕەشیدی، ئەندامێکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی ژیوا لە پاوە، لەبەر "پڕۆپاگەندە دژی دەوڵەت" حوکمی ساڵێک بەندکرانی بەسەردا سەپێنرا.[٣٧] بەو بیانوویە کە گوایە جەنگاوەرانی کورد لە ناوچەکەدا خۆیان حەشار داوە، سوپای پاسداران تۆپ و خومپارەی بە دارستانە چیاییەکان لە سیلاس و پیلای دەوروبەری شاری مەریوانەوە نا. لایەنێکی دیکەی سیاسەتی دژە ژینگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵات، تالانکردنی سامانە سروشتییەکانە. بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتە یاساییەکانی وەک یاسای بەنێو بەنەتەوەییکردنی دارستانەکانی وڵات، کە لە ساڵی ١٩٦٢ پەسەند کراوە و، بەنەتەوەییکردنی ئاو، کە لە ١٩٦٧ پەسەند کراوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە پڕۆژەیەکی تالانکردنی سامانە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵات کردووە و ئەو سامانانە بۆ دەرەوەی ناوچەکە دەگوازێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرنامەکەی لە ژێر دەمامکی پڕۆژەکانی گەشەسەندن و دامەزراندندا دەباتە پێش، ئێستای ڕۆژهەڵات دەشێوێنێ و گەشەسەندنی داهاتووی بنکۆڵ دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتی بەسەر گەشەی ئابووریدا، وەک مێکانیزمی سزادان و ئامرازێک بۆ ئەندازیاریی پێکهاتەی دیموگرافی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات کەڵک وەردەگرێ. نموونەیەکی زەق دروستکردنی ژمارەیەک بەنداو لە لایەن دوڵەتەوە لە سەر ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتە تا سەرچاوە ئاوییەکانی کوردان، کە بۆ ئاودێریی مووچە و مەزراکانی خەڵکی خۆجێیی پێویستە، بدزێ. گواستنەوەی ئاوی ڕۆژهەڵات بۆ دەرەوەی ناوچەکە لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانی زایینی دەستی پێ کرد (سولەیمانی ٢٠٢٠). لە ١٩٩٩، دەوڵەت دەستی بە پڕۆژەی گواستنەوەی ئاوی زەرینە ڕود لە بۆکانەوە بۆ تەورێز کرد، کە مەزنەشارێکی تورکان و ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتە. ئەوە هەروەها ئاکارێکی سیاسی و بەشێک لە ستراتێژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چاندنی تۆوی کێشەی ئەتنیکی لە نێوان تورکی ئازەری و کورداندا بوو و ڕێخۆشکەری کێشەی بێکۆتایی و نواندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک تاکە زامنی یەکپارچەییی خاکی ئێرانە. بە گوێرەی ئاماری فەرمی، ئەو پڕۆژەیە ٥ میتر سێ جا ئاو لە چرکەیەکدا بۆ تەورێز دەگوازێتەوە و ئاوی خواردنەوەی ٢،٥ میلیۆن کەس، ئاودێریی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پڕۆژە پیشەسازییەکانی دەوروبەری تەورێز دابین دەکات. لەو ئاوە، ٪٤٠ی وەک ئاوی خواردنەوە دەدرێتە ئازەرشەهر، ئیلکچی، بناو، و میاوندواو و، ئەوەی دیکەش دەدرێتە گەورەشاری تەورێز. بێجگە لەوە، هێندێک زانیاریی نافەرمی لەمەڕ بوونی پلان

بۆ گواستنەوەی ئاوی بەنداوی ئازادی مەریوان بۆ هەمەدان لە ئارا دان (ئابادیان ٢٠١٤). کاربەدەستان، بوونی وەها پلانێک نە پشتڕاست دەکەنەوە و نە ڕەتی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کە فازی سەرەتایی ئەو پرۆژەیە هەر ئێستا دەستی پێ کردووە. ئەو هەواڵانە بە کۆبوونەوەیەکی پارێزگاری کە لە سنە بەڕێوە چوو و لەویدا نوێنەرانی پارلەمانی ئەو پارێزگایە نیگەرانییان دەربڕی، پشتڕاست دەکرێنەوە. بێجگە لەوە، هێندێک هەواڵ ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەت خەریکی پلاندانان بۆ گواستنەوەی ئاوی بەنداوی داریانی پارێزگای سنە بۆ قومە، کە سەدان کیلۆمیتر لە ڕۆژهەڵات دوورە. هیچ زانیارییەکی ورد لەبارەی ئەو پرۆژانە بڵاو نەکراونەوە، چونکە ئەو بڕیارانە لە پلەبەرزترین ئاستی سیاسی و ئەمنییەتییەوە دەدرێن و لەبەر ئەو هۆیە زانیاریی پەیوەندیدار نهێنییە. هەر تاک یان تاقمێک نارەزایەتی دژی ئەو جۆرە پرۆژانە دەربڕێ، بەرەورووی تووڕەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتەوە. سەرچاوەی سروشتیی کانی بڵ، مەزنترین کانیی ناوچەکە، بە هۆی بەنداوی داریانەوە تووشی مەترسیی لەنێو چوون دەبێتەوە. دروستکردنی بەنداوی داریان هەر ئێستا لە هەورامان بووەتە هۆی گواستنەوەی ٢٠ گوند و سەدان کەس. لە دێسەمبەری ٢٠١٥، زیاتر لە ٣٠٠٠ چالاک و کەسایەتیی دیاری کۆمەڵگا نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆک کۆمار ڕوحانی کرد، لەویدا گوتیان "ئەو شوێنە سیمبۆلیکە و سەرچاوەی بەنرخی ئاوی کانزایی بە هۆی دروستکردنی بەنداوەکە، بڕیارێک کە بە هۆی زانیاریی هەڵەی وەزارەتی وزە دراوە، بەرەورووی هەڕەشەی دەستبەجێ بووەتەوە."[٣٨] واژۆکەرانی نامەکە جەختیان کردەوە کە کانی بڵ دەتوانی ئاوی ٢ میلیۆن کەس دابین بکات کە لە نەوت بەنرخترە. چالاکانی ناوچەکە هەروەها کۆبوونەوەی نارەزایەتییان پێکهێنا و داوایان لە دەوڵەت کرد پرۆژەکە بوەستێنێ؛ بەشێکیان تەنانەت بۆ ماوەی چەند ڕۆژ مانیان لە خواردن گرت. لە کۆتاییدا، ڕژیم، پەنای بۆ توندوتیژی برد و ئەو کەسانەی دەستبەسەر کرد کە لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی کانی بڵدا بەشدار بوون.[٣٩]

هەڵبەستنی بەنداو لە سەر ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵات هەڕەشە لە دابینکردنی ئاو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات. کۆماری ئیسلامیی ئێران زەخت دەخاتە سەر کوردانی ئەوبەری سنوور و لە ئاو وەک ئیمتیازێکی ژیۆپۆلیتیک لە دژی ئەوان کەڵک وەر دەگرێ. ڕووباری سیروان، کە بەنداوی داریان (چۆمانی و بیجەنەنس ٢٠١٦) لە سەری هەڵبەستراوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ و بە باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێ، کە لەوێ بە ڕووباری دیالە ناسراوە. ڕووباری دیالە، تێکەڵی ڕووباری ئەڵوەن، لقێک کە ئەویش لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ، دەبێ و نێوان ٢٠٪ بۆ ٣٠٪ی ئاوی سالانەی دیجلە دابین دەکات. ڕووبارەکانی دیالە و ئەڵوەن سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاو لە پارێزگای دیالەی عێراقن، بە تایبەت بۆ کشتوکاڵ. نەبوونی سەربەخۆیی ڕۆژهەڵات، دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دروست کردنی بەنداوی ئاوەڵا کردووە و هەروەها کاریگەریی نەرێنیی لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستان هەبووە و تا ڕادەیەکی زۆر چوونی ئاو بۆ ئەو بەشەی کوردستانی سنووردار کردووە.

## تێبینییەکانی کۆتایی

ئەو وتارە هەوڵ دەدا هێندێک تایبەتمەندیی سیاسەتی لەگەشەخستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بنکوڵکردنی مانەوەی پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ئابووریی رەسەن لە رۆژهەڵات شی بکاتەوە. بە سوود وەرگرتن لە پێشڤەچوونەکانی ئەو دواییانەی ئەو لێکۆڵینەوانەی بە دەستپێشخەریی پسپۆرانی لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین بەرێوە چووە، توێژینەوەی ئێمە هەوڵێک بوو بۆ جەختکردنەوە لەسەر نامومکین بوونی گەشەسەندنی رۆژهەڵات بە هۆی نەبوونی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی. بەراوردکاریی ئێمە هاوتەریبیی بەرچاوی لە نێوان سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ لە دامەزراوەیی خستن، لێکهەڵتەکاندنی ئابووری و بێبەش کردن لە رۆژهەڵات و پرۆژە نیشتەجێکردنە کۆلۆنیالیستییەکانی ئیسرائیل لە فەلەستین ئاشکرا کرد. هەر دوو دەوڵەت پرۆژەی کۆلۆنیالیستییان جێبەجێ کردوون کە پشتئەستوورن بە دیسکۆرسی تاک ئەتنیکی-تاک ئایینیی دروستکردنی دەوڵەت، بە مەبەستی بە جوولەکە کردنی خاک و هەرێم لە ئیسرائیل و فارس-شیعە کردن لە ئێران. بەڵام، لە کاتێکدا کە ئیسرائیل خەریکی سیاسەتی گۆڕینی شوناسی هەرێم و خاک بە گواستنەوەی فەلەستینییانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا هەرێمی کوردستان بکاتە فارس-شیعە، ناوچە کوردییەکان لە دانیشتووانی داماڵێ، ئەوان ناچار بە کۆچ بۆ شارە ناوەندییە فارس نشینەکان، وەک هێزی کاری هەرزان بکات، کێشەی کۆمەڵایەتیی بێکۆتایی لەگەڵ ناکوردەکان دروست بکات و، رۆژهەڵات بۆ کوردان بکاتە شوێنێک کە ژیان تێیدا نامومکین بێ. لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گەشەسەندنی ناوچە پەراوێزەکان بە ئاستی بەرهەڵستکاریی کۆمەڵگا نافارسەکان یان قبووڵکردنی سیاسەتی تواندنەوەی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە. لە کاتێکدا کە ئیسرائیل هەوڵ دەدا دەست بە سەر سامانەکانی فەلەستینییاندا بگرێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە لەنێو بردنی دارستانەکان و کاولکردنی ژینگەی رۆژهەڵات، هەوڵ دەدا رۆژهەڵات وەک جوغرافیایەکی سیاسی لەنێو بەرێ. توێژینەوەی ئێمە هێندێک هێزی جوولێنەری لەگەشەخستن ئاشکرا دەکەن کە تایبەت بە رۆژهەڵاتی کوردستانن و نیشانەکانی سیاسەتی تێرۆریزمی ژینگەیی، سڕینەوەی سیستەماتیکی دارستانەکان، مینرێژ کردن و بەتاڵکردن یان گواستنەوەی سامانە سروشتییەکانی ناوچەی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران. توێژینەوەی ئێمە خۆشکردنی بوار بۆ لێکهەڵوەشاندنی تێگەیشتنی ئاسایی لەمەڕ ناوچەکەیە کە حەز دەکات ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە پێش هەموو شتێکدا لە روانگەیەکی چەقبەستووەوە سەیر بکات. ئەگەرچی ئەو پارادایمە لە لایەن پسپۆرانی لێکۆڵینەوەکانی پاشکۆلۆنیال، لە ناویاندا ئەوانەی لێکۆڵینەوە لەسەر فەلەستین دەکەن، بە توندی رەخنەی لێ گیراوە، هێشتا لە پەیوەندی لەگەڵ پێناسەکردنی ئەوە کە کێ کۆلۆنیکراوە و کێ کۆلۆنیالیستە، گولْبژێرانە و بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە. بێجگە لەوە، رەخنەی پاشکۆلۆنیالیستی بە شیوەیەکی بەرچاو سەرقاڵی نواندنی کۆلۆنیالیزم وەک دیاردەیەکی تەواو رۆژئاواییە؛ بۆیە، لە بیر کردنەوە لە بوونی پرۆژەی کۆلۆنیالیستی

لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بێتوانایە، یان بێمەیلە. لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین، تواناییی پێداچوونەوە و لەسەر ڕا پێناسە کردنەوەی کۆلۆنیالیزمی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ، (وەک دیاردەیەک کە تەنیا پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو نەریتێکی گەردوونییە کە هەر ئێستا ڕەچاو دەکرێ) هەیە. لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین، ئەم وتارە هەوڵ دەدا دەمامکی دیسکۆرسی کۆلۆنیالیستی، ڕێکارەکان و سیاسەتی ژێردەستەکردنی کۆمەڵگای ناسەربەخۆی بەکەمینەکراوی کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لادا، کە سیاسەتەکەی وێکچوونی بنچینەیی لەگەڵ سیاسەتی ئیسرائیل دژی فەلەستینییان هەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگای حاکم هەڵوێستێکی خۆپەرستانە و چاوبەستوویان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەرییەوە هەیە، بۆ وێنە، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی و ڕۆشنبیرانی فارس (بە تایبەت لە پێکهاتە و پلاتفۆرمە ئاکادێمیەکانی ڕۆژئاوا) کەڵک لە ڕەوانبێژییە چەپییە دژە ئیمپریالیستییەکان وەر دەگرن و خۆیان وەک پاڵەوانی داکۆکی لە مافەکانی فەلەستینییان دەنوێنن، لە کاتێکدا سیاسەتی خۆیان بەرانبەر بە کوردان کۆمەڵکوژانەیە (بڕوانە داباشی ٢٠١٧). لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕۆشنبیرانی فارسی لایەنگری دەوڵەت، دووڕوویانە ئیدیعایان کردووە ئەوان ڕێبەری ”هێمنیی دنیان“ لە کاتێکدا خەریکی بەڕیوەبردنی توندئاژۆترین شێوازی کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵات بوون. بەڵام، بە پێچەوانەی ئیسرائیل، تا ئەو دواییانە، گریمانە ڕۆشنبیرانە وسیاسییەکانی دیسکۆرسی کۆلۆنیالیستیی فارس تا ڕادەیەکی زۆر پاشگوێ دەخرا (بڕوانە مەتین-عەسگەری ٢٠٢٠). شەیدایی لێکۆڵینەوەکانی دژەکۆلۆنیاڵ و پاشکۆلۆنیالەکان بۆ بەچەمککردنی مێژوویی ئیمپریالیزم وەک دیاردەیەکی جوغرافیایی چەقبەستوو کە زۆرتر ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، ئەوانی ڕاهێناوە کە لە سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕەچاو کراو بۆ ژێردەستە کردنی نەتەوە ئەتنیکییە ناسەربەخۆکانی وەک کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، چاوپۆشی بکەن.

## ئەمەگناسی

ئێمە سوپاسی دوکتۆر ئانجێلا داوتارتاس، پرۆفیسۆری مرۆڤناسی لە زانستگای ترۆی، لەبەر خوێندنەوەی وتارەکەمان و پێشکەش کردنی بۆچوونە ژیرانەکانی، دەکەین. ئێمە هەروەها پێمان خۆشە سوپاسی هەڵسەنگێنەرانی نەناسراو و پرۆفیسۆر لارێنس ڕالف (سەرنووسەر) بۆ تێبینییە بنیاتنەرەکانیان لەسەر نوسخەکانی پێشووی ئەو وتارە بکەین. پێزانینی خۆمان هەروەها پێشکەشی لیسا مەککەی، بەرپرسی بڵاو کردنەوە، بۆ پەیوندییەکانی و بەڕۆژ کردنەوەکانی وتارەکە، دەکەین.

## شرۆڤەکان

### هاشم ئەحمەدزادە

**بەشی زمانناسی و فەلسەفە، زانستگای ئۆپسالا، سوید**
(hashem.ahmadzadeh@lingfil.uu.se)

لە کۆتاییی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کوردییەکانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و قاجار کۆتاییان پێ هاتبوو. سەردەمی دەوڵەتشار و میرنشینە

کوردییەکان، کە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم و لە هێندێک شوێن تەنانەت زووتریش هەبوون، نەیانتوانی لە بەرانبەر سیاسەتی ناوەندگەرایی ئیمپراتورییەکان بەرگری لە خۆیان بکەن. وەڵامی کوردان بۆ ئەو سیاسەتە بە پاراستنی دامەزراوە ئاینییەکانیان، کە وەک پارێزەری دەسەڵاتیان سەیر دەکرا، سنووردار کرا (ڤان برونسێن ١٩٩٢؛ ئۆلسۆن ١٩٨٩). دامەزرانی ئەنجومەنە کوردییەکان لە ئەستەنبوڵ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەشێک لە پرۆسەی هاوچەرخکردنی ئیمپراتوورییەکە بوو. لاسەنگیی نێوان جووڵانەوە ناسیۆنالیستییەکانی ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و قاجار و پەراوێزخرانی کۆمەڵگا کوردییەکان، پێشیان بە وەدەستهێنانی مافە دیموکراتیکەکان لە کاتی هەرەسهێنانی ئیمپراتورییەکان گرت و دەوڵەتی نوێی مودێرن دامەزران. نەخشەی دوای شەڕی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێجگە لە دەوڵەتانی دیکتاتۆر، لە سەر حیسابی بنکۆڵکردنی دەسەڵاتی تاقمی ئەتنیکیی وەک کوردان، هیچ شتێکی دیکەی ئاشکرا نەکرد. کوردستان بە جوغرافیای دابەشکراو کراو و شوناسی پارچە پارچە کراو، لە خەباتی بۆ مافە دیموکراتیکەکانی، بەرەورووی چارەنووسێکی جیاواز بووەوە. بە سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژی جەماوەری کە ئیلهامدەری ئازادی و دادپەروەری بۆ گەلان بوو نەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات کە وردە وردە وەک پرسی کورد نێودێر کرا. لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی شوناسی ئەتنیکە ناسەربەخۆکانن، لە ناویاندا کورد، لە دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی ڕابردوو بەولاوە بە گەرمی مشتومڕی لەسەر کراوە. سیاسەتەکانی یەکدەستکردنی دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی ناوچەکە لەگەڵ شوناسی ئەتنیکە پەراوێزخراوەکان، وەک شوناسی کوردی، تووشی پێکدادان بووە و لە ئاکامدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەولاوە بووەتە هۆی کێشەیەکی بەردەوام.

بە لەبەر چاو گرتنی گرینگییەکەیەوە، کارێکی لە ڕادە بەدەر کەمی تیۆریک لە سەر سروشتی پرسی کورد کراوە. چۆن دەتوانین لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە پرسی کورد تێبگەین؟ ئاخۆ ئەوە پرسێکی نێوخۆیی ئەو وڵاتانەیە، یان پرسی نەتەوەیەکی دابەشکراو بە سەر چەند دەوڵەت-نەتەوەیە؟ ئاخۆ کۆمەڵگا کوردییەکان لە لایەن دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانەوە کراونە کۆلۆنی؟ دەتوانین کەڵک لە هەمان پێوەرانە وەرگرین کە بۆ پێناسەکردنی کۆلۆنیالیزمی کلاسیک لە لایەن زلهێزانی ڕۆژئاوایی لە ئەفریقا کەڵکیان لێ وەردەگرین؟ وتاری محەممەدپوور و سولەیمانی لەبەر ئەو هۆیە سەرنجراکێشە چونکە گفتوگۆیەکی نوێ لە سەر ئەو پرسانە دێنێتە ئاراوە و تیشک دەخاتە سەر لایەنە لەبیر کراو و گۆشە تاریکەکانی. من دەستخۆشی لە نووسەرەکان دەکەم بۆ هەوڵەکانیان بۆ بە تیۆریکردنی پرسی کورد، بەڵام پێموایە پرسەکە فرە ئاڵۆز و چەندلایەنەیە کە بەبێ هەڵوێستێکی وردتر و فرەڕەهەندتر ناکرێ هەڵسوکەوتێکی گونجاوی لەگەڵدا بکرێ. کەڵکوەرگرتن لە چەمکی کۆلۆنیالیزم بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچە، کاریگەرییەکی ڕادیکاڵی لەسەر خەباتی کوردان بۆ مافە دیموکراتیکەکان دەبێ. گرینگە کە ئامانج و فاکتەرە بڕیاردەرەکانی کاریگەر لەسەر هەڵوێستەکانی جووڵانەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکانی پێشوو و هەنووکەیی لەبەر

چاو بگیرێت. ئاشکرایە کە نەبوونی زانیاریی تیۆریک نەبووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازانە کە جووڵانەوە ناسیۆنالیستییە کوردییەکان گرتوویانە بەر. کەڵکوەرگرتنی کلاسیک لە دەستەواژەی "کۆلۆنیالیزم" بە گشتی پەیوەندیی بە بوونی دەسەڵاتی دەرەکی لە سەر خاک و وڵاتی خەڵکانی دوور لە وڵاتی کۆلۆنیالیستییە. ئەوە لە سەرەتادا وڵاتانی ئورووپایی وەک کۆلۆنیالیست و وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقایی وەک کۆلۆنیکراومان بیر دێنێتەوە (کراودەر ٢٠٠٧؛ نکرومە ١٩٦٥). لە کاتێکدا کە دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی حاکم بەسەر کوردانەوە کەڵک لە سیاسەتی هاوشێوەی کۆلۆنیالیستی وەردەگرن، هێشتا بەکارهێنانی دەستەواژەکە بۆ ئەو وڵاتانەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەریان هەڵدا، جێگای مشتومڕە. ئاسەوارە سیاسییەکانی بەکار هێنانی دەستەواژەکان لە هەرێمی ئاکادێمیک تێپەڕ دەبن و کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی نەتەوە و ئەتنیکە تێوەگلاوەکانی ناوچەکە هەیە. بۆیە، ئێمە دەبێ ئەزموونەکانی وەدەستهاتووی کوردان لە خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی مافە دێموکراتیکەکانیانمان لەبیر بێ. هەر جۆرە پێداچوونەوە بە ستراتێژییەکانی پێشووی کوردان بۆ وەدەستهێنانی ڕزگاری، توێژینەوەی هەمەلایەنە دەخوازێ. گونجاندنی دەستەواژەی هەنووکەیی و نوێ لەگەڵ دۆخی کوردان، ئەگەر باری کوردان قورستر نەکات، ناتوانێ سووکی بکات. پێمخۆشە سەرنجی نووسەران بۆ تۆنی نەگونجاویان لە کاتی ئاماژە کردنیان بە زانایانی دیکەی بوارە زانستییەکەیان ڕاکێشم. سەرجەم توێژینەوە نوێیەکان بناخەیان لەسەر کاری ئەو کەسانەی پێش خۆیان دامەزراوە و، ئەوە گرینگە کە بە ڕێزەوە دان بە یارمەتییەکاندا بنرێ. لە هێندێک دۆخدا، نووسەرانی ئەو وتارە زمانێکی زبر لە کاتی ئاماژە کردن بە زانای دیکە بەکار دێنن، وەک کاتێک کە بە مایکڵ گونتەر دەڵێن "خۆ بە پسپۆڕی لێکۆڵەنەوەکانی پرسی کورد زان." ئەوە وا دەگەیەنێ کە نووسەرەکان خۆیان لە سەرووی پسپۆڕانی ئەو بوارە سەیر دەکەن، کە هەڵەیەکی قبوول نەکراوە. بێجگە لەوە، هێندێک ئیدیعای سەرەکیی وتارەکە بە شێوەی پێویست پشتئەستوور بە سەرچاوەی جێگای متمانە نین. ئەوە ڕاستە کە مرۆڤ لە دۆزینەوەی زانیاریی جێگای متمانە لە سەر کوردانی ئێران دەتوان تووشی ئالنگاری بێ، بەڵام ئەوە ڕەوایی بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەی دەستی دوو نادا. بە هەمان شێوە بەراورد کردنی فەلەستین لەگەڵ کوردستان ئالنگاری دروست دەکات. پرسی فەلەستین لە کاتی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی زایۆنیزمەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لە کاتێکدا پرسی کورد هێشتا بە باشی نەناسراوە. لە کاتێکدا هێندێک وێکچوون لە شێوەکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ فەلەستینی و کوردان هەن، ئەوە نابێتە هۆی ڕەواییدان بە پۆلێنکردنی ئەو دووانە وەک نەتەوەی کۆلۆنیکراو. بۆیە، کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییەکانی لەگەشەخستن بۆ ئەو نەتەوانە دەبێ بە پارێزەوە بکرێ. بەکارهێنانی تێگەیشتنی سارا ڕۆی لەمەڕ لەگەشەخستن، دەتوانێ تەنیا شێوەیەک ڕوانین بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد بۆ زانایان دەستەبەر بکات. بۆ تێگەیشتنی تەواوی ئەو پرسە ئاڵۆزە، زانایان پێویستیان بە بیرکردنەوەی قووڵ

له مەرجە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردان له کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکانی ئەو ناوچەیە هەیە.


## ئان رۆڵز

**بەشی کۆمەڵناسیی، زانستگای بێنتلی، ولاتە یەکگرتووەکان**
(arawls@bentley.edu)


### بەکارهێنانی "چاوی" کۆمەڵناسانە بۆ دۆخی کورد له ئێران

وتاری "سیاسەتی ڕەگەزیی لەگەشەخستن له خۆرهەڵاتی نیوەڕاست، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارانەی فەلەستین و ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)،" له نووسینی ئەحمەد محەممەدپوور و کەمال سولەیمانی، دۆخێک شی دەکاتەوە کە لەودا گەلی کورد له ڕۆژهەڵات دەورەدراو، پێش پێگیراو، له ژێر چاودێریدا و بە شێوەی یاسایی، فیزیکی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ناچار کراون خۆیان لەگەڵ ڕژێمی فەرهەنگیی خۆسەپێنی ئێران بگونجێنن کە هەوڵ دەدا بە تواندنەوەی زۆرەملی و چەقبەستوویی ئابووری، فەرهەنگیی نەتەوەیی یەکچەشن دروست بکات. وتارەکە ئەو دۆخە بە سیاسەتی "لەگەشەخستن" کە وەردەکارییەکەی له لایەن سارا ڕۆی (٢٠١٦ [١٩٩٥]) له لێکۆڵینەوە کلاسیکەکەی لەسەر غەززە بەراورد دەکات، کە ئاکامی هەر دوو دۆخەکە کاولکاریی بە ئانقەستی ئابووری، سیاسی و مانەوەی کۆمەڵایەتیی شوێنێک و خەڵکەکەیەتی.

بەراورد کردنی دوو دۆخ له ولاتە یەکگرتووەکانیش ویدەچی بەجێ بێ، چونکە هەردووکیان تەوەری دیکە بە باسەکەوە زیاد دەکەن. ڕۆژهەڵات، بەو شێوەیە کە وەسف دەکرێ بیرهێنەرەوەی وەدەرنانی خەڵکی ڕەسەنی[٤٠] ولاتە یەکگرتووەکان له مڵک و ماڵیان و، هێنانیان بۆ ژێر سەرپەرشتی و چاودێری له ئۆردووگاکان و تێکدانی ئاو و سامانەکانی دیکەیانە. هەروەها بیرهێنەرەوەی دۆخی ڕەشپێستە ئەمریکاییەکانە، چونکە مافە مەدەنییەکانی ئەوان بۆ جاری دووهەم له ١٩٦٥ بە شێوەی یاسایی زەمانەت کرا، پاش دەستبەسەرکرانی بەکۆمەڵ تا دڵنیا بن کە ڕەشپێستە ئەمریکاییەکان نەتوانن کار بدۆزنەوە، دەنگ بدەن یان بە شێوازی دیکە کەڵک له مافەکانیان بۆ بەشدار بوون له کۆمەڵگادا وەرگرن (ئالێکساندەر ٢٠١١). ئەوەش لەگەشەخستنە. پێش‌پێگرتن، دەورە دان و لەژێر چاودێری گرتنی گەلێک، بە شێوەیەک کە مانەوەی ئابووریی هەرێمێک وێران دەبێ و خەڵکەکە نایاسایی دەکرێ و پاشان ئاماژە بە پێش نەکەوتنیان دەکرێ و دۆخی دەستکردی "تاوانکار بوونیان" وەک بەڵگەی بەنیو نەخۆشی بۆ ڕەواییدان بە لەکار کردنی زەبروزەنگ (و تواندنەوەی زۆرەملی) کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بەلام هەوڵەکانی سەرکوتکردنی خەڵکی ڕەسەن و ڕەشپێستی ئەمریکایی، له کاتێکدا کە له دروستکردنی کۆمەڵگای هەژار، پێشگرتن بە دەرفەتی پەروەردەیی و کار سەرکەوتوو بوون، له تواندنەوەی زۆرەملیی ئەو خەڵکانە یان ناچار کردنیان بە ڕێزگرتن له فەرهەنگی سپی پێستی حاکم، کە ئەو سنوورانەیان دەسەپاند، ناسەرکەوتوو بوو. له ڕاستیدا، سەرکوت بوو بە هۆی زیاتر کردنی هاوپشتی و یاخیبوونی کاریگەر له هەر دوو دۆخدا، کە درێژە بە بەرەوپێشچوونی گەشەی کۆمەڵگای ولاتە یەکگرتووەکان بە ئاراستەیەکی دێموکراتیکدا دەدا کە ڕاستەوخۆ بۆچوون و ئامانجەکانی یەکچەشنی خولقێنیی سپی پێستە

بالادەستخوازەکان تووشی ئالنگاری دەکات. ئەوە پرسێکی سەرنجراکێشی تیۆریکە کە بۆچی دەوڵەت-نەتەوەکان هەوڵی ئەو جۆرە سیاسەتانە دەدەن، ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو نابن. وەڵامەکە تێکەڵاوێکە لە بیر کردنەوەی کورتخایەن و بیری هەڵە لەمەڕ شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکان، کە دیکتاتۆران هان دەدا وا بیر بکەنەوە کە کۆنترۆڵی تەواو بە سەر دانیشتووواندا (بە جۆرێک کە پێمان وایە لە ڕابردوودا هەبووە) مومکینە. دیکتاتۆرەکان ئەمەگداری ئەو بەرنامەیەن، کە وابوو هانا بردن بۆ ڕەوشت بێ سوودە. بەڵام تێگەیشتن لە هەوڵی ئەوتۆ، لە جیات لاواز کردنی یەکگرتوویی خەڵکی سەرکوتکراو دەبێتە هۆی بەهێز کردنی و ڕەنگبێ هەوڵەکانیان بۆ شێوازی دێموکراتیکی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی هەبێ. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سیاسەتی تواندنەوە پشتئەستوور بە خەیاڵی بالادەستیی فەرهەنگێکی ئیدیعایی ”سپی بوون“ بوو (ئالێن ١٩٩٤؛ مەتزل ٢٠١٩؛ ڕۆدیگەر ٢٠١٨؛ ئاندێرسۆن ٢٠١٧). دۆخی ئێران، بە گوێرەی محەممەدپوور و سولەیمانی، خۆ پێناسە کردن بە ڕەگەز و فەرهەنگێکی بە هەمان شێوە ئەفسانەیی، واتە ”ئاریایی“ دەگرێتەوە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران و غەززەی ئەمڕۆ، سیاسەتی ئەوتۆ بووەتە هۆی ئافراندنی کەلێنی قووڵ و بەرهەڵستکاری کە هەڕەشە لە ئاشتی و هاوپشتیی وڵات دەکات. زۆر دوور لە ئاواتی تواندنەوەی زۆرەملیی ڕەشپێست و خەڵکی ڕەسەن لە فەرهەنگی ”سپی“ ئەمریکاییدا، سیاسەتی سەرکوتکەرانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بووەتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاریی شوناسخوازانە لە نێو ئەمریکاییە ڕەشپێست و ڕەسەنەکان و چاوەڕوان دەکرێ کاریگەریی هاوشێوەی لە شوێنی دیکەش هەبێ. خۆشەویستی بەرانبەر بە سیاسەتی ئەوتۆ لە نێو دیکتاتۆراندا ئاماژە بەوە دەکات کە لانیکەم ئەو سیاسەتە هێندێک جار کاریگەرە. بەڵام بەڵگە مێژوویی و کۆمەڵناسییەکان ئاشکرای دەکەن کە ئەوان بە شێوەی نەریتی مەرجەکانی لەنێوچوونی خۆیان دروست دەکەن. خاڵی سەرەکیی وتارەکەی محەممەدپوور و سولەیمانی دروستکردنی ئالنگاری بۆ تیۆریی هەنووکەییی گەشەسەندنە، بە بۆچوونی ئەوان گەلی کورد ناچار دەکرێ لە دۆخێکدا بژی کە لە لایەن ئەو تیۆرییانەوە پاشگوێ دەخرێ و پێیان وایە تیۆری لەگەشەخستنی سارا ڕۆی تیۆرییەکی گونجاوترە. لە کاتێکدا کە ئەوە خاڵێکی گرینگە (کە منیش لەگەڵی هاورام)، لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە ئەوەی سەرنجراکێشە دوو هێڵی هۆدانی کەمتر دیارن. یەکیان بە هەڵە تێگەیشتنێکی باو لە لێک جیا کردنەوەی نەریتی/مودێرن لە لایەن دورکهایمەوەیە کە شی دەکاتەوە بۆچی زۆربەی تیۆرییەکانی هەنووکەیی لە بەچەمککردنی گەشەسەندن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ناسەرکەوتوون. ئەوەی دووهەم ئەو گرینگییەیە کە بە هەڵسوکەوتەکانی ”ژیانی ڕۆژانە“ دەدرێ، بە بێ سەرچاوە، بەڵام، ئەو هەڵسوکەوتە فەرهەنگسازییە بێدەنگەی کە بە ئاسایی وەردەگیرێت و چۆن سەربەخۆیی ئەوان، هەوڵە زۆرەملییەکانی دەوڵەت بۆ ئافراندنی یەکچەشنیی فەرهەنگی نەزۆک دەکات. ئەوە ڕەنگبێ، وەک ڕۆی و محەممەدپوور و سولەیمانی دەڵێن، لەو چوارچێوەیەدا هەموو ئاکارێک دەبێتە کردەوەیەکی سیاسیی گرینگ. بەڵام خەڵکی ئەو جۆرە

شوێنانە هێشتا پێویستیانە لە کۆمەڵگادا ڕاستی، کردەوە، واتا، شت وشوناسی مانـاداری کۆمەڵایەتی لە هەڵسوکەوتە هاوبەشەکانیان لەگەڵ یەکتردا دروست بکەن و دورکهایم گوتەنی، ڕێکخستنی ئەو جۆرە شتانە سەربەخۆ لە پێکهاتەی لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە داڕێژراو و ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتی ئەتنیکین (دورکهایم ١٨٩٣؛ ڕۆلز ١٩٨٧؛ ١٩٩٦؛ ٢٠٠٩ [٢٠٠٤]، ٢٠٢١، ٢٠٢٢). دروست وەکوو چۆن ڕەش بوون لە ولاتە یەکگرتووەکان لە لایەن زۆر کەسەوە وەک "نیگەرانییەکی ئەمنییەتی" سەیر دەکرێ کە کوژرانی ڕۆژانەی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقاییەکانی لێ دەکەوێتەوە، محەممەدپوور و سولەیمانییش ئاماژەیان پێ کردووە کە لە ڕۆژهەلات "کورد بوون لە خۆیدا پرسێکی ئەمنییەتییە." لە هەر دوو دۆخەکەدا ئایدیۆلۆژیی ڕەگەزیی حاکم (سپی پێست بوون لە ولاتە یەکگرتووەکان، ئاریایی بوون لە ئێران) دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو ڕوانگەیە. لێرەدا بواری لەبار بۆ هاوکاریی نێوان کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی هەیە، بە هۆدانی کۆمەڵناسانە کە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر پرسی وەک، پەیوەندیداربوونی لێک جیا کردنەوەی کۆمەڵگای نەریتی و مودێرن لە تیۆرییەکانی گەشەسەندندا، ئاخۆ سەربەخۆیی بۆ ئافراندنی ژینگەیەکی گشتگیر بۆ گەلی کورد پێویستە، هەروەها توانایی شاراوەی پێکهاتەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆ بەربەرەکانی دژی هەوڵەکانی دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی-ئەتنیکی بۆ دروستکردنی فەرهەنگی یەکچەشن لە ڕێگای تواندنەوەی زۆرەملی. (ئەو ڕستەیە یا ناتەواوە و یا بە باشی نەبەستراوەتەوە بە ڕستەی پێش خۆیەوە) مێژوو پیمان دەڵێ کە ئەو جۆرە ڕێژیمانە زۆر جار بە توندوتیژی کۆتاییان دێ و، کۆمەڵناسیی هەڵسوکەوت تەوەر پێمان دەڵێ زۆربەی هەوڵەکان بۆ سەپاندنی تواندنەوە لە بەر هۆی ئاشکرا و دەستنیشانکراو کە دەکرێ بە ئەزموون بسەلمێنرێن، شکست دێنن. هەروەها، نەتەوە ڕۆژئاواییەکانی هەنووکەیی (دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان کە کاتی خۆی تواندنەوەی زۆرەملییان بەسەر خاک/خەڵکی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا سەپاند) بە تواندنەوەی زۆرەملێ (یان یەکچەشن کردن) نەبوونە مودێرن، نە لەو شوێنانەی کردبوویاننە کۆلۆنی و نە لە نێوە سنوورەکانی خۆشیاندا، بەڵکو بە پێچەوانە بە گۆڕان بەرەو ڕەخساندنی بوار بۆ فرەچەشنی بوونە مۆدێرن. بێگومان، هەوڵی یەکگرتوو بۆ پێش گرتن بە فرەچەشنی، لە ناویاندا بە لێپرسینەوە و سڕینەوەی توندوتیژانەی فەرهەنگی، لە ئورووپای پێش ١٧٠٠ باو بوو. بەلام هەوڵی ئەوتۆ بوونە هۆی بەرهەڵستکاری، شەڕی نێوخۆ و کۆچ بۆ دەرەوە، کە لە دەورەیەکدا کە بە ڕۆشنگەری ناسراوە کۆتایی هات و لەو دەورەیەدا فرەچەشنی و پرینسیپەکانی "دادپەروەری" بۆ بناخەدانانی مودێرنیتە پێویست بوون تا لە کۆتاییدا وەک پرینسیپ لەوێدا یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پێشوازیی لێ کرا. لەوەی لە خوارەوەدا هاتووە، من لە بیرۆکەی ڕەسەنی دورکهایم لەمەڕ لێک جیا کردنەوەی نەریتی/مودێرن دەکۆڵمەوە، کە ئەگەرچی زۆر جار ئاماژەی پێ دەکرێ بەلام چاک لێی تێنەگەیشتوون و، پاشان پەیوەندیدار بوونی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بۆ دۆخی ڕۆژهەلات لەبەر چاو دەگرم (بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆریی دورکهایم).

محەممەدپوور و سولەیمانی بە شێوازی ئەوتۆ ڕەخنە لە لێک جیا کردنەوەی نەریتی/مۆدێرن دەگرن کە من هاورایانم. نەریتی نابێ لەگەڵ "خێڵەکی" یان "سەرەتایی" یەکسان سەیر بکرێ، بە هەمان شێوە نابێ "مودێرن" لەگەڵ "ڕۆژئاوایی" وەک دوو شتی یەکسان لێک بدرێنەوە. بەڵام ئەوە لێک جیا کردنەوەی دورکهایم نەبوو. دورکهایم (١٨٩٣) پێشنیاری کرد کە ئاکامی تاقیکاریی هەر کۆمەڵگایەک کە بەرەورووی فرەچەشنی لەگەڵ پەرە گرتنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاکان و فرەهەنگەکان دەبێتەوە، لە شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ فرەچەشنی دەردەکەوێ. ئەو باسی شێوەیەک لە کۆمەڵگا دەکات کە پێشوازی لە فرەچەشنی دەکات و ئەوە دەکاتە جۆرێک لە نەریتی کۆمەڵگا ("هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان") کە بە فرەچەشنی گەشە دەکات و شێوازێکی دیکە کە لە بەرانبەر فرەچەشنیدا ڕادەوەستێ و هەوڵ دەدا فەرهەنگە ڕەسەنەکە لە دەوڵەت و یەکچەشنیدا بپارێزێ. ئەو کۆمەڵگایانەی ناو نا مودێرن کە پێشوازی لە فرەچەشنی دەکەن، چونکە بوار بۆ ئاڵوگۆڕ، پەرەپێدانی پەیوەندی، بازرگانیکردن لەمبەر ئەوبەری سنوورەکان و لە نێوان خەڵکاندا، دەرەخسێنن. ئەو بە ئەو کۆمەڵگایانەی گوت نەریتی کە لە بەرانبەر فرەچەشنیدا ڕادەوەستن، چونکە لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕدا ڕادەوەستن و درێژە بە بەهێزکردنی ڕوانگە فەرهەنگییە یەکچەشنەکان دەدەن. جیاوازییەکە لە نێوان ئەو هەڵسوکەوتانەی بناخەیان لەسەر بیروبڕوا دارێژراوە کە ناوبراو بە "نەریتی" ناوی بردن و "هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان" کە لەسەر بنەمای بیروبڕوا دانەرێژراون (ڕۆلز ٢٠١٩، ٢٠٢٢).

سەرەرای ئەوەش، زانایان لە یەکسان دانانی "نەریتی" لەگەڵ کۆمەڵگا خێڵەکییەکان و "مودێرن" لەگەڵ کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، پێداگرن. لە شێوازە بنەڕەتییەکاندا، دورکهایم (١٩١٢) بە ڕوونی نووسیی کە کۆمەڵگا خێڵەکییە سەرەتاییەکان کەڵکیان لە "هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان" وەردەگرت کە هێشتا بناخەیان لەسەر بیروبڕوا دانەرێژرابوو (ڕۆلز ٢٠٠٩ [٢٠٠٤]). چ لەگەڵ دورکهایم لە سەر ئەو خاڵە هاورا بین یان نا، ئەوە بۆچوونی ناوبراو ڕوون دەکاتەوە. مەبەستی ئەو لە "نەریتی"، کۆمەڵگا ئورووپاییەکانی سەدەکانی نێوەڕاست بوو کە یەکچەشنیی ئایینی/فەرهەنگییان دەسەپاند، نە وەکوو خەڵکی خێڵەکی. هەروەها، ئەو دەیگوت دەسەڵاتی لە سەرەوە ڕا بۆ خوارەوە پێش بە کۆمەڵگاکان دەگرێ تا گەشە بە زەمانەتەکانی ئەو دادپەروەرییە بدا کە بۆ بەردەوامیی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنەری یەکگرتوویی لە چوارچێوەی کۆمەڵگا فرەچەشنەکانی مودێرنیتەدا پێویستن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆ دۆخێکی سەرنجراکێش بۆ ئەو شتەیە کە دورکهایم هۆشداریی لەبارەوە داوە، کە لەوێدا یەک لە سەر سێی دانیشتووان بە ئاشکرا وا بیر دەکەنەوە کە دەکرێ (و ئەقڵانیشە) دوو لە سەر سێی خەڵکەکەی دیکە ناچار بکرێ بیروبڕوا/هەڵسوکەوتە نەریتییەکانی کەمینە وەخۆ بگرن. لە ڕوانگەی دورکهایمەوە، بەشی "کۆنەپارێز" یان "کۆماریخوازی" کۆمەڵگای وڵاتە یەکگرتووەکان نەریتییە، لە کاتێکدا کە دوو لەسەر سێی ئەو بەشەی پێشوازی لە فرەچەشنی و دادپەروەری دەکەن مودێرنن. (ڕۆلز ٢٠٢١). ڕەخنە لە بەکارهێنانە باوەکانی دەستەواژەی

"نەریتــــی"، کـــە خێڵەکان بـــە کەمبایەخ ســـەیر دەکـــەن، لــە کاتێکـــدا دەوڵەتە نەتەوەپەرســـتە ئەتنیکییەکانی وەک ئێران وەک مودێــــڕن دەبینـــن، جیاکردنەوەیەکی دەســـتکرد لـــە نێـــوان ڕۆژهەڵات/ڕۆژئاوا دروســـت دەکات، لەو وتارەدا نابینرێ. ئێستا دەوڵەتـــی ئێرانـــە کە دەبینـــرێ کەڵک لە هەڵوێســـتی نەریتی بەرانبەر بـــە پەرگالی کۆمەڵایەتـــی بـــە تواندنـــەوەی زۆرەملی وەردەگـــرێ، لە کاتێکدا کە دانیشـــتووانی کـــورد خەریکی کار کـــردن لەگەڵ یەکتر و لەوبـــەری ســـنوورەکان و فەرهەنگەکانی چـــوار وڵاتـــی جیـــاواز بۆ مـــاوەی چەند جیلـــن، کـــە وابـــوو ئـــەوان مودێڕنن. لـــە پەیوەندیـــدار بوونی هەڵســـوکەوتی کۆمەڵایەتییەوە: ئـــەو دۆخەی ڕۆژهەڵات کە محەممەدپوور و ســـولەیمانی باسی دەکەن، بـــە میلیتاریـــزە کـــردن، چاودێریکردن، تواندنەوەی زۆرەملـــێ و دیاریکردنی دەوری کۆمەڵایەتی، نێـــو، زمان وکاری شـــیاوی دەستنیشـــانکراو لـــە لایـــەن دەوڵەتەوە (لەگەڵ شـــتی دیکـــەش)، بیرهێنەرەوەی ئەو شـــتەیە کە ئێرڤینگ گافمەن (١٩٦١) نێوی نا "هێنانـــە ژێر چاودێریـــی تەواو." ئەوە شـــوێنی وەک بەندیخانە، دامەزراوەکانی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشـــییە دەروونییەکان، دێـــرەکان و جێـــگای دیکە کـــە لەوێدا خەڵک، لـــە دۆخێکی بەســـتراوەیی تەواو و ژێـــر چاودێریبوونـــدا دەخرێنـــە ژێـــر کۆنترۆڵی تـــەواو، دەگرێتەوە. (ڕســـتەکە ناتـــەواوە و کرداری ڕســـتەکە دیـــار نییە) بە گوێرەی گافمەن، ئەو بەدامەزراوەییکردنە گشـــت لایەنەی ژیانی تاکـــەکان، هێندە زیانمەندە کـــە لەو دامەزراوانـــەدا ئەوانەی چاودێریکارن (پاســـەوانەکان، پۆلیســـەکان، تـــاد.) ناچـــارن ســـازش بکـــەن و ئێزن بـــە "بەندییـــەکان" بـــدەن هێندێک جار یاساشـــکێنی بکـــەن دەنـــا یـــان خۆ لە ملکەچبـــوون دەبوێرن یـــان لەنێو دەچن. ژیان یـــان کار لە ماوەیەکـــی بەرچاودا لە ژینگەیەکی ئەوتـــۆدا دەبێتە هۆی دۆخێک کـــە پێـــی دەڵێـــن "بەدامەزراوەییکران،" دۆخێکـــی کۆمەڵایەتی کە لـــەودا تاکەکان تواناییی خۆیان بـــۆ جێبەجێکردنی ئاکاری ئاســـایی "لـــە دەرەوە" لەکیـــس دەدەن. محەممەدپوور و ســـولەیمانی هەروەها باس لە گرینگیی هەڵســـوکەتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکـــەن و هەوڵەکانی ڕێژیمـــی ئێران بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هەڵســـوکەوتانە وەســـف دەکەن. بەڵام هەڵســـوکەوتە ئاســـاییەکان ئێـــزن بـــە کونترۆڵکردنیان لەســـەرەوە ڕا نـــادەن. بـــە گوێـــرەی ئـــەوەی گافمەن (١٩٨٣؛ ڕۆڵـــز ١٩٨٧) نێوی نـــا پەرگالە هەڵســـوکەوتییەکان و گارفینـــکل (١٩٦٧) نێـــوی نـــا شـــێوازەکانی ئەندامـــان، کە ســـەربەخۆ لە پەرگالی لە ســـەرەوە ڕا-بۆ-خوارەوە کاردەکەن، خـــۆ ڕێکخەرن. تیۆریی مودێرنیتـــەی دورکهایـــم (١٨٩٣؛ ڕۆڵـــز ٢٠٢٢) باســـی گەشـــەکردنی ئـــەو ئاکارە خـــۆ ڕێکخەرانەی کرد کـــە دژی پەرگالی سەپێنراو لەســـەرەوە ڕا دەوەستنەوە و، گوتی دەوری دەوڵەت پێویســـتە لـــە بڕیاردەرێکی ســـەرەڕۆوە بـــۆ داوەرێک بگـــۆڕدرێ کە دادپەروەری لە نێوان بەشـــدارانادا زەمانەت بـــکات. بەشـــێکی بەرچاو لـــە گیروگرفتە هەنووکەییـــەکان لـــە شکســـتهێنان لە تێگەیشـــتن لەو گۆڕانە ســـەرچاوە دەگرێ، چونکـــە زۆر ڕێژیم درێژە بـــە هەوڵەکانیان بـــۆ ســـەپاندنی پەرگالێکی یەکچەشـــن بە ســـەر ئـــەو کۆمەڵگایانـــەدا دەدەن کە لـــە خاڵـــی فرەچەشـــنی تێپەڕ بـــوون و چیدیکە ســـەپاندنی پەرگالی لە ســـەرەوە ڕا-بۆ-خوارەوە کاریگەریی لەســـەریان نییە. هۆدانە کۆمەڵناســـییەکان دوو توێن. یەکەم، لـــە کۆمەڵگایەکی فرەچەشـــندا کە لەوێدا لـــە نێـــوان خەڵکـــی خـــاوەن بۆچوونی

جیاواز هەڵسـوکەوت دێتە ئـاراوە، دەبێ هەڵسـوکەوتەکان بـە ڕێژەی پێویسـت دوو لایەنـە بـن تـا بەشـداران بتوانن ئازادانـە و بە ویسـتی خۆیـان کەڵک لە "هەڵسـوکەوتە بنەڕەتییـەکان" وەرگرن. بێتوو نـۆرەکان بـە زۆری بـن، زنجیرە نـۆرەکان دەبنە بۆنەیـی و، خەڵک توانایی خۆیـان بـۆ پەیوەندیگرتـن سـەرەڕای جیاوازییەکانیان لە کیـس دەدەن. کاتێک ئـەوە دەقەومێ، خەڵکی ئەمبـەر ئەوبەری کەلێنـی دەسـەڵات ("سـەپێنەرەکان" لـە بەرانبەر "بەسـەردا سـەپێنراوەکان") چاوەڕوانیی دژواز هەم لەسـەر چۆنیەتیی کردار و هەروەها ئەو شـتانەی مەبەستیانە دروست دەکەن. لەو شـوێنەی ئەوە ڕووی داوە، وەک لـە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان لە وڵاتـە یەکگرتـووەکان (ڕۆڵـز و داک ٢٠٢٠)، تێکچوونـی هەر جۆرە گفتوگۆیەک ئاسـایی دەبێ و پـەرە گرتنـی جیاوازی لـە نێـوان چاوەڕوانییەکانـی دوولایەن، کەلێنی نێوان دانیشـتووان قووڵتر دەکات، تەنانـەت لـە کاتێکدا کـە دامەزراوەکانی چاودێـری و کۆنترۆڵکردن هـەوڵ دەدەن ناچاریـان بکـەن زۆرتر ببنە هاوشـێوە. ئـەوە دژوازییەکی سەرنجراکێشـە کە بۆ سـەرکەوتنی کۆتاییی دیموکراسـی هیوا خوڵقێنـە. وتارەکـە بۆ وێنە لە بەشـێکدا کە باسـی "لـە دامەزراوەیی خسـتن" دەکـرێ نزیکـەی تەنیا جەخت لەسـەر لەگەشەخسـتنی دامـەزراوە فەرمییەکان دەکات. لێرەدا سـەرنجدان بە کاریگەریی سیاسـەتەکانی دەوڵەت لەسەر پێکهاتەکانی هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان، کە بناخەی کارتێکردنـە دوولایەنەکانـی دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکانـن، دەتوانـێ گرینگ بێ. پرسـیارەکە ئەوەیـە ئاخـۆ هەوڵـی لە دامـەزروە خسـتنی گەلـی کـورد لەو پلەیـەدا کاریگـەر دەبـێ. لەکاتێکدا کە ئـەو هەوڵانە ڕەنگبێ لە دەسـتێوەردان لە بەڕێوەبردنی لایەنەکانـی فەرهەنگی نەریتی و دامەزراوە فەرمییەکاندا سـەرکەوتوو بن، ئەگەرچـی مێـژوو پێمان دەڵـێ خەڵک لە درێـژەدان بـە بەڕێوەبردنـی نهێنیی نەریتەکانیان ئـازان، لێکۆڵینەوەکان دەڵێن ئەو هەوڵانـە دەبنە هـۆی بەهێزتر بوونی لایەنە بنیاتنەرەکانی شـێوازی هەڵسوکەتی هەرێمـی. لـەوەش زیاتر، بێتـوو لایەنە نەریتییەکانـی فەرهەنـگ بڕووخێنرێـن، هەڵسـوکەوتە بنەڕەتییەکان خێرا جێگایان دەگرنـەوە، وەکـوو لێکۆڵینەوەکانـی بەندیبوون ئاشـکرایان کـردووە (جەیکۆبز ١٩٧٧؛ سـایکس ١٩٥٨)، چونکـە خەڵک پێویسـتییان بە پەیوەندیگرتنـە تا بوونی خۆیـان بناسـێنن و بسـەلمێنن. بێتوو ئامـرازە نەریتییەکان بـۆ جێبەجێکردنی ئەوانـە لەنێـو بچـن، شـێوازی نوێی هەڵسـوکەوتکردن جێگایـان دەگرنـەوە. لێکۆڵینەوەکانـی هەڵسـوکەوتی مرۆڤـان پێشـانیان داوە کاتێک دۆخـی هێنانە ژێر چاودێریی تـەواو دەسـەپێنرێت، نەریتی بەرهەڵسـتکارانە لە هەڵسـوکەوت کردندا دەگاتە ئاسـتێک کە خەڵک بتوانن زیندوو بمێننەوە، لەگەڵ یەکتـر پەیوەندی بگرن، شوناسـی خۆیان بپارێزن و بەرگری بکەن. ئەگەر ئـەو نەریتانە هاوشـێوەی ئەوانە بن کە لـە نێـو ڕەشپێسـتەکانی ئەمریکادا سـەریان هەڵدا، ئـەوان دەبنـە نموونە/ نوێنگەی هەڵسـوکەوتی دیموکراتیک، ئەوی لە هەناوی ژیانـی ڕۆژانەدا پتـەو دەکات و توانـای بەرخۆدانـی زیاتـر بەرانبەر بە ڕژێمێکـی نادیموکراتیک دەبەخشـێت. ئەوە هەمدیس گەلی کـورد وەک مودێرن پێناسـە دەکات و بـوار بۆ فرەچەشـنی دەرەخسـێنێ، دەیسـەلمێنێ کە سەرکوت دیسـان تـۆوی دیموکراسـیی چاندووە و ئامـرازی لەگۆڕانی خۆی دابیـن کردووە.

ئەوەی ئێمە لە سەرکوتی ڕەگەزی تێدەگەین ئەوەیە کە ئاستی هاوپشتی و نەریتە دیموکراتیکەکان کە ئاکامی ئەو جۆرە سەرکوتەن، وێدەچێ هەم بە ئاستی سەرکوت و هەروەها بەووە بەند بێ کە ئاخۆ پێناسەی ڕەگەزپەرستیی کەڵک لێ وەرگیراو ڕێگا بە تواندنەوەی بەرچاو دەدا. لەو شوێنانەی توانەوە ساکار بووە، زۆر کەس توانەوەیان هەڵبژاردووە و، لەو دۆخانەدا ئاستی هاوپشتی لەنێو سەرکوتکراوەکاندا لاوازە، هاوکات سەرسامبوون بەو تاقمەوە کە تێیدا تواونەوە پەرەی ئەستاندووە، وەکوو بابەتی نێو کتێبی پێستی ڕەش، دەمامکی سپی لە نووسینی فرانتز فانۆن (١٩٥٢). بەڵام، لەو شوێنانەی توانەوە دژوارە، وەک ئەمریکاییە ڕەشپێستەکان و خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە، ئیتر زۆری وەدوا ناکەون. لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ڕۆژهەڵات، پێویستە ئێمە بزانین توانەوە لە ئێران تا چ ئاستێک مومکینە و خەڵات دەکرێ و ئاخۆ تێچووی کۆمەڵایەتیی توانەوە هێندە لە سەرێیە کە پێش بە زۆربەی خەڵک بگرێ تا هەوڵی بۆ بدەن. بە گوتەی محەممەدپوور، گونجان لەنێو کەرتەکانی فەرهەنگی فارسیدا، "بوونی پێشینەی "دروستی" ئەتنیکی-ئایینی و ئایدیۆلۆژیکی دەخوازێ،" کە وێدەچێ بە مانای ئەوە بێ کە دەبێ بتوانی/بتهەوێ وەک کەسێکی خاوەن پێشینەی ئایینی/ئەتنیکی و ئایدۆلۆژیکی دروست "دەرچی." ئەو جۆرە دەرچوونانە لە ئەمریکا و لە نێو ئەمریکاییە ڕەشپێستەکانیشدا ڕوو دەدا (ڕۆلز ٢٠٢٣). لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئەوانەی بتوانن دەرچن و تێچووی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی دەرچوون بە شێوەیەک بوو کە زۆرینەی ڕەشپێستە ئەمریکاییەکان، تەنانەت دەوڵەمەندەکان و خاوەن بڕوانامەی بەرزی خوێندنیش، پێیان وا نییە دەرچوون بژاردەیەکی کردەنی یان جێگای ڕێز/قبووڵکراو بێ. ئاکامەکەی گەشەکردنی ئەو شتە بوو کە و. ئی. ب. دوبوا (١٩٠٣) نێوی نا "هۆشیاریی دووقات،" شارەزاییی زیاتر لە نادادپەروەری کە ئەندامانی کۆمەڵگای ڕەشپێستانی ئەمریکای لێک گرێ دەدا و پێشی بەوە دەگرت بیانهەوێ ئاسیمیلە بکرێن. پرسیارێکی گرینگی توێژینەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئاخۆ چەند کەس هەوڵ دەدەن ئاسیمیلە بکرێن و ئاخۆ ئەوان بە ڕاستی ئاسیمیلە دەبن یان تەنیا لە شوێنە دەوڵەتییەکان وەک ئاسیمیلە کراو خۆ دەنوێنن، لە کاتێکدا لە ژیانی تاکەکەسیدا پەیوەندییە کوردییەکان و شوناسە کوردییەکەیان درێژە پێ دەدەن. وتارەکە باسی ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردی دەکات کە دژی سەرکوتی دەوڵەتی ئێران خۆیان ڕێکخستووە، کە نیشانەی یەکگرتوویی و بەهێزبوونی ئاواتە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگایە. تا ئەو کاتەی گەلان/نەتەوەکان دان بە توانایی شاراوەی ڕێکخستنی کاریگەری کۆمەڵگا لە ڕێگای برەودان بە فرەچەشنی بۆ پاراستنی پەرگالی کۆمەڵگا دانەنێن، وێدەچێ سەربەخۆیی تەنیا ڕێگای پارێزگاری لە مافەکانی خەڵکانی بەکەمینە کراو بێ. بەڵام، بێتوو هەموو گەلێک سەربەخۆ بێ، فرەچەشنی لە نێو نەتەوەکاندا زیاد دەکات و شێوازەکانی ڕێکخستن لەنێو ئەو فرەچەشنییەدا هێشتا پێویست دەبێ. هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و، دورکهایم ڕێگاچارە پێشنیار دەکەن. دانپێدانان بە جیاوازیی نێوان کۆمەڵگاکانی ڕێکخراو بە باوەڕ/نەریت و ئەو کۆمەڵگایانەی

بە گوێرەی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکان ڕێکخراون و پەیوەندییەکیان بە بڕواکانەوە نییە، دەرگا بۆ کۆمەڵگای ڕێکوپێکی فرەچەشن و لێبوردە دەکاتەوە کە لەودا خەڵک ئازادن وەدوای باوەڕیان بکەون (و بڕوایان بە شێوازە نەریتییەکان بێ) لە کاتێکدا دەوڵەت و شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەک ڕێک خراون کە دژایەتیی بڕواکان ناکەن و، لە ڕاستیدا هیچ کارێکیان پێیان نەداوە. لە سەر ئەو بنەمایە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ پاشگوێ خستنی ئەو بژاردەیە، ڕەتکردنەوەی فرەچەشنی و، هەوڵدان بۆ لەگەشەخستنی ڕۆژهەڵات لە لایەن ئێرانەوە، بە کردەوە دەبێتە هۆی لەگەشەخستن و دواکەوتوویی خۆی.

**دەیڤید ڕۆمانۆ**

**بەشی زانستە سیاسییەکان، زانستگای ئەیالەتیی میزووری، ولاتە یەکگرتووەکان**

(davidxromano@gmail.com)

لەو وتارەدا محەممەدپوور و سولەیمانی هەوڵ دەدەن لە تیۆرییەکانی "لەگەشەخستن" کە بە لێکۆڵینەوەکانی فەلەستین نێوبانگی دەرکرد بۆ شیکردنەوەی دۆخی ڕۆژهەلات، ناوچەی خاوەن زۆرینەی دانیشتووانی کورد لە ئێران، کەڵک وەرگرن. بە تایبەت بە دووپاتکردنەوەی لێکۆڵینەوەی سارا ڕۆی (١٩٩٥) لە مەڕ غەززە، ئەوان لەوە دەکۆڵنەوە "چۆن ئەتنیک-نەتەوەی حاکم لە ئێران لە ڕێگای بەئامراز کردن و شێواندنی گەشە، نەتەوەی بە کەمینە کراوی کورد ژێردەستە دەکەن." بەلام، لێکۆڵینەوە و بەراورد کردنەکە لە توێژینەوەی سارا ڕۆی لەمەڕ غەززە تێدەپەڕێ تا لە خولیای بەربلاوی توێژینەوە پاشکۆلۆنیالەکان بڕوانێ کە چۆن تەنیا سەرنج دەدەنە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی. نووسەرەکان باسی پرسی ئێدوارد سەعید (١٩٧٨) لەمەڕ "بەرگریی گەرموگوڕی ئەو لە دنیای عەرەب و ئیسلامی" دەکەن و دەڵێن ئەوە "بەو مانایەیە کە ناوبراو مەرجەکانی "کۆلۆنیالیزمی کۆلۆنیکراوەکان"ی پاوڵ پاشگوێ دەخات. ئەوان ئاماژە دەکەن کە: لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەپەرستەکانی عەرب، توک و فارس کە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی یەکچەشنکردنی فەرهەنگی، پاکتاوی ئەتنیکی و ستراتێژییە شەڕانییەکانی مودێرنیزە کردن لە سەرەوە ڕا بۆ خوارەوە ڕەچاو دەکەن، لە لێکۆڵینەوەکان لەمەڕ پاشکۆلۆنیالیزمدا بزرە ... لێکۆلێنەوەکانی ئاسیای ڕۆژئاواش بە هەمان شێوە گوێیان نەداوەتە کۆلۆنیالیزمی "ڕۆژهەلاتی،" کە لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرە سەرکوتکارەکان لە ولاتانی وەک چین، ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە و شوێنی دیکە بەڕێوە چووە ... ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی، عێراقی و تورکیەیی درێژەیان بە کەڵکوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پاشکۆلۆنیالیستی بۆ بەرگریکردن لە بەعەرەبکردن، بەفارسکردن و بەتورککردن وەک ئاکاری بەرهەڵستکارانە دژی دەستێوەردانەکانی ئیمپریالیزم و ڕۆژهەلاتناسیی ڕۆژئاوایی داوە. بە واتایەکی دیکە، لە هەمان کاتدا کە زۆرێک لە ئاکادێمیسییەنەکانی ڕۆژئاوایی لە بەرانبەر داردە کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیستییە نارۆژئاواییەکاندا بێمەیلن، نوخبەکانی بەشێک لەو شوێنە نارۆژئاواییانە کەڵک لە بینا پاشکۆلۆنیالەکان بۆ بەرگری لە حکوومەتە ئەتنیکییەکانیان (یان وەک لە پرسی ئێران و ڕێژیمە ئایینی-

ئەتنیکییەکەیان) وەردەگرن، لە کاتێکدا کە بۆخۆیان خەریکی جێبەجێکردنی هەمان نەریتەکان، یان خراپتریش، لە دژی تاقمە بێدەسەڵاتەکانی وڵاتەکەیانن کە سنوورەکانی لە لایەن زلهێزانەوە دیاری کراون. نوخبەکان بە هەمان شێوە روانگەی نوخبەکانیان بەرانبەر بە تاقمەکانی "ئەویدیکەکراو" بە شێوەی سەرسوورهێنەر هاوشێوەی ئەوەیە کە سەعید رۆژئاوای تاوانبار دەکرد بەرانبەر بە خەڵکی خۆرهەڵاتی نیوەراست هەیانە. روانگەی محەممەدپوور و سولەیمانی لەمەر ئەوە سەرنجدان و بڵاو کردنەوە دەخوازێ. بە شێوازی جۆراجۆر، ئەوان نەهامەتییەکانی ئەتنیکی کورد و کوردە سوننییەکان (زۆرینەی کوردانی ئێران سوننین کە ئەوان دەکاتە جۆرێک لە کەمینەی دووقات، ئەگەرچی ژمارەیەکی بەرچاو لە باشوور، کوردی شیعەن) لە ئێران دەخەنە روو. لە کاتێکدا کە مرۆڤ دەتوانێ بە شێوەی ئەقڵانی بەرانبەر بە بەشێک لە زانیاری و ئیدیعای تایبەت کە لەو وتارەدا ئاماژەیان پێ کراوە وردە گومانی هەبێ، ئیدیعای بێ بەڵگە و پشتراست کردنەوەی پێویست، کە ئەوەش سروشتی کۆ کردنەوەی زانیاری لە ئێرانە و بە تایبەتی لە ناوچە کوردییەکانی ئێران، یەکێک لە "شوێنە پڕ نەهامەتییەکانی دنیا،" کە لەوێ رۆژنامەوانان و رێکخراوی مەدەنیی سەربەخۆ ناتوانن بە ئازادی چالاک بن و، شوێنێک کە دەوڵەتێکی سەرکوتکار چاودێریی بە سەر هەمووانەوە هەیە و هەوڵ دەدا بە چڕی گێرانەوەکان کۆنترۆڵ بکات. بۆ وێنە، لە لێدوانی وەک ئەوەدا ئاماژە بە سەرچاوەکەی نەکراوە "لە دوو دەیەی رابردوودا، دەوڵەت سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی بۆ ناوچە ناکوردییەکان گواستووەتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەنداوی لە رۆژهەڵات دروست کردوون، خۆی لە دابینکردنی ژێرخانی ئاودێریکردن بۆ جووتیارانی کورد و دانەوێڵەکانیان دەبوێرێ." ئیدیعای دیکەش وەک، ئەوە کە دەوڵەتی ئێران بە ئانقەست مین دەچێنێ و ناوچە کوردییەکان لە مین پاک ناکاتەوە تا "سیاسەتی لەگەشەخستن بسەپێنێ" و "رێژەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاسایشی خواردەمەنی دادەبەزێنێ" و گوندەکانی رۆژهەڵات لە دانیشتووانی چۆڵ دەکات، بە هەمان شێوە بەڵگەی بە ئانقەستبوونی پێشکەش نەکراوە و بێگومان دەبێتە هۆی وڵامی دەنگبەرزانە لە لایەن ئەوانەی زۆرتر لایەنگری دەوڵەتی ئێرانن. لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەرای هەر رەخنەیەک کە مرۆڤ رەنگبێ لە هێندێک تاوانبارکردن هەیبێ، بەشی هەرە زۆری گێرانەوەکە وێدەچێ دروست بێ: کورد زیاتر لە سەدەیەک بۆ وەدەستهێنانی شێوازی جۆراجۆری خۆبەرێوەبەری خەباتی کردووە و دڕندانە سەرکوت کراوە. ئەوان شاهیدی داگیرکرانی خاکیان و حاشا کردن لە زمانیان، شوناسیان و مافە بنەرەتییەکانیان بوون. بێجگە لەوە، دەستراگەیشتنی ئەوان بە مودێرنیتەی سەرمایەداری، جموجۆڵی پەروەردە و بارهێنان و هەموو جۆرە شێوازێکی سیاسەت کردنی ئەوان بە توندی سنووردار کراوە. لەوەش زیاتر، کورد بەرەورووی لەنێوبردنی زمان و فەرهەنگ، ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بووەتەوە. ئەوە زۆر وەک "لەگەشەخستنی"ی سارا رۆی یان "لێکهەڵوەشاندنی بە ئانقەست و سیستەماتیکی ئابوورییە رەسەنەکان لە لایەن دەسەڵاتی حاکم ... بۆ دڵنیا بوون لە نەبوونی هیچ بناخەیەکی ئابووری،

تەنانەت یەکێکی شێوێندراویش، کە بتوانێ پشتگیری لە بوونی سەربەخۆیانەی خەڵکی ڕەسەن بکات." دەچێ کە دەبێتە هۆی ئەو لێدوانەی نووسەرانی وتارەکە. ڕەواییدانی هەنووکەیی نێودەوڵەتی بە کۆلۆنیالیزم لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کوردی خستووەتە نێو دۆخی بێهیوایی تەواو و ئەوانی تووشی کوژرانی سیستەماتیک و ڕۆژانە، لەکیسچوونی سامانەکانیان و وێرانکرانی ژینگە و شوێنی ژیانیان و نێژرانی خاکە بەپیتەکەیان لە ژێر پرۆژە ئەمنییەتییەکانی بەنداوەکانی دەوڵەت کردووە. باج ئەستێنی، تاڵانکردن و وێرانکردنی سیستەماتیکی سامانەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە وەک گیروگرفتێکی نێوخۆیی سەیر دەکرێ کە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی سامانە "نەتەوەیی"یەکان لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە گوێرەی ئەو ڕوانگەیە، سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرەملێ و کردنی کوردان بە هێزی کاری هەرزان و خەباتی ئەوان دژی ئەو چەقبەستوویە زۆرەملێیە، تایبەتمەندییەکی نەریتیی سیاسەتە شکستخواردووەکانی گەشەسەندن لە لایەن دەوڵەتەوەیە. بە پێچەوانەی فەلەستین، وێرانکردنی ڕۆژهەڵات چاودێریی نێودەوڵەتیی بەسەرەوە نییە، کوردیش پشتگیریی سیاسی یان یارمەتیی ئابووری وەرناگرێ. ئەوە مردنێکی لەسەر خۆیە کە بە شاراوەیی لە ئارادایە. بە ڕاستی، لە هێندێک ڕوانگەوە چارەنووسی کوردان لە ئێران وێدەچێ تەنانەت لە هی فەلەستینییەکانی غەززە خراپتر بێ. ئیسرائیل قەت هەوڵی نەداوە حاشا لە شوناسی ئاییینی فەلەستینییەکان بکات یان زمان و فەرهەنگی عەرەبیی ئەوانی نەسڕیوەتەوە، وەک ئەوەی ئێران بەرانبەر بە کوردان و سوننییەکان کردوویەتی. کوردانی ئێران هەروەها ئەو جۆرە سەرنجدان و پشتیوانییە نێودەوڵەتییەشیان نییە کە ڕەنگبێ بتوانێ یارمەتییان بۆ دابین بکات. ئێمە هەروەها ڕەنگبێ گریمانە لە سەر ئەوە بکەین کە ئاخۆ کوردەکان چییان لەگەڵ ئەو شێوە خۆبەڕێوەبەرییە کردبا کە فەلەستینییەکان دوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لە ٢٠٠٥ و کشانەوەی ئیسرائیل لە غەززە، وەدەستیان هێنا. ڕەنگبێ ئەو وەک غەززەی ژێر دەسەڵاتی حەماس نەچێ، کە زیاتر لە یەک میلیارد دۆلار یارمەتیی نێودەوڵەتی، بۆ دروستکردنی سەدان مایل تونێل و سەدان هەزار هاژەک و تۆپ بەرەورووی دراوسێکانەوە خەرج کرا. ئێمە بە کردەوە، لە کۆماره ساواکەی کوردستان لە مهاباد (١٩٤٦)، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق (١٩٩١ بەولاوە) و، بەڕێوبەرایەتیی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە (٢٠١٢ بەولاوە) نموونەمان هەن کە ئاخۆ کورد چیی دەکرد. لە هەر سێ نموونە کوردییەکاندا، گوندەکان سەرلەنوێ دروست کرانەوە، ژمارەیەک زمانی جۆراوجۆر بە تەواوی لە قوتابخانە هەرێمییەکاندا یاسایی کران (لە ناویاندا عەرەبی، تورکی، سریانی و ئەوانی دیکە)، مافە مەدەنی و فەرهەنگییەکان ڕێزیان لێ گیرا و، ئابوورییە هەرێمییەکان بووژانەوە، تەنانەت لە کاتی سەپێنرانی گەمارۆی دووقات (ئەوانی نێودەوڵەتی بە سەر عێراق و ئەوانی سەدام بە سەر هەرێمی کوردستانیدا سەپاندن) کە لە کوردستانی عێراق لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ درێژەیان هەبوو. هەموو ئەوانە لە کاتێکدا ڕوویان دا، بێ ئەوەی هیچ هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی هێرش بکاتە سەر دەوڵەتانی دراوسێ تا

نادادپەروەرییەکان لەوێ ڕاست بکاتەوە.

**سارا ڕۆی**
**ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، زانستگای هارڤارد، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**
(sroy@fas.harvard.edu)

من بە دەستخۆشییەکی بەهێز لە دکتۆران محەممەدپوور و سولەیمانی بۆ لێکۆڵینەویەکی دەوڵەمەند و جێگای باوەڕ لەمەڕ چۆنیەتیی بەکارهێنانی سیاسەتی لەگەشەخستن لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەچۆکداهێنان و بێگومان سەرکەوتن بەسەر نەتەوەی بەکەمینە کراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست پێ دەکەم. سەرەڕای هێندێک جیاوازیی گرینگ لەگەڵ دۆخی فەلەستینییەکان، کەڵکوەرگرتن لە تیۆریی لەگەشەخستن بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخی ڕۆژهەڵات، هێندێک وێکچوونی فرە بەرچاو ئاشکرا دەکات و لە هەمان کاتدا دژواریی لێکۆڵینەوەکانی گەشەسەندن بۆ شیکردنەوەی پێویست یان ڕەواییدان بە فاکتەرە نائابوورییەکان بە شێوەی هەڵسوکەوتی ئابووریی لایەنە سەربەخۆکان پشتڕاست دەکاتەوە. نووسەرەکان دەڵێن، وەک من لە لێکۆڵینەوەکەم لە دۆخی غەززەدا ئاماژەم پێ کردووە، پەیوەندیی نێوان ئێران و کەمینە کوردییەکەی، ناکرێ بە ساکاری بە کەڵکوەرگرتن لە تیۆرییە بەردەستەکانی گەشەسەندن، کە لە دەرەوەی پارادیمە چەمکییەکانی حاکم و گریمانەکانی پێکهێنەری بناخەکانی ئەودان، شی بکرێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، نووسەران پێشانی دەدەن کە هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی گەشەکردنی کوردی (یان نەبوونی گەشە) لە ڕۆژهەڵات، نەتەنیا دەبێ پرسیار بکرێ چۆن تیۆرییە هەنووکەییەکان بورای لێکۆڵینەوە خۆش دەکەن؟ (ئەگەر بە ڕاستی ئەو کارە دەکەن)، بەڵکوو هەروەها و لەویش گرینگتر، بپرسن چۆن پێش بە توێژینەوە دەگرن؟ بۆیە، مرۆڤ دەبێ بڕوانێتە ئەو ئەگەرانەی حاشایان لێ دەکات، بە تایبەت ئەگەرە نەرێنییەکان و ئاسەوارەکانی بۆ قەرەبووکردنەوە. گەشەکردن پرۆسەیەکی ڕێژەییە کە دەبێ لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی خۆیدا لێی تێبگەی و ئەوە ئەو چوارچێوەیەیە کە محەممەدپوو ر وسولەیمانی وا بەهێز پێشانی دەدەن. نووسەرەکان لە وێکچوونە گرینگەکانی نێوان دۆخە کوردی و فەلەستینییەکان دەکۆڵنەوە کە لەگەشەخستن وەک چوارچێوەیەکی شیکارانە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەوەی یەکەمیان باسی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دەکات کە ئەوە چینێکی ئابووری نییە کە سیاسییانە حکوومەت دەکات، بەڵکوو چینێکی سیاسییە کە ئابوورییانە حکومەت دەکات. لە نموونەیەکی ئەوتۆدا، پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبنە ئامرازی گەیشتن بە دۆخێکی هەنووکەییی سیاسیی دڵخواز بۆ مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵی دەوڵەت، بە شێوەیەک کە ئامانجە نائابوورییەکان دەبنە هۆی سەرکوتی ئابووری. ئەوەی دووهەم بە هەمان شێوە پرسی بێدەوڵەتی و دیار نەبوونی وەک چەمکێکی شیکاری لە تیۆرییە ئاساییەکانی گەشەسەندندا، دەورووژێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و فەلەستینییەکانی غەززە، بێدەوڵەتی بە شێوازی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی پێناسە دەکرێ. لەبەر ئەو هۆیە گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام و واتادار بێ سەربەخۆییی سیاسی مومکین نییە، بە بێ مافی

خۆبەڕێوەبەری، دانیشتووان لە کۆتاییدا تا سنووری لەنێو چوون ناسکن، وەک چۆن لە غەززەی ئەمڕۆدا دەقەومێ. لەوەش زیاتر، وەکوو نووسەرەکان ئاماژەی پێ دەکەن، "پێشێلکاریی مافی نافارسەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەک شتێکی سروشتی سەیر دەکرێ،" ڕاستییەک کە زۆر دەمێکە فەلەستینییەکانیش دەگرێتەوە. بە ڕاستی، لە هەر دوو ئێران و ئیسرائیل، دەوڵەت بە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی نادادپەروەری، داکۆکیی لە مافی خۆی بۆ بێماف هێشتنەوەی ئەوانی دیکە کردووە. سێهەم، هەڵوێستە ئاسایییەکان بەرانبەر بە گەشەسەندن گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئاستێکی دیاریکراو لە سوود یان گەشە لە نێو خەڵکی "پەراوێز"دا دەتوانێ ڕوو بدا، یان ڕوو دەدا (جا قەیدی نییە پرۆسەی گەشەسەندن چەندە شێواو یان پچڕ پچڕ بێ). بەو شێوەیە، ئەوان زۆر جار لە شێکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی بە ئانقەست ئامانجیان پێشگرتن بە سەرهەڵدانی هێزی بەرهەمهێنەر و بێبەشکردنی کۆمەڵگایەک لە توانا شاراوەکانیەتی، ناسەرکەوتوون، واتە ئەو هێزانەی تایبەتمەندیی ڕاستییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و غەززەن. ئەو هێزانەش دەبێ وەک شێوازێک لە شەڕانگێزیی فەرهەنگی لێیان تێبگەی کە لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە هەڵناقوڵێن؛ لە جیاتان ئاکامی پرۆسەیەکی ڕووتاندنەوە لە ڕەسەنایەتین کە ڕەنگبێ بە شێوازی جۆراجۆر، بە گوێرەی چوارچێوە، خۆ دەنوێنن، بەڵام لە سیستەمێکەوە سەرچاوە دەگرن کە لەودا لەگەشەخستن و داگیرکاریی کۆلۆنیالیستی، شانبەشانی یەکتر لە ئارادان و، (لە باشترین دۆخدا) هاندەری جۆرێک سەقامگیریی سنووردار لە کورتخایەندا و گەرای لێکهەڵتەکان لە درێژخایەندان.

لە ڕوانگەی منەوە باسی نووسەرەکان لەمەڕ لەدامەزراوەییخستن، بەشێکی سەرەکیی لەگەشەخستن، بە تایبەت سەرنجراکێش بوو. لە نێو هۆدانە جێی باوەڕەکاندا، ئەوان پێشانیان داوە چۆن سیاسەتی لە دامەزراوەیی خستن، کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کوردستانیان، کە پڕن لە سەرچاوەی سروشتی و کانزایی، کردووەتە کەرتی ئابووریی تالانکراو و لاواز، کە وێکچوونێکی سەرنجراکێشی لەگەڵ دۆخی هاوتا فەلەستینییەکانی هەیە. بەڵام، باسەکەیان لەمەڕ وێرانکردنی ژینگە وەک بەشێکی سیاسەتی لەگەشەخستن بەتایبەتی ڕۆشنگەرانەیە و یارمەتیدەرێکی گرینگ بە چوارچێوەی تیۆریی لەگەشەخستنە. لە بنەڕەتدا، ئەوان دەڵێن بێمەیلیی دەوڵەت بۆ پارێزگاریی گونجاو لە ئیکۆسیستەمی ناوچەکە لە هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەک سیاسەتی وێرانکارانە، کە دروستکردنی جادە و بنکەی سەربازی و ڕووتاندەوەی ناوچەکە لە دارستان دەگرێتەوە، ئاکامەکەی بووەتە سووانی خاک، پیسکردن و زەرەری لە ڕادە بەدەر لە دیمەنی سروشتیی ناوچەکە. لەوەش زیاتر، ئەوان ئاماژە بە پرسی مینی ژێر زەوی و بوونی بەربڵاوی ئەوان لە سەر سنوور و ناوچەکانی شوێنی ژیانی دانیشتووان دەکەن. ئەو مینانە، کە لە قووڵاییی زەویدا نێژراون، نە تەنیا هەڕەشە لە گیانی مرۆڤ دەکەن، بەڵکوو هاوکات خاکەکە پیس دەکەن و ناوچەی بەپیت دەکەنە چۆڵگە، ، چالاکیی کشتوکاڵی کەم دەکەنەوە و، ئاسایشی خۆراکی دادەبەزێنن، دانیشتووانی ئەو ناوچانە کە سەردەمانێک خۆبژێو بوون ناچار دەکەن کۆچ بکەنە شارەکان کە

لەوێ بەرەورووی مەترسیی پەراوێزخرانی ئابووری دەبنەوە. بە هەمان شێوە، زۆر لەمێژە کاولکاریی ژینگەیی، گیروگرفتێکی جیددی لە غەززەیە. لە کاتێکدا کە سەرنجی زۆر دراوە بە پیسبوونی ئاوی دابینکراو بۆ غەززە، زانیاریی کەم لەمەڕ پیسبوونی خاک یان کاردانەوە گشتگیرەکانی هاویشتنی هەزاران تۆن تەقەمەنی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بۆ نێو غەززە، لەبەر دەستدایە. ئێستا گیروگرفتی تەقەمەنیی چرووک و بۆمبە نێژراوەکان، لە ناویاندا هاژەکانی حەماس و تەقەمەنییە پێشکەوتووەکانی ئیسرائیل، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بۆ غەززە لەرادەبەدەر مەزن دەبێ و، نووسەرەکانی ئەو وتارەش لە لێکۆڵینەوەکەیاندا، ئەو لایەنە وەک فاکتەرێکی ژینەکی بۆ ئەگەری بووژاندنەوەی کۆمەڵگا دێننە ئەژمار. لە غەززەی دوای شەڕ، هێندێک لە بەشەکانی غەززە، ئەگەر نەڵێین هەموو غەززە، ڕەنگبێ قەت نەکرێ نۆژەن بکرێنەوە یان مرۆڤ بتوانن لێیان بژین. بە گوتەی پسپۆڕێکی سڕینەوەی تەقەمەنیی نەتەوە یەکگرتووەکان، "پیسبوونەکە [لە غەززە] ئەستەم دەبێ، وەک شتێکی هاوشێوەی دۆخی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم،"[41] کە ساڵانی زۆر دەخوازێ تا ناوچەکە ئەمین بکرێتەوە. لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ئێران و ئیسرائیل کەڵکیان لە سیاسەتی لەگەشەخستن بۆ دەستەبەر کردنی ئاکامی هاوشێوە بەڵام جیاوازیش وەرگرتووە، ئەوان ئامانجێکی کارەساتباری هاوبەشیان هەیە، ئەویش شێواندنی شوێنی ژیانی کوردان و فەلەستینییەکان بە جۆرێکە کە ژیان لەوێ نامومکین بێ. وەک محەممەدپوور و سولەیمانی ڕوونیان کردووەتەوە، کۆلۆنیالیزم ڕووداوێکی بەردەوامە کە بایەخی گەردوونیی هەیە. ئەگەر مەبەست دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ پێشوەچوونە، دەبێ بە هەڵوێستێکی مرۆڤانە دەست پێ بکات: چۆن بیر لەخۆمان دەکەینە، بە هەمان شێوە بیر لە ئەوی دیکە بکەینەوە.

## وەڵام[42]

من، وەک نووسەری سەرەکی، سوپاسگوزارییەکی قووڵم بەرانبەر بە شرۆڤەکارەکان هەیە کە بە دڵئاواڵەییەوە توێژینەوەی ئێمەیان خوێندووەتەوە و سەرقاڵی بوون. نووسین لە سەر کوردان ساکار و لە هەمان کاتدا ئاڵۆزە. ساکار چونکە گێڕانەوەی کوردی دەوڵەمەند و بەنرخە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر فرەلایەنییەکەی و خەباتە فرە ڕەهەندەکەی، کە کەمتر لێی کۆڵدراوەتەوە، ئاڵۆزیشە. ئەزموونی کوردان لە حاشا لێ کران و سڕینەوە لە پانتایی چوار دەوڵەت-نەتەوەی پەراوێزخەر، سروشتی بە ئەمنییەتیکراو و لە لایەن دەوڵەتەوە بڕیاربۆدراوی توێژینەوە لە کوردانی ناوچەکە و، نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە پرسی کورد، هەموویان توێی دیکە دەخەنە سەر دژواریی ئەو گێڕانەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو ساڵانەی دواییدا گەشەیەکی بەرچاو لە توێژینەوە لەسەر کوردستان، بە تایبەت لە چوارچێوەی ئێران و تورکیەدا ڕووی داوە، کە بەشێکیان جەختیان لەسەر سیاسەتی لەگەشەخستن کردووەتەوە (بڕوانە حەسەنیان و سوهرابی ٢٠٢٢؛ کورت ٢٠١٨؛ محەممەدپوور ٢٠٢٤ئ؛ یادیرجی ٢٠١٨). لەو دێرانەی خوارەوەدا، من بە شرۆڤەکاندا دەچمەوە و تیشک دەخەمە سەر تێبینییە بەنرخەکانیان. کاری سارا ڕۆی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر توێژینەوەکانی من لەسەر پرسی

کورد لە ساڵانی ڕابردوودا هەبووە. من توێژینەوەی بەرێزیان لە سەر غەززە گەلێک ڕۆشنگەرانە دەبینم، نە تەنیا بۆ تێگەیشتن لەوە کە چۆن دەوڵەتان سیاسەتی ئابووری وەک چەکێک بەکار دێنن، بەڵکوو هەروەها بۆ دەستەبەر کردنی ڕوانگەی نوێ کە لە هەڵوێستە باوەکانی توێژینەوەی گەشەسەندن بەولاوەتر دەچێ. لێکۆڵینەوەکانی ڕۆی بە تیشک خستنەسەر چۆنیەتیی گۆڕینی گەشەی ئابووری لە لایەن دەوڵەتە ئەتنیک تەوەرەکانەوە و کردنی بە ئامرازێکی کاولکاریی تەواو و سزادان، یەکلاکەرەوە بووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە،کەڵکی لە توێژینەوەی ناوبراو لەمەڕ غەززە وەرگرت تا لە کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتی ئێران لە سیاسەتی لەگەشەخستن دژی ڕۆژهەلات بکۆڵێتەوە. ئەوەی سەرنجی منی لە یەکەم بەرەوڕووبوونەوەم لەگەڵ کتێبی ڕۆی (١٩٨٧) ڕاکێشا و بووە هۆی گفتوگۆکانی دواترمان، جەخت کردنی ناوبراو لەسەر ئەوە بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت-کەمینە ناکرێ بە تیۆرییە ئاساییەکانی گەشەسەندن وەک بەستراوەیی، گەشەی لاسەنگ، یان سیاسەتی ناکارامە، شی بکرێنەوە. هەموو ئەو تیۆرییانە لە تێگەیشتن لەوە کە چۆن سیاسەتی شوناس، بە نیوەندگیریی ئایدیۆلۆژییەکانی ڕەگەزپەرستیی زمانیی و ئایینی، دەتوانێ هاندەری سەرکوتی سیاسی و ئابووری بێ، ناسەرکەوتوون. سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت، وەک لە دۆخی کورددا پێشان دراوە، تەنیا بۆ کۆنترۆڵی خاک و سامانەکان ئەندازیاری نەکراون، بەڵکوو بۆ بنکۆڵکردنی هەر جۆرە تواناییەک لە ئەگەری سەربەخۆییی لە داهاتوو دا بەرێوە دەبرێن. تێگەیشتنەکانی ڕۆی لە چەمکی بێدەوڵەتی لە هەڵسەنگاندنەکەیدا، جارێکی دیکە لێکۆڵینەوەکەمان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان سەربەخۆیی لەگەڵ گەشەسەندن و شوناسی نەتەوەیی پشتراست دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە ئێمە بناخەی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر تیۆریی ڕۆی دامەزراند، بەکارهێنانەکەیمان پەرە پێدا و قووڵترمان کرد. توێژینەوەی ئێمە کەڵکی لە تەوەری دیکە وەک لە ڕەسەنایەتی خستن، میلیتاریزە کردن، بەئەمنییەتی کردن، لە دامەزراوەیی خستن و، لەویش گرینگتر، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی کە بە تالانکردنی سامانەکان، نەهێشتنی دارستانەکان و مینرێژ کردن، بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا دەسەپێنرێ، وەرگرتووە. ئەو لایەنانە بۆ دەوڵەمەندتر کردن و بەرینترکردنی چوارچێوەی ڕۆی، ئاوێتەی توێژینەوەکەمان کران. لێکدانەوە بەراوردکارانەکەی ڕۆی لەمەڕ ڕۆژهەلات و غەززە لە هەڵسەنگاندنەکەیدا شێکاریی زیاتر ناخوازێ و پێداگریی زیاترە لە سەر ئاسەوارە درێژخایەنەکانی سیاسەتی لەگەشەخستن لە چوارچێوە فرە نەتەوەیی و فرە فەرهەنگییەکاندا. وەک ئەو ئاماژەی پێ کردووە، تێبینییەکانی لە سەر پیسبوونی خاک و ئاوی غەززە، لەگەڵ بوونی تەقەمەنیی نەتەقێنراو، هاوشێوەی زەرەرەکانی سەر ژینگەی ڕۆژهەلاتن کە ئێمە باسمان کردووە. هەر دوو دۆخەکە پێشان دەدەن چۆن دەوڵەت وەک ستراتێژییەکی بە ئانقەست کەڵک لە تێکدانی ژینگە وەردەگرێ تا ناوچە بە ئامانجگیراوەکان بکاتە شوێنێک کە ژیان لێیان نامومکین بێ، کە پرۆژە بەینترەکەی لەگەشەخستن و لە نێو بردن بەهێزتر دەکات. هەڵسەنگاندنی ڕۆی هۆدانی ئێمە کە کۆلۆنیالیزم بەردەوام و لە شێوازە جۆراجۆرەکانی

هەنووکەییی خۆیدا گرینگیی گشتگیری هەیە، پشتڕاست دەکاتەوە و چارەسەرکردنی خێرای پرسەکە دەخوازێ. هەڵسەنگاندنی ئان ڕۆڵز، بە چاویلکەی کۆمەڵناسی بۆ بەهێزکردنی تیۆرییەکە و شێوازی لێکۆڵینەوە لە پرسی کورد تەیارمان دەکات. بە تایبەت، ئەو لێکچوونانە سەرنجم ڕادەکێشن کە ڕۆڵز لە نێوان ئەزموونەکانی خەڵکی ڕەسەن و ڕەشپێستەکانی ئەمریکا لە سەرکوتی نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستیی بە دامەزراوەییکراو لە ولاتە یەکگرتووەکان و هی کوردانی ئێران ئاماژەیان پێ دەکات، کە لایەنە جیهانییەکانی سەرکوتی ڕەگەزی و بەرخۆدان ئاشکرا دەکەن. وەک ڕۆڵز باسی دەکات، لە هەر دوو دۆخی ولاتە یەکگرتووەکان و ئێران، ئایدیۆلۆژییە ڕەگەزییەکانی حاکم، چ سپی بوون بێ یان ئاریایی بوون، درێژە بەو سیاسەتە دەدەن و یارمەتیی بەتاوانبارزانینی سەرجەم دانیشتووان دەکەن. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان کە ڕۆڵز باسی دەکات دژوازیی پشت بەستنی بەردەوامی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە ئاوێتەکردنی زۆرەملی و هەنگاوە سزادەرەکانە سەرەڕای ناکاریگەربوونیان لە درێژخایەندا. وەک ئەو ئاماژەی پێ دەکات، لە ولاتە یەکگرتووەکان ئەو سیاسەتە لە جیات دەستەبەر کردنی یەکچەشنیی دڵخواز ، بە کردەوە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەرگریی جەماوەریی دانیشتووانی سەرکوتکراوی بەهێزتر کردووە. دۆخی کورد بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەو ئەگەرەیە. نموونە هێنانەوەی ڕۆڵز لە خەڵکانی ڕەسەن و ڕەشپێستی ئەمریکا کە چۆن بەربەرەکانییان دژی تواندنەوە/سڕینەوەی فەرهەنگ، هەستی شوناسخوازیی ئەوانی قووڵتر و هاوپشتیی

نێوانیانی بەهێزتر کرد، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەدوێ. ڕۆڵز سەرنجی ئێمە بۆ پەیوەندیدار بوونی لێک جیاکردنەوەی نەریتی-خێڵەکی/مودێرن لە لایەن دورکهایم ڕادەکێشێ کە تا ڕادەیەکی زۆر لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کراوە و ناوبراو دەستەواژەی هەڵسوکەوتە بنەڕەتییەکانی (کە دژی نەریت دەوەستنەوە و پێشوازی لە فرەچەشنی دەکەن) وەک هێمای مودێرنیتە، داهێنا. تێگەیشتنی هەڵە لە تیۆریی دورکهایم گەلێک بەربڵاوە و لە تورکیە و ئێران بۆ خزمەت بە بەرنامەی نەتەوەپەرستانە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ وێنە، زیا گۆکئالپ (١٨٧٦-١٩٢٤)، کەسایەتییەکی سەرەکی لە ناسیۆنالیزمی تورکی، کەڵکی لە شوناسی هاوبەشی دورکهایم بۆ بڕەودان بە پێویستیی شوناسێکی نەتەوەییی یەکچەشن، یان تورک بوون وەرگرت. ئەو بە شێوەی گوڵبژێر کراو جەختی لەسەر هۆشیاریی هاوبەش و هاوپشتیی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەواییدان بە سیاسەتی بەتورککردنی ناتورکەکان و پاکتاوی ئەتینیکی لە تورکیەی هاوچەرخدا کردووە. ئەوە بەهەمان شێوە بۆ دۆخی ئێرانیش ڕاستە، لەوێ کۆمەڵناسی، شانبەشانی مرۆڤناسی و کەوناراناسی، وەک چەقبەستوو و نەتەوەپەرست لە دایک بوون تا ببنە ئامرازی ساختەکردنی شوناسێکی تاقانەی ئێرانی و ئێرانیبوون/فارسبوون (محەممەدپوور ٢٠٢٣، ٢٠٢٤ب). لە زانستی کۆمەڵناسیی باوی ئێرانیدا، نەتەوە نافارسەکان زۆر دەمێکە تەنیا وەک "خێڵ" و عەشایر ("کۆچەر" بە فارسی) سەیر دەکرێن. بە ڕەچاو کردنی هەڵوێستێکی پشتبەستوو بە ژمارە و ئامار، ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵناسی ئەوە بووە تا ئاڵۆزیی شوناس و بەسەرهاتە

مێژووییەکانی فەرهەنگەکانی گەلانی
نافارس بکاتە شتێکی فۆلکلۆر و ساکار،
میراتە فەرهەنگییە دەوڵەمەندەکانیان
وەها دابەزێنێ کە لە چوارچێوەی
گێڕانەوە فەرمییەکەی دەوڵەت
نەتەوەی ناوەندگەرای فارسدا بگونجێن.
وەک رۆلز ئاماژەی پێ دەکات،
لێکدانەوەی دورکهایم بۆ جیاوازیی
نێوان مودێرن/خێڵەکی زۆر جار تەنانەت
لە تیۆریی کۆمەڵناسیی هاوچەرخیشدا
بە هەڵە لێک دراوەتەوە. بە یەکسان
دانانی "نەریتی" لەگەڵ "خێڵەکی" یان
"سەرەتایی،" گەلێک لە زانایان لە
تێگەیشتن لە جیاوازییە وردەکانی باسی
دورکهایم -کە لە جیات دووانەیەکی
ساکارکراوی رۆژئاوایی/رۆژهەڵاتی یان
مودێرن/سەرەتایی، باسە سەرەکییەکەی
توانایی کۆمەڵگاکان بۆ لە ئامێز
گرتنی فرەچەشنی، بە کەڵکوەرگرتن لە
هەڵسوکەوتە بنەرەتییە دوور لە نەریتەکان
بۆ کارلێکەریی کۆمەڵایەتییە- ناسەرکەوتوو
بوون. ئەو لێکدانەوە هەڵەیە بە تایبەت
لە چوارچێوەی خۆر هەڵاتی نێوەڕاستدا
کێشە خوڵقێنە، چونکە ئێرە شوێنێکە
کە زۆر جار دەوڵەتانی وەک ئێران،
تەنیا لەبەر کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی
هاوچەرخی دەوڵەت-نەتەوە، مودێرن
سەیر دەکرێ، ئەگەرچی سیاسەتەکانیان
ریشەی قووڵی لە روانگەیەکی نەریتی و
یەکچەشنیی پەرگالی کۆمەڵگادا داکوتاوە.
رۆلز ئاماژە بە خاڵێکی یەکلاکەرەوە
بۆ خوێندکارانی لێکۆڵینەوەکانی پرسی
کورد دەکات، کاتێک دژی کەوتن لە
داوی تیۆریکی کورتکردنەوەی فەرهەنگی
کوردی وەک تەنیا شتێکی نەریتی و
خێڵەکی، هۆشداری دەدا. رۆلز پێمان
دەڵێ گەلی کورد، بە هەڵسوکەوتەکانیان
لەمبەر ئەوبەری چەند سنوور و چەند
فەرهەنگەوە، نوێنگەی شێوازێکی
مودێرنتر لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی
لە چاو هی کۆلۆنیالیستەکانیان.
خاڵێکی دیکە کە رۆلز دەیهێنێتە بەر باس،
چەمکی "هێنانە ژێر چاودێریی تەواو"ی
گافمەن و پەیوەندیدار بوونی بە ئەزموونی
کوردی لە رۆژهەڵاتە. میلیتاریزە کردن،
چاودێری و کۆلۆنیکردنی ژیانی رۆژانەی
کوردی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە،
وەک رۆلز زۆر باش سەرنجی داوەتێ،
بێگومان بیرهێنەرەوەی دۆخی هێنانە
ژێر چاودێریی تەواو و زەوتکرانی توانایی
کردووەیە. پرسی نواندی کردەوە لێرەدا
گرینگییەکی مەزنی هەیە. وەک گافمەن
دەڵێ، تەنانەت لە ژینگەی سنوورداریشدا،
تاکەکان شێوازی بەرهەڵستکاری
دەدۆزنەوە و پەرگالە سەپێنراوەکە ژێر پێ
دەنێن، شوێنی نواندنی خۆبەڕێوەبەری
و دیاریکردنی چارەنووس دەئافرێنن و،
پێویستە ئەو کارە بکەن، دەنا هەم
دۆخی چاودێریی تەواو و ئەوانی لە
ژێر ئەو دۆخەدا دەژین لەکار دەکەون.
لە رۆژهەڵات ئێمە ئەو ئاکارە دژەکۆلۆنیالە
لە بەردەوامیی بەرێوەچوونی نەریتە
فەرهەنگییەکان لە کردەوە وەک جەژن
گرتنی نەورۆز و فستیواڵە فەرهەنگییەکانی
دیکە، دامەزراندنی رێکخراوی کۆمەڵایەتی
بۆ پاراستنی ژینگە و بەربەرەکانی لەگەڵ
ئاگرکەوتنەکان، کردنەوەی پەرتووکخانە لە
گوندە دوورەکان و دامەزراندنی رێکخراوی
مەدەنی بۆ فێر کردن و برەو دان بە
زمانی کوردی، سەرەڕای ئەو سەرکوتە
توندەی خەڵک بەرەورووی دەبنەوە،
دەبینین. ئەو بەرخۆدانە، وەک رۆلز
ئاماژەی پێ دەکات، ئاکارە دێموکراتیکەکان
و هاوپشتی لەنێو کۆمەڵگادا پتەوتر دەکات
و یارمەتی بە گەشەکردنی شوناسێکی
جەماوەریی بەهێز دەکات کە دەبێتە

بەرهەڵستکاری سیاسەتە سەرکوتکارانەکەی دەوڵەت. ئەوە لێرەدایە کە ڕۆڵز تیۆریی گافمەن لەمەڕ لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگا بچووکەکان بە پرۆسە کۆمەڵایەتییە مەزنترەکانەوە گرێ دەدا. ئەو جەخت لەسەر هێزی هەڵسوکەوتەکان و هەڤدیتنە ڕۆژانەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی دەکات. ڕۆڵز دەڵێ ئەو پەرگالە هەڵسوکەوتییانە وەک بناغەیەک بۆ گەشەپێدانی شێوازی گشتگیرتر و دێموکراتیکی ڕێکخستنی کۆمەڵگانە، کە دەتوانێ لە کۆتاییدا هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەتنۆناسیۆنالیست بۆ سەپاندنی یەکچەشنی پووچەل بکاتەوە. دوایین خاڵ کە کەمترینیان نییە، ئاماژە کردن بە چەمکی "هۆشیاریی دووقات"ی دوبوا (بە پێچەوانەی وێناکردنی ئاسەواری توانەوەی فرانتز فانۆن [١٩٥٢] لە کتێبی پێستی ڕەش، دەمامکی سپی) لە لایەن ڕۆڵزەوە و پەیوەندیدار بوونی بۆ دۆخی کوردییە. ئەو پرسیارە کە ئاخۆ کوردانی ڕۆژهەڵات ناچار بە توانەوە لەنێو فەرهەنگی فارسدا دەکرێن یان تەنیا لە ناوەندە فەرمییەکان وا دەنوێنن، لە کاتێکدا لەماڵەوە شوناسە کوردییەکەیان دەپارێزن، پرسیارێکی گرینگە. بە ڕەچاو کردنی هەڵوێستێکی کارلێکەرانە، ڕۆڵز دەڵێ کاتێک سنووردار کردنە بەدامەزراوەییکراوەکان دەگەنە ئاستی چاودێریی تەواو، تێچووی کۆمەڵایەتیی تواندنەوە، فرە بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هۆی بەربەرەکانێی خەڵک لە بەرانبەر توانەوەدا و لە جیاتیان دەبێتە هۆی پتەو کردنی پەیوەندییان بە کۆمەڵگاکەیانەوە. ئەو هێزە جووڵێنەرەی دوبوا لە چوارچێوەی ئەمریکاییە ڕەشپێستەکاندا باسی دەکات، ڕەنگبێ زۆر بە باشی لە ڕۆژهەڵاتیش خەریکی ڕوودان بێ، چونکە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەپاندنی توانەوە تەنیا بووەتە هۆی بەهێزتر بوونی هەستی شوناس و هاوپشتیی گەلی کورد.

شرۆڤەی دەیڤید ڕۆمانۆ هەم ژیرانە بوو و هەمیش داکۆکیکارانە. بەر لەوە بپەرژێمە سەر وڵامی ناوبراو، دەبێ ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم کە ئەو وتارە لە ٢٠٢٢ قبووڵ کرا، زۆر پێش کێشەی هەنووکەییی ئیسرائیل-حەماس. ئەو جەخت لەسەر بەکار هێنانی تیۆریی لەگەشەخستن بۆ دۆخی کوردی لە ڕۆژهەڵات دەکات، بە ئاماژەی جاروبار بە فەلەستین تا بەڵگە بۆ پەیوەندیدار بوونی تیۆریی لەگەشەخستنی ڕۆی بێنێتەوە. بێجگە لەو پرسە، ڕۆمانۆ دان بەوەدا دەنێ کە بەکارهێنانی تیۆریی لەگەشەخستنی ڕۆی لە لایەن ئێمەوە ڕۆشنگەرانەیە. بە گوێرەی هۆدانە سەرەکییەکەمان، سیاسەتی دەوڵەتی ئێران بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، ستراتێژیی بەئانقەستی لەگەشەخستنە، لە کاتێکدا هاوتەریبیی گرینگی لەگەڵ دۆخی فەلەستین هەیە، دۆخێکی تاقانەشە. بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی ڕۆی، مەبەستی ئێمە تیشک خستنەسەر نەریتە کاولکارانەکانی دەوڵەتی ئێرانە، کە ئەو دۆخانە بیر مرۆڤ دێننەوە کە لە چوارچێوە پاشکۆلۆنیالەکانی دیکەدا دیتراون. ڕۆمانۆ بە دروستی ئاماژە بە ڕەخنەی ئێمە دەکات کە بە ئاماژە بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییی ڕەچاوکراو لە لایەن دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ئێران، عێراق و تورکیە دژی نەتەوە بە کەمینەکراوەکان، ئالنگاری بۆ چوراچێوەی پاشکۆلۆنیالی ئاسایی دروست دەکات. ئەو کۆلۆنیالیزمە نێوخۆییە، وەک ڕۆمانۆش دانی پێدا ناوە، زۆر جار خۆی لە ژێر دەمامکی بەرهەڵستکاریی دژەکۆلۆنیالیستی بەرانبەر بە ئیمپریالیزمی

ڕۆژئاوایی حەشارداوە، لە کاتێکدا سیاسەتەکانی سڕینەوەی فەرهەنگی و پاکتاوی ئەتنیکی جێبەجێ دەکات. بێجگە لەوە، ڕۆمانۆ ئاماژە بە ئالنگارییە سەرەکییەکەی توێژینەوەی ئێمە دەکات: دژوارییە تاقەتپڕووکێنەکەی لێکۆڵینەوە لە ناوچەی وەک ڕۆژهەڵات، ئەو شوێنانەی چاودێریی بەرین و کۆنترۆڵی چڕی دەوڵەت، توێژینەوەی ئەتنیکناسی بە توندی سنووردار دەکات و دەستڕاگەیشتن بە میدیا و پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆیانەی زانیارییەکان نزیکەی نامومکین دەکات. ئەو بەربەستە تەنیا کاری ئێمە ناگرێتەوە بەڵکوو لە لایەن گەلێک لە زانایانی لێکۆڵینەوە لە پرسی کورد کە لەژێر هەلومەرجی هاوشێوەی ئێمەدا کاردەکەن، ئەزموون کراوە. بەڵام، من دەبێ جەخت بکەمەوە کە زانیارییەکانی ئێمە پشتئەستوور بە ژمارەی زۆری ئەزموونەکان و لێکۆڵینەوە ئەتنیکناسییەکانە کە لە لایەن زانایانی کوردەوە بەڕێوە چوون. سەرکوتی بەربڵاوی نەتەوەیی دژی کوردان، کە بە کوژرانی ڕۆژانەی کۆڵبەران لە سەر سنوور، زیندانیکردن و لەسێدارە دانی جیابیرانی سیاسیی کورد و هەژاری و بێکاریی سەپێنراو لە لایەن دەوڵەتەوە پشتڕاست دەکرێتەوە، نزیکەی هیچ شیکارییەکی دیکە ناخوازێ. ئەو دڕندەییانە ئێستا زۆر باش بە هەواڵەکانی میدیا و بەڵگە فیلمەکان، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و توێژینەوەی زانایان بەڵگەمەند کراون.

بەراورد کردنی ئەزموونی کوردان لە ئێران و دۆخی فەلەستینییەکان لە غەززەش لە هەڵسەنگاندنی ڕۆمانۆدا قسەی لەسەر کراوە. ئەو ژیرانە دەبینێ لە کاتێکدا هەر دوو نەتەوەکان بەرەورووی لەگەشەخستنی سیستەماتیک دەبنەوە، ئەزموونی کوردی ڕەنگبێ لە هێندێک ڕوانگەوە دژوارتر بێ. بۆ وێنە بە پێچەوانەی دۆخی غەززە، ئێران نە تەنیا خەریکی سەرکوتی ئابووری بووە بەڵکوو هەوڵی داوە شوناسی فەرهەنگی و ئایینیی کورادنیش بسڕێتەوە. ئەو جیاوازییە، وەک ڕۆمانۆ ئاماژەی پێ دەکات، نیشانەی سروشتیی چەندتوێبوونی توندوتیژیی دەوڵەت و لەگەشەخستنە، کە هەر دوو سەرکوتی ئابووری و فەرهەنگی وەک ئامرازی کۆنترۆڵ کردن دەور دەبینن.

لە پێداگرییەکەی لەسەر تاقانە بوونی خەباتی کوردی لە چوار دەوڵەت-نەتەوەدا، ڕۆمانۆ نموونە مێژووییەکانی وەک کۆماری کوردستان لە مهاباد، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ئەزموونە ساوا دێموکراتیکەکەی ڕۆژئاوا وەک بەڵگە دێنێتەوە کە خۆبەڕێوەبەریی کوردی دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیری، گشتگیری و باشتر بوونی ئابووری لە ناوچەکە. ئەو نموونانە، وەک ئەو بە دروستی باسیان دەکات، ئیدیعای ئێران ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ سەربەخۆییی کورد دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و کێشە. وەکوو چۆن پێشانیان داوە، بێتوو کورد هەلی خۆبەڕێوەبەریی هەبێ دەتوانێ یەکەی سیاسیی گشتگیر و فرە فەرهەنگ دروست بکات کە مافە مەدەنییەکان مسۆگەر دەکات و یارمەتیدەری گەشەی ئابووری دەبێ.

بە پێچەوانەی سێ شرۆڤەکاری یەکەم، شرۆڤەی هاشم ئەحمەدزادە لە زۆر شوێن لە باسە سەرەکییەکەی وتارەکە دوور دەکەوێتەوە. دەبێ پێداگر بم کە کاری ئێمە ناچێ لە ناخی لێکۆڵینەوە ویژەیی و مێژووییەکانەوە، بەڵکوو لە دەوری دۆخی سیاسی-ئابووریی هەنووکەی کوردان لە ئێران دەسووڕێتەوە، بە تایبەت لە ژێر

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا. وەڵامێکی ورد بە ڕەخنەی ئەحمەدزادە هەوڵی بەرچاو دەخوازێ، نە لەبەر بنەمادار بوونی ڕەخنەکانی، بەڵکوو لەبەر ئەو هەموو خراپ لێکدانەوە و بە هەڵە تێگەیشتنانە کە ناوبراو پێشکەشیان دەکات. یەکێک لە خراپ لێکدانەوە مەزنەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێگەشتنی هەڵەی ئەحمەدزادە لە چەمکی "کۆلۆنیالیزم." وەک لە ئینسایکلۆپێدیای فەلسەفیی ستانفۆرد (٢٠٢٣)دا پێناسە کراوە، کۆلۆنیالیزم "بەڕێوە بردنی دەسەڵاتدارییەکە، کە ژێردەستە کردنی گەلێک لە لایەن یەکی دیکەی لێ بکەوێتەوە." زانایانی وەک مەحموود مامدانی (٢٠٢٠)، ئێدوارد سەعید،[٤٣] و رابێرت یانگ (٢٠١٦)، لەگەڵ خەڵکی دیکە، گوتوویانە بۆ سەلماندنی کۆلۆنیالیزم پێویست بە نیشتەجێکردن یان داگیر کردن ناکات. کۆلۆنیالیزم لە کۆنترۆل/داگیرکردنی ڕاستەوخۆی خاکەوە بۆ شێوازی شاراوەتری ژێردەستەکردن، وەک تواندنەوەی پەروەردەیی، بەستراوەیی ئابووری، سڕینەوەی فەرهەنگی و دەستێوەردانی سیاسی، گۆڕدراوە. شرۆڤەی ئەحمەدزادە وا دەگەیەنێ کە ناوبراو ئەو ڕاستییە ڕەت دەکاتەوە کە کوردستان کۆلۆنییە. وەک زانایەکی وێژەی کوردی و خاوەن ئەزموونی ژیان لە ناوچەکەدا، مرۆڤ ئەو چاوڕوانییەی لێ هەیە کە دان بەوەدا بنێ کە چۆن دەوڵەتی ئێران، لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە ١٩٢٥، سیاسەتی بە فارسیکردنی فەرهەنگی کوردی، پرۆژەیەکی حاشا لێکردن و سڕینەوە بە مەبەستی بەرتەسککردنەوە و پەراوێز خستنی زمان و شوناسی کوردیی جێبەجێ کردووە. ئەو سیاسەتە لە ١٩٧٩ چڕتر کرایەوە، کاتێک کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی کردە قەسابخانەی کۆڵبەر و خەڵکی مەدەنی، سامانە سرووشتییەکانی تالان کرد، دارستانەکانی ئاگر تێبەردا، جیابیرە کوردەکانی زیندانی کرد و ناوچە سنوورییەکانی بە ١٦ میلیۆن مینی ژێر زەوی مینرێژ کرد. لە چل ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشتمانی کوردانی کردووەتە هەرێمێکی ئەمنییەتیکراو و نواندنی توندوتیژیی لە ڕادە بەدەری دەرەوەی یاسا. وێژە و فۆلکلۆری کوردی پڕە لە بابەتی سەربەخۆییخوازانە و بەرخۆدان دژی ژێردەستەکردنی کۆلۆنیالیستی، ئەو بابەتانەی هەڵسانگاندنی ئەحمەدزادە دەبوو لەبەر پەیوندیدار بوونیان زۆرتر پێیانەوە سەرقاڵ با. نموونەیەک شیعری ئەحمەدی خانییە، کە لە بەرهەمە ئەفسانەیییەکەی، "مەم و زین"دا، زۆر بەر لە شۆڕشی فەرانسە لە ١٧٨٩، بووە نوێنگەی هەوڵی کوردان بۆ سەربەخۆیی و داوای بەرخۆدان دژی تورک، عەرەب و فارسانی کردووە. وێدەچێ ئەحمەدزادە لە دانپێدانان بە بێدەوڵەتیی کوردان و کۆمەڵکوژییەکانی ڕێژیمە نەتەوەپەرستەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە وەک ئاکامی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزم، دوودڵ بێ. من ئەحمەدزادە حەواڵەی ژمارەیەک نووسراوەی زانستیی بەرهەمهێنراو لە لایەن زانایانی کوردەوە دەکەم، کە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران نووسراون و، بە وردی ڕێکارە کۆلۆنیالیستییەکانی دەوڵەتی ئێرانیان لە ڕۆژهەڵات بەڵگەمەند کردووە. گۆڤاری کوردیی وەک تیشک، گرتە ڤیدیۆییەکانی سەر پلاتفۆرمە دیجیتالییەکان و، لەو دواییانەدا، سەرکوتی دڕندانەی سەرهەڵدانی ژینا لە لایەن دەوڵەتەوە کە هەموویان بە تێروتەسەلی سرووشتە کۆلۆنیالیستییەکەی

ڕژێمی فارس-شیعە ئاشکرا دەکەن.
لە بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکەیدا، ئەحمەدزادە نیگەرانیی خۆی لەمەڕ تۆنی وتارەکە باس دەکات کە من بە ڕێزەوە وەریدەگرم. بەڵام من پێمخۆشە چوارچێوەی بەربڵاوتری ڕەخنەکە ڕوون بکەمەوە. لە کاتێکدا کە زانا خاوەن قسەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی، کە زۆربەیان ڕۆژئاوایین، درێژە بە پشتبەستن بە چوارچێوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان دەدەن کە شوناسی کورد بە شێوەیەکی ساکارکراو، دادەبەزێنن و زۆرجار کەڵک لە دەستەواژەی سووکایەتیکاری "خێڵەکی" وەردەگرن. کەڵکوەرگرتنی بەردەوام لە دەستەواژەی وەک "خێڵەکی" لە زانستە ڕۆژهەڵاتناسییەکانەوە، کە زۆر دەمێکە جێپێی خۆیان کردووەتەوە و دەیان ساڵە بەسەر لێکۆڵینەوەکانی کوردیدا زاڵن، هەڵقوڵیوە. نەبوونی ڕەخنە لە لایەن کەسایەتیی وەک ئەحمەدزادە لەو پرسە مرۆڤ زۆرتر نیگەران دەکات، چونکە درێژەدەری گێڕانەوەی کۆلۆنیالیستییە. مەبەستی ئێمە لەبەرچاو نەگرتنی یارمەتییەکانی زانایان نییە، بەڵکو دروستکردنی ئالنگاری بۆ ڕوانگەی ئورووپاتەوەرە کە ئەزموونەکانی کوردان بچووک دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە لە زمان و گریمانەکانی ئەو بەشە فرە گرینگە، بە تایبەت کاتێک پێشداوەرییە نەرێنییەکانی ڕۆژهەڵاتناسی دەسەپێننەوە.
لە کۆتاییدا، ئەحمەدزادە پێی وایە بەراورد کردنی ڕۆژهەڵات و فەلەستین دەبێتە هۆی دروستکردنی "ئالنگاری." بەدەر لەوە کە کوردستان ئەزموونی هاوبەشی لەگەڵ خەڵکی ڕەسەنی دیکە هەن، کە پێش بە گێڕانەوەکانیان گیراوە و، بەرهەمە فەرهەنگییەکانیان لەنێو برداون و، مێژووەکانیان سڕاوەتەوە یان لە لایەن نیشتەجێکراوان و کۆلۆنیالیستەکانەوە داهێنانی نوێی بۆ کراوە، ئەو وتارە خۆی سەرقاڵی لێکدانەوەی بەراوردکارانەی مێژوو بە واتا تەکنیکییەکەی ناکات. بەراوردکردنی ئێمە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی گەشەکردندایە. بەڵام، من هاوبەشی نیگەرانیی ئەحمەدزادەم کە بەراورد کردنی ئەو دوو نەتەوەیە، توێژینەوەی گشتگیرتر و فرەلایەنتر دەخوازێ، واتە شتێک کە ئەو وتارە قەت ئیدیعای نەکردووە دەستەبەری دەکات. ئەحمەدزادە هۆشداریی دەدا کە "گونجاندنی ... دەستەواژەی نوێ [وەک لەگەشەخستن و کۆلۆنیالیزمی نیوخۆیی]، ئەگەر باری کوردان قورستر نەکات، ناتوانێ سووکی بکات." من ئەو ئیدیعایە بە شتێکی گەلێک نادادپەروەرانە دەزانم. چۆن تیشک خستنەسەر نەهامەتییەکانی کوردان دەتوانێ "باری کوردان" کە دەیان ساڵ لەگەڵ کۆمەڵکوژی، سڕینەوە و ئەو حاشا کردنەی لەگەڵیدا هەڵیان کردووە ژیاون، قورستر بکات؟ پێویست بە گوتن ناکات، بیرۆکەی کوردستان وەک کۆلۆنی و ئێران وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیست بە باشی باسی لێوە کراوە و لە لایەن نوخبەی کورد، زانایان، چالاکانی مەدەنی و، تاقمە بەرهەڵستکارە کوردییەکانەوە، پشتگیریی بەهێزی لێ دەکرێ، بەڵگەکەی سەرهەڵدانی ژینا لە ڕۆژهەڵاتە. ئەحمەدزادە ڕەخنەمان لێ دەگرێ بۆ قوڵ هەڵماڵین لە توێژینەوەیەکی فرە پێویست و بە هەڵە وەک مانیفێستێکی سیاسی لێی تێدەگا کە بەتەمای دەستێوەردان لە خەباتە ڕزگاریخوازەکانە. ئەو ڕوانگە هەڵەیە دەبێتە هۆی شێواندنی ئامانجی ڕاستەقینەی وتارەکە لە لایەن ئەحمەدزادەوە، کە دروستکردنی ئالنگاری بۆ

بەرتەسککردنەوەی تیۆریک و چەمکییەکانی هەنووکەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر، پێش بە توێژینەوە لە دۆخی کوردی دەگرێ.

※ ئەحمەد محەممەدپوور پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆمەڵناسی لە زانستگای بێنتلییە. کەماڵ سولەیمانی پرۆفیسۆری توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانستگای مەکزیکە. ئەو وتارە لە ١٦ی مارچ، ٢٠٢١ پێشکەش کرا، لە ٢٤ی فێبریوەری ٢٠٢١ پەسەند کرا و، لە ٢٥ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٤ بە شێوەی ئەلێکترۆنی بڵاو کرایەوە.

## پەراوێزەکان:

١. کوردەکان بۆخۆیان ئاماژە بە بەشە جۆراجۆرەکانی کوردستان وەک باکوور (لە تورکیە)، باشوور (لە عێراق)، ڕۆژئاوا (لە سووریە) و ڕۆژهەڵات (لە ئێران) دەکەن.

2. https://archive.ph/wip/yW-MEO

3. https://www.constituteproject.org/constitution/Iran_1989.pdf?lang=en (سەردان لە ١٠ی فێبریواری، ٢٠٢٢)

٤. بڕوانە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە عەفرین:
https://www.constituteproject.org/constitution/Iran_1989.pdf?lang=en
https://news.un.org/en/story/2020/09/1072752, https://www.kurdistan24.net/en/story/16515-UN-report-details-large- scale-human-rights-abuses-in-Afrin.

5. https://archive.fo/QRBxP

6. https://archive.fo/LOoAu

٧. کاتێک تورکیە دژی خەڵکی مەدەنیی کورد لە سووریە کەڵکی لە بۆمبی فۆسفۆری وەرگرت، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئانتۆنیۆ گوتێرێش بە نادڵنیاییەوە ڕایگەیاند، ”من نیگەرانی دۆخی مرۆییم کە نەتەینا لە پەیوەندی لەگەڵ قوربانییەکاندا بەڵکو ئەو ڕاگواستنانەشە کە ڕوو دەدەن.“
(https://archive.fo/wip/4PcbT)

٨. لە دەیەی ڕابردوودا، هەزاران کوردی خاوەن خوێندەواریی باڵا، کە ژمارەیەکی زۆریان بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرایان هەیە، وەک تاقە دەرفەتی کار، خەریکی کاری سەر سنوور بوون (بە کوردی پێی دەڵێن کۆڵبەری). بەڵام، هێزە دەوڵەتییەکان تەقە لە کۆڵبەران دەکەن و لە ئاکامدا ڕۆژانە دەیانکوژن و بریندارایان دەکەن. لە ٢٠١٥ بەولاوە، هێزەکانی ئێرانی ٢٥٠٠ کۆڵبەریان کوشتووە یان بریندار کردووە، کە لە نێویاندا مرۆڤی بەتەمەن و لاو دەبینرێن (بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە محەممەدپوور ٢٠٢٤؛ سولەیمانی و محەممەدپوور ٢٠٢٠).

٩. ئەندامانی ئاڵقەی بەرلین لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرییەوە ئیلهامیان لە نازیسمی ئاڵمانی و بیرۆکەکەی لەمەڕ باڵادەستیی ڕەگەز و خوێنی ئارییایی وەرگرتبوو(بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە مەتین-عەسگەری ٢٠١٤، ٢٠١٨، ٢٠٢٠).

١٠. وشەی ”ئێران“ بێگومان بەر لە ١٩٣٤ لە هێندێک وێژە و نووسراوەی مێژووییدا کەڵکی لێ وەرگیرابوو بەڵام هێشتا هیچ ئاماژەیەک بە ڕەگەز، شوناسی نەتەوەیی، یان تاقمی ئەتنیکی نەکرابوو (بڕوانە کیا ١٩٩٨؛ سکات-ئاقایی و مەرعەشی ٢٠١٤).

11. http://archive.fo/xA8sF

12. https://iranwire.com/fa/features/40390 (سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١)

١٣. https://archive.ph/wip/Se٣vf (سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١)

١۴. ئێمە بۆخۆمان بەرەڕووی پرسیاری ئەوتۆ بووینەوە
١۵. بڕوانە بۆ وێنە ئاڵقە تەلەفزیۆنییەکانی فارسی وەک نون خ لە یوتیوب
16. https://archive.fo/wip/EzotQ (سەردان لە ٣ی جانیوەری، ٢٠٢١)
17. https://archive.fo/wip/N6Gdq (سەردان لە ١٧ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
18. https://ahan-news.com/news/6494 (سەردان لە ٧ی جانیوەری، ٢٠٢۵)
19. https://archive.fo/wip/2YTYo (سەردان لە ٢۶ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
20. https://archive.fo/wip/bYRkO (سەردان لە ٢۶ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
21. https://archive.fo/wip/eN7ix (سەردان لە ٢٩ی نۆڤەمبەر، ٢٠٢٠)
22. https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/04/11/2530662
23. https://www.isna.ir/news/94061610261
24. https://archive.fo/wip/IU6Ub (سەردان لە ۴ی جانیوەری، ٢٠٢١)
25. https://www.radiofarda.com/a/f5_landmine_iran_killed_4/454985.html
26. https://www.radiofarda.com/a/f5_landmine_iran_killed_4/454985.html
27. https://www.etemadnewspaper.ir/fa/main/detail/28114 (سەردان لە ٣ی فێبریوەری، ٢٠٢١)
28. https://old.iranintl.com/دیدگاه/زندگی-در-آغوش-مرگ؛-معضلا-مین-در-کوردستان-ایران
29. https://old.iranintl.com/دیدگاه/زندگی-در-آغوش-مرگ؛-معضلا-مین-در-کوردستان-ایران
30. https://archive.fo/wip/pGeQc (سەردان لە ٢٢ی فێبریوەری، ٢٠٢١)
31. https://fa.chya.ir/?p=118521 (سەردان لە ١٨ی جانیوەری، ٢٠٢١)
32. https://fa.chya.ir
33. https://tn.ai/3143048
34. https://archive.fo/wip/rqeJl (سەردان لە ٢ی جانیوەری، ٢٠٢١)
35. https://www.iribnews.ir/fa/news/2836270 (سەردان لە ١۴ی جانیوەری، ٢٠٢١)
36. https://ir.voanews.com/latestnews/iran-activist-court-1 (سەردان لە ٩ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
37. https://ir.voanews.com/latestnews/iran-activist-court-1 (سەردان لە ٩ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
38. https://shorturl.at/YwkIZ
39. https://www.isna.ir/news/94090201206 (سەردان لە ٢٣ی دیسەمبەر، ٢٠٢٠)
۴٠. نیوەکانی تاقمەکانی خەڵک کە لە کۆمەڵگادا هەڵبەستراون (ڕەش، سپی) و دەستەواژەی دەیکەی کۆمەڵایەتی (خۆ، شوناس) بە پیتی گەورە نووسراون تا وەبیر بێنێتەوە کە ئەوانە دەستکردی کۆمەڵگان و شتی سروشتی نین.
41. https://www.washingtonpost.com/world/2023/12/06/gaza-uninhabiable-unexploded-bombs
۴٢. کەماڵ سولەیمانی بۆ بەشداری لە وڵامدانەوەکە لەبەر دەستدا نەبوو.
۴٣. بڕوانە ئەو وانەیە: https://www.youtube.com/watch?v=tgteoJ1LihU

## سەرچاوەکان:

framework. Kurdish Studies 9(1):11–36.
Bhabha, Homi. 1994. The location of culture. London: Routledge. Blauner, Robert. 1972. Racial oppression in America. New York: Harper & Row.
Boroujerdi, M. 1996. Iranian intellectuals and the West: the tormented triumph of nativism. Syracuse, NY: Syracuse University Press.
Burkholder, Mark A., and Lyman L. Johnson. 2012. Colonial Latin America. Oxford: Oxford University Press. 43. See this lecture: https://www.youtube.com/watch?vptgteoJ1LihU.
Caldera, Christine. 2020. Kurds in Iran: current conditions and future prospects. Institute for the Study of Human Rights. https://humanrightscolumbia.org /publications/kurds-iran-current-conditions-and-future-prospects.
Casanova, Pablo González. 1965. Internal colonialism and national development. Studies in Comparative International Development 1(4):27–37.
Césaire, Aimé. 2000. Discourse on colonialism. New York: Monthly Review.
Chakrabarti, Dilip. 1997. Colonial Indology: sociopolitics of the ancient Indian past. Delhi: Munshiram Manoharlal.
Chakrabarty, Dipesh. 2000. Provincializing Europe: postcolonial thought and historical difference. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Chatterjee, Partha. 1986. National-
Abadian, Ali. 2014. Let’s save the future of the region’s farming. Sharg Newspaper, 11 Azar. [In Farsi.]
Abdel-Malek, Anouar. 1963. L’Orientalisme en crise: par Anouar Abdel-Malek. Paris: Revue.
Agamben, G. 2005. State of exception. Chicago: University of Chicago Press. Ahmad, Aijaz. 1992. In theory: classes, nations, literatures. London: Verso.
Apter, David. 1987. Rethinking development: modernization, dependency, and post-modern politics. Thousand Oaks, CA: Sage.
Asgharzadeh, A. 2007. Iran and the challenge of diversity: Islamic fundamentalism, Aryanist racism, and democratic struggles. New York: Palgrave Macmillan.
Balzacq, Thierry, Sarah Léonard, and Jan Ruzicka. 2016. Securitization revisited: theory and cases. International Relations 30(4):494–531.
Bayat, K. 2003. Riza Shah and the tribes: an overview. In The making of modern Iran: state and society under Riza Shah. S. Cornin, ed. Pp. 1921–1946. London: Routledge.
Behdad, A. 1994. Orientalism after Orientalism. L’Esprit Créateur 34(2):1–11.
Beiras, Xosé. 1982. El atraso económico de Galícia. Vigo: Ediciónѕ Xerais de
Galicia.
Bezwan, Naif. 2021. The state and violence in Kurdistan: a conceptual

grievances against the U.S. https://www.wsj.com/articles/turkey-has-legitimate -grievances-against-the-u-s-11570576128 (accessed December 12, 2020).
Du Bois, W. E. B. 1903. Souls of black folk. Chicago: A.C. McClurg. [AR]
 1945. Color and Democracy: colonies and peace. New York: Harcourt, Brace.
Durkheim, Emile. 1893. Division of labor in society. Paris: Alcan. [AR]
 1912. Elementary forms of the religious life. Paris: Alcan. [AR]
Eighth Grade Farsi. 2018. Eighth grade Farsi. Organization for Research and Educational Planning, Tehran, Iran. [In Persian.]
Elling, R. C. 2013. Minorities in Iran: nationalism and ethnicity after Khomeini. New York: Palgrave.
Escobar, Arturo. 1995. Encountering development: the making and unmaking of the third world. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Esteva, G. 1992. Development. In The development dictionary: a guide to knowledge as power. Wolfgang Sachs, ed. Pp. 6–25. London: Zed. Fanon, Frantz. 1952. Black skin, white masks. New York: Grove.
 1961. The wretched of the earth. Harmondsworth: Penguin.
Foucault, M. 1972. The archaeology of knowledge. London: Routledge.
Frank, Andre Gunder. 1998. ReOrient: global economy in the Asian age. Berkeley: University of California ist thought and the colonial world: a derivative discourse. London: Zed.
 1993. The nation and its fragments: colonial and postcolonial histories. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Chomani, Kamal, and Toon Bijnens. 2016. The impact of the Daryan Dam on the Kurdistan region of Iraq. Save the Tigris and Iraqi Marshes Campaign, https://www.hlrn.org/img/documents/Daryan-Dam-Report.pdf.
Cooper, Frederick. 2002. Africa since 1940: the past of the present. Cambridge: Cambridge University Press.
Crowder, Michael. 2007. West African resistance: the military response to colonial occupation. London: Routledge.
Dabashi, Hamid. 2008. Iran: a people interrupted. New York: New Press.
2017. On the Kurdish question. Aljazeera Online, https://www .aljazeera.com/opinions/2017/11/27/on-the-kurdish-question.
de Certeau, M. 1988. The practice of everyday life, vol. 1. Berkeley: University of California Press.
Deringil, Selim. 2003. The Late Ottoman Empire and the post-colonial debate. Comparative Studies in Society and History 45(2):322–323.
Dirlik, Arif. 1997. The postcolonial aura: third world criticism in the age of global capitalism. Boulder, CO: Westview.
Doran, Michael, and Michael A. Reynolds. 2019. Turkey has legitimate

resources. Journal of World-Systems Research 28(2):320–343. https://doi.org/10.5195/jwsr.2022.1081.
Hechter, Michael. 1975. Internal colonialism: the Celtic fringe in British national development. Berkeley: University of California Press.
Hind, Robert J. 1984. The internal colonial concept. Comparative Studies in Society and History 26(3):543–568.
Hoogvelt, A. 1997. Neo-colonialism, modernization and dependency. In Globalisation and the postcolonial world. Pp. 29–43. London: Palgrave. https:// doi.org/10.1007/978-1-349-25671-6_2.
Iran Report. 2020. Execution of ethnic minorities. https://www.iranhr.net/en /print/5/4718/.
Jacobs, James. 1977. Stateville. Chicago: University of Chicago Press. [AR]
Jalal al-ʿAzm, Sadik. 2000 (1981). Orientalism and Orientalism in reverse. Khamsin 8:5–26.
Kapoor, I. 2002. Capitalism, culture, agency: dependency versus postcolonial theory. Third World Quarterly 23(4):647–664.
Katouzian, H. 2003. Reza Shah's political legitimacy and social base, 1921–1941. In The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah 1921–1941. S. Cronin, ed. P. 33. London: Routledge.
Kia, Mehrdad. 1998. Persian nationalism and the campaign for language purification. Middle Eastern Studies Press.
1966. The development of underdevelopment. Monthly Review 18(4): 17–31.
Frank, Andre Gunder, and Barry K. Gills. 1992. The world system: five hundred years or five thousand? Humboldt Journal of Social Relations 18(1):1–79.
Gandhi, M. K. 1956. Thoughts on national language. Ahmedabad: Navajivan. Garfinkel, Harold. 1967 Studies in ethnomethodology. Englewood-Cliffs, NJ: Prentice-Hall. [AR]
Giddens, Anthony. 1991. The consequences of modernity. Stanford, CA: Stanford University Press.
Go, J. 2016. Postcolonial thought and social theory. Oxford: Oxford University Press.
Goffman, Erving. 1961. Asylums. Chicago: Free Press. [AR]
1983. The interaction order. American Sociological Review 48(1):1– 17. [AR]
Guha, Ranajit. 2002. History at the limit of world-history. New York: Columbia University Press.
Hassaniyan, Allan. 2021. The environmentalism of the subalterns: a case study of environmental activism in eastern Kurdistan/Rojhelat. Local Environment 26(8):930–947. https://doi.org/10.1080/13549839.2021.1933927.
Hassaniyan, A., and M. Sohrabi. 2022. Colonial management of Iranian Kurdistan, with emphasis on water

2018. Both Eastern and Western: an intellectual history of Iranian modernity. Cambridge: Cambridge University Press.
2020. Intellectual statesmen and the making of Iran's illiberal nationstate (1921–1926). In Mapping the role of intellectuals in Iranian modern and contemporary history. Ramin Jahanbegloo, ed. Lanham, MD: Lexington.
Memmi, Albert. 1965. The colonizer and the colonized. New York: Orion.
Mirsepassi, Ali. 2019. Iran's quiet revolution: the downfall of the Pahlavi state. Cambridge: Cambridge University Press.
Mirzai, Behnaz A. 2017. A history of slavery and emancipation in Iran, 1800– 1929. Austin: University of Texas Press.
Mizoguchi, Koji. 2010. The colonial experience of the uncolonized and colonized: the case of East Asia, mainly as seen from Japan. London: Routledge. Mohammadpour, Ahmad. 2021. Perso-Shia nationalism: from Berlin circle to Persianate world. Tishk Journal 59–60(23):11–23. [In Persian.]
2023. Persian Orientalism: raciolinguistic Ideologies and the construction of "Iranianness." Nations and Nationalism 30:356–375. https:// doi.org/10.1111/nana.12990.
2024a. Blood for bread: necro-labor, nonsovereign bodies, and the state of exception in Rojhelat. American Anthropologist 126(1):120–134. https:// 34(2):9–36.
Kurt, M. 2019. "My Muslim Kurdish brother": colonial rule and Islamist governmentality in the Kurdish region of Turkey. Journal of Balkan and Near Eastern Studies (21)3:350–365.
Lafont, Robert. 1971. La revolución regionalista. Barcelona: Ariel. Lefebvre, H. 1987. The everyday and everydayness. Yale French Studies 73:7– 11.
Lerner, Daniel. 1958. The passing of traditional society: modernizing the Middle East. New York: Free Press.
Lucas, Gavin. 2004. An archaeology of colonial identity: power and material culture in the Dwars Valley, South Africa. New York: Kluwer/Plenum.
Lydon, J., and U. Z. Rizvi. 2010. Handbook of postcolonial archaeology. London: Routledge.
Makdisi, U. 2002. Ottoman Orientalism. American Historical Review 107(3): 768–796.
Mamdani, Mahmood. 2020. Neither settler nor native: the making and unmaking of permanent minorities. Cambridge, MA: Belknap. Marquard, Leo. 1957. South Africa's colonial policy. Johannesburg: Institute of Race Relations.
Matin-Asgari, A. 2014. The Berlin circle: Iranian nationalism meets German countermodernity. In Rethinking Iranian nationalism and modernity. K. Scot-Aghaei and A. Marashi, eds. Pp. 49–67. Austin: University of Texas Press.

shade of colonialism: Egypt, Great Britain, and the mastery of the Sudan. Berkeley: University of California Press.
Ram, H. 2000. The immemorial Iranian nation? school textbooks and historical memory in post-revolutionary Iran. Nation and Nationalism 6(1): 67–90.
Rassam, A. 1980. Comments on Orientalism. Comparative Studies in Society and History 22:505–512.
Rawls, Anne. 1987. The interaction order sui generis. Sociological Theory 5(2): 136–149. [AR]
1996. Durkheim's epistemology: the neglected argument. American Journal of Sociology 102(2):430–482. [AR]
2009 (2004). Epistemology and practice. Cambridge: Cambridge University Press. [AR]
2021. Durkheim's self-regulating "constitutive" practices: an unexplored critical relevance to racial justice, consensus thinking, and the Covid-19 pandemic. In Durkheim and critique. Nicola Marcucci, ed. New York: Palgrave Macmillan. [AR]
2022. Situating Goffman's "interaction orders" in Durkheim's social fact lineage. Etnografia e ricerca qualitativa 2022(1):27–62. [AR]
Rawls, Anne, and Waverly Duck. 2020. Tacit racism. Chicago: University of Chicago Press. [AR]
Redfield, Robert. 1948. Folk culture of the Yucatan. Chicago: University of Chicago Press.
doi.org/10.1111/aman.13941.
2024b. The invention of Iran: from "Iranianness" to "Persianness." Asian Studies Review. https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110.
Mohammadpour, Ahmad, and Kamal Soleimani. 2019. Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East. British Journal of Sociology 70(5):1799–1824. https://doi.org/10.1111/1468 -4446.12656.
2020. "Minoritisation" of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies 24(1):40–62. https:// doi.org/10.1080/13688790.2020.1746157.
Nkrumah, Kwame. 1965. Neo-colonialism, the last stage of imperialism. London: Thomas Nelson. [HA]
Olson, Robert W. 1989. The emergence of Kurdish nationalism and the Sheikh
Said Rebellion 1880–1925. Austin: University of Texas Press. [HA]
Peckham, Robert. 2004. Internal colonialism: nation and region in nineteenthcentury Greece. In Balkan identities: nation and memory. Maria Todorova, ed. Pp. 41–59. New York: New York University Press.
Porter, Dennis. 1994. Orientalism and its problems. In Colonial discourse and post-colonial theory: a reader. Laura Chrisman and Patrick Williams, eds. Pp. 150–161. New York: Harvester Wheatsheaf.
Powell, Troutt. 2003. A different

nationalism and modernity. Austin: University of Texas Press.
Sghaier, Salhi. 2016. Internal colonialism and uneven development: regional marginalization system in Tunisia. [In Arabic.]
Shalhoub-Kerkovian, Nadera, and Rachel Busbridge. 2014. (En)gendering de-development in east Jerusalem: thinking through the “everyday.” In Decolonizing Palestinian political economy de-development and beyond.
Mandy Turner and Omar Shweiki, eds. Pp. 77–94. New York: Palgrave Macmillan.
Smelser, Neil. 1966. The modernization of social relations. In Modernization:
the dynamics of growth. Myron Weiner, ed. Pp. 101–121. New York: Basic. Soleimani, Kamal. 2020. A green struggle in the path of Kurdistan. Tishk Journal of Tishk 52(22). [In Persian.]
Soleimani, Kamal, and Ahmad Mohammadpour. 2019a. Can non-Persians speak? the sovereign’s narration of “Iranian identity.” Ethnicities 19(5):925– 947. https://doi.org/10.1177/1468796819853059.
2019b. The securitisation of life: eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi’i state. Third World Quarterly 41:663–682. https://doi.org/10.1080/01436597.2019.1695199.
2020. Life and labor on the internal
Rifkin, Mark. 2017. Beyond settler time: temporal sovereignty and indigenous self-determination. Durham, NC: Duke University Press.
Rodinson, Maxine. 1978. Islam and capitalism. Austin: University of Texas Press.
Rodríguez, I. 2001. The Latin American subaltern studies reader. Durham, NC: Duke University Press.
Rogers, Everett. 1969. Modernization among peasants: the impact of communication. New York: Holt McDougal.
Rostow, Walt. 1960. The stages of economic growth: a non-Communist manifesto. London: Cambridge University Press.
Roy, Sara. 1987. The Gaza Strip: a case of economic de-development. Journal of Palestine Studies 17(1):56–88. https://doi.org/10.2307/2536651.
1995. The Gaza Strip: the political economy of de-development. Washington, DC: Institute for Palestine Studies.
2014. Foreword. In Decolonizing Palestinian political economy dedevelopment and beyond. Mandy Turner and Omar Shweiki, eds. Pp. ix–xv. New York: Palgrave Macmillan.
Said, Edward. 1978. Orientalism. New York: Pantheon.
Saleh,A.2013. Ethnicidentityandthe stateinIran. New York: Palgrave Macmillan.
Scot-Aghaei, Kamran, and Afshin Marashi. 2014. Rethinking Iranian

Press.
 1980. The modern world-system II: mercantilism and the consolidation of the European world-economy, 1600–1750. Boston: Academic Press.
1989. The modern world-system III: the second era of great expansion of the capitalist world economy, 1730–1840s. Boston: Academic Press.
Wolpe, Harold. 1975. The theory of internal colonialism: the South African case. In Beyond the sociology of development. Ivar Oxaal, Tony Barnett, and David Booth, eds. Pp. 105–120. London: Routledge.
Yadirgi, Veli. 2017. The political economy of Kurds of Turkey: from the Ottoman Empire to the Turkish republic. Cambridge: Cambridge University Press.
 2018. De-development in eastern and southeastern Anatolia. In Routledge handbook on the Kurds. Pp. 139–156. London: Routledge. https://doi.org/10.4324/9781315627427-12.
Yiftachel, O. 2006. Ethnocracy: land and identity politics in Israel/Palestine. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.
Young, R. J. C. 2016. Postcolonialism: a historical introduction. Hoboken, NJ: Wiley-Blackwell.
Zia-Ebrahimi, R. 2016. The emergence of Iranian nationalism: race and the politics of dislocation. New York: Columbia University Press.
colonial edge: political economy of Kolberi in Rojhelat. British Journal of Sociology 71(4):741–760. https://doi.org/10.1111/1468-4446.12745.
 2022. Sovereignty and developmental policies in Palestine and eastern Kurdistan. Estudios de Asia y África 57(2):249–288. https://doi.org/10.24201/eaa.v57i2.2738.
Soleimani, K., and D. Osmanzadeh. 2021. Textualising the ethno-religious sovereign: history, ethnicity and nationalism in the Perso-Islamic textbooks. Nations and Nationalism 27(3):741–757. https://doi.org/10.1111/nana .12705.
Spivak, Gayatri Chakravorty. 1988. Can the subaltern speak? In Marxism and the interpretation of culture. Cary Nelson and Lawrence Grossberg, eds. Pp. 271–313. London: Macmillan.
Stanford Encyclopedia of Philosophy. 2023. Colonialism. https://shorturl.at/7WX3v.
Sykes, Gresham. 2007 (1958). The society of captives. Princeton, NJ: Princeton University Press. [AR]
Toledano, Ehud R. 2007. As if silent and absent: bonds of enslavement in the Islamic Middle East. New Haven, CT: Yale University Press.
van Bruinessen, Martin. 1992. Agha, Shaikh and state: the social and political structures of Kurdistan. London: Zed. [HA]
Wallerstein, Immanuel. 1974. The modern world-system. New York: Academic

# ‹دەوڵەت و سەروەریی› و ‹نەتەوە و نەتەوەخوازیی›

ڕۆد هاگ و مارتین هاررۆپ

وەرگێڕانی: بیریار ژاوەرۆیی

**وەرگێڕ:** ئەم وتارە وەرگێڕدراوی دوو بەشە لەسەر چەمکەکانی 'دەوڵەت و سەروەریی'[1] و 'نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی'[2] وەرگیراو لە پەرتووکی 'حکوومەت و سیاسەتی بەراوردکاری'[3] کە پەرتووکێکی سەرچاوەیە لە زانستی رامیاریدا. نووسەرانی ئەو پەرتووکە سەرەتا تیشکیان خستووەتە سەر چەمکە جیاوازەکان لەو زانستەدا. لەو چەمکانە زیاتر لە هەمووی چەمکە هەڵبژێردراوەکانی سەرەوە پێوەندییان بە پرسی کورد و کوردستانەوە هەیە. بۆیە، هەوڵدرا ئەو بەشانە وەرگێڕدرێنەوە سەر زمانی کوردی. جێی ئاماژەیە کە نووسەران لە کاتی باس لەسەر جۆرە جیاوازەکانی نەتەوە وەک نموونەیەک لە 'نەتەوەی بێ دەوڵەت' ئاماژە بە کورد دەکەن و هەر لەو پێوەندییەدا لە چاپی هەشتەمی پەرتووکەکەیاندا کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا بڵاو بووەتەوە و ئەم وەرگێڕدراوەش لەوە وەرگیراوە، بابەتەکەیان بە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە وەکوو نەخشەی "ناوچەی کوردنشینەکان" لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رازاندووەتەوە.

## دەوڵەت و سەروەریی

دەوڵەت ئێستا بنەمای زاڵی رێکخراوی سیاسییە لەسەر ئاستی جیهاندا. هەڵبەت، هەندێ دەگمەنیی سەرنجراکێش بوونیان هەیە (Wild, ٢٠٠٧). ئەمانە بریتین لەو خاکانەی کە هێشتا هان لە ژێر کۆنترۆڵی کۆلۆنیالدا (بۆ نموونە، جەبەل تاریقی بەریتانیا) یان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەبرێن (بۆ نموونە، بۆسنی) یان ئارەزوومەندانە ملکەچی دەسەڵاتی دەرەکی هاوبەش بوون (بۆ نموونە پورتۆریکۆ گرێدراوە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە) یان خودموختاری بەرچاویان پێ دراوە لە ناو دەوڵەتێکی گەورەتردا (بۆ وێنە هۆنگ کۆنگ لە ناو چیندا). 'دەوڵەت' کۆمەڵێکی سیاسییە کە لەلایەن جەماوەرێکی سەر خاکێک کە ملکەچی یەک حکوومەتن پێکهێنراوە. ئەگەر وەها دەگمەنیگەلێکی نائاسایی بنینە لاوە و رەچاویان نەکەین، جیهان دابەش کراوە بە سەر دەوڵەتگەلێکی جیاواز کە لە رێگەی ناسینی فەرمی و دانوستانی دوولایەنەوە سیستەمی نێونەتەوەیی[4] پێکدێنن (وێنەی ١.١). لەم پەرتووکەدا [مەبەست سەرچاوەکەیە] تیشکی سەرەکی خراوەتە سەر ئەم یەکەیانە و بەو هۆیە ئێمە پاژی ۴ بۆ چەمکەکانی گەشەسەندن و گرنگایەتی دەوڵەت تەرخان دەکەین. لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە سەر خودی چەمکەکە.

*وێنەی ١.١ دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ١٩٤٩-٢٠٠٩*



’دەوڵەت‘ کۆمەڵێکی سیاسییە[٥] کە لەلایەن جەماوەرێکی سەر خاکێک کە ملکەچی یەک حکوومەتن پێکهێنراوە. دەوڵەت ئینستیتوشن/دامەزراوەیەکی بێ وێنەیە کە لە سەرەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی تر لە کۆمەڵگادایە. بە تەنیایی نەک هەر داواکاری/ئیدیعای شیاویەتی بەڵکوو مافی بەکارهێنانی زۆر/هێزیش دەکات. هەروەها کە ویبەر ئاماژەی پێکردووە، تایبەتمەندی تایبەتی دەوڵەت ڕێک ئەم تێکەڵکردنەی هێز لەگەڵ دەسەڵاتە: ’دەوڵەت کۆمەڵێکی مرۆییە کە (سەرکەوتووانە) ئیدیعای بەکارهێنانی ڕەوای هێزی فیزیکی بە شێوەی پاوانخوازانە لە نێو سنوورێکی دیاریکراودا دەکات‘(بە وتەی گێرت و میلز[٦]، ١٩٤٨، ل. ٧٨). کاتێ کە پاوانخوازیی دەوڵەت لەسەر هێزی ڕەوا هەڕەشەی لێدەکرێت، بۆ وێنە لە شەڕی ناوخۆییدا، بوونی لە مەترسیدایە. تا ئەو کاتەی ململانێیەکە بەردەوام بێت، دەسەڵاتی ڕەوا بوونی نییە. بۆیە، شۆڕشگێڕی ڕووسی ڤلادیمیر لێنین (١٨٧٠-١٩٢٤)[٧] لە پێناسەکردنی ڕەشبینانەی دەوڵەتەکاندا وەک شتێک نە زیاتر لە ’پێکهاتەگەلێک لە پیاوانی چەکدار‘، تەنیا تارادەیەک ڕاست بوو. بەپێچەوانەی لێنین، پێکهاتەیەک لە پیاوانی چەکدار دەوڵەتێک پێکناهێنێت: لەبەر ئەوەی کە یاسای چەک هەرگیز یاسا نییە.

دەوڵەت چۆن جیاوازە لە حکوومەت؟

لە بنەڕەتدا، دەوڵەت ئەو کۆمەڵە سیاسییە پێناسە دەکات کە تێیدا حکوومەت بریکاری بەڕێوەبەری و هەڵسووڕانە. دەوڵەت لە ڕێگەی ئیدیعای سەرکەوتووانەی پاوانی هێزی ڕێگەپێدراوەوە فەرمانێک بۆ حوکمڕانی دەردەکات کە پاشان حکوومەت دەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم جیاوازییە لە نێوان دەوڵەت و حکوومەتدا لە جیاکردنەوەی ڕۆڵە تایبەتەکانی سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکوومەتدا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نموونە، پاشا ئەوروپییەکان هێمای دەوڵەتن بەڵام سەرۆکوەزیرەکانیان بەرپرسی حکوومەتن.[٨] لەبەر ئەوەی کە زۆرێک لە پاساوهێنانەوە بیردۆزییەکان بۆ دەوڵەت لەلایەن بیرۆکەی ئەوروپایی ’سەروەریی‘یەوە دابین دەکرێت، ئێمە دەبێت ئەم چەمکە ڕوون بکەینەوە. بەوجۆرەی کە لەلایەن فەیلەسوفی فەڕەنسی ژان بۆدن (١٥٢٩-٩٦)[٩] پەرەی پێدرا، سەروەریی ئاماژە دەکات بە هێزی ڕاگیرنەکراو و دابەشنەکراو بۆ دانانی یاساکان. هەر بەو شێوەیە، یاسازانی ئینگلیزی ویلیام بلەکستۆن (١٧٢٣-٨٠)[١٠]

باسی دەکرد کە ”لە هەر دەوڵەتێکدا دەسەڵاتێکی باڵا، بەهێز، ڕەها و کۆنترۆڵنەکراو هەیە و دەبێ هەبێت، کە تێیدا مافی سەروەریی جێی گرتووە.“ وشەی ’سەروەر‘ لە بنەڕەتدا بە واتای کەسێک بوو کە لە سەرەوە دانیشتبێت. کەواتە، پێکهاتەی سەروەر ئەو دامەزراوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی بانترەوە سنووردار نەکراوەتەوە: بەرزترینی بەرزەکان. بەپێی پێناسە، ئەو پێکهاتەیە دەوڵەتە. هەروەها کە بۆدن نووسی، سەروەر دەتوانێت ”یاسا دانێت بۆ هەموان و هەر کەسێک لە ڕەعیەتەکان و هیچێک [هیچ یاسایەک] لەوان وەرنەگرێت.“ سەروەریی لە بنەڕەتدا لە ئەوروپادا بۆ پاساوی هەوڵی شاکان بۆ کۆنترۆڵی تۆکمە بە سەر شانشینەکاندا کە تێیاندا دەسەڵات پێشتر هاوبەش کرابوو لەگەڵ ئاریستۆکراسی فیۆدال و کەلیسای کاتۆلیک، پەرەی سەند. لەڕاستیدا، پاشای بەریتانیا هێشتا وەکوو ’سەروەر‘ دەناسرێت. بەم شێوەیە بە پیرۆزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی چەمکی یاسایی سەروەریی بەهێزەوە لە پەرەسەندنی

دەوڵەتی ئەوروپاییدا بەشداریی کرد. 'سەروەریی' ئاماژە دەکات بە سەرچاوەی کۆتایی دەسەڵات لە کۆمەڵگا. سەروەر بانترین و دوایین بڕیاردەرە لە نێو کۆمەڵێکدا. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی دیمۆکراسیدا، ئەو باوەڕەش گەشەی سەند کە پارلەمانە هەڵبژێردراوەکان کە بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکەوە کار دەکەن، خاوەنی ڕاستەقینەی سەروەرین. ئامرازی بەدەستهێنانی سەروەریی پەرەی سەند ئەگەرچی گرنگایەتی بیردۆزانەی 'دەسەڵاتی باڵا'ی بلەکستۆن بە بێ پرسیار و گومان لەسەری مایەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپایی بەناوەندیکراودا (سێنترالیزەکراو) وەکوو بەریتانیا و فەڕەنسا. تا ئەمڕۆش، چەمکی 'سەروەریی پاڕلەمانی' وەک زاراوەیەکی گرنگ لە باسە سیاسییەکانی بەریتانیادا ماوەتەوە. لە دەرەوەی ئەوروپا، چەمکی سەروەریی بە لاوازی مایەوە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی فیدراڵدا، بۆ وێنە، دەسەڵاتی سیاسی هاوبەش کراوە لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی ویلایەتەکاندا، کە هەموویان بەپێی یاسایەکی بنەڕەتی کار دەکەن کە گوایە لەلایەن 'ئێمە، خەڵک'ەوە دانراوە و لەلایەن دادگای باڵاوە دەپارێزرێت. لەم هەلومەرجەدا، بیرۆکەی سەروەریی و هەروەهاش، بە شێوەیەکی گرنگ، چەمکی دەوڵەت بۆخۆیشی، شل دەبێتەوە. ئەمریکییەکان لە وشەی 'دەوڵەت' زۆرتر بۆ ئاماژە بە ٥٠ ویلایەتی یەکیەتییەکە کەڵک وەردەگرن تاکوو حکوومەتی فیدراڵ لە واشنتۆندا. حکوومەتی ناوەندی ئەمریکا کە لە ڕێگەی پشکنین و هاوسەنگییەوە (چێک و باڵانس) سنووردار کراوە، ئەو 'دەسەڵاتە ڕەها و کۆنترۆڵکراوە'ی نییە کە بە ڕای بلەکستۆن زۆر پێویست بوو بۆ دەوڵەت.

باسی هاوچەرخ لە نێوان سەروەریی 'ناوەکی' و 'دەرەکی'دا جیاوازیی دادەنێت. سەروەریی دەرەکی گرنگە لەبەر ئەوەی کە ڕێگە دەدات بە دەوڵەتێک کە داواکاری ئەو مافەی بێت کە نەتەنیا کاروباری ناو سنوورەکانی خۆی ڕێکبخات بەڵکوو وەکوو ئەندامێکی وەرگیراو لە بەندوباوی نێونەتەوەییدا بەشداریی بکات. بەم شێوەیە، پەرەسەندنی سیستەمی نێونەتەوەیی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لە بواری ناوخۆییدا بەهێز دەکات. سەروەریی ناوەکی و دەرەکی بە شێوەی ئاسایی یەکتر بەهێز دەکەن. بەمجۆرە، کۆسۆڤۆ کە لە ٢٠٠٨ دا سەربەخۆیی لە سێربستانی ڕاگەیاند بەڵام خەباتی کردووە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانی دەرەکی تەواو، خۆی لە دۆخێکی نادیاردا دەبینێتەوە. 'سەروەریی ناوەکی' ئاماژە دەکات بە دەسەڵاتی یاسادانان لە ناو خاکێکدا. 'سەروەریی دەرەکی' ئاماژە دەکات بە دانپێدانانی نێونەتەوەیی بە شیاویەتی یاسایی سەروەرەکە لە خاکەکەدا. پێش هەموو شتێک، سەروەریی پێکهێنراوەیەکی بیردۆزانەیە. مافی فەرمی بۆ دانانی یاسا بەو واتایە نییە کە سەروەرەکە خاوەن هێزی ڕەهایە. هەموو سەروەرەکان دەکەونە بەر کاریگەری ڕووداوەکانی دەرەوە و ناوەوەی سنوورەکانیان. لەبەر ئەم هۆکارە، دەبێ بە گومانەوە لەگەڵ ئەو داواکاریانە مامەڵە بکرێت کە دەڵێن سەروەریی بووەتە ئەفسانەیەک لە جیهانێکدا کە هەموان پشتیان بە یەکتر بەستووە. سەروەریی هەمیشە ئەفسانە بوو؛ ئەوە سروشت و گرنگییەکەیەتی. مێکزیک، بۆ نموونە، زیاتر پێبەستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە تاکوو پێچەوانەکەی بەڵام

هەر دوو وڵاتەكە بە فەرمی وەكوو نەتەوەگەلێكی سەروەر بەرابەر دەمێننەوە. فەڕەنسا (٦٤.١ ملیۆن حەشیمەت) سەربەخۆترە لە بێلژیك/بەلجیكا (١٠.٤ ملیۆن حەشیمەت) بەڵام هەردووكیان قەوارەگەلێكی سەروەرن. كۆنترۆڵی دەوڵەت بە سەر چارەنووسیدا بابەت و پرسی پلەیە بەڵام سەروەرییەكەی لە سروشتی خۆیدا بێ سنوورە. ماكی سەروەریی ڕێك لە ناونیشانێكی یاسایی بێ مەرج و سنووردا شاراوەیە: "سەربەخۆیی یاسایی، وەكوو هاوسەرگیریی، دۆخێكی ڕەهایە. خەڵك چ هاوسەرگیریان كردبێت چ نە؛ ئەوان ناتوانن ٧٠ لە سەد هاوسەرگیریكراو بن. سەروەریش هەر وەهایە: وڵاتێك یان ناونیشانی یاسایی سەروەریی هەیە یان نییەتی؛ دۆخێك لەو نێوانەدا بوونی نییە." (Sorensen, ٢٠٠٤, p. ١٠٤)

## نەتەوەكان و نەتەوەخوازیی

'نەتەوە' چەمكێكی ئاستەمترە لە دەوڵەت. نەتەوەكان كۆمەڵە خەیاڵی یان وێناكراوەكانن و زۆرجار نەتەوەیەك وەك هەر گرووپێك سەیر دەكرێت كە داواكارییەكی هەیە بۆ ئەوەی وەها [وەك نەتەوە] ڕەچاو بكرێت (Anderson, ١٩٨٣). بەوەشەوە، لە دوو ڕووەوە ئێمە دەتوانین كەمێك وردتر بین.[11] سەرەتا، نەتەوەكان خەڵكانێكن كە نیشتمانیان هەیە. وەك ئێلی و سانی (p. 10 ,1996)[12] دەڵێن، نەتەوەیەك وەك دەوڵەتێك پێویستی بە 'داواكارییەك لەسەر كوتەڵەیەكی/پارچەیەكی تایبەت لە مولكومال' هەیە. لێرەدا ڕێخەی وشەی 'نەتەوە'، كە لە زاراوەیەكی لاتینەوە بە واتای شوێنی لەدایكبوون سەرچاوە دەگرێت، پێوەندیدارە. پێوەندی نێوان نەتەوە و شوێن یەك لەو فاكتۆرانەیە كە نەتەوەیەك لە هۆز یان گرووپێكی خزمیی/ئێتنیكی جیا دەكاتەوە. هۆزێك دەتوانێت بە ئاسانی جێگۆڕكێ بە ماڵ بكات[13] بەڵام نەتەوەیەك بەستراوەتەوە بە خاكی دایكییەوە و زۆرتر لە ڕێگەی پەرەپێدان و بچووكبوونەوەوە شێوە دەگۆڕدرێت. دووەم، كاتێك گرووپێك داواكاریی ئەوەی هەیە كە نەتەوەیەكە، ئەوە مافی 'چارەی خۆنووسین'ی لە نێو نیشتمانی خۆیدا ڕادەگەیێنێت. ئەوە بە دوای سەروەری بە سەر خاكەكەیدایە، بە كەڵكوەرگرتن یان داهێنانی چاندێكی هاوبەش بۆ پاساودانەوەی داواكارییەكەی. ئەم داواكارییەی خۆ-حوكمرانی (كە نابێ لەگەڵ حوكمرانیی دێمۆكراتیكدا تێكەڵ بكرێت) بە بیرۆكەی نەتەوە تایبەتمەندییە سیاسییەكەی دەبەخشێت. گرووپێك بە گەیشتن یان بەدواداچوونی كۆنترۆڵ بەسەر چارەنووسی خۆیدا، چ لە ڕێگەی سەربەخۆیی یان دابەشكردنی دەسەڵات، دەبێ بە نەتەوە. نەتەوەكان یان بوونەتە خاوەن دەوڵەت یان لە چاوەڕوانیدان ببن بە خاوەن دەوڵەت. 'مافی چارەی خۆنووسین' هەڵبژاردنی كردەوەكان بە بێ زۆرەملێ دەرەكییە. مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی مافی خەڵكێكە بۆ بوون بە خاوەن حكوومەتی خۆیان، دێمۆكراتیك بێت یان نا. بنەماكە لە ڕاگەیەندراوی كاریگەری ئاتلانتیك (١٩٤١)، دەربڕینامەیەكی هاوبەش لەلایەن فرانكلین ڕۆزڤێلت و وینستۆن چێرچیل، دەربڕدرا و بوو بە بناخەی لەكۆلۆنی دەرهێنان. هەندێك نموونە دەریدەخەن كە چۆن داخوازییەكان بۆ نەتەوەبوون خاك، چاند/كەلەپوور و ڕامیاریی تێكەڵ دەكەن.

وەسفکردنی کەنەدییە فەڕەنسی زمانەکان وەک نەتەوەیەکی جیاواز، لە بەرانبەر کۆمەڵێکی زمانیدا، داواکارییەک بۆ خودموختاری ئەگەر نا سەربەخۆیی پیشان دەدات بۆ ئەم گروپە کە لە ڕووی چاندییەوە جیاواز و لە ڕووی جوگرافیاییەوە چڕەوبووە. هەر بەو شێوەیە، خەبات بۆ دەوڵەتی فەلەستینی لە ساڵی ١٩٤٨ەوە، ناسێنەی نەتەوەیی فەلەستینی بەهێزتر کردووە کە پێشتر نادیارتر بوو. لەبەر ئەوەی کە چەمکی نەتەوە سیاسییە، پێویست ناکات نەتەوەکان بە زمانێکی هاوبەش یەکبگرن. زمانێکی هاوبەش بە دڵنیاییەوە ئەرکی یەکدەستبوونی چاندیی ئاسان دەکاتەوە، بەوەشەوە وڵاتی سویس، بۆ نموونە، بێ گومان نەتەوەیەکە گەرچی فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئیتاڵی لەوێدا بەکاردەهێنرێن. هەر بەو شێوەیە، بە ئینگلیزی قسەکردن بۆ خاوەن مەرج بوونی ئەندامەتی نەتەوەی ئینگلیز بەس نییە؛ ئەگەر وابوایە، نەتەوەی ئینگلیز هەموو جیهانی لەبەردەگرت.[١٤]

لە پەرەسەندنی تێگەیشتن لە نەتەوە، باس لە سەر ئەوە بووە کە ئاخۆ نەتەوەکان دەبێ وەک مۆدێرن/نۆژەن یان دێرین/کەون سەیر بکرێن. لەلایەکەوە، نەتەوەکان زۆرتر وەک هەوڵگەلێک لەلایەن خەڵکەوە ڕەچاو دەکرێن بۆ سەلماندنی مافی لە بنەڕەتدا مۆدێرنی چارەی خۆنووسینی خۆیان. لەلایەکی ترەوە، نەتەوەکان وەکوو بوونەوەرانی سەردەمی دێرینیش سەیر دەکرێن کە هەر لە شلەی سەرەتایی[١٥] سەردەمانی ڕابردووەوە سەریانهەڵداوە. چ باسگەلێک لە هەر لایەکی ئەم مشتومڕەدا دێتە ئاراوە؟ ڕەنگە بوترێت بەشێک لە جۆری مرۆڤ 'نەتەوایەتی'یەک پێکدەهێنێت ئەگەر بە هاوسۆزیگەلێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا یەکبگرن... کە وایان لێدەکات زیاتر بە ئارەزووی خۆیان هاوکاری یەکتر بکەن لە چاو خەڵکانی تر، ئاواتەخواز بن کە لە ژێر دەسەڵاتی یەک حکوومەتدا بن، و ئاواتەخواز بن کە ئەوە دەبێ حکوومەت لەلایەن خۆیانەوە یان بەشێک لە خۆیان بەتایبەتی بێت (Mill, ١٨٦١, p. ٣٩١).

بە مۆدێرن دیتنی نەتەوەکان پێشنیار دەکات کە ئەوانە نەدۆزراونەتەوە بەڵکوو پێکهێنراون. نەتەوەکان داواکاریی دەوڵەتدارییان هەیە و، لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتەکان خۆیان بەرهەمی مۆدێرنیتەن، نەتەوەکانیش هەروەهان. بەتایبەتی، ناسێنەیەکی نەتەوەیی خزمەتی چەندین کردەی مۆدێرن دەکات. ئەمە خەڵکێک یەکدەخات کە یەکتر ناناسن بەڵام سەرەڕای ئەوەش خۆیان بە لێکترگرێدراو دەبیننەوە لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانیگەل و بازاڕگەلی هاوبەشدا. پێشنیار دەکرێت کە نەتەوایەتییەکی هاوبەش پێوەندێکی سۆزداری بۆ جیهانێکی تادێت ئاوەزمەندانەتر دابین دەکات. ئەمە ڕێگە دەدات بە دۆڕاوەکانی گواستنەوە بۆ ئابوورییەکی بازاڕ تاکوو لە پێشکەوتنی وڵاتەکەیان بە گشتی ئاسوودە بن. هەر بەو شێوەیەش، ناسێنەی نەتەوەیی پاساوی ژیرانە بۆ بەشداری لە شەڕدا دابین دەکات، بە هاندانی خەڵک "بۆ مردن لە پێناو کەسانی نامۆدا"(Langman, ٢٠٠٦).

بە دڵنیاییەوە، لە ڕەوتی خەباتەکانی ئەم دواییەدا زۆر نەتەوە پێکهێنراون. لە سەدەکانی نۆزدەیەم و بەتایبەت بیستەمدا، خەڵکانی کۆلۆنییەکان لە ژێر بەیداخێکی ناسیۆنالیستیدا بەرەو سەربەخۆیی ڕۆیشتن. ئەم دەربڕینانە لەسەر ناسێنەی

نەتەوەیی زۆر جار بە ڕادەی ئەو سنوورانەی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن حوکمڕانانی کۆلۆنیکەرەوە سەپێندرابوون، دەسکرد بوون. ئەوە "بوون و هێزی ڕەژیمە کۆلۆنیالەکان بوو کە پەرەپێدانی ناسێنەیەکی نەتەوەیی وەکوو بناخەی خۆڕاگری وروژاند" (Calhoun, ١٩٩٧, p. ١٠٨). لە ڕەوتێکدا کە بە شێوەیەکی گونجاو پێی گوتراوە ناسیۆنالیزم لە سەرەوە، ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی بزووتنەوە نەتەوەییەکانیان دامەزراند کە بەڕاستی سەلماندیان کە گۆڕهەڵکەنەکانی ئیمپراتۆریەت بوون. تێگەیشتنی بەرانبەر، کە نەتەوەکان کۆنن نەک مۆدێرن، لەلایەن 'ئانتۆنی ئێسمیت'ەوە (٢٠٠٩)[16] هاتووەتە ئاراوە. ئەو ئاماژە دەکات کە چەندین گروپی ئێتنیکی گەورە ('نەتەوەکان'؟) بەڕاستی ڕەگ و ڕیشەی دووورودرێژیان هەیە؛ نموونەکان بریتین لە یۆنانییەکان، سێربەکان و چینییەکان. بۆ ئێسمیت، نەتەوەکان پێوەند دراون بە نەریتێک - ڕاستەقینە یان ئەفسانەیی - لەسەر ڕەچەڵەک، مێژوو و چاندی هاوبەش. ئەم هەڵوێستە ڕوانگەی سەرەتاییانەیە لەسەر نەتەوەکان، واتە هەر لە سەرەتاوە هەبوون. چەندین نووسەری تر پێشنیار دەکەن کە هەستی نەتەوایەتی بەشێکی سروشتییە لە بارودۆخی مرۆڤ، نەک وەڵامێک بۆ بارودۆخە مۆدێرنەکان. گیرتز (١٩٦٣)[17]، بۆ نموونە، لەسەر ئەو بڕوایە کە مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی پەیوەندییەکی سۆزداری یان واتاویی/مەعنەوی لەگەڵ گروپبەندییەکی گەورەتر لە دراوسێ نزیکەکانیان (ئەوەی کە ئەم بوونێتییە بەرینترە پێویستە نەتەوەیەک بێت یان نا، پرسێکی ترە) پەرە پێ دەدەن. هەر بەو شێوەیە، ڤان دێن بێرخە (p. 27 ,19881)[18] ناسیۆنالیزم پێوەند دەدات بە تێگەیشتنی سەرەتاییانە لە خزمایەتی. ئەو پێی وایە کە ئێمە بوونەوەرانێکی چاندین کە لە ڕێگەی دانپێدانانی هاوبەش بە ڕەچەڵەکی هاوبەش پێکەوە گرێدراوین. بەڵام ئەم دانپێدانانە ناتوانرێت تەنیا دابهێنرێت بەڵکوو "دەبێ ڕەگ و ڕیشەی لە ڕاستێتیی مێژووییدا هەبێت." کەواتە نەتەوەکان گروپگەلێکی خزمایەتی پەرەسەندوون کە وەڵامی پێویستیی چاندیمان دەدەنەوە بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە کێین. ئەوان تایبەتمەندیی گشتگیرییان هەیە، نەک بەتایبەتی مۆدێرن. وەک زۆر باس و مشتومڕ لە سیاسەتدا، بە ئەگەرەوە توخمگەلێک لە ڕاستی لە هەردوو هەڵوێستەکەدا هەیە. بە گشتی، لەکاتێکدا کە ڕەنگە هەندێ نەتەوەی گەورە وەک گروپە ئێتنیکییەکان خاوەن مێژوویەکی دووورودرێژ بن، وێدەچێت [نەتەوەکان] زیاتر لە هوروژمی سەدەی بیستەمی بۆ دەوڵەتداریی پێکهاتبێتن. دیاریکردنی ڕێکەوتی سەرچاوەی وردی نەتەوەکان بۆی نییە بەڵام ڕۆڵی سەرەکییان بە دڵنیاییەوە لە سەردەمانی مۆدێرندایە. تەنانەت زیاتر لە نەتەوەکان خۆیان، 'ناسیۆنالیزم/نەتەوەخوازیی' دۆکترینێک یان کۆمەڵەباوەڕێک لەسەر مدێرنیتەیە. وەک زۆرێک لە 'ئیزم/خوازیی'ەکان، ناسیۆنالیزم لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەریهەڵدا و لە سەدەی بیستەمدا گەشەی سەند. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو 'ئیزم'انەی تر، بنەمای ناسیۆنالیزم بە دڵنیاییەوە سەرڕاست و سادەیە. بە سادەیی ئەمە ئەو دۆکترینەیە کە نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە – بۆ بەڕێوەبردنی

خۆیان. بەم شێوەیە، ناسیۆنالیزم بیرۆکەیەکی گشتگیر و جیهانییە، گەرچی هەر نەتەوەیەک بێ وێنەیە و ڕەگ و ڕیشەی لە شوێنێکی تایبەتدایە. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافە شارستانی و سیاسییەکان (UNHCR, ١٩٦٦) کورتە دەربڕینێک لەسەر بنەمای خۆ-حکوومەتی نەتەوەیی پێشکەش دەکات: "هەموو خەڵکێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. بە هۆی ئەو مافەوە ئەوان ئازادانە پێگەی سیاسی خۆیان دیاریی دەکەن و مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و چاندییەکانیان بەدواداچوون دەکەن." ئەم بنەمایە سەلماندی کە زۆر کاریگەر بووە بە درێژایی سەدەی بیستەم. لە سەرەتاوە، لەگەڵ دارمانی کۆتایی ئیمپراتۆریەتەکانی ئوتریش-مەجارستان و عوسمانی، ناسیۆنالیزم پاساوێکی بۆ دیسان کێشانەوەی نەخشەی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین کرد. پاشان، لە دەیەکانی دوای ساڵی ١٩٤٥، ڕزگارکردنی نەتەوەیی ڕێگەی دا بە کۆلۆنییەکان لە ئافریقا و ئاسیا کە سەربەخۆیی سیاسی لە ئاغا کۆلۆنیکەرەکانیان بەدەست بهێنن. و لە کۆتایی سەدەکەدا، دارمانی کۆمۆنیزم بووە هۆی دەسپێکردنی بووژانەوەیەک لە دەربڕینی نەتەوەیی لە سەرانسەری یەکیەتی سۆڤییەت و دەوڵەتە گرێدراوەکانیدا. بۆیە هۆیەکی بەهێز هەیە بۆ ڕەچاوکردنی ناسیۆنالیزم وەک هێزی بزوێنەری سەدەی بیستەم. 'ناسیۆنالیزم'، ئایدۆلۆژیای سەرەکی سەدەی بیستەم، ئەو دۆکترینەیە کە نەتەوەکان خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانن. گیلنەر[19](١٩٨٣، p. ١) دەنووسێت کە ناسیۆنالیزم "لە بنەڕەتدا بنەمایەکی سیاسییە، کە پێی وایە یەکە سیاسی و نەتەوەییەکان دەبێ هاوتا بن." ناسێنەی نەتەوەیی لە باری سیاسییەوە زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی کە وەڵامی پرسیارێک لە دەرەوەی سنووری دیمۆکراسی دەداتەوە: کێن "ئەو خەڵکە" کە بڕیارە خۆیان بەڕێوەببەن؟ بەوەشەوە، تەنانەت ئەوڕۆکەش نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی نارێکوپێک بەردەوامن لە بەزاندنی سنووری یەکتر. بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە مەیلە سروشتییەکانمان چیمان ڕەنگە پێ بڵێن، ئێمە هەڵە دەکەین ئەگەر وابزانین کە هەر دەوڵەتێک بریتییە تەنیا لە یەک نەتەوە، یان ئەوەی کە هەر نەتەوەیەک سنووردار کراوەتەوە بە یەک دەوڵەت. خشتەی ١.١ چوار ڕێگای تێکەڵبوونی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بە کردەوە، پیشان دەدات. دوو ڕیزی یەکەم لەم خشتەدا جۆرەکانی دەوڵەت (نەتەوە-دەوڵەت، دەوڵەتی فرەنەتەوە) وەسف دەکەن لەکاتێکدا کە دوو ڕیزی دووەم هەڵی زیاتر بۆ گرووپە نەتەوەییەکان (نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، دیاسپۆرا) پیشان دەدەن. تێگەیشتن لەم پۆلێنبەندییانە بە واتای تێگەیشتنە لە هەندێک ئاڵۆزیی سیاسی جیهانی هاوچەرخ. یەکەم و سادەترین پۆلێنی ڕاستەوخۆ لە خشتەی ١.١دا 'نەتەوە-دەوڵەت'ی نەریتییە. لێرەدا هەر وڵاتێک تەنیا خەڵکی سەر بە نەتەوەکەی لەبەردەگرێت. شۆڕشی ١٧٨٩ی فەرەنسا ئەو بیرۆکەی هێنایە ئاراوە کە دەوڵەت دەبێ بەرژەوەندی و مافەکانی هاووڵاتییانێ کە بە یەک ناسێنەی نەتەوەیی پێوەنددراون بەیەکترەوە، دەربڕێت. فەیلەسوفی بەریتانیایی جان ئێستوارت میل (١٨٠٦-٧٣) داکۆکیکاری سەرەتایی و کاریگەری نەتەوە-دەوڵەتی هاوتا بوو. ئەو دەیوت کە "لە شوێنێکدا کە هەستی نەتەوایەتی لە

## خشتەی ١,١[٢١]

| نەتەوەکان و دەوڵەتەکان | | | |
|---|---|---|---|
| | جۆری | پێناسە | نموونە |
| نەتەوە-دەوڵەت | دەوڵەت | دەوڵەتێک بریتی لە نەتەوەی خۆی | ئایسلەند |
| دەوڵەتی فرەنەتەوە | دەوڵەت | دەوڵەتێک بریتی لە زیاتر لە نەتەوەیەک | شانشینی یەکگرتوو/بەریتانیا بریتییە لە نەتەوەکانی سکۆتلەند و ویلز، هەروەها ئینگلیز و ئایرلەندی باکوور |
| نەتەوەی بێ دەوڵەت | نەتەوە | نەتەوەیەک کە دەوڵەتی خۆی نییە و نیشتمانی دابەشکراوە لە نێوان چەند وڵاتدا | کورد |
| دیاسپۆرا | نەتەوە | نەتەوەیەک لە دەرەوەی نیشتمانەکەی پرژوبڵاو بووەتەوە | جوولەکەکان، ئەرمەنییەکان |

هەر هێزێکدا هەبێت، ڕەوشێکی سەرەتایی هەیە بۆ یەکخستنی هەموو ئەندامانی ئەو نەتەوایەتییە لە ژێر هەر ئەو حکوومەتەدا یان حکوومەتێک بۆ خۆیان بەجیا" (p. ٣٩٢ ,١٨٦١)[٢٠].لە جیهانی ئەوروپکەدا، ئایسلەند نموونەیەک لە نەتەوە-دەوڵەتێکی پەتییە. دانیشتووانەکەی وەها ڕەچەڵەکێکی هاوبەشی بە باشی بەڵگێندراویان لە ناوەوەی دوورگەیەکی چڕەوە هەیە کە پێشینە تۆمارکراوەکانی لەدایکبوون لەم دەوڵەتەدا تاقیگەیەکی تەواو بۆ توێژینەوەی بۆماوەیی/جینەتیکی دابین دەکەن. گەرچی ئەورۆکە کەم وڵات هەیە وەکوو ئایسلەند یەکدەست بن، نەتەوە-دەوڵەت بە ئەگەرەوە هێشتا زاراوەیەکی گونجاوە کاتێک باس لەسەر زۆر وڵات دەکرێ کە تێیاناندا یەک نەتەوایەتی لە باری سیاسی و ژمارەییەوە زاڵە. بۆ نموونە، لە فەرەنسا، ئاڵمانیا و ئیسرائیل، دەوڵەت سەرچاوەی لە خاکی ناسێنەیەکی نەتەوەیی بەهێزدا هەیە، سەرەڕای بوونی کەمینەگەلێکی بەرچاو: جەزائیرییەکان و مەغریب/مەراکێشییەکان لە فەرەنسا، تورکەکان لە ئاڵمانیا و فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل (Smooha, ٢٠٠٢). فەرەنسا، بەتایبەتی، وەک نموونەیەکی کۆنی نەتەوە-دەوڵەت

ماوەتەوە: چاوەڕوانی لە حکوومەت دەکرێت کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە وەک گشتێک دەرببڕێت و هەموو هاووڵاتییانی فەرەنسا بە شێوەی بەرابەر لە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیبووندا بەشدار بن. پۆلێنی دووەم لە خشتەی ١.١ 'دەوڵەتی فرەنەتەوە'یە. لێرەدا، زیاتر لە نەتەوەیەک بنەڕەتییە بۆ سیاسەتی وڵاتێک و تواندنەوە لە ناو نەتەوایەتیەکی زاڵدا بژاردەیەکی ڕیئالیستیک/ڕاستیخوازانە نییە. کۆچی نیونەتەوەیی خەریکە زۆر، ڕەنگە زۆرترین، دەوڵەت بەم ئاراستەدا دەبات. بەوەشە، ئێمە نابێت دیاردەی فرەنەتەوەخوازیی بە نوێ بزانین. بۆ نموونە، بەریتانیا لە مێژە دابەش کراوە لە نێوان نەتەوەکانی ئینگلیز، ویلز، سکۆتلەند و ئایرلەندا؛ کەندا لە نێوان ئینگلیزی و فەرەنسی زمانەکاندا؛ و بێلژیک لە نێوان هۆڵەندی و فەرەنسی زمانەکاندا. ئەم نموونانە دەریدەخەن کە دەوڵەتە فرەنەتەوەکان دەتوانن ئاشتی ناوخۆیی و سەقامگیریی سیاسی بەدەست بهێنن. بەوەشە، زۆر نموونەی تر هەیە کە دابەشکاری نەتەوەیی لە ناو وڵاتێکدا بووەتە هۆی ململانێ. بۆ نموونە، دەوڵەتەکانی باڵکان وەک بۆسنی و کرواسی

لە نەوەدەکاندا ململانێی توندوتیژاوییان لە نێوان گروپە نەتەوەییە کروات، موسڵمان و سێربەکاندا ئەزموون کرد. هەندێ نووسین و توێژینەوە تیشکیان خستووەتە سەر دەوڵەتەکان، چ نەتەوە-دەوڵەت یان فرەنەتەوە. مەترسییەک لە وەها ڕێبازێکی دەوڵەت-تەوەردا هەیە: ئەویش ئەوەیە کە چاوپۆشی دەکرێت لەوەی کە چۆن گروپە نەتەوەییەکان سنوورەکانی دەوڵەت دەبەزێنن.[22] دوو ڕیزی خوارتر لە خشتەی ١.١دا ئەم هەڵە دەخەنەروو. سێهەم پۆلێنمان، 'نەتەوەی بێ دەوڵەت'، ئاماژە بە دۆخێک دەکات کە دەوڵەتی خۆماڵی بوونی نییە. بۆ نموونە، کوردەکان بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵە دانیشتووی ناوچەیەکی شاخاوین لە ئاسیا و ناسێنەی نەتەوەییان بە باشی جێگیر بووە. بەوەشەوە، نیشتمانەکەیان، کوردستان، لە نێوان ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا دابەش بووە، و هیوا و ئاسۆیەکی کەم بۆ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەیە (نەخشەی ١.١). وێدەچێت ئەو ٢٠ ملیۆن کوردە بە ئەگەرەوە وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان بەردەوام بن.[23] دوایین پۆلێنمان 'ڕەوەند/دیاسپۆرا'یە کە 'ئێسمەن'[24](١٩٩٦, p. ٣١٦) بە "گروپێکی ئێتنیکی کەمینە کە بنەچەی کۆچبەریی هەیە و پەیوەندیی هەستیارانە یان ماددی لەگەڵ سەرزەوییە سەرەکییەکەی دەپارێزێت،" پێناسەی کردووە. زاراوەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندیی بە پرژوبڵاوبوونەوەی جوولەکەکان لە سەرزەوییە فەلەستینییەکیان دوای بەزینیان لەلایەن ڕۆمییەکانەوە لە ساڵی ٧٠ی زایینیدا هەبووە. جوولەکەکان نموونەی کۆن و سەرەتایین و تەنیا کەمینەیەک لە جوولەکەکانی جیهان ئێستا لە نیشتمانە دێرینەکەدا دەژین. بەڵام زۆر نموونەی تر هەیە. جینۆساید/تووبڕکردنی ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٩١٥/١٦دا ڕزگاربووانی بە چواردەوردا پرژوبڵاو کردەوە– و بەتایبەتی بۆ ڕووسیا، فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئارژەنتین و ئێران. لە کۆی ڕەنگە ١٠ ملیۆن جەماوەری ئەرمەنی لە سەرتانسەری جیهاندا، تەنیا نزیکەی ٣ ملیۆن کەس لە خودی ئەرمەنستاندا دەژین. ڕەوەندەکان (هەندەران/تاراوگەنشینەکان) دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر نیشتمان، نەتەنیا لە ڕێگەی ڕەوتێک لە ناردنەوەی پارە بەڵکوو لە ڕێگەی کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی سیاسی (پالیسی)، هەبێت. ٢٠ ملیۆن هێندی نانیشتەجێی هێندستان[25](NRIەکان) بوونەتە لۆبییەکی بەهێز بۆ چاکسازی ئابووری لە وڵاتی سەرەکیدا. گرنگایەتی وەها ڕایەڵەگەلێکی سەروونەتەوەیی [لەڕاستیدا سەروودەوڵەتی] خەریکە زیاتر دەبێت کە سەرهەڵدانی نەتەوە وێنایی/مەجازییەکان هان دەدات و کردەوەیی بوونی "ناسیۆنالیزم لە ڕێگای دوورەوە" (Anderson, ١٩٩٨) پیشان دەدات.

نەخشەی ١.١ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت: کورد



## پەراوێزەکان:

1. The state and sovereignty
2. Nations and nationalism
3. Rod Hague and Martin Harrop, Comparative Government and Politics; An Introduction, Palgrave Macmillan, 8th edition, 2010.

٤. وەرگێڕ: هەروەک لە درێژەی ئەم دەقەشدا ئاماژە دەکرێت، ‹دەوڵەت› پەیوەندی بە دامەزراوە یان ئینستیتوشن هەیە لەکاتێکدا نەتەوە/نەیشن و هەروەها کۆمەڵ/کۆمیونیتی پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە. خەڵک بە گشتی بەشێک لە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتە. دیارە سیاسی بوون بەشێکە لە کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام جەخت لەسەر کۆمیونیتی بوونی دەوڵەت جەختە لەسەر خەڵک واتە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی و پشتگوێ خستنی لایەنەکانی تری، لەکاتێکدا کە خەڵکەکەش زۆربەی کات خەڵکێکی یەکدەست نین. بۆیە، گەرچی زۆر جار لە پێناسەی دەوڵەتدا ئاماژە بە کۆمەڵ یان کۆمیونیتی سیاسی دەکرێت، بەڵام بەپێی ئەو پێناسە بەتایبەت یاساییانەی کە جەخت دەخەنە سەر دامەزراوە بوونی، باشترە دەوڵەت وەک ‹قەوارە یان چوارچێوەیەکی سیاسی› ڕەچاو بکرێت تاکوو لەگەڵ پێناسەی کۆمەڵایەتی ‹کۆمیونیتی› تێکەڵ نەکرێت. بنەمای بەکارهێنانی کۆمیونیتی بۆ دەوڵەت ڕەنگە بەتەنیا خودی دەوڵەتەکە وەک چوارچێوەیەکی سیاسی بێت، نەک بنەمایەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی کە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگا بگرێتەبەر. بێجگە فرەنەتەوەیی، فرەخزمیی، فرەئایینی، فرەچاندی و زۆر فرەیی ڕەسەنی تر لە ناو خودی دەوڵەتەکاندا کە بنەمای پێکهاتنی کۆمیونیتی جۆراوجۆرن، ئەورۆکە جۆرە جیاوازەکانی کۆچ تەنانەت ئەگەر بە چەند کەسێکیش بێت کۆمیونیتی بوونی دەوڵەتی لە باری کۆمەڵایەتییەوە بردووەتە ژێر پرسیار.

٥. بەپێی بیردۆزیی دەوڵەت-نەتەوە و ئەوەی کە پێشتر گریمانە وابووە کە هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی هەبێت کەواتە دەوڵەت و نەتەوە بە هاوتا دەهاتنە ئەژمێر، هەندێ چەمک وەک نەتەوەیی (national)، نێونەتەوەیی (international) و سەروونەتەوەیی (transnational) لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆرتر بە واتای پەیوەندیدار بە دەوڵەت، نێودەوڵەتی و سەروودەوڵەتی بەکارهێنراون و جێکەوتوون. لە بواری ئاکادمیکدا هەوڵێک لە ئارادایە کە ئەم چەمکانە لێکتر جیا بکرێنەوە و بە واتا ڕاستەقینەکانیان بەکاربهێنرێن.

6. Gerth and Mills
7. Vladimir Lenin

٨. وەرگێڕ: لە وڵاتانێکدا کە سیستەمی پاشایەتییان نییە، سەرۆککۆمار هێمای دەوڵەتە. بەوەشەوە، لە هەندێ وڵاتی خاوەن سیستەمی ناباوی سیاسی و نادیمۆکراتیک وەک ئێران، لەڕاستیدا ڕێبەری ڕژێمەکە بووەتە هێمای دەوڵەت.

9. Jean Bodin
10. William Blackstone

١١. وەرگێڕ: ئەم دوو خاڵە گرنگن لە پەیوەندی لەگەڵ کورددا: یەکەمیان پێمان دەڵێت کە کورد وەک نەتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەواری/کوردستاندا واتادار دەبێت. بۆیە ئەگەر ئەو داوکارییە/ئیدیعایەی هەیە پێویستە خاکی خۆی بپارێزێت. بەپێچەوانەوە، کۆچی دڵخوازانەی هەمیشەیی بەکۆمەڵ و زۆر لە نیشتمان، چ بۆ وڵاتانی داگیرکەر و چ بۆ دەرەوە، و هەروەها هاوردن و نیشتەجێکردنی خەڵکی نەتەوەکانی تر بەتایبەت لە نەتەوە سەردەستەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە کوردستان، هەڕەشەیە لەسەر بوونی کورد وەک نەتەوە. دووەمیشیان پێمان دەڵێت کە کورد تەنیا لەسەر خاکی خۆی دەتوانێت داوای مافی چارەی خۆ نووسین بکات. بۆیە داگیرکەران نەتەنیا کۆچی ئارەزوومەندانەی کوردیان پێ خۆشە، بەڵکوو کۆچاندوویانن و هەمیشە پلانی گۆڕینی پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی کوردستانیان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لەوانە جۆرە جیاوازەکانی جینۆساید و کۆچاندنی زۆرەملێ هەبووە. بەم شێوەیە بە تەواوی لە هەوڵدا بوون کە پێوەندی نێوان کورد و خاکەکەی بپچڕێنن و ڕێگە نەدەن مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. لەو ئاراستەشدا دوورەپەرێزییان کردووە لە بەکارهێنانی وشەی ‹نەتەوە/نەیشن› بۆ کورد و بۆ دابەزاندنی بۆ ئاستی خوارتر لە وشەگەلێکی تر وەک ‹خزم/ئێتنیک› کەڵکیان وەرگرتووە.

12. Eley and Suny

١٣. وەرگێڕ: واتە دەتوانێت کۆچ بکات. کوردگوتەنی ماڵی بە کۆڵیەوەیە.

١۴. وەرگێڕ: لێرەدا نووسەران بۆ پیشاندانی ئەوەی کە زمان تەنیا مەرجی نەتەوەبوون نییە، ئەو نموونانەیان هێناوەتە ئاراوە. بەوەشەوە، وڵاتی سویسیش دەکرێ وەک زۆر وڵاتی تر، بە فرەنەتەوە ڕەچاو بکرێت. دیارە دۆخیکی تایبەتی هەیە و بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەر سێ زمانەکە لەوێدا فەرمین و دەسەڵاتیش بە باشی دابەش کراوە. لەبەر ئەوەی کە لێرەدا ئەو خەڵکانە ڕازی بە دۆخی هەبوون و هەموو مافە سیاسییەکانیان ڕەچاو کراوە، باس لە یەک نەتەوەبوونی سویس دەکرێت، بەتایبەت بەپێی پێناسەی مۆدێرن بوون لە بەرانبەر دێرین بوونی نەتەوەدا کە دواتر نووسەرانیش باسی دەکەن. بە گریمانەی یەک نەتەوەبوون، دەکرێ بوترێت کە لێرەدا وەک دەگمەنییەک یەک هۆکار، واتە هەبوونی وڵات یان دەوڵەتێک، گرنگترین هۆکاری پێکهێنانی نەتەوەیەکی بەتەنیا سیاسی بووە. لە چەشنی ئەم گرنگترین هۆکارانە دەکرێ بە ئیسرائیل و پاکستان ئاماژە بکرێت کە لەوێنانەدا ئایین گرنگترین هۆکار بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەک یان وڵاتێک بووە. ئەوە لەکاتێکدایە کە هاوکات هەرکام لەو خەڵکانەش لە سویسدا سەر بە نەتەوەگەلێکی خاوەن دەوڵەت لە دەرەوەی سویسن کە بوونەتە پاڵپشتی ئەوان. لە بەرانبەر نموونەی سویسدا، زۆر نەتەوەش هەن کە زیاتر لە دەوڵەتێکیان هەیە و

هەروەها زۆر دەوڵەتیش هەن کە ئێتنیک یان زمانێک توخمی بنەڕەتی پێکهینانی نەتەوە و لە کۆتاییدا دەوڵەتەکە بووە وەک لە فەرەنسا یان ئاڵمانیا. سەبارەت بە زمانی ئینگلیزیش، نابێ کردەی ئەو زمانە وەکوو زمانی پێوەندیدەری نێونەتەوەیی لەگەڵ زمان وەکوو فاکتۆرێکی کۆمەڵایەتی گرنگ، بناخەیەکی گرنگی نەتەوە و بەشێکی گرنگ لە ناسێنەی تاک کە بەرتەسک نابێتەوە تەنیا بە پێوەندیگرتنەوە و زۆر شتی تر لەوانە هەست و سۆز لەبەر دەگرێت، تێکەڵ بکرێت.

15. The primeval soup

16. Anthony Smith

17. Geertz

18. Van den Berghe

19. Gellner

20. John Stuart Mill

٢١. لە پەرتووکەکەدا ژمارەی ئەم خشتەیە ١,۵ دیاریکراوە.

٢٢. بە هۆی ئەوەی کە ئەم وتارە لە دەقی سەرەکی پەرتووکی سەرچاوە جیاکراوەتەوە، ئەم دوو ڕستەیە لەلایەن وەرگێڕەوە بۆ گونجان لەگەڵ شوێنی نوێی بڵاوبوونەوە واتە گۆڤاری تیشک، دەسکاری کراوە. لە پەرتووکەکەدا ڕستە سەرەکییەکان بەم شێوەیەن: «ئەم پەرتووکە تیشکی خستووەتە سەر دەوڵەتەکان، چ نەتەوە-دەوڵەت یان فرەنەتەوە. بەڵام مەترسییەک لە وەها ڕێبازێکی دەوڵەت-تەوەردا هەیە: واتە، ئەوەی کە ئێمە چاوپۆشی دەکەین لەوەی کە چۆن گروپە نەتەوەییەکان سنوورەکانی دەوڵەت دەبەزێنن.»

٢٣. بە هۆی سیاسەتی ڕەژیمە داگیرکەرەکانەوە ژمارەی وردی حەشیمەتی کورد دیار نییە. دیارە لێرەدا بە پێی مەزندە کۆنەکان کەمترین ژمارە ڕەچاو کراوە. مەزندە نوێیەکان تەنانەت زیاتر لە ژمارە باوەکانی پێشوو کە ئاماژەیان بە نزیکەی ۴٠ ملیۆن دەکرد، پیشان دەدەن.

24. Esman

25. Non-resident Indians (NRIs)

# کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا[1]

نووسەر: حەیدەر خزری
زانستگەی فلۆریدای ناوەندی
و: دانا کۆنەپۆشی

## پوختە

ئەم وتارە باس لە پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت لەناو دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکات. وتارەکە، بە کەڵکوەرگرتن لە [چەمکی] یەکتربڕین (intersectionality) وەک چوارچێوەی تیۆرییەک، دەپەرژێتە سەر ئەوەی لەناو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا هەڵکەوتووە و لە دەرەوەیشدا، چۆن پێکهاتە پەروەردەییەکانی پێکگەیشتنی دەسەڵات، کۆمەڵە هەلومەرجێک دروست دەکەن کە لەژێر کاریگەرییاندا، زمانی بێدەوڵەتی کوردی هەموو کات بەجۆرێک وەک مەترسییەکی نەبینراو بەڵام بەردەوامی فرەچەشن بوونی هەیە. وتارەکە پێشان دەدات چۆن زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشدا، هاوچەشنی ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، تەنیا لەگەڵیدا هەڵکراوە و لەو دەرفەتانەی وەک مافی تایبەت بۆ زمانە خاوەن دەوڵەتەکانی وەک عەرەبی، فارسی و تورکی دابین کراون و لەڕێگای بەشی زانستیی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە و هەروەها لەڕێگای خوێندنەوەکانی ئێرانی، عەرەبی و تورکیدا پەرەیان پێ دەدرێت، خۆی بە بێبەش دەبینێت. وتارەکە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چوارچێوە هەنووکەییەکانی دامەزراوەگەلی وەک ئەنجومەنی ئەمریکایی بۆ فێر کردنی زمانە بیانییەکان(ACTFL) و ئەنجومەنی نەتەوەیی زمانە کەمتر فێرکراوەکان (NCOLCTL)، کە لە بنەڕەتدا بۆ نوێنەرایەتیکردنی زمانە بیانی، قەیراناوی و کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دامەزران، چەندە کەمن بۆ هاوسەنگکردنی یەکتربڕینی زمانێکی بێدەوڵەت و تەوەرە فرەچەشنەکانی پەراوێزخران، بێدەوڵەتبوون، سەرکوت، هەڵاواردن و زمانکوژیی زبر و نەرم. ئەم پێگە یەکتربڕەی زمانی کوردی، هەڵسەنگاندنی چەمکی بەربڵاوتری زمانە بێدەوڵەتەکان ڕوون دەکاتەوە و پێویستە لەناو دامەزراوە فیدراڵەکان و خوێندنی باڵادا سەرلەنوێ چوارچێوی سیاسەتە هەنووکەییەکانی پەیوەندیدار بە زمانە بێدەوڵەتەکان دابڕێژرێنەوە و بۆ جارێکی تر بیریان لێ بکرێتەوە. لە کۆتاییدا، وتارەکە هەروەها سنووری باسوخواسەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕین لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاری دەکات کە وەک ئامرازێکی شیکارانە بۆ بیرکردنەوە لە جووڵە و سیستەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەسەڵات بەکەڵک دێت و لێرەدا و بۆ یەکەم جار لە بابەتی زمانێکدا بەکار دەبرێت.

*وشە سەرەکییەکان: زمانە بێدەوڵەتەکان، زمانە کەمتر فێرکراوەکان، زمانە دووجار کەمینەکان، یەکتربڕین، زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، سیاسەتی زمانی، مافە زمانییە ئەرێنی و نەرێنییەکان.*

## پێشەکی

**١** یەکتربڕین و زمانە بێدەوڵەتەکان ئەنجومەنی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە بەستێنی پەروەردەی زمانی بیانی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، بۆ زمانە پەراوێزخراوەکان دیاری کراوە کە زمانی ئینگلیسی و چوار زمانی زۆرتر فێرکراوی فەرەنسی، ئاڵمانی، ئیتالی و سپانی ناگرێتەوە(Johnson,١٩٩٨). بەپێچەوانەی زمانە زۆرتر فێرکراوەکان، لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا زمانە کەمترفێرکراوەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا فێرناکرێن. دۆخی زمانە کەمتر فێرکراوەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، دەتوانێت لەگەڵ دۆخی

کەمینەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەڵسەنگێنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، زمانگەلێک هەن کە دووجار یان زیاتر دەستەبەندیی کەمینەیی دەکرێن. زمانە بێدەوڵەتەکان روونترین وێنەی ئەمجۆرە دەستەبەندییەیە. دۆخی زمانە بێدەوڵەتەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، دەکرێت لەگەڵ دۆخی تاکە دووجار یان زۆرتر لە دووجار کەمینەکانی کۆمەڵگای ئەمریکیدا هەڵسەنگێنرێت. زمانە کەمتر فێرکراوەکانیش، هاوشێوەی زمانە بێدەوڵەتەکان بەردەوام لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا فێر ناکرێن. ئەگەرچی بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە خاوەن دەوڵەتەکان کە بەستراونەتەوە بە دەوڵەت یان ولاتێکی دیاریکراوەوە، زمانە بێدەوڵەتەکان هیچ چەشنە بەروەدان و پشتگیرییەکی دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی نەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەڵکوو ولاتانی خۆیشیانیان نییە. ئەمانە و تەوەرەکانی تری پەراوێزخران، زمانە بێدەوڵەتەکانیان خستووەتە دۆخێکی تایبەتی یەکتربڕەوە، کە هاوچەشنە لەگەڵ ئەو پێگە تایبەتەی ژنانی رەشدا کە لە بەستێنی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، لەناو چوارچێوەی یەکتربڕیندا باسی لێ دەکرێت.

یەکتربڕین[2] لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ کاندا و وەک چوارچێوەیەکی شیکارانە دەرکەوت کە لە هەردوو قانوونی مافی مەدەنی و لەناو بزووتنەوەی مافی مەدەنیدا توانی سەرنج بخاتە سەر پێگەی تایبەتی ژنانی رەش و ژنانی رەنگی تر. "چەمکی یەکتربڕین، کە لە ١٩٨٩دا لەلایەن کیمبێرلێ گرینشاو بەکار برا، بوو بە چوارچێوەی شیکاری سەرەکی کە لەرێگایەوە لێکۆڵەرە فێمینیستەکانی بوارە جیاجیاکان، باس لە شوناسە پێکهاتەییەکانی تۆرەمە، چینەکان، جێندەر و سێکس دەکەن" (Cooper, ٢٠١٥). لەسەر بنەمای کاری ئەو لێکۆڵەرانە، کووپەر(٢٠١٥) چەمکی یەکتربڕینی "بۆ باسکردن لە سیستەمە پێکەوەتەنراوەکانی دەسەلات و سەرکوت بەکار برد، کە باسی لەوە دەکرد یەکتربڕین پەیوەندیی بە شوناسی تاکەکەسییەوە نییە بەڵکوو پەیوەستە بە دەسەلاتەوە". ئەو تەنانەت باسوخواسەکانی پەیوەندیدار بە یەکتربڕین لە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک شێوازناسیی (methodology) توێژینەوە دیاری کرد. یەکتربڕین وەک "تیۆرییەکی گەرۆک" و ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی "سەرکوتی فرەچەشن" و "تەوەرە فرەچەشنەکانی شوناس و تاقمە پەراوێزخراوەکان"، لە بوار و جوگرافیای جیاوازدا بەکار براوە، بۆ ئەوەی پێشان بدات کە ئەم چەمکە جیا لە بەکارهێنانی لە وێنەی ژنانی رەشدا، نەک تەنیا وەک تیۆری بەڵکوو وەک کردەوەیش کەڵکێکی بەربلاوتری لێ وەردەگیرێت(Smith, ١٩٩٨). لەم وتارەدا، من لە چوارچێوەی یەکتربڕین کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی باشتر لەو کۆسپە فرەچەشن و فرەتوێژە تێبگەین کە لە فێربوون و فێرکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردیدا بەرەورووی دەبینەوە. ئەم رێبازە بە دیاریکراوی یارمەتیمان دەدات، نەک تەنیا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە زۆرتر فێرکراوەکان، بەڵکوو تەنانەت بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زمانە کەمتر فێرکراوە مافپێدراوەکانی خاوەن دەوڵەت بەگشتی و ئەوانەی ناوچە وەک: عەرەبی، فارسی و تورکی، لە پێگەی زمانی بێدەوڵەتی کوردی تێبگەین. هەروەها، ئامرازێکی بەکەڵکە بۆ پێشاندانی

ئـــاکاری پێکهاتـــە پەروەردەییەکانـــی دەســـەڵات کە راســـتەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەســـەر زمانـــە بێدەوڵەتەکان لـــە ماڵـــەوە و لـــە دەرەوەدا دەبێـــت. وتارەکـــە لـــە ســـەرەتادا وێنەیەکی خێرا لە پێگـــەی هەنووکەییی زمانـــی کوردی لـــە رۆژهەڵاتی ناویندا دەخاتە بەردەســـت. دواتر بـــاس لە مێـــژوو و ئـــەو پاڵنەرانە دەکات کە بـــوون بە هۆی ئـــەوەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا قســـەی پـــێ بکرێت. وتارەکـــە رووناکـــی دەخاتە ســـەر ئەوەی چۆن هەلاواردنـــە حکوومی، دامەزراوەیی و وانەییەکان و ئاســـتەنگەکانی ئـــەو ولاتانەی کوردیان تێـــدا هەڵکەوتووە، کاریـــان کردووەتە ســـەر پێگـــەی زمانی کوردی لە دەوڵەتـــە یەکگرتووەکاندا. ئەوەی چۆن پرســـی زمانی کوردی لـــە دەوڵەتە یەکگرتووەکانـــدا مانـــای بەربلاوتری زمانە بێدەوڵەتـــەکان روون دەکاتەوە و لەکۆتاییدا دەگاتە بواری بەربلاوتـــری خوێندنەوەکانی دیاســـپۆرای رۆژهەلاتـــی ناویـــن؟ لـــە کۆتاییـــدا وتارەکە مەبەســـتیەتی تێبگات کـــە بەشـــەکانی وەک خوێندنەوەکانـــی رۆژهەڵاتی ناوین، فەرهەنـــگ و زمانەکانی رۆژهەلاتـــی نزیک، بەشـــی ئۆراســـیای ناوەنـــدی و خوێندنەوەکانی ئێرانی، عەرەبی و تورکـــی و هتد .. و هەروەهـــا ئەنجومەن و ناوەندەکانی وەک ACTFL و NCOL- CTL لەنـــاو رێکخراوە هاوچەشـــنەکانی تریاندا، دەتوانن تا چ ئاســـتێک یارمەتیدەر بن بۆ بردنەســـەر و هێشـــتنەوەی پێگەی زمانی کوردی و زمانـــە بێدەوڵەتەکانی تر لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانـــدا. ئایا چوارچێوەی "تاک-تـــەوەر"ی NCOLCTL (کـــە بۆ وێنـــە هەمـــوو زمانەکانی دنیـــا، جیا لە ئینگلیسی، ســـپانی، فەرەنســـی، ئەڵمانی و ئیتاڵـــی لەژێـــر چەترێک بەنـــاوی زمانە کەمتـــر فێرکراوەکانـــدا کـــۆ دەکاتەوە) دەتوانێـــت ئەزموونـــی "یەکتربریـــن"ی زمانـــە بێدەوڵەتەکانـــی وەک کـــوردی، ئویغـــوور، بەربەر/ئامازیـــق، بەلووچـــی و ئەوانـــەی تر بـــاس بـــکات؟ وتارەکە لە شێوازناســـیی جۆراوجـــۆر و لـــە وتووێژی تاکەکەســـی و پەیوەندیـــی ئیمەیلییـــەوە تـــا شـــرۆڤەی دەق کەڵکـــی وەرگرتووە.

## ٢ نەتەوەی کورد، زمـــان و رێنووس

کوردی زمانـــی کوردەکانە. کـــە زۆرتر وا باســـیان دەکەن کە گەورەتریـــن نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیان[٣] (Van Bruinessen,1992). بۆ چەندین ســـەدە زۆربەی کـــوردەکان لە نیشـــتمانی نەریتیـــی خۆیانـــدا ژیاون کە پێی دەوترێت کوردســـتان و لـــە ناو چوار ولاتدا هەڵکەوتووە: ئێـــران، عێراق، تورکیە و ســـووریە. کورد لە دەیەکانـــی کۆتاییدا، لـــە عێراقـــدا و دواتریش لە ســـووریەدا توانیویانە هەرێمـــی خۆبەڕێوەبەری خۆیان دابمەزرێنن. نزیکـــەی ٣٥-٣٠ ملیۆن کورد لـــە هەموو دنیـــادا هەن. نزیکـــەی یەک ملیـــۆن کوردیـــش لـــە قەفقاز(بەتایبەتی لە ئەرمەنســـتان و ئازربایجـــان) و رۆژئاوادا (بەتایبەتـــی لـــە لوبنـــان و ئیســـراییل) دەژیـــن(Sheyholislami & Sharifi, ٢٠١۶, p.٧٧). ژمـــارەی کوردان لە کۆمەڵگا دیاســـپۆراکانی رۆژئـــاوادا زیاتـــر لە یەک ملیۆن کـــەس خەملێنراوە(Hassanpour & Mojab, ٢٠٠۵). فەرانســـە، ولاتانـــی ســـکاندیناوی، بەتایبەتی ســـوید و ئاڵمان لە ئورووپادا، ئوســـترالیا، کانـــادا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا ئـــەو ولاتانەن کـــە میوانداریـــی کوردیـــان کـــردووە.

## زمانی کوردی

زمانی کوردی بەشـــێک لـــە زمانە هیندۆ-ئورووپاییەکانە کە لە پێنج زاراوەی سەرەکی پێـــک دێـــت. کوردیـــی باکوور(لەمەبەدوا

کرمانجی)، کوردیی ناوەندی( لەمەبەدوا سۆرانی)، کوردیی باشوور( کرماشانی، کەلهوری، لەکی و ئەوانی تر)، هەورامی/ گۆرانی و زازاکی(Haig & Ergin, ٢٠١٤). کرمانجی و سۆرانی بەهۆکاری زۆرترین ژمارەی ئاخێوەرەکانیانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری وێژەی کوردیی بەردەست بە ئەم دوو زاراوەیە نووسراون، بوون بە پێوەر بەو مانایە کە چەندین فەرهەنگی یەک-زمانە و چەند-زمانە، ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر، کتێبی ڕێزمان و شێوازیان هەیە و لەو شوێنانەیش کە ڕێگەپێدراون زمانی خوێندنگە و زانستگان(-Sheyholeslami &Shari fi. ٢٠١٦, P.٧٨). گەورەترین پارمەتی بۆ ئەم ڕەوتە کاتێک بوو کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا کورد دەستیان کرد بە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمەکەیان لە باکووری عێراقدا. کۆمەڵەکانی دیاسپۆرای ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە وڵاتانی سکاندیناویدا، ڕۆڵێکی گەورەیان بوو لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا(Kreyenbroek, ٢٠٠٥). ئەمڕۆ هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی سەقامگیرن و پەرە دەسێنن، لە بەرانبەردا زاراوەکانی تر لە کەمی دەدەن و هەورامی و زازاکی بەرەو پێگەی زمانە لە مەترسییەکاندا خزیون.

## ئەلفوبێی کوردی و ڕێنووس

جیا لە ئاخافتنی جۆراوجۆر، کورد بۆ کوردی نووسین کەڵک لە ئەلفوبێ و ڕێنووسی جیاوازیش وەردەگرن. دەسەڵاتی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان لە بەستێنی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگیی جیاجیادا ئەم پرسەی ئاڵۆزتر کردووە. کورد لانیکەم لە چوار ڕێنووسی جیاواز کەڵکیان وەرگرتووە. کورد لە ئێران و عێراقدا ڕێنووسێکی دەستکاریکراوی فارسی-عەرەبی بۆ نووسین بە هەموو زاراوە کوردییەکان بەکار دەبەن. بەدرێژاییی مێژوویش، ئەدەبی کوردی لە سووریە و تورکیەدا هەر ئەم ڕێنووسەیان بەکار بردووە؛ بەهەرجۆر بێت لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستدا، لەژێر کاریگەریی چاکسازی لە زمانی تورکیدا کە ڕێنووسی نوێی تورکی لەسەر بنەمای لاتینی بوو خستە جێگای ڕێنووسە عوسمانییە عەرەبی- فارسییەکەی پێشوو، کوردی ئەم دوو بەشەیش ڕێنووسێکی کوردیی لاتینیان هەڵبژارد. نووسینە ڕێزمانییەکانی ڕۆژهەڵاتناسە سەرەتاییەکانیش کاریگەریی لەسەر ئەم پێڤاژۆیە هەبوو(Rhea, ١٨٧٢/١٨٨٠, pp. ١١٨-١٥٥). ئەوانەی لەو کاتدا لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەژیان و کوردەکانی قەفقاز(بۆ وێنە ئەرمەنستان)، کە لە نووسینەکانیاندا ڕێنووسی ئەرمەنی و سیریلیکیان بەکارهێنا، دواتر لە ڕێنووسی کوردی لەسەربنەمای لاتین کەڵکیان وەرگرت. لە ئێستادا گەورەترین جیاوازی لە نووسینی کوردیدا لەنێوان ئەو دوو شێوەیەدایە کە لەلایەک ( بەهەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی) لە ئێران و عێراقدا کوردیی پێ دەنووسرێت، کە لەسەر بنەمای ئەلفوبێی دەستکاریکراوی عەرەبی-فارسییە و لەلایەکی ترەوە شێوەیەکە کە لە سووریە و تورکیە و ئەرمەنستاندا کوردیی پێ دەنووسرێت و لەسەر بنەمای لاتینە. جیاوازی لە سیستەمی نووسیندا، هاوکات لەگەڵ جیاوازی لە هێندێک تایبەتمەندیی دیاریکراو لە نووسین و سیستەمی دەنگدا، ئاریشە بۆ فێرکاریی زمانی کوردی لە ناوخۆ و بەتایبەت لەناو ئەو کۆمەڵە دیاسپۆراییانەدا دروست دەکات کە کوردیی هەموو بەشەکانی تێدا کۆبوونەتەوە (-Sheyholeslami, Shar

ifi, ۲۰۱۶, p ۷۹). دانانی پۆلی فێرکاریی کوردی بۆ یەک زاراوە یان هەردوو زاراوەکە ئاریشەکانیان جیاوازن. لە وێنەی یەکەمدا کێشەکانی یەکزاراوەخوازی، بەپیوەرکردن و بە فەرمیکردنی زاراوە کوردییەکان لەناو پرسی کورددا دەردەکەون(Chyet, ۲۰۱۸). وێنەی دووهەم پێویستیی بە سەرچاوەی زیادە، ئامرازەکانی فێرکاری و وانەبێژ هەیە.

## ۳ پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا

لە تورکیەدا، لەسەرەتادا بەکارهێنانی زمانی کوردی بە هەموو جۆرێک ڕێگەپێنەدراو بوو. لە تورکیەدا لەئاکامی چەندین دەیە زمانکوژیی زبر و نەرمدا[۴]، کوردەکان ناتوانن بە زمانی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، ئەوانەیش کە دەتوانن لە دەرەوەی خوێندنگە فێری نووسین بوون، کە زۆربەی کات مەترسی لەسەریشیان هەبووە(Hassanpour, Skutnabb-Kangas & Chyet, ۱۹۹۶). دوای هەفتا ساڵ لە قەدەغەبوون، زمانەکە لە شوێنە گشتییەکاندا لە کۆتاییی سەدەی بیستدا کەمێک لەگەڵیدا هەڵکرا. لە ۱۹۹۲ دا، قەدەغەبوونی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا خاوتر بوویەوە. لە ساڵی ۲۰۰۹دا، زانستگای ئارتووکلووی ماردین، خولی زمانی کوردی و زمانە کەمینەکانی تری لە ئاستی زانستگادا ڕاگەیاند. لە ساڵی ۲۰۱۲دا، وانەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی هەڵبژێردراو و بەو مەرجەی کە پشتگیریی ماڵی و ژمارەی پێویستی فێرخوازی بۆ دابین ببێت، لە خوێندنگاکاندا ڕێگایان پێ درا. لە ساڵانی دواییدا، هێندێک پۆلی تایبەتی زمانی کوردی پێشنیار دەکرێن. هێندێک لە زانستگاکان چەند یەکەیەکی خوێندنی زمان و وێژەی کوردی و هێندێک خوێندنگەی دواناوەندییش لە ناوچە کوردییەکاندا خولی زمانی کوردی وەک زمانی هەڵبژێردراو دەخەنە بەردەست. بڵاوکی کوردی، وەک ئاڤێستا لە ئیستانبوڵ سەریان هەڵداوە و وێستگەیەکی تەلەفزیۆنیی دەوڵەتیی ۷ کاتژمێرەیش بەناوی تی ئار تی کوردی هەیە. ئەگەرچی، سیاسەتی توندکردنەوەی تورکیە لەدوای کوودەتاوە، زمانی کوردیی کردووەتە ئامانج و خوێندنگا تایبەتە کوردییەکان داخران. تا ئەمڕۆیش، زمانی کوردی لە تورکیەدا وەک زمانێکی دووجار کەمینە ماوەتەوە کە هیچ پێگەیەکی فەرمی، مافی پەروەردەیی، یان هیچ چەشنە برەوپێدان و پشتگیرییەکی دەوڵەتیی نییە (Zey-danlioglu,۲۰۱۲; Arslan, ۲۰۱۵).

لە ئێراندا و لەماوەی ژیانی کورتی کۆماری خۆبەڕێوەبەری کوردستاندا (لە ژانویە تا دیسامبری۱۹۴۶) کوردی زمانی فەرمیی کۆمارەکە بوو و زمان و وێژەی کوردی بە باشی مامەڵەی لەگەڵ کرا و بەراستی ئازادیی زمانیی هەبوو و برەوی پێ درا. لە ڕووخانی کۆمارەوە تا ساڵی شۆڕشی ئیسلامیی ۱۹۷۹ [لە ئێراندا]، دەربڕینی شوناسی کوردی بە توندی بەری پێ دەگیرا(Sheyholislami, ۲۰۱۹). لە شۆڕشی ئیسلامیی ۱۹۷۹ەوە زمانی کوردی دەکەوێتە دۆخێکەوە کە شێخولئیسلامی(۲۰۱۲) بە "لەگەڵداهەڵکردنی بەرتەسک و دەستبەسەرداگیراو" ناوی دەبات. لە ۱۴ی جوولای ۲۰۲۰ دا، مامۆستایەکی زمانی کوردی لەلایەن دادگەی شۆڕشی ئیسلامییەوە بە تاوانی فێرکردنی زمانی دایکی دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا(Khezri, ۲۰۲۰). تا ئەمڕۆیش،

زمانی کوردی پێگەیەکی فەرمی نییە و هیچ برەوپێدان و پشتگیرییەکی دەوڵەتییشی نییە. تەنانەت قانوونی بنگەهیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زمانەکانی جیا لە فارسی لە ئێراندا، بە چەمکە کۆلۆنیالیستییەکانی وەک ” زمانی ناوچەیی و هۆزی“ ناو دەبات(هەمان). بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە وەک جیم کوومینز، تاڤ سکووتناب کانگاس و شێخولئیسلامی، زمانی کوردی لە ئێراندا لە مەترسیدایە، لەبەر ئەوەی بەتایبەتی لە سەرەتاکانی پەروەردەدا ئامرازی فێرکردن نییە(see: Kalan ٢٠١٦, Sheyholislami ٢٠١٢). ئەمڕۆکە، زمانی کوردی هێشتا لەژێر مەترسیی تواندنەوە و سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەناو سیستەمی پەروەردەی ئێراندایە (see: Soleim-ani & Mohammadpour, ٢٠١٩).

تا دەیە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، کورد لە عێراقدا تەنیا دە ساڵ ئازادیی زمانی و مافە ئەرێنییە زمانییەکانیان ئەزموون کرد، ئەوی تر هەمووی بڕگەبڕگە بووە. ئەمە دوو ساڵ تەمەنی پاشایەتیی کوردستان بە پێشڕەویی شێخ مەحموود بەرزنجی(١٨٨٧-١٩٥٦)، کە لە ١٩٢٢ ەوە تا ١٩٢٤ ی خایاند و قۆناغی دامەزراندنی کۆماری عێراق بە تایبەتی لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٧ لەخۆ دەگرێت(Sallih, ٢٠١٩, p.٤٠). جیاواز لە پرسی بە فەرمی ناسین، عێراقی ژێردەسەڵاتی بەعس سیاسەتێکی درێژخایەنی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ئێتنیکیی کوردی گرتە بەر. سیاسەتی نەرمی زمانکوژی لەکۆتاییدا بە زنجیرە هەڵمەتی ئەنفال لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠ دا وەک کۆمەڵکوژیی جەستەیی تەقییەوە(Hassanpou, ١٩٩٢pp ١١٩-١٢٥, Salih, ٢٠١٩).

هەرجۆرێک بێت، لە ساڵی ١٩٩٢دا، دانانی ناوچەیەکی تەناهیی کەم یان زۆر خۆبەڕێوەبەر لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، سەرەتا هەلێکی زۆر باش بوو بۆ چالاکییە وێژەییەکان، کە بەچڕی سەرنجی خستبووە سەر پرسە زمانەوانی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەر لەو ساڵەدا، کوردی لە کوردستانی سەر بە عێراقدا بوو بە زمانی فەرمی. لە ساڵی ٢٠٠٥دا، زمانی کوردی لە قانوونی بنگەهیی عێراقدا بە روونی وەک یەکێک لە زمانە فەرمییەکان دانی پێدا نرا. ئەگەرچی لە کوردستانی هەڵکەوتوو لە باکووری عێراقدا زمانی کوردی بە باشی برەوی پێ دەدرێت و پشتگیری دەکرێت، بەڵام دانپێدانان بە زمانی کوردیدا، لە قانوونی بنگەهیی ٢٠٠٥، لە ئاستی فیدراڵدا زۆرتر هێمایییە تا ئەوەی کردەیی بێت(Sheyholismali, ٢٠١٩, p.١٠٦).

بەکارهێنانی زمانی کوردی بە هەموو چەشنێک لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری عەرەبیی سووریە لە ١٩٤٦ەوە قەدەغە بوو و تەنانەت دوای دامەزرانی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ دا زۆرتریش قەدەغە کرا. پەروەردە بە زمانی دایک هیچکات لە هیچ حکوومەتێکی سووریەدا دانی پێدا نەنرا(Hassanpour, Skutnabb-Kangas & Chyet, ١٩٩٦). زمانی کوردی لە دەوڵەتی ئەسەددا بەرەورووی هەردوو جۆری زمانکوژیی نەرم و زبر دەبێتەوە. بەدوای بەهاری عەرەبیدا، کورد دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچە کوردییەکاندا گرت، کە ئێستا زمانی کوردی لەناویاندا ئامرازی پەروەردە، پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندنە. لە ٢٠١٦دا، زانستگای ڕۆژئاوا لە قامیشلی دامەزرا. زانستگاکە بەرنامەی خوێندن بۆ پەروەردەی خوێندنگەی

سەرەتایی و زمان و وێژەی کوردی دەخاتە بەردەست. لەئێستادا، کوردی لە هەموو خوێندنگەکانی ناوچە کوردییەکاندا فێر دەکرێت. ژمارەی مامۆستاکانی زمانی کوردی لە جزیرە ١٣٢٥ کەس، لە عەفرین ٩٣٠ کەس و لە کۆبانی ٤٠٠ کەس دەخەملێندرێت[٥]. لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ بەکوردیکردنی سیستەمی پەروەردە، گرفتی نەبوونی سەرچاوەی مالّی، کتێبی دەق و ئامرازی فێرکاری، مامۆستا و بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستا و دۆخی بەردەوامی شەڕە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و نارۆونیی داهاتوو هەیە. ئەوەی لێرەدا لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە کە زمانی کوردی هەرکاتێک کە دەوڵەت بەرەوی پێ داوە و پشتی گرتووە دۆخی باشتر بووە. لە عێراق و لە ساڵی ١٩٩٢دا، دامەزرانی ناوچەیەکی سەربەخۆ لە کوردستانی سەر بە عێراقدا، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە ٢٠٠٣دا و یەکخستنی پارێزگاکان لەژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەلێکی زۆر گەورە بوو بۆ چالاکییەکان لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا. لە ئێراندا، زمانی کوردی بەهۆی پشتگیریی کۆماری تەمەنکورتی کوردستان لە١٩٤٦دا گەشایەوە. دوای ڕووخانی کۆمارەکە، پێگەی زمانی کوردی کز بوو. لەم دواییەنەدا و لە ٢٠١٢ وە، دامەزرانی ڕۆژئاوا بوو بە هەلێکی باش بۆ چالاکی لە بواری زمانی کوردی لە سووریەدا. پێقاژۆیەکی هاوچەشن لە کۆمەڵە کوردییەکانی دیاسپۆرا لە ئورووپا و دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت. کۆمەڵە کوردییەکانی دیاسپۆرا لە کۆمەڵەکانی سکاندیناویدا، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە بەپێوەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کرمانجیدا هەبوو. کۆمەڵە کوردییەکە کەڵکی لە پشتگیریی بەرچاوی وڵاتانی ئورووپی، بەتایبەت وڵاتی سوید وەرگرت. بەگشتی، وڵاتانی ئورووپی و ئەمریکای باکوور هەڵسوکەوتی جیاوازیان بووە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

## ٤ زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا

وەک ئاکامی مێژوویەکی کەڵەکەبوو لە زمانکوژی، هەڵاواردن و جۆرەکانی تری ڕەتکردنەوە و تواندنەوەی سیستەماتیکی حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکە، کورد پەنای بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بردووە، بەو هیوایەی بتوانێت بەبێ ترس لە بەدواداچوون، بەندکران و تەنانەت کوشتن، فەرهەنگی خۆی بەڕێوە ببات و بە زمانی دایکیی خۆی بدوێت(Arpacik, ٢٠١٩, p.٤٤). کۆمەڵە دیاسپۆراییەکانی ئورووپا، کە لە دەیەی ١٩٥٠ دا و لە فەرانسەوە دەستی پێ کرد و وڵاتانی تری ئورووپای ( بەتایبەت لە سکاندیناوی) بەدوادا هات، زۆرترین پێشوازییان لە زمانی کوردی کردووە. لەناو هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیدا، کرمانجی زۆرترین پشتگری بووە. وڵاتە ئورووپییەکان هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە. کەمینەیەک لە خوێندکارانی تا پۆلی ١٢ لە هێندێک لەم وڵاتانەدا مافی ئەوەیان بووە کە یەک یان چەند کاتژمێرێک بە زمانی خۆماڵیی خۆیان بخرێنە بەر خوێندن. بەهەرجۆر بێت، لە هێندێک لەم وڵاتانەدا بوودجەکە دەبڕدرێن و پاشەڕۆیی دژ بە فرەفەرهەنگی کۆتاییی بەم بەرنامەگەلە هێناوە و هەڕەشە لەو بەرنامانەیش دەکات کە ماونەتەوە. هەروەها، چەندین وڵاتی ئورووپایی خواستی بەهێزی خۆیان بۆ ڕاگرتنی

دڵی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین پێشان داوە کە تێچووەکەی کەوتووەتە سەر کوردی دیاسپۆرا. هەر بەوجۆرەی کە کوردانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەناو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا هەڵکەوتوون، وەک خەڵکی وڵاتی سەرچاوەیان ئاماژەیان پێ دەکرێت(Hassanpou, Skutnabb-Kangas & Chyet, ١٩٩٦). هەرچەند زۆرینەی کوردانی ئورووپا لە ئاڵمان دەژین، پێگەی زمانی کوردی لەوێش بەرچاو نییە و تەنیا چەند خولێکی بەکۆمەڵی زمانی کوردی لە Freie universitat لە بێرلین هەیە. لە کانادادا، پەروەردە لەژێر چاودێریی حکوومەتی پارێزگاکاندایە و یارمەتییەکان زۆربەی کات تەرخان دەکرێن بۆ ڕاهێنانی "زمانی میرات" و کۆن بۆماوەی چەند کاتژمێر لە هەفتەدا. پۆلی زمانی کوردی بۆ خوێندکاری تا قۆناغی ١٢، بەجیا بۆ کۆتاییی هەفتەکان تەرخان کراوە. زۆرێک لەم بەرنامانە مەترسیی برینی یارمەتییان لەسەر هەیە یان لانیکەم پێویستیان بە ناونووسینە. بۆ وێنە، کۆمەڵی کوردی کە بە وڵاتێکی بەریندا بڵاو بوونەتەوە، ناتوانن لانیکەم ٢٥ خوێندکاری پێویستی داواکراو بۆ پارێزگای ئۆنتاریۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی داوا لە حکوومەت بکرێت حەفتانە ٢/٥ کاتژمێر فێرکاریی زمانەکەیانیان بۆ دابین بکات(Ibid).

پێگەی زمانی کوردی لە سویددا ئاوارتەیە. پۆلی زمانی کوردی بۆ خوێندکاری تا پۆلی ١٢ بەشێک لە بەرنامەی وانەی خوێندنگایە کە جیاوازە لەوەی تەنیا زمانێکی بەکۆمەڵ بێت یان تەنیا لە کۆتاییی هەفتەدا بێت. بۆیە ئەم پۆلانە لەچاوی خوێندکارەکاندا ڕەوایی و دانپێدانانی زۆرتری هەیە، چونکا بەشێک لە بەرنامەی خوێندنگایە و لە هەر ئەو ژینگەیەی خوێندنگادا و وەک بابەتەکانی تر فێر دەکرێت. دەبێ ئەوەیش زیاد بکەین، کە زمانی دایکیی منداڵانی خوێندنگە کوردییەکان، لەم خوێندنگایانەدا دەنووسرێتەوە و بەمەرجێک بیانەوێت لەبەرانبەر ئەوەی بەزۆر شوناسی عەرەبی، ئێرانی و تورکییان بدەنێ، دەتوانن خۆیان بە کورد بناسێنن(Ibid). پێگەی زمانی کوردی لە سوید لە قۆناغی دواناوەندیشدا هەر ئاوارتەیە. بۆوێنە، زانستگای ئۆپسالا، نەک هەر خولی زمان و وێژەی کوردیی داناوە، بەڵکوو کوردیی وەک مژاری چەندین خولی تریش دیاری کردووە و چەند پۆلێکیش هەن کە بەشێکیان بە زمانی کوردی وانە دەوترێت. هەروەها بەرنامەی خوێندنەوە کوردییەکانیش لە ڕاهێنانی لێکۆڵەری تایبەتکار لە بواری زمان و فەرهەنگی کوردیدا یارمەتی دەدات. چەندین نووسینگەی حکوومەتی یارمەتیی بڵاوکردنەوەی نزیک بە دوازدە کتێبیان کردووە. زۆرێک لە کتێبخانەکان کۆکراوەی کتێب و چەن گۆڤارێک بە زمانی کوردییان هەیە. تەنانەت خاوەن ژمارەیەکی بەرچاو لە چیرۆکی منداڵانن کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. ناوەندی پەرەسەندنی نێونەتەوەییی سویدی یارمەتیی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکی منداڵانەی داوە بۆ ئەوەی لە کوردستانی سەر بە عێراقدا بەکار ببرێن. بڕێک یارمەتیش دابین کرا بۆ دووبلەی ڤیدیۆی کارتۆنی منداڵان(Ibid). بە ئەم یارمەتییە کەمەی حکوومەتی سویدەوە، ئەو وڵاتە وەک ناوەندێکی چالاکی فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی، بڵاوکراوەی کوردی و چالاکیی فەرهەنگی دەرکەوتووە. ئەمجۆرە لە پشتگیری سنووره بەربەستەکانی برەوپێدانی کوردیی کرمانجیی لە تورکیە و سووریەی لاداوە و

بووە بەهۆی بەپێوەربـــوون و نۆژەنبوونەوەی ئـــەو زمانـــە(Kreyenbroek, ٢٠٠٥).

پێگەی زمانی کوردی لە ســـویددا، پێشان دەدات کە زمانێک تەنانەت لە دیاســـپۆرادا کاتێـــک کە مافـــە ئەرێنییـــە زمانییەکان، برەوپێـــدان و پشـــتگیری لـــە ولاَتـــی پێشـــواز وەردەگرێت، دەتوانێت بەباشـــی پەرە بســـێنێت. لەلایەکی تـــرەوە، پێگەی زمانی کـــوردی لـــە زۆرێک لـــە ولاَتانی تری رۆژئـــاوادا پێشـــان دەدات، کە تەنیا هەلَکردنـــی(Tolerance) بەبێ برەودان و پشـــتگیری، بۆ پەرەســـەندن و مانەوەی پێگەی زمانێکـــی بێدەولَەت بـــەس نییە.

## ٥ کـــورد و زمانـــی کـــوردی لە دەولَەتـــە یەکگرتووەکانـــدا

### کـــورد لـــە دەولَەتـــە یەکگرتووەکانـــدا

لـــە دوا چارەکی ســـەدەی بیســـتەمەوە، دەولَەتـــە یەکگرتـــووەکان پێنج شـــەپۆلی کۆچـــی کوردانـــی بەخۆیە دیـــوە. یەکەم شـــەپۆل لـــە ١٩٧٦-١٩٧٧ دا و بەدوای هەرەســـی شۆرشـــی کـــورد لـــە عێراقدا گەیشـــت، کاتێـــک کـــە شـــای ئێران و دەولَەتـــە یەکگرتـــووەکان دەســـتیان لە پشـــتیوانیی شۆرشـــگێرە کـــوردەکان هەلَگرت و هیچ پشـــتیوانێکی تریان نەبوو. لەئاکامدا، بـــە هەزاران خەلَکـــی کورد بۆ راکردن لە کارەســـات، بە لێشـــاو هەلَهاتن و هێندێکیـــان لە دەولَەتـــە یەکگرتووەکاندا گیرســـانە. زۆرینـــەی نزیک بـــە تەواوی ئـــەم کوردانەی نـــاو عێراق لە تێنێســـی، تێگزاس، کالیفۆرنیا، واشـــنگتن دی ســـی و داکۆتا جێگیر بـــوون(karimi, ٢٠١٠). دووهەم شـــەپۆلی کۆچکـــردن لە ١٩٧٩ دا و لـــە کاتێکـــدا بوو کە شۆرشـــی ئێران رووی دا. زۆرینـــەی کوردانـــی نـــاو ئێران بـــەرەورووی رێژیمـــی تیۆکراتیکی کۆماری ئیســـلامی لە ئێرانـــدا بوونـــەوە. لە ٢٠ی ئاگۆســـتی ١٩٧٩دا، ئایەتولَـــلا خومەینی فەتوای ســـەرکوتێکی هۆقانـــەی خەلَکی کوردی نـــاو ئێرانـــی دەرکـــرد. هاوکات شـــەپۆلی کوشـــتوبڕ و بۆمبارانی شارەکانی کوردســـتان دەســـتی پـــێ کـــرد[٦]. لە ئاکامـــدا، زۆرێک لە کوردەکانـــی ناو ئێران ئـــاوارە بـــوون و هێندێکیان لـــە دەولَەتە یەکگرتووەکانـــدا گیرســـانەوە. نزیکـــەی تەواوی ئەم کۆچبەرانە لـــە لۆس ئانجلێس و کالیفۆرنیـــا جێگیر بوون. ســـێهەمین و گەورەترین شـــەپۆل بەجێماوانی هەلَمەتی کۆمەلَکوژیی ناســـراو بە ئەنفـــال بوون کە ســـەدام حســـێن بۆ بنبڕکردنـــی کورد لە باکووری عێراقدا دەســـتی پـــێ کرد. ئەم هەلَمەتە لە ســـالَی ١٩٨٨دا و بە بۆمبارانی کیمیاییـــی شـــاری کوردیـــی هەلَەبجە گەیشـــتە لووتکە. بەگوێـــرەی چاوەدێری مافی مـــرۆڤ(١٩٩٣)، ٥٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠٠ کورد لـــەم هەلَمەتەدا کـــوژران. هێندێک لە کاربەدەســـتانی کورد بانگەشـــەی ئەوە دەکـــەن کە ئـــەم ژمارەیە تـــا ١٨٢٠٠٠ کـــەس دەگات[٨]. هەزاران کـــورد لە پێناو دۆزینـــەوەی پەناگەیەکدا ســـنووریان بڕی. لەنێوان ســـالَەکانی١٩٩٢-١٩٩١ دا نزیکەی ٩٠٠٠ کـــەس لە دەولَەتـــە یەکگرتووەکاندا جێگیر بوون. شـــەپۆلی چـــوارەم لەنێوان ســـالَەکانی٩٨-١٩٩٦ دا رووی دا، زۆرینەی ئەم شـــەپۆلەو وەرگێرانە بـــوون کە لەگەلَ ســـوپای دەولَەتـــە یەکگرتـــووەکان لـــە رۆژهەلاَتـــی ناویندا کاریـــان دەکرد و دواتر بەهۆی پەیوەندییان لەگەلَ ســـوپای دەولَەتە یەکگرتووەکان و پشـــتگیریی ئاژانســـەکانی ولاَتانی تـــری رۆژئاواوە، ژیانیـــان لەلایەن ســـەدام حســـەینەوە کەوتبووە مەترسییە. نزیک بە ٦٠٠٠ کورد لەســـنووری تورکیەدا و بە رێگای ئاســـمانی راگوێـــزران بۆ گوام بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بـــە پەنابەرییەکەیان بکرێتەوە و دوای چەند مانگێک گەیشـــتنە

ولاتی سەرەکی(Talmadge, ١٩٩٧; Pedigo, ٢٠٠٩). ئەم تاقمە بە زۆری لە تێنیسی و ڤیرجینیا جێگیر بوون. پێنجەمین و دوایین شەپۆلی کۆچ بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکان، بەدوای کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسلامی(داعش) بەدژی کوردانی کرمانج-ئاخێوی ئێزیدی رووی دا. نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لەوان لە نێبراسکا جێگیر بوون.

## پێگەی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا

میسیۆنێرە مەسیحییەکان یەکەم تاقمی ناو ئەمریکییەکان بوون کە سەرنجیان بۆلای زمانی کوردی ڕاکێشرا و ئەم زمانەیان خوێندەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسیحییە خۆجێییە کوردەکانی هەرێمەکەدا پەیوەندی دروست بکەن، ئینجیل وەرگێڕنەوە و بیگەیەننە دەستی کوردەکان. لە ١٨٥٦دا، بەشێک لە ئینجیل وەرگێڕدرایە سەر کرمانجی(Bagster, ١٨٤٨, p.٦٩). لەو کاتەوە، خوێندنەوەکانی ئینجیل بە کوردی بەردەوام بووە و لەلایەن میسیۆنێرە ئەمریکییەکانی وەک ”ساموێل ریپا“ و ”ئێل فۆسم“ەوە ڕێوشوێنی بۆ دیاری کراوە، چونکە ئەمانە هەڵوەدای ئەوە بوون کە پەرە بە کتێب و وشەنامەی کوردی بدەن. لە ١٨٦٩دا، ریپا، میسیۆنێری A.B.C.F.M لە کوردستاندا، ”ڕێزمان و وشەنامەی کورتی زمانی کوردی“ی (a brief grammar and vocabulary of the Kurdish language) خستە بەردەستی کۆمەڵگای ئەمریکیی ڕۆژهەڵات. لە ١٩١٩دا، فۆسم ”ڕێزمانی کردەیی زمانی کوردی“ی (a practical Kurdish grammar) نووسی، کە کۆمەڵێک ڕێنوێنیی گشتگیری ڕێزمانیی، وێنەی شیعر و چیرۆکی کورت، تاقیکردنەوەی وەرگێڕانێکی ئینجیل بۆ سەر زمانی کوردی و وشەنامەیەکی لەخۆ دەگرت. لە ١٩٥٨دا، ئێرنێست مەک کارۆس ”ڕێزمانی کوردی“ی (A Kurdish grammar) بڵاو کردەوە. لە ١٩٦٧دا، زانستگای میشیگان پێنج بەرگی لە وتار، ڕۆژنامە، ڕێزمان، چیرۆکی کورت، فەرهەنگێکی کوردیی عەبدوڵڵا و مەک کارۆس بڵاو کردەوە. هەر لە ١٩٦٧دا، مارگاریت کان، تێزی دۆکتۆراکەی لەسەر زمانناسیی کوردی لە زانستگای میشیگاندا نووسی(Kahn, ١٩٧٦; Gunter, ٢٠١٨). لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمەوە ، هێندێک چالاکی لەسەر زمانی کوردی و بەزۆری لە بواری بڵاوکردنەوەدا بووە(see: Thackston undated; Chyet ٢٠٠٢; Ekici ٢٠٠٩; Khezri ٢٠٢٢). ئەم چالاکییانە لە بواری بڵاوکردنەوەدا بەدوایاندا کۆمەڵێک دەستپێشخەری لەبواری فێرکردنی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتوەکاندا هاتووە، بەگشتی لە بواری ئاخافتندا، دوو جۆر پۆلی زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە: ئەو پۆلانەی لە ناو کۆمەڵەکاندا و وەک کاری خێرخوازانە (بێدەسکەوتی مادی) دانراون و ئەو پۆلانەی لەلایەن دابینکارییە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵاوە پێشنیار و پشتگیری کراون. وێنەیەکی تاقمی یەکەم خولێکی کۆمەڵ- تەوەر لە ”سان دیێگۆ“دایە کە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ەکاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووو(Sheyholislami & Sharifi, ٢٠١٦, p.٨٨). ئەم پۆلانە لە شەوان یان کۆتاییی هەفتەکاندا لەبەردەستدان، بە زۆری وەک پۆلی کوردیی بێ-کرێدیتن و یارمەتی لە

حکوومەتــی فیــدراڵ و دامەزراوەکانــی خوێندنــی بــاڵا وەرناگــرن. هــەر لــە پەیوەنــدی لەگــەڵ ئەم جــۆرە پۆلانەدا، دەبێــت بوترێــت کە چ لە ماوەی ســاڵی خوێندندا و چ وەک وۆرکشــۆپی هاوینەی زمــان، زمانی کــوردی لــە هێندێک لە دامەزراوەکان و زانســتگاکان لــە دەوڵەتە یەکگرتووەکانــدا فێــر کــراوە. بەگوێرەی ناوەنــدی توێژینــەوەی پێشــکەوتوو لەســەر فێربوونی زمــان[9](CARLA)، لە دەوڵەتــە یەکگرتووەکاندا ســێ بەرنامەی زمانــی کوردی بــۆ قۆناغــی دوا ناوەندی هەبــووە: زانســتگای کالیفۆرنیــا، لۆس ئانجلێــس(UCLA)، دامــەزراوەی زمانی بەرگــری(DLI)، لــە مۆنتێــری ســێ ئــەی و زانکــۆی دەوڵەتــی کۆمەڵی لە نەشــڤیل. لە ٢٠٠٦دا، زانســتگای هیندیی بلوومینگتــۆن(IUB)، بوو بــە یەکەمین زانســتگا لە باکووری ئەمریــکادا کە پۆلی زمانی کرمانجــی دەخاتە بەردەســت. لە ٢٠٢١دا، زانســتگای فلۆریــدای ناوەندی دوایین زانســتگا بــوو کە خولــی زمانی کوردیــی ســۆرانی دەخاتە بەردەســت. بەگشــتی، ئەمانە و بەرنامە هاوشێوەکانی تر، زۆرتر بەهۆی دابینکردن و ناوێووســینی کەمــەوە ئێســتا لەبەردەســتدا نیــن. هــاوکات لەگــەڵ ئــەوەی دیاســپۆرای کــوردی بۆ پێگەیەک بــۆ زمانەکەی خۆی لەنــاو ئــەو کۆمەڵگایــەدا دەگەڕێت کە لەپێشــدا سیســتەمی پەروەردەی خۆی هەبــووە، ئاریشــە و ئاســتەنگی نوێیش ئەزموون دەکــەن، کە تایبەتــە بە زمانی بێدەوڵەت، کە ئەمە ســەرەرای ئەو ئاریشە تایبەتانــە بــووە کــە لە وڵاتــی خۆیاندا بۆ چەندین ســەدە ئەزموونیــان کردووە. دەقێکی پێشــرەو کە رێــگای خۆش کرد بۆ ئــەوەی یەکتربرین بــە چەمک بکرێت و بناســرێت، خۆژیاننامەی مــاری چێرچ تێرێل بــوو لەژێر ناوی "ژنێکــی رەنگین پێست لە جیهانێکی ســپیدا" (-a color ed woman in a white world) لە ســاڵی ١٩٤٨دا. یەکەم هێڵەکانــی ئاوایە "ئەمە چیرۆکــی ژنێکی رەنگین پێســتە لە جیهانێکی ســپی پێســتدا. رەنگە ئەمە وەک چیرۆکی نووســراوی ژنێکی ســپی پێســت نەبێت. ژنێکی ســپی تەنیا یەک گرفتی هەیە کــە بەســەریدا زاڵ ببێت- گرفتــی رەگەز. مــن دوانم هەیــە، هەم رەگــەز و هەم تۆرەمە. من ســەر بەو تاقە تاقمەم لــەم وڵاتەدا، کە دوو ئاســتەنگی وەها گەورەی لــە رێدان کە بەســەریاندا زاڵ ببێــت. پیاوە رەنگین پێســتەکان تەنیا یەکیان هەیە- ئــەوەی تۆرەمە" (Terrell, ٢٠٠٥, p.٢٩). تێرێل بــە لەبەرچاوگرتنی مافــە تایبەتەکانــی پیاوی ســپی، خۆی لەگــەڵ هــەردوو ژنــی ســپی و پیاوی رەشــدا هەڵدەســەنگێنێت. ئەو باس لەوە دەکات کــە "دوو ئاســتەنگی وەها گەورە" دۆخی "جووت-نوقســانی"ی (-double handicap) تۆرەمــە و رەگەز دروســت دەکات(p.٢٩). لــە ١٩٧٠ دا، فرانســیس بیال بــە پەرەپێدانی چەمکــی "جووت-نوقســانی"ی تێریل، باســەکەی بەرەو ئەوە دەبات کــە ژنــی رەش لــە جۆرێک لە دۆخــی "جووت-مەترســی"دا (double jeopardy) چەقیــوە کە لــە یەک کاتدا ژنە و رەشــە. ئەو "ژنی رەش لە ئەمریکادا... وەک کۆیلەی کۆیلــە" دەنوێنێت(,Beale ١٩٩٥, p..١٤٨). لــە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٨٠دا، دێبۆرا کینــگ بە چەمکی جووت مەترســیی بیال و مەترســیی ســیانەی "بێڤێرلی لیندســەی"دا دەچێتــەوە، کە روونتر پێ لەســەر چینە کۆمەڵایەتییەکان دادەگرێــت. کینگ باســی ئــەوە دەکات کــە ئــەم چوارچێوەگەلــە دەکەونە داوی "رێبازێکــی" روو لە گەشــە (additive

approach) کە ”ئەو راستییە لەبەر چاو ناگرێت کە تۆرەمەخوازی(راسیزم)، رەگەزخوازی(سێکسیزم) و چینخوازی( کلاسیسیزم) سێ سیستەمی راگرتنی سەربەخۆ دادەمەزرێنن“، هێندێک شت هەن زۆرتر لە چەمکگەلی وەک ”چەند مەترسی“دا (Multiple jeopardy) باشتر رەنگ دەدەنەوە. ئەو دەڵێت ”چەند مەترسی“، ”تەنیا هەڵناگەڕێتەوە بۆ چەندین سەرکوتی هاوکات، بەڵکوو پەیوەندیی یەک بە یەکیشیان لەگەڵ یەکتردا دەردەخات“(۱۹۸۷, p.۴۷). هاوچەشنی ئەزموونی ژنانی رەش، وێنەی زمانی کوردیش رەنگە وەک وێنەی زمانە کەمتر فێرکراوەکان نەبێت کە خاوەن مافی تایبەتی خاوەن دەوڵەتبوونن. چەندین نوقسان و توێژ لە بێمافی بوونیان هەیە کە لە بابەتی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کەڵەکە دەبن. بەزۆری، پرسی کورد لە سەرەتادا بە چاویلکەی سیاسی، مێژوویی و لەم دواییانەیشدا خوێندنەوە جێندەرییەکانەوە لێی نزیک بوونەتەوە. ئەم بەناوەندبوونی سیاسەت و مێژووە، زمان و وێژەی خستووەتە پەراوێزەوە. هەموو کەس دەتوانێت سەدان سەرچاوەی ئاکادێمی لەسەر سیاسەت و مێژووی کورد بدۆزێتەوە بەڵام لە دۆزینەوەی ئەو ژمارە کەمەی سەرچاوەگەلی پەیوەندیدار بە زمان و وێژەی کوردیدا تووشی کێشە دەبێت.[10] تەنانەت ئامرازە سنووردارەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، کێماسیی جۆراوجۆریان هەیە. یەکێک لە مامۆستا بەئەزموونەکانی زمانی کوردی کە لە دە ساڵی دواییدا لە دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا وانەی وتووەتەوە دەڵێت:“ لە کاتێکدا کتێبە رێزمانە ماوەبەسەرچووەکان ئامانجی سەرەکیی ئەو زمانناسانەیە کە هۆگری زمانناسیی هەڵسەنگاندن و شیکاریی رێزمانی و زمانناسانەی زمانی کوردی و ئێتنۆگرافین، کتێبە دەقە نوێکانیش بەدەست گرفتی جیاجیاوە دەناڵێنن، کە بەرچاوترینیان بریتین لە بوار و پێکەوەگرێدراویی مژارە رێزمانییەکان و هەروەها باوبوونی مژارە فەرهەنگییەکان و وشە پەیوەندیدارەکانی“ (Ekici, ۲۰۱۸). بێدەوڵەتبوون، زمانی کوردیی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا تووشی گرفتگەلێک کردووە کە لە وڵاتی خۆیشیاندا بەرەورووی دەبوونەوە؛ وەک جیاوازیی نێوان زاراوەکان و ئاستی دیاریکراوی بەپێوەربوون و نۆژەنکردنەوە، رێنووسێک کە بەکاری دەبەن و لەبەردەستبوونی فێرکاریی زمان و ئامراز و تێکنۆلۆژیی فێرکاریی شیاو، کە ئەمانە لەگەڵ زۆرێک بابەتی تردا ئەو ئاستەنگانە بوون کە لە وڵاتی خۆیان و لە دیاسپۆرایش بەرەورووی فێرکاریی زمانی کوردی بوونەتەوە. پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی لەلایەکەوە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بووە و لەلایەکی ترەوە ئاستەنگی نوێی دروست کردووە. خوێندکارێکی زمانی ئینگلیسی چۆن دەبێت کاتێک کە بۆ پەیوەندیگرتن و نووسین بە زمانی ئینگلیسی کەڵک لە تەختەکلیلی فەرانسی وەربگرێت؟ هەتا ئەمرۆژە و بەهۆی کەمبوونی تێکنۆلۆژیی شیاوەوە، زۆربەی خوێندکارانی زمانی کوردی، پێویستیان بە تەختەکلیلی عەرەبی و فارسی و تورکی هەیە. دەبێت ئەوەیش زیاد بکەین کە، تایبەتمەندیی زەقی کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەسەر پێگەی فێرکردنی زمانی کوردی هەبووە. کۆمەڵی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا نەک هەر لەباری دانیشتووانەوە بچووکە، بەڵکوو هۆکارە

پاڵنەرەکانی بوونیشیان لەناو ئەو وڵاتەدا، دووره لە بەدواداچوونی خەونی ئەمریکی. ئەم پەنابەره کوردانە بەزۆری بەجێماوی توندوتیژی، سڕینەوەی ئێتنیکی، هەڵمەتە کۆمەڵکوژی و شیمیاییەکانی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکەن. لەناو دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، یەکەمین و گرینگترین سەرقاڵییان بەر لە دەستراگەیشتن بە بابەتە پەروەردەییەکان، هەمووی دەگەڕێنەوە سەر شوێنی مانەوە، کارکردن و باری ماڵی. لە ئاکامدا فێرکردنی/ فێربوونی زمانی کوردی وەک بابەتێکی پلە دوو دەمێنێتەوە(pitkänen, Kalekin-Fishman, & Verma, 2002; Bostwick, 2014). پێگەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرای دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، کاریگەریی لەم پێگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی کورد لە ماڵی خۆیدا وەرگرتووە. پەنابەرە کوردەکان لە پێگەیەکی پەراوێزخران، بێمافی، بێبەشبوونی پەروەردەیی و ئابوورییەوە هاتوون، هەر بەو جۆرەی لەناوخۆدا لەلایەن حکوومەتە ناوەندییەکانی وڵاتانی سەرچاوەی خۆیانەوە بەکۆلۆنی کرابوون. تەنانەت هێندێک لە کوردەکان خۆیان بە کورد ناناسێنن. لەنێوان هۆکارگەلی زۆردا، یەکێکیان کە زۆر روونە پێگەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی تاقمە زاڵەکانە(Sheyholislami & Sharifi, ٢٠١٦). بۆوێنە، ئەم پێگە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەی کورد بەپێچەوانەی ئەندامە مافپێدراوەکانی تری تاقمەکە، ئەوان بێبەش دەکات کە بتوانن بەشێوەیەکی بەرچاو یارمەتیی دامەزراندنی بەرنامەی بەردەوام و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی کوردی بدەن. بەپێچەوانەوە، کەسانی وەک بیتا دەریاباری، ئیلاهە ئومیدیار میرجەلالی و هەروا زۆرێکی تر لە ئەندامانی خاوەندەوڵەتی تاقمەکە، یارمەتیی بەرچاویان داوە بە دامەزراندن و تەرخانکردنی کورسی بۆ زمان و وێژەی فارسی، عەرەبی و تورکی. لەنێوان زۆر پرسی تردا، پرسی تۆرەمە، چینی کۆمەڵایەتی

و پەروەردە، هاوچەشنی ئەوەی کورد لە وڵاتی خۆیاندا ئەزموونیان کرد، زۆر کاریگەریی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە کۆمەڵی دیاسپۆرادا هەبووە. ئەمڕۆکە زمانی بێدەوڵەتی کوردی لەنێوان زمانە کەمتر فێرکراوەکاندا ”دیسان ”زمانێکی کەمتر فێرکراوە دۆخـــی یەکتربــڕی زمانـــی بێدەوڵەتی کـــوردی، هەروەهـــا ئاکامی سیســـتەمی دەسرۆیشـــتوویی حکوومەتـــداری و پەروەردەیی ڕاســـتەوخۆ و ناراســـتەخۆی حکوومەتـــە ناوەندییەکانـــی هەرێمەکە و دامـــەزراوە فەرمـــی و نیوەفەرمییەکانـــی ئـــەوان لـــە دەوڵەتـــە یەکگرتووەکاندایە. لەکۆتاییەکانی دەیـــەی ١٩٨٠دا، کۆمەڵێک تیۆریـــی ســـەرەتاییی یەکتربڕیـــن، ئەو بیرۆکەیەیان پەرە پێدا کە سیســـتەمەکانی ســـەرکوت بەیەکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی زنجیرەیـــەک لـــە دۆخـــی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنـــن کـــە ژنانـــی ڕەش و ژنانـــی ڕەنگەکانـــی تـــر، بەشـــێوەیەکی نەبینراو بـــەڵام وەک مەترســـییەکی کۆمەڵایەتیی بـــەردەوام، لەناویـــدا بژیـــن و کار بکەن. گرینشـــاو کاتێک لـــە دۆخـــی قانوونیی ئاڵـــۆزی ژنانی ڕەش هەڵکـــەوت، کە ئەوان وەک ژنێکـــی ڕەش هەڵاواردنیان ئەزموون دەکرد، لە کۆمەڵێک تیۆریی فێمینیســـتیی ڕەشـــەوە بە ئەم ئاکامە گەیشـــت. ئەوەی کـــە ئـــەو بـــە ”یەکتربڕین“ نـــاوی برد، کۆمەڵە نووســـینێک لەپەیوەنـــدی لەگەڵ ئـــەو گرفتـــە کۆمەڵایەتییانەدا شـــەنوکەو دەکات کە ژنانـــی بیرمەندی ڕەش لەگەڵیدا دەســـتەویەخە بوون و بەشێوازی جۆراوجۆر و بۆمـــاوەی نزیک بە ســـەدەیەک هەوڵیان داوە ناوێکی بۆ بدۆزنەوە. گرینشـــاو، لەدوای بیســـت و پێنج ســـاڵ لـــە بڵاوکردنەوەی دوو وتـــارە ســـەرەتاییەکەیەوە، بـــەردەوام بووە لـــە بەبرشـــتترکردنی شـــیکارییە یەکتربڕانەکـــەی. کووپر(٢٠١٥)، لەســـەر

بنەمای ئەو یارمەتییانەی گرینشاو بە [چەمکی] یەکتربرین کردی، پێی وایە بۆ برەودان بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش لە چەقی یەکتربڕیندا، پێویستە سیستەمە زاڵەکانی دەسەڵات بخرێنە بەر سەرنج و پارچەپارچە بکرێن. ئەو دەڵێت "ئەوەی دەبێت وەک خاڵی ناوەندی و لەپێش هەموو شتەوە دایبنێین، ئەوەیە کە یەکتربرین لەپەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە جێگیرەکاندا (دادوەری، ئاکادیمیک و کۆمەڵایەتی)، ئامانجێکی کۆتاییی هەیە، لەوەدا کە سیستەمە جێگیرەکانی دەسەڵات دەخاتە بەر سەرنج و لەیەکیان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە برەو بە تێکەڵبوونی ژنانی ڕەش و ژنانی ڕەنگی پێستی تر بدات و ئەو بوارە ناسیارێناسانانەیە بگۆڕێت کە لەناویاندا ئەم دامەزراوەگەلە مانادارە و لێیان تێدەگەین". ئەم باسە پێشان دەدات کە چۆن سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاکادێمیکەکانی دەسەڵات و سەرکوتی حکوومەتە ناوەندییەکانی هەرێمەکە بە یەکەوە و لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکانیشدا کاریان دەکرد و زنجیرە هەلومەرجێکی وەهایان خولقاندووە کە لەژێر سێبەریدا زمانی بێدەوڵەتی کوردی ژیاوە و کاری کردووە، هەموو کاتیش بەجۆرێک نەبینراو و بەڵام وەک مەترسییەکی بەردەوامیش بووە. هیچکام لەو دامەزراوە فەرمی و نیوەفەرمییانەی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا لەلایەن ئەم حکوومەتانەوە پشتگیری کراون، لە باڵیۆزخانەوە بگرە تا، کۆنسوول، ناوەندە فەرهەنگییەکان و دامەزراوە دینییەکان، هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان بۆ برەودان بە زمان، وێژە و فەرهەنگی کوردی هەڵنەگرتووە. لەکاتێکدا، هەرئەم دامەزراوەگەلە بەتەواوەتی لە برەودان بە زمانی نەتەوەییی/زاڵی خۆیاندا چالاک بوون. سەیری وێنەی تورکیە بکەن: باڵوێزخانەی تورکیە لە واشینگتن دی سی، کۆنسوولیان لە نیۆیۆرک، لۆس ئانجلێس، شیکاگۆ، هوستۆن و بۆستۆن تەنیا برەو بە زمان و فەرهەنگی تورکی دەدەن. ناوەندە فەرهەنگییە تورکییەکانی نیۆیۆرک، نیووهەمپشایر، نیووجێرسی، پێنسیلڤانیا، ماساچووسێت، مایەن، ڤێرمۆنت، کەنەتیکێت و کارۆلاینای باشوور وێنەی ئەو سەدان ڕێکخراوە فەرهەنگی و دینییانەی ترن کە تەنیا زمان، فەرهەنگ و وێژەی تورکی بڵاو دەکەنەوە. ئەمانە هەروەها زۆربەیان ئەو ڕێکخراوە گشتییە پەروەردەییانەن کە کۆمەڵ-تەوەر، خێرخوازانە و ڕیزپەڕکراو لە باجدانن و یارمەتی لە دەوڵەتی تورکیە و بەشی گشتی و تایبەت وەردەگرن. ئەم دامەزراوەگەلە چالاکیی جۆراوجۆری وەک شەوە فەرهەنگییەکان، پۆلی مۆسیقای تورکی، پۆلی وێنەکێشانی سەرئاوی تورکی، پۆلی چێشتلێنانی تورکی، پۆلی وێنەکێشان و پۆلی زمانی تورکی(و تەنانەت عوسمانی) ڕێک دەخەن (see for example Turkish cultural center in NYC). تا ئەو جێگەی من ئاگادارم، هیچ یەک لەم ناوەندە فەرهەنگییانە تاقە جارێکیش خولێکی زمان یان فەرهەنگی کوردییان نەخستووەتە بەردەست. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە زمانی کوردی دووهەم زمانی گەورەیە لە تورکیەدا، کە نزیکەی بیست لە سەدی دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەو زمانە قسە دەکەن. لەسۆنگەی پێگە و زمانی شوناسە ژێردەستەکانەوە و لە بەرگریکردن لە چەندزمانە بوونێکی دەستەبژێر لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا،

هەموو ئەم ناوەندە فەرهەنگییانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە پشتگوێخستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوە بێدەوڵەتە ژێردەستەکاندا، لە ناوخۆ و لە دیاسپۆرادا یارمەتیی پلەمەنیی (هیرارشی) دەسەڵات دەدەن، یارمەتیدەری سەرکوتی زمانە بێدەوڵەت و ژێردەستەکان و سڕینەوەی ئەزموونی ئەوانیشن لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا. زۆربەی کات، نەک هەموو کات، لەم ناوەندە فەرهەنگییانەدا، فەرهەنگ، مۆسیقا، جوگرافیا و جۆری خواردنی فەرهەنگە ژێردەست و بێدەوڵەتەکان بەناوی سەردەستەکانەوە دەناسێنرێت و بەرهەم دەهێنرێتەوە. لەسەر ئەم پشتگوێخستنە ناڕاستەوخۆ و زمانکوژییە نەرمەی زمانی کوردی لە دیاسپۆرادا، حکوومەتە ناوەندییەکانی ناوچەکەیش لە هەزاران مایل ئەولاترەوە دوودڵ نین لەوەی بانگەشەی زمانکوشتنی زبری زمانی کوردی بکەن. تا ئەمڕۆیش، تورکیە شەڕی ئەوە دەکات مێژوو بنووسێتەوە و ڕەدی دەکاتەوە کە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و کوشتوبڕی دڕێرسیم لە سەدەکانی پێشوودا ڕوویان داوە. باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئورووپادا دژی پێگەی زمانی کوردین. "هەوڵدان بۆ پەروەردەی مامۆستای کوردی یان داوای کەمترین مافی پەیوەندیدار بە زمانی دایکەوە و یان تەنانەت ناونووس کردنی کوردی لە زۆربەی بۆنەکاندا لەلایەن باڵوێزخانەکانی تورکیە لە ئاڵمان و دانمارکدا بەرەورووی دژایەتی و هەڕەشە بوونەتەوە" (Skutnabb-kangas, ١٩٨٤,pp.٢٧٩-٢٨٠; Hassanpour, Skutnabb-Kangas & chyet, ١٩٩٦). لەمانگی ئاڤریلی ٢٠١٩دا، زانستگای تۆکیۆ لە ژاپۆن ڕایگەیاند کە لە بەرنامەیاندا پۆلی زمانی کوردییش دەگونجێنن. دواتر هەر لەو مانگەدا، ڤاکاس گۆلاک(Vakkas Golak) ڕاهێنەری زمانی کوردی لە زانستگای تۆکیۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەوڵەتی تورکیە هەوڵی داوە پۆلەکە لە زانستگاکەدا دابخات.[11] پێویستی بە وتن نییە کە ئێران، سووریە و عێراقیش لە دەرەوە هەر وەک ناوخۆ هەر ئەو ڕوانگەیەیان بەرانبەر بە زمانی کوردی هەبووە. پێکهاتە حکوومەتی و پەروەردەییەکانی دەسەڵات و سەرکوت لە وڵاتانی ناوچە کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە، نەک هەر لە بێبەشکردنی زمانی بێدەوڵەتی کوردی لە دەرەتانی بەرچاوکەوتندا پێکەوە تەنراون، بەڵکوو ئەم هەوڵەیان لەناو دامەزراوە فیدراڵەکان و دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵایشدا دەدەن. دامەزراوەکانی فیدراڵی و پەروەردەی باڵا، بەشی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا و ئەنجومەنگەلی وەک NCOL-CTL، MESA، ACTFL حەزی خۆیان بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانی زمانی بێدەوڵەتی کوردی پیشان داوە. گرینگ نییە کوردێک هەڵدەبژێرێت کە چۆن لە سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا بناسرێت، ئەو لە پاسپۆرتەکەیدا وەک ئێرانی، عێراقی، تورکی و سووری دەستنیشان دەکرێت، لە سیستەمی زانستگایشدا هەر بەو جۆرەیە. نووسینگەی سەرژمێریی دەوڵەتە یەکگرتووەکان وڵامەکانی "عەرەب"، "عەرەبی"، "کورد" و "بەربەر"ی هەموو بە عەرەب ڕیزبەند کردووە (Sheiholislami & Sharifi, 2016).[12] حکوومەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکان حکوومەتە ناوەندییەکانی لا گرینگترە لە نەتەوە و زمانە بێدەوڵەتەکان. بۆوێنە بڕوانینە یارمەتییە خوێندنییەکانی دەوڵەتە

یەکگرتووەکان بۆ زمانە لە مەترسی کەوتووەکان. سەرەرای ئەو راستییەی کە کوردی لەناو لیستی زمانە لەمەترسی کەوتووەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە، بەڵام هیچ یەک لە بەرنامە سەرەکییەکانی یارمەتیی فیدراڵ وەک یارمەتیی زمانە لە مەترسی کەوتووەکان، خەڵاتی بۆرین، بەرنامەی یارمەتیی خوێندنەوەی زمان و ناوچە دەرەکییەکان(FLAS)، بەرنامەی ناوەندەکانی سەرچاوەی نەتەوەیی، STARTALK و فلاگشیپی زمان، یارمەتیی بەرنامە زمانەوانییە کوردییەکانیان نەکردووە. من خۆم ئەم جۆرە لە هەڵاوردنەم لە کاتی خۆیدا لە IUB بینیوە. بۆوێنە، دوای دوو ساڵ کاری چڕوپڕی ناونووسین لە IUB دا، لە کۆتاییدا دە داخوازییم بۆ خوێندکارەکانی زمانی کوردی بۆ وۆرکشۆپی زمانی هاوینی ٢٠١٧ پێشکەش کردبوو. من هیوادار بووم بگەم بە ناونووسکردنی لانیکەمی دە خوێندکار کە IUB مەرجی بۆ دانابوو بۆ پاییزی ٢٠١٧ و بە دابینکردنی ئەو مەرجە کە بۆ هەموو زمانێکی نوێی تریش هەیە پێگەیەکی تەواوکات بۆ زمانی کوردی بکەمەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، داخوازییەکە دەبوو ماتڵ ببێت چونکە بەشی ناوخۆییی سەرچاوە نەتەوەییە ئاسیایی و ئورالیکەکان (سەردێرێک بۆ ناوەندیVI) لەپێشدا داخوازیی خوێندنەوە ناوچەیی و زمانە دەرەکییەکانی (FLAS) بۆ زمانەکانی فارسی و تورکی دەخەملاند. ئەگەر پێگەیەک بمایەتەوە، ئەو کات دەچوون بەدوای داخوازکارەکانی زمانی کوردیدا کە شیاوی یارمەتییە دابینکراوەکانیFLAS بوون. شەش کەس لە داخوازکارەکان لە پلانی خۆیان بۆ خوێندنی زمانی کوردی وەک زمانی تر کشانەوە، لەبەرئەوەی نەیانویست مەترسیی کات بەفیڕۆچوون بەبۆنەی FLAS لەئەستۆ بگرن. لە ئاکامدا تەنیا چوار کەس لە ١٠ خوێندکارە سەرەکییەکە توانیان بەدوای بەرنامەکەدا بڕۆن. هیچکام لە دامەزراوەکانی پەروەردەی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا کە پێشتر یان ئێستا زمانی کوردی پێشنیار دەکەن، هیچ پلان و ستراتیژییەکی درێژخایەنیان بۆ هێشتنەوەی بەرنامەکەیان نەبووە. لەکاتی نووسینی ئەم وتارەدا، هیچ زانستگایەکی دەوڵەتە یەکگرتووەکان پێگەیەکی بەردەوامی بۆ زمان و وێژەی کوردی نەبووە. ئەوان ئێستایش، سەدان بەرنامە بۆ زمانە زاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەژێر ناوی قەبەی خوێندنەوە ناوچەییەکاندا پێشنیار دەکەن. بەگوێرەی دامەزراوەی توێژینەوەی پێشکەوتوو لەسەر فێربوونی زمان لە زانستگای مینێسۆتادا[١٣]، تەنیا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، زۆرتر لە ٧٨٨ بەرنامەی بەردەوام بە زمانی عەرەبی، ١٠٩ بە زمانی تورکی و ١٠٠ بە زمانی فارسی هەیە، بەڵام هیچ بەرنامەیەک لەسەر زمانە بێدەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نییە. بەگوێرەی ئەنجوومەنی خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ٢٢٥ بەرنامەی خوێندنی باڵا لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەیە، کە ١٥٩ی بۆ عەرەبی، ٩١ی بۆ عیبری، ٤٩ی بۆ فارسی و ٣٦یش بۆ تورکییە. وەها بەرنامەگەلێکی بەردەوام بۆ زمانە قەیراناوییەکانی وەک زمانی کوردی نییە. ئەم ناهاوسەنگییە زۆر کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا هەبووە، کە تێیدا تاقمە پێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەک هەر لەلایەن هیرارشییەوە بەڵکوو لەلایەن پەراوێزەکانیشەوە دەدوێن (Soleimani & Mohammadpour, ٢٠١٩).

یەکێک لەو ئاستەنگانەی بەرەرووی زمانێکی بێدەوڵەتی وەک زمانی کوردی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا دەبێتەوە، جۆری هەڵسوکەوتی بەشی فەرهەنگ و زمانی رۆژهەڵاتی ناوین و رۆژهەڵاتی نزیک لەگەڵ زمان و فەرهەنگە پەراوێزەکانی وەک زمانی کوردیدایە. ئەم بەشانە، بەهۆی ئەوەی پێشتر کەوتوونەتە ژێر دەستی لێکۆڵەرانی زمانە زاڵەکانی هەرێمەکە و ئەو لێکۆڵەرە رۆژئاواییانەی پەروەردەکەیان بە چوارچێوەی زمانە زاڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوین وەرگرتووە، ئەگەریش نەڵێین هیچ، بەلام لانیکەمی هۆگرییان بۆ پشتگیری و برەودان بە زمان و فەرهەنگە بێدەوڵەتەکانی وەک کوردی هەبووە. ئەزموونی خوێندنەوە کوردییەکان لە ناو بەشەکانی مرۆڤناسی، زانستە سیاسییەکان و مێژوودا زۆر جیاواز بووە، لەوبەشانەدا کوردی دانی پێدانراوە و دۆخی باشترە. لەماوەی چوار ساڵ وانەوتنەوەی کوردی لە IUB دا و تێکەلاویم لەگەڵ زۆرێک لە لێکۆڵەرە کوردەکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکاندا، من هەڵسوکەوتی زۆر باشم لەم بەشانە بینیوە. بۆ وێنە سەرنجی شێوازی بانگەشە بۆ پۆلەکانی زمانی کوردی لە ریزبەندی خولە پێشنیارکراوەکانی بەشی IUB ی خوێندنەوەکانی ئووراسیای ناوەندی بدەن.[١٤] کوردی ، بەپێچەوانەی زمانە کەمتر فێرکراوە پێدراوە خاوەن دەوڵەتەکانەوە ، لەژێر ناوی زمانەکانی ئووراسیای ناوەندیدا بانگەشەی بۆ کراوە. هاوچەشنی IUB، لە ئێستادا بریار وایە خولی زمانی کوردی لە نەشقیلدا لەژێر ناوی "زمانەکانی تری ١،٢،٣" دا پێشنیار بکرێت. زمانی کوردی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ناتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت و بانگەشە بکرێت. لە هێندێک وێنەدا، راپۆرتی هەلاواردنی روونی ئەم بەشانە لەسەر زمانی کوردی هەیە.[١٥] ئەم بەشانە و ناوەندە بەستراوەکان بە ئەوانەوە لە دابەشکردنی سەرچاوە دەرەکی و ناوخۆییەکانی حکوومەتی فیدراڵ و لەهەمووی بەرچاوتر، لە دابەشکردنی ئەو یارمەتییانەی بۆ خوێندنەوە ناوچەییەکان، زمانە قەیراناوییەکان و فەرهەنگە نەناسێندراوەکانی وەک کوردی دیاری کراون، تووشی ناهاوسەنگین. لە ٢٩ ی ئاگۆستی ٢٠١٩دا، بەشی پەروەردەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، نامەیەکی بلاو کردەوە کە ئاماژە بە زانستگای کارۆلینای باکوور لە چاپل هیل دەکات، کە لە پێداچوونەوەی بەشەکە بە راپۆرتی سالانەی پرۆژەکاندا لەلایەن کۆنسرسیۆمی دوک زانستگای کارۆلینای باکوورەوە لەژێر سەردێری VI ی خوێندنەوەکانی رۆژهەلاتی ناویندا نێردراوە، باس لە نایەکسانیی بنەرەتی دەکات: "خوێندنەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوینی دوک-زانستگای کارۆلینای باکوور لە ناو ئەو ژمارە کەمەی، ئەگەر نەڵێین هیچ، لە بەرنامەگەلەیدا کە چربوونەتەوە لەسەر ئەو هەلاواردنە مێژووییانەی کەمینە دینییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست وەک مەسیحی، بەهایی، جوولەکە، ئێزیدی، کورد، دورووزەکان و ئەوانی تر بەرەورووی دەبنەوە و دۆخی ئێستای ئەوان، ناهاوسەنگیی پێوە دیارە"[١٦]. لەسەر بابەتی پاڵنەرە جۆراوجۆرەکان و هۆکارەکانی پشت ئەم نامەیە مشتومری چڕ لەنێوان لێکۆڵەرانی رۆژهەلاتی ناویندا بووە. بەهەرجۆرێک بێت، من وەک لێکۆڵەرێک کە لە سەرەتاوە لەژێرناوی VI دا کارم کردووە، ئەو تێبینییە رەوایانە دەبینم کە پەیوەندییان بەو راستییەوە

هەیــە کە زمان و فەرهەنگــە پەراوێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویــن، وەک کوردی و ئێزیدی لــە بەرنامەی خوێندنەوەکانــی ڕۆژهەڵاتی ناویــن لــە دەوڵەتــە یەکگرتووەکانــدا ســەرنجی کەمیــان خراوەتــە ســەر.

هەر لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ژنان دەستی پێکرد، ژنانی ڕەش تاقولۆقە بەشدارییان لەو گرووپانەدا دەکرد. بەلام زۆربەیان لە جارێک زۆرتر بەشدارییان نەدەکردەوە. ئانیتا کۆرنوال[٦٨] لە بابەتی " یادداشتگەلێک لەلایەن فێمێنیستێکی ڕەشی گەی[٦٩]" بەجوانی ئەو خاڵە دەپێکێ و دەڵێت " ... زۆر بەداخەوە، وێدەچێ ترس لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەژادپەرەستی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بێ کە زۆربەی ژنانی ڕەش[٧٠] حەز ناکەن پەیوەستی بزووتنەوەی ژنان بن". تەرکیزی ئەم

دوایی‌یانە لەسەر نەژادپەرەستی گۆتارێکی پێک هێناوە، بەڵام کاریگەرییێکی زۆر بچووکی بووە لەسەر هەڵس و کەوتی ژنانی سپی لەگەڵ ژنانی ڕەش. زۆربەی کاتەکان ژنانی سپی کە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی وتارەکانیان لەسەر "لەبیرخۆبردنەوەی نەژادپەرەستی[٧١] " لە سەرەوە دەڕوانن بۆ ژنانی ڕەش و بە بەزەیی‌یەوە لەگەڵیان دەجووڵێنەوە.
ئەمەش شتێکی سەیر نییە چون زۆرجار ئاراستەی گۆتارەکانیان تەنیا بۆ بەردەنگی سپییە و سەرنجیان لەسەر گۆڕینی هەڵوێستە ڕەواڵەتییەکانە نەک نەژادپەرەستی لە چوارچێوەیەکی مێژوویی و سیاسیدا. ئێمە دەکەن بە ئۆبژەی گوتاری زاڵ لەسەر نەژاد. ئێمەش وەک ئۆبژە، ژێردەستە و نابرابەر دەمێنینەوە. تەنانەت ئەگەر بەجیدی کەڵکەڵەی نەژادپەرەستییان بێت، مێتۆدۆلۆژییان وا دەگەیێنێت کە هێشتاش نەیانتوانیوە خۆیان لەژێر کاریگەریی ڕوانینی لە سەرەوە و بیردۆزی سەروەریی سپییەکان قوتار بکەن. هەندێک لەو ژنانە خۆیان لە پێگەی ئەو دەسەڵاتدارانەدا دەبینن کە دەبێ لەنێوان ژنانی سپیی نەژادپەرەست (کە پێیان وایە بە شێوەیێکی سروشتی نەژادپەرەستییان لە خۆیاندا چارەسەر کردووە) و ژنانی ڕەشی قەڵس کە وادەزانن توانای گوتارێکی عەقڵانییان نییە، ناوبژی بکەن. بەڵێ بەدڵنیایی‌یەوە ئەگەر لەسەر ئەوە بن کە پێگەی دەسەڵاتداریی خۆیان ڕابگرن، نەژادپەرەستی، چینایەتی و نوخبەگەرایی وەک خۆی دەمێنێتەوە.
لە ساڵی ١٩٨١ ، لە پۆلێکی تیۆریی فێمینیستی ناوم نووسی. لە کۆی ئەو بابەتانەی کە دەمانخوێندەوە، نووسراوەی ژنان و پیاوانی سپی و یەک پیاوی ڕەشی تێدا بوو، بەڵام هیچ کامێک لە بابەتەکان نووسراوەی ژنانی ڕەش، ئەمریکایی‌یە خۆجێییەکان، هیسپانیکەکان و ئاسیایی‌یەکان نەبوون و سەبارەت بە وانیش وانەیێک بۆ خوێندنەوە بەدی نەدەکرا. کاتێک من ڕەخنەم لەو ڕەوتە گرت، ژنانی سپی وەها بەرووممدا هاتنەوە کە ئیتر زۆر بۆم ئەستەم بوو بەشداریی ئەو پۆلە بکەمەوە. کاتێکیش دەنگم هەڵبڕی کە مەبەستی ئەو تووڕەیی‌یە لەحاستی قسەکەی من ساز کردنی جەوێکە کە لە ڕووی دەروونییەوە بەرگەی قسەکردن و بەشداری نەگرم، بەسانایی حاشایان لێ کرد و گوتیان کە تووڕە نەبوون؛ بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە من بووم کە قەڵس بووم. دوای چەن حەفتە کە کلاسەکە کۆتایی پێ هات نامەیێکم لە خوێندکارێکی سپی بەدەست گەیشت کە دانی بە تووڕەیی‌یەکەی دانابوو و لەو شاڵاوەی بۆی هێنابووم، پەشیمان بوو. ئاوای بۆ نووسیبووم:
تۆم نەدەناسی، تۆ ڕەش بوویت. پاش ماوەیێک لە پۆلەکە سەرنجم دا دیتم من وڵامی هەر شتێک کە تۆ بیڵێی دەیدەمەوە. وە زۆربەی جارەکانیش ئەوەم تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵت دەکرد. تەنانەت جاری وابوو بەڵگەهێنانەوەکەم هەر سەبارەت بە نەژادپەرەستی نەبوو. بەڵام وا بیر دەکەمەوە کە لۆجیکی شاراوە ئەوە بوو کە ئەگەر بۆ یەک شت بیسەلمێنم تۆ هەڵەیت ، ئەوە قەت بۆ هیچ شتێکی دیکە حەق بە تۆ نابێت.
لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێت:
ڕۆژێک لە پۆلەکەماندا گوتم هەندێک کەس کەمتر کەوتوونەتە داوی جیهانبینیی ئەفلاتوونەوە[٧٢]. کوتم پێم وایە ئێمە دوای پازدە ساڵ پەروەردە لەژێر کاریگەریی چینی باڵادەست ڕەنگە زۆرتر لە کەسانی دیکە کە ژیانیان تا ئەو ڕادە لە شێیانەوە[٧٣] نزیک نەبووە، وەدوا کەوتبێتین.

هاوپۆلەکەم کە زەمانێک هاوڕێ و خوشک و هاوکارم بوو، لەو کاتەوە قسەم لەگەڵ ناکات. پێم وایە هێنانە بەرباسی ئەوەی کە ڕەنگە ئێمە باشترین وتەبێژ بۆ هەموو ژنان نەبین، ترسێکی خستە گیانی سەبارەت بە بڕوانامەی دوکتۆراکەی و هەستی شاییبەخۆبوونی.

زۆربەی جاران کاتێک فێمێنیستە سپییەکان بەتووڕەیییەوە هێرش دەکەنە سەر ژنێکی ڕەش، خۆیان بە قوربانی دەزانن. لە گەرمەی گفتوگۆ لەگەڵ خانمە خوێندکارێکی سپی لە گرووپێکی تێکەڵی نەژادی کە من ڕێکم خستبوو، پێی گوتم کە بیستوویەتی من چۆن خەڵکم لە پۆلی تیۆریی فێمێنیستی تەفروتونا کردووە و ئەویش ترساوە کە تووشی هەمان چارەنووس بێت. پێم گوت زۆر زەحمەتە کە من بەسەر ئەواندا زاڵ بووبێتم، چون لەوێ تەنیا کەسێک بووم ڕووی قسەم لە کۆمەڵێک بەشداربووی تووڕە و دڕ بوو. ئەوە من بووم کە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پۆلەکەم جێ هێشت نەک هیچ یەک لەوانەی کە گوایە من ئەوانم تەفروتونا کردووە.

ئەم کلیشە نەژادپەرستانەیەی کە ژنانی ڕەش بەهێز و سەروو مرۆڤن[٧٤]، ئەفسانەیێکی کارایە لە مێشکی زۆربەی ژنانی سپی کە ڕێگایان بۆ خۆش دەکا چاو داپۆشن لەوەی کە ژنانی ڕەش لەو کۆمەڵگایەدا تا چ ئاستێک دەکرێ قوربانی بن و هەروەها ڕۆڵی خۆیان لە بەردەوامیی ئەو قوربانیبوونە پشتگوێ بخەن. لیلیان هێڵمان[٧٥] لە ژیاننامەکەی[٧٦] دا دەنووسێت :

هەموو ژیانم هەر کە لەدایک بووم، ژنانی ڕەش دەستووریان پێ داوم، هەم دەمویستن هەم لێشیان دڵگیر دەبووم. ئەو چەند جارەش کە لە قسەیان دەرچووم، سەرم لێشێوا بوو.

هێڵمەن مەبەستی لەو ژنە ڕەشانەیە کە خزمەتکاریان بوون و قەت لە پێگەیێکی وەک یەکدا نەبوون. تەنانەت وەک منداڵیش ئەو کاتانەی بردراوەتە ژێر پرسیار، نسحەت یا ڕێنماییش کراوە، پێگەیێکی باڵادەستی هەبووە. ئەگەر دەستوورێکیشیان دابێت بەهۆیەوە بووە کەسایەتییەکی بە دەسەڵاتی سپی لە خێزانەکەدا ڕێی پێ دەدان. هێڵمان لە جیات ئەوەی دان بە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ژنە ڕەشانەدا بنێت، ئەوان وەک خاوەن دەسەڵات پێناسە دەکات و تارمایی دەخاتە سەر سروشتی ئەو دەسەڵاتە لە پەیوەندییەکەیاندا. ژنانی سپی بە گوتنی ئەوەی کە ژنانی ڕەش خاوەن دەسەڵات و هێزێکی ئەفسانەیین، هەم خۆیان وەک قوربانییەکی بێدەسەڵات وێنا دەکەن و هەم سەرنج لەسەر تووڕەیی، دەسەڵات و خولیایان بۆ زاڵبوون بەسەر کەسانی تردا لا دەبەن (ئەگەرچی ئەم بابەتانە لە دۆخێک کە پیاوان و سپییەکان سەردەستە بن، سنووردار دەبێتەوە). ئەم لایەنە دانپێدانەنراوانەی پێگەی کۆمەڵایەتیی زۆربەی ژنانی سپی ڕێگا لە تێپەڕاندنی نەژادپەرستی دەگرێت و تێگەیشتنیان لە پێگەی گشتیی ژنان لە ئەمریکا سنووردار دەکات.

فێمێنیستە خاوەن ئیمتیازەکان تا ڕادەیێکی زۆر لە قسەکردن بۆ گرووپە جیاوازەکانی ژنان، دووان لەگەڵیان و نوێنەرایەتییان سەرکەوتوو نەبوون. چون یا بەتەواوی لە پەیوەندیی نێوان ستەمی نەژادی، سێکسیستی و چینایەتی نەگەیشتوون یا ئەو تێکهەڵکێشە بە هێند ناگرن. شرۆڤە فێمێنیستییەکان بە هەڵاواردنی لایەنەکانی تر تەنیا جەخت دەکەنە سەر جێندەر و بناغەیێکی قایم بۆ سازکردنی تیۆریی فێمێنیستی ڕۆ نانێن. لایەنگری لە عەقڵییەتی باوک/

پیاوسالاری رۆژاوایی تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە و بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە جێندەر تەنیا دیاریکەری چارەنووسی ژنانە، تارمایی دەخەنە سەر واقعی دۆخی ژنان. بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو ژنانەی ستەمی چینایەتی و نەژادی ناچێژن وا هاسانترە تەنیا تەرکیزیان لەسەر جێندەر بێت. ئەگەرچی فێمێنیستە سۆسیالیستەکان جەخت دەکەنە سەر چینی کۆمەڵایەتی و جێندەر، باسێک لە نەژاد ناهێننە گۆڕێ. تەنانەت ئەگەر بە نابەدڵی ئاماژە بە گرینگبوونی نەژاد بکەن، لە ئاکامدا لە تاوتوێکانیاندا ڕەنگ ناداتەوە.

ژنانی ڕەش گرووپێکن لەو کۆمەڵگایەدا کە لە پێگەیێکی زۆر نائاساییدان. چون ئێمە نەتەنیا بە گشتی لە پلەی خوارەوەی کار و کەسابەتداین، بەڵکو لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتیشەوە لە هەموو گرووپەکانی تر خوارترین. لە پێگەیێکی وەهادا ئێمە بەرگەی ئازاری ستەمی نەژادی، چینایەتی و سێکسیستی گرتووە. لە هەمان کاتدا ئێمە گرووپێکین کە ڕانەهاتووین بە چەوساندنەوە و زوڵم و ڕێگەمان پێ نەدراوە بەدامەزراوەیی ئەویتری خۆمان بکەینە ژێردەستە. ( منداڵانیش ئەویتری بەدامەزراوەیی[٧٧] کراو نین. ئەگەر تەنانەت لە لایەن دایک و باوکیشیانەوە بچەوسێنەوە). ژنانی سپی و پیاوانی ڕەش دەکرێ هەم زوڵمیان لێ بکرێت و هەم زوڵمیش بکەن. پیاوانی ڕەش ڕەنگە قوربانیی نەژادپەرەستی بن، بەڵام سێکسیسزم لایان بۆ شل دەکا ببنە چەوسێنەری ژنان. ژنانی سپیش ڕەنگە قوربانیی سێکسیسزم بن، بەڵام نەژادپەرەستی ڕێگەیان پێ دەدا کە زوڵم لە خەڵکی ڕەش بکەن. هەردووکی ئەو گرووپانە سەرکردایەتیی بزووتنەوەیێکی ئازادیخوازانە دەکەن کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت و هاوکات پاڵپشتی درێژەدان بەو زوڵمەش دەبن کە بەرانبەر بە گرووپەکانی تر دەکرێ. سێکسیسزمی پیاوانی ڕەش خەباتی بۆ بنبڕکردنی نەژادپەرەستی لاواز کردووە. بە هەمان شێوە نەژادپەرەستیی ژنانی سپی خەباتی فێمێنیستی لاواز کردووە. تا ئەوکاتەی ئەو دوو گرووپە یا هەر دەستەیەکی دیکە، ئازادی بە واتای یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پیاوانی سپی سەر بە چینی باڵادەست دادەنێن، ئەوە بەرژەوەندیی تایبەتیان لە درێژەپێدان بە چەوساندنەوەی کەسانی تردا هەیە.

ژنانی ڕەش بەبێ هیچ ئەویترێکی بەدامەزراوەیی‌کراو کە هەڵیانباوێرن و ستەمیان لێ بکەن, زۆر جار ئەزموونگەلێکیان لە ژیانیاندا هەیە کە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری پێکهاتە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرەکان و بیردۆزە هاوتەریبەکانیشی دەبنەوە. ئەو ئەزموونەی ژیانی ژنانی ڕەش ڕەنگە بتوانێ هۆشیاریی ئێمە بەرەو ئاقارێک بگۆڕێ کە نێرینمان لەو کەسانەی کە جۆرێک لە بەرتەرییان هەیە، جیاواز بکات (بەڵام لە هەر حاڵدا خزمایەتییەکیان لەناو سیستەمی هەنووکەییدا ببێت). زۆر پێویستە کە ژنانی ڕەش بۆ درێژەپێدان بە خەباتی فێمێنیستی ئەو ڕوانگە تایبەتەی کە ژیان لە پەراوێز[٧٨] پێی داون، بەفەرمی بناسن. ئەوان پێویستە لەو دەلاقەیەوە ڕەخنە لە هەژمۆنیی سێکسیزم، چینگەرایانە و نەژادپەرەستانە بگرن و هەروەها دژەهەژمۆنی[٧٩] وێنا بکرێن. من باوەڕم وایە ئێمە ڕۆڵێکی ناوەندیمان لە سازبوونی تیۆریی فێمێنیستی هەیە و دەتوانین ڕوانگەیێکی بەنرخ و تایبەت پێشکەش بکەین. دارشتنی تیۆری و کرداری فێمێنیستیی ڕزگاریخوازانە،

ئەرکێکی بەکۆمەڵە کە دەبێ دابەش بکرێت. من زۆرجار ڕەخنەی توند لە لایەنەکانی ئەو بزووتنەوە فێمێنیستییەی کە تا ئێستا دەیناسین دەگرم، بەڵام ئەوە بۆ کەم بایەخکردنی خەباتی فێمێنیستی نییە، بەڵکو بۆ بەپێزکردن و بەشداربوونە لە سازکردنی بیردۆز و بزووتنەوەیێکی ڕزگاریخوازانە.

*Hooks, Bell (1984) Feminist Theory from margin to center. Chapter 1: Black Women: Shaping Feminist Theory. United states: South End Press.

## پەراوێزەکان:

1. Betty Friedan
2.The Feminine Mystique
3. The problem that has on name
4. Housewife
5. Classism
6. Racism
7. Sexism
8. Work force

٩. نۆرا کاراکتێری سەرەکی نمایشنامەی «ماڵی بووکەڵەیی» لە دەرهێنانی هێنریک ئیبسێنە کە لە ژێر زەختی پیاوسالاری و ژیانی هاوسەرگیری و لە ماڵەوە دا قەتیس کراوە.

10. Nora
11. Case study
12. narcissism
13, self-indulgence
14. Progressive Dehumanization
15. Bias
16. Whit Supremacy
17. Hierarchy
18. Rita Mae Brown
19. The Last Straw
20. Leah Fritz
21. Dreamers and Dealers
22. Expression
23. Benjamin Barber
24. All women are oppressed
25. System of domination
26. Oppression
27. choice
28. Exploitation
29. Discrimination
30. Christine Delphy
31. For a Materialist Feminism
32. Ruling Ideology
33. Exterior Reality
34. Common Oppression
35. Conservative
36. Unity
37. empathy
38. Solidarity
39 Organize around your own oppression
40. Liberation Now
41. Women’s liberation:

Blueprint for the Future
42. Class and Feminism
43. Radical Feminism
44. Sisterhood is Powerful
45. Sookie Stambler
46. Antoinette Fouque
47. Social contradictions
48. Phallocentrism
49. Carol Ehrlich
50. The Unhappy Marriage if Feminism and Marxism: Can It Be Saved?
51. Zillah Eisenstein
52. The Radical Future if Liberal Feminism
53. Liberal Individualism
54. Individuality
55. Competitive
56. Atomistic
57. Party line
58. Discourse
59. Praxis
60. Personal dilemma
61. Susan Griffin
62. The Way of All Ideology
63. self
64. self-knowledge
65. Sexist Socialization
66. Segregated Communities
67. Patois
68. Anita Cornwal
69. Three for the price of one: Notes from a Gay Black Feminist
70. Womyn
71. Unlearning Racism
72. Plato
73. Monster
74. Superhuman
75. Lillian Hellman
76. Pentimento
77. Institutionalized other
78. Marginality
79. Counter-hegemony

# خەباتی ژنانی کورد لە ئێران:*
# خەبات بۆ داگیرکردنەوەی کایەی گشتی

توێژەران : ئازاد حاجی ئاقایی و وێندێلموێت هامەلینگ
وەرگێڕان: گەلاوێژ سۆفی

## پوختە


چەمکی "حکومەتی ئیسلامی"ی ئایەتوڵڵا خومەینی و شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩، هەوڵی دا ژنان لە کایەی گشتی دوور بخاتەوە و هەژموونێکی نوێی کایەی گشتیی ئیسلامی بێنێتە ئاراوە. لەبەر چەندین هۆکاری کولتووری و سیاسی، زۆرێک لە کوردانی ئێران ڕەتیان کردەوە سیاسەتەکانی حکومەتی ئایینی قەبوڵ بکەن. ئەم وتارە بە بەکارهێنانی چەمکی گشتی و دژە-گشتی، باس لە خەباتی ژنانی کورد دەکات و لێکۆڵینەوە لەوە هۆکارانە دەکات کە هانیان دەدات بەرەنگاری پەراوێزخستنیان ببنەوە. ئێمە دەڵێین کە لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ناوەندگەرایی-ئایینی و کۆمەڵگای نەریتیی کوردیدا، ژنانی کورد چەند کایەیەکی دژە-گشتی نوێیان دروست کردووە کە دەتوانێ دیموکراسی پەرە پێ بدات و یەکسانیی جێندەری هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران باشتر بکات.

وشە سەرەکییەکان

دیموکراسی؛ یەکسانیی جێندەری؛ بەرگریکردن؛ جیۆپۆلەتیکی فێمینست؛ حکومەتی ئیسلامی؛ بزاڤی ژنان


## پێشەکی

لە کاتی ڕاپەڕینەکانی ئێران و کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) کە١ پاش کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن٢ پۆلیسی ئیرشادی٢ ئێرانەوە لە تاران ڕوویان دا، وێنە و گرتەی ڤیدیۆییی ژنانی کورد بە جلوبەرگی پێشمەرگانەوە٣، زۆربەیان بێحیجاب، لەناو مزگەوتەکاندا بڵاو کرایەوە. ئەمە بانگەوازی خەڵکی دەکرد بۆ ڕێپێوان و نارەزایەتی. ئەم ڕووداوانە چەندین جار لە مزگەوتەکانی شارە سوننەنشینە کوردییەکاندا دووبارە بوونەوە و خەڵکیان خستە بیری ئەو ژنانەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ هەمان کاریان ئەنجام دا. ئەو دیمەنانەی بڵاو کرانەوە، لەلایەکەوە خەباتی ژنانی کورد بۆ داگیرکردنەوەی کایەی گشتی و گێرانی ڕۆڵێکی چالاک تێیدا نیشان دەدا، و لەلایەکی ترەوە هەوڵەکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی سنوورداناانی ئایینی و پیاوسالارانەیە کە جاروبار مزگەوت نوێنەرایەتیان دەکات. خەباتی ژنان بۆ یەکسانی، هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانەوەی فەزای گشتی، ناتوانرێت جیا لە مێژووی کورد و بەرخۆدانی ژنانی دیکە لە سەدەی ڕابردوودا ببینرێت. لە ماوەی ڕابردوودا و بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) و شەڕە ناوخۆییەکانی کوردستاندا (١٩٨٠-١٩٨٨)،(کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی ئێران-عێراق)، ژنانی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایی و بەرهەڵستی خۆیان دەربڕیوە. سەرەڕای ئەوەش، بەردەوامبوونی توندوتیژی و تێهەڵچوون و تێکەڵبوونی خەباتی ژنان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی و چینایەتیدا، لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی بەرتەسک کردنەوە و ناڕوونیی ڕۆڵی ژنان لە دروستکردنی دژە-کایەی گشتی کە ژیانێکی دیموکراسی دەهێنێتە ئاراوە.

کورد بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەش کراوە، بە سیستمی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبرێت و لە ڕووی کولتووری و سیاسی و زمانەوانییەوە پەرتەوازە بووە. کوردستانی ئێران (ڕۆژهەڵات) دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاویی سەخت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای ئارارات و چیاکانی زاگرۆس لە باکوری ڕۆژاوای ئێران. وەک سێیەم گرووپی گەورەی ئیتنیکی سیاسی لە ئێران، دوای فارس و

ئازەری/تورک (Eliassi ٢٠٢١)، نزیکەی حەوت ملیۆن کورد لە ئێراندا هەن، کە نزیکەی ١٠%ی کۆی دانیشتووانی وڵات پێک دەهێنن (Stansfield ٢٠١٤, ٦٠)، لە پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کوردستان(سنە) بڵاو بوونەتەوە (Phillips ٢٠١٥, ٨٥). ئەمانە تەنیا خەملاندنن، چونکە دەوڵەتی ئێران ڕێگە بە سەرژمێریی کەمینە ئێتنیکییەکان یان سوونەکان نادات (Kian ٢٠٢٣, ٨). کوردانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و کوردستان (سنە) زۆربەی سوننەن. کوردانی پارێزگای ئیلام و خۆراسانی باکوور، شیعە و سوننە و یارسان/ئەهلی حەقن.٤ نیوەی کورد لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا و خۆراسانی باکوور بە شێوەزاری کرمانجی دەدوێن، لە کاتێکدا کوردانی پارێزگای کوردستان، چەند بەشێکی کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا بە شێوەزاری سۆرانی دەدوێن. ئەم دابەشبوونانە واتای سیاسیی گرنگیان هەیە؛ لە شۆڕشی ١٩٧٩وە کوردە شیعەکان زۆرجار شوێنی ئەو ڕژێمە کەوتوون، لە کاتێکدا کوردە سوننەکان لە کاتی شۆڕشدا سەر بە گرووپە چەپ و کۆمۆنیستەکان بوون، و دواتر ڕەوتێکی زیاتر نەتەوەییی کوردیان گرتەبەر و پەیوەندیی کەمتریان بە گرووپە چەپەکانی ناوەندی ئێرانەوە هەبوو. ئەمەش وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ پێگەی پەراوێزخراوی کورد لە ئێران. زۆرێک لە پۆستە ئەمنی و ئیدارییە باڵاکانی کوردستانی ئێران لەلایەن کەسانی غەیرە کوردەوە بەڕێوە دەبرێن. ئەمە ناوچەیەکە وەک ئەوەی والبی بە تیۆریی ”نایەکسانیی ئاڵۆز و یەکتربڕ“ پێناسەی کردووە (Shakiba, Ghaderzadeh, and Moghadam ٢٠٢١, ٦٢٣). ئەم توێژینەوەیە ، بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کورد و جیاوازییە جیۆپۆلەتیکییەکان لە ئێران، لێکۆڵینەوە لە خەباتی ژنانی کورد لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ تا ساڵی ٢٠٢٢ دەکات. بە تیشک خستنەسەر چالاکی و ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆرێک لە پابەندبوونە کەسییەکانیان، ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەکەین: چی وای کرد ژنانی کورد دژی پەراوێزخستنیان لەلایەن دەوڵەتی ئایینیی ناوەندی و دەسەڵاتە خۆجێییەکان ڕاوەستن؟ چ تاکتیک و ستراتیژییەکیان بەکار هێنا بۆ خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی مافی هاوڵاتیبوونیان؟ ئێمە پێمان وایە کە بزاڤی ژنانی کورد دژی دەسەڵاتی ئایینیی ناوەندگەرایی و کۆمەڵگای نەریتیی کوردی ڕادەوەستن و فەزایەکی گشتیی نوێ دروست دەکەن کە دەتوانێت دیموکراسی پەرە پێ بدات و یەکسانیی جێندەری لە ڕۆژهەڵات و ئێران باشتر بکات. بە پێشکەشکردنی نموونەی مێژوویی ئەوانەی کە لە خەباتدا بوون دژ بە دەوڵەت و پێکهاتە پیاوسالارییەکانی دیکە، کە مافیان زەوت دەکەن و دەیانچەوسێننەوە و دووریان دەخەنەوە، دەڵێین کە دژە-کایەی گشتیی ژنانی کورد لە ناوەندە دژەکانیاندا بوونەتە شوێنی گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن و بەرخۆدان کە ئاڵۆزی و جیاوازی خستووەتە نێوان ناوەندە دژە-گشتییەکانی ژنانی ئێران، سیاسەتی ناوەندگەرایی ئایینیی دەوڵەت و پارتە سیاسییە کوردییەکان. بە لەبەرچاوگرتنی چەمکی جوگرافیای سیاسیی فێمینیستی (Dixon ٢٠١٦, ١)، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە مشتومڕەکانی ئەم نووسینەدا بەکار هاتووە و جەخت لەسەر ئەو دۆخە سیاسی، ژینگەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتییانە دەکاتەوە کە جیۆپۆلەتیک لە قاڵبی داون، لە هەمان کاتدا تیشک دەخاتە سەر بەریەککەوتنی خەباتی ژنان و جیاوازییەکانی هۆشیاریی مێینە کە لە ئەنجامی فاکتەرە

جوگرافییەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

لەم توێژینەوەیەدا، چاوپێکەوتنی درێژخایەن لەگەڵ ١٤ ژنە چالاکی کوردی خەڵکی ڕۆژهەڵات/ئێران و ڕەوەندی کوردی لە نێوان ساڵانی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٣، بە زمانەکانی کوردیی سۆرانی و ئینگلیزی ئەنجام دراون. شەش کەس لەوان تا ئێستا لەوێ دەژین و هەشت کەسیان کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی عێراق یان ئەورووپا. ئەم چالاکانە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣ بۆ ١٩٨٥ لەدایک بوون و نوێنەری سێ نەوەی ژنانی کورد دەکەن کە لە دامەزراندن و بەردەوامیی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ئێراندا چالاک بوون. بۆیە ڕژێم ئەوان وەک 'توخمە نەخوازراوەکان' دەبینێت، و زۆربەیان مێژوویەکیان هەیە لە دەستگیرکردن و تۆقاندن لەلایەن ئیتلاعاتەوە (دەزگای هەواڵگریی ئێران) یان هەڵهاتوون بۆ دەرەوەی وڵات. نەوەی یەکەم خەباتی چەکداری کرد، نەوەی دووەم لە ماوەی قۆناغی چاکسازیدا چالاک بوون، لە کاتێکدا نەوەی هەرەگەنج هەندێکیان لە سەردەمی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٣دا دەستگیر کران. ئەوان بۆچوونی سیاسیی جۆراوجۆریان هەیە، هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان سەبارەت بە پارتە کوردییەکان و بانگەشەی دووپاتکردنەوەی پۆشینی حیجاب وەک ڕەمزی ئایینی و سیاسی هەیە. هەندێکیان ئێستا یان لە کاتێکی دیاریکراودا پەیوەندییان بە پ.ک.ک[5]، کۆمەڵە، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یان پارتی کۆمۆنیستی ئێرانەوە هەبووە. بەهۆی هەستیاریی دۆخی سیاسییەوە، زۆربەی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان ناویان نەهێنراوە. سەرچاوەکانی دیکەی ئەم نووسینە، چاوپێکەوتنی ئۆنلاین و ئەو بەڵگەنامانەن کە لەلایەن کۆمەڵەی ژنانی کورد بڵاو کراونەتەوە.

## دژە-کایەی گشتیی ژنانی کورد و دەنگدانەوەی سیاسی

چەمکی کایەی گشتی لە ساڵانی ١٩٩٠دا گرنگییەکی زۆری پەیدا کرد، بەتایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی گۆڕانی پێکهاتەیی کایەی گشتی (١٠٨٩[١٩٦٢]) یورگن هابرماس، کە گێڕانەوەیەکی مێژوویی گشتی لە ڕۆڵی چاپەمەنی لە دروستکردنی 'جیهانی خوێنەران' یان 'گشتی' پێشکەش دەکات. هەرچەندە هابرماس جەختی لە کراوەیی کایەی گشتی بە ڕووی هەموو هاوڵاتییاندا کردووەتەوە، بەڵام کارەکەی ڕەخنەی لێ گیراوە لەبەر سروشتی دوورخستنەوەی چەمکەکەی (Salvatore ٢٠٠٧)، بەوەی کە سنووری ئاشکرای دادەنا لەنێوان کایەی گشتی و تایبەت، هەروەها کایەی ئابووری/کار و سیاسی و کایەی ئینتیمادا (Craig ١٩٩٦). ڕەخنەکانی دیکە بۆ ناتەواویی جێبەجێکردنی ئەم چەمکە بەسەر واقیعی فرە کولتووری، جێندەری و چینایەتیدا (Benhabib 1997; Fraser 1990; Negt and Kluge 1993) درێژ دەبنەوە، هەروەها ناکارامەیی لە ڕەخنەگرتن لە سنووردارییەکانی دیموکراسیی هەنووکەیی (Fraser 1990, 2). لەبەر ئەمە، پێویستی بۆ پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە چەمکی سەرەکیی هابرماس لە کۆمەڵگە نادیموکراتەکان، بە بەکارهێنانی 'وشەسازیی بەدیل' (Squires 2002) بۆ چەندین کایەی گشتی، بووەتە هۆی سەرنجدانێکی زیاتر لە شوناسی گرووپە پەراوێزخراوەکان. بیرمەندانی وەک فیلسکی (١٩٨٩)، فریزەر (١٩٩٠)، وارنەر (٢٠٠٢) و فێرگۆسن

(٢٠١٠)، ئاماژە بــە هەبوونی چەندین دژە-کایەی گشـــتی لە یەک کاتــدا دەکات بە پلەی یەکــەم لە گرووپە ‛ژێردەســـتەکان‛ یــان ‛پەراوێزخـــراوەکان‛ پێــک هاتوون. لەناو ئـــەم کایانـــەدا، تاکەکانـــی گرووپە جۆراوجـــۆرە ژێردەســـتەکان بەشـــداری لــە دروســـتکرن و بڵاوکردنـــەوەی دژە گوتاری دەکـــەن، کە ئەمەش ئاســـانکاری دەکات لـــە خســـتنەرووی لێکدانـــەوەی بەدیـــل بـــۆ شـــوناس و بەرژەوەنـــدی و پێداویســـتییەکانیان. توێژەرانی دژە کایەی گشتی هاوڕان لەســـەر ئەوەی کە کەسانی ناسپیپێســـت، ژن، هاوەرەگەزخواز، کەمینە ئایینییەکان و گرووپـــە کۆچەرەکان کایەی دژە گشـــتیی هاوبەشـــیان دروست کردووە وەک کاردانەوەیـــەک بەرانبەر سیاســـەتی هەڵاواردنـــی کایە گشـــتییە زاڵـــەکان و دەوڵـــەت (Squires ٢٠٠٢). ئەم فەزایانە، وەک فۆســـت (٢٠١٧، ٣) وەسفی دەکات، نوێنەرایەتیـــی داواکارییـــە بەدیلـــەکان و پێـــوەرەکان لە گفتوگۆی گشـــتیدا دەکەن، یارمەتیـــی دروســـتبوونی لێکدانـــەوەی بەرهەڵستکارییانەی شـــوناس و بەرژەوەندی و پێداویســـتییەکان دەدەن.

تێڕوانینـــی هابرمـــاس بـــۆ زمـــان وەک تاکـــە فۆرمـــی دەربڕیـــن، و داگیرکردنـــی کایـــەی گشـــتی لەلایـــەن پیاوانـــی سپیپێســـت و بۆرژوازی و هێتریۆنۆرماتیڤی، کایەی گشـــتییان وەک شـــێوازێکی بەرواڵـــەت ”بێلایـــەن“ لـــە فـــەزای کۆمەڵایەتـــی —سیاســـی دارشـــتووە کە هیـــچ پەیوەندییەکـــی بـــە ئەزموونـــی ژیانـــی زۆرێـــک لـــە ژنانـــەوە نییـــە (;Craig 1996, 2 Landes 1992). بەگوێـــرەی پوختەکردنـــەوەی مێژوویـــی پێداچوونەوەگـــەرا کـــە بەتونـــدی گوتـــاری هابرمـــاس بـــە ئایدیالـــی دادەنێـــت، فرەیزەر بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات کـــە ژنان لە هەمـــوو چیـــن و نەتـــەوەکان بەهـــۆی پێگـــەی جێندەریـــی ســـەپێنراو لە بەشـــداریی سیاســـیی فەرمـــی بێبـــەش کـــراون، لـــە کاتێکـــدا پیاوانـــی هـــەژار بەهـــۆی مەرجەکانـــی خاوەندارێتـــی بەشـــێوەیەکی فەرمـــی دوور خراونەتـــەوە (Fraser ١٩٩٠, ٦٣). بـــەم جـــۆرە فرەیـــزەر پێشـــنیار دەکات کـــە هەرگیـــز کایەی گشـــتیی یەکگرتـــوو و تـــەواو بوونی نەبـــووە، بەڵکو کایەی گشـــتی هەمیشـــە لـــە کۆمەڵـــە پارچە و بەشـــی جیـــاواز، ناکـــۆک و دژ بەیـــەک پێک هاتووە. ئەو چەمکـــی دژە-گشـــتیی ژێردەســـتە دەهێنێتـــە ئـــاراوە، کـــە بەرهەمهێنـــەری لێکدانـــەوەی دژە هەژموونـــە بـــۆ شـــوناس و بەرژەوەنـــدی و پێداویســـتیی ژێردەســـتەکان. فیلسکی (١٩٨٩، ١٦٦)بـــە پێداگـــری لەســـەر بزووتنـــەوەی ژنـــان وەک باشـــترین نموونـــەی دژە-کایەی گشـــتیی فێمینســـتی، پێی وایە ئەزموونەکانی هەڵاواردن و ژێردەســـتەیی مۆتیڤی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی شوناســـی دژە هەژموونـــی خودئـــاگان.

ســـەبارەت بـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، مەکوســـیک (٢٠٢٣، ٣٧٤) ئامـــاژە بەوە دەکات کە ”دژە-گشـــتییە فێمینســـتەکان لە دەیەکانی ســـەرەتای ســـەدەی بیست و یەکدا بە هیچ شـــێوەیەک نـــۆرم نەبوون“. ســـەرەڕای ئەوەش، لە وڵاتانـــی جیاوازدا، ژنـــان دژە-کایـــەی گشـــتیی پچڕپچڕ لە ڕێگەی بەشـــداریکردنیان لە بوارەکانی وەک ڕۆژنامەگەری و هونەری شـــەقام و سۆشیال میدیـــا دروســـت دەکـــەن. بەرمەبنـــای کارەکانـــی فریـــزەر و هۆنیـــت (٢٠٠٣)، دووبارە هەڵســـەنگاندن بـــۆ چالاکیی ژنانی کـــورد دەکەیـــن کە ڕیشـــەی لـــە دژە گشـــتییەکاندا هەیـــە، بەتایبەتـــی هەوڵی ســـنووردار بۆ پراکتیزەکردنـــی ئەم چەمکە و بەکارهێنانی بەشـــدارییە زانســـتییەکانی فرەیـــزەر بـــۆ حاڵەتی تایبەتیـــی چالاکیی ژنانـــی کورد لەنـــاو دۆخـــی تیۆکراتیک و نادیموکراتـــی ئێرانـــدا. لە کاتێکـــدا ژنان لـــە ئێـــران ڕووبـــەڕووی ســـنووردارییە گشـــتییەکان دەبنـــەوە کە ســـەرچاوەیان

لە کەمیی ئازادیی بنەڕەتیدایە، ژنانی کورد زیاتر لەوەش، لەگەڵ سنووردارییە قووڵترەکانی پەیوەندیدار بە ئیتنیک و جیاکاریی جێندەری و پێکهاتە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەجەنگن. لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا کە سیستەمە سیاسییەکانیان نادیموکراتین، هەوڵەکانی دروستکردنی گشتییە جێگرەوەکان یان بەدەستهێنانەوەی کایەی گشتی زۆرجار ڕووبەڕووی بەربەستی دامەزراوەییی بنەڕەتی دەبنەوە کە پەیوەندییەکی دیالێکتی لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە نایەکسانەکاندا دروست دەکات، کە لە پەیوەندییە پێکهاتەیییەکانی باڵادەستی و ژێردەستەییدا بوونیان هەیە (Fraser ٢٠١۶, ۴٨). ئەم دیالێکتە توانای ئازادیخوازییان زیاد دەکات، چونکە ڕێگە بە دژە گشتییە ژێردەستەکان دەدات تا ڕادەیەک قەرەبووی ئەو ئیمتیازاتانە بکەنەوە کە ئەندامانی گرووپە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان لێی بەهرەمەند بوون (Fraser ١٩٩٧, ٨٧). لەبەرئەوە، فرەیزەر پێداگری لەسەر فەزای پاشەکشە و ڕێکخستنەوە و مەیدانی مەشقی ئەو چالاکییە دۆخییانە دەکات کە ئامادەبووانی گشتیی فەرمی تێیدا زاڵن.

لە ئێراندا، فەرمیترین کایەی گشتیی دەسەڵات و بەرپرسان لە سەردەمی چاکسازییەوە (٩٩٧-٢٠٠۵) لەلایەن جەماوەری دژە کایەی گشتیی ڕیفۆرمخوازەوە کێبڕکێی لەسەر بووە و ژنانی ئەم گرووپە ڕیفۆرمخوازە، خۆیان بە فێمینستی ئیسلامی دەزانن و بەم جۆرەش هێشتا خۆیان بە باوەڕدار دەزانن. بەڵام زۆرینەی ژنانی کورد خۆیان بە عەلمانی دەزانن و بەم جۆرە دژە گشتییەکی پارچەپارچە و پەرتەوازە و دوورتر لە ناوەند لە ژنانی ڕیفۆرمخواز پێک دەهێنن. لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکی فێمینستی و کاریگەری لەسەر پێکهێنانی کایەی (دژە) گشتیی جیاواز، پێکەوەبەستنی فرەسیستمی سەرکوتکاری، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات، بە پێوەری جیاواز دەبینرێت (Massey ١٩٩۴). ئەم پێوەرانە ئاستی جەستەیی، ماڵی، ناوخۆیی، و نیشتمانی لەخۆ دەگرن. ئەم پێکەوەبەستنە بەشێوەیەکی بەرجەستە لە واقیعی ماددیی ژیانی ڕۆژانەی خەلکی ئاساییدا دەردەکەوێت (Bayat ٢٠١٠). بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی چینایەتیی سیستەمی سیاسیی ئێران کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئایینیی مەرکەزی (Moghissi 1996, 57; Mohammadi 2007; Iran 2022 Human Rights Report)، جیاکاریی جێندەری (Rostami-Povey 2012, 27; Shahidian 2002)، جیاکاریی نەژادی (FIDH 2010) دامەزراوە، دروستبوونی دژە کایەی گشتی بۆ ژنانی کورد گرنگییەکی دوو لایەنەی هەیە. لە کاتێکدا ژنانی کورد لەگەڵ هاوتاکانیاندا لە سەرانسەری ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکان هاوبەشن، بەڵام پێگەی ناوازەیان لە کوردستاندا نەریتێکی خۆڕاگری و داخوازیی تایبەت بەدی دەهێنێت کە لە چوارچێوەی خەباتی فراوانتر بۆ مافەکانی ژنان جیایان دەکاتەوە. وەک لەم دواییانەدا لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠٢٢دا بە دروشمی کوردیی ”ژن، ژیان، ئازادی“ بینیمان. بەرخۆدانی ڕۆژانە و بەردەوامیی ژنان لەم ساڵانەدا هەندێک جار فۆرمێکی فراوانتری لە بزووتنەوەی نارەزایەتییە کاریگەرەکاندا وەرگرتووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، ئێمە لەم نووسینەدا دەستەواژەی ”دژە

گشتی' بەکار دەهێنین بۆ ئاماژەکردن بەو گرووپە بەرفراوانانەی ژنانی کورد کە لەلایەن ژنانەوە لە وەڵامی ستەم و وەدەرنان و نایەکسانیدا پێک هێنراون؛ لەوانە کۆمەڵەی گەورە و بچووک، فەرمی و نافەرمی، هەڵمەت لە شوێنە گشتییەکان، گۆڤار و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و ئەو بۆنە و دەسپێشخەرییانەی کە بەشێوەی ئۆنلاین و ئۆفلاین ئەنجام دەدرێن. ئەم دژە گشتییانە پێیان دەوترێت 'دژ'، چونکە بەرەنگاریی پەراوێزخستن، نایەکسانی، قازانج و مافی نادادپەروەرانە دەبنەوە کە گرووپە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان (خەڵکی گشتی) لێی بەهرەمەند بوون. پێی دەوترێت "گشتی" چونکە ئەندامەکانی دەتوانن خۆیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر ببینن (Ghoreishi ۲۰۲۱, ۴۷).

## پێگەی ژنان لە ئێران پاش شۆڕشی ۱۹۷۹

ڕەگ و ڕیشەی فیکریی شۆڕشی ئێران دەکرێ وەک تێکەڵەیەک لە ئیسلامگەرایی و خوێندنەوەیەکی تایبەت بۆ مارکسیزم ببینرێت، کە لە بیری ڕۆشنبیرانی وەک جەلال ئالی ئەحمەد و عەلی شەریعەتیدا بەرجەستە دەبوو (Mirsepassi ۲۰۰۳, ۹۶-۱۲۷) و هەموو بەشداربووانی شۆڕش بەشێوەیەکی یەکسان لەسەری هاوڕا نەبوون. بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا، پیاوان و ژنان لە هەموو چین و توێژەکان- چ ئایینی،عەلمانی، کەمینەی نەتەوەیی یان چینی ناوەڕاست و خوارەوە- پاڵپشتی و بەشداریی شۆڕشیان کرد. لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشدا، گرووپێکی ئیسلامگەرا بانگەشەی "تاکرەهەندی بۆ دەستکەوتەکانی شۆڕش دەکرد" لە ڕێگەی "ڕەتکردنەوەی بەشداریی هێزە شۆڕشگێرەکانی دیکە" (Azimin۲۰۰۸, ۳۵۸). لە سەروبەندی ۸ی ئازاری ۱۹۷۹دا، ڕێبەری حکومەتی ئیسلامی پێداگری لەسەر پەیڕەوکردنی فێرکارییە ئیسلامییەکان کرد، و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لەو ژنانە گرت کە ڕەچاوی حیجاب ناکەن (Kayhan Daily News ۱۹۷۸, ۳; Sahidian ۲۰۰۲, ۹۹). خومەینی بۆ چەسپاندنی سیمای ئیسلامیی نیشتمانی دوای شۆڕش لە بەرانبەر ڕکابەرە کۆمۆنیست و لیبراڵەکان بۆ دەسەڵات، بانگەشەی دەسەڵاتی ئایینی بەسەر سیاسەتی جێندەری و جەستەی ژناندا دەکرد (Mottahedeh ۲۰۱۹, ۷۱). لەو کاتەوە، حیجاب بووەتە ڕەمزێکی ناوەندیی کۆماری ئیسلامی، و بەناوەندگەراییکردنی دەسەڵاتیش گرنگییەکی ئایینی- سیاسی پێ بەخشی (Keddie ۲۰۰۰, ۴۱۰). ژنان بە سازدانی خۆپیشاندانی گشتی دژی حیجابی ناچاری لە تاران و شارەکانی ڕۆژهەڵات وەڵامیان دایەوە. ڕۆژی ۸ی مارسی ۱۹۸۰، ساڵێک دوای شۆڕش، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی شۆڕشدا، چونکە "ژنان نەک هەر بابەتی یەکەمین ململانێی سیاسیی دوای شۆڕش بوون، بگرە یەکەمین تەحەددای بەهێزیان خستە بەردەم دەسەڵاتی خومەینی (Ghobadi ۲۰۱۵, ۱۶۸) بە دەستپێکردنی یەکەم بەرهەڵستکاری ڕادیکاڵی دژی ڕێبەریی شۆڕش" (Moghissi ۱۹۹۶, ۱۴۱). کاتێک کۆنترۆڵکردنی ژنان و جەستەیان بوو بە لایەنێکی سەرەکی و سیمبولێکی گرنگی حکومڕانیی ئێران، لەو کاتەوە بەرخۆدانی ژنانیش لە بەرانبەر دەسەڵاتی پیاوسالاری و ڕژێم گرنگییەکی مەرکەزی پەیدا کرد. قۆناغی چەسپاندن دوای شۆڕش (۱۹۹۸۰-۱۹۸۸) بە هەژموونی گوتاری ئیسلامی تایبەتمەند بوو، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ئێران-عێراق و شەڕی

بەردەوامی ئێرانییەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵات (Hamza ۲۰۲۰, ۱۸-۲۱۴). بەڵێنەکانی ڕابەرانی شۆڕش، کە ڕیشەیان لە بنەماکانی دادپەروەریی ئابووری و دووبارە دابەشکردنەوەدا بوو، دەنگدانەوەی هەبوو لەگەڵ پیاوان و ژنانی چینی کرێکاری ئایینی کە بەشە کەمدەرامەتەکانی دەوڵەتی نوێیان پێک دەهێنا (Bayat ۱۹۹۷; Salahi-Isfahani ۲۰۱۷). ئەم قۆناغە، بەردەوامیی سەرکوتی سیاسی و پەرەپێدانی فەزایەکی هاوچەشنی کۆمەڵایەتی-سیاسی بەخۆوە بینی. هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەناویاندا پارتە کوردییەکان، خەریکی مشتومڕ بوون سەبارەت بە دۆخی داهاتووی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەندێک لە پرسە سەرەکییەکان بریتی بوون لە سروشتی ڕژێمی نوێ؛ کاریگەریی پۆپۆلیزمی ئیسلامی لە بەسیجکردنی پشتگیریی خەڵک و هەڵە و دەرفەتە لەدەستچووەکان لە بواری مافی ژنان و دیموکراسی؛ دژواری و ناڕوونیی هەڵبژاردن و نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو (Mirsepassi ۲۰۰۳, ۱۶۹).

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، کە پێش دەستپێکردنی قۆناغی سێیەمی سەقامگیرکردنی ڕژێم لە دەیەی ۱۹۹۰ دا بوو، جیاکاریی جێندەری، وەک جۆرێک لە دابەشبوونی فەزایی، بووە بنەمایەکی دیاریکەری حوکمڕانیی ئێران. حیجاب جەستەی مێیینەی بە سووژە کرد، کە وەک گەڕاندنەوەی بۆ "ژیانێکی پەردەپۆشکراو، وەک مروارییەک لە قاوغەکەیدا" وەسف کراوە (Shahrokni ۲۰۲۰, ۱). جیاکردنەوەی جێندەر لە فەزای گشتی (Vakil ۲۰۱۱) و لادانی ژنان لە پۆستی دادوەری (Kar ۲۰۰۱, ۱۷۹) دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بوون. یاسا نوێیەکان کە پشت بە لێکدانەوە پیاوسالارییەکان بۆ دەقە ئایینی و نەریتییەکان دەبەستن، پەیوەندیی هێز لەنێوان جێندەرەکاندا ڕێک دەخەن. لە مردنی خومەینی لە ساڵی ۱۹۸۸ تا بزووتنەوەی چاکسازی لە ساڵی ۱۹۹۵، لێکدانەوەی یاسای شەریعەت ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵ بووەوە کە لە (Jahanpour ۲۰۰۷) سێ پێشهاتەوە سەرچاوەی گرتووە: فراوانبوونی کەلێنی نێوان دەوڵەت و دامەزراوە ئایینییە سەربەخۆکان، خستنە ژێر پرسیاری شەرعییەتی ئایینیی دەوڵەت ( واتا شەرعییەت نەدان بەو یاسایانەی بنچینەیان ئیسلامە) و بێتوانایی حکومەت لە سەپاندنی یاسای توندی شەریعەت (Pardgoo ۲۰۲۱, ۹۷). هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمە بریتیی بوون لە شێوازی جیاواز و هەڕەمەکیی گوتاری بەئیسلامیزەکردن، مشتومڕە سیاسییەکان، داواکارییەکانی کۆمەڵگای ئێران دوای شەڕ؛ زیادبوونی ژمارەی خوێندکاران؛ و کێشمەکێشی دەسەڵات لە نێوان گرووپە جیاوازە (بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازە) ئیسلامییەکان. لە قۆناغی چوارەم (۱۹۹۷-۲۰۰۵)، فەزای سیاسی کرانەوەی بەخۆیەوە بینی و هەندێک ناکۆکیی کرداری و تیۆلۆژی لەنێوان بەرپرسان و پیاوانی ئایینی سەریان هەڵدا و دەرفەتێکیان بۆ ژنان ڕەخساند تا زیاتر لە کایەی گشتیدا دەربکەون، تەنانەت ئەگەر ناکۆکییە بنچینەییەکانی ڕژێمی ئیسلامی هەروا بەردەوام بن، دەبنە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم ژنان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا (Gheytanchi ۲۰۰۱). لە ماوەی دوو دەیەی دواتردا، ژنان چالاکانە بەرهەڵستی ئایین و سیاسەتەکانی دەوڵەتیان کرد لە ڕێگەی بەشداریکردن لە کار، وەرزش،

خوێندن، هونەر، ئەدەب و سیاسەت. بەیات (٢٠١٠، ٨٧) دەڵێت کە ئەوان دینامیکییەتی جێندەرییان گۆڕی لە ڕێگەی بەهێزکردنی خۆیان لە ڕووی خوێندن و کارکردن و بەربەرەکانێی یاسای نوێی خێزانی، و بەمەش دەرفەتیان بۆ چالاکانی ژن دروست کرد. پاش ٢٠٠٥، لەگەڵ زیادبوونی سەرکوتی چالاکان، سیاسەتی ئێران کەوتە قۆناغێکی تری چەقبەستوویی سیاسی. لە ساڵی ٢٠٠٦، ژنان هەڵمەتی "ملیۆن واژۆ"٦یان دەست پێکرد بۆ ناڕەزایەتی دژی سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە کایەی گشتی، کە پشتگیریی گرووپە جیاوازەکانی لە نێویاندا کوردەکانی بەدەست هێنا. بەدرێژاییی بزووتنەوەی سەوز (٢٠٠٩)٧، ناڕەزایەتییەکان دژی دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدینەژاد، چینی ناوەندیی شارنشین چالاکانە دژی دەوڵەت وەستانەوە.

## خەباتی ژنانی کورد و بنیاتنانەوەی دژەکایەی گشتی

بزووتنەوەی خۆسەریی کورد، لەوانە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (KDPI) ٨ و کۆمەڵە، ئەو بۆشاییە سیاسییەیان قۆستەوە کە لە شۆڕشی ١٩٧٩وە دروست بووبوو، ئەوەیان بە دەرفەتێک بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێک لە مافی چارەی خۆنووسینی سیاسی دەبینی. بزووتنەوەی خۆسەری لە ناوچە ناوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەشەی کرد، کە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان و بەشەکانی کرماشانی لەخۆ دەگرت، کە زۆرینەیان ناوچەی کوردیی سوننە بوون. لەنێو پێکدادانی سەربازی و سیاسی لەگەڵ حکومەتی ناوەند و کێشمەکێشی نێو پارتە کوردییەکان، کوردستان بووە بنکەیەک بۆ گرووپە عەلمانی-چەپ و ناسیۆنالیستەکان.

ئەنجومەنی شارەکان (شورا) لە شارە کوردییەکان، کە پشتگیریی سەرەکیی گرووپە چەپەکانیان هەبوو، کەرتی گەورەی دانیشتووانیان ڕێک خستبوو کە گەنجان بوون (Ghobadi ٢٠١٥، ٢٠٢٠). لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەتکردنەوەی چەمکی فرەگەراییی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە (Entesar 2014, 2016) وای کرد کورد لە ناوەڕاستی مانگی سێی ١٩٧٩ پەنا بباتە بەر چەک. وەک بەرپەرچێک، لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا، خومەینی جیهادێکی پیرۆزی دژی کورد ڕاگەیاند، ئەوانی وەک " منداڵی شەیتان" و "کافر" ناو برد. تا ساڵی ١٩٨٣، حکومەتی ئێران دووبارە دەسەڵاتی خۆی لە سەرتاسەری کوردستان سەپاندەوە (Moghissi 1996; Phillips 2015).

کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی کوردیی چەپی-ماوی، داکۆکی لە ئۆتۆنۆمیی کوردان لەناو چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا لە ئێران دەکرد، ئەوان جەختیان لەسەر ڕزگاربوونی ژنانی کورد لە دەسەڵاتی پیاوسالارانە بوو. باسوخواسە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان؛ هەژاری؛ توندوتیژی دژی ژنان؛ و فرەژنی چڕ دەبوونەوە (Mojab ٢٠٢٣)، کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر چالاکیی دواتری ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات. کۆمەڵە و گرووپە چەپەکانی دیکە ڕێپێوانی ژنانیان لە ٨ی مارسی ١٩٧٩دا ڕێک خست، لە شارەکانی سنە، کرماشان، مەریوان، سەقز و شنۆ، کە بووە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵەی ژنان. گوڵڕوخ قوبادی، چالاکێکی دیار، لە چاوپێکەوتنێکدا (٢٠٢٣) تیشک دەخاتە سەر ئەم ناڕەزایەتییانە و جەختی لەسەر ڕۆڵی سەرەکییان لە بزووتنەوەی ژنانی

کــورد لەو ســەردەمەدا کــردەوە. بەهۆی بەرخۆدانی چەکداریــی لایەنە کوردییەکان و شــەڕی پیرۆز دژی کورد، چالاکیی ژنان لە کوردســتاندا شــێوازێکی جیــاوازی لە ناوچەکانــی دیکەی ئێــران گرتەبەر. ژنان لــە خەباتــی چەکداریدا بەشــدار بوون و بەشــدارییان لــە پێکدادانــی چەکداریدا کــردووە (Mojab ٢٠٢٣). بــە گوتەی ئامینە کاکەبــاوە (چاوپێکەوتن لە ســاڵی ٢٠٢٣) هەڵگرتنــی چــەک و لەبەرکردنی جلوبەرگــی پیــاوان و پێشــمەرگەبوون، وەک بەرخــۆدان لــە بەرانبــەر نەریتــە پیاوســالارییەکان سەیر دەکران و هەستێکی بەهێزبوونیان پێ دەبەخشــی. ســەرەڕای ئــەوەش، ژنانــی پێشــمەرگە دووچاری ئەزموونــی جۆراوجۆر دەبوونــەوە؛ هەم ڕێز و پاڵپشــتییان لێ دەکرا، هــەم ڕووبەڕووی دەنگۆی نەرێنی و بەربەســتی کۆمەڵایەتی لە کایــە گشــتییەکاندا دەبوونەوە.

فەزای شۆڕشــگێڕانە و گوتاری مارکسیستی پەیوەســت بە شــوناس لە ســەرەتاکانی شۆڕشــی ئێراندا، دەرفەتێکــی کۆمەڵایەتی ـ سیاســی بۆ ئامادەبوونی ژنــان لە کایەی گشــتیی پیاواندا ڕەخســاند. بــەڵام دوای داگیرکردنەوەی شــارەکانی کوردســتان و کشــانەوەی شــەڕڤانانی کورد لە شارۆچکە و گونــدەکان، دەوڵەتی ناوەنــدی توانی تا ڕادەیــەک هەمــوو جــۆرە بەرخۆدانێک ســنووردار بکات، بەتایبەتــی بەرخۆدانی ژنــان (Ghobadi ٢٠١٥; Hamza ٢٠٢٠, ٢١٦). لەنێــوان ســاڵانی ١٩٨٣ بــۆ ١٩٨٨، کاتێــک هــەزاران کەس لە کارەکانیان دەر دەکران، دەســتگیر دەکران و لەســێدارە دەدران، زۆرێک لە خێزانەکان هانــی کچەکانیــان دەدا یــان تەنانەت ناچاریان دەکــردن هاوســەرگیری بکەن بۆ ئــەوەی لــە زیندانیکــردن و ئەگەری دەســتدرێژی و ئەشــکەنجە بیانپارێــزن (Fallah ٢٠١٩). لــەو کاتەوە تا ســاڵی ١٩٩٧، ئامادەییــی ژنانی کــورد لە کایەی گشــتیدا، هەروەک ژنانی تــری ئێران، پڕ بوو لــە کۆســپ و تەگەرە.

پاش ماوەیەکــی درێژ لە چەقبەســتوویی (١٩٨٠-١٩٩٧)، خەباتــی نوێــی ژنانــی کــوردی ڕۆژهەڵات بە ئیلهــام وەرگرتن لە چەنــد هۆکارێک ســەری هەڵــدا. یەکەم: بیرەوەرییەکانــی ســەردەمی ســەرەتای شــۆڕش هێشــتا زیندوو بــوون. دووەم: پەیوەندیــی نێــوان شــارە کوردییەکان و چینــی خوێنــدەواری شارنشــین لــە گەشــەکردندا بــوو. ســێیەم: هەڵبژاردنی محەممەد خاتەمی وەک ســەرۆککۆماری ئێــران (١٩٩٧-٢٠٠٥)، چاکســازی و دەرفەتــی گرنگــی بــۆ ژنــان هێنایە کایــەوە (Stansfield ٢٠١٤, ٥٤). ئەمە ڕێگەخۆشــکەر بوو بــۆ دامەزراندنی ڕێکخــراوی ناحکومــی کە پشــتگیریی زمــان و کولتــووری کوردییــان دەکرد و هانــدەری چالاکان بوو بۆ بەشــداریکردن لە پرســە کۆمەڵایەتییە جۆراوجــۆرەکان، لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیــی خێزانییەوە بگرە تــا پاراســتنی ژینگە. بــەڵام پاش داخســتنی گۆڕەپانــی سیاســیی ئێران لە ســاڵی ٢٠٠٦، دەوڵەتی ئێران ترســی ئــەوەی هەبوو کــە کۆنترۆڵــی جەماوەر لە کوردســتان لەدەســت بدات، هەربۆیە بە شــێوەیەکی تــاک لایەنــە ڕێکخراوە ناحکومییــە نافەرمییەکانــی قەدەغە کرد و پاشــماوەی ئەندامانــی ڕێکخراوەکانــی خســتە ژێــر چاودێــری و لێکۆڵینەوەی بــەردەوام. ’هــەر هەوڵێکی کــوردی کە وەک پاڵپشــتیکردنی جوداخــوازی یــان لاوازکردنی دەســەڵاتی حکومــەت دەبینرا، ســەرکوت دەکرا‘ (Keddie ٢٠٠٦, ٣١٣). هەندێــک جیاوازی لــە پارێزگاکاندا هەبوو. لە پارێزگای کوردســتان (ســنە) دۆخ لەبار

بوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵ و پێشخستنی بەشداریی ژنان. لە بەرانبەردا، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا سنووردارییەکی توندی بەسەر ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ژناندا سەپاند. سنە بووە ناوەندێکی سەرەکیی چالاکیی ژنان، سەرنجی خۆی خستە سەر بەرزکردنەوەی هۆشیاریی جێندەری، پاراستنی کولتووری کوردی، و داکۆکیکردن لە پرسەکانی ژینگە. دانیشتووانی ڕۆشنبیری شارەکە و مێژووی قووڵی شارستانی و بوونی ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی، پێکەوە ژینگەیەکی لەباریان بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی-سیاسیی ژنان ڕەخساند (بۆ نموونە بڕوانە Hamelink and Sophie ۲۰۲۳).

لە بەشەکانی داهاتوودا، لێکۆڵینەوە لە چالاکیی تاکەکەسیی ژنان و سێ کۆمەڵەی ژنان دەکەین کە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دارشتنی کۆمەڵگای کوردیدا. ئەم ڕێکخراوانە گفتوگۆیان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێکرد، زمان و کولتووری کوردییان پاراست، و بەرگەی نۆرمە پیاوسالارییەکانیان گرت. ئەوان هەروەها وەک دژایەتییەکی سەرسەختی فێمینستە ناوەندگەراکانی ئێران و دەسەڵاتدارانی ئایینی خزمەتیان دەکرد، بوونە خاوەنی هەڵوێستێکی بەهێزی سیاسی و یەکتربڕ و کایەی دژە گشتی بەرجەستە دەکرد. بەڵام هەموو ژنانی کورد هاوڕا نین لەگەڵ ڕوانگەی توندڕەوانە و پیاوسالار و ناسیۆنالیستانەی کە ئەم گرووپانە هەیانە. هەندێکیان پەیوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ ژنان لە سەرانسەری ئێراندا دروست کرد و ڕزگاریی ژنانیان لە سەرووی ئەولەوییاتی ئایدیالە ناسیۆنالیستەکانی کوردەوە دانا. سەرەڕای جیاوازیی ڕوانگەکانیان، هەموویان لەژێر چاودێریی ئیتلاعاتی ئێراندا بوون، لەژێر گوشاردا بوون و بەهۆی چالاکییەکانیانەوە تووشی لێکۆڵینەوە، دەستگیرکردن، زیندان و تاراوگە بوون.

## دامەزراندنی ڕێکخراوەکان، تۆڕەکان و هاوکاری

لە سەردەمی چاکسازیدا (۱۹۹۷-۲۰۰۵)، چالاکانی فێمینستی سەرکردایەتیی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییان دەکرد بە بەرەنگاربوونەوەی پارادایمی نێر-سەنتەر و ئیسلامی، لە ڕێگەی تۆڕەکان، گۆڤارەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، کە جەختیان لەسەر فێمینیزمی میانەڕەو و ئیسلامی دەکردەوە (Ahmadi ۲۰۰۶). لەژێر کاریگەریی پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا، خوێندکارانی کورد لە تاران هاوڕا بوون لەگەڵ ژنانی ناوەندی ئێران لەسەر پرسەکانی جێندەر، لە کاتێکدا جەختیان لەسەر جیاوازیی شوناس و نیگەرانییە تایبەتەکانی کورد دەکردەوە. لە کۆتاییی ساڵی ۱۹۹۹دا، دیبا عەلیخانی (چاوپێکەوتن لە ساڵی ۲۰۲۲) و هاوڕێکانی ڕێکخراوی ”جمعیت حمایات از زنان“ (JHZ، ڕێکخراوی مافی ژنان)یان دامەزراند، کە وەک تۆڕێکی نێودەوڵەتی و ناحکومی دەرکەوت کە پابەند بوو بە پاراستنی مافی ژنان لە دۆخە جیاوازە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکاندا. (JHZ) سەرەتا کاری لەسەر بەرەنگاربوونەوەی کوشتنی شەرەف بوو لە ڕۆژهەڵات، پاشان بازنەی چالاکییەکانی فراوانتر کرد و بانگەشە و هەڵمەتی جۆراوجۆری ئەنجام دەدا، لەوانە بەشداریی چالاکانە لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا. ئەم ڕێکخراوە ناحکومییە نموونەیەکی بەرجەستەیە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی مافی ژنان لەم سەردەمەدا، کە سەرکردایەتیی هەڵمەتەکانی دژی کوشتنی شەرەف،

بەردەباران، لەسێدارەدانی منداڵان و پشکنینی پەردەی کچێنی دەکرد. لە ساڵی ٢٠٠٣دا، JHZ مەراسیمێکی گەورەی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە لە شاری سنە ڕێک خست، کە تێیدا زیاتر لە ٣٠٠٠ بەشداربوو لە سەرانسەری ئێرانەوە بەشدار بوون، ئەم بۆنەیەش لە هۆڵێکی سینەمادا بەڕێوە چوو. ئەم بۆنەیە، کە تەحەددای ’ژینگەی بەئەمنیکراو“ی لە ڕۆژهەڵات دەکرد (Soleimani and Mohammadpour ٢٠١٩) هەڕەشە بوو بۆ سەر کایە گشتییەکانی پیاوسالاری و دووچاری سەرکوتی توند بوو. دیبا، ڕێکخەری بۆنەکە، دەستگیر کرا و لێکۆڵینەوەی لێ کرا و ئەشکەنجە درا. فشاری خرایە سەر بۆ ئەوەی چالاکییەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرگریکارانە گەڕایەوە و بەردەوام بوو لە بەڕێوەبردنی بۆنەکە. بەردەوامیی گوشارەکان دوای بۆنەکە، ناچاریان کرد وڵاتی ئێران بەجێ بهێڵێت.

کۆمەڵەی ژنانی ئازەرمیهر، ڕێکخراوێکی ناحکومی لە سنە، لە سەردەمی چاکسازیدا لە ساڵی ٢٠٠٠ دامەزرا، لەژێر سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ئەندامانی پەککەکە، لەوانە ئیلهام ئەحمەد و گەریلاکانی دیکە. دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە، ڕەنگدانەوەی گرتنەدەستی دەرفەتی سیاسییە لەلایەن چالاکانی ژن و حیزبە کوردییەکانەوە بۆ گۆڕینی پێگەی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەدا. بە وتەی نگین شێخ ئەلئیسلامی وەتەنی، ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە، نوخبەی حیزبی دەیانویست کۆمەڵەکە تەنها وەک کۆمەڵەیەکی ژنان دامەزرێت، و کار بۆ بەهێزکردنی ژنان بکات (Sheyh Alislami ٢٠٢١). ئامانجی ڕێکخراوەکە پەرەپێدانی بزووتنەوەیەکی کەلتووری بوو کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە، بەتایبەت ژنانی نەخوێندەوار لە کایەی گشتیدا، نەک تەنها خوازیاران و چینی ناوەندی. کوردە نەریتگەراکان و دەسەڵاتدارانی ئێران دیدگایەکی هاوبەشیان بۆ هەوڵە فێمینیستیەکان هەبوو، بە جۆرێک کە فێمینیزمیان بەبێ ئەخلاقی، هاندانی لەشفرۆشی و هاندان بۆ جیابوونەوەی هاوسەران دادەنا (چاوپێکەوتن لەگەڵ نگین ، ٢٠٢٢). لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، پیاوان وەک چاودێری بیر و جەستەی ژنان سەیر دەکران، هەم لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، هەم لە ڕوانگەی یاساییەوە. هەندێک لە پیاوانی نەریتگەرای کورد هاوڕا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، سوربوون لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاوسەر، کچ و خوشکەکانیان بکەن لەوەی پەیوەندی بەوە کۆمەڵانەوە بکەن (Sheyh Alislam ٢٠٢١). پارێزەر و چالاکێکی کورد کە ئەوکات تەمەنی ٢٢ ساڵ بوو، ئەمەی بەم شێوەیە وەسف کرد:

ئەو ژنانەی بۆ مافی ژنان خەبات دەکەن لەلایەن پیاوان و کۆمەڵگەی نەریتگەراوە فشاریان لەسەرە. سیستەم ئەوان تاوانبار دەکات بە ڕۆژاوایی بوون، کەوتنە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕۆژاوا، و هاندەری تێکچوونی خێزان. نەتەوەگەرایی نەریتی و کلاسیکی کوردی ژنانی سەربەخۆ تۆمەتبار دەکات بەوەی کە لەوانەیە پەیوەندییەکی شاراوەیان لەگەڵ حکومەتدا هەبێت (هەلالە، چاوپێکەوتن لە ٢٠٢٢).

سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکانی سەر بە مەحموود ئەحمەدینەژاد لە ساڵی ٢٠٠٥، بارودۆخی کوردەکانی ئێرانی بە توندی خراپتر کرد. ئەمەش بەهۆی داخستن و سەرکوتکردنی دوو بڵاوکراوەی

بەناوبانگی کوردیزمان و دەستگیرکردنی ڕۆیا تلووعی، سەرنووسەری مانگانەی ڕاسان و یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی بواری بەرگریکردن لە مافی ژنانی ئێران و کورد (Stansfield ٢٠١٤, ٢٥).

## هەڵمەتی یەک ملیۆن واژۆ

لە ٢٧ی پووشپەڕی ٢٠٠٦، نموونەیەکی گرنگی هاریکاری لەنێوان فێمینستی عەلمانی و ئیسلامی، کە چالاکە کوردەکانیشی تێدا بوون، لە شێوەی هەڵمەتی یەک ملیۆن واژۆدا ڕووی دا.٥ هەڵمەتەکە سەرەتا وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ سەرکوتی دەوڵەت بۆ کۆبوونەوە گشتییەکانی ژنان و سیاسەت و یاساکانی جیاکاریی جێندەری، دووەم، هەوڵدانێک بوو بۆ هاندانی ژنانی ئاسایی دژ بەو یاسایانە، سێیەم، داوای ئازادکردنی ڕۆیا تلووعی لە زیندانی لەخۆ گرتبوو (Ghoreishi ٢٠٢١). لە ساڵی ٢٠٠٧، ئەو ژنە چالاکانەی کە هەڵمەتەکەیان دەست پێکردبوو، بەردەوام هەراسان، سەرکوت و دەستگیر دەکران (Bayat ٢٠١٠, ١٦). هەرچەندە هەڵمەتەکە سەرکوت کرا، بەڵام ئەنجامی بەدەست هێنا: فێمینستە عەلمانی و ئیسلامییەکانی لە یەک نزیک کردەوە و پرسە یاساییەکان و نایەکسانییە جێندەرییەکانی دەستووری ئێرانی خستە بەردەم ڕای گشتییەوە. لە هەمان کاتدا، جیاوازیی هەڵوێست و ئایدۆلۆژیای نێوان ژنانی کورد و ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران بەربەست بوون بۆ هەماهەنگیی زیاتری نێوانیان. بۆ نموونە، ماننا (چاوپێکەوتن ٢٠٢٣)، وەبیری دێنێتەوە کە لە ماوەی هەڵمەتەکەدا چالاکانی فارس بە چاوێکی سووک لە چالاکانی کوردیان دەڕوانی، بە دانانی مەرج بۆ بەشداریکردنیان لە ڕێوڕەسمی ٨ی مارسی ٢٠٠٧:

ژنە چالاکەکانی ناوەندگەرا بەشداریی ژنانی کوردیان لە ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لە هەمەدان بەو مەرجە قەبووڵ کرد کە دەبێت وەک ئێرانی بەشداری لەو ڕێوڕەسمەدا بکەن نەک وەک ژنە کورد. لایەنگرانی کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ پێیان وابوو کە خەباتی ژنان تەنیا پەیوەندی بە پرسەکانی ژنانەوە هەیە، هەربۆیەش، بەشداربووان دەبوو بەتەواوی خۆیان لە نیگەرانییە سیاسی و کولتوورییەکانی کوردستان بەدوور بگرن (Sheyh Alislami ٢٠٢١). وەک چۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ژنانی فێمینستی ڕەشپێست هەست دەکەن کێشە و گرفتەکانیان لەلایەن فێمینستە سپیپێستەکانەوە پشتگوێ خراوە (Hill Collins ١٩٩٨)، زۆرێک لە ژنانی چالاکی کورد پێیان وایە لە ئێراندا، ناکرێت پرسی ژنان بەجیا لە پرسی شوناسی نەتەوەیی سەیر بکرێت. نگین پێی وایە کە لێکۆڵەرانی ئیتلاعات بەرانبەر هەڵسووڕێنەرانی کوردیی هەڵمەتی یەک ملیۆن واژۆ توندتر بوون بە بەراورد بە هەڵسووڕاوانی ناوەندگەرا وەک ئەوەی ژنانی کورد سیاسیتر و مەترسیدارتر بن. ئەو بە بیری دێنێتەوە کە لە زیندان و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پرسیاری لێ کراوە ئایا کوردە یان ئێرانییە، ئەو ئاماژە بەو هەوڵە هەواڵگرییانە دەکات بۆ تۆقاندنی کوردەکان بۆ ئەوەی شوناسی ئێرانیی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەرچەندە، هەڵمەتەکە لە سەرەتادا لە دروستکردنی پردی نێوان ژنانی ناوەندگەرا و ژنانی نەتەوەکانی تر سەرکەوتوو بوو، بەڵام زۆرێک لە ژنانی نەتەوەکانی تر هەستیان بەوە کرد کە هەڵوێستی ژنانی ناوەندگەرا بە ڕادەی پێویست گشتگیر

نەبـــووە و هیـــچ تێگەیشـــتنێکیان بۆ ئەو ســـەختییانە نەبوو کـــە ژنانی کـــورد لە پەیوەنـــدی بە شوناســـی کوردییانەوە پێیدا تێپەڕیـــون. ئـــەم دەنگانـــە ڕەنگدانەوەی وەســـفی کێدییە لە شـــۆڤێنیزمی فارسی ســـەبارەت بە ســـکاڵای نەتەوەکانی تری ئێـــران وەک عـــەرەب، ئـــازەری، کورد و بەلووچـــەکان (Keddie ٢٠٠٦). هەربۆیە، هەڵمەتـــی یـــەک ملیـــۆن واژۆ تەنهـــا توانی بەشـــێکی ژنـــان لە سەرانســـەری ئێران لـــە یـــەک خەباتدا یـــەک بخات.

## بەرخۆدان دژی توانەوە

گرژیی نێوان چالاکانـــی کورد و ناوەندگەرا تا ســـاڵانی دواتریش بەردەوام بـــوو. بەگوێرەی چاوپێکەوتنێـــک لەگـــەڵ لەیـــلا (٢٠٢٣)، ژنە چالاکێکی کوردی دانیشـــتووی ســـەقز، چالاکانی ناوەندگەرا بەهۆی بەشـــدارییان لە خەباتی چەکداریـــدا ڕەخنەیان لە بەرخۆدانی ژنانـــی کـــورد گرتـــووە. جەختیـــان لەوە دەکـــردەوە کە ژنانی فارس لـــە بزووتنەوەی ســـەوز (٢٠٠٩) و بەهاری عەرەبی (٢٠١٠-٢٠١٢) دەستپێشـــخەریان کردووە و پێش ژنانـــی کـــورد چالاک بـــوون. لە ســـاڵی ٢٠١٤دا، کاتێک ژنە کوردانی ڕۆژاوا شـــەڕی داعشـــیان دەکرد، مەنســـوورە شـــوجاعی وتارێکی بڵاو کـــردەوە و تێیـــدا هەوڵی دا ژنانی شـــەڕڤانی کـــورد پەراوێـــز بخات و بیانبەســـتێتەوە بە بزووتنەوەی ســـەوزەوە (Shojaie ٢٠١٤). پەیوەســـت بە چالاکانی ناوبـــراو١٠، ڕۆیا لەبارەی خۆپیشـــاندانەکانی بزووتنەوەی ســـەوز نووسی:

ڕەنگـــە باشـــتر لـــە بیرمـــان بێـــت کە ئێمـــەی ژنانـــی کـــورد وەک گرووپێکی لاوەکی بەشداریی خۆپیشـــاندانەکانی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩مان نەکـــرد، بەڵکو وەک کۆمەڵێـــک ژنی کورد بـــە لافیتەی کوردی و داخوازیـــی تایبەتیی خۆمـــان و هەروەها داخوازییـــە هاوبەشـــەکانی بزووتنەوەی ژنان بەشـــداریمان کرد (Tolooyee ٢٠١٤).

چالاکانـــی دیکـــەی کـــورد بەرگرییان لە خەباتی چەکـــداری دەکـــرد و پێیان وابوو کـــە خەباتی چەکـــداری توانـــای گۆڕینی کۆمەڵگەیەکـــی پیاوســـالاری هەیـــە بۆ قبوڵکردنـــی ژنان لـــە ناوەنـــدی بڕیارداندا (Gorji ٢٠١٦). خەباتـــی چەکداریی ژنانی کورد دژی داعش لە کوردســـتانی ســـوریا بـــۆ هەندێک ئیلهامبەخش بـــوو، بۆ نموونە مەریەم ئەشـــرەفی، ژنـــە فۆتۆگرافەرێکی کـــورد، کە لە کۆبانێ چاوی بە شـــەڕڤانانی یەپـــەژە١١ کەوت، ئـــەو پێی وابـــوو ئەو ڕێگایەی کە ئەم ژنانـــە گرتوویانەتە بەر، لە کۆتاییدا دەبێتە هـــۆی قبوڵکردنی ڕۆڵێکی نوێ بۆ ژنـــان لە کۆمەڵگەیەکـــی نەریتیدا.

## خەبـــات بـــۆ ڕزگاریـــی ژن لەژێـــر هەژمـــوون و کۆنترۆڵـــی پیـــاودا

لەم چەند ســـاڵەی دواییدا، دوو ڕێکخراوی ژنانـــی کـــوردی دامـــەزران کـــە چالاک بوون لە ڕێکخســـتنی چالاکی بـــۆ هاندانی ئـــازادی و یەکســـانیی ژنـــان. چالاکەکان بـــاس لـــەوە دەکـــەن کـــە گرنگترین کۆســـپەکانیان ســـەختیی تۆمارکردنـــی ڕێکخراوەکانیان و بەرهەڵســـتی کۆمەڵگایە. ڕێوشـــوێنە توندەکانی حکومـــەت ڕێگری لە فراوانبوونـــی چالاکییەکانیـــان دەکات کـــە لـــە پارێـــزگا کوردنشـــینەکان بۆ دروســـتکردنی هاوکاری لەگەڵ ناوچەکانی دیکـــەی ڕۆژهـــەڵات تۆمـــار کـــراون. لە چاوپێکەوتـــن لەگـــەڵ هەلالـــە (٢٠٢٢)، ئامـــاژەی بـــە گەشـــتی توێژینەوەکەی بۆ لێکۆڵینـــەوە لە بارودۆخی ژنـــان لە گەرەکە هەژارنشینەکانی کرماشـــان کرد. گەشتەکە ڕاســـتەوخۆ پاش گەیشـــتنیان کۆتایی پێ هات، چونکـــە پۆلیس ڕێگـــەی پێ نەدان توێژینەوەکەیـــان ئەنجـــام بـــدەن و پێنج

کاتژمێــــر مۆڵەتیان پێ دان بۆ جێهێشــــتنی پارێزگاکـــە. شـــەیدا و ســـەمیرە، دوو ژنە چالاک لە کرماشـــان، لـــە چاوپێکەوتنێکدا (٢٠٢٢) ڕایانگەیانـــد کە دەســـەڵاتدارانی پارێزگاکە بەتونـــدی چاودێریی کارلێکەکان دەکـــەن و ڕێ لە پەیوەنـــدی و هاوکاریی نێـــوان ڕێکخـــراوە ناحکومییەکانـــی ژنان و ژنـــان لـــە پارێـــزگای کوردســـتان و هاوتاکانیـــان لـــە پارێزگاکانـــی ئیـــلام و کرماشـــان دەگرن. ئـــەم ڕێوشـــوێنانە، بە بیانووی پاراســـتنی ئاســـایش، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێگـــر دەبوون لـــە چالاکییەکانی ئـــەم ڕێکخراوانـــە، بەتایبەتی لـــە ناوچە زۆرینە شیعەنشـــینەکانی کرماشان و ئیلام. لە ســـاڵی ٢٠١٧، لە ڕێـــگای دامەزراندنی کۆمەڵـــەی توێژینەوەیی "ئاســـۆی ڕۆژ" لە شـــاری ســـنە، چالاکان هەوڵیـــان دا ئەو ژنانەی لـــە لاوازتریـــن دۆخـــدا دەژین، دەستنیشـــان بکەن و ڕێگەچـــارەی گونجاو بـــۆ بەهێزکردنـــی ئەوانە بدۆزنـــەوە کە لە پەراوێزی شـــارە کوردییەکان لـــە هەژاریدا دەژین. کۆمەڵەکە بـــە ئەنجامدانی نزیکەی ١٠٠ وەرکشـــۆپ لە پارێزگاکانی کرماشان و کوردســـتان، هەوڵی دا هۆکارە کۆمەڵایەتی، کولتـــووری و ئابوورییەکانـــی پشـــت توندوتیژیی دژی ژنان (تدژ) دەستنیشـــان بکات و تێکۆشا هەڵوێســـتی پیاوان بەرانبەر ژنان بگۆڕێـــت (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازادی، ٢٠٢٢). کۆمەڵەکە جەختێکی زۆری لەســـەر کارەکتـــەری یەکتربـــڕی ئالنگارییەکانـــی ژنانی کـــورد هەیە، بە وتـــەی یەکێک لە ڕێکخەرانی وەرکشـــۆپەکان، ڕادە و سروشتی توندوتیژیی خێزانـــی دژی ژنان بەگوێرەی ناوچـــە جوگرافییەکانـــی ڕۆژهـــەڵات، دابەشـــبوونی سەروەت و ســـامان و هێزی ئابووریی پیـــاوان جیاوازە.

کۆمەڵـــەی ژنانی جیڤانۆ لـــە پێنج ئەندامی دەســـتەی بەڕێوەبـــەری و ٤٥ ئەندامـــی چـــالاک، و ڕێکخراوێکـــی تر کە لە ســـنە دامـــەزراوە، پێک دێت (لە ســـاڵی ٢٠٢٠)، (چاوپێکەوتـــن لەگـــەڵ ســـارا، ٢٠٢٢). ئامانجی ئـــەو ڕێکخراوەیە "باشـــترکردنی پێگـــەی ژنان" بـــوو لە کایەی گشـــتیدا و بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژی ژنـــان (بەیاننامـــەی کۆمەڵـــەی ژنانـــی جیڤانـــۆ ٢٠٢٠). لە ســـاڵی ٢٠٢٠، جیڤانۆ ناملیکەیەکی بڵاو کـــردەوە کە خۆی وەک هاوپەیمانـــی ژنانی کورد پێناســـە دەکرد؛ نەک نوخبەیەکی پێشـــکەوتوو یان پسپۆڕ، بەڵکو وەک ئەوانەی لەگـــەڵ ژنانێکدان کە مافەکانیان پێشـــێل کراوە. ئەوان جەختیان لەســـەر سروشـــتی مێژوویی ژێردەستەییی ژنان دەکـــردەوە. جیڤانۆ بـــە کەڵکوەرگرتن لـــە زمانێکـــی ڕادیکاڵ و تەحـــەددای ئەو پێکهاتـــە چەســـپاوانەی کە نایەکسـانیی جێنـــدەری لـــە یاســـا و نەریتەکانـــدا دەســـەلمێنن، ئاماژە بە بەشـــداریی ژنانی کورد لە خۆپیشـــاندانەکانی ساڵی ١٩٧٩ دژ بە ســـتەمی نەتەوەیی و شـــەڕ دژی داعش دەکات. جیڤانـــۆ پێداگـــری لـــەوە دەکات کە نابێت تەنهـــا بە دروشـــم و بانگەوازی کورتخایـــەن یـــان نیشـــاندانی ژنان وەک قوربانی بمێنینـــەوە، بەڵکو دەبێت هەنگاوی پراکتیکـــی بـــۆ ڕەواندنـــەوەی توندوتیژی و بەربەرەکانـــێ لەگـــەڵ نایەکســـانی لە درێژخایەنـــدا بنێین.

هەروەهـــا، کـــردەوە ڕادیکاڵییەکانی ژنانی کورد لـــە ڕاپەڕینەکانی پـــاش تیرۆری ژینا ئەمینـــی، توانایی ئەوانی بۆ پێشخســـتنی ئایدیالـــە دیموکراتییەکان نیشـــان دەدات. پـــاش ســـەرکوتکردنەکە، ژنان دەســـتیان کرد بە بەشـــداریکردن لـــە "توێژینەوەی فێمینســـتی" و شـــاردنەوەی گرووپەکان و ئامـــادەکاری بۆ "سیاســـەتی شـــەقام" و دروستکردنی هەســـتی دژە کایەی گشتیی مەجازی کـــە لەگەڵ کۆمەڵگـــەی کوردیدا

هاوتەریب بێت. "کۆمەڵەی تەواو" زمانێکی ڕادیکاڵ بەکار دەهێنێت، بە گرێدانی خەباتی ژنانی کورد لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە فراوانەکان، کۆمەڵگەیەکی دژە هەژموون دروست دەکات کە گوتاری دیموکراتی و یەکسانیی جێندەریش پێش دەخات. ئەم گەشەسەندنانە، لەگەڵ هەڵوێستی ڕوونتری فێمینستی ڕێکخراوەکانی ئاسۆی ڕۆژ و جیڤانۆ، وا دەردەکەوێت کە فەزایەکی بەهێزتر و تواناداراتر بۆ ژنانی چالاکی نەوەی نوێ لە ڕۆژهەڵات دروست دەبێت، بە بەراورد بە چالاکانی نەوەکانی پێشوو کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردبوون.١٢ کاتێک ئەوانەی پێشوو ڕووبەڕووی دژایەتیی توندی هەڤاڵانی پیاوی کورد دەبوونەوە لەسەر هێنانەگۆڕی بابەتگەلی وەک پشکنینی پەردەی کچێنی و توندوتیژی دژی ژنان، بە بانگەشەی ئەوەی کە ئەوان ڕێگرن لە یەکگرتوویی دەنگی کورد لەنێو نەوەی نوێی ژنان و کۆمەڵەکانیاندا، ئەم بابەتانە بوونەتە بەشێکی ئاسایی لە چالاکییەکانیان. هەروەها، توانای پەیوەندیکردن بە تەوەرە فێمینستیەکانی جیهانەوە، وا دەکات ژنانی کورد بتوانن بینەری جیهانی بۆخۆیان ڕابکێشن، بەمەش دژە کایەی گشتی خۆیان فراوانتر دەکەن، کە بەڕاستی پێشتر لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠٢٢دا توانییان بیکەن.

## ئەنجام

دیسان بە بیرکردنەوە لەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە ئەم وتارەمان پێ دەست پێکرد، کاتێک ژنانی کورد بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە دەچنە ناو مزگەوتەکان، کە دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٩ە، ئێمە باوەڕمان وایە کە واتای ئەم کردەوەیەی دژە هەژموون بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ٢٠٢٢دا گۆڕاوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، ژنانی کورد بە هەماهەنگی لەگەڵ باقیی جەماوەری ئێران لە دژی ڕژێمی شا ڕاپەڕین، بە نیازی ئەوە نەبوون خۆیان لە باقیی جەماوەری ئێران جیا بکەنەوە، بەڵکو هیوادار بوون بۆ سەردەمێکی باشتر لە ئێرانێکی نوێ و یەکسانتر. بەڵام پاش دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی شیعە کە جیاکاری بەرانبەر گرووپە ئیتنیکی و ئایینییەکانی دیکەی وڵات دەکرد، و بەرگریی گرووپە شۆڕشگێرە کوردییەکان لە جەنگی پیرۆزی خومەینیدا سەرکوت کرد، کوردەکانی ناچار کرد بکەونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە. پێگەی پەراوێزخراوی ئەوان تەنها زیانی بە ژنانی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی زۆر هێتیرۆنۆرماتیڤدا گەیاند. لە چاوپێکەوتنەکانیاندا، ئەو ١٤ ژنە بەوردی باسی ئاڵۆزیی سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسیی ئێستسنای زاڵ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتیان ڕوون کردەوە و تیشکیان خستە سەر پێگەی یەکتربڕی خۆیان وەک ئەندامی زیاد لە گرووپێکی پەراوێزخراودا.

ژنانی کورد ستراتیژیی جۆراوجۆریان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم نایەکسانییە و بۆ باشترکردنی پێگەی خۆیان و دروستکردنی دەزگایەکی نوێی دژە کایەی گشتی دارشت. خەبات و بەشدارییان لە ژیانی گشتیدا لە ئێران، چ لە پرۆسەی بەدیموکراسیدا (١٩٩٧-٢٠٠٥) یان لە بۆشاییی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا (١٩٧٩-١٩٨٢) بە ئامانجی گێڕانەوەی مافی هاووڵاتیبوون و بەدەستهێنانەوەی ئامادەیی لە کایەی گشتیدا بووە، بەڵام "لە نزیکەوە لەگەڵ ململانێ سیاسییەکاندا پەرەی سەندووە (Begikhani, Hamelink, and Weiss 2018)، وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان. ئەوان بەرەنگاری پێشداوەری فێمینستە

ناوەندگەراکان بوون کە زۆرجار خۆکارانە وەک شەڕەنگێزو جوداخواز دەیانبینین و تێگەیشتنیان بۆ پێگەی پەراوێزخراویان نەبوو (Gheytanchi 2001; Ghoreishi 2021; Honarbin-Holliday 2008; Tajali 2022; Thidi 2016; Vakil 2011).

هاوکات دەبووایە مامەڵە لەگەڵ بەرهەڵستی بەهێزی کۆمەڵگەی خۆیان و، هەروەها لەگەڵ هەوڵەکانی ئەکتەرانی سیاسی بۆ کۆنترۆڵکردنی ژنان و کایەی سیاسی بکەن. وەک ستراتیژ، ئەمانەیان گرتەبەر: وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە بەرانبەر بە دەوڵەتی تیۆکراتی، دروستکردنی فۆرمی نوێی چالاکی دژی کولتووری باوکسالاریی کوردی، و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پێکهاتە هەژموونگەراکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی دامەزراندنی تۆڕی (نێودەوڵەتی) نوێ.

ژنانی کورد لە دژە-کایەی گشتیدا کەموکوورییەکانی سیستەمی سیاسیی ناوەندگەرای ئێران ئاشکرا دەکەن، کە تیایدا دابەشکاریی نایەکسانیی دەسەڵات لە ناوەند و پەراوێز و گرووپە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی ناوچە پەراوێزەکان و هەروەها هاندانی نایەکسانیی جێندەری لە ژێر سایەی یاسای شەریعەتدا دەبینرێت. وێڕای هاوئامانجیان لەگەڵ ژنانی ناوەندگەرای تاران لە دژی هەڵاواردنی جێندەری، ژنانی کورد دژە کایەی گشتی جەخت لەسەر شوناسی کوردی دەکەنەوە و ڕوانگەیەکی عەلمانی و جیاکەرەوە دەگرنە بەر، بەمەش بەرەنگاری سیاسەتەکانی دەوڵەت دەبنەوە کە هانی تواندنەوەی کورد دەدات. ئەم جەختکردنەوە جیاوازە تیشک دەخاتە سەر سروشتی دژە-گشتیی ئەوان، بە تێکەڵکردنی کولتووری سیاسیی کوردستان لەگەڵ عەلمانیی چەپگەرا بۆ تێکۆشان لەپێناو فێمینیزم وەک خاڵێکی هاوبەش و دیموکراسییەکی ڕادیکاڵ. ئەم خەباتە هاوبەشە، کە لەژێر کاریگەریی فەزای جیۆپۆلەتیکی فێمینستیدایە (Dixon 2016) بەرخۆدان و خۆراگریی ڕۆژانەیان لە ژینگەی کۆمەڵایەتی-سیاسیدا لە کۆمەڵگەی کوردی-ئێرانی نیشان دەدات.

ژنانی کورد بە چوونە ناو پارتێکی چەپی ڕادیکاڵ و قۆستنەوەی فەزای دەرفەتەکان لە سەردەمی چاکسازیدا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژنان و بەشداری لە چالاکییەکانی - وەک وتنەوەی دروشمی ”ژن، ژیان، ئازادی“ لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ژینا ئەمینی لە گۆڕستانی ئایچیی شاری سەقز وەک یەکەم جار لە ژینگەی جیۆپۆلەتیکی ئێراندا، و پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە لە ڕاپەڕینەکانی ٢٠٢٢دا — ئەمانە نیشاندەری بەرخۆدانی ڕۆژانەیانە لە بەرانبەر چەوساندنەوەی جێندەری و توندوتیژیی دەوڵەت، و هەروەها بەردەوامیی خەباتیانە بۆ دیارکەوتن و دەرکەوتن. ئامانجی ئەم کردارانە دوورکەوتنەوەیە لە تاکڕەهەندیی فێمینیزمی زاڵ و تیشک خستنەسەر گرنگیی بەرگریکردن لەسەر بنەمای شوێن. هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانەوەی کایەی گشتی یان دروستکردنی هەستی دژە-کایەی گشتی خزمەت بە بەرەنگاربوونەوە و نیشاندانی بەرهەڵستکاریی پێکهاتەکانی دەسەڵات دەکات. هاوکاریی ژنانی کورد لە کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ و ڕێکخستنی کۆنفرانسێک لە ستۆکهۆڵم بە ناونیشانی ”ژن، ژیان، ئازادی“ لە ٢٠-٢١ تەمووزی ٢٠٢٤، پەیوەندیی دیالێکتی نێوان چالاکیی ژنانی ڕۆژهەڵات و ژنانی کوردی دەرەوەی وڵات دەردەخات. ئەم ڕووداوانە هاوپەیوەندیی هەڵمەتەکانی ژنان نیشان دەدەن، هاوکات جیاوازی و گرنگیی چالاکیی ژنان لە دۆخێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی - سیاسیدا دەردەخات. ژنانی کورد بە دەرخستنی تایبەتمەندیی شوێن و فەزای جوگرافی کە کاریگەرن لەسەر پێکهاتنی زانستی و چالاکی، دەرفەت بۆ

بەهێزکردنی هۆشیاریی هاوپەیمانی لەنێوان بزووتنەوە فێمینستیەکانی ناوەوە و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ئێراندا دەرەخسێنن. خەباتی زیاتر و ئاشکراتری ڕێکخراوی نوێی ژنان دژی توندوتیژیی ژنان، وا دەردەکەوێت ئاماژە بە قبوڵکردنی زیاتری ئەم خەباتە لەلایەن کۆمەڵگەی کوردییەوە بکات بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو. ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەوان توانیویانە بە سەرکەوتوویی دژە-کایەی گشتیی خۆیان لە بەرژەوەندیی مافەکانی ژنان فراوان بکەن؛ ئەگەر هێشتا لە ئێرانی مەزندا نەبێت، بەدڵنیاییەوە لانیکەم لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەنجامیان داوە.

*https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/1070289X.2024.2424700#d1e157

## تێبینی

١. لەم وتارەدا ، ئێمە کوردستان، ڕۆژهەڵات و سنە بەکار دەهێنین. هەرچەندە ئێران تەنها پارێزگایەک بە کوردستان دەناسێنێت، کوردانی چوار پارێزگا بە کوردستانی ئێران دادەنێن. ڕۆژهەڵات زاراوەیەکی جوگرافی-سیاسیی کوردی، ئاماژەیە بە کوردستانی ئێران وەک بەشێک لە کوردستانی گەورە، کە باکوور (تورکیا)، باشوور (عێراق)، و ڕۆژاوا (سوریا) لەخۆ دەگرێت.

٢. لە ١٣ی ڕەزبەر، ژینا ئەمینی، کچێکی ٢٢ ساڵانی کورد لە سەقز، ڕۆژهەڵات، لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانەوە لە تاران دەستگیر کرا و بە بیانووی حیجابی نەشیاو لێی درا و سێ ڕۆژ دواتر گیانی لەدەست دا.

٣. شەرڤانانی کورد

٤. ئایینی یارسان (ئەهلی حەق)، ئایینێکی تێکەڵە لە سەدەی چواردەهەمدا دامەزراوە، زۆربەی پەیڕەوانی لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە کوردستانی ئێران نیشتەجێن.

٥. پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە لە ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزراوە، ئەندامانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیە، سەرەتا ئامانجی سەربەخۆیی بوو.

٦. هەڵمەتی یەکسانی کە لە ٢٧ ئابی ٢٠٠٦ دەستی پێکرد، یەکەمین هاوکاریی نێوان فێمینستە عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان بوو. لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە سەرکوت کرا و نەیتوانی یەک ملیۆن واژۆ کۆ بکاتەوە.

٧. بزووتنەوەی سەوز، نارەزایەتییەک بوو لە ٢٠٠٩ لە شارەکانی ئێران، دژی هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدینەژاد کە وەک ساختەکاری دەبینرا.

٨. پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران (پدک)، لە کوردستانی ئێران لە ١٥ی ئابی ١٩٤٥ دامەزرا.

٩. کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٠. لەم ماوەیەدا، قوتابخانەی فێمینستی یان ماڵپەڕی مەدرەسەی فێمینستی، پلاتفۆرمی بزووتنەوەی ژنانی ئێران، چەندین وتاری ڕەخنەگرانەی داواکارییەکانی ژنانی کوردی بڵاو دەکردەوە.

١١. یەکینەکانی پاراستنی ژنان لە ڕۆژاوا

١٢. ئامینە کاکەباوە، گەنجترین ژنی پێشمەرگەی کۆمەڵە (٩٨٣) و پەرلەمانتاری پێشووی سوید، باسی ئەوە دەکات کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا دەیویست دژی ڕژێمی ئیسلامی بجەنگێت. شەمسی خورەمی، ئێستا لە دەستەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندایە، ڕۆڵی پێشمەرگایەتیی خۆی هەم بە ئازادی و هەم بە هەڵهاتن لە ماڵەوە وەسف دەکات. گوڵڕوخ قوبادی گومانە سەرەتاییەکانی پیاوان بەرانبەر بە کەتیبەکانی ژنان دەگێڕێتەوە، بەڵام دواتر ملکەچ بوون. ئەم چیرۆکانە ئەزموونە ئاڵۆزەکانی ژنانی پێشمەرگە دەردەخەن.

## سەرچاوەکان:


Ahmadi, F. 2006. “Islamic Feminism in Iran: Feminism in a New Islamic Context.”
Journal of Feminist Studies in Religion 22 (2): 33–53. https://doi.org/10.2979/FSR.
2006.22.2.33.

Azimi, F. 2008. The Quest for Democracy in Iran: A Century of Struggle Against
Authoritarian Rule. London: Harvard University Press.

Bayat, A. 1997. “Workless Revolutionaries: The Unemployed Movement in
Revolutionary Iran.” International Review of Social History 42 (2): 159–185. https://
doi.org/10.1017/S0020859000114877.

Bayat, A. 2010. Life as Politics: How Ordinary People Change the Middle East. 2nd ed.
California: Stanford University Press.

Begikhani, N., W. Hamelink, and N. Weiss. 2018. “Theorising Women and War in
Kurdistan: A Feminist and Critical Perspective.” Kurdish Studies 6 (1): 5–30. https://
doi.org/10.33182/ks.v6i1.432.

Benhabib, S. 1997. “The Embattled Public Sphere: Hannah Arendt, Juergen Habermas
and Beyond.” Theoria 44 (90): 1–24. https://doi.org/10.3167/th.1997.449002.

Craig, C., ed. 1996. Habermas and the Public Sphere. Massachusetts: The MIT Press.

Dixon, D. 2016. Feminist Geopolitics: Material States. London: Routledge.

Eliassi, B. 2021. Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and
Palestinian Experiences. Sweden: Palgrave Macmillan.

Entessar, N. 2014. “Between a Rock and a Hard Place: The Kurdish Dilemma in Iran.” In
Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East: Turkey, Iran, Iraq, and
Syria, edited by D. Romano and M. Gurses, 211–224. New York: Palgrave Macmillan.
IDENTITIES: GLOBAL STUDIES IN CULTURE AND POWER 17

Entessar, N. 2016. “Between a Rock and a Hard Place: The Kurdish Dilemma in Iran.” In
Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East: Turkey, Iran, Iraq, and
Syria, edited by D. Romano and M. Gurses, 143–164. New York: Palgrave Macmillan.

Fallah, S. 2019. “Kurdish Women Challenges and Struggles at the Time of Conflict and
Post-Conflict: An Explanatory Research Study on the Status of Kurdish Women in
Iran.” In Women in Conflict and Post-Conflict Situations: An Anthology of Cases from

New York: Routledge.
Fraser, N. 2016. Fortunes of Feminism: From State-Managed Capitalism to Neoliberal
Crisis, 20–30. London: Verso.
Fraser, N., and A. Honneth. 2003. Redistribution or Recognition? A Political-Philosophical
Exchange. London: Verso.
Gheytanchi, E. 2001. "Civil Society in Iran: Politics of Motherhood and the Public
Sphere." International Sociology 16 (4): 557–576. https://doi.org/10.1177/0268580901016004002.
Ghobadi, G. 2015. Anemones on the Rock: Life and Time of a Kurdish Woman from Iran's
Kurdistan [In Persian]. Noghteh.
Ghobadi, G. 2020. Flower Garden of Anemones: The Untold Kurdish Women Fighters [In
Persian]. Noghteh. https://www.noghteh.org/%DA%A9%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%87%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%DB%8C%DA%AF%D8%A7%D9%86-%D8%AF%DB%8C%D8%AC%DB%8C%D8%AA%D8%A7%D9%84/ .
Ghoreishi, S. 2021. Women's Activism in the Islamic Republic of Iran: Political Alliance and
the Formation of Deliberative Civil Society. Switzerland: Palgrave Macmillan.
Gorji, J. M. 2016. "Kurdish Women and Gender Stereotypes in the Media." Dengi
Iraq, Iran, Syria, and Other Countries, edited by S. B. Hosseini, 53–94. Zurich: LIT
Verlag.
Felski, R. 1989. Beyond Feminist Aesthetics: Feminist Literature and Social Change.
Cambridge, MA: Harvard University Press.
Ferguson, K. E. 2010. "Anarchist Counterpublics." New Political Science 32 (2): 193–214. https://doi.org/10.1080/07393141003722040.
FIDH (The International Federation for Human Rights). 2010. Discrimination Against
Ethnic and Religious Minorities in IRAN, FIDH Permanent Delegation to the United
Nations. Geneva. https://www.fidh.org/IMG/pdf/2010annualreportenglish.pdf.
Foust, C. R., ed. 2017. What Democracy Looks Like: The Rhetoric of Social Movements and
Counterpublics. Tuscaloosa: The University of Alabama Press.
Fraser, N. 1990. "Rethinking the Public Sphere: A Contribution to the Critique of
Actually Existing Democracy." Social Text 25 (25/26): 56–80. https://doi.org/10.
2307/466240.
Fraser, N. 1997. Justice Interruptus: Critical Reflections on the "Post Socialist" Condition.

practices/iran/.
Jahanpour, F. 2007. “Islam and Human Rights.” Journal of Globalization for the Common
Good, Spring.
Jivano Women Association Statement. 2020. December 30 [in Persian].
Kar, M. 2001. “Women’s Strategies in Iran from the 1979 Revolution to 1999.” In
Globalization, Gender, and Religion: The Politics of Women’s Rights in Catholic and
Muslim Contexts, edited by N. Tohidi, 59–84. New York: Palgrave Macmillan.
Kayhan Daily News. 1978. March 7: P:3 [Persian].
Keddie, N. R. 2000. “Women in Iran Since 1979.” Social Research 67 (2): 405–438.
Keddie, N. R. 2006. Modern Iran: Roots and Results of Revolution. London: Yale
University Press.
Kian, A. 2023. Rethinking Gender, Ethnicity, and Religion in Iran: An Intersectional
Approach to National Identity. London: I.B. Tauris.
Landes, J. 1992. “Jürgen Habermas, the Structural Transformation of the Public Sphere:
A Feminist Inquiry.” PRAXIS International 12 (1): 106–127.
Massey, D. 1994. Space, Place, and Gender. Minneapolis: University of Minnesota Press.
McKusick, C. 2023. “Women,
Kurdistan Weekley news, Sanandaj, 3.
Hamelink, W., and E. Sophie. 2023. “Literature, Feminism, and Activism in Rojhelat and
the Diaspora: A Conversation with Essmat Sophie.” Kurdish Studies Journal* 1 (1–2):
285–299. https://doi.org/10.1163/29502292-00101006.
Hamza, A. Y. 2020. “A Contemporary Political History of the Kurds in Iran.” In The Kurds
in the Middle East: Enduring Problems and New Dynamics, edited by D. Romano and
M. Gurses, 207–227. London: Lexington Books.
Hill Collins, P. 1998. “It’s All in the Family: Intersections of Gender, Race, and Nation.”
Hypatia 13 (3): 62–82. https://doi.org/10.1111/j.1527-2001.1998.tb01370.x.
Honarbin-Holliday, M. 2008. Becoming Visible in Iran: Women in Contemporary Iranian
Society. London & New York: Tauris Academic Studies.
18 A. R. HAJIAGHA AND W. HAMELINK
Human Rights Watch. 2009. Iran: Freedom of Expression and Assembly in the Kurdish
Areas. New York: Human Rights Watch.
Iran. 2022. Human Rights Report. [Online]: https://www.state.gov/reports/2022-
country-reports-on-human-rights-

Sphere. Minneapolis: University of Minnesota Press.
Pargoo, M. 2021. Secularization of Islam in Post-Revolutionary Iran. New York:
Routledge.
Phillips, D. L. 2015. The Kurdish Spring: A New Map of the Middle East. New York:
Transaction Publishers.
Rostami-Povey, E., and T. Povey, eds. 2012. Women, Power and Politics in 21st Century.
Iran; NY: Routledge.
Salehi-Isfahani, D. 2017. "Poverty and Income Inequality in the Islamic Republic of
Iran." Revue Internationale des Etudes du Développement 229 (1): 113–136. https://
doi.org/10.3917/ried.229.0113.
Salvatore, A. 2007. The Public Sphere: Liberal Modernity, Catholicism, Islam. New York:
Palgrave Macmillan.
Shahidian, H. 2002. Women in Iran: Gender Politics in the Islamic Republic. London:
Greenwood Press.
IDENTITIES: GLOBAL STUDIES IN CULTURE AND POWER 19
Shahrokni, N. 2020. Women in Place: The Politics of Gender Segregation in Iran. Oakland
Journalism, and Media." In Routledge Handbook on
Women in the Middle East, edited by S. Joseph and Z. Zaatari, 197–211. London
and New York: Routledge.
Mirsepassi, A. 2003. Intellectual Discourse and the Politics of Modernization: Negotiating Modernity in Iran. New York: Cambridge University Press.
Moghissi, H. 1996. Populism and Feminism in Iran: Women's Struggle in a Male-Defined
Revolutionary Movement. New York: Macmillan Press.
Mohammadi, M. 2007. "University Students' Politics in the Post-Reform Movement Era:
A Discourse Analysis." Iranian Studies 40 (5): 623–634. https://doi.org/10.1080/
00210860701667704.
Mojab, S. 2023. "Women and Revolution in the Middle East." In Routledge Handbook on
Women in the Middle East, edited by S. Joseph and Z. Zaatari, 197–211. New York:
Routledge.
Mottahedeh, N. 2019. Whisper Tapes: Kate Millett in Iran*. California: Stanford
University Press.
Negt, O., and A. Kluge. 1993. Public Sphere and Experience: Toward an Analysis of the
Bourgeois and Proletarian Public

# بەڵگەنامەکان شایەدی دەدەن: *
# کورد– ژ. و. ستالین – کرێملین

ئامادەکردنی ئالێکسی باقرۆڤ

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: کامران ئەمین ئاوە

## کورتە وتاری وەرگێڕ

لـە ڕەزبـەری ١٣٢٤ هەتـاوی، دوابەدوای هێرشـی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر کوردستان و شکسـتی کاتیـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کـوردی عێراق، مـەلا مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ زۆرێـک لـە هێـزە شـەڕڤانەکانی ناچـار بوون پاشەکشـە بکـەن و پەنا بـۆ کوردسـتانی ئێـران ببـەن. لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە ٢ی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٢٤، بارزانـی و هاوڕێکانـی تا دوا ڕۆژانی کۆماری تازەپێگەیشـتووی کوردسـتان لـە ڕیزەکانـی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا خزمەتیـان کـرد.

دوای چەنـد مانگێک لە هێرشـی سـوپای ئێران بۆ سـەر ئازەربایجان و کوردسـتان کە بـوو بە هـۆی ڕووخانی هـەردوو حکوومەتی نیشـتمانیی ئازەربایجان و کۆماری کوردسـتان لـە سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٢٥، بارزانییەکان بەرەو کوردسـتانی عێـراق وەڕێ کەوتن. مەلا مسـتەفا بارزانـی، کـە ئامادە نەبـوو خۆی تەسـلیمی ڕژێمی بەغدا بـکات، لەگەڵ ٥٠٠ کەس لـە پێشـمەرگەکانی، دوای مانەوەیەکی کورت لـە ناوچەی بـارزان، بۆ گەیشـتن بە سـنووری ڕووباری ئاراس ڕێگایەکی دووری بە درێژاییی سـنوورەکانی عێراق و تورکیا و ئێران بڕی. ئـەم ڕێپێوانـە دوورودرێـژە یەکێک لە عەمەلیاتە هەرەحەماسـییەکانی پێشـمەرگەی کورد بـە سـەرکردایەتیی م. بارزانییە کە بوو بە هۆی سەرسـوڕمان و سەرسـامیی تەنانەت دوژمنەکانیشـیان. بارزانـی پێـش بەزاندنی سـنوور، نوێنەرێکی ڕەوانەی خاکی سـۆڤیەت کرد و لە ڕێگـەی نامەیەکەوە کە ئاراسـتەی خـودی سـتالین کرابـوو، داوای مۆڵەتـی بەزاندنـی سـنووری یەکیەتیی سـۆڤیەت و پەنابەریـی لە وڵاتی «سـۆڤیەت» کـرد، بەڵام بەهۆی بوونـی ژمارەیەکی بەرچـاو لە بریندار و نەخۆشـەوە، هەروەهـا ماندووبوونی زۆربەی پێشـمەرگەکان و مەترسیی هێرشی هێزە زەوی و ئاسـمانییەکانی سـوپای ئێران، بێ چاوەڕێ بوونـی وڵامی موسـکۆ، لـە ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٢٦ سـنووری ئازەربایجانـی سـۆڤیەتیان بەزانـد. بارزانـی و هاوڕێکانی کـە بە دوای پەناگەیەکدا گەیشـتبوونە خاکـی یەکیەتیی سـۆڤیەت، بەداخەوە وەک زۆرێـک لە پەنابەرە شۆڕشـگێڕەکانی وڵاتانی دیکە، لـە «مەدینەی فازڵـەی زەحمەتکێشـانی جیهان» تووشـی گەلێک بـێ مێهری و ئـازار بوون.

لـە وتارێکـدا کـە ئێسـتا لەبەردەسـتی خوێنەراندایـە، ئالێکسـی باقـروڤ ئامـاژەی بـە دوو نامـەی م. بارزانـی و یەکێـک لـە وتارەکانی سـتالین لـە کۆبوونەوەی دەسـتەی سـەرۆکایەتیی کۆمیتـە ناوەندیـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی یەکیەتیی سـۆڤیەت (بالشـویکەکان) لـە نوامبری سـاڵی ١٩٥٠، و بۆچوونـی مامەڵەچییانـەی سـتالین و سـەرکردەکانی سـۆڤیەت سـەبارەت بـە پرسـی کـورد دەکات.

دوای ڕووخانـی یەکیەتیـی سـۆڤیەت، بەڵگەنامەیەکی زۆر سـەبارەت بـە بارزانییەکان و چارەنووسـیان لە خاکی یەکیەتیی سـۆڤیەتدا بڵاو کرانەوە، بەشـێک لـەو بەڵگەنامانە لەلایەن نەمر دوکتـور ئەفراسـیاب حەلیمی(هەورامی) (١٣٣٤-١٣٨٩) وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانی کوردی و لە کوردسـتانی عێراقـدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

هیـوادارم بڵاوکردنەوەی ئەم جـۆرە بەڵگەنامانە یارمەتیدەر بێ بۆ ناسـینی ڕابـردوو، بۆ ئەوەی وەچەی ئێسـتا و داهاتوو جارێکـی تر ئەزموونی هەڵەی پێشـینیانی خۆیان دووپات نەکەنەوە.

پرسـی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی-سیاسـی و ئیداریی کـورد لە تورکیـا، ئێران، عێراق و سوریا، هەمیشـە لە لایەن زلهێزەکانەوە لە پێنـاوی بەرژەوەندییـە ژئۆپۆلەتیکییەکانیان کەلکی لـێ وەرگیـراوە و، ئێسـتاش کەلکی لـێ وەردەگیرێـت. هەروەها ئێسـتا هەوڵدان بـۆ دابەشـکردنی نەتەوەی کورد لـە ڕوانگەی جوغرافـی و ئایینیـەوە و بە هەمان شـێوە بـە «لاڕێبردنی» هـەوڵ لەپێناو چارەسـەری تایبەتیی ئەم کێشـەیە، بە چەشـنێکی بەرچاو لەزیادی داوە.

بەهـۆی هـۆکاری ئابـووری و فاکتەرەکانـی جوغرافیـای سیاسـی، دروسـتکردنی دەوڵەتـی کـوردی تـا ئێسـتا لـە قازانجـی زلهێـزەکان

نەبووە. بەڵام هاوکات»پرسی کورد» لەلایەن ئەمریکا و یەکیەتیی ئەورووپا لە سیاسەتەکانیان بەرانبەر تورکیا، عێراق و سوریا بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەم پێیە، کاتێک پێویستیی بە وەرگرتنی ئیمتیاز لە تورکیا هەیە، چەلاوچەڵ بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا لە چوارچێوەی وتووێژی یەکیەتیی ئەورووپا و تورکیادا باس دەکرێت، بەڵام لەگەڵ وەدیهاتنی ئامانجەکانی «یەکیەتیی ئەورووپا»دا، پرسی کورد»بە شێوەیەکی» کاتی لەلایەن ئەوانەوە لەبیر دەکرێ...

ڕۆژاوا و ڕووسیا بە کردەوە لە گفتوگۆی گشتی سەبارەت بە پرسی کورد لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆدا خۆ دەپارێزن، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش، تەنانەت لەمڕۆشدا باسکردنی ئەو دۆزە لەژێر کاریگەریی هەندێک ڕەچاوکردنی تایبەتدایە. بەشێوەیەکی گشتی بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو «نیگەرانییانەی کە بەردەوام لە لایەن تورکیاوە سەبارەت بە ئەگەری بوونی جیاییخوازانی کورد لە ڕووسیا دەردەبڕدرێن، بەرزبوونی ڕادەی گرێدراویی ئابووری- سیاسیی فیدراسیۆنی ڕووسیا بە بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە بووەتە هۆی وەلانانی پرسی کورد لە وتووێژەکانی ڕووسیا و تورکیادا".

لەم پەیوەندییەدا دەمەوێت ئەوەتان وەبیر بێنمەوە کە ئاواتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییی کورد بە پشتیوانیی ڕاستەقینەی یەکیەتیی سۆڤیەت، لە جێی خۆیدا نەبوو. بێجگە لەوەش، زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە کە دانیشتووی یەکیەتیی سۆڤیەت بوون، لە ڕاستیدا لە وەزعییەتی دوورکراوە، دەرکراو و تەنانەت زیندانیشدا بوون.

لەگەڵ ئەوەش، زۆرێک لە سەرکردەکانی حیزبە کۆمۆنیستەکان چارەنووسێکی هاوشێوەیان بوو، بۆ نموونە م. ڕاکۆشی[1] لە هەنگاریاوە، ن. زاخاریادیس[2] لە یۆنانەوە، س. زاهیر[3] لە پاکستانەوە، م. ب. ئەحمەد[4] لە مالیزیاوە. لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتدا زۆرینە و بەتایبەتیش سەدان کۆچبەری کۆمۆنیست لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، میسر، سودان، جەزائیر، مەغریب، چین، ئەندەنوزیا، بێرمە، مالیزیا و ئوردن بە هۆی ڕێگربوونیان لە «دۆستایەتی»ی ناوبەناوی مۆسکۆ لەگەڵ ڕژێمە ناسیۆنالیستەکانی ئەو وڵاتانە لە دۆخێکی هاوشێوەدا بوون.[5]

ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە سیاسەتی دووڕوویی و هەلپەرستانەی یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتی لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورددا دەسەلمێنن. پێویستە لەم بابەتە بگەین بۆ ئەوەی ئەم چەشنە وەهمە سەبارەت بە «ڕاستگۆیی» سیاسیی زلهێزەکان لە پرسی کورد لە دەرەوە [ی کوردستان] لە داهاتووشدا نەیەتە پێشەوە.

## نامەی م. بارزانی بۆ ژ. و. ستالین، ١١ی ژوونی ١٩٤٧

«هاوڕێ ستالینی ئازیز»

١ ئێوە دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد دژ بە حکومەتی عێراق ڕاپەڕیوین. دوای ئەو ڕاپەڕینە، لە ساڵی ١٩٤٥، بە گەران بەدوای پەناگەیەک لە تەنیشت سوپای سۆڤیەتدا، چووینە ناو ئێرانەوە. بە هاتنمان بۆ ئەوێ، بەشداریمان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ئازادیی گەلانی ئازەربایجان و کورد کرد.

٢ لە ١٠ی دیسامبری ساڵی ١٩٤٦ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر گوشاری هێزە کۆنەپەرستەکاندا تەسلیم بوون، بەڵام ئێمە لە بەرخۆدان بەردەوام بووین. نەتەوەکانی تریش پەیوەست بوون بە ئێمەوە. ئەگەر بەگ و خانە کوردەکان لە ئێران هاوکاریی حکومەتی ئێرانیان نەکردایە، ئێمە پاشەکشەمان نەدەکرد، درێژەمان بە خەبات دەدا.

٣ ئێستا بەهۆی هاوکاریی [لە دەقەکەدا نووسراوە «یارمەتی»] کۆنەپەرستانەی تورکیا و عێراق لەگەڵ یەکتر، لە دۆخی لەناوچووندایین. [هەرچەندە] هێزێکی کەممان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی قوربانیدانی زۆرەوە، لە بەرانبەر فشاری کۆنەپەرستەکاندا خۆڕاگر بووین. ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتین و هێزی خۆمان پاراست. ئێمە

هیوامان بە کوردستانی عێراق بوو، بەڵام مشتێک کۆنەپەرەست خەیانەتیان پێ کردین. ئێمە شاهیدی یارمەتیی سوپای تورکیا بووین لە عێراق بە کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق و ئەمەش ناچاری کردین بۆ پاراستنی هێزەکانمان لە پێناوی خەباتی داهاتوودا بە شێوەیەکی کاتی خەباتمان بوەستێنین.

۴ لەبەر ئەم هۆکارە بڕیارمان دا بەرەو سنووری سۆڤیەت وەڕێ کەوین، دوای شکاندنی گەمارۆی سوپای ئێران، چووینە ناو تورکیا و لەوێشەوە بەرەو سنووری سۆڤیەت وەڕێ کەوتین. لە ۲۰ ڕۆژدا گەیشتینە ئاراس. لە ماوەی ئەو ۲۰ ڕۆژەدا، کۆنەپەرستانی ئێران هەوڵیان دا ئێمە لەناو بەرن، بەڵام ئێمە بە شەڕی توند خۆمان گەیاندە سنووری سۆ ڤیە ت .

۵ ئێستا ۵۰۰ شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری سۆڤیەت هەن. لەناو ئێمەدا بریندار و ماندوو زۆرن. وەک هەموو گەلە دیموکراتەکان کە پێویستییان بە ئازادییە، چاوەڕوانی هاوکاری لە هەڤاڵ ستالین دەکەین. ئێمە دەمانەوێت بێینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین حکومەتی سۆڤیەت دیموکراتترین حکومەتی کرێکاران و جووتیارانە. بەپێی ئەو بارودۆخەی کە هەمانە، تکاتان لێ دەکەین یارمەتیمان بدە ن .

بژی هەڤاڵ ستالین و هەموو گەلی سۆڤیەت!»

[بەشێک لە] وتاری ژ. و. ستالینە لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت (بالشویکەکان)، نوامبری ۱۹۵۰

ئەگەر شەڕڤانانی کورد دەتوانن لە عێراق و ئێران پێش بە ئینگلیز و ئەمریکییەکان بگرن، بەتایبەت لە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی نەوتی ئەو وڵاتانە لەلایەن ئەنگلۆساکسۆنەکانەوە، پێویستە گرنگی بەو بابەتە بدەین. تورکیاش لە کوردە پارتیزانەکان دەترسێ». خاڵێک کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، بەڵام زۆرێک لە کوردانی قەفقاز لە ئۆزبەکستان دەژین، دەتوانن پەیوەست بە کوردانی گرووپەکەی بارزانی بن، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە مەترسی لە ئۆزبەکستان هەیە؟ دەبێت بڕیار بدەین: ئەگەر هەرێمێکی خودموختاری کورد لە ئۆزبەکستان دروست بێ، ئەی کوردانی بارزانی و خودی بارزانی چ شوێن و پێگەیەکی تێدا دەبێت؟ ئایا [ئەوان] دەبێ لە ئۆزبەکستانەوە بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر؟، پێویستە هەموو ئەمانە وەکو کۆیەک چارەسەر بکەین.

## [بەشێک لە] داخوازیی م. بارزانی بۆ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت. ن. محێدینئۆف[6] و ب. پاناماریف[7]، ژانویەی ۱۹۵۸

«من ژن و منداڵ و برا و خزمەکانی دیکەم لە عێراق بەجێ هێشت. تەنانەت لەم ۱۱ ساڵەدا (نیشتەجێبوونم لە یەکیەتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتی. ئە.ب.)، هیچ زانیارییەکم لە بوونیان نییە. من بەدوای ڕاستی و ئازادییەوە بووم. من بۆ یارمەتیدانی گەلەکەم هاتوومەتە وڵاتی ئێوە، من بۆخۆم پێویستیم بە هیچ شتێک نییە. ئێستا، من جارێکی دیکە داوای یارمەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت و حکومەتی سۆڤیەت دەکەم بۆ ڕزگاربوونمان لە کۆت و بەندەکانی کۆلۆنیالیزم. من ئامادەم یەکیەتیی سۆڤیەت بەجێ بهێڵم و ئامادەم بچمە هەر وڵاتێکی دیکە بۆ درێژەدان بە خەبات. ئەگەر جارێکی تر بە داخوازییەکەم ڕانەگەن، ئامادەم بمرم. لێرەدا، بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت ڕادەگەیەنم، مان لە خواردن دەگرم، چونکە زیاد لەوە ناتوانم هیچی تر بکەم»

### پەراوێزەکان:

۱. ماتیاش ڕاکۆشی(۱۹۷۱ — ۱۸۹۲)
۲. نیکۆس زاخاریادیس(۱۹۷۳-۱۹۰۳)
۳. سجاد ظهیر(۱۹۷۳-۱۹۰۴)
۴. م. ب. ئەحمەد، وێدەچێ مەبەست بوستمان ئەحمەد (۱۹۸۳ — ۱۹۲۰) بێ.
۵. بۆ ئاگاداریی زۆرتر لە چارەنووسی م.

ڕاکۆشی و نیکۆس زاخاریادیس بڕوانە: قربانیان سرکوب خروشچف:
https://fa.topwar.ru/103997-zhertvy-hruschevskih-repressiy.html

هەروەها: مورد نیکوس خشمگین.
https://fa.topwar.ru/۳۳۶۸۵-delo-neis-tovogo-nikosa-byvshiy-gensek-kompartii-grecii-zhil-v-sssr-s-pas-portom-na-imya-nikolaya-nikolae-va.html

٦. محیدینئۆڤ، نوریتدین ئەکرامۆویچ (٢٠٠٨-١٩١٧)

Нуритди́н Акра́мович Мухитди́нов(Nuritdin Akramovich (Mukhitdinov

کەسایەتییەکی دیاری دەوڵەتی و حیزبی لە یەکیەتیی سۆڤیەت، دەبیری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، نوێنەری شووورای باڵای یەکیەتیی سۆڤیەت و سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئۆزبەکستان (١٩٥٧-١٩٦١). یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیست لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری کۆمارەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی بیانی لە ئاسیا بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٧٧ باڵوێزی سۆڤیەت بووە لە سوریا.

٧. پاناماریڤ، بۆریس نیکۆلاییویچ(١٩٩٥-١٩٠٥)

Пономарев Борис Николаевич ((Boris Nikolayevich Ponomarev

بەڕێوەبەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی و کاندیدی ئەندامێتی لە دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت، جێگری یەکەمی بەرپرسی لقی پێوەندییەکانی دەرەوە؛ کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوە؛ کۆمیسیۆن و پاشان لقی پێوەندی لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستییە دەرەکییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەت (بالشویکەکان) بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ تا ١٩٥٧ سەرۆکایەتیی لقی پێوەندی لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە لە وڵاتانی سەرمایەداری و هەروەها پارتە چەپەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەمی کردووە.


سەرچاوە:

*Свидетельствуют документы: Курды – И.В.Сталин – Кремль
http://www.kurdishcenter.ru/index.php?option=com_content&view=article&id=6756;2013-01-25-12-14-02&catid=94;2012-02-08-17-21-51
http://kurdist.ru/

# ”رێنمایی نووسین“

# ڕێنووسی کوردی

**ئامادەکردن:**
**بەشی زمانەوانی**

به سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن.

## کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

## کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو

حیزب و لایەنەکان

کۆمەڵگا و حکوومەت

حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ

هاتوچۆ

توندوتیژی

کەشوهەوا

کشتوکاڵ

هەڵسوکەوت

## کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیررێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا

کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود

خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری

خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان

یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد

شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان

قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

## (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باســـمان کرد، ئەگەر لە شـــوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی ســـێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێهەمدا نایانووسن بەڵام نووسینی پێویستە.
١.
پرسیاری کرد
وتاری نووسی
کتێبی خوێندەوە
٢ و ٣.
کورد ئازادیی دەوێ
شەریف چالاکیی ژینگەییی دەکرد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
خۆپێشاندانی نارەزاییی بەڕێوە برد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێهەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێهەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن
گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ی کۆتاییی هاتبێت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ی بقرتێنرێت:

نووسین: نووسی:
نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)
نووسیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرسین:
پرسی + م = پرسیم
پرسی + ت = پرسیت
پرسی + ی = پرسیی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).
پرسی + مان = پرسیمان
پرسی + تان = پرسیتان
پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان

نموونەی تر:
کاری تێپەڕ: (دزین، برین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بریی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەرین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن،

...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ــــــیـــــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ــــــیـــــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســــیــــیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دێنن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کاریە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکارییە
ئەم جێیە
ئەم پێکهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم
هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.
هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت:
بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار
هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.
ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو
بەڵام
بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.
یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،
لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ١: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)
.....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی٢: لە ئەم لا ـــــ- لەم لا
لە ئەو کاـــــ- لەو لا

## کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.

(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری داڕێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:

دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.

تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

## کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری داڕێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.

لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئێستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیرا هاتووم.

## ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشـــەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشـــەگەلی وەکوو ئەمشـــەو، ئەمڕۆ، ئەمســـاڵ بوون بە وشـــەی ســـەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.

ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

لە ئەو ــــ لەو
لە ئەم ــــ لەم
لە ئەوێ ــــ لەوێ
لە ئەمێ ــــ لەمێ
لە ئێرە ــــ لێرە

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێـــک کار بە پێشـــبەندەکانیانەوە مانای تازە دروســـت دەکەن بۆیە دەبێ بەســـەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

## ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

١ تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.
٢ لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـــدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرســـی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.
٣ گۆڤاری تیشـــک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:
- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەســـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شـــی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشـــەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەســـەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

٤ ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.
٥ دەســـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵســـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.
٦ پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشـــک کەڵک لە سیستەمی ســـەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووســـەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویســـتیان بە ئاماژە بە ســـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووســـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانید، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, "Nationalism and the Question of Origins," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East," The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

IN THE NEXT ISSUE
“The quest for sovereignty and identity in Kurdistan”

# Contents

**Foreword**

Nasir Muradi 6

**Preface**

Sovereignty, State • Khalid Khayati 10

**Theory**

Civic Nationalism and Embracing Colonialism • Fateh Saeidi 32

A Reflection on the Concept of ‹Political Sovereignty • Renas Xorhelat 54

Poetic Nationalism: From National Self-Consciousness • Idris Shekh Sharafi 64

Language and Education, Nation-State and Stateless Nations • Qadir Wrya 90

Political Stagnation • Rizgar Amin Nezhad 120

**Analysis**

Toward a Political Synthesis for Kurdistan • Asso Hassan Zadeh 138

Kurdish Diaspora • Khani Galbat 160

The Syria Future After The Assad Regime's Fall • Idris Ahmedi 192

Kurd, Refugee, and Untalented: Multiple Exploitations • Farhad Jahanmihan 200

The Latest Research on Generation Z • Shaho Matin 210

**Opinion**

The Transformation of Kurdish Political Strategy • Simko Ibrahimi 226

**Interview**

Arash Saleh 242

**Translation**

**ISSN (Print) 2942-7916**
**ISSN (Online) 2942-7894**

TISHK Magazine presents a wide range of articles, interviews and analyses by leading scholars, researchers and experts in the field of Kurdistanology and the Middle East. It covers various topics related to Kurdistan, including politics, culture, history, language, literature, and much more.

**Impressum:**

**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Köln
**Herausgeber:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Redaktion:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** Durch den Herausgeber
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Postfach:** 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org
**Tel.Nr.:** +4915110338428
**V.i.S.d.:** Siawasch Mohammadi

# TISHK Magazine


**Editor-in-Chief:**
Nasir Muradi

**Editorial Board:**
Idris Ahmedi, Rizgar Amin Nezhad
Ali Esmailnazhad, Shahla Dabaghi
Kamal Hassanpour, Siawasch Mohammadi
Davoud Osmanzadeh, Dr. Fateh Saeidi
Dr. Rahim Surkhi, Hiwa Tase

**Advisory board of TISHK Magazine:**
Esmail Baziyar, Dr. Baban Eliassi
Biryar Jaweroiy, Dr. Allan Hassaniyan
Azad Mohammadyani
Qadir Wrya, Manisht Zagros

**Contributors to this issue of the magazine**
**Copy Editors:**
Taleb Ghaysari, Kamal Hassanpour, Kamel Najari
Rebwar Rojhelat, Ziyad Asad. Chiya Kalhor,
Rasool Sultani

**Editorial Assistant:**
Rebwar Rojhelat

**Designer:**
Aran

**Cover photo:**
Keiwan Fatehi



TISHK
The Center for Kurdistan Studies

# TISHK Magazine

Autumn & Winter 2025 VOL 26 No 71

ISSN (Print) 2942-7916 | ISSN (Online)2942-7894

A publication of the
TISHK Center for Kurdistan Studies

IN THE NEXT ISSUE

The Kurdistan Movement: Between rupture and continuity

TISHK
The Center for
Kurdistan Studies

ISSN (Online) 2942-7894

9 772942 789008

71

www.tishk.org